# ژانی کوردستان

هەڵبەستی شاعیرانی هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ ئەنفال و کیمیاباران و جینۆساید و تاوانەکانی تری دژ بە مرۆڤایەتی

**ئەم کتێبە پێشکەشە بە عەرەب گەر فارس و تورکیش بیخوێننەوە خراپ نییە.**

**ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی**

**چاپی یەکەم ٢٠١٨**



ژانی کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی




ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: ژانی کوردستان

نووسین و ئامادەکردنی: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

بابەت: شیعر

تایپ: ڕێزان سالح بارزانی و توێژەر

هەڵەچنین: ڕێزان سالح بارزانی و توێژەر

نەخشەسازی ناوە و بەرگ: توێژەر

ساڵی چاپ: ٢٠١٨ چاپی یەکەم

چاپخانەی: سەنگەر

**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان– هەرێمی کوردستان – ژمارە سپاردنی ( ٤٣١ )ی ساڵی ( ٢٠١٨ )ی پێدراوە.**

شوێنی نووسین و ئامادەکردنی کتێب: هەرێمی کوردستان – دەڤەری بارزان

ژمارەی موبایلی توێژەر: ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١

مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ توێژەر

## پێرست

لاپەرە
ناسنامەی کتێب ____ ٢
پێرست ____ ٣
**دەروازەی یەکەم**
لە ( ژانی کوردستان ) دا ____ ١٥
پرسی توێژینەوە ____ ١٩
گرنگی توێژینەوە ____ ١٩
ئامانجی توێژینەوە ____ ١٩
نمونەی هەڵبژێردراو ____ ٢٠
ئەنجامەکان ____ ٢٢
پێشنیار و ڕاسپاردە ____ ٢٣
**دەروازەی دووەم**
حیات مجید پەرخی ____ ٢٦
دانا قەرەداغی ____ ٣٢
میدیا حسێن ____ ٤٣





دلاوەر قەرەداغی ____ ٤٧
بورهان زێباری ____ ٥١
دیار هەڵەبجەیی ____ ٥٧
کەژاڵ ئەحمەد ____ ٦٢
حەمەسەعید حەسەن ____ ٦٧
سارا رەشید ئەفەندی ____ ٧٢
ڕێزان بارزانی ____ ٨٩
ئیسماعیل ئازار ____ ١١٧
تابلۆ حەسەن ____ ١٢٥
بێستون بامند ____ ١٣٠
سەربەست باران ____ ١٣٤
ئەیوب کوردی ____ ١٣٦
سالح بیچارە ____ ١٤١
شکری علی محمدئەمین ____ ١٥١
دەریا هەڵەبجەیی ____ ١٥٥

ئۆمێد عەلی ________ ١٧٣
طاهر غولامی ________ ١٨٦
ئارام شەمێرانی ________ ١٨٩
دیدەوان مەموندی ________ ١٩٤
عوسمان کەرەمی ________ ١٩٦
رەشید رواندزی ________ ٢٠٠
ڕۆژ هەڵەبجەیی ________ ٢٠٤
هەردی شەفیق فەریق ________ ٢٢٠
تەرزە جاف ________ ٢٣٢
محمود محمد کریم ________ ٢٤٥
کازم کۆیی ________ ٢٤٧
ساڵەح هەلاج ________ ٢٥٩
سامان کوساری ________ ٢٨٨
فازل شریف هیزانی ________ ٢٩٠
ئاری عەبدول لەتیف مولود ________ ٢٩٧



ژانی کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

عومەر عەبدول ________ ٣٢٤
فەتاح محمود ڕۆستم (فەتاح تەنیا) ________ ٣٥٧
محمود کەلاری ________ ٣٦٥
هەلز عەلی سەلیم مزیری ________ ٣٧٢
شوکری ئیسماعیل ________ ٣٧٩
کاوە ئاکرەیی ________ ٣٨٨
بێوار ئەکرەم ________ ٣٩٢
بەشار عەلی حەسەن ________ ٣٩٧
ڕێکارێ مزویری ________ ٤٠١
ئەیوب رەشید عەلی نسری ________ ٤٠١٣
ئەمیر میرخان ئەحمەد ________ ٤٢٣
بەختیار محمود ئۆغەن ________ ٤٢٦
کامەران میرخان محمد ________ ٤٣٢
ڕەمەزان هەرنی ________ ٤٣٨
دیمەن ئەحمەد عەزیز ________ ٤٤٢

ئاراکۆ ______ ٤٥٠
محەمەسالْح پێندرۆیی(جگەرسۆز) ______ ٤٥٤
کرمانجێ چالی ______ ٤٦٤
رەفیق سابیر ______ ٤٧٠
پشتیوان سالح خدر ______ ٤٨٦
ڕێباز مەحمود ______ ٤٩٢
فەرمان ناشاد ______ ٤٩٦
محمد فاتیح ______ ٥٠٠
سەربازی ون ______ ٥٠٢
کوثر چتو صالح ______ ٥٠٨
نجات عزیز ______ ٥١١
شیلان عبدالمناف حسن ______ ٥١٧
ڕێباز ئیسماعیل ملا حسین ______ ٥٢١
کاوه خورشید ______ ٥٢٥
قادر قەچاخ ______ ٥٢٧





سروه علی خورشید ______ ٥٣١
محسن شورناخ ______ ٥٣٩
خالد علی سلێڤانی ______ ٥٤٣
نامۆ مەخموری ______ ٥٤٧
رەسول سولتانی ______ ٥٥٥
سەرمەند سۆرگوڵ ______ ٥٥٩
کارزان قەڵادزێی ______ ٥٦٢
ئەسکندر شێخانی ______ ٥٧٨
سەردار قادر ______ ٥٨٨
موحیب مه هابادی ______ ٥٩١
ئەنوەر هوژەبری ______ ٥٩٤
ك.د.ئازاد ______ ٦٠٢
کاوەی شێخ سەلام ______ ٦٢٨
هیوا حەمرینی ______ ٦٣٧
کامران شافعی ______ ٦٤٧

جزا شێخانی ________ ٦٥٩
سادە بەرزنجی ________ ٦٦٣
سەلاح قابیل ________ ٦٦٥
فاطمە ئەردەلان ________ ٦٦٩
پوپەک فەڕوخی ________ ٦٧٢
ئەمین حاجی زەلمی ________ ٦٨٠
داستان بەرزان عومەر ________ ٦٨٣
ئازار جاف ________ ٦٨٩
ئەبووبەکر عەزیزان ( بابی زانا) ________ ٦٩٣
پەیکار عوسمان ________ ٧٠٦
مەحفوز مایی ________ ٧١٧
مەلا زادە کۆیی ________ ٧٢٥
ئومێد خۆشناو ________ ٧٢٨
فایەق ئاسمان ________ ٧٣٨
غەمگین کۆساری ________ ٧٤٦





عدنان هوستانی ________ ٧٥٣
فەردین کەمانگەر ________ ٧٧٢
مەدیحە سۆفی ________ ٧٧٧
هەرێم حەسەن ________ ٨٠٨
سارا عەزیزی ________ ٨١٦
هێمن بەرزنجی ________ ٨٢١
دیار جوامێر ________ ٨٢٥
مەلا هندرێن بالیسانی ________ ٨٢٧
دەریا رەواندزی ________ ٨٣٣
سەنگەر کوچبەر ________ ٨٥٧
مێڤان دلسۆز ________ ٨٦١
کەریم ڕۆژ ________ ٨٦٥
شەیدا معروف ________ ٨٧٦
ڕێباز حسن ________ ٨٨٧
شەیدا ________ ٨٩٢

کاژین سعید ________ ٨٩٩
سندس نەهێلی ________ ٩٠١
صبری نەهێلی ________ ٩٠٥
شڤان سەعید ڕەبەتکی ________ ٩١٢
فاتیح سەلام محەمەد ________ ٩١٩
مەلەڤان بارانی ________ ٩٣٧
یاسین ملا ________ ٩٤٥
هاشم بوزانی ________ ٩٥١
مهاباد حەمید ________ ٩٥٤
ڤیان حەمید ________ ٩٥٩
میران صباح ________ ٩٦٢
سفیان دلکانی ________ ٩٦٨
سەحەر موعێزی ________ ٩٧٨
شاگوڵ کیخوسرەو ________ ٩٨٨
هونەر مزویری ________ ٩٩٢





شکورغەمبار ________ ١٠٠٠
عوسمان دەروێش ________ ١٠٢٠
زهێر کورەمارکی ________ ١٠٢٨
غەمبار جەباری ________ ١٠٣١
چنار نامق ________ ١٠٣٧
ئاویزان نوری ________ ١٠٤٣
یوسف خەلیل ________ ١٠٥٩
سەمیر کرسافی ________ ١٠٧٩
سارا شێروانی ________ ١٠٨٥
عبداللە تتو مستەفا ________ ١٠٩٠
حازم بلەیی ________ ١٠٩٣
عارف قوربانی ________ ١٠٩٩
خالید ڕەشیدپوور ________ ١١٠٥
خاڵەحەمە ________ ١١٠٩
بەرۆش هەڵەبجەیی ________ ١١١٦

خەزانی زار ________ ١١٢٧
سیمین چایچی ________ ١١٣٠
زێنەب یووسفی ________ ١١٣٤
سولین عبدالله ________ ١١٤٥
نوری بێخاڵی ________ ١١٤٨
شلێر بەهجەت ________ ١١٦٥
ڕێزان محمد ________ ١١٦٩
جیهان الیاس ________ ١١٧٤
جیهان تەها ________ ١١٧٧
ویدا عوزەیری ________ ١١٨٦
کەژاڵ ئیبراهیم خدر ________ ١١٩٢
دیمەن دهوکی ________ ١٢٠٣
محمد عسمان سلیمان – گەرداوی ________ ١٢٠٧
فرزنده بیانی ________ ١٢٠٩
نووسەرو پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان ___ ١٢١٣
بەرگ و ناو و ناونیشانی کتێبە چاپکراوەکانی نووسەر و توێژەر ________ ١٢٤٣





# دەروازەی یەکەم

## لە ژانی کوردستان دا

مەبەستمان ئەوە نیە لەسەر مێژووی هونەری کوردی و میتۆد و ڕێباز و جۆرو شێوازی شیعرو پەخشان و دەقی ئەدەبی بنووسین. بەڵکو دەمانەوێ هەست و سۆزی شاعیران لە هەر چوار پارچەی دابەشکراوی کوردستان و کوردستانیانی هەندەران بخەینە ڕوو، ئەنفال و جینۆساید و کیمیاباران و تاوانە دژ بە مرۆڤایەتیەکانی تر لە دیدو دیدگای هوزانڤانانەوە ببینین و بزانین و بناسین.

من وەکو توێژەرێکی کۆمەڵایەتی و کوڕە باوک جینۆسایدکراوێکی بارزانی بێ گوێدانە بیروباوەری سیاسی و ئاینی و ناوچەیی و عەشایەرگەری ئەم کارەم ئەنجامداوە، تەنها مەبەستم کارێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆڤ دۆستییە.

من شاعیر نیم و پسپۆریش نیم لەم بوارەدا، تەنها ڕاپرسیەکی ئەلکترۆنیم ئەنجام داوە لە شێوەی ناردنی نامە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بۆ هوزانڤانان بە مەبەستی گەیشتن بەم گریمانەی خوارەوە:





١- ئایا شاعیرانیش ویستویانە کات و ساتی خۆیان تەرخان بکەن بەرامبەر بە تاوانەکان و تا چەند توانیویانە لە چوارچێوەی هەست و سوزەکانیانەوە ئەم تاوانانە بخەنە ڕوو؟

٢- ئایا هۆزانڤانێکی ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، باکوور ئاگایان لە ئازاری کوردانی باشوور هەبووە، بە پێچەوانەشەوە؟

لەم توێژینەوەیەدا (٢٠٠) نامە نێردراون بۆ شاعیران، (١٧٧) نامە وەڵامیان هەبووە، ئەوانی تر بێ وەڵام بوون، ئەم بێ وەڵامیەش چەند ئەگەرێک ئەخاتە ڕوو ئایا نامەکەیان نەبینیوە، یاخۆد پێیان نەگەیشتووە، یاخۆد ویستی وەڵام دانەوەیان نەبووە، یان بەهەر هۆکارێکی تر.

لەکۆی(١٧٧) نامەی وەڵامدەرەوە،(١٥٢) هوزانڤان، کاریان لەسەر ئەم تاوانانە کردووە بە شیعر و قصیدە و دەقی ئەدەبی و پەخشانە شیعرەکانیان گوزارشتیان لە تاوانەکانی ئەنفال و جینۆساید و کیمیاباران و تاوانەکانی تری دژ بە مرۆڤایەتی کردووە و شیعر و قصیدەکانیان پڕاو پڕن لە واتا و جوانبینی و ئازار و مەینتەت و ژان و نەهامەتیەکان و ئەنفال و جینۆساید و کۆمەڵکوژی، هەرچی ژمارەی ترە (٢٥) هۆزانڤان، هیچ کارێکیان لەم بوارەدا ئەنجام نەداوە، بەڵام زۆربەیان وادەی ئەوەیان داوە کە لە داهاتوودا کار لەسەر ئەم تاوانانە بکەن. چەند هۆزانڤانێکیش لە ماوەی ڕاپرسییەکەدا هەوڵیان داو شیعرو قصیدە بنوسن و بەشداربن لەم پروژەیەدا.

من دوای ئەوەی ئاڵودەی ژیان و شێوە و کاری هوزانڤانان بووم بەراستی ژیانێکی خۆش و پڕ لە واتاو جوانیە و بە هەستیکی پاک و وشەی جوان گوزارشت لە ژانی کورد و کوردستان دەکەن، ئەرکی ئەوان قورسە و کاری ئەوان نیشتمانی و نەتەوەییە.

ئەمەی لە لاپەرەکانی داهاتووی ئەم پەرتووکەدا دەیخوێنەوە کار و بەرهەمی (١٥٢) هۆزانڤانی کورد و کوردستانە لە سەرانسەری دونیا، وشەکانیان گوزارشت لە زوڵم و زۆردای و گەلێکی ستەمدیدە دەکەن، جوانیەکانی (مرۆڤ و خاک و شروشت) لەم نیشتمانەدا لە نێوبراون و سراونەتەوەو ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدکراوان، مرۆڤەکان زیندەبەچاڵکراون لە سێدارەدراون بە بێ دادگا، جوانیەکانی مرۆڤیان لەم خاکەدا شێواندووە، تاوان و زۆرداری و ئەشکەنجە و زیندانی و ڕاگواستن بەرامبەر بە مرۆڤ کراوە و کلتور و فەرهەنگ و ئاین و یاسا و بەها بەرز و پیرۆزەکانی مرۆڤ سراونەتەوە.

خاکەکەمان دابەشکراوە و لەنێوبراوە، سروشتەکەمان سوتێنراوە و شێوێندراوە ئەمانە و سەدان جوانی تر ناشرینکراون لە لایەن نەیارانی کورد و کوردستانەوە.

ئەم دیوانە شیعرە بەرهەمی سەدان شاعیر لە خۆ دەگرێت، لە هەموو ئاستەکاندا لە هەموو هزر و بیرو بۆچەنەکاندا، لە هەموو شێوازەکانی دەقی ئەدەبی، ڕەنگە هندێکیان لە رووی میتۆدی زانستی و هەلسەنگاندنی شیعریەوە لاواز بن و کەم و کورتیان هەبێ، بەڵام





هەڵقولاوی ناخی تاکێکی ئەم نیشتمانەیە و ڕەنگیشە یەکێک لە قوربانیدەرەکانبێت و ویستویەتی بەم شێوازە هەست و سوزی خۆی دەرببڕێ و باس لە ئازار و ژان و نەهامەتیەکانی ژیانی خۆی بکات. بۆیە بەلای منەوە گشت بەرهەمەکان گرنگ و پڕ لە واتان.

سەبارەت بە ڕێزبەندی شیعر و شاعیرەکان بەپێی وەڵامدانەوە و زوو ناردنەوەی بابەتەکان دامناون، یەک لە دوای یەک بێ گویدانە پلە و پایە و جوری شیعری شاعیرەکە. واتا ڕۆژانە کە وەڵام و شیعرەکان دەهاتن منیش لە ڕێزبەندی ئەم کتێبە دامدەنان.

ئەم توێژینەوە لە ماوەی نێوان سالانی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ ئەنجامدراوە.

ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
توێژەری کۆمەڵایەتی

**پرسی توێژینەوە**

هـەموو توێژینەوەیـەکی زانسـتی و ئـەکادیمی و کۆمەڵایـەتی بەرلـەوەی توێژینەوەی لە سەر ئەنجام بدرێت گرفتێکە لەلای توێژەر گەڵاڵە بـووە، ئەم گرفتە وا دەکات کە توێژەر هانبدات بۆ ئەوەی توێژینەوەی لەسـەر بکات.

پرسـی ئـەم توێژینەوەیـەش لـەوەوە سـەری هەڵـداوە کـە تـا چـەند هوزانڤانـان توانیوویانـە دەمامکـە شـاراوەکان و ڕووی ڕاسـتەقینەی تاوانەکان بخەنـە ڕوو بانگـەوازەکانیان لـە چوارچـیوەی دەقـی ئەدەبیـدا ڕابگەیەنن.

**گرنگی توێژینەوە**

هەنگاوێکە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی ئەم تاوانانە بـە زمـانێکی شـیعریەوە کەسەکانیش بە پێی ئەنـدازەی وردبینـی و تیـژبینی و ڕەوانبینـی خۆیـان تێدەگەن.

**ئامانجی توێژینەوە**

ئـەم توێژینەوەیـە ئامـانجی سـەرەکی ناسـاندنی جینۆسـاید و هـەموو تاوانەکانی تری دژ بە کورد و کوردستانە کە سەردەمانێک مرۆڤ و خاکی کوردسـتان بـە دەسـتیەوە دەینالاّنـد، چـەند پێشـنیار و ڕاسـپاردە بـۆ چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی کێشە و گرفتـی هوزانڤانـان بـۆ ئـەوەی





بتوانن بە باشترین و مەزنترین شێوە کار بکەن بۆ ناساندنی جینۆسایدی کورد و کوردستان. هەروەها کارکردن لە سـەر گـۆڕینی شـێوازی یـاد و بیرەوەرییەکان لە چوارچێوەی وتارە سیاسیەکانەوە بۆ شێوازی هونەری و گەیاندنی ئەو زولم و زوردارییەی بەسەر کورد و کوردستاندا هاتووە بە شێوازێکی تر کە ئەویش هونەرە بە هەموو جۆرەکانیەوە.

**نموونەی هەڵبژێردراو**

هەڵبژاردنی نموونە بە قۆناغێکی گرنگی پرۆسەی ئەنجامـدانی توێژینـەوە دادەنرێـت و خسـتنەڕوو و وەسـفکردنی تایبەتمەندیـەکانی نموونـە بـە یەکێک لـە شـتە زۆر پێویسـتەکان لـە قەڵـەم دەدرێـت بـە تایبـەتی لـە توێژینەوە مەیدانیەکاندا. کە دەرئـەنجامی سـەرکەوتن و هەرەسـهێنانی توێژینەوەکـەی لەسـەر بەنـدە، نموونـەی توێژینـەوەش بـە ڕێـژەیی گوزارشت لە کۆی کۆمەڵە دەکات کە توێژەر دەیەوێ لێیان بکۆڵێتەوە.

نموونە -عەینە- (Sample) واتە هەڵبـژاردنی ڕێژەیـەکی دیـاریکراو لـە شتێک یـان دەرهێنـانی ڕێژەیـەکی دیـاریکراوە لـە تاکـەکانی کۆمـەڵگای لێکـۆڵراو واتـە نموونەیـەک هەڵبـژێری (ئەگـەر کـەمیش بێـت) وێنـەی سەرجەم کۆمەڵەکە تێیدا دەربکـەوێ، دیراسـەکردنی گشـت یەکـەکانی کۆمەڵ پێویستی بە توانا و ماوەیەکی زۆر هەیە، بۆیـە توێـژەران ناچـارن بەشێک لە کۆمەڵ وەرگرن.

لەم توێژینەوەیەدا نموونەی (تۆپەڵە بەفری سەراولێژ) هەڵبـژێردراوە لـە نێوان جۆرەکانی نموونـە بـۆ توێژینـەوەی کۆمـەڵگای باسـەکە. نموونـەی تۆپەڵە بەفری سەراولێژ یەکێکە لە جۆرەکانی نموونـەی مەبەسـتدار، کـە ئەم جۆرە وەک ئەوە وایە کە تۆپەڵە بەفرێک لـە سـەرەوە بـۆ خـوارەوە سەراولێژ دەکرێت و لە ئەنجامی ئەوەدا بەرەبەرە گەورە دەبێـت. ئـەم جۆرە نموونەیە بۆ یەکەم جار لـە سـاڵی ١٩٧١ لەلایـەن زانـای ئـەمریکی (تینهوتن) بەکارهێنراوە.

توێژەر سەرەتا لە تاکە کەسێکەوە دەست پێـدەکات کـە پەیوەنـدی بـە بابەتەکــەوە هەیــە و زانیاریــەکانی لێوەردەگرێــت، ئەمــە وەک خــاڵی دەسپێک یا تۆپەڵە بەفرە بچوکەکە سەیر دەکرێت، دواتـر پرسـیار لـەو کەسە دەکرێت کە کێی تر پەیوەندی بە هـەمان بابەتـەوە هەیـە، بـەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە رادەی پێویست.

ئێمەش بەم شێوەیە دەستمان پێکردووە و لە ڕێگای پرسین و گـەڕان لـە تـۆڕی کۆمەلایـەتی فەیسـبوک و ماڵپـەڕەکانی تایبـەت بـە شـاعیران، وەرگرتنی نموونەکە لـە جـۆری نموونـەی قـەبارە بچـوکە (عينـة صـغيرة الحجـم). سـنوری توێژینـەوەش هـەموو کوردێـک دەگرێتـەوە لـە هـەر کوێیەکی دونیا بن، ساڵی٢٠١٣ و ٢٠١٤ ماوەی ئەنجامدانی توێژینەوەکەیە.





دوای وەرگرتنەوەی شیعرەکان و بیروڕا و بەرهەمی شـاعیران گەیشـتینە ئەو ئەنجامەی کە هوزانڤانانیش بە پێی توانا هەوڵیان داوە بۆ ناسـاندنی ئەم تاوانانە، کارێکی گەورەشیان کردووە:

## ئە نجامەکان:

سەبارەت بە هەردوو گریمانەکان

١- ئایا شاعیرانیش ویستویانە کات و ساتی خۆیان تەرخان بکەن بەرامبەر بە تاوانەکان و تا چەند توانیویانە لە چوارچێوەی هەست و سوزەکانیانەوە ئەم تاوانانە بخەنە ڕوو؟

بەڵێ شاعیرانیش کارێکی گەورەیان کردووە، کاری ئەوان لـە نووسـێنێکی ئەکادیمی و چەندین کتێب و راپۆرتی تێر و تەسەلی ڕۆژنامەوانی تایبەت بەم تاوانانە کەمتر نەبووە.

٢- ئایا هۆزانڤانێکی ڕۆژهەلات، ڕۆژئاوا، باکوور ئاگایان لە ئازاری کوردانی باشوور هەبووە، بە پێچەوانەشەوە؟

ئەم تاوانانە هێندە گەورەن، کوردانی هەر چوار پارچە ئازاریان چەشتووە و گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کـە تاوانـەکان تـەنیا هـی خاوەنەکـەی نـین و راسـتە تاوانــەکان لــە چــەند ناوچــە و شــارێک ئەنجامــدران، بــەلام سەرانسـەری کوردسـتانی گـەورە و کـوردانی دەرەوەش هەسـتیان بـەم

**ئـازارە نەتــەوەیی و نیشــتیمانیە کــردووە و هاوخــەم و هاوســۆزی بــرا هاونیشتمانی و هاوزمان و هاوخـاك و هاوكلتورەكـەیان بوونـە و ئـازاری منێكی باوك جینۆسایدكراوی بارزانی ئازاری كوڕێكی بـاوك ئـەنفالكراو و باوك كیمیاباران كراو بووە، ئازاری بارزان ئـازاری گـەرمیان و بادینـان و سەردەشت و شنگال و دیاربەكر و دێرسیم و كوبانێ و عـەفرین... هـەر چوار پارچەی كوردستان بووە.**

## پێشنیار و ڕاسپاردە:

**١- هەوڵبدرێت لە یادو مەراسیمەكان گرنكی تایبەت بە هونـەر بـدرێت لە چوارچێوەی شـیعر و گـرووپ و تیـپ و كورسـی هونـەری و بـەزمانی شـــیعر و ســـتران و مـــەقام و مـــەوال و ســـرودەوە پـــەیام و ژان و مەرگەساتەكان بگەینن.**

**٢- گرنگی بە هوزانڤانان بدرێت و كارو بەرهەم و دیوانـە شـیعریەكانیان بـەپێی پێـوەری مانـدی بوونیـان هەڵبسـەنگێندرێت و رێـز لـە ئـەرك و ماندووبونیان بگیرێت و بەرهەمەكانیان چاپ و بلاوبكرێنەوە.**

**٣- هەمووممان هەوڵبدەین ئاشنایی هونـەر بـین بەهـەموو جۆرەكانیـەوە، چونكە یەكێكە لە تەوەرە سەرەكیەكانی ناساندنی كلتور و داب و نـەریت و فەرهەنگ و سروشت و جوانی كوردسـتانی بـە جیهـانی دەرەوە ئەمـە جگە لە نیشاندانی تاوان و زولم و زورداریيەكان.**





**٤- زۆربەی هەر زۆری هوزانڤانان سەرەرای كارەكەیان پیشەی تر ئەنجام دەدەن ئەمـــەش بـــەهۆی نـــەبوونی هاوكـــاری و سپونســـەر بـــۆ بەرهەمەكانیان، پێویستە حكومەت و كەرتی تایبەت هەوڵبدەن و پالپشتی ماددی و مەعنەویان بكەن، بۆ ئەوەی بژێوی ژیانی شاعیران خـۆش بكـەن و تاكو تەنیا بـەم ئەركـەیان هەسـتن و گرنگـی بـە كارەكانیـان بـدەن و بەردەوامبن، چونكە نەبوونی سەرچاوەیەكی مادی و مەعنـەوی بـاش بـۆ هۆزانڤانان كاریگەری هەیە لە سەر كارو بەرهەمەكانیان و بگرە هەندێك لە شاعیران وازیان لە پیشەكانیان هێناوە بە هۆی نەبوونی ماوە و كـات و سەرقالبوونیان بە پیشەی ترەوە.**

**٥- میدیاكان بە تایبەت كەناڵەكانی ڕاگەیانـدن و ڕۆژنامـە و گۆڤارەكـان گرنگی تەواو بەم بوارە بدەن.**

# دەروازەی دووەم







حیات مجید پەرخی

## حیات مجید پەرخی

حیات مجید قادر (حیات مجید پەرخی)
- لە دایک بووی ساڵی ١٩٨٣
-خێزاندارم
- دەرچوی زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی بازرگانی، بەشی کارگێری کار ساڵی ٢٠٠٧
- جگە لە زمانی دایک زمانی ئینگلیزی و عەرەبی تا ڕادەیەک دەزانم.
- دەرچووی کۆلێژی (ILS) ی ئینگلیزیم بۆ زمان.
- دەرچوی( پەیمانگای پێگەیاندنی ئافرەتی سەرکردەم)، ساڵی ٢٠٠٩،
- ئەندامی سەندیکای ئابوریناسانی کوردستانم.
- ئەندامی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانم.
- وەک مەجالی ئەدەبیش ئەندامی (بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژم لقی هەولێر)
خاوەنی دوو کتێبی ئەدەبیم بە ناوەکانی-:
- ڕۆڵەی ئەنفالێک وای وت
ئەم کتێبە پرۆژەیەک بوو بۆ ئەنفال کردم، ناوەکەشی لەوەوە سەرچاوەی گرت کە ئەمساڵ لە ٣-٣-٢٠١٣ دا وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە هەماهەنگی وەزارەتی پەروەردە شیعری (ڕۆڵەی ئەنفالێک وای وت) یان گشتاند لە قوتابخانەکانی کوردستاندا.
- کتێبی دووەمم بە ناوی ( پیاوێک لە مندا سەما دەکا) پاش نزیکەی دە ساڵ لە کاری نوسین لە بواری ئەدەبیدا ئەم کتێبەم هاتە بوون، کە لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نوسەرانی کوردە لقی





هەولێر، ناوەکەشی لە قەسیدەی (پیاوێک لە مندا سەما دەکا) وە وەرگیراوە کە لە ڤیستیڤاڵی شانزەیەمینی گەلاوێژدا خەڵاتی یەکەمی برد لە مەجالی شیعردا.
لە بواری ئەدەبدا چەندین نوسەر لەسەر شیعرەکانمیان نوسیوە، چەند لێکۆلینەوەی لەسەر کراوە، چەندین خەڵاتی ئەدەبیم لەو بوارەدا بەدەست هێناوە، خاوەنی پەیجێکی تایبەت بە ئەدەبم بە ناوی (وچانێک لای شیعری ژن)، خەڵاتی لاوی ساڵم بۆ مەجالی ئەدەبی لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنییەوە وەرگرت.

سەرەتای کارکردنم دەگەڕینمەوە بۆ کارکردنم لە ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی سلێمانی.
کە لەو سەردەمەدا وەک کەسێکی کارا کارم دەکرد.
- لەسەردەمی کاری ڕێکخراوەیم لە یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا وەک نوێنەری یەکێتی قوتابیان لقی سلێمانی بۆ ماوەی ساڵێک لە ڕێکخراوی (ASK) ئەمریکی دەورەم وەرگت، زیاتر دەورەکان لەسەر کارکردنی گەنجان بوو لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان.
- دەستەی دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی (دژە جینۆساید)م کە زیاتر ئەدای کار کردنیان لە دەرەوەی وڵاتە، کاری جدییان کردوە بۆ ناساندنی مەسەلەی جینۆسایدی گەلی کورد بە دونیا.
- ماوەی ساڵێک لە سلێمانی لە پە یمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسیەکان کارم کردوە.
- دواتر هەر لەهەمان پەیمانگا لقی هەولێر کارم کردوە، کە ڕاستەوخۆ سەر بە دەزگای هەڵبژاردن بوو، بەڵام بە شێوەیەکی مەدەنیانە کاری دەکرد.
- لە چەندین ڕێکخراو کاری گروپدا بە شێوەیەکی خۆبەخشانە

کارم کردوە وەکو :-
- کارکردنم بەشێوەیەکی خۆبەخش لە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان.
- کارکردنم وەک (چاودێر لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان وپەرلەمانی عێراق)
- کارکردنم بۆ یەکێتی قوتابیان بە شێوەی خۆبەخش.
- کارکردنم لە ڕێکخراوی خێرخوازی (ئەلعەین ئینتەر ناشناڵ) لە بەریتانیا، ئەم ڕێکخراوە لە سنورێکی فراوانی جیهانیدا کار دەکا، کە زیاتر کارکردنی بۆ یارمەتی دانی لێقەوماوانە لەسەر ئاستی جیهان بە تایبەت ئاسیا.
- ماوەی چەند ساڵێکە لە ئەکادیمیای پارتی دیموکراتی کوردستانم، لە ئێستاشدا بەرپرسی خولەکانی ئەکادیمیام.

- ئێستاش ئەندامی پەرلەمانی کوردستانم لە سەر فراکسیۆنی زەرد لە کابینەی هەشتەم.





حیات مجید

## ڕۆڵەی ئەنفالێک وای ووت

دایە (بۆ هەموو کەس باوکی هەیە)
(باوکی من تەنیا وێنەیە)
بۆچی باوکم بەیانیان لە خەو هەڵمان ناسێنێ،
بۆ نانی گەرممان لە نانەوا بۆ ناهێنێ،
بۆ دەستم ناگریت بمبات لەگەڵ خۆی بۆ بازاڕ،
بمبات بۆ شاری یاریی،
بمبات بۆماڵی خزمان،
دایە مامۆستا دەڵێ کۆبوونەوەی باوکانە
هەموو هاوڕێکانم باوکیان دێن
بەس تۆ دایکی لە ناویانا،
دایە ئیتر ناچم بۆ کۆڵان
یاری لە گەڵ کەس ناکەم،
یەک لە هاوڕێکانم دەڵێ باوکم
کراسی بۆ کڕیم
یەکێکی تر دەڵێ ئەم سەعاتەو
یەکیکی تر ئەم سەیارە،
دایە گیان منم بیدەنگ لە ناویاندا
سەرم ئەکەم بە کۆشما
لێم ئە پرسن ؟
منیش دەڵێم باوکی من ووێنەیەکە،
هەرگیز نانوێ پیریش نابێ
هەموو شەوێ من و دایکم سەیری دەکەین

تا دەخەوین،
دواتر بەتانیەکەمان پیا دەدات،
تا بەیانی چاودێری ماڵە چۆڵەکەمان دەکات







**دانا قەرەداغی**

**دانا قەرەداغی**

**ناو : دانا عبدللە محمد**

**نازناو : دانا قەرەداغی**

**ڕۆژی لە دایك بوون : ١٢ / ٩ / ١٩٨٩**

**دانیشتووی : سلێمانی**

**شوێنی لەدایك بوون : سلێمانی**

**ژمارەی مۆبایل :** 0770 210 0909 - 0750 109 62 59

**ئیمەیڵ:** mailto:dana_qaradakhy@yahoo.com

**ئاستی خوێندن : خوێندکاری پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی**





**دانا قەرەداغی**

## نیشتمانێك لە ڤیژە

**( ١ )**

**هەورێکی میهرەبان**

**خۆی لە ڕەنگی ڕەش هەڵکێشا**

**مژدەی بارانی تاوانی ئەباراند و**

**پەلکە زێرینەی ئومێد**

**دەستی گریانی دایکێکی**

**ئەلاواندەوە ...**

**نیشتمانم بۆنی ئومێدی**

**لەبەر ئاوێنەی خەونەکاندا**

**تەفسیر ئەکرد ...!**

**( ٢ )**

**تاوانم نەبوو**

**جگە لە مناڵێکی میهرەبان**

**بە ناو کۆڵانەکانی ئەندێشەما**

**عەجولیم ئەکرد و**

**دەستی بووکەڵەیەکی**

**گرینۆکم ئەچاند**

**لە باخی هزری گەورە بوونمدا ...!**

( ٣ )

ئەفسووس

تاوانێك هات و

بۆنی سێوی کردە

گەرووی مەملەکەتێکەوە !

پێنج هەزار لق و چڵی

تەمەنی شکاندەوە و

دارتاشێك کردیە تابووت

من نەمویست بمرن

کەچی مردن ...!

( ٤ )

ئای لەو زەمەنە

چ خەدرێك بوو خودایە !

تەپەی پۆستاڵەکان

ترس

ترس

ترس ...

پاسارییەکانی هەڵفڕاند و

مێروولەکانی

تووشی شۆك کرد و





دڵی کیژۆڵەکانی

ئاوێتەی مەرگ کرد و

چاوی کانییەکانی

کوێر کرد ...!

ئەوە من بووم بینیم

درەخت بە دیار

سووتانی ڕەزەوە ئەگریا

حەوشە بە دیار خاپوور بوونی

ژوورەکانەوە

قژی ئەڕنی

من نەمویست بمرن ...

کەچی ئەوان

لە پشتی ئیڤاکانەوە

دەستی سلاّوی مردنیان

ڕائەوەشان ...!

( ٥ )

هەرگیز ناتوانم

ئەم مەرگەوەرییەتان

بۆ بگێڕمەوە !

ئیشی من سەرقاڵ کردنی ئێوە نییە

تاكو باسی
ئەم زەخرەفە تێكشكاوانەتان بۆ بكەم
پێتان بڵێم ...
بە دووای یەكەمین درەختی
جێژوانی
ژن و پیاوێكدا دەگەڕێم
ئەوان دایك و باوكم بوون !
بە دووای گۆڕستانەكەیانە دەگەڕێم
یان بە دووای نامەیەكی تەڕدا
كە لە نێوانیاندا هەبووە ...!
ئافاتێك هاتوو
پەپوولەی لە خاچ دا
درەختەكانی
بەدەم شەلالەی كۆچەوە
كردە قەقنەس
هەموو گیانلەبەرەكانی
لە پەچەی سەرابێكدا كۆكردەوە و
مژدەی مەرگی پێدان ...!
ئەوان ...
سڵیان لە هەورە گرمە نە ئەكردەوە و





برووسكەیان دا ئەگیرساند
سەمایان لەگەڵ گێژەڵوكە ئەكرد و
شنە بـــا یان ئەنواند !
ئەوان ...
بە دەنگی تەپەی پێی پۆستاڵی
سەگە مرۆڤ خۆرەكان
ترسان و
ترسان و
ترسان ...!
( ٦ )
ئەوە ئەوانن
وەك پەیكەرێك
كران بە ژێر خۆڵەوە و
دەستی نزایەكیان
بۆ را نەكێشرا ...
ئەوە ئەوانن
هاواریان لە خودا كرد و
خودا نەهات بە دەنگیانەوە ...
ئیلاهی من تێناگەم !
چ حیكمەتێك

له بێدەنگی تۆدا بوو ...؟
ئیلاهی ...
رابردووم وەك گۆمێك خوێنه و
شەپۆلی خنکان ئەی نووسێتەوە و
دەفتەرێك سینەی خۆی بۆ دا ئەدرێت
نـا باوەر ناکەم ...!
مەرگ هێندە تیژ بێت
بەرگی ئاسمانیش بدرێت و
خۆر بخاته سەر کەڵکەڵەی خۆ کوشتن ...!
لەو ساتەدا ...
کۆچ هاته میوانی مناڵەکان
سەری له پیرەکان ئەدا و
خەندەی دووا مەنزڵی
پێشکەشی لاوەکان ئەکرد
تۆ بڵێی
مەرگ شیرینتر بێت
یان ژیان لەو ساتەدا ...!
( ٧ )
ئەم بستە خاکە دڵشکاوە
بەدەم کێشانی مەراقەوە






سینەی ڕەش بۆتەوە
ئاگاتان له وەنەوزەکانی بێت ...
دەستی لەرزۆك بووە
گۆچانێی بۆ بکەنە دیاری ...
توانای نیه
سەرێك له ماڵی یادەوەری بدات ...
ئەوەتا کاتژمێرەکە
بەدەم ڕابردوو ئاییندەوە
ئەڵێت
چرك چرك
مردن ...!
( ٨ )
خودایه
ئەم هەموو کۆڵانی گریانه
چۆن بەرمەوە سەر مەملەکەتی خەندە ؟
چۆن کاتێك برەخسێنم !
ون بوونی ئەوانی تێدا کۆ بکەمەوە
ئاخر چۆن بتوانم ...؟
چۆن ...؟
ڕەنگه له ئەزەلەوە

ئەوان خەمێك بووبێتن بۆ مێژوو
یان لە پاڵ ئەم تاشە بەردانەدا
ئاواتی لۆکەییان
ژەنگی هەڵهێنابێ ...!
( ٩ )
ئۆقیانووسێکە
ڕەنگی مەرگیان لێ ئەرژێو
هەست ناکەن !
سەدەیەکە
بێ تاوانن و
بریاری لە سێدارەدانیان
بۆ پەسەند ئەکرێ !
قەرنێکە
سیمرخێك لە واندا
لە شەقەی باڵ ئەدات و
بولبولەکانیان فریوی
دۆزەخ ئەدات !
زەمەنێکە
لە بیاباندان و
سەرابێك



ژانی کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

ئەیان لاوێنێتەوە
جامێ ئاو نییە
بۆ لێوی وشکی بزەیان !
سەد و هەشتا هەزار سەعات و
پێنج هەزار دەقەیە
ناتوانم
ئەوان بگێڕمەوە
ناتوانم ...!




میدیا حسێن





میدیا حسێن

## سۆزێک بۆ نیشتمان و دابرنێکی پڕ گریان

سیروان دەخیلە ئاگر دەبارێ
شەپۆلێ بە گوڕ بهاوە جارێ
ڕەشماڵانی جاف هۆبەی دەشت و دەر
کەوای پولەکەی گڕیان کردە بەر
بەرداشی ئاشی ئاشوبی گەردوون
بەناخی کوردا کەوتە هات و چون
شیوەن دەگێڕێ دایک لە هەردا
قوڕدەگرێتەوە بیکا بەسەردا
زریکەی ساوای مەلۆتکە کراو
دێت لەنێو ماڵ و حاڵی بە جێماو
ئاگر لەدەوری لانک بەر بووە
ئاسمان هەناوی کوناو دەر بووە
مناڵ پشتوێنی باوکی توند دەگرێ
باوک بەڕێوە ئەکەوێ، ئەمرێ
لەولاوە خوشک ئەیەوێ ڕاکا
خۆی بە قوربانی باوک و براکا
ئەویش ڕاناگا یەخەی خۆی بدڕێ
چۆلەکەی گیانی بۆ ئاسمان ئەفڕێ
قەتارەی خێڵی وێڵی کۆڵ بەکۆڵ
بەرد وەدەنگ دێنێ ئەمدۆڵەو ئەو دۆڵ
ئەم پێ ی زامارە لە کۆڵی ئەوا
ئەو چۆک دا دەدا لە نیوەی ڕەوا
زەلم بە پەرۆش سیروانە ڕێگەی

بەڵام باخی میر سوتانە جێگەی
دوندی شەمێران، هەواری هەڵگورد
پرسە دەگێڕێ بۆ ئەم حاڵەی کورد
سیروان دەخیلە دەشتی شارەزوور
سەوزی ئەپۆشی هەڵگەڕا بەسور
دەمی بەهارە جەژنی دەشت و کۆ
بۆ لەبار بچێ نێرگزو شەوبۆ؟
کام دار، کام دەوەن،کام چڵە گیایە!!!
ئەمێستا پچەک هەناسەی تیایە
ترۆپکی چڕی شاخی هەورامان
بە دووکەڵ ئامان.لەخوێنا دامان
چیای شرام وکەژی ئاسنەوەر
غەرقی خەردەلن پێ تا تەوقی سەر
شیوی دەرەقوڵ چەمی خواجایی
بسکی خۆدەڕنن لە تاو کیمیا یی
چەم و جۆباری پڕ مرواری ڕۆ
سروشتی جوانی کوردەواری ڕۆ
خاکی بەراوو مێرگی شیم ڕۆ
مەندیلی کەژی بلورینم ڕۆ
بناری چڕی دارستانم ڕۆ
بێستانی وشکی کوردستانم ڕۆ
ئاسمان دەخیلە بارانێ داکە
خەڵک شپرزەو گەلێ هیلاکە
گەر ڕۆژی حەشرەو مەرگەو کۆتای
ئێمەش ئامادەین بۆ ماڵ ئاوای
بەڵام وا تازە خەڵکی لەژینا





دەگەڕێن بەناو کەونی بەرینا
بۆدەبێ ئێمە لە بستە خاکێ
هەموودەم ڕەوکەین لەدەست زوحاکێ
سیروان دابەستەی خاکی چەن ساڵە
چاوی بێ خەمی مێژووی ئەم حاڵە
بەخوڕ داگەڕێ بە گەرمە سێرا
بەناو کەندەڵان بەخاکی سوێرا
هەڕەشەی گڕو ئاسن بنێرە
خۆبادان لەوێ و زرم و کوت لێرە
شاری شەهیدان شاکاری خۆشی
تارای پیرۆزی شۆڕشی پۆشی
ئەم خاکە خاکی کوردی دلێرە
بێشەی پڵنگ و جەنگەڵی شێرە
هەر قارەمانێ لەم گەلە تیاچێ
دڵۆپێ خوێنی بە فیڕۆ ناچێ
خوێنم خەڵاتی ئاڵای سور ئەکەم
بۆ هێرۆشیمای شارەزورەکەم...



دلاوەر قەرەداغی





دلاوەر قەرەداغی

## منداڵێک کە لەوێ هاتەوە وایگوت

ئەنفال لە ڕێی چوونە ژوواندا ڕایگرتین
گیرفانەکانمان گەڕا، نامەکانی دڕاند، وێنەکانی سووتاند
گۆرانییەکانی لەسەر دەنگمان کڵۆم دا
ئەنفال بەیانی باشی قوتابخانە و
ئێوارە باشی گەڕەک و
شەو باشی ماڵە لۆکەییەکانی دزی
ئەنفال ناوەخت خۆی کرد بەژووردا
ئێمە نانمان دەخوارد
خوانێک لەخۆشەویستیی کۆیکردبووینەوە
ئێوارانێک لە دڵنیایی خۆی هەڵدەسوو
لە برینەکانی دوێنێ
شەوانێک لە میهر لەودیو پەنجەرەکانەوە
فیکەیان دەکێشا
ناکاو .. چراکان کوژانەوە
ئێوارە دای لەشەقەی باڵ و فڕی
شەو زریکاندیی و
خۆر دوامالْئاوایی لە سنەوبەرە سەوزەکانی
بنار گوند کرد
وای ئەنفال ... داری بەسەر بەرد و
منالی بەسەر گڕوگاڵ و
درەختی بەسەر جریوە و
ئاسمانی بەسەر ئەستێرە و

گوندی بەسەر شاخ و
ڕووباری بەسەر هاژەوە نەهێشت
وای ئەنفال .. درەختەکانی فریودا
خۆی بۆ ڕاوکردنی مانگ نایەوە
هەنگەکانی ژەهرخوارد کرد
ڕێوبانەکانی بەمین کێڵا
دەستی نایە بینی گوڵەگەنم
ئەنفال گوتی: هیچ نییە منالّینە ... مەترسن
سەفەرێکەو دێنەوە
ئەنفال گوتی: دەچین بۆ سەیران
هەر بە ڕێگەوە دوو گوندی بەسەوزی داکرماند
هەر بەڕێگەوە نامەکانی سووتاند
سڵاوی لە لێوی منالّان هەڵپچوو رقاند
ئەنفال درۆی کرد ... سەیران نەبوو
تاریکستان بوو ... تاریکستان
سەدو هەشتاو دوو هەزار نیگا
هیچمان ئەویترمان نەدەدی
بەڵام گوێمان لە ترپەی دڵی یەکتر بوو
ئەنفال هەموومانی دەدی
کەچی ترپەی دڵی هیچ کاممانی نەدەبیست
ئەنفال چاوی بە پەڕۆیەکی ڕەش بەستین
بە بزەیەکی گاڵتەجاڕییانەوە گوتی:
منالّینە چ دەبینن؟
گوتمان: هیچ ... جگە لە تاریکستان هیچ!
ئەنفال ئاسمانی لەسەر داخستین
ئەرزی لەژێر پێمان پێچایەوە





ئەنفال جیایکردینەوە ... ڕیزیکردین
گوتی: دەستتان بگرنەوە منالّیینە
بەدارحەیزەرانێک سەدو هەشتاو دوو هەزار داری
لە دەستمان سرەواند
پەنجەکانمان وەرین
ئەنفال چاو و هەناسەمانی پڕکرد لەخۆڵ
داری بەسەر بەرد و
هیچی بەسەر هیچەوە نەهێشت
ئەنفال گوتی: منالّیینە سەیرکەن ... چ دەبینن؟
گوتمان: هیچ ... جگە لە سەحرا هیچ!
ئەنفال درۆی کرد ... جگە لەسەحرا هیچمان نەدی
تەنها گوێمان لە ترپەی دڵی خۆمان بوو
کە مردین!

سلێمانی
کۆتایی ١٩٩٥




بورهان زێباری





بورهان زێباری

## بیرهاتنەك د ئەنفالێن ڕەش دا

**ها ئەڤرۆکە وەکی هەر جار**

**ئەزدگەل کوما هەڤالا لسەر سیڤاندێت بانێ مە دروینشتینە و**

**ڕۆژ ئاڤادبوو**

**کچکێت گوندی لسەر کانیکێ دزڤرینەڤە زەینەبا من**

**لدوماهیێ بوو**

**پەزێ لچیای دهێتە خارێ و بێریان راڤیێت ئاڤێ دبرن هاڤر**

**بێ ئاڤ و ئالف ببوو**

**تویا دحەوشا مەدا هاها تاییێت وێ دێ شکێن ژبەر چویچکا دەنگێ کەوان**

**کویری دبوو**

**ڕەمویە دین لزەڤیا بنێ گوندی درەڤی بو مالێ**

**زاروکان ماندی کربوو**

**پیرەمێر بەرەف مزگەفتێ مەلا بەرەف بانی دەمێ**

**بانگی بوو**

**عەیشەخانا لپەرێ گوندی و فانوسەکا ددەستاندا گولا وێ**

**دگەل گارانێ نەهاتبوو**

**گوندێ مە چەندێ خوش بو**

ئێڤاریەكا چەندا ب رەوش بو

دووی دەمی دا ل بنیارا گوندێ مە چریسكەك روناهیێ

دیاردبوو

توزو دیمان دەم دەمە بلند ڕا دبوو

هندا دگوت بابەلیسكە و هندا دگوت ڕەڤا دەوارانە و هندا دگوت كاروانی

نە

هەرئێكی تشتەك دگوو

دلێ من ژی ب گوتنا وان هەمیا رازی نەبو

نەخێر نەخێر ئەڤێت هێن نە ڕەڤا دەوارانە و نە كاروانی نە

ئەڤێت هێن ئیڤاییێت عەسكەرینە ئەڤێت هێن

گورگێت شەڤی نە

حەف حەفا دەڤێ وانە دبرسینە تهنینە

خوینا دڤێت خوینێ بینن خوینا كوردان بو دەڤێ وان شەربەتە یاشرینە

ئەڤێت هێن نەڤییێت ئەبو جەهلی نە

ئەڤێت هێن ئالل بەیت میراتكر حەسن و حسێن كوشتن

چ و ژدان دسەرڤان دانینە

ئەڤێت هێن كانیكێت كەربێ لبنێ پێت وا دزێن

ئەڤێت هێن پەیڤا مرنێ دبێن

ئەڤێت هێن

دشیر حەلا نینە





كافرن موسلمان نینە

ئەڤێت هێن قەسابێت سەدامینە

چوار ئالییێت گوندێ مە ب جەلادان ڕێز كرن

ئالأییێت ئومە العربیە واحدە ل هەر چوار ئالیا بلندكرن

زاروكان كرە گری دایك لبەر كوچكێ شێڤێ رابون

لاندك دهمبیزا خۆگرتن

كچك رابونەڤە و هچكێت خۆگرێدان

پیرەژنا چاروكێت ڕەش سەر ملێت خو دادان

باب و كور رابونەڤە ساقە و گورە هەلكێشان

جەمەدانی بسێ گەری گرێدان

مینا ڕۆژا حەشرێ هەر ئێك ل جهێ خۆ

چەق ڕاوستان

وەكی تاڤیەكا بارانەكا حێل ئاگر ل گوندێ مە باری

یأجوج و ماجوج بەربونە مە

دەنگێت بلند نەڤی كرن

ئاگر بەردا گوندی لاندك شكاندن

زاروك دناف دەستبێنكاندە بێ رح كرن

جهێت گەرم سار كرن گەنج دەه دەهە ڕێزكرن

گولەبارانكرن

كچك دیف خۆرا خشكرن

پۆستاڵێن ڕەش بخۆینا سەرێ سپیێ پیرەمێرا

سورکرن

پیرەژنا قورئانا پیروز بلندکرن

هەوارە خودێ ئەڤە چ بسەرێ مەهات

مامە چکریە خودا هەوارە خودێ بو خاترا

پێغەمبرێ خوییێ شرین مەقورتالکە

دوی دەمی دا مەلای لسە بانێ مزگەفتێ بانگێ خودێ دا

الله و اکبر الله اکبر

نەخێر:

ئیڤاییێت خو بسەرییێت مروڤا پرکرن

زاروك جحێل پیرەژن پیرەمێر هەمی برن ئەنفال کرن

ل شاخێن کوردستانێ گوندییێت مە سوتن بێ گونەه ژی

بو توزا عەر عەرو نوگرەسەلمانێ برن

هەمی بساخی بن ئاخ کرن

ساڵ چون زەمان بورین

جەمەدانی نەرزین شیتك و شەلوار وەکی خۆ مانەڤە

دیروکێ ژی ئەم بیرکرین ژبلێ کوردا

کەس ناڤێ مە نائینتەڤە

دونیا ئارامە و ئەم دبن توزا دەشتێ را

هێلاینەڤە





ئەڤە دەم هات مە ژبن ئاخێ بینە دەرێ

ئەنیا مە ژ توزێ پاقژکەنەڤە

هێدی هێدی هەستیکێت مە کومکەنەڤە

بو وەلاتی و دەیك بابا بزڤرینەڤە

مە د هەولێرا پایتەخت و

هەڵەبجەیا شەهید را بەنەڤە

مە بەنە سەر رویبارێ زێ و کانیکێت هەستیکێت

مە بشونەڤە

بێژنە دایکێن جەرگ سوتی و بێژنە خوشکێت باب نەدیتی

بلا نەگرین

تازە ئەم ساخ بوینەڤە

وەرە باب وەرە برا مە دانە سەر ملییێت خۆ و

لبن سیبەرا چیای و دار مازینا ڤەشێرنەڤە

و نێرگزا لسەر سینگێ مە بچینن

خەوا مەیا دهێت ئەم دماندینە ڤێرە گەلەکا هینە

دا بخۆ بنڤینەڤە دا بخۆ بنڤینەڤە



دیار هەڵەبجەیی





## دیار هەڵەبجەیی

ناوم (دیار ئەحمەد فرەج)ە...ناسراو بە دیار هەڵەبجەیی، لەساڵی ١٩٧١ لە شارە جوان و دڵنشینەکەی هەڵەبجە هاتوومەتە دنیا.
سەردەمی منداڵی و مێرد منداڵێم لەو شارە ئازیزە بەسەر بردووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم لەو شارە تەواو کردووە.
پەیمانگای مامۆستایانم لە سلێمانی تەواو کردووە و ئێستا مامۆستام لە قوتابخانەی (هونەری) بنەڕەتی لە شاری سلێمانی، تێکەڵ بوونم بە دنیا جوان و ناسکەکەی شیعر دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵی ( ١٩٩٨و سەرەتای ١٩٩٩).
تا ئێستا خاوەنی دوو نامیلکە شیعریم بەناوەکانی (بەرسیللە٢٠٠٤، شاری یاری٢٠٠٨) وە لەزۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا شیعرم بڵاوکردووەتەوە، ژیانی هاوسەریم پێکهێناوە وخاوەنی سێ جگەرگۆشەم بەناوەکانی (ئاروین، دارین، ناستیا).
پڕۆژەی ئێستاشم دوو کتێبی شیعریە، یەکەمیان بەناوی (پایزێ لەکۆچ، نیشتیمانێك لە گوڵ) کە ژمارەی سپاردنی وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ وەرگیراوە، دووەمیان کتێبێکی شیعری منداڵانە بەناوی (شارە مێروولە) کە سەرجەم شیعرە منداڵانەکانمی لەخۆ گرتووە، کە بە سوپاسەوە (خانەی سمۆرە) ئەرکی لەچاپدانی گرتووەتە ئەستو.

١

## گوڵدانی هەڵەبجە

ڕوخساری جوانی ئەم شارە
زۆر لەمێژە گەشاوەیە

سیمای سەوزی ئاودامانی
وەکو باخچە ڕازاوەیە

شەقام و جادە و کۆڵانی
پڕ لە یادەوەریمانە

گوڵان و کانی عاشقانی
جێی ژووان و ئەوینمانە

دەبا هەموو لەجێی خاشاك
پڕ لە گوڵ و ڕێحانەی کەین

ڕوخساری خۆی چەندە جوانە
هەزار هێندە جوانتری کەین.





## برینێکی بە ئازار

چ تەمێکە بەم ناوەختە سیمای شاری داپۆشیوە
چ خەمێکە بەر لەپایز گوڵ و گەڵا هەڵوەریوە....

کوانێ بزە و خەندەی شارم، ماڵی پاشام بۆچ بێنازە
شمشاڵەکەی خاڵە ((مینە)) بۆ بێ سۆز و بێ ئاوازە

کوا کۆترە باریکەکەی جاف، ئەحمەد موختاری خۆشخوانم
تا بە شیعرێ بمانباتە ماڵە پڕ نوورەکەی خانم

کوانێ پیاسەی ئێوارانی کوڕوکاڵی کانی عاشقان
پاتریقەی شەدەلاری شارەزوور و لای هەورامان

کوانێ نەشئەی باخەکانی عەبابەیلێی باڵا بەرزم
هەنارەکان بۆچی نایکەن بە ئاهەنگ و شادی و بەزم

کوا چی لێهات کۆڕی گەرمی دەمەو عەسری لای ئازیزان
کوا چریکەی پڕ لەسۆزی (حەمە قوتو) و دەنگی (خەزان)

دەپێم بڵێن بۆچی ئێستا هەڵەبجەکەم وەکو جاران
بەدەم شنەی مۆردانەوە پێناکەنێ و ماتە و وێران

هەر چەند سەیری گوڵان دەکەم تەمی خەمێکی گرتووە
بەهێندەی بارانی پەڵە فرمێسکم بۆی هەڵڕشتووە

تەماشاکەن قەیسەریەکەی حامید بەگم چەند شێواوە
دەنگی مەلا عەلی نایە لەگەڵ ڕێبوارانی ئەو ناوە

کوا دوکانە تاقانەکەی باجی حەپسەم بۆچی نەما
کوا ڕۆژانی خۆشی جەژن و ساتەکانی بەر سینەما

کوا تام و بۆی چاییەکی، چایخانەکەی خاڵە کوانێ؟
عازەبانی بۆ وەك جاران بەو ناوەدا هەنگاو نانێ

داخم ناچێ بۆ دۆندرمە پڕ چێژەکەی لای مەنوچەر
یا ئەزبەریە بەتامەکەی دەست و پەنجەی باجی ئەختەر

کەی ئەم شارە پڕ یادگارە شەوق و زەوقی وەك جارانە
نەکۆری شیعری، نەشانۆ، نەجێژوانی عاشقانە

نەتازە دەبێتەوە بە هەڵەبجە جوانەکەی دوێنێ
نە،(عومەری رەسام) و (هیوا) هەرگیز بەخۆوە دەبینێ

ڕەنگی بێ ڕەنگی لێ نیشتووە روخساری مناڵانی
تەمی حەسرەت داپیۆشیوە شەقام و کۆچە و کۆڵانی

ئەو ساتە پڕ بەئازارە هەرگیز بیرمان ناچێتەوە
ئەوەتانێ هەتا ئێستاش سوێ دەکەین بە برینیەوە!........







کەژاڵ ئەحمەد

کەژاڵ ئەحمەد

**هۆلۆکۆست***

(بۆ گوڵەکانی وەرزی ئەنفال
ئەو گوڵانەی لەبەهاردا هەڵوەرین)

کەبردیانن، لەدوا کەلی ئاوابوونا
ئەو کاتانەی دەرفەتی ئاوردانەوەیەکیش نەبوو وتیان، ماڵئاوا
ماڵئاوا ئەی ماڵە وێرانبووەکە، ئاوایی نائاوەدان
گوندە بچکۆلانەکەمان، ماڵئاوا...
ئەنفال جوگرافیای شوێنەکانی هەڵوەشاند
تا بیابانمان پێ بناسێنێ و
تراژیدیایەکی هاوبەش،
لە ڕوحە گوڵە کوژراوەکانی ئێمەو
جەستەی خۆڵە گەرمەکەی خۆی بخوڵقێنێ.
ئەنفال ویستی،
بڵێ ئائەم گەردەلوولە ئیماندارانە دەتوانن
نەوەیەک بەناخی زەمیندا ببەن و
بڵێن ماڵئاوا... میللەتە بێ ماڵەکان.

بیابان تۆ دەلیلم بە
ئەم شەو و ڕێگاو غوربەتە غەریبن پێم و دەمێکە
چرای شیعرم کزکردووە، سەگەکانی نوگرەسەلمان پێم دەوەڕن
دەترسێم و باش نابینم
پارچەکانی جگەرم لەکونجوڕێکی ماڵە سووتاوەکەی تۆدا
لێ شوێن بزر و گۆڕبزر وشاهیدبزر کراوە



ژانی کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

بیابان گیان ...
تۆ کە تاکە شاهیدی حیکایەتەکەم
وەک حەیرانێکی پڕسۆزی خەڵکی باشوور بۆ بڵێ
ئادەی بیڵێ ... بەردەوامبە
یەکەمجارە هاوارە ئاوییەکانی شاخ
لەگەرووی وشکی بیابانەوە هەڵقوڵێن
بۆیە وا دەنگت سازگار و غەمبار و خۆشە لەبەرگوێم.
کەبردیانن، نیشتمان وتی دیاربوونم
زادەی ونبوونی ئێوەیە بەقوربان
ئای هەموو ئامادەبوونێک خەراجی غائیب بوونێکە
ئای هەموو ئامادەبوون و غائیب بوونێک لەناو مندا مردنێکە.

ئالێرەوە ... ئیدی ژنەکان بێ پیاو مانەوە
شەویان پۆشی و شوویانکردەوە بە چاوەڕوانی!
پیرەکان تەنیا خناوکەو کلکەوانەی یادەوەریی
کیژو بووکە چاوڕەشە قسە خۆشەکانیان لەدڵدا هەڵگرت و
تووشی داوی زوڵفی لوولی گریانێکی بەردەوام بوون.

سەیربوو ئەو رەوتی مێژووە زۆر سەیر
گەنجەکان گەنجینەی میراتیان بەجێهێشت
گەنجەکان ڕۆشتن وپیرەکان
لەکاکێشانی دۆزەخەوە بەپیاسە گەڕانەوە،
پونگەکانی رەنی باکووری رۆژهەڵات راگوێزران
رووەو بیابانەکانی باشووری رۆژئاوا
کەنیلە گەرمیانییەکانی خوشکۆڵەی کافرۆشی
وەک کلی چاو فڕێنران

لەچاوترووکاندنێکدا، ئەم هەوارە
بێ غەزاڵ وشەنگەبێری مایەوە.

عەباکەی گوڵبەهار
لەچکەکەی زوڵەیخا
کەزییە سوورەکانی خاوەر
تابیابان با هێنانی و بردنی
تابیابان لەرینەوەی ژێی زامەکان کوشتنی.
نەعلی ئەو مناڵانەش هەر لێرە بەجێمان
کەهێشتا قۆخی نەگەیوو هەڵوژەی کاڵبوون
ئەو کارمامزانەی هەرگیز، هەرگیز نایانبینینەوە.

ئەو ساڵە ساڵی ئەنفال بوو ساڵی ئەنفال
ساڵی حەلاڵبوونی خوێن و
ساڵی بەکۆمەڵ کوشتنی نەسلەکانی پەپوولە
وەرزی قتکردنی ملی زراقی شاخ
وەرزی درووێنەکردنی مەڕو ماڵات
وەرزی دزین
وەرزی غەزا
هەفتەی وەرین
هەفتەی بەیەکناساندنی (قەیس و لەیلا- فەرهاد و شیرین)
رۆژی کوێربوونی چاوەزار
سەعاتی سەرەو ژێربوونی پێکەنینی تەنووربان و
سوعبەتەکانی کولێرە
ساڵی بەتەنیا مانەوەی پشیلەکان
وەک دووکەڵی پاش هەڵپڕوسکانی دێ





ساڵی ئەو موستەشارانەی تائێستاش
لەشەقامە بەرین و ڕەنگینەکاندا
کەلووتیان بوو بەلووتی سووتاومانەوە
پێمان دەڵێن: قوربان گیان بەیانیتان باش!

ساڵی ئەنفال بوو ئەی هاوار ساڵی ئەنفال
ئەو ساڵەی کەدەموچاوی بەردەکانیش زەردهەڵگەڕان
دارخورماکان وەک نەعامە
سەریان دەخستە نێو لمی سارد و
لەڕەگەوە دەیاننالاند
چەڕە دووکەڵ چاوەکانی سوبێری سەرابی دەچووزاندەوە
گوڵەکێوییەکانی خەونیشی دەکرد بەنوێژی بەتاڵ

کەبردیانن، هەمووشتێ بەرەو کاڵبوونەوە دەچوو
شۆڕش، ڕەوشت، ژیان، جوانی
قەسیدە وەک ملی ئەوان بەلاداکەوت.

ئەو مێژووە ... توانەوەی
شەکری ڕووناکی بوو لەناو
ژەهراوی تاریکستاندا
تەسلیم بوونی گوڵەباخ بوو بەدڕکەزی
حیکایەتی سەربڕاوی میللەتێکە
زوو شتی لەیاد دەچێ.

* لەزۆر لایەنەوە هۆلۆکۆست لە ئەنفالەکانی کوردستان دەچێت، لەجەنگی جیهانیی دووەمدا نازییەکان لەئەڵمانیا بەرامبەر بە جولەکەکان کردویانە. جیاوازیی لەگەڵ ئەنفالدا ئەوەیە قوربانیانی هۆلۆکۆست شەش ملیۆن و قوربانیانی ئەنفال سەدو هەشتاو دوو هەزارە.



حەمەسەعید حەسەن





## حەمەسەعید حەسەن

ڕەخنەگر، شاعیر و ساتیرنووس

لە ساڵی ١٩٥٠ لە قەرەداغ لە دایک بووە.
لە کۆتایی ساڵانی شەستەوە دەستی بە نووسین کردووە.
شیعر هەڵویستە، یەکەمین کتێبی بووە کە ١٩٧٨ دا بڵاو کراوەتەوە.
ساڵانی ١٩٧١ - ١٩٨٢ لە شارەزوور و سلێمانی مامۆستا بووە.
ساڵانی ١٩٧٩ - ١٩٨٢ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری لقی سلێمانی و مەڵبەندی گشتیی یەکێتی نووسەرانی کورد بووە.
سەرەتای ١٩٨٣ دووچاری ڕاونان بووە و ڕووی کردووەتە شاخ.
لە نێوان ساڵانی ١٩٨٨ و ٢٠٠٥ دا لە سوید ژیاوە.
لە ١٩٩١ ەوە تا ٢٠٠٥ ئەندامی یەکێتی نووسەرانی سوید بووە.
سەرنووسەری گۆڤاری (خەرمانە) بووە کە ساڵانی ١٩٩١ - ١٩٩٣ لە سوید دەردەچوو.
شیعر و شانۆنامەی لە سویدییەوە کردووە بە کوردی .
بەشێک لە بەرهەمەکانی تەرجەمەی عەرەبی، فارسی، سویدی، ئەڵمانی و ئینگلیزی کراون.
ساڵی ٢٠٠٤ خەڵاتی ئەدەبیی دەزگای (ئاراس)ی وەرگرتووە.
دوا کتێبی (هونەری نووسینی چیرۆک) لە سەرەتای ئەیلوولی ٢٠١١ دا بڵاوبووەتەوە.

ئەم کتێبانەی حەمەسەعید حەسەن
لە دەزگای (ئاراس)ەوە بڵاو بوونەتەوە

1.لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، وەرگێڕان لە سویدییەوە ٢٠٠٣
2.قوڵپی پێکەنین، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ٢٠٠٤
3.ئەو پەیڤانەی لەدڵەوە هەڵدەقوڵێن، کۆشیعر ٢٠٠٤
4.نووسین بەبێ وشە، کۆشیعر ٢٠٠٤
5.شیعر و شمشێر، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ٢٠٠٤
6.هونەری ڕاوەژن، ساتیرەچیرۆک ٢٠٠٤
7.ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، دیمانە ٢٠٠٤
8.هزر و شێواز لە چیرۆکی کوردیدا، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ٢٠٠٥
9.کۆتر و پڵنگ، بیر و بۆچوون ٢٠٠٥
10.ئەڤیننامە، کۆشیعر ٢٠٠٦
11.دیرۆک و جوگرافیای سوید، وەرگێڕان لە سوێدییەوە ٢٠٠٦
12.ڕۆشنبیر و دەسەڵات، ڕەخنەی ئەدەبی و بابەتی دیکە ٢٠٠٧
13.تاڤگەیەک لە زیو، ڕەخنەی ئەدەبی و شتی دیکەیش ٢٠٠٨
14.بەفر و گڕکان، ڕەخنەی ئەدەبی و فیکری ٢٠٠٨
15.لە هەیڤدا بۆ ڕووی تۆ و لە پەیڤدا بۆ خۆم دەگەڕێم، ڕەخنەی ئەدەبی ٢٠١٠
16.بووکەشووشەیەکی فەرامۆشکراو، شانۆنامە، وەرگێڕان لە سویدییەوە ٢٠١١
17.کاریکاتیر بە وشە، ساتیر ٢٠١١
18.لەسەر باڵی هەورەوە، ڕەخنە ٢٠١١
19.سێوی هۆشیاری، لێکۆڵینەوە لە بارەی شیعر و فیکرەوە ٢٠١١
20.هونەری نووسینی چیرۆک، ڕەخنەی ئەدەبی ٢٠١١
21.چۆن دڵت هات جێم بهێڵی؟ شیعر ٢٠١١

گەلێک کتێبی دیکەیشی بڵاو بووەتەوە، لەوانە:





1.تاڤگە و بنار، شیعر، بەغدا ١٩٧٨
2.وشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان، ڕەخنەی ئەدەبی، بەغدا ١٩٧٩
3.شەپۆلی شەقام، شیعر، شاخ ١٩٨٨
4.سەمای گوڵاڵەسوورە، شیعر، شاخ ١٩٨٧
5.هەڵەبجە غەزەی خەمناکە، شیعر، سوید ١٩٨٨
6.لە سایەی چەقۆدا، شیعر، سوید ١٩٩٢
7.چاوشارکێ، چیرۆکی منداڵان، سوید ١٩٩٣
8.پەپوولەپاییزە، شیعر، سوید ١٩٩٣
9.یەکێتی نووسەرانی کورد چی بەسەر هات؟ لێکۆڵینەوە، سوید ١٩٩٤
10.گۆرانییە باڵنەکراوەکان، بیر و بۆچوون، سوید ١٩٩٤
11.هاژە، شیعر، سوید ١٩٩٦
12.شیعر و تەور، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، سوید ١٩٩٨
13.زەردەخەنەی هەنسک، ڕەخنەی ئەدەبی، سوید ٢٠٠٢
14.بە ڕووخسەتی حەزرەتی شێخ ڕەزا، ساتیرە شیعر، سوید ٢٠٠٤
15. بۆ بازرگانانی ڕێگەی سوور، ساتیرە شیعر ١٩٩٣ چاپخانەی هەڵەبجە، سوید .
16.دەفتەری بەرباخەڵی بیرەوەرییەکانم، ساتیرە شیعر، چاپخانەی ئاپێک ١٩٩٨ ستۆکهۆڵم .
هی تریش

ئەم سێ کتێبەیشی ٢٠١٣ لە لایەن خانەی موکریانییەوە بڵاو کراونەتەوە:

١. ئەوین و ئاوەز .
٢. مێ لە سایەی ستەمدا .
٣. شیعر لە زاری ژنەوە.

حەمەسەعید حەسەن

## خاکی ژێر پێتان ماچ دەکەم

هۆ دایکانی جگەرگۆشە ئەنفالکراو!
کانیاوێ ڕێز،
مێرگێ سڵاو.
*
ئەگەر ئاسمان
ئەستێرەیەکی پێوەیە،
ئەوە چاوی
تاقانەیەکی ئێوەیە.
*
درەختێ بە پێوە مابێ،
لە ئێوەوە
فێری خۆڕاگرتن بووە،
پەپوولەیە،
بە تیشکی مۆمێ سووتابێ،
لە ئێوەوە
فێری لەخۆبوردن بووە.
*
هۆ دایکانی جگەرگۆشە ئەنفالکراو !
کانیاوێ ڕێز،
مێرگێ سڵاو،
بە قوربانی دار و بەردی ناو دێتان بم،
بە قوربانی خاک و خۆڵی ژێر پێتان بم.







سارا ڕەشید ئەفەندی

سارارەشیدئەفەندی

من ناوی تەواوم سارا سەرکەوت رەشیدە لەدایکبوی ساڵی ١٩٧٤ لە باغیزێوکە گوندی هەلەدن لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێرو روناکبیر چاوم بەدونیادا هەڵهێناوە لە دایکبونیشم ئەگەڕێتەوە بۆسەردەمی شۆڕش کە هەموو خانەوادەکەم لەوکاتەدا لەشار چوبوونە دەرەوە بەهۆی باری سیاسی لەوکاتەوە ئێمە خەڵکی گەڕەکی مەلکەندی شاری سلێمانین ٧ پشتمان هەر لەوێدا لەدایک بوون، من ئێستا دانیشتوی وڵاتی ئەڵمانیام نزیکەی ١٥ ساڵە لەوێم ساڵی ١٩٩٨ کوردستانم بە جێهێشتووە، خاوەنی دووکوڕم، لە وڵاتی ئەڵمانیا چەندین بڕوانامەم وەرگرتووە لەبواری پۆلیتیک و ڕێزمان و دواتریش لێرە ئاوسبولدنم کردوە لەبواری پرۆفیشیناڵ هەموو بەشەکانی وەک کۆسمەتیک مەساچ ئارایشت وفەن تجمیل یان با بڵێم ( pflegende kosmetik und visagistik ) وە لە گەڵ ئەوەشدا خەریکی کاری نووسینم بەتایبەتی مافە ڕەواکانی ژن و مرۆڤ، لێرەش لەگەڵ ڕێکخراوێکی ئەڵمانی کار دەکەم بۆ خەڵکانی بیانی وکلتورە جیاوازەکان، بەدەر لەوانە چەندین هۆنراوە چیرۆکم هەیە لە چەندین ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاو کراونەتەوە ، بەڵام ئێستا وەک خۆم ماوەی (٢) ساڵێک ئەبێت هیچ چالاکییەکی خۆم نەناردوە بۆ هیچ گۆڤارێک چونکە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانی فەیسبوک هەیە خەڵکانێکی زۆر لێرە بابەتەکانم دەخوێننەوە بۆ من فەرقی ئەوتۆی نیە ، وە کاری نوسینم دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی منداڵیم چونکە باپیرم رەشید ئەفەندی هونراوەی دەنوسیی زۆربەی هونراوەکانی بەدەستی من نوسراونەتەوە لەوێوە خولیایی نوسینم زیاتر هەبوو کە لەگەڵ ئەودا دا ئەنیشتین شعرە کلاسیکیەکانی دەخوێندەوە تامو جێژێکی ئێجگار زۆرم لێیان دەبینی ، وە باوکیشم





بەرەحمەت بیت چەندین پەخشانە شعرو نوسینی هەیە کە بەداخەوە هەتا ئێستا نەمان توانیوە کاتمان نەبوە بڵاویان بکەینەوە

- لەقەبی ئەفەندیمان دەگەڕێتەوە بۆسەردەمانی زوو کاتی خۆی باوکی باپیرم زابت بووە چاکەتو پانتۆڵی لەبەر کردووە جارانیش هەر کەسێ چاکەتو پانتۆڵی لەبەر بکردایە پێیان ئەوت ئەفەندی واتا خوێندەواری کەم بووە ئەوکەسەی خوێندەواربوایە ناوناوبانگی ئەفەندیان لێ ئەنا وە رەشید ئەفەندی باپیریشم هەر (نایب زابت)بووە لەبەر ئەوە ئەم ئەفەندیە مان لەوانەوە بۆ ماوەتەوە.

سارا ڕەشید ئەفەندی

**هۆ ئەنفالە بەدبەختەکان**

ئێوە شاخن
ئاگرن
بەردن
ئاون قەت لە بن نایەن
باڵاتان بەرزە بەقەد باڵای
هەموو کوردستان
هۆ ئەنفالە چاونەترسەکان
ئێوە بوون
ئێوە بوون
بوون بە سەدان
چیرۆک و ئەندێشەو خەونمان
قوربانی سەرو جامانەی نەبەردیتان
قوربانی پرچی درێژی کچانتان
دیسان باوەڕمان بوو
ئێوەن ئاڵای هەموو کوردستان
ئێوەن ڕێ نیشاندەری ڕێگەی بێ کۆتان
ڕێچکەگەری ڕێی خەباتمان
لە پەرتووکی ئیلاهی ئیسلام دا
ئەنفال ناونرابوو !؟
بەڵام کوردبوو بە قۆچی قوربان
ووشەیەکی قورئانی سەردەمی محەمەدتتان
هۆ ئیسلامە بەعسیەکان
وەی لێ لەڕۆژی حەشرو مەحشرەتان
وەیلێ لە ئاخیری قیامەت و دەستدرێژیتان





لەوێ ئێمە باڵا دەست و ئێوە نۆکەرمان
لەوێ ئێمە پەریزادە و ئێوەش لە دۆزەخ دان
ئەی فیرعەونە بەعسیەکان
ئەی چقڵی بەرچاوی هەموو جیهان
ئەوە ئەنفالەکانن لە لووتکەی وسیلة الفظیلـة ( دان)
لەوێ لەو پەڕی خۆشیدان
هۆ نۆکەرە بەکرێگیراوەکان
لەش و لاری پڕ گوناحتان
پاککەنەوە بە جامێ ئاوی کوردستان
دڵی پڕ بوغز و قینتان
ڕاچڵەکێنن لە بەردەم ویژدان
بەناوی کوردستان سوێند بخۆن
مەککە و مەدینەش سەری نەوی یە لەبەردەم کوردان
تازە مەلوولن ئەی بەعسیە خائینەکان
تەنها ووشەی کورد و کوردستان بوو
بوو بە چقڵی بەرچاوتان
دڕکی بەر پێتان
ووشەی حەق بوو
بوو بە خنکاندنی ڕاستگۆییتان
وویستتان کوردستان بکەن بە جێ نزارگەتان
ئەی نازانن ؟ نیشتیمانمان دایکە و
ئاسمانمان باوکمانە
خاک و خۆڵی ئەم دەڤەرەشمان
دڵ و جەرگمان
ڕووبارەکانی ئەم کوێستانە
شاخوێنبەر و دەمارمان

کێ ئەتوانێ ڕوح لەگەڵ جەستەمان
لێک کاتەوە.
هەتا نەپرسێ لە یەزدان
وەیلێ وەیلێ لە ڕۆژی حەشرتان
ئێمەین باڵا دەست و ئێوەش نۆکەرمان
هۆ بەعسیە فیرعەونەکان.





سارا ڕەشید ئەفەندی

## هەڵەبجە مەحشەری حەشرە

هەلەبجە مەحشەری حەشرەو پێش شانزە بەدەر
شانزەی ئەو تەواوەو حوکمی لەسەر دراوە
بەهارەوبۆنی نیرگزو گوڵالەو بەیبونە
لەباخی میرەوە جەهجەهەی پاساریو بولبولە
ئەی ئاشقانی کانی ئاشقان وا نەورۆزە
ئامادەن بۆ سازدانی شانزە بەدەری ئەم بەهارە
لەگەل پێنج هەزار ئاسکی ئەم پێ دەشتە
ڕێو ڕەسمی پەپولەو کەوی ناو هەوارە
بۆنی نیرگزو باروتو هاوار تیکەڵاوە
خودایە ئەمە ڕاستە یاخەونوو خەیاڵە
تاسە بارم خەمبارودڵم زۆرپەشۆکاوە
ئەوە خۆ عومەری خاوەرە لەبەردەم ئەوماڵە
لەسەر چۆک و ئەژنۆ خۆی بەسەرکۆرپەڵەکەیداداوە
تۆبڵێی لەم هەڵەبجەیەچی ڕویداوە
ئاسمان تاریکەودنیا هەمووی خرۆشاوە
بۆن کرزی دێ شارهەمووی شڵەژاوە
هەرکۆرپەیەو لەبەر سنگی دایکی هەڵگیراوە
دنیا حەپەساوە ئەڵێن جەجال هەستاوە
لەباتی گوڵاڵەسورەئەم شارەخوێناوە
ئەی کوردینە دەست خەنەدەست یەکەوە
کاتی کورسی وپارەو ماڵ نەماوە
ئەوەرۆڵەکانتانە لەخوێناوا گاوزاوە
ئاسمان شینو ساف نەماوەڕەنگەکەی گۆڕاوە
لەباتی سەوزاییدنیا خۆڵەمێشی هەڵگەڕاوە

سارا رشید ئەفەندی

**لەپی جێگەی تەنهایتدا**

گەلێ ڕێگای دورت بڕی

زۆر لەخوا پاڕایتەوە

تەنها ساتێک

ئەشق بداتەوە

لەنێرگزی ئەم بەهارە

تەنها یەک ماچ بکاتەوە

لەگولاڵەی ئەم سەر سنگی شاژنە

خە ون لە چاوانتا بداتەوە

ڕێگا مەگرە بەتەنهای

لەگەڵ سێبەری هەژاری

هاوڕێ بە هاوڕێ

لەپێش هەتاو ، تۆ سامالٚ بە

لە ئاسۆی بەیاندا





تۆ سروەی نیشتیمان بە

لەم نەورۆزی بەهارەدا

تۆ تیشکی ئاگری بەتین بە

ئەی خوا وەندی جوانی

سەرتا پا ...سەر

تۆ جوانی بە

لە جێپێی ئەم هەوارە

وەک بولبول بە

لەگەڵ نەخمەی سازی

دەستی بای شمشاڵ

سە ر حەوشو حەسار

چریکەی پاساری سەر گوێسوانە بە

نەکەی دڵ تەنگ بڕۆی

دور دور

لەگەڵ شەپۆلی هەور

لەنگەر نەگری لەکەنار

زەریای بێین

بپرسە لە شاخ لەدەشت

لە سەحرا

کام وشەی جوان هەیە

بیهۆنەرەوە بۆسەر سنگی یار

روو وەرنەگێری لە ئاست مانگ

پەیامی خۆت بنێرە بە رەوەزی گوڵ

بۆ ناو باخچەو گوڵی چنور

بۆنی خۆش خۆش ئارا بکە

لە سۆزی بەرەبەیاندا سۆز بدە بەیار

هێمن هێمن بڕۆ

لەسەر ساباتی هەرزێ

بەرچنەی ترێ و هەنارم بدەرێ

پرچی ڕەنگاو ڕەنگی ئاسمانم بۆ بهۆنەرەوە





یادگاریەکانم بۆ بچنەوە

هۆن هۆن لە گیتاری

دەستی زێڕین

یادی پیرشالیار بکەرەوە

تۆ هەڵەبجەی هەڵەبجە

شەختەبەند بەو

قەد مەتوێرەوە

هەموو بەهارێک لەگەڵ سەوزەگیا بێژوێرەوە

تۆ وەک دار سنەوبەر سەوز بمێنەرەوە

وەک کانیاو لەدوای زستان

هەلقولێرەوە

ژیربە گیانە ژیر

لەگەڵ نەورۆز دەست لەملان بە

تەنها بەهار..! سەوز بەرەوە

لەهاویندا گەرم رابێ و خۆت

بۆ پایز توند کەرەوە ، نەکەی گەڵای

تەمەن بسپێری بە زەردی غەزان

سور هەڵگەرێ و لەگەڵ گوڵاڵە

بۆنی خۆشی یاسا نەریت

پەیرەو بکەرەوە

نەکەی خۆت بدەیە دەستی دوژمن

گیانە لەگەڵ ئاڤێستا

دەست لەملان بەو لەباخی میر سرودی

وا وەتەن خەملی وە راوە گوڵ

نەوبەهاری میلەتە بڵێرەوە

سەرچۆپی بگرە لەگەڵ

ئەم رۆژی سالی تازەیە

نەورۆزە هاتەوە

گشت شاعیران شۆڕش گێران هەڵسێنەوە

بە دەنگێکی بڵند



ژانی کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

ئێمە کوردین و هەر کورد دەبین

لەناخی گەروی کوردستان

لەناو جەرگەی هەلەبشیمامان

بڵێینەوە

ون بوو بدۆزنەوە مردو لەگۆڕ

هەڵسینەوە دارو بەردی

ئەم خاکە پیرۆزە چاک بکەنەوە

دەست لەدست و نیەت پاک بمێنەوە

بەجارێ پێنج هەزار جار

بڵێن ئێمە مادین هەر بەکوردی

دەمێنینەوە

لەگەڵ مەم و زین شەم و وەلی

ئەشقی نوێ بۆ کورد

دێنینەوە

کێ ئەتوانێ هەڵەبجەکەم

خاڵێ لە کوردستان بسرێتەوە

نەکا شاری

نەکا داریێ

نەکا مرۆڤێ

بەر لەحزوری خوا

لەسەر زەمنین بشواتەوە تۆوی

لەگۆڕستانی رسوایا نەهێڵێت وەک

بت سەری لەلاشەدا بکاتەوە





سارا رشید ئەفەندی

## لاوابوون

جینۆساید ؟؟؟؟
کەمن هاتم چۆنت زانی

خۆ لەو دیوو چەشنی ڕوو

بێگەردی ئاوێنەیی نەبوو

هاڕەی بازنگ و هەیاسەی

پاو پوز مەچەک نەبوو

یان بۆنی هێل و مێخەکی

سەر سنگ و سینەم نەبوو

نەچەپکێ نێرگزو نە گوڵی

سوور بەم جور نەبوو

چمە بلەنگاز بلباسی خێلەکی

بنسۆلی کەوشی تەقتەقی نەبوو

خۆ بەرگی رەژوو یان جانقۆچی

کلێسا یان قانقۆشی پاکێتی نەبوو

تۆفانی کینە بەچەشنی خاچی

ڕەهاکاری ئەم خاتوونە پڕ بەدڵ نەبوو

زیندەقی یاخوا نەناسی کافری

چونکە لەو زەنگۆلەی مەحشەرو

دالانی خۆزگەم سەرنج دەرمانی

ئێشوو ئازاری بۆ من نەبووی

فەرهەنگ

لاوابوون. گومان

جور. ڕەنگ

بلەنگاز. هەژار. بەدبەخت

چمە. چۆن

بلباس. پێنچ خێلی کوردین

بنسۆڵ. ژێر کەوش

ڕەژوو. خەڵوز





جان قۆچ. زەنگی کڵێسا

جانقۆش.

ئەو کەسەیە کەلەدەرگاکان دەدات

مزگێنی کات و کاتژمیر دەدات

زیندەقی. خوانەناس



**ڕێزان بارزانی**





## ڕێزان بارزانی

ڕێزان سالّح عبداللە، لە ئاوارەیی وڵاتی ئێران لە ساڵی ١٩٨٧ لە دایكبووە، لە ساڵی ١٩٩١ گەڕاونەتەوە زێدی باب و باپیرانی و لە بناری چیای شیرین لە دەڤەری بارزان لە گوندی بازێ نیشتەجێبوونە. لە بەڕێوەبەرایەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوانی بارزان خزمەت دەكات و هەروەها لە لیژنەی پێشوازی میوانان لە مۆنومێنتی بارزانیە جینۆسایدكراوەكاندایە، چالاكوانی بواری ئافرەتان و مافەكانی مرۆڤ و چالاكوانی بواری شەهیدان و جینۆسایدكراوان و كاركردنی مەیدانی لە سەر كەسوكاری قوربانیان.

**خاوەن پێنج كتێبی چاپكراوە:**

١- ژیان و بەختەوەری لە دیدی بیرمەندانـدا

٢- بیربكەرەوە

٣- بارزانی نەمر ( بە پێنج زمان چاپكراوە)

٤- یادگاریەكانی شەهید شیفا گەردی

٥- لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە، ٨ هەشت پێشمەرگەی قارەمان

لە رووی داهێنان و کارو خزمەتگوزرای ترەوە:

- خاوەنی پرۆژەی (داری شەهیدان)ە، لە چەندین شوێن و مەراسیم دا نمایشکراون.

- خاوەنی موزخانەیەکی کلتوری و کەلەپوری و موزەخانەی شەهیدان و ئەنفالکراوانە.

چەند کارو بەرهەمی تری ئامادەی چاپن و چەندین بابەتی لە ڕۆژنامەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بینرا و بیستراو و خوێنراو، بڵاوکراونەتەوە.





ڕێزان بارزانی

لە ڕۆژێکی ئاسایی وەک ئەمڕۆ

بە دەنگی الله اکبری بەیانیان

هەموویان لەخەو ڕابوون

بۆ بەردەوام بوونیان لەژیان

دانیشتن لەسەر سفرە و خوان

وەک هەر ڕۆژێ بەرامبەر بە یەکترکۆبوونەوە

لە هەموو ماڵێک دەنگی کەوچک بەر پیاڵەی چا دەبیسترا....

شنەبای بەیانیان

گوڵەکانی خستە سەما و

پەلکی ساوای دارەکان کە هێشتان چەند ڕۆژێکە

دەستیان بە نوێ بوونەوەی ژیان کردووە و هەژاند

هەرکەسێک چووە سەر کاری ڕۆژانەی خۆی

وەک هەمیشە ئاسا بوونی خواردنی دەستی خانمان بەناو
گەڕەکەکان بڵاوبوویەوە و

شوان بە بلوێرەکەیەوە و

منداڵ بە جانتای قوتابخانەکەیەوە و

کاسبکارەکان بۆ پەیداکردنی رزقی ڕۆژانەی خۆیان و

کرێکارەکانیش هەندێکیان بە عارەبانەی دەستیانەوە و

هەندێکیان بە  هێز و بازوی شان و پشتیانەوە

دکتۆر بۆ چارەسەری نەخۆشەکان و

مامۆستا بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکان و

ئیدی وەک ڕۆژانی ڕابردوو جمو جۆڵ کەوتە کۆڵانەکانی

گەڕەک و بازار و شار

ژیان زۆر جوان بوو

منداڵ لە ناو گەڕەکەکان یاریان بە بوکە شوشە و

ئەختیارەکان  کیسەی توتن و باسکی جگارەیان بە دەستەوە و

کچە شۆخ و شەنگەکان دەستیان دایە گێسک وبەردەم دەرگای ماڵیان دەماڵی

بینە بەر چاڤێت خۆ چ دیمەنێن جوانێت ژیانێ نە

لەناکاو!!!





گورمەو گرێن و هات و هاوار

قیژە و ناڵە و نوزێرن

دوکەڵی ڕەنگا و ڕەنگ  و

بوونی سێوێ

چی ڕوویدا؟؟؟

بێدەنگی...

بەڵێ بێدەنگی بەر لە زریان

لە پرێکا:

چەندین منداڵی ساوا

لەناو بێشکە دڵیان لە ترپە ترپ وەستا

کە چاوەڕێی یەک قومی شیری

مەمکی دایکیان بوون

باڵندە باڵ نەخشیوەکان

باڵیان لە جوڵە وەستا و کەوتنە سەر زەوی

دەنگی زەنگوڵ لە ملی مەڕە بەستەزمانەکان وەستا

ئاخ ژیان...

ئێمە بە هەڵکێشانی نەفەس ژیانمان مسۆگەر دەکەین

بەڵام ئەو ڕوژە یاسای سروشتی ژیانیش گۆڕا

بەهەڵکێشانی نەفەسێک

روحێک

کەسێک

گوڵێک

دارێک

باڵندەیێک

پەپولەیەک

ژیانێک ..... دەبویە قوربانی

ئاااى هاوار

چ تاوانێکە

چ وێرانیەکە

چ عەزابێکە





چۆن، بە هەڵکێشانی نەفەس کۆتایی بە ژیان بێت

ڕێزان بارزانی

من پێویستیم بە تویە

من پێویستم بە باوەشی تویە

من پێویستم بەناوی تویە

من پێویستم بە بوونی تویە

دایە گیان

خەم ناخۆم کەتۆ لەلام نی

خەم ناخۆم کە هەموو شەوێ لەباوەشت ناخەوم

خەم ناخۆم کە دوری لێم

خەم ناخۆم کە بێبەشم لە میهرەبانی و سوزی تۆ

چونکە من دایکێکی ترم هەیە

زۆر ڕەنگینە

زۆر زەنگینە

زۆر بەهێزە

زۆر قوربانی داوە

دایە گیان زانیت ئەو کێ یە؟

نیشتمان؛ دایکەمە

قەت لە هەمبێزی ئەم نیشتمانە تێرنابم





ڕێزان بارزانی

ئەی ژیان، تۆ چەندە قورسی

هەندێک جار بەرەگەی تۆناگرم

لێ چیبکەین ناچارم

زۆر جار ویستومە بوەستم

بەڵام چوون!!

خۆ منیش بوەستم

نا....

تۆ ناوەستی

خۆ ژیان گوێ بە من و تۆ نادات

دەروات و دەروات

بێ وەستان، دەروات

...........

ئەرێ ئێوە پێم بڵێن

ژیان، چیە؟

هەرچەندە من لەگەڵی دەژیم

بەڵام نەم زانی

ژیان چیە و چوونە

.............

زورێک لە فەیلەسوف و بیرمەندان ژیانیان بە شێوازێك پێناسە کردووە، هەندێکیان وتویانە:

ژیان؛ خوشیە

ژیان؛ ناخوشیە

ژیان؛ ژیە

ژیان؛ گرانە

ژیان؛ پێکەنینە

ژیان؛ خوزی و هیڤی یە

ژیان؛ تاقیکردنەوەیە

ژیان؛ ڕوناکی و تاریکیە

ژیان و ژیان و ژیان؛ زۆرن ئەوانەی باس لە ژیان دەکەن



ژانی کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

بەڵام ئەمە ڕای هەندێک لە بیرمەندانە، ئایا دەبێ ئەوان ڕاست بن، خۆ فەیلەسوفەکانیش مرۆڤن، هەموو مرۆڤێکیش قابیلی هەڵەکردنە، بۆیە دەشێ ئەوانیش بەهەڵە لێکدانەوەیان بۆ ژیان کردبێت!!!!

من لە ژیان نەگەیشتوومە، بەڵام لە دیدگای منەوە ژیان بریتیە لە:

تابڵۆیەکی جوان و سەرەنج ڕاکێش، ئەو تابلویە چەندین دیمەنی ڕەنگاو ڕەنگ لەخۆدەگرێت، ژیان لای من تەنها تابلویەکی ڕەنگاو ڕەنگ و ئاڵوزە، بەڵام هەریەکەمان بەدیدگایەک دەروانینە ئەم تابڵویە...

تابڵوی من و تۆ زۆر جیاوازە لە ڕووی سەیرکردن و هەست پێکردنەوە، من بەشێوەیەک وەسفی ئەو تابڵویە دەکەم و دەیبینم، تۆش جیاواز لەمن ئەو تابلویە دەبینی، کەسمان ناڵێین تو ڕاستی و من هەڵە، هەمووومان بە گوێرەی زاکیرەی مێشکیمان شکردنەوە بۆ تابلوی ژیان دەکەین....

ئێستا کە تۆش ئەو بابەتەی من دەخوێنیتەوە دڵنیام هەزاران پرسیاری بێ وەڵام لە مێشکتدا دروست بوونە و مێشکی توشم وەک هی خوم ئاڵوز کردووە!!؟؟

ڕێزان بارزانی

**ئەی وڵاتێ من**

من ب چاڤێت خۆ دیت

من ب گوهێت خۆ بهیست

تە چەندین قوربانێت دای

لێ تە نەگوت، بەسە....

من، گوت: ئەی وڵات

ما نە بەس بیت ئەڤ قوربانیدان

ما هەتا کەنگی دێ بەردەوام بی...

چەندین پاڵەوانا خۆ کرە قوربانی

چەندین زاروک مان بێ باب

چەندین زەرێ مان بێ هەڤاڵ

چەندین دایک بونە کەسەردار

لێ تەنەگوت بەسە...

لێ هەر نەبووین دەوڵەت





مانەبەسە؟؟؟

ماهەتا کەنگی دێ لاو و خورتێت مە بەردەوام خوینا خۆیا پاکژ ڕێژن و کەنە قوربانی

ما هەتا کەنگی دێ پێشمەرگێت قەهرەمان سینگێ خوکەنە چەپەر بۆ پاراستنا وڵات

ما هەتا کەنگی، کەنگی

لێ هەر تەنەگوت بەسە...

دڤان هزرادابووم

دەنگەك هات بەر گوهێ من

گوت نەخێر نەبەسە

هێش تە چ نەدیتیە

من گوت تۆ کێی؟؟؟؟

تۆ بوی ڕێگر د دناڤبەر من و خەیاڵ و دەوڵەت

گوت ئەزم، ئەز

چیایێ سەفین

چیایێ شیرین

چیایێ پیرس

چیایێ هندرێن

چیایێ گاڕە و مەتین

من گوت، باشە

تەچ دڤێت؟؟؟

گوت: تە ماف نینە!

تەماف نینە، بهێی ناف بەرا من و دەولەت

تۆ بچیکا دوێنێ و پێر

ما تە چ دیتیە، تۆ جورئەت دەیەخۆ بکەی بەحسێ دەولەت

ئەڤ داستانێت هاتی تۆمارکرن

ب شاهیدیا مە، ئەم چیا ب هێزین

نەک وەک تە بێ هێز.....

شیرین گوت: ئەڤ خاکا تۆ دبینی، ب خوینا شەهیدان هاتی ڕەنگ دان

سەفین گوت: ئەڤ دارێت تو دبینی، هەردارەک ب خوینا شەهیدەک هاتی ئاڤدان





پیرس گوت: من ڤەهرەمانێت وڵاتێ خو کرنە باوەش، بۆ پاڕاستنا خاک و نیشتمان

گارە و مەتین گوت: ئەڤ کانێت ئاڤا زەلال، ب دەست و پلێت پێشمەرگە و خوینا شەهیدان هاتی پاڕاستن

هندرێن گوت: ئەڤ بەردێت تۆ دبینی، شاهدن بۆ چەندین داستان...

ئەزمام حەیری!! بێ دەنگ بووم، ئەی وڵات تۆ چەند پیرۆزی، دار و بەرێت کوردستانا من لسەرتە ب جوابن، بەلێ بۆ سەربەخویا کوردستانا من ب شاهدیا دارو بەردو چیاییێت خۆ ڕاگر ب دل و جان ب هەمی هێز و شیان ئەزدبێژم بەلێ بۆ دەوڵەتا کوردی

ڕێزان بارزانی

قەسەم بەخوا خەریکە دڵم دەوەستێت

نەخێر، نابێت

چوون شتی وا دەبێت

چوون دەبێ مرۆڤ هێندە دڕندەبێت

چوون دەبێ دڵی مرۆڤەکان وەک بەرد وابێت

ئەمانە چین؟ و کێن؟ چ جۆرە بونەوەرێکن

من نازانم چ نازناوێک بۆ ئەمانە دابنێم

ئەوان بێ هەستن، بێ دڵ و بێ ویژدانن

ئەوان ویژدانیان نیە و بێ باوەرن

ئەوان مرۆڤ نین، نەخێر نابێت ئەو جۆرە کەسانە نازناوی مرۆڤ بوونیان هەڵگرتبێت.

بینیم:

بینیم لاشەی مرۆڤەکان بوونەتە خوراکی گیانلەبەر ئاوییەکان

لاشەی مرۆڤە بێ گوناحەکان، بەسەر ئاوی روبارەکان کەوتوون





بەڵام کامە روبار و کامە ئاو...؟

خۆ ئاو بێ ڕەنگە، بەڵام ئەوەی من بینم ڕەنگی سورە

ئەی ئاهاوار ئەوەشمان بینی، روبار لە گەڵ خوێنی مرۆڤە بێتاوانەکان زۆرانبازێ دەکات و مەلە دەکات و بەناو چەم و چیایەکاندا بەئازادی دەروات...

ئەمە چوون دەبێت، کوا؟! ئەوانەی خۆیان بە موسلمان دادەنێن

کوا؟! ئەوانەی خۆیان بە پارێزەی مافی مرۆڤ دادەنێن

کوا؟! ئەمانە کێن؟، مەگەر ئەو کەسانە چاو و گوێیان نیە، تاکەی چاوەکانیان دەنوقێنن و بێ دەنگ دەبن....

بینیم:

ئافرەتێک لاشەی منداڵەکەی لە باوەش گرتووە، بەڵام لاشەیەکی بێ سەر، سەری لە لاشەی جیا کراوەتەوە....

بینم:

باوکێک، تەنها و تەنها بەشێکی لاشەی کچەکەی بەدەستەوەیەو ئەویش سەری کچەکەیە، تەنها سەری کچە نازک و نازدارەکەی، هێشتا توق و قردێلە بە قژی ئەو کچە بێ تاوانەوەیە...

بینیم:

منداڵەکان و کەسە بێ تاوانەکان ڕێزکراون و بە ماتورسیکل بەسەر دەست و پەنجەکانیاندا دێن و دەچن....

ببینیم:

بە زیندویی ئاگر لە جەستەی بێتاوانەکان بەردەدەن و خۆیان پێ گەرم دەکەنەوە...

ببینیم:

مرۆڤە بێ تاوانەکان ڕیزکراون و وەک پێشبرکێ یەک بە یەک دێن بە دار و ئاسن لیاندەدەن، وەک ئەوەی هێزی خۆیان نیشان بدەن ئەو بە ئەوی تر بڵێ من لە تو بەهێزترم...

ببینیم:

مروڤە بێتاوانەکان، وەک ئەوەی لە نوبەی نان و سەموون وەستا بن، بەڵام ئەم بێ تاوانانە نوبەی مەرگیان گرتبوو، بە پێیەکانی خۆیان بە ناچاری بەرەو مەرگ بەڕێدەکەوتن...

ببینیم:

بە داس و چەقو و چەکوچ، پێستی مرۆڤەبێ تاوانەکان لەجەستەیان دەکەنەوە و بەشەکانی لەشی ئەوان لێک جیادەکەنەوە.





دڵم کەوتە ژان، سوێند بە خودای میهرەبان هێندە دڵتەنگم هێندە عاجز و غەمبارم، دونیایەک گلەیی و گازندە لە مێشکم دان مێشکم خەریکە بتەقێت و زۆریم لێ دەکات بنووسم

بەڵام پەنجەکانم هێزی نووسیان نەمااااا

دڵم هێندە ژان دەکات، ناتوانم چی بڵێم و چی بنووسم

ئاااى خوایە گیان هێزم پێ بدە حەزدەکەم زیاتر بنووسم

ڕێزان بارزانی

ناخم ژان دەکات

بە لەدەستدانی تۆ

بگەڕێووە، تۆ هی ئێمەی

ئەگەر خوت نەگەڕێیتەوە

ئەوا ئێمە تۆ دەگەڕێنینەوە

خاک فرۆشەکان، تۆیان فرۆشت

بەڵام، دەتگەرێنینەوە

ئەوان تویان، بەپارە فروشت

بەڵام، ئێمە تۆ بەخوێن و گیان دەگەڕێنینەوە

دڵم پڕە و کەڵەگری لە ناخم دایە

هاوارم کرد و گریام....

گریام، بە بینینی یەك بیکاب پڕ لە لاشەی پیرۆزی پێشمەرگە

گریام، بۆ هاوڕێیەکەم، کە لێم پرسی چونی چی دەکەی وەزعتان چوونە لە کەرکوک؟

وەڵامەکەی تەنها ئەمە بوو:





وتی: خۆمان خۆش، کەرکوکمان لەدەست دا

گریام، بۆ ئەو دایکەی وتی: ئێمەی فرۆشت

گریام، بۆ باوکی چوار کچ، کە بە باوکیان

وتووە بڕۆ کەرکوکەمان ڕزگار کە

گریام، بۆ ئەو ڕوڵەی مردنی خۆی بە هێواشی دەبینی و

نەیدەواتی خۆی ڕزگار بکات، کە چەند مەترێک لە ئاگر دوور بوو...

گریام، بۆ ئەو پاڵەوانەی وتێ: ئەگەر بزانم بە گیانی من

کەرکوکەم ئازاد دەبێت، ئەوا ئێستا خۆم دەدتەقێنمەوە

ڕێزان بارزانی

دڵەکەم، لە سوجدەدا بۆ تۆ گریام

دواتر هەستام و دەستەکانم

بەرزکردەوە، و دیسان بەگریانەوە

پارامەوە، وتم خودایە

دڵمان ڕزکار بکە...

شوکر بۆ تۆ ئەی یەزدانی مەزن

ئێمەت بێ هیوا نەکرد

دڵمان دیسان کەوتە

ترپە ترپ و لێدان

فرمێسک و گریان

بوون بە:

پێکەنین و دڵخوشی

کەرکوکی خاوەن هێز و شیان

تۆ چەندە پیرۆز و جوان بووی





لەمەو دوا زیاتر بە جوانی خوت بنازە

زیاتر لە خۆڕاگری خوت، خوڕاگربە

بینیت، منداڵ و پیرو و گەنج و لاو

بۆ تۆ چەندە بە حەماس بوون

بۆ تۆ چەندە مەلیل و خەمباربوون

بۆ لەدەستدانی تۆ، هێزمان لەدەستدا بۆ

بۆ لە دەستدانی تۆ ئەژنووەکانمان، کەوتبوونە لەرزێن

بەڵام، ئێستا لەگەڵ گەڕانەوەی ترپەکانی دڵت

دیسان کەوتینە سەمای خۆشی

دیسان، وەک ڕوژانی پێشوو خەندە بۆ ئێمە گەڕایەوە

دیسان، بە سەرکەوتنەکانمان خۆشحاڵ بووین

ڕێزان بارزانی

بە ئاگا وەرە ئەی نیشتمانم

دەزانی ئەمڕۆ بیری چیم دەکرد؟؟

بیری ئەو ڕۆژانەم دەکردووە

کە هەمووومان لە دەوری چرای فانوسێک دادەنیشتین و چێژمان لەو چرایە بچوکە دەبینی...

بیری ئەو ڕۆژانەم دەکردووە

کەبە بەکۆمەڵ ئەچوون بوو کێڵانی ڕەز و باغ و بێستان...

بیرم لەو ڕۆژانە دەکردووە

کە ئێمەی منداڵ بەکۆمەڵ یاری چاوشارکێمان دەکرد...

بیری ئەو ڕۆژانەم دەکردووە

کە لە مەیدانی گوندەکە، گەنجەکانمان پێشبرکێ سەر ئەسپ سورایان دەکرد...

لەناکاو ئەم ژیانە سادە و جوانە گوڕا

چونکە ئەوانەی ماڵ و سامانی کەسە هەژارەکانی دەخوارد

وایان لەگەگەنج و ڕوڵەکانی نیشتمانەکەم کرد، کە بێزاربن





ماندووبن شەکەت و بتورێن لە ژیان

ئەی نشتیمانم، با بەس بێت

چیتر با کەسەهەژارەکان نەبنە قوربانی ئەم نامەردانە

لەپێشەوەی جەنگ خوێنی هەژارەکان ببێتە قوربانی

دواتر کەسە باڵادەستەکان خەڵات بکرێن

هەژارەکانیش لە دورەوە سەیریان بکەن

ئەی نیشتمانم

وەرە قژە ئاوریشمەکەم پێشکەشت کەم!

توش بەم قژەم پەتێک درووست بکەو و بیکەرە ملیی خاک فرۆشانی نیشتمانم و لەسێدارەیان بدە...

ئەی نیشتمام وەرە چەند دڵوپێک لە ئارەقەی نێو چاوانی پێشمەرگەو...

چەند دڵوپێک لە فرمێسکی دایک و خێزانی شەهیدانمان

پێشکەشت کەم

توش پێکێکی پڕ لە ژەهر بەم دلۆپە فرمێسکانە دروست بکە و

بیکە دەمی خائینان و حەرام خورانی و خاک فرۆشانی نیشتمانم....

ڕێزان بارزانی

کوردستانەکەم دیسان بریندارە

عەفرین، دەستەخوشکی کوبانێ و

کەرکوکی دڵی کوردستان

وا خوێنی لێ دەچوڕێ و بریندارە

ل ترسا ویرەکی و جورئەتا مە کوردان

جیهان هەستا ب تێکدادانا مە

مینا هەنارەک نازک و جوان هەوە

ئەم لێک جودان کرین، کرین چوار پارچە

ئەی نیشتمانە بڕیندارەکەی من

بەهێزبە، چونکە جیهان بە یەک بونت دەتوقێت

بوێربە، چونکە خائینان چاویان بە گڵە زێرینەکەی تو هەڵنایێ

ئازا بە زیاتر لە ئازایەتی، چونکە تۆ ئازای





دایک زارۆکێ خۆ هەمبێز دکەت و دبێژیتێ ئەز چووم

دەلالێ من، نها زێدەتر ژتە وەتەنێ من پێویستی بمنە

عاشق دەستا ل مەحشوقاخۆ بەردەت و دبێژیتێ

ببورە دەلالامن، وەتەنێ من زێدەتر ژتە چاڤەرێ منە

چەند بە شانسی ئەی وڵات

بینیت، دایکێک جگەرگوشەکەی بۆ توکردە قوربانی

چەند پیرۆزی ئەی وڵات

بینیت، خوشەویستێک مەحشوقەکەی بۆ تۆ کردە قوربانی

ئەی وڵات، وەرە با لەباوەشت بگرم و

جوان جوان تە هەمبێزکەم

چونکە، لە باوەشت من پڕ پڕ ئارامم

دڵنیام، قەت توناکەویت و سەردەکەویت



ئیسماعیل ئازار



ژانی کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

ئیسماعیل ئازار

من ناوم ئیسماعیل کوڕی مەلا سەید ئەحمەد کوڕی سەید عەبدالرزاق کوڕی سەید عەلی بەرزنجیە. لەساڵی ١٩٤٧ لە پارێزگای هەولێر لە گوندی ماجید لەدایك بومە پلەی خوێندەواریشم تاپۆلی سێیەمی ناوەندیەو لەلای باوکی خوالێخۆشبوشم لەخوێندنی دەرسی ئایینی سودم وەرگرتووە . هەرلەتەمەنی گەنجیەوە حەز و ئارەزووی شیعر دانانم هەبووە لەپاش خوێندنەوەیەکی زۆر و بەردەوام و ماندو نەناسی بەدرێژایی چەندەها ساڵ لەهەموو بابەتەکانی نوسین و چاپکراو لەگۆڤارو ڕۆژنامەو چیرۆك و دیوانی شاعیران . کوردی و عەرەبی و فارسی و کۆڵنەدانم خودای مەزنیش بەهرەیەکی چاك و زۆری پێ بەخشیم کە بتوانم ببم بە شاعیر بۆ خزمەتی گەل و نیشتمانەکەم. نازناوی ئەدەبیشم(ئازار)ە ساڵی ١٩٦٥ سەرەتای دەسپێکردنی شیعر نوسینمە. وەتواناشم هەیە لەدانانی شیعری فارسی و عەرەبی وەنمونەشم هەیە لەم بابەتە لەیەکێك لەدیوانە شیعرەکانم . لەساڵی دەستپێکردنی شیعردانانم و هەتا نوسینی ئەم ژیاننامەم و بەبێ دابڕان لەم کارە هونەریە بەردەوامم و پێنج دیوان شیعری کلاسیکیم هەیە لەوانە:

١- چرای ئایینی ئیسلام

٢- عەشقی کوردستان

٣- ڕێگای دڵداری

ئەم سێ بەرهەمەم لەساڵانی ٢٠١٠ و ٢٠١١ و ٢٠١٢ لەچاپدراون و کەوتونەتە بەردەستی خوێنەران . بەڵام ئەو دوو بەرهەمەی تریشم بەناوی (١- چەپکە گوڵی ڕەنگی)، (٢- پەند و ئامۆژگاری و هەمەڕەنگ) ئامادەکراون بۆ لەچاپدان بەڵام گرفتی خەرجی لەچاپدان ڕێگریانە.

(٤٨) ســـاڵ دەبـــێ خەریکـــی نوســـینی هـــۆنراوەم کە ئەمەش خزمەتکردنی وێژەو هونەری کورد و کوردستانە هیچ پاداشتێك و یـارمەتـی نەدراوم کە کەیفم بەم کـارە جـوانەی خـۆم بێـت. خۆشـم مفەوەزی خانەنشینی هەرێمم ٢٧ ساڵ خزمەتم.
بەشـداری شۆڕشـی ئەیلـولی مەزنیشـم کـردوە بەڵام لـێ سـودمەند نەبومە.
بـرای گەورەشـم شـەهیدی سـەرپەلی پێشـمەرگەی هێـزی ئـازادی بێتـــواتە ســـەیدعبدالرزاق مەلاســـەید ئەحـــمەد لە ١٩٦٦/٦/١٣ لە گوندی بنگرد لەگەڵ سێ هەڤاڵی خەبات لەئەنجامی بەرگری لەگەڵ هێزی دوژمن شەهیدکران.





ئیسماعیل ئازار

**ئەنفال بۆ ئیسلام نیە**

هاوار بۆ حاڵـم وێـرانە مـــاڵم
چیمان بەســـەرهات بەدەستی زاڵم
دڵم ژان دەکاو چاو دەکـــا گریان
کوردستان ببـوە دۆزەخـــی ژیـــان
جێگای خۆمان بوو ئەوخاکە جوانە
دوژمن داینـابویـن وەکو بێگانـــە
ساڵانێکی زۆر ســتـــەم لێ کراین
بە هەموو چەکێك پەلامار درایــن
بێ ئاگا نەبوو لـــە وانە یەزدان
دەبێ بۆ تـــۆڵـــە ببن چـــاوەڕوان
وایـان ئەزانـــی هەتـــا هەتایە
بە کەس ناڕوخێ جـــا ئەم قەڵایە
بە سوپای زۆری خـۆیان ئەنازین
هەرچیەکمان لێکەن ئێمە هەر ڕازین
هێزی پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان
تا دوا هەنـــاسە دەکەن تێکۆشان
هێزانی تریـش ئـەوانیش هەروا
لەڕێگای خەبــات گیان دەکەن فیدا
هەر چیان کردو هەر چیان هەبوو
میللەتی کوردیان پێ لەناو نەچوو
دواپیلانیان نەخشەی ئەنفال بوو
ماڵ و خوێنی کـورد لایان حەڵاڵ بوو
خەڵکێکی زۆریان زیندەبەچاڵ کرد

ژیانی کوردیان ناخۆش و تاڵ کرد
ئەنفال چیەکان دڕندەی بەشەر
سوپای فیرعەون و نەمرود و هیتلەر
بۆ کرداری بەد شەیتان ئاسابوون
بۆ میللەتی کورد دەرد و بەڵابوون
ئەو کارەی کردیان دوور لەقورئانە
ئەنفال بۆ ئیسلام نیە و تاوانە
ئیرهابی بەڕاست هەر ئەوانە بوون
کافر و زەندیق لە ئایین دەرچوون
تەوبەیان نەکرد لە کار نەگۆڕان
قازانجیان نەکرد لەئاخیر دۆڕان
ڕوو ڕەشیان بۆما تا دونیا ماوە
مێژوو شاهیدە لە گشت ڕووداوە
لەبیر ناکرێن ئەو نەفرەتیانە
کاری وایان کرد بکرێن نیشانە
بوونە سەر شۆڕی دونیاو و قیامەت
کەوتنە ژێر گورزی بەهێزی میللەت
بەهۆی ڕاپەڕین دوژمنان بەزین
حوکمەتی کوردمان بۆ کرا دابین
هەرساڵێ یادی ئەم ڕۆژە ئەکەین
کڕنۆشی ڕێزمان بۆ خودا ئەبەین
کەیارمەتی داین لە بۆ سەرکەوتن
بۆ تۆڵە سەندن لە هێزی دوژمن
برینی کۆنمان سارێژ نابێتەوە
کارەساتەکان لەبیر ناچێتەوە
ئاخ و حەسرەتم بۆ شەهیدەکان





بۆ براو خوشکە بێ تاوانەکان
بە کۆمەڵ کوژی گیانیان لەدەستدا
کەوتنە ژێر خۆڵ و هیچیان لێ نەما
لە بیرمان ناچێ ئەم یادەوەریە
چونکە نیشانەی قوڕ بەسەریە
ئەنفال چیەکان کوانن لە کوێنە
بەشیان نەفرەتەو لۆمەو هەم جوێنە
ئەنفال کراوان ڕۆڵانی وڵات
ئێمەیان توند کرد لە ڕێگای خەبات
ڕێزدارن لەلای سەرۆك بارزانی
حوکمەتی کوردیش چەندی بتوانی
ئەکا خزمەتی بنەماڵەکان
هەم پییان ئەدا مافی ڕەوانیان
ئافەرین لە بۆ ئەو بەرپرسانە
کەوا دڵسۆزن لەکارگێڕانە

ئیسماعیل ئازار

## کیمیابارانی کوردستان

ساڵانی جەنگی عێراق و ئێران
خەڵکانێکی زۆرماڵیان بوو وێران
ئەوجەنگە سەختە هەشت ساڵی خایاند
زیانێکی زۆری بە دوولا گەیاند
هێزی دوژمنان لە دوبەرەی جەنگ
دژ بەئێران و پێشمەرگەی چەلەنگ
بەشەڕی دەشت و هێزی ئاسمانی
هەرچیان کرد و نەیان توانی
هێزی پێشمەرگە بەشەڕ بشکێنن
سەر بە میللەتی کورد دابنوێنن
نەخشەیان گۆڕی دایان نا پیلان
کەوتنە کار کردن بۆ کیمیا باران
بۆ شار و لادێی خەڵکی کوردستان
جا ئەم شوێنانە کران بۆردومان
هەڵەبجەی شەهیدو دۆڵی بالیسان
شێخ وەسانان وناوچەی بادینان
چەند شوێنی تریش لەو پەلامارە
کەوتنە بەر زیانی ئەو ڕەشەکارە
ئەو ناحەزانە زۆربێ غیرەت بوون
زۆر بێ ویژدان و دژی میلەت بوون
کە پێیان نەکرا شەڕی مەیدانی
جا بەم هێرشە زۆر بوو قوربانی





ئەو ناپاکانە نەترسان لەخوا
دەرچوون لە قورئان لەدین لایاندا
تاوانی وایان کردلە دژی کورد
کۆمەڵ کوژی بوو لە بۆ گەورەو ورد
میللەتێکی وەك كوردی موسڵمان
ڕاگری دین و باوەڕ و ئیمان
ساڵانێکی زۆر تا پێش ڕاپەڕین
ئازاری کێشا لێی تاڵ کرا ژین
کە وولاتەکەی کرابوو داگیر
مەیدانی شەڕبوو جێی باوك وباپیر
بەڵام خۆی ڕاگرت ئارامی هەبوو
لەبۆی هاتە دی چ مەرامی هەبوو
لە ڕاپەڕیندا گەییە ئازادی
ڕوخێنراو نەما حوکمی بێدادی



تابلۆ حەسەن





ناوی تەواو/ تابلۆ حەسەن
ساڵی لە دایك بوون/ ١٩٧٨
پیشە/ ڕۆژنامەنوس
قوتابی/ ماستەر لە زانكۆی ئەڵمانیا بەشی سایكۆلۆژی .
شوێنی دانیشتووی ئێستا/ ئەڵمانیا
شوێنی دانیشتووی پێشوو/ كوردستان – سلێمانی
كاركردنم و بابەت نوسینم زیاتر لە گەڵ ڕوژنامە ئەنتەرنێتەكانە، هەروەها ڕۆژنامەكانی خەبات و میدیا، دەستی نوسینی چیرۆك و هونراوە و پەخشانم هەیە، بەڵام زیاتر حەز بە نوسینی بابەتی سیاسی دەكەم.

تابلۆ حەسەن

**پێشمەرگە**

ئەی ئەو کەسەی تاجی میدیات لە سەرە
ئەی ئەو کەسەی سەرپۆشی
ژنە ئەنفالێکت لە سەرە
ناوت دەنێم حەمرین
ئەی ئەو گوڵەی گیانبازیت کرد بە پیشە
ئەی ئەو شۆڕشەی ئاسمان و زەمینت لە یەکدا
ناوت دەنێم حەمرین
ئەی ئەو جەستە زیندووەی
خۆڵەکەت،
دەبێتە کێڵگەی گەنم و جۆ
بۆ هەژارانی کوردستان

ناوت دەنێم حەمرین
ئەی ئەو مانگە گەشەی،
لە نێو،
چاوی گەشی کیژۆڵەیەکی سلێمانی هەڵدێت
ناوت دەنێم حەمرین
ئەی ئەو هەڵبەستە شیعرەی
پێشمەرگایەتیت کرد بە پیشە
ئەی ئەو سۆفییەی شەوانە،
سوڕەتی نیشتمان خەتمە دەکەیت
***
تۆ ئەی مۆمە گەشەکەی هۆڵی کڵێساکان





تۆ ئەی ئەو خەنە ئاڵەی وا بە پەنجەی عاشقانەوە
ئەی ئەو سرووودەی سەرلە بەیان
دەیخوێننەوە منداڵانی کوردستان
تۆ ئەی قەڵخانی
دوز و کەرکوک و خانەقی
تۆ ئەی ئەو هاوینەی بەفرت لێ دەبارێ
ئەو زستانەی گڕت لێدەتکێ
تۆ ئەی حەمرین،
ئەی پشتوێنی وڵاتی بەفرین
تۆ ئەی هێمای کوردستانی
ئەی ئەو منداڵەی سازش نازانی
دەست دەگێرم بە ناو پرچما
دەتبینم بە وێنەی دەمانچەیەک دانراوی
دەست دەبەم بۆ دیوانی شاعیران
دەتبینم هەڵبەستێکی لە سەرەتا
هۆنراوەیەکی پڕ واتا
کە تفەنگێک دەبینم
دەبینم لە لوولەکەی بەپێوە وەستاوی
تۆی ئەندێشەیەکی بێ بن
بە هێزتر لە ئێف شانزەی دوژمن

دایکوتە لە حەمرین
لەوێ سەوزبە وەک نێرگز و نەسرین
تا ڕۆژێک مێژوو دەتنووسێتەوە
وەک فیشەگێک لە کەلەسەری تابووری پێنج
ئێمە گەلێکی دیلین

مەگەر تۆ بشکێنی زنجیری دیلی
تەنانەت،
مەلەمۆتکەی ترسی هەندێ بکوژی
کەسمان نیە جگە لە تۆ
بە پێ خاوسی لە سەر وردە شووشە و دڕک و داڵدا بڕوات
تۆ ئەی بزوێنەری خەبات
تۆ ئەی ڕێنیشاندەری جادەی نەجات
کەچی هەندێکمان
وەکو مریشک
کڕ کەوتوون لە سەر هێلکەی خۆپەرستی
لە کاتی جەنگدا لە بەر دەکەن سەڵتەی نۆکەرێتی
لە کاتی تەنگانە هەڵدێن بە پێی پەتی
دەسا ئەی حەمرین
دەستی هەتاو بگرە و
بیچەقینە لە پێدەشتی گەرمێن
شێخان هاوارت بۆ دەکات حەمرین
کەرکووک پەنات بۆدەبات حەمرین
خانەقی و مەنەلی سەنگەریان گرتووە لە حەمرین
نەهێڵی ئەنفالچیەکان چیتر بێنە
ئەو شوێنەی کچانی کوردی تێدا دەژین
ئەی پاسەوانی سنووری حەمرین







بیستون بامند

**بیستون صباح محمد**

**ناسراو بە (بیستون بامند)**

**لەدایكبوی ١٩٨٩/٢/١٦ لەهەولێر**

**دەرچوی كولیژی پەروەردە بەشی (زمانی كوردی) ماموستا زمان و ئەدەبی كوردیم لە ئامادەیی (میدیایی كچان)لە پەروەردەی مەخمور.**

**لەساڵی ٢٠٠٥ دەستم داوەتە نوسینی هونراوە تائیستاش بەردەوامم چونكە تاكە خۆلیامە هەموو كات هەوڵمداوە كارەكەم جوانترو بەرەو بیشتر بەرم.**

**بەشداریم لەچەندین كۆری شیعری كردووە بە حوكمی ئەوەی لەبەشی زمانی كوردی بووم و بەرپرسی لیژنەی نوێنەرایەتی (ی . ق . ك) بوم لە كۆلیژی پەروەردە بۆیە لەكۆرەكانی ئەم ڕێكخراوەو كوری تریش هەلم بو رەخسابی بەشداربوویمە.**

**ئیستا خەریكی چاپكردنی نامیلكەیەكم بەناونیشانی(چوار گورگی برسی) بەم نزیكانە دەكەوێتە بەر دیدی خوێنەران هیوادارم توانیبێتم خزمەتیك بكەم ئەگەر دلوپێكیش بێت لەزەریایەك.**





بیستون بامند

**بەیانیەك لە لادێكەم**

**گریان و ناڵە و هاوار**

**دەگەیشتە ئاسمانی پەروەردگار**

**لەپڕ لەخەو ڕاپەریم**

**بەرەو كوچێك دەرپەریم**

**خوایە!!**

**زەوی شقی بردووە**

**یان كەردەلوول هەڵیكردووە**

**نەمدەزانی چی روویداوە!!؟**

**بۆ منال و كەنج و پیری لادێكەم**

**وا بەجیا جیا دابەشكراوە**

**بینیم پیاویكی سەربە عەگال**

**دەیگوت ( هذا عملية الآنفال )**

**ئاخر ئەوە سورەتێكە، لەسورەتەكانی قورئان**

**نەیگوتووە ڕۆژێك لە ڕۆژان**

**برسی دەبی بیابانی عەرەبستان**

**دەبیت تێر بكرێ بەگۆشتی كوردان**

**لێكۆڵینەوەم كرد؛ لە تەورات و ئینجیل و زەبور**

**بۆ كەیشتن بەو ڕاستیە، گەڕام بەشوێنی زۆر دوور**

**هیچ کتێبێك لەکتێبەکانی خودای یەزدان**

**ڕێکە خوشکەرنیە بۆ شەر و کوشتن و تاوان**

**بەوەش نەوەستام**

**ئەوەندەم پرسیارکرد لە مەلا و زاناو شێخ و پیران**

**بەجوانی تێکەیشتم لەمانای سورەتی ئەنفال**

**نالێ لەبەر جەمەدانی و کورتەك و شەروال**

**منال و گەنج و پیریان بکەن زیندە بەچال**







سەربەست باران

ناو: سەربە ست عوسمان
شوێنی دانیشتن: کە لار – ناحیەی رزگاری
لە دایکبوون: ١٩٩٠
پیشە: خویندکاری زانکۆ

سەربەست باران

**ئه نفال**

ئەوان زریانی خەمێ بوون
کۆشکی دڵانیان خاپوور کرد
سنووریان بۆ خاکم دانا
و
زامی خاکیان بێ سنوور کرد
ئه وان مه رگه سات بوون هاتن
هەر له گه ل یەکه م هەنگاویان
هەزاران دڵ
دڵی هەزارانی گه لین له ژین
دوور کرد
ئەوان چ درندەیەک بوون!!
به خوێنی دڵی مناڵم
پەنجه ی پیسی خۆیان سوور کرد

ئەوان وه کو زەمین لەرزه
خەندەیان له لێوان تۆران
شادیان له گەڵ خۆیان برد
تەواو ژینیان
ژێرو ژوور کرد........







**ئەیوب کوردی**

## ئەیوب کوردی

*ئەیوب هیدایەت حەسەن دەلۆ/ ناسراو بە ئەیوب کوردی.

*لەساڵ ڕۆژی۸/۷/۱۹۵۸ لە دێی کنگربانی سەر بە شارۆچکەی کفری لەدایك بووە.

*لەساڵی خوێندنی ١٩٦٤-١٩٦٥ لە قوتابخانەی کنگربانی سەرەتایی دەستی بە خوێندن کردووە.

*لە ساڵی ۱۹۷۷قوتابخانەی ناوەندی (مەکاسب)ی لە شارۆچکەی کفری تەواو کردووە

*لە ساڵی۱۹۸۲پەیمانگای لە بەغدا تەواو کردووە.

*لە ناوەراستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی بە شیعر نووسین کردووە.

*تاکو ئێستا سێ بەرهەمی شیعری بە چاپ گەیاندووە کە ئەمانەن

١/ناميلكەی (خامە) ساڵی ٢٠١٠

٢/ناميلكەی(پرچ ئاورێشم) ساڵی ٢٠١١

٣/ناميلكەی(راز و نیاز) ساڵی ٢٠١٢ ئێستا چوار ناميللكەی دیكەی ئامادەی چاپن

١/یادت دەكەم

٢/تابلۆیەك

٣/ شەنگە

٤/رەوە مامز





*دوو ڕۆمانی ئامادەی چاپن بەم ناوانە

١/ڕۆمانی(دز) ساڵی ٢٠٠٨تەواو بووە

٢/ڕۆمانی(نەریمان)ساڵی ٢٠١٣تەواو بووە

*دووبیبلیۆگرافیای ئامادەی چاپن بەم جۆرە:

١/ببلیۆگرافیای گۆڤاری کاروان لە ڕاپەڕینەوە تاکو ٢٠٠٤ کە نزیکەی (٤٠٠)لاپەڕەیە.

٢/ببلیۆگرافیای گۆڤاری گولاڵ لە ژمارە سفرەوە تاکو ژمارە ٢٥٠کە نزیکەی(٦٠٠) لاپەڕەیە؟

*ئەندامی یەکێتی ئەدیب ونووسەرانی عەرەب بووە.

*ئەندامی یەکێتی ئەدیبانی عێراقە.

*ئەندامی کۆمەڵەی ئەدیبانی عێراق بووە.

*ئەندامی ناوەندی ڕۆشنبیری کەرکوك و یەکێك بووە لە دەستەی دامەزرێنەری.

*ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

* ئێستا لە پەیوەندیەکانی گۆڤاری گولاڵە.

*شاعیر لەم ماوەیەدا سەرقاڵی بەچاپ گەیاندنی ناميللكەی (یادت دەکەم)ە کە ١٢٠ لاپەڕەیە و بەبێ مۆنتیڤە..

ئەیوب کوردی

## قەتماغەی زام

زەمەن کاژێری ڕاگرتووە
هەناسەکان لە قوولایی گەرووەکانیان بێزارن
خانەوادەی ساڵەهای عیشق وا سەرسامە
بڕوای مێشکی ئاپوورایە و بەسەرهاتە
سەرابی مەحشەر راونانە
ئای لەم زەمەنە بێ مروەتە
ژان ماندووە و قەتماغەی زام
مانگی لە رووناکی تاران
ئاژاوەی کاروان بە وەهمی منی بچووك
چارەسەری کێشەی ڕێیە
سووری گۆمی کاسەی سەرم
ئەشکی ئەزەلی ئینسانە
تالی ئەشکەوتی قەدپالم خوایی یە
تەزووی دەنگی تراژیدیام دوردەگرێ
حەبیبەخان بیرۆکەی دەستی شووعارە
نالی هەڵساو





ئەمجارەیان زگی ماسی پڕ لە دووڕە
وەرزی ماندووی شەکەتی مڕ
بۆ مەولەوی وەك دەستە سڕ
لە باخەڵی وەدەر نایە
شەمەندەفەری نەوەستان ناسڵمێ لە تەقەی
پشکۆی تۆی جاویدان
مەرگ غولامی تروسکەیە
ئاردی موبید دیاری شاری
هەڵەبزاکی و
هەڵەبشیمای دوا هەناسەی
ئەم سەدەیە



سالح بیچارە





سالح بیچارە
شاعیرو نووسەرو ڕۆژنامەنووس.
لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٧ سلێمانی سەرشەقام - م.
یەکەم شیعرم مانگی ١٠/ ١٩٨٣لە ڕۆژنامەی هاوکاری دا بڵاوکراوەتەوە.
لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٤ تا ١٩٨٨ لە سەر شەقامی مەولەوی شاری سلێمانی کتێبفرۆش-ی دەستگێڕ بووم، بەوهۆیەوە زۆرێک لە خوێنەران، نووسەران، شاعیران، هونەرمەندان و ڕووناکبیرانی ئەوسای سلێمانی ئەناسم و ئەمناسن. زۆرتریش بڵاوکراوەکانی(ی.ن.ک) بەگشتی و هەردوو کۆمەڵەی ڕەنجدەران و زەحمەتکێشان- م دەفرۆشت و بڵاودەکردەوە.
ساڵی ١٩٨٢ لە سەردەمی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی خەڵکی (سلێمانی ) مەجیدبەگ (پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان - کۆڕەک)ەوە کرد.
مایسی ١٩٨٥ شیعرم لە گۆڤاری "گزنگ" ی یەکێتی نووسەرانی کوردستان لە شاخ بڵاوبووەتەوە .
ڕۆژی هەینی ١٩٨٦/٠١\٣١ یەکەم چیرۆکم بەناوی (نوێبوونەوەی زامی دەروونێک) لە کۆڕێکی هاوبەش لەگەڵ هاوڕێیانم دڵسۆز حەمەو ڕێزان حسێن دا خوێندەوە کە لە هۆڵی یەکێتی نەقابەکانی کرێکاران سازکرا. کۆڕێکی زۆر پڕ جەماوەر بوو.
ڕۆژی١٩٩١/٠٢\١٠ لە ڕێی خۆشەویستییەکی شەش ساڵەی زۆر ڕۆمانسییەوە هاوسەرم هەڵبژاردووە و ئێستا دوو کوڕو سێ کچم هەیە.
لە زۆربەی کۆڕە ئەدەبییەکانی ساڵانی هەشتاکانی سلێمانی بە شیعرو چیرۆک و نووسین بەشداریم هەبووە .

ئەنــــدامی یەکەم کــــۆنگرەی یەکێتـــی نووســـەرانی کــــورد ١٥-١٧\١٠/١٩٩١، شەقڵاوە -بووم .
ئەندامی کۆڕی رۆشنبیری کورد - سلێمانی بووم، 1992.
ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ - ساڵی1996 م .
ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یانەی چیرۆک– سلێمانی بووم، 1998.
لە ٢٠٠٠/٠٦/٢٠ وە لە ناوەندی راگەیاندنی زانکۆ سلێمانی - دەستەی نووسەرانی هەفتەنامەی زانکۆ، لێپرسراوی رادیۆی زانکۆو پاشان ماڵپەڕی ناوەندی ناوبراو بووم.
لە ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٤ لێپرسراوی بەشی لاتینی مانگنامەی بەدرخان بووم.
لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٠ وە کارمەندی بەشی تێکستی کەناڵی کوردسات-م.
لە ساڵی٢٠٠٥ خەڵات پێزانینی بەڕێز مام جەلال-م وەرگرتووە، لە بەرامبەر بەشداریکردنم لە ئەدەبیاتی شۆڕشی نوێ لە شاخ.
لە ٠١\٠٣\٢٠٠٧ وە لێپرسراوی ماڵپەڕی کوردسات-م.
ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ناوەندی رووناکبیریی شارباژێڕ-٢٠٠٨م.
دەیان شیعرم لەلایەن هونەرمەندانی ناوەوەو دەرەوەی وڵاتەوە کراوەتە گۆرانی .
لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتاوە شیعر و چیرۆکی زۆرم بڵاوبووەتەوە .
ئەمەش لینکی بەشێک لە هۆنراوەکانم لە ماڵپەڕی خۆزگە :
http://www.xozga.com/honrawe/honrawe/salihbechar/index.1.html





تێبینی

١ -سێوباران: بۆ هەڵەبجەیە کەلە لایەن هونەرمەند دیاری قەرەداغی یەوە کراوەتە کلیپ.
٢ -ئەنفال: لەلایەن بنکەی هونەریی زانکۆی سلێمانییەوە کراوەتە سروود.
٣ -ئەنفال: بریتییە لە هەشت کورتە شیعر کە گوزارشت لە هەر هەشت قۆناغەکەی ئەنفال دەکات.

سالح بیچارە

## سێوباران

ئەمجارەیان.. بارە سێوم
بۆ هەڵەبجە بارنەکراوە
هەوری سێوبار لە ئاسمانی
هەڵەبجەدا پەڵەیداوە!

لەم کۆتایی زستانە دا
وا بەباوە سێو دەبارێ
خۆرەتاوە و لەگشت لاوە
بەلێزمە سێو دێتەخوارێ!

بەرەو هەر لا نیگا دەکەی
هەر سێو دیارە لە ڕوانینا
هەڵەبجەکەم وا دەخنکێ
لەژێر ڕێژنەی سێو بارینا!

کەی پێنج هەزار پێوانەیە
تا مەرگێکی وا بپێوێ ؟
هەڵەبجەم و هێرۆشیما
بوونەتە دوولەتی سێوێ!

"دارسێوەکەی ئازاد" نەبوو
نە سێوێک و نە دووان و سێ





خۆ "نەسرین"یش لەوآ نەبوو
بڵێ بەسە بەس، نامەوێ!

ئای.. لەم بۆنە پڕ جادووە
یەکپارچە هەر بۆنی سێوە
سێو لە لای من هێمای مەرگە
لە نیوەڕۆی "شانزەی سێ" وە!

٢٠٠٣-٣-١٣

**ئەنفال**

ئەنفال.. زامێکە لە جەستەی کورد دا
نەزیفی خوێنی هەرگیز ناوەستێ
وڵاتێک وەکو گۆڕێک هەڵبەسترا
بەئاگانەهات ویژدانێ هەستێ!

ئەنفال... یاداشتی نەتەوەیەکە
لاپەڕەی ڕەشە و پڕ بیرەوەریی
دەڵێ: بەهاری هەشتا و هەشت لای کورد
چەندە گوڵ پشکۆت هێندە گیان وەریی!

ئەنفال پێناسەی دەسەڵاتێکە
میللەتێکی برد بە بێسەروشوێن
نە دادگای (لاهای)؛ نە کەس لێیپرسی
ئەو هەموو کوردە بێگۆڕە لەکوێن ؟!

ئەنفال دەقێکی بە خوێن نووسراو بوو
بیری شۆڤێنی عەرەب دەرهێنەر
کورد کاراکتەر و کوردستان شانۆ
جیهانیش بینەر، بەڵام کوێر و کەڕ!

٥-٤-٢٠٠٢
زانکۆی سلێمانی







بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
يسألونك عن الأنفال قل
١ ـ ئەنفال..
ڕووداوێکە
لە نێوان
خودا و بەعس و بیابان دا
ڕوویدا و
هیچ کامیشیان
وەک خۆی
نایگێڕنەوە.

٢ ـ ئەنفال
نوکتەیەکی سواوە
هەتا ئێستا
سەد و هەشتا و دوو هەزار جار
گێڕاومانەتەوە و
چیتر کەس پێکەنینی پێی نایەت.

٣ ـ ئەنفال
دەستەیەک دۆمینەی ناتەواوە
کەی پەرلەمان دەستبەتاڵ بوو
دەیهێنێ و
بەدەم باوێشکەوە
دەستێک یاریی پێدەکات!

٤ - ئەنفال..
كۆنه برینێكی
سەرسنگی گەرمیانه
هەموو چواردەی چوارێک
هەڵیدەدەینەوه و
پڕ پڕیدەكەین
له "خوێ" ی بەڵێنی درۆ!

٥ - ئەنفال..
شەرەفی نەتەوەیەک بوو
رفێنرا و
به بەرچاوی
حەرەمەینی شەرەفەین-ەوه
ئەتک كرا!

٦ – ئەنفال
هەگبەیەكه
پڕ له پەنجه و
كەللـەسەری
ژن و منداڵ
له بەردەرگای
جیهان دا
رامانخستووه بۆ سواڵ!



ژانی کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

٧ – ئەنفال
باجی
هەزارو چوار سەد ساڵ
نوێژ و رۆژووی
میللەتێک بوو
روو له قیبله و
پشت له خۆی!

٨ – ئەنفال
چیرۆكی
عەیامێكه
كه عەریف عەلی
لەسەر ئەرزی حەرامی
مزگەوته رووخاوەكانی
ئەنفالستان
بریكاری خودا بوو
بۆ جاڕدانی
یەومی نەفخی سوور!

١٤-٤-٢٠٠٧



شکری علی محمدئەمین





**شکری علی محمدئەمین**

**لەساڵی/١٩٧٢/لە گوندی (سەکو) سەر بە ناوچەی بارزان لە دایکبووە لە بەرواری ١٩٧٥/١١/١١ لە تەمەنی(٣) ساڵاندابووە کە لەگەڵ خانەوادە و نزیکەی (٧٠) گوندی ئەم دڤەرە تەرحیلی خواروی عیراق کراوە لە پارێزگای دیوانیە لە ئۆردووگایەك بە ناوی (جحیش) لە ئاوارەیدا ژیانی بە سەربردوە و ساڵی ١٩٧٧ جارێکیتر ڕاگوایێزران بو ئۆردووگای (خیریێ)سەر بەهەمان پارێزگا لە بەرواری/١٩٨٠/٤/٢٤/ ڕاگوێزراون بۆ ئوردووگای قوشتەپە سەربە پارێزگای هەولێر، لە کاتی تاوانی جینۆسایدکردنی بارزانیان باوك و باپیر و سێ مام وچوار خال و تەواوی کە سوکاری بنەماڵەی بەر شاڵاوی جینۆساید کەوتن لە پاش ئەو تاوانە وەزعی ئەمنی زۆر نالەبار بوو نەتوانرا درێژە بە خوێندن بدەن، ئەو کات قوتابخانەی قوشتەپە لە لایەن بەعس داخرا لە پاش ئەوە تاکو پۆلی سێی ناوەندنی بە شێوەی دەرەکی خوێندووە، لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ گەڕاوتەوە زیدی باب و باپیرانی لە گوندی سەکۆ سەربە دەڤەری بارزان، لە بواری نووسیندا ژمارەیەکی زۆر شیعر و بابەتی جۆرا و جۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیو و تەلەفزیوندا بڵاوکراونەتەوە ئیستاش کتێبیکی لە بەر دەستدایە لە سەر ژیان و ڕاگواستن و جینۆسایدکرنی بارزانیان.**

شکری علی محمدئەمین

## تاوانا بارزانیان

باب برا باپیر خال و مام و کەسوکار
لە برن بەرزە کرن بۆ زیندانا ئەی هەوار
بێ تاوان بوون هەمی وەکی بەلنگازا بون هەژار
لە نەما هێز و شیان بوینە ڕێڤینگێن بێوار

کارێ مە هەر ڕاگواستنە هەمی وەختا بێ جهو ماڵ
کەفتینە ناڤ ڤێ ژیانێ خۆشی نینە چ دەم و ساڵ
بێ کەس و کار ئەڤرۆ ماینە نە مە بابە نە مام و خال
گەنج  و لاوێت مە گرتینە نە ما بۆ مە باپیرێ کال

هەوار خودێ هەتا کەنگی ئەم دێ بێ باب و برا بین
ژیان لە یاتارییە هەر دێ دناڤ تازیا دابین
ژ بەر چیە هەمی گاڤا دێت بن دەستێ زاڵما بین
نەمە خۆشی و نە ژیانە هەتا کەنگی دێت هۆسا بین

هندی دکەین گازی و هەوار کەسەکی های ژ مە نینە
ئەز چ بکەم بۆ ڤێ برینێ چ دەرمان و چارە نینە





ژ دایکا هەژار دپرسم دبێژی دایێ کەس دیارنینە
کەسوکارێن مەلکیێرێنە دووژمنا کێڤە برینە
دایکا دلسۆز گۆت کوڕێ من باب و برا دگرتینە
دووژمنا لبەر هندێ برن کو ئەو هەمی بارزانینە
ڤە دوو ساڵە دبێ خەبەرن داۆ کەس های ژێنینە
ژ بەر هندێ هەمی ڕۆژێن مە هەر تازی و گرینە

شکری علی سەکویی ١٨/١٢/١٩٨٥
ئۆردووگای قادسیە — قوشتەپە
هوزانڤان یەکێکە لە ڕزگاربووانی پرۆسەی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە ساڵی ١٩٨٣ گرنگی شعرەکە لەوەدایە کە دوو ساڵ دوای جینۆسایدکردنی باوك و کەسوکاری لە ئۆردووگای زوورەملێ ئەم شعرەی نووسیووە.



**دەریا هەڵەبجەیی**

**روبار عبداللطيف مولود**

**ناسراو به دەریا هەڵەبجەیی**

**له دایکبووی ساڵی:١٩٧٠**

**مامۆستای هونەر له باخچەی ساوایان**

**تا ئێستا یەك بەرهەمی شیعری چاپکراوی هەیه بۆ هه ڵەبجه به ناوی:**

**(ئێره سەرزەمینی فریشتەیه)**





**دەریا هەڵەبجەیی**

**بۆ...ئەنفال**

تکایه....

ڕوخسەت له کۆتر بخوازه

ئەو ...هێندەنابێ

له قیامەتی ئەنفالەوە هاتۆتەوه

ئەو ..ببینی ئاسمان چۆن چۆکی دادا

له سه رزەوی .....

ئەو ..ببینی

که قامەتی ئاو

چۆن ..گڕی گرت!..

ئەو ...

ژێربالەکانی پڕن له گمەی سه ربڕاو ...

چاوەکانی....

ئاااخ چاوەکانی

سیخناخن بە بەرامەی ئەتك كراو....

پڕن لە فۆتۆی پێ پەتی....

پڕن لە دۆکۆمێنتی ئەبەدی...
پڕن لەو زمانە بێدەنگانەی
سورەتی ئەنفالیان ئەخوێند و
هەڵوەرین
پڕن لە ئایەتی سەربڕاو.......
پڕن لە هەزاران روحی مۆمیا کراو!....

تکایە...ڕوخسە تێ بخوازە
لە دڵی کۆتر.......
ڕە نگە ئەنفال
دوا ئایەت بیت..
نوسرابێتەوە
لە سەر گمەکانی کۆتر!..

ئەنفال
مەرگی کۆتر
مەرگی باران
فرمێسکی گریاوی ئاسمان!....

ئەنفال هەموو شتێ....
ئەنفال
ئەدەمەی ژیان بەدەستی جەللادە کانە وە
ئە تك ئە کرێ!....





ئەنفال...
ئەدەمەی هیچ پرسیارێك
وەڵامی نابێ!.....

تکایە ...بێدەنگی!!........

ئەو ئێوارەیە.....
هەموو شتەکان بوون بە دوو کەرتەوە....
ئاسمان...
خۆر
زەوی
هە سارەکان
لە خولگەکانیان دوورکەوتنەوە!.....

دۆزەخ دابەزی بۆ سەردابی بیابانە کان
مانگ وردوخاش بوو
هەموو شتێ ئاوەژوو بوو
پێکەنینەکان بوون بە هە زار پارچەوە
ڕژانە دەمی زەردی عەرعەرە وە...........
بۆنی مێخەکی سوخمەکان
کەوتنە سەر نەزیفی روح و
خوێنیان لێ ئەڕۆشت...

خیانەتی چاوەکان
شەەفیان بە لێشاو ئەفرۆشت!...

سوخمەکان بە بەتاڵی گەڕانەوە.....
لە عەرعەرەوە...............
سەرپۆشەکان
بە گومەزی بیابانەوە بوون بە ئاڵا و
تا ئەبەد نەهاتنە خوارەوە...

لە عەرعەرەوە......
هەواڵ گەڕایەوە بۆ پاشا...........
بارك الله...........
بارك الله...ها...ها..ها.........
نصرمن الله وفتح قريب............
..ها...ها...ها......
لە دۆزەخی عەرعەرەوە
بە عەگالێکی شەکەتەوە..
خبر عاجل......
نێردرایەوە
هەموو شت کۆتایی هات
هەموو شت
بێدەنگی ترسناك تر بوو...
بیابان تاریك تر و ڕە ش تر لە جاران...

.......ب......ێ.....د.....ە.....ن....گ...ی!!....
!!...............................
تەنها ترپەی دڵی
کاتژمێرەکەی دۆزەخ نەبێ
هەناسەسوار





جارجار سەری هەڵ ئەبڕی بۆ ئاسمان
هیچی تر...
هاَلاویکی ترسناك نە بێ
لە بیابانەوە ئەهات....
هیچ شتێ
هیچ هەستێ.......
دەنگی نە ئەهات...

هیییییییییییییییییییچ.
هیییییییچ
..........بێدەنگی نەبێ........
هەموو شت
کۆتایی هات...
هەموو شتێ بوو بە سەراب!...

تکایە بێدەنگ دەستەکانت بەرزکەرەوە
بلێ خودایە.........
ئیدی ژیان بۆ ئەبەد............
لە سەر زەمینی عەرعەردا
کۆتایی پێ هاااات....

دەریا هەڵەبجەیی

**ئەمشەو ژیان تووڕە ئەبێ**
لەهەمووومان
نائارامی وەك گوڵێکی وشك
هەڵ ئەوەرێ
لەجێی باران!...

ئەمشەو خودا
نەفرەت ئەکا
لەسیاسەت!...

ئەمشەو سنگی
هەزاران گۆڕ
ئەکرێتەوە تاسپێدە
کێ ئەزانێ
شارپڕنابێ
لەمردووشۆڕ!...

ئە مشە و
هەڵەبجە فیردەوسە
کۆڵانەکان هاژەیان دێ
لەشەراب و
سەمای حۆری"
دایکم وتی خەو مەگێڕەرەوە
باش نییە!...





ئەمشەو ئەبمە مناڵێکی لاسار
چی پەنجەرەیماڵی ڕەشی سیاسەتە
ئەیشکێنم
هەرچی سەیارەی جام تاریك هەیە
ئەیسووتێنم!..

ئەمشەو
لافیتەیەك هەڵ ئەواسم
لێی ئەنووسم
(دڵگرانیین بەکۆچی دوایی سیاسەت لەم شارەدا!...)

دەریـــا هەڵەبجەیی

**لەئێستاوە**
گوێم لەترپەی
دڵی گەرمی هەڵەبجەیە
سیاسییەکان
چەند سامدارن!...

لەئێستاوە
خەمی کەناسەکانی شارئەخۆم
بۆپاك کردنەوەی جێگە پێی
سیاسییەکان!....

لەئێستاوە
خەم لەدڵی دایکم ئەخۆم
کەچەند تەنگە
ئەو بەڕاستی وائەزانێ
١٦/ ٣ جارێکی تر دێ!...

لەئێستاوە
دایکم خەتمی دۆعا ئەکا
خوێن لە لووتی هیچ کەس نەیەت
دڵی پاکە
ئەو ئەزانێ
چەندە ئافاتە سیاسەت!..





لەئێستاوە
قسە بۆ تووڕەبوونی خۆم ئەکەم
ئارام بنوێ
تا بۆنی سێو
لەڕۆحمدا
کفر نەگرێ!...

لەئێستاوە
دامێنی دۆعایەك ئەگرم
لە ماڵی ڕەشی سیاسەت
ترسم هەیە
گیرا نەبێت!...
دایکم ئەڵێ:
دۆعا لەپیس کارناکات!....

لەئێستاوە
ئەڵێم خوایە
16\3ی ئەم ساڵ
هەرنەیەت
تا هەڵەبجە
بە بۆنی پێی
سیاسییەکان
ملی نەشکێت!..

دەریـــــاهەڵەبجەیی

**ئەمانەوێ هەڵەبجە ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ!....**

شەقامەکانی هەڵەبجە
پڕن لە برین
کۆلانەکانی سیخناخن بە هاوار
منالەکانی تائێستا بێیان نە گرتووە
گەنجەکانیان خەریکە تووشی هیستریا ئەبن بە دە ست بێ باکی دەسەلاتەوە
ژنەکانیان پڕن لە شەرمی خۆدەرخستن
بەرامبەر پیاو
حەوشەی مالەکان
پڕن لە بۆمبی نەتەقیوو
گولەکان بەرامەی ژەهریان گرتووە
پاسارییەکان نۆتەی جریوەیان لێ تیك چووە و
وەك جاران ناخوێنن
چی لە قطعەیەکی بێ گیانی
"پاریزگای هەڵەبجە " بکەم
بەدەروازەی شارەوە
کەئەبێتە مانشێتی ڕۆژنامە و
هەوالی گەرماو گەرمی میدیا زمانحالەکانی دەسەلات
ئای لە خەمی شارەکەم..
وای لەبێ کە سی شارەکەم..
ئۆف لەدەست سادەیی خۆمان..
چۆن باوەڕ بەهەنگاوەکانی دە سەلات ئەکەین





بۆ ٣\١٦ پەردەی ئاوریشم لە سەر ئاوەدانی هەڵەبجە لابدات و
منالان بەدروشمی "بە پارێزگابوونی هەڵەبجە وە"
بە سەر فەرشی سووردا ڕێ بکەن بۆ مەزاری شەهیدان
هاوار بکەن
هەستن ئەی خۆش بەختەکان
کەئە م ڕۆژەتان نەبینی بەچاو
هەستن وەك هەتاوێکی دەمەو نیوەرۆ
مۆری خیانەت و گەندەلی
بدەن لە ناوچەوانی سیاسەت و سیاسییەکان
بلێن بڕۆن سنورمان بۆدیاری بکەن
هەر ئەمڕۆ
ویستی شەهیدان و هەڵەبجەیە
ئەمانەوێت
هەڵەبجە ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ!....

## دەریا هەڵەبجەیی

تۆ

تا
ئەبەد
هەر
هەڵەبجەییت!...

تۆ
تا
خودا
هەر ئەمێنیت!...

تۆ
دەبوو
ئێستا
هەرێمی
وڵاتێ
بیت
نەك
پارێزگای
شاری
زام
بیت!...

تۆ
دەبوو





ئێستا
ئاڵا
بیت
نەك
خامۆشی
تاریکی
بیت!...

تۆ
دەبوو
هەموو
شتێ
بیت
نەك
سفر
بیت!..

تۆ
دەبوو
هەر
هەڵەبجەکە ی
خانەخوێ
بیت
نەك
میوان
بیت!...

دەریـــا هەڵەبجەیی

**(باعالەم بێژن تەنیاو بێ کەسە)**
هەڵەبجەکەم
تاقیامەت
ناوی خۆی
بەتەنها بەسە!.....

ڕۆژی هەزاران جار
خاکە دڵ شکاوەکەت ماچ ئەکەم (هەڵەبجەکەم!...)

..........................
ئەوەی ڕۆژێ
ئازار
ناخی نەخواردبێ...
ئەوەی ڕۆژێ
سەرمای
ژان و
گەرمای هەنسك
بە ڕوحیدا
ڕۆنەچووبێ...
ئەوەی ڕۆژێ
قاچەکانی
لەبەستەڵەکی
غوربەتا
سڕ نەبووبێ..





ئەوەی ڕۆژێ
برسێتی
کفریی تورەیی
هەزاران جار
پێ نەکردبێ...
ئەوەی ڕۆژێ
تاقیامەت
هەستی
وردووخاش نەبووبێ..
هەرگییز
لەخەمی من و تۆو
هەڵەبجەدا
فرمێسك نارژێ...
پێت سەیر نەبێ
دژایەتی
مرۆڤەکانی
سەرشەقام..
پێت سەیر نەبێ
دژایەتی
گێل و نەفام
پێت سەیر نەبێ
سیاسەتێ کەنەتوانێ
ناوچەوانی
شارم ماچ کات
لێی گەڕێ
با

تاقیامەت
هەزاران جار
سەری خۆی
هەر لەبەرد بدات...
پێش ئەوەی
سەری هەڵبڕێ
سوژدەبەرێ
خاکی بەرپێ و
کێلی هەزاران گۆڕ
ماچ کات...
(هەڵەبجەکەم)
باڵاترە
لەوەی
دەمی ڕەشی
ناحەزەکان
لێی بخوێنن...
(هەڵەبجەکەم)
نەك پارێزگا
نەوەك هەرێم
وڵاتێکی سەربەخۆیە
بەقسەی سارد
مەیگریەنن!...

*وەرگێراوە...(باعالەم بێژن تەنیاو بێ کەسە)





دەریـــــــــا هەڵەبجەیی

**ئەمشەو نەفرەت لە هەموو شت**

ئەمشەو شیعرم ئەدەم لە خاچ
ئاسمان (سوور) ئەکەم بەنزا
گڕ بەرئەدەم لەو فەرهەنگەی
(ئەنفال)ی لێ دروست کرا!...

ئەمشەو نەفرەت لەهەمووشت
(ئەنفال) لەپێش هەموویانەوە!...

ئەمشەو حەرفێك ماچ ناکەم
نەك پیتی(ئ..ە..ن...ف..ا..ل) ی بەرکەوێ!..



**ئومێد عەلی**





**ئومێد عەلی**

**ساڵی ١٩٨٤ لە گوندێکی دوورە دەستی گەرمیان لە دایك بووە.**

**خاوەنی بڕوانامەی بکالۆریۆسە لە زمانی ئینگلیزیدا و ئێستا قوتابی ماستەرە لە بواری ئەدەبی ئینگلیزی لە وڵاتی هندستان.**

**ماوەی ١٠ ساڵ کاری ڕۆژنامەنووسی کردووە وەك بێژەر و نووسەر.**

**نزیکەی ١٠٠ تێکستی ئەدەبی نوسیووە و زۆربەیانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردووتەوە.**

**سێ جار خەڵاتی شیعری بە دەست هێناوە.**

ئومێد عەلی

## هەنسکی گەڵا وەریوەکان

کە لەو دونیا لێیان پرسیت،
خودات کێ یە یاخود تۆ چیت؟
بێ یەك و دوو بڵێ خودایە من کوردم
لەوەتەی هەین...لەوەتەی بووین...
ئێمە وشەی (شەهید) نەبێ هیچ فێر نەبووین.
..............................................
هەموو شەوێ
شیعرێك دێت و هەڵمدەگرێ و
لە سەر شاباڵی حەرفێکی
یان لە سەر قەدی وشەیەك
دامدەنێت و
دوور دوور ئەمبات
لەوێ
کەرنەڤالی پڕوکانی خونچەیەك و
سوتانی پەروانەیەکم نیشان ئەدات.
.......................................
هەر هێندە نا





لە سینەمدا
١٨٢ هەزار لە دڵۆپە فرمێسك و
رووبارێك لە زریکەی منداڵ و
سەفەرێك لە پاڕانەوە و
هەزار گوند لە بۆنی سێو و
شارێکیش لە چاوەڕوانی
هەر خەریکن یەکدی ئەخۆن.
من دڵنیام ڕۆژێك دادێ لە خۆ خواردن بێزار ئەبن و
بە دەم لێشاوێك ئەشکەوە
(رۆحم) خۆی لێ ون ئەبێت و
ئەو کات نە دەریا دەمگرێتە خۆی و
نە کەنارێك ڕێگە ئەدات لە سایەیدا ئۆقرە بگرم
تا وشەیەك لە ئەنفال و
چیرۆکێکیش لە هەڵەبجە
رازەکانم بدرکێنێ...
جەستەشم دەبێتە پاروە نانێك
بە دەست بێچووە کوردێکەوە
کاتێك بە دەم لێشاوی خۆڵی مەرگەوە
بەرەو کەناری گۆڕەکەی راپێچ ئەبێ
...........................

**ئەمێستاکەش هەموو ڕۆژێ**

**چرکەکانی تەمەن دێن و لە گەڵ خۆیاندا من ئەبەن**

**لە بەر دەرگای کۆنە ماڵێك**

**لە بەر قاچی پیرەمێردێك دام ئەنێن و**

**وەك مامزێکی بەرکەوتوو**

**ئەژنۆکانم ئەشکێنن و**

**ئەوسا بە دەم ئازارەوە**

**دەستنوێژێك لە دلۆپە بارانەکانی ئەو قەدەرە ئەشۆم**

**کە لە سنوورەکانی کافر بوونم نزیك ئەخاتەوە**

**کافربوون**

**بەرامبەر بە یاساکانی مەرگ....**

**دەرگاکانی ئەجەل.....**

**حیکمەتەکانی قەدەر....**

**ئازارەکانی دۆزەخ و بڕیارەکانی حەشر و پاداشتەکانی ئەوێ...**

**قامەتی نوێژی ئەو ڕۆژەی تەمەنم**

**بە ناوی (ئەنفال)**

**لە سەر بەردە مێژووی ئەو شارێگەیە ئەبەستم**

**کە ئەمگەیەنێتە سنوورەکانی باوەڕ...**

**باوەڕ بوون**

**بە سەرپێچی کردن لە یاساکانی مەرگ...**





**شکاندنی دەرگاکانی ئەجەل....**

**بەتاڵ کردنەوەی حیکمەتەکانی قەدەر**

**باوەڕبوون بە نەفرەت**

**نەفرەت لەوانەی**

**ئەژنۆی خەندەیان شکاندین**

**گوڵی ئومێدیان ژاکاندین...**

**بەدەم کافر بوون و باوەڕەوە**

**بە دەم نەفرەت و لێخۆشبوونەوە**

**هەر لە گەڵ چرکەکانی تەمەندام و**

**لە ناو قامەتی نوێژە بە ئازارانەدا**

**لە بەر قاچی مام پیرەدا**

**سەری وەفا دائەخەم و**

**دەبمە گۆچانێك بۆ دەستی و**

**لە گەڵ خوێنیا تێکەڵ ئەبم**

**رازەکانی دڵی دێنم**

**دەیکەمە جەستەی رۆمانێك**

**دەیکەمە ڕۆحی چیرۆکێك**

**(ئەنفال) ئەکەمە گۆرانی و**

**هەڵەبجەش با مۆسیقا بێت**

**هەتا ڕۆحی شیعرەکانم بە چوار دەوریا بێنە سەما و**

تا گرەوێك ببمەوە و
پێغەمبەرێك سەری خۆیم پێشکەش بکات
(کە لە پێشەکی چاپی یەکەمی ئینجیلدا وا نوسراوە:-
مەسیح ئەڵێ کێ ئەتوانێ ئەنفالم بۆ بخاتە ڕستەوە
لە خاچەکەم دێمە خوار و
سەری خۆمی پێشکەش ئەکەم)*(جمال غەمبار)
ئەوسا ئەچم
لە سەر دیواری شیعرێکم
بە خوێنی دڵی ڕووداوێك
هەڵەبجە ئەکەمە تابلۆ و
پێناسەی ئەنفال ئەنوسم
دەڕۆم چاوی خاك ئەڕەژم
پرچی وڵات دائەهێنم
ئەڕۆم لە گەڵ خەزانی سنەوبەرێکدا
لە گەڵ سێبەری مۆمێکی خامۆشدا
ئەڕۆم
لە گەڵ نەعرەتەی شمشێرێکدا
کە لە کێلانی پیاوێکی ترسنۆکدا
ژەنگی شەرمەزاری هەڵهێناوە...
هەرچەندە هاوگەشتەکانم





شەرمنترن لە داوێنی کچێکی سۆزانی لە مەنفاکانی حەیاداو
عارەقەی نێوچەوانیشیان بە بەروانکەی شیعرەکانی من ئەسڕن
بەڵام لە گەڵیانا ئەڕۆم....ئەڕۆم و ناگەڕێمەوە...
تا لە ئاگری سوتانی جەرگی منداڵانی شار و
لە بڵێسەی کتێبی فێرخوازەکان و
گڕی سەدا و (ئەی ڕەقیبی) شۆڕشگێڕانی نیشتمان
کەشتیەك لە دوالیزمەی ئەو ئاگرە دائەتاشم
بەو کەشتیە دەریای خوێنی شەهیدەکانمان ئەبڕم
ئەگەمە بەردەرگای خودا و هاوار ئەکەم
"ئەی خودایە....
بە بەرتەقای عالمی خۆت
کوردستانم بۆ تەفسیرکە
شەهیدانمان لە ئامێزی چ سورەتێکی قورئاندا
جێگەی ڕێزیان بۆ ڕائەخرێ و
لە گەڵ سوتانی ئێمەدا
چەند داروبەردی بێ ڕۆحی کۆشکەکەی تۆ هاتە گریە و توایەوە"
................................
ئەی خودایە
لێ مەگەڕێ نەخشی سەر باڵی پەپولە کاڵ بێتەوە
چونکە تۆ لەوێدا دیاری....

سنوورێك بۆ پایز دانێ

با هێندە گەڵای درەخت و پەڕەی گوڵ هەڵنەوەرێنێ

عیشقی تۆ لە بەهار ئەچێ

گەر لە جەنگی وەرزەکاندا

پایز بە شمشێری خەزان

سەری بەهار لێکاتەوە

تۆ ئەبیت بە چەپکێك وشە، مشتێك حەرف و

لە پەنجەرەدا ئەنێژرێیت

ئیتر کەس تۆ ناپەرستێ....

..........................

ئەوەتا ئێمە لە دوا کۆچی عەشقێکی شەرمندا

ئەمانەوێ قوفڵی چارەنووس بشکێنین

کە تیایدا خۆر دوا تیشکی خۆی

ئەکاتە قوربانی غەدر و

دنیا دەبێتە  ژوورێك و

تاریکستان نمایشی ڕوورەشی خۆی بۆ دێوەزمەکان ئەنەخشێنێ.

.......................................

هەموو خۆرئاوابوونێك

بەدیار پێکێك ئەشکی سوورەوە دائەنیشم

هەڵەبجە لایلایەم بۆ ئەکا و





ئەنفال جێگەی خەوم بۆ ڕائەخا و ئەمخەوێنێ

هەموو جارێك لە خەونمدا

زیندەبەچاڵکردنی کوردێك

خنکاندنی منداڵێك و

بردنی حۆریەکانی ئێرە بۆ گورگەکانی ئەو خوارە ئەمترسێنێ.

هەتا جارێك لە خەونێکداو

لە مەراسیمی ناشتنی مردوویەکدا گەشتمە ئەوێ

گۆڕهەڵکەن دەستیپێکرد و بوو بە هاوار و ناڵە ناڵ

کە سەیرم کرد...وا تەرمی ژنە کوردێکە و

پێش چەند ساڵێك لەو شوێنەدا ئەسپەردەیە

چاوەکانی بە سکە خشە هاتوونەتە سەر گۆڕەکە و

ڕوویان کردۆتە قیبلەگاه، نیشتمانی باوباپیری

جلەکانی لە مەلهایەکی سعودیە بە جێ ماوە و

جەستەشی لە گەڵ گورگێکدا لەو گۆڕەدا ئاوێزانە

کە ئەوەم دیت ڕۆشتم پەلی ڕۆحی خۆم گرت

هێنامەوە

نەوەك ئەویش هەر لەوێدا و لەو خەونەمدا ئەنفال بکرێ.

ئاااخ.........وەی لێ لێ وەی لێ لێ

زەمەنێکە لەم دەڤەرە بۆنی گۆشت و خوێن و بارووت کاسیان کردووین

ئەوان لەوێ بە دێڕە تۆخەکانی خیانەت ئاشنایان کردین

ئەمان لێرە...دەیانویست بە چاوی خەواڵووەوە
دێڕە کاڵەکانی حەقیقەتمان پیێ بنووسنەوە.
ئەوان لەویێ ژیانیان لیێ سەندینەوە و خستیانە گۆزەی مەرگەوە
ئەمان لێرە...ژیانیان لە نێوان خۆیاندا بەشکرد و
ئێمەیان دایە دەست قەدەر
ئای.... چۆن ناگریم
چرای ژینم لە کوێرە ڕیێ ی تەمەنمدا
بە دەم لێزمەی خەم و خەزانی خەندەی ئێوەوە کوژایەوە.
وەنەوزێك بوون
داوێك زوڵفی شۆخێکی سەر سفرە و خوانی حەزی دڕەندەیەك
بە خەونێکدا هەڵیواسیم
خەندەیەك بووم بە دەم ئاهێکەوە سووتام.
..................................................
من هەر بە خامەی گلەیی و
بە ناو دەریای خوێنی شەهیداندا دێم و
بە سەر پەڕەی فرمێسکەکانی چاومەوە و
لە ناو پەرتووکی دڵمدا
واژووی (جوو) بوونی خۆم ئەکەم.
گەر بزانم دیجلە و فورات
گۆزەی بیرەوەریەکانم نابەنە ناو کێڵگەی ژانی کوردانەوە





بە هەنسکی شیعرەکانم و بە ئاهی گەرمی ڕۆمانێك
وشکیان ئەکەم.
........................................
هەموو شەوێك لەم مانگەدا
ئەنفال تیلاوە ئەکەم و
هەناسەیەك لە ناخمەوە هەڵئەگۆزم
هێندە بە تین و درێژ بێت بگاتە بەر دەرگای خودا و
هێندە بەرز بیێ عەرشی یەزدان بلەرزێنیێ و
هێندە بەهێز و پتە و بیێ
شەهیدەکانی هەڵەبجە و ئەنفالەکانی باشوورم لە گردی سەیوان پیشاندا
من ئەمەویێ بە هەناسەی شیعرەکانم
هەر لێرەدا ئاسمانێك لە حەشر و نیشتمانێك لە دۆزەختان پیشان بدەم
ئەی ئەوانەی کوردتان بە جوو لە قەڵەم دا و عەرەبیش بە جێنشینی
خوا
لە دینی ئێوەدا هەموو شتێك حەرامە (ئەنفال) نەبیێ...
لە دینی مندا هیچ شتێك حەرام نیە (ئەنفال نەبیێ...
.......................................................
ئاخر پاش ماوەی شەهید بوونی نیشتمان
چەند دڵۆپە خوێنێك نیە هەتا لێوی شیعرەکانمی پیێ سوور بکەم
پاش ماوەکەی

**ڕووبارێکە پڕە لە فرمێسکی خودا و**

**کەنارێکە پڕە لە شەپۆلی خنکاو**

**باخچەیەکە لێوان لێوە لە وردە خونچەی هەڵوەریو**

**بن دارێکە پڕە لە سێبەری مەرگ و**

**دەربەندێکە ژیان تێیدا زۆر ئەستەمە**

**لەم خاکەدا**

**هەر دیلی دەست و قاچ بەستراوە و لە گوڵستانی ئازادیدا**

**گوڵی ڕەنگ هەڵبزڕکا و بەرچین ئەکا و**

**ئەیدا بە شانی ئازاریا.**

**.......................................**

**زۆر لە مێژە پەپو سەڵەمانەی شیعرێکم راسپاردووە**

**تا هەواڵی لە ناو چوون و فەوتانی غەدرم بۆ بێنێ**

**کە هاتەوە**

**دوو شیعرۆچکەی دڵ ناسکم وەعدیان داوە**

**هەر لە چاوتروکانێکدا**

**تەختی پاشایەتی غەدرم لە بەغداوە بۆ بێننە جێ مەنزڵگەی شەهیدان**

**و**

**کوڕە کوردێك لە جیاتی تاجی پاشایی جامەدانەکەی لە سەر نێ و**

**لە سەر ئەو تەختە دانیشێ.**







طاهر غولامی

**طاهر حەمە صالح**

**ناسراو بە طاهر غولامی**

**دانیشتوی هەڵەبجەی شەهید**

**ساڵی لە دایکبوون ١٩٧١**

طاهر غولامی

## ناسنامە

لەدایکبووی شارێکم

ناسنامەی سەدەی بیست و

سەدەکانی کۆتاییە

هەڵەبجەیم

خەڵاتی نۆبلی ئاشتی هەشتاکانم

نوێترین چەکی کیمیاوییە





طاهر غولامی

مرۆڤ دوستان ئەزانن

هەناسەی دیموکراسی

ئێوەبوو هات بەرووما

سنگی گرتم

بوونی سێوی دەست

ئازادی بەرستیکی توو بوو

پێنج هەزار دەنگی کپ کردم

بەبەرچاوی جارنامەی ماقی مرۆڤانەوە

سەدوو هەشتا و دوو هەزار

ژن ومنداڵیان زیندوقڕکرد


کەسێ نیگای بەزەیی تێ نەگرتم

لەکاتێکدا کەوا

قاقای باڵوێزەکانی ئێوە

لە پایتەختی کورد قڕانا

هەردوو گوێچکەیان کەڕ کردم



ئارام شەمێرانی





ئارام شەمێرانی
ئارام حسين قادر احمد
ناسراو بە ئارام شەمێرانی
ساڵی ١٩٨٤ لە هەڵەبجە لەدایك بووە
هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمە، ساڵی ٢٠٠٤
9ساڵە مامۆستای وەرزشە
بۆ ئەم بڵاوکراوانە کاری کردووە:
١- لڤینی سیاسی
٢- لڤینی نوێ
٣- کلیل
٤- تاك
٥- چەتر
٦- ئاسۆی کەمئەندامان
٧- خورماڵ
٨- ئەستێرە
٩- گۆڕان
١٠- ژیانەوە
١١- هەڵەبجە ئینفۆ
١٢- بارین
١٣- باسك
١٤- کوردلاو

خاوەنی ئەم بەرهەمانەیە:
١- شەرمی ڕیشێکی سپی و تارایەکی لەتۆزا دیارنەماو- چاپکراو
٢- بێکەستر لە عەشق غەریبتر لە خەیاڵ -چاپکراو
٣- باخی میر - جینۆساید - ئامادە بۆ چاپ

٤- شیبا - ئامادە بۆ چاپ
٥- شیعری رۆمانسی - ئامادە بۆ چاپ
٦- ژیان و بەرهەمی شاعیری شەهیدی کیمیاباران جەلال عازەبانی - ئامادە بۆ چاپ
٧- دیدارو راپۆرت و وتاری ڕۆژنامەوانی - ئامادە بۆ چاپ
٨- شیعر بۆ منداڵان - ئامادە بۆ چاپ

خاوەنی ئەم خەڵاتانەیە:
١- ئەحمەد موختار- پلەی یەکەم بۆ ڕۆژنامەوانی
٢- گولەهەنار- بۆ شیعر پلەی دووەم
٣- گولە هەنار- بۆ شیعر پلەی سێیەم
٤- ڤیستیڤاڵی شیعری شیوعی دربندیخان
٥- ڤیستیڤاڵی دەستی شار- پلەی سێیەم بۆ سەرجەم شاری هەڵەبجە لە هەموو بوارەکاندا
٦- ڕۆژنامەوانی ژیانەوە لە سلێمانی
٧- ڕێکخراوی گلوباڵ سپۆرت پارتنەری ئەمریکی
٨- سەنتەری پەرەپیدانی هەڵەبجە
٩- ڕادیۆی شارەزوور

بەرپرسی سەنتەری گەشبیری وەلی دێوانەیە لقی سەیدصادق
مامۆستایە لە قوتابخانەی مەشخەڵان
07703577001xazan8884@yahoo.com





ئارام شەمێرانی

## بێدەنگی

حەزی لە میوە بوو کەس بۆی نەکڕی
کەچی پەسڵانی غەدر باراندی
یەك جار لە باوەشی باوکیدا خەوت
یارانی ئەشکەوت لە وەجاخ کوێری تێپەڕین
چەند ڕۆژێ بانگ نەدراو
خوای هەمووشمان ئارامی گرت

ئارام شەمێرانی

## ئەنفالنامە

بەیانی بوو لە ژیان تۆرام
نیوەڕۆ بوو لە ئاوەدانی هەڵهاتم
ئێوارە بوو گەشتمە لادێیەك
تەخت وەكو شوێن پێ
بێدەنگ وەكو ئەسرین
چۆڵ وەك دەسڕی
سواڵكەرێكی بێ ئەزمون
بێكەس وەكو خودا
كچە كانی یەك كە خوێنی لێئەچۆڕا
وتی؛
موعەسكەرێك نێرینە ڕووت بوونەوە لە منداو
دەریایەك ئاویان تیا ڕشتم
تازە بۆ ئابرووم مەگەڕێ
وەك سەموونی وشكی كەڕوو گرتوو
وا لە جوعبەكانیانا
تەنیا وەسیەتیشم هەر ئەمەیە:
ناوێكی كوردی بنێ لە كۆرپەكەم







دیدەوان مەموندی

ناوی تەواو: دیدەوان محسین حسین
نازناو : دیدەوان مەموندی
لە دایكبووی: ١٩٨٨
دانیشتووی: شاری هەولێر

دیدەوان مەموندی

## تابلۆی پڕلەبرین

چاوو دڵی پڕلەژانم هەڵەبجە
جەستەی پڕ لە برینم هەڵەبجە
بەبینینی هەرتابلۆیەکی پڕ لە گریانت
بەبینینی هەرپەیکەرێکی پڕ لە برینت
دنیایێ ووشە دەنووسم
زامی هەڵەبجەم لەکۆڵ ناگرێت
برینێکی هندە قۆلە سارێژنابێ

هیچ کەسێ هیچ شتێک ناتوانێ
تونێتی منداڵێکی چاوگەشی
هەڵەبجەیم بشکێنێ، بشکێنێ
دڵی دایکێکی هەڵەبجەیم ژێرکاتەوە
مەگەر خودا دڵ نەوایی بخوڵقێنی
ئارامی ببەخشێ بەدڵی پڕبرین

١٦ / ٣ / ٢٠٠٩







عوسمان کەرەمی

عوسمان کەرەمی

عوسمان کەرەمی ناوی تەواوی (عوسمان یەدوڵڵا عەبدوڵڵا)یەو لە ساڵی ١٩٩٢ لە دایکبووەو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.
عوسمان لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە یەکەمین شیعری نووسیوەو لە ساڵی ٢٠١١ دا بەشێك لە هۆنراوەکانی لە نامێلکەیەکدا بە ناوی (خەمی غوربەت) بڵاوکردوەتەوە.
تا ئێستا چەندیین جار لە کۆڕ و مەراسیمە نەتەوەییەکاندا بەشدار بووەو شیعری تێدا خوێندوەتەوە.
لە ساڵی ٢٠١٣ دا نامێلکەیەکی تر بە ناوی (گوڵبژێرێك لە وتەکانی د.محەمەد خانی) کە عوسمان ئەرکی کۆکردنەوەو ئامادەکردنی کیشابوو چاپکراوە.
ئێستاش بەرهەمێکی تری شیعری ئامادەیە بۆچاپ.





عوسمان کەرەمی

**هەڵەبجە**


ئەو ڕۆژەی کە دڵ توێ توێ بوو
زامێ لە پشت مێژووی نوێ بوو
16شازدەی مانگی سێ بوو
لە ٨٨ هەشتا و هەشتەکەی سەدەی بیستە
لە ئاسمانەوە بارێ سێویان
خستە خوارێ بۆ هەڵەبجە
بۆن سەرتاپای شارەکەی گرت
کەوتنە لەرزین دەست و پەنجە
لەو کاتەدا گرمە و ناڵە
شین و ڕۆ ڕۆی مامە و خاڵە
ڕۆحی گوڵ و پەپوولەکان
هاواری جوان و پیرەکان
بەرەو ئاسمان بەرزبوونەوە
هاواریان کرد خواگیان خواگیان
ئەمە چ ڕۆژێکە ئەمڕۆ
ڕۆژی وامان نەدیووە خۆ
ئەم بۆنی سێوە بۆ وایە؟
چ نهێنییەکی تێدایە؟!
بۆچی دەگۆڕێ ڕەنگمان؟
بۆچی دەیگرێ دەنگمان
ئەی خودایە ئەی خودایە
هەڵەبجە ئەمڕۆ بۆ وایە

بۆنی سێوان هەر زۆر دەبوو
نەفەس تەنگبوو گیرا گەروو
ئاو لەچاوان فوارەی بەست
کەوتە لەرزین مەچەك و دەست
دوای چەند خولەك کەفی سپی
لە دەمەوە کەوتە زەوی
ئیدی چەند خولەك بوو تەواو
فرمێسکەکان بڕان لە چاو
هەناسەکان لە گیان دەرچوون
نەما دەنگی مەلی خنکاو
گوێیەکان دەنگیان لێ بڕا
پێنج هەزار گوڵ شەهید کرا
ڕۆحی پاك و بێ تاوانیان
بەرەو عەرشی خودا برا

عوسمان کەرەمی
٢٠١٣ / ٣ / ١٦







ڕەشید ڕواندزی

رەشید رواندزی

من رەشید محمد صدیق ناسراو بە رەشید رواندزی
لە دایکبووی ١٩٧٣ م
خۆم خەڵکی رواندزم بەڵام لە شاری هەولێر دادەنیشم
خێزاندارم ودوو منالّم هەیە (( رەوا )) و (( راوێژ ))
دەرچووی ئامادەییم
تا دووی کۆلیژم خوێندووە (( لە زانکۆی بەغدا)) بە هۆی
باروودۆخی خراپی ئەو کات نەمتوانی تەواوی بکەم
دوواتر کۆلیژی پۆلیسم تەواو کردووە
ئێستا ئەفسەرم بە پلەی مولازمی یەک
لە ساڵی ١٩٩٠ دەستم بە شعر نووسین کردووە بە زمانی عەرەبی
دوو پێشانگای شعریم بە زمانی عەرەبی کردۆتەوە لە زانکۆی
بەغدا
لە ساڵی ١٩٩٣ و ١٩٩٤
لە ساڵی ١٩٩٧ دەستم بە نووسینی شعری کوردی کردووە
چەندین نووسینم هەیە لە ڕۆژنامە وگۆڤارەکان لەسەر بابەتی
هونەری و وەرزشی وئابووری
چەندین چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانیم هەیە
بەشداریم لە چەندین فیستیڤاڵ وکۆڕی شعریم کردووە





رەشید رواندزی

**(( بە بۆنەی هێنانەوی رووفاتی ئەنفال کراوەکانی گەرمیان ))**

لێم مەپرسە .. بۆ ڕەنگی ڕەشم پۆشیوە
کاروانی ژیان بۆ لە ناخمـــــدا چەقیوە
باوك ودایك وخوشك وبراکانم واهاتنەوە
بۆنی هەناسەی گەرمیان دەکەم لە دورەوە
باوکە دایکە من لە گۆشت وخوێنی ئێوەم
سەرهەڵبڕن تاوێ لە سەنگەری پێشەوەم
لە باخچەی دڵم گوڵی ئازادیــــــم چنیوە
بۆ گەیشتن بە ئێوە ڕێگای دوورم بڕیوە
چیتر وولات نادەمە دەستی دووژمـن
یان دەوڵـــەتی کوردی یـــان مـــردن

رەشید رواندزی

**هەڵەبجە**

ئەو دەمەی کارەساتیان خولقاند
ویژدانی مرۆڤایەتیان هەژاند
دڵی نیشتیمانی کوردیان هێشاند
لە جیاتی ماچ کیمیایان باراند
لاشەی باوك ودایك وخوشك وبرا
شەقامەکان ئاڕەقەیان لێ دەچۆڕا
هەڵەبجە نوقمی دەریای خوێن کرا
لەبەر چاوی ئاسمان شەهید کرا
ڕووی دەمم لە ئەهلی دەسەڵات دارە
نەکەن غافڵ بن لە خەڵکی ئەم شارە
زامیان قولە وجەستەیان پڕ ئازارە
خەمی چاوەڕوانی ژیان بەسەریان بارە



ژانی کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی




**ڕۆژ هەڵەبجەیی**

**ڕۆژ هەڵەبجەیی**

**من ڕۆژ هەڵەبجەیی لە هەڵەبجە لە دایکبووم.**

**خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم لە هەڵەبجە تەواو کردووە.**

**دواتر چوومەتە پەیمانگای مامۆستایان لەشاری سلیمانی دوای تەواوکردنی خوێندن.**

**ئیستا مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردیم لەیەکێ لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی سلێمانی.**

**هەر لەمنداڵییەوە خەریکی نووسین و خوێندنەوە بووم ئێمە پێمان دەڵێن نەوەی دوای ڕاپەرین کە کۆمەڵێك لە شاعیرانی شاری سلێمانین لەو کاتەوە تا ئێستا پێنج کتێبی چاپکراوی شیعرم هەیە.**

**ئەمساڵیش هەر پێنجیانم کۆکردەوە و لەدیوانێکدا چاپم کردن ئیستا کۆمەلەیەکی ترم ئامادەیە بۆ چاپ.**





**ڕۆژ هەڵەبجەیی**

**( ٨٨ ) زەردەخەنەی هەنار بۆ لێوی هەڵە بجە**

**هاتن و بەقوژبنەکانی**
**هەناسەی(با)دا هەڵگژان و**
**قوڕگی کاتژمێریان کوژانەوە لەچرکە و**
**هەرچی پەشمەکی پێکەنینی هەور هەبوو،**
**نەزۆکیان کرد لەنوقڵی باران و**
**باڵای مانگیان بڕی بەبالیفی شەوە زەنگ و**
**ئەندێشەی خۆریان سڕی،**
**لەسەرچاوەی تیشك و لەجۆگەی گزنگ..!**
**هاتن و هەرچی لاسکی بەزەیی تۆخ هەبوو،**
**لەچاڵی ڕۆحیانا گرمۆڵەیان کرد و**
**هەرچی ئەلیفی قیژەی قەدباریك هەبوو،**
**بەقولاپی سمێڵیانەوە هەڵیانواسی و**
**لەپێکی غەریزەیەکی سفر سلوکدا فڕیان کرد...**
**ئەوان لەفەرهودی بەربەر و لەچەمکی**
**عروبەو لەقۆزاخەی لم و لەقەناعەتی**
**هستریا و**
**لەودیو جەنگەڵە سوتماکەکانی عەرعەرەوە**
**عەرعەری بوون..**

ئەوان لەنەسلی چەهرەی چەتەوڵو
لە ئافاتی ئەنفال ئەوان...
ئەوان نامۆ بەچنینەوەی نزا نسرمەکانی
پەپوولە پایزەیەك و
بەعیشقی ڕەهای ئینجانەیەکی هاوین و
بەباقەیەك ڕۆشنایی لەشەتڵی مۆم و
بەپیاڵەیەك خۆرنشینی سەر لەئێوارە و
بەدوو دێڕ شەوی ناو جانتایەك و
بەلاڤە لاڤی لێوی شۆڕبییەك...
ئەوان نابینا بەروئیای زەمبیلەیەك
پڕە لەپرخەی میوە..!
ئەوان کەڕولاڵ لەمشتومڕی
چەند خەیالاَتێك، بۆ پڕمەی باران...!!
ئێی هەڵبجە ئەوان چییان بینی و
چی دەزانن
جگە لەئارایشتی ئەنفال و
لە ئارشیفی کوشتن....
ئەوان کە تۆیان کوشت، بیریان لەحیکمەتی
ناڵەی کوپەڵەیەك نەکردەوە،
بەموناجاتێکی مۆرەوە،





شەراب لەناویا زیکرەکا...
ئەوان کەتۆیان کوشت، بیریان لەفیگەری
گوڵێك نەکردەوە.. دەست و پەنجەی،
بەگەڵا دائەگیرسێنێ و
چەهچەهەی بولبولێك لەرەحمیا
رادەکشێ..
ئەوان کەتۆیان کوشت، لە لۆژیکی
پەنجەرەیەك تێنەگەیشتن
مینای دڵی، پڕە لەناسنامەی خوا و
تەماشای بەتریفەوە سواغ ئەدا...
ئەوان کەتۆیان کوشت، لەمەعریفەی
دارچنارێك تێنەگەشتن.. خەیاڵی
ئاوسە بەموتالای جۆگەلەو
نەشئەی فڕین، لەمیحرابی لق و گەڵایا
بانگ ئەدا..
ئەوان کەتۆیان کوشت گوێیان هەڵنەخست
بۆ ترپەی ئەو تیشکانەی گەڵا بەحەزێکی مزر ئاسا
خۆی پی دەشوا...!!
ئەوان کەتۆیان کوشت، لێ نەگەڕان کەلاوەیەك
هیلاکی خۆی بتەکێنێ و لەشەرحی درزەکانیا

چڵە گیایەك پیاسە بكا...
ئەوان كەتۆیان كوشت، چییان دەزانی،
لەپلانی ڕۆژانەی لاولاوێك،
كە ئاوێزان دەبوو، بەژنی دیواری
پڕ دەكرد لەپرووشە سەما
دەشتی ئیحا لەخەو هەڵدەسا...!!
ئەوان هەر دەچنەوە سەر ڕەچڵەكی
عیفریتێكی غەوارە تا ئەوپەڕی
ڕەگی سەحرا.. ئەوان..
ئەوان نەخۆش و شكستە،
بەحەرفە بزوێنەكانی هەڵەبجە...
هەر بۆ ئەوەی لە هەڵەبجە چاك ببنەوە،
هەرچی نەشێ و بشێ كردیان..ئەوان
***
هەڵەبجە وا ڕاهاتبوو بەكۆكردنەوەی گازندەی كەسك و
بەدەم گللەیی سورەوە دەیووت:–
كەخیانەتی دوو كەڵێك لێوەكانی چرا تەرجەمە دەكا
بە(٨٨) تروسكەی راسپاردەوە نابمەوە بەهەڵەبجە..
كە كۆترێك گمەكانی فڕێ ئەدەنە لەوحەی عەدەم،
بە(٨٨) باڵەفڕی فیردەوسەوە نابمەوە بەهەڵەبجە





كە كانییەك عیشقی دەپێون بەپیاسەی هەڵم و هەڵاو،
بە(٨٨) دڵۆچە مەمی ئالانەوە نابمەوە بەهەڵەبجە
كەبیلبیلەی جریوەیەك دەنێژن بەزەنگیانەی خووساو
بە(٨٨) ملوانكەی دوو ڕوو گەوهەرەوە نابمەوە بەهەڵەبجە
كە دار بەرووییەك سەرشانەكانی تژی دەكەن بەئەستێرەی برین
بە(٨٨) لووتكەی لووتكەشەوە نابمەوە بەهەڵەبجە..
كە گژەبایەك لە لەشكری گوڵ و
لەخەرابستانی خەزان مارە دەكەن
بە(٨٨) قاپە شیعری ڕەنگی ڕۆمانسییەوە نابمەوە بەهەڵەبجە
كە هەنگاوی پرچێ جانتاكەی پڕدەكەن
لەدووریانی مەنتقی مەقەست
بە(٨٨) خانەقا حوزنی مەولەوییەوە نابمەوە بەهەڵەبجە
كە كەنارییەكی ساوا لەژێر ساباتی بەربەرا،
سێبەری گڕوگاڵی دەڕووشێ
بە(٨٨) ئەی ڕەقیبی دڵی دڵداریشەوە نابمەوە بەهەڵەبجە
كە كچێنی گوڵاڵە سوورەیەك كوێی دەكەن بەفەجری فتوحات
بە(٨٨) مەشخەڵی زەكییە ئەلكانیشەوە نابمەوە بەهەڵەبجە..
كە قاسپەی كەوێك بار ئەكەن بەقورسی سەحرا
بە(٨٨) ڕەنگاڵەی مەشایەخی شنرۆییەوە نابمەوە بەهەڵەبجە
***

هەڵەبجە پێی وتین تەماشا

بەو هەموو توخمی مەرگەوە كەتێم ئاڵاوە

هەر دەچمەوە سەر ژیان دۆستی...

ئیرۆسیم بەقافلەكانی قەدەرنامە و

بەسێڵاوەكانی سەرابنامە و

بەسێڵاوەكانی سەرابنامە و

بەشەهادەت نامەی شكست...

وەلێ یاخی، نەفرەت لەساڵنامەی هەشتاو هەشت...

ساڵی هەشتاو هەشت ساڵی كفری پۆستاڵ:-

قیژەی سوتاوە لەسەر پۆشی شاخ و

پلیشانەوەی تریفەی مانگە لەپشتوێنی دۆڵ و

ناڵەی گیایە لەكراسی دەشت و

تاڵبوونی تەڕاییە لەمەمكی كانی..

ساڵی هەشتاو هەشت:- ساڵی تەجویدی ئەنفال

دەچێتە بیرەوەری شەقشەقە و

بووكە شووشەی مناڵ..

ساڵی تەرجەمەی عەفلەق:- سەری دەبڕێ

لەنجەی درەخت و گەرووی ئاو...!!

هەڵەبجە واراهاتبوو بە كۆكردنەوە گازەندەی كەسك و

بەدەم گللەیی سورەوە دەیوت :-





من پاشماوەی پێنج هەزار كاوڵاش،

ئیتر لەسروتی هەشتەمی چ عیبادەتێكا

شلوێ بوونی شەو بەتەجللایەك بێچم،

لەهەشتا مەزهەبی چ عیشقێكا میلۆدیایەك بنوسمەوە

بەشەرعی چ جاف و گۆرانێكەوە،

بڕۆمەوە سەر یەك ئیمام هەڵەبجەیی،

یەك ئایدیا كوردستانی...

منی هەڵەبجە لە هەشتاو هەشتا، عیشقم ئاسەواری نەما...

كە عیشقییەتی تەمەكانی سێو، لێوەكانمی كوژانەوە

پێنج هەزار خەیاڵم لێ كەوت، لە پاشەكەوتی ژیانا و

هەرچی پرتەقاڵی پەمەیی هەبوو

لە باخچەی موحەجەبەدا قیژەی وەری و

لەتل بوونەوەی بەیانییەكی كەم هۆشا

هاڕەی كرد و

هەرچی ئاوەڵناوی ئاویم هەبوو

لەدرزی پەچەكەی گۆراندا كەم ئەندام و

هەرچی چرپەی ناوقەد زراقم هەبوو،

لە چاویلكەی جادەیەكی ژەهرا، سێبەر قفڵ كراو

ڕژانە نونێكی نوون ئاوای ڕێنووسی نووستن..

من ئیتر تەواو ئیفلاس بە ئاوڕدانەوەی چۆڕێ ئاو..

**چۆڕیٚ باوەش و کۆش و کورسی..**

**چۆڕیٚ دوعاو نزاو فریا..**

**من ئیتر تەواو ئەنفالم بەدوا چۆڕگەی چاوەڕوانی**

**لە ژێر پەرچەمی کام چەتراو**

**لە سەر رانی کام چرپا و**

**لەجلیوەی کام کۆڵانی کچێنیا و**

**لەنۆژەنی کام درەختی ئاوەدانییا**

**هەڵەبجەیەك کۆکەمەوە و**

**هەموو گریانە لەتکراوەکانی مارت لەڕەگەوە هەڵکەنم،**

**بۆ باوەشی ئینجانەیەکی نەخۆش و**

**بۆ کەمەری باخێکی بیٚ تاقەت و**

**ٍبۆ داهۆڵی کێڵگەیەکی قوپاو..**

**تۆ تەماشا شەهیدبونی شارێك،**

**چۆن مەرگ درویٚنە ئەکا،**

**ئێستا، ئێستا لە چەمەکانی عاتیفەوە هەڵدەقوڵێم**

**(٨٨) زەردەخەنەی هەنار بۆ لێوی هەڵەبجە .**

**ئێستا، ئێستا لە چەمەکانی سەرابەوە هەڵدەکشێم**

**(٨٨) گریانی (٣/١٦) بۆ**

**ئەنکێتە ئاشناکانی ئاشوب**

**ئێستا، ئێستا...!!**





**ڕۆژ هەڵەبجەیی**

## سەردەمێك لەبیٚ دەنگی

من نامەوێت بیٚ دەنگیتان تێك بدەم،

کە ئێوە چوون لەگەڵ خۆتاندا

سەردەمێکتان ناشت،

سەردەمێك زەردەپەڕ هەمووکات،

لەئێوارەدا سەری دەشکاو

گەڵا لەپەنجەکانی چلەوە،

لەپەیژەی درەخت دائەبەزی و

فڕین کەسكو سور لەباڵ ئەتۆرا و

گزنگ بەشی ئەوەی نەدەکرد

دەست  بکاتە ملی ئینجانە...

جریوە تامی یادەوەرییەکی نەبوو،

بچێتەوە سەر مەنتیقی باڵندە...!!

کە ئێوە چوون لەگەڵ خۆتاندا،

سەردەمێکتان ناشت،

سەردەمێك گوڵ بیری دەچوو،

بەشکۆفە چاوەکانی بڕێژیٚ...

شەو بیری دەچوو،

تریفە بخاتە ناو ستیانەکانییەوە...

ڕووبار بیری دەچوو،

بەدەم شەپۆلێکی شەلەوە،

پیاسەبکا...

(با) بیری دەچوو،

بێتە میوانێکی مەستی باخچە...

گیا لەبیریا نەبوو،

سێبەر بخاتە سەرشانی...

کانی بەئەوکی پڕ لەخۆڵەوە ئەوەی لەبیرچوو،

مانگ لەفرمێسکەکانیا خۆی دەشوا...

ئەو هەموو بارانە دەباری،

چەم بیری دەچوو،

تەرمی باران لەپرچەکانیا ناونوسکا...!!

هەموو ڕۆژێك سپێدە،

بەنەرمە سەمایەکەوە،

گسکی لەتاریکی ئەدا، کەچی لەبیریانەبوو

فوو لە چرایەکدا پێکا...

نامەوێت بێدەنگیتان تێکبدەم...

کە ئێوە چوون لەگەڵ خۆتاندا سەردەمێکتان ناشت





سەردەمێك ئەستێرە، بەسەر

شانی ئاسمانەوە ئەتریقایەوە

کەچی تەریقەتی تاریکی دەخوێند...

هەور سکێچی بارانی دەکرد،

کەچی تەریقەتی قاتو قڕی دەخوێند...

ماسی بۆ دڵی ئاو هەڵوەدا،

کەچی تەریقەتی فڕینی دەخوێند...

ئاو لەئۆرگازمی تەڕییا تۆخ،

کەچی تەریقەتی تراویلکەی دەخوێند...

کەئێوە چوون لەگەڵ خۆتاندا، سەردەمێکتان ناشت

سەردەمێك شەڕ لەشەهوەتابوو

کەشەڕ لەشەهوەتابوو

پەنجەرە دوور لەبینین،

وەجاخ کوێربوو بەتەماشا...

کۆلان دوور لەڕێگا،

نەزۆك بوو بەهاتووچۆ..

ژوور دوور لەچرپەی چریا،

شپرزە بوو بەژن...

پێکی ڕووناکی دوور لە لەپی شەراب

ماسك بوو بەپژمینی شەو...

جۆگە دوور لەپشتوێنی خۆی،

تابوتێکی درێژبوو بۆ کێڵگە...

چاوەڕوانی دوور لەتامەزرۆ،

پەتای تاعونێك بوو بۆعیشق

مردن دوور لەپەیامی خۆی،

پاسەوانێکی مزەوەربوو بۆ ژیان...!!

کە ئێوە چوون لەگەڵ خۆتاندا سەردەمێکتان ناشت

سەردەمێك ژیان سێوێکی سوربوو،

بەدەم هەناسەبڕکێیچەقۆوە نەزیف ...

سەردەمێك ژیان پرتەقاڵێکی کرچ بوو

لەباخی سنگی کچێکی شەرمندا،

هەمیشە گوشراو...

سەردەمێك ژیان کرێوەیەکی ئەزەلی بوو،

بەچەترو کاسکێتو پاڵتۆوە داپۆشراو..

سەردەمێك پێکەنینی تفەنگەکان،

جوانی راو دەکردو

هەژانی ژیان پڕ لەنەوتن...

سەردەمێك خەونی توولانی،



ژانی کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

قەیرەکچەکان پڕ لەقامچی و

فریادرەسی فەرهادەکان ئاوەژوو...!

سەردەمێك لەتونێلەکانی،

غەریزەدا ژیان نوقم و

مەهدییەك مەراقێکی نەڕواند،

تا لەبیلبیلەکانییەوە خەوببینێ...

سەردەمێك چاوی دەهشەت و

تێرامان بزر دەبوو..

ژن خۆی دەبووە ڕۆمانێکی گوناە و

پیاو خۆی دەبووە نۆڤلێتێکی حەرام و

مناڵ کتێبێکی نیگەران...!!

نامەوێت بێدەنگیتان تێك بدەم،

بەڵام بەجووتێك پێڵاو دەڵێم بێدەنگ بن،

ئیتر قاچەکان لەودیو سەفەرەوە ناگەڕێنەوە...

بەبازنگەکان دەڵێم بەسیە ورنگە، ورنگ

ئیتر مەچەکێکی بڕاو لەودیو مەحشەرەوە،

قیامەتێك هەڵناکا...!

بەچۆڵەوانی بێشکەو جۆلانە دەڵێم:—

ئەزیزم بنوون

ئیتر گروگالێکی کاڵ لەودیو(٣/١٦)وە

ئاسمان ناکاتە چراخان...!

بەکانییەك دەڵێم:–

ریزی گۆزەکان دڵگران مەکەن،

ئیتر سەرشانی لەنجەولارێك،

لەودیو کانیەئاشقانەوە دڵۆپێك ئاو نادوێنێ...!

من نامەوێت بێدەنگیتان تێکبدەم...

بەڵام بەبۆنەی فەریکە سێوێکتانا دەگەڕێمەوە

کە چاوەکانی چاوگ چاوەڕێم دەکا...

بەبۆنی قریوەی هەنارێکتانا دەگەڕێمەوە،

کەشنەی باخی میر قژم شانە دەکا...

بەبۆنی هەڵوژەیەکی چاوڕەشانا دەگەڕێمەوە

کە لێوەکانی باوەکۆچەك ماچم دەکا...

بەبۆنی هەناسەی شاتوویەکتانا دەگەڕێمەوە،

کە کۆڵان سەر گوزشتەی عیشقێکە نابڕێتەوە...

بەبۆنی هەنجیرێکی عەیارتانا دەگەڕێمەوە،

کە گژوگیای سنگی عەنەب باهۆزێکە


مەراقم کاڵ دەکاتەوە...

ئێوە بنوون من نامەوێت بێدەنگیتان تێك بدەم

من نامەوێت...!!







هەردی شەفیق

هەردی شەفیق

ناو:هەردی شەفیق فەریق

پیشە: نوسەرو ڕۆژنامەنووس

ساڵی لەدایکبوون : ١٩٨٠

بڕوانامە : سێ ی ناوەندی

کاری ئێستا: کارمەند :لەڕادیۆی ئێستا

پێشینەی کار: بۆبەشێکی زۆری گۆڤارو ڕۆژنامەکان، گۆشە ستون بابەت نوسیوە. لەوانە ڕۆژنامەی ئاسۆ، هاوڵاتی، ئاوێنە، ڕێبازی ئازادی، میدیا، ڕاستی، پێگە، ژیانەوە، ڕێوان، تەوار، ...هتد لەبواری رۆژنامەوانی

لەبواری ئەدەبیش بۆزۆرێك لەزۆرینەی ڕۆژنامەو گۆڤارە ئەدەبیەکان نوسینم هەبووە، وەك ئێستا، ئاینده، نوسەری نوێ، تەوا، هەڵەبجە، هەنار ......

(٧) کتێبی ئەدەبیم ئامادەیە بۆچاپ لەبوارەکانی ، چیرۆك ، شیعر ، ڕۆمان ، نامەی ئەدەبی
بەناوەکان:
- ڕوئیا نامەی ئەدەبی
- فریشتەی سۆزانی شیعر
- سەمای دۆلفینەکان چیرۆك
- پەیکەرێك لەئێسقان نامەی ئەدەبی
- خۆری تاریك شیعر
- گریانی کوکوختی شیعر
- بۆنامکوژی شیعر





هەردی شەفیق

**ئەنفال**

قەلەڕەشەکان لەسەر تەرمی فریشتەکان ئەخوێنن
لاشەخۆرەکان گۆشتی پێغەمبەرەکان ئەخۆن
جەللادەکان خەریکن قسەی خوا ئەسوتێنن
لەمەککەدا ژنە سیاپۆشەکان
شیری ئەو مناڵانەیان نیشانی خوائەدا ناودڵیان پڕکردن لەلم
لەئۆرشەلیم قەلەڕەشەکان گۆرانیان بۆ بایەکی سەرخۆش ئەوت
لەناسیرە کچەکان ئێخەی کراسەکانیان ئەدڕی و ئەیانوت
عیسایان کوشت، عیسایان کوشت
چۆن قەلەڕەشەکان بەسەرمەرگی ئێمەدا ئەیانخوێند
ئاوا بەسەر مەرگی ئێمەدا گۆرانیان ئەوت
هاتن و بەکۆمەڵێک بتی شکاوی ناودڵیانەوە نمایشی خوایان ئەکرد
هاتن و بتەشکاوەکانی ناو ڕوحی خۆیانیان زیندوو ئەکردەوە
لەناسیرە جێپێکانی ئەو پیاوەیان خوێناوی ئەکرد
بەئازارەوە خودای خۆش ئەویست
لەکەرکوکدا
مناڵەکانیان فێرئەکرد
چۆنچۆنی تەرمی دایکیان بخۆن !
بەحەزرەتی عیسا بڵێن
ئێمە ئەملاکەی تری ڕومەتمان ئامادەکردو سەریان بڕین
بە ئیبراهیم بڵێن
هەموو ئەو بتانەیان لەگەڵا بوو لەسەردەمی تۆدا شکابوون
بەحەزرەتی ئەییوب بڵێن
ئێمە ئاوماندا بەو کرمانەی لەسەر جەستەمان ئەژیان و دڵیان خواردین

بەحەزرەتی موحەممەد بڵێن
لەناو پەیامەکەی تۆدا زیندە بەچاڵیان کردین





هەردی شەفیق

**خاکی خۆڵەمێش**

بۆ هەڵەبجە،
ئەو کۆترەی هەمیشە لە ناو خۆڵەمێشەکەیدا هەڵئەفڕێ

سەدساڵ لەمەوبەر جادوگەرێك وتی
گەردەلولێك هەڵئەکا و دۆلفینی دەریاکان ئەبات بۆ بیابان
بەڵام ئەو گەردەلولە نەفرەتییە بیری ئەچێت
نە دۆلفین لە سەرابا مەلە ئەکا و
نە بیابانیش بە خوێن تینوێتی ئەشکێت

باران بوو باڵی پەپوولە ئەباری
باران بوو گەڵای درەخت ئەباری
باران بوو تەرمی مرۆڤ ئەباری
باران بوو خوێنی کوکوختی ئەباری
شاعیرێك بەر لە من وتی ئیتر لەم ئاسمانە ئیزرائیل دائەکات
ژنێك پێش من وتی
ئیتر ژیان وەرزێکە بۆ هەڵوەرین

خودایە خۆ قەرار نەبوو فریشتەکانت لەم جەنگەدا
خوێنی پەروانەکان ببینن
لە باڵکۆنەکانی مردندا جگەرەبکێشن
پەپوولەکانت لە خوێنی خۆیانا بخنکێن
خوێنی کۆتر بە ناو چاوی ئێمەوە وشك بێتەوە
ماسیەکانت لەم سەرابستانەدا بخنکێن
بە خوێنی خەیاڵ یادگاریەکانمان بنووسین

وتم وای خودایە
لە ناو لاشەکاندا دەنگی منالێك دێت هەتا مەحشەر ئەگرێ
قریشکەی فریشتەیەك دێت هەتا قیامەت ئەڕوا
وتم با گورگ ئەو لاشانە نەخۆن کوڕو کچە هەتیوەکانی مانگن
وتم وای خوایە تەرمی فریشتەکان کۆکەنەوە
هەڵەبجە،خوێنی لەبەر ئەڕوا

دەنگێك وتی :
لەسەحراوە هاتبوون و ڕقیان لەسەوزی و کانی و پەپولە بوو
لەسەحراوە هاتبوون و تاجی خوێنیان لەسەرا بوو

توخودا
ئەو گوڵانە لەدەستی ئەو کچە سوتاوە دەربهێنن
چاوەڕێ ی کوڕێك بووە بیداوەتێ و نەیداوەتێ
وتم لێیگەڕێن خوداش ئەو دیمەنە ببینێ
جارێك پشیلەیەك منالێك دەر ئەکاو گۆشتی دایکی ئەخوا
جارێك منالەکە پشیلەکە دەرئەکاو شیری تەرمێك ئەخوات
لاچن باخوداش ئەو کچە کلۆڵەببینێ
دەزگیرانە دڵشکاوەکەی کردووەتە کۆڵ
من شاهیدبووم هەموو فریشتەکانی خوا ئەگریان
هەموو ڕوح لەبەرەکانی ئاسمان ئەیانقریشکاند
وتم توخودا
بەو پێشمەرگە بڵێن مەخزەنەکەی لەسەرمدا خاڵی بکاتەوە
بەو پازدارە بڵێن هەتا مەلەکوت بەدوای سەیارەکەیا ڕامکێشێ

دەنگێك لەئاسمانەوە وتی :





بەعەگالەوە هاتبوون و ئەقڵیان لەپۆستاڵەکانیانا بوو
بەجزداشەوە هاتبوون و باروت لەخوێنیانا بوو

بەو پازدارە بڵێن
ئایا ئێوەش فریشتەکانی خواتان نەدی
بۆ هەڵەبجەیەکی لەخوێنا شەلال ئەگریان
بەجەلادەکەی بەغدا بڵێن
کێ دەست نوێژ لەوکانیە ئەگرێ پڕە لەجەنازە؟
کێ دڵی ئەو منارە ڕوخاوە ئەداتەوە ؟
بەسەر قورئانێکی سوتاودا کەوتووە ؟
کێ تەرمی مرۆڤ و باڵندەو
ئاژەڵ و درەخت و
ئەم پەیامە کۆست کەوتووە ئەکاتە کۆڵ؟؟

دەنگێك لە ویژدانەوە وتی :
بە کەڵلە سەرێکی قورمیش کراوەوە هاتن و خوێنیان لەبەرابوو
وەك سەرخۆشێك هاتن و ئەقڵیان لەلولەی تفەنگا بوو
من شاهید بووم شارێکیان لەناو خوێنی خۆیا ئەگەوزاند
من شاهیدبووم پەپولەیان بە تێزاب ئەخنکاند
نێودەمی شکۆفەکانیان پڕ ئەکرد لەگوللە
من منالبووم گولەبەرۆژەم ئەفرۆشت و
جگەرەم ئەنا بەلا دەممەوە
وەك نالەیەك لەگەرودا بیتاسێن خەمی ئەوەیان بوون
دەنگی ئەم کەناریە بریندارە بەهیچ جێیەك نەگات
خەمی ئەوەیان بوو مانگ لەناو ئەم دەریای خوێنەدا هەڵنەیەت
کەچی هەڵهات

من شاهید بووم
لەسەحراوە هاتبوون و یەشتا فێری ئەوە نەبووبوون بەدوای
سەرابا نەچن
من شاهید بووم پێغەمبەرێکیان ئەدا لەخاچ
مزگەوتێکیان ئەدا لەسێدارە
بۆ ڕۆحی زەردەشت ئەگەڕان یەخسیری کەن
مانگیان لەناو دووکەڵی باروتا ئەشاردەوە
من شاهید بووم باڵندەکان وەکو گوڵ وگەڵا هەڵئەوەرین
مانگی خەونەکانیان ئەدایە بەر دەستڕێژ
تریفەی خەیاڵەکانیان ئەدایەبەر چەقۆ
لەگۆمە خوێنەکانا دەست نوێژیان ئەگرت
مەرگ بەدەستێك جلی مەغاویریەوە لەئاسمان دەگەڕا
بازگەیان بۆ ڕۆحی پەروانیەك دائەنا بەرەو ئاسمان ئەفڕی
ئەیان ویست خودا لەئاوێنەکانی ئەمشارەدا
بەجوتێك پۆستاڵی تاکەوتاکەوە ببینن
مەخلوق و گوڵو کانیەکانیان ئەکوشت و ئەیانوت ئەهریمەنمان
کوشت
پەپولەو ماسی و منارەکانیان شەهید ئەکردو ئەیان وت شەیتانمان
کوشت

من شاهیدبووم
وەك ڕەوە پاڵنگێکی برسی بۆ خواردنی بێچووە ئاسکێك ئەهاتن
هاتن و ئەیان ویست یونس لەناو سکی دۆلفینەکەدا بکوژن
یوسف لەبیرەکەدا گورگان خوارد بکەن
هاتنو ئەیان ویست خوێنی زەردەشت بەسەر ئاڤێستادا بڕێژن
هاتن و ئەیان ویست موحەمەد لەدەروازەی شارا بدەن لەدار





پوشو پەڵاشیان بۆ ئاگرەکەی ئیبراهیم خڕئەکردەوە
خاچیان بۆ عیسا ئەدا بەکردن
حەللاجیان بەشمشێر ئەکرد بەدوولەتی یەکسانەوە

وەك ئەو خێڵانەی خوێنی ئەسپەکانیان ئەخۆنەوە
هاتن و هیچیان لەمیهرەبانی خوا پێنەبوو
بۆیە بینیان ئەنا بەخوێنی ئێمەوە

من کەچاوم تێزابی بەسەرا ڕژابوو
ڕۆژنامەنوسێك لێی پرسیم چی ئەبینی
وتم پەیامەکانی خۆا بەکوژراوی لەمشارەدا و
پێغەمبەری کوژراو لەکاتی سوجدەداو
فریشتەی خودای کوژراو لەکاتی فەرمانداو
بەهارێکی ئەتککراو لەکاتی گوڵکردناو
خوێنێکی ناکۆتا ئەبینم
لەو مەرگبارانەدا کەهەنسکی خودام ئەبیست، ئەموت:
من خودایەکی بریندارو گریاو ئەبینم
دەنگێك لەغەیبەوە وتی
گۆڕستانیان ئەکرد بەماڵ و ماڵیش بەگۆڕستان
باروت بەدەمارەکانیانا ئەگەڕا
لەسەحراوە هاتبوون و تەقەیان لەتریفەی مانگ ئەکرد
لەسەحراوە هاتبوون و بەخوێن لەشێپیسیان دەرئەکرد

خودای من
لەم مۆزەخانەی کارەساتە خوێنی کاولکاری دەبارێ
تەرمی خۆمم بینی بۆ گەنی کردبوو

کەڵلە سەری خۆمم بینی بەدەستی پیاوێکەوە بوو لەبیابان
من کەچاوەکانم لەدەست دابوو جەنازەیەکی لێڵم ئەبینی
بەجۆرێك ڕاکشابوو
وەك ئەوەی بڵێ بەم زووییە نیازم نەبوو بمرم
وەك ئەوە بڵێت خودایە ئەم هەموو وێنە تاریکەت بیر نەچێت
ئەمە قسەی ئەو مناڵە بوو لەسکی دایکیدا
(خەردەل)لای لایەی بۆکردبوو
ئەمە گۆرانی ئەو پاساریە بوو
بەسەر پێنج زەڕنەقووتەی برسیدا کەوتبوو

فریشتەکان وتیان
لەسەحراوە هاتبوون و بەدوکەڵی جەنگ موعتاد بووبوون
لەسەحراوە هاتبوون و بەخوێنی گوڵ سەرخۆش بووبوون

بەپۆستاڵەکانیان ڕۆحی ناو هێلکەی کۆترەکانیان ئەشکان
ئاویلکەدانی پەپولەکانیان پڕ ئەکرد لەژەهر
ئێسقانی مناڵەکانیان ئەسوتاند و
کلیان ئەبردەوە بۆچاوی ژنەکانیان

من ئەم وت ئەمە سەربوردەی شارێکی کوژراوە لەسوجدەدا
حیکایەتی قەتڵو عامی فریشتەکانی خوایە لەسەرزەوی
دەنگێك لەملەکوتەوە ئەیوت
باکەسێك بێت ئەو هەموو گوناهە ئەرشیف بکات
با کەسێك بێت ئەم مەحشەرە بنوسێتەوە
باکەسێك بێت گوێ لەناڵەی بریندارەکان بگرێت
با چیتر خودا





لەوەزیاتر لەم شارەدا
دڵی نەشکێت

من لەهەڵەبجە هاتمەوە
لەناو هەزاران گوڵە ئەستێرەی خامۆشدابووم
لەهەڵەبجە هاتمەوە سێ ڕۆژ بوو لەناو تەرمەکانا خەوتبووم
بۆنی مردن و مەحشەرو فریشتەی کوژراوی خوام لێئەهات
لەسەرجلی ئەو پەریانەی کفنیان نەبوو نوێژم دابەست و
لەخودام پرسی
ئایا ئەم ئەنفالەش بەشێکە لەعیبادەت؟
لەسەر تەرمی ئەوماسیانەی لەگەراکانا خنکابوون
ڕوم کردە ئاسمان وتم
ئەم قەتڵو عامەش بەشێکە لەخودا پەرستی ؟
لەناو خوێنی ئەو پاساریانەی بەسەر هێلکەکانەوە مردبوون
وتم خودای من
ئێمە پێغەمبەرێکی ترمان ئەوێت
ئەم خێڵەوەحشیە بکات بەکۆتر

من لەوێ بووم پەپولەیەکیان نەهێلا کەمێك جوانیم بیر خاتەوە
کەناریەك نەمابوو غەریبترین گۆرانی دونیا بڵێ
پەروانەیەك نەمابوو نامەیەکی پیادا بنێرین بۆ مەلەکوت
کوکوحتیەکیان نەهێلا بەسەر عیبادەتگایەکیدا بخوێنێ
منارەیەکیان نەهێلا بۆ ئەوەی کۆترێکی پێوە بنیشێ
گوڵێك نەمابوو بەشەونمی دەست نوێژ بشوا
وەك ئەوەی ئەم ئەستێرەیە هەناسەی تیا نەمابێ
هەمووشتێك لەوشارە بێدەنگەدا کز کز ئەگریا


هەتا فریشتەکانی خواش
تۆبڵێ ی خوداش نەگریابێ؟؟

دەنگێك لە ئاسمانەوە وتی
لە سەحراوە هاتبوون و ڕقیان لەجوانی و تریفەی مانگ بوو
شمشێرەکانیان بە خوێنی سەدە کۆنەکان ژەنگی کردبوو

من گوێم لێبوو پەیامنێرێك بەئاژانسەکەی ئەوت :
گەر وێنەیەك لەمانە لەڕۆژنامەکەدا ببینرێت
لافاوی فرمێسك هەڵئەسێت
ناتوانم ، گەورەم ناتوانم
لەئاژانسەکەوە هاواریان ئەکرد:
وێنەی ئەو ماسیانە بگرە لەئاواخنکاون
وێنەی ئەو دەستانە بگرە لەنزادا سەربڕاون
وێنەی پەڕەسێلکەیەکم بۆ بگرە تۆزیك قوڕی پێیە بۆلانەکەیی و
شەهیدبووە
وێنەی ئەو چوار مناڵە بگرە لەسەر سفرەیەکی خاڵی مردوون
نەخێر، نەخێر وێنەی ژنێك بگرە نازانێت کامیان بنێژێت
وێنەی ئەو پاساریە بگرە بەدیار زەڕنەقوتە خنکاوەکانیەوە ئەگری
وێنەی ئەو فریشتانە بگرە بەخوائەڵێن
دڵت بەرگە ناگرێت ئەو هەموو هەواڵە دڵبڕەت پێ بڵێین







**تەرزە جاف**

- ته رزه فائق
- من مواليد ٥-١١-١٩٧٢
- حاصلة على شهادة البكالوريوس من جامعة صلاح الدين –اربيل /كلية الاداب –جغرافيا.
- عملت كمدرسة و باحثة اجتماعية في وزارة التربية
- طبع لها كتاب من قبل رابطة كاوا عام ٢٠٠٠، الكتاب عبارة عن ترجمة دراسات عن تاريخ الكورد و كوردستان
- طبعت مجموعة شعرية عام ٢٠٠٩ من قبل دار اراس للطباعة و النشر
- عملت في مجال الصحافة في السنوات ٢٠٠٧ -٢٠٠٩ في وكالة اصوات العراق حيث عملت كمحققة و مترجمة من العربية للكردية و العكس.
- شاركت في مؤتمر التضامن للشعب العراقي الذي اقيم في ايطاليا عام ٢٠٠٨ كصحفية و ناشطة في حقوق الانسان.
- عملت كمديرة تحرير لشركة ( بيپيجى) في مكتب الشركة في اربيل.
نشرت ترجماتها و كتاباتها في العديد من المجلات و الجرائد العربية و الكوردية (نهاراللبنانية، المدى، گوڵان، ميديا، بيفين...)





**تەرزە جاف**

## لە مێژوو نزیکتر لە ئەمرۆ کۆنتر

کێ بە بیری دێت لە کەیەوە
لەتاو ئەم پێیانەم دەناڵێنم من.
لە کەیەوە هەرگیز ناتوانم هیچ شەوێك ئارام بنووم :
لە گەرمەی خەودا تا بەرەبەیان قاچەکانم دەناڵێنن
خۆشەویستەکەم بێزار دەکەن.

ئازاری پێیەکانم
لە حەکایەتەکانی گەرمیان دوورتر
لە ئەنفالی بارزان تۆقێنتر
لە هەڵەبجە سامناکتر
چیرۆکێك
تا خەیاڵ حەز بکا دوور
تا مێژوو بڕ بکا لێڵ
کەچی ئەمەتا لێرە، لە تەنیشت خۆمەوە
سەمای ژانی پێیەکانم خۆشەویستەکەم بێزار دەکات.

لەوەتەی هەم
قاچەکانم مێژووی ژن بوونی منن
کورد بوونی منن
لەوەتەی هەم دەزانم
چەند ئاستەمە ژن بوون و
کورد بوون پێکەوە .
وێنەکان

دەمێك لێڵ و دەمێك ڕوون
وەك فیلمێكی پچڕ پچڕ كۆن
وەك كەسەری دڵی ژنێك كۆرپە مردوو
دڵۆپ دڵۆپ پێڵووە لێڵەكانم تەڕدەكەن
حەكایەتی سامناكی ئەنفال دەپرژێننە گیانی ماندوومەوە.

ژیانێكی تر
دوور لە ئەمڕۆ
دوور لە زرنگەی زەنگی قوتابخانە
زەمانێك
دەنگی (( ألله أكبر)) بە شاخەكاندا سەرنەكەوتبوو هێشتا
دوور لە كاوبۆ و كلیك و دووكەڵ و جادە
دوور لەم منەی ئێستا هەم
كەچی نزیك
تا مێژووی ئەنفال و
تا كوردبوون و ژن بوونی من دركی پێ بكەن نزیك
وەك تامی تفتی دەنكە زەیتونێكی ڕەش
لە بێئاگاییەوە ناو دڵم تاڵ دادەهێنن.

زەمانێك كوردبوونم لە پێیەكانمەوە بەبیر دەهێنێتەوە
زەمانێكی سەوز
لەوێ ، لە دوور
هەموو شتێك رەنگاورەنگ دەچێتەوە
ڕەنگی ڕەشماڵی بە گوڵینگە رازاوەی ئێمەش لە هەموو شتێك
ڕەنگاوڕەنگتر
كچەكان وەك كێبڕكێ لە گەڵ سروشتدا
زەردو سوور مۆر و سەوز





لەگەڵ گەیشتنی دەستە رووناكە هەڵایسەوەكانی ئاگر
ئاوێنەی ڕەنگاوڕەنگ ئاسا لەوێ دەبریسكێنەوە
خوڕەی ئاو چەشنی مۆسیقایەكی نەرم
مچوڕكی فێنك بە ڕۆحدا دێنێ.
منیش لە دوورەوە
چەشنی خەونێكی هەنارڕەنگ
كچە رەوەندێكی شۆخ
سبەینان لەگەڵ یەكەمین تیشكی خۆر سوجدە بۆ رووناكی ببا
دەسپێرمە ئەو رووناكی و سەوزاییانە جوانیەكانم.

كچە رەوەندێكی پڕ ئەفسانە
قژم بە سەر پشتمدا بە كەزیەكی شل و قورس
سەما دەكەم لە گەڵ جریوەی چۆلەكە
بەری داران دەڕنمەوە لە گەڵ سمۆرە
مەلە دەكەم لەگەڵ ڕەنگی ماسی
پێ بەپێی بەرخەكانم تا سەوزترین بەرزاییەكان.

یادەوەریی پێیەكانم بەرەو لای ئەو كچە رەوەندە شۆخەم دەبەن
یادگارییەكانی ژیانێكی ترم دێننەوە بیر.

یادەوەریە دێرینەكانی پێیەكانم راپێچ
بە دوایان دەكەوم.
بیرم دێتەوە ئەوە منم
خوشكێكی تاقانەی شەش برا
ئاشنا بە گوڵ و سەوزایی و شاخ
بە دەوری ئاگردا سەما
هێشتاش ئەو دەنگانەم دێنەوە گوێ كە سەرمەستیان دەكردین

شەوان.
کراسێکی هەناررەنگم لەبەر
جارجار لە پێی منداڵەکان گیر دەبوون فەقیانەکانم
دڵخۆش بە دەوری ئاگرەکەدا سەما.
من و دەستەخوشکەکانم
بەو هەموو ڕەنگ و بریسکانەوە
پێبەپێی یەك لە گەڵ نەزمی سەما
وەك ئاڵایەکی شەکاوە
پڕ بەو ناوە قریوەی پێکەنینمان.
پێیەکانم دەکێشم بە زەوی دا
لەشم سووك هەڵدەپەڕم
شەوێکی بریسکەداری درەنگە
کە من تەنها تاقە بریسکەیەکم لە پرشنگەکانی.
بە کراسێکی هەنار ڕەنگ
ئەو بنارشاخە دەهێنمە سەما
کەزیەکانیشم باڵندە ئاسا بە ئاسماندا دەفڕن
بێ ئەوەی دووربکەونەوە خۆیان بە پشتمدا دەدەنەوە ،
لەگەڵ من مەست بەو ئاگر و مۆسیقایە سەما .

گەنجەکانیش
هەندێکیان خۆیان تێکەڵ بە سەمای ئێمە
هەندێکیشیان
خەریکی سوڕاندنەوەی ئەو گۆشتانەی ئاگر لە بنیان.

خۆم دەبینم
پێیەکانم لە ناو کەوشێکی سووکەڵەی چەرم
باوکم لەگەڵ چەند پیاوێکی گوند ـ لە نزیك ئاگر





دایکیشم لە گەڵ ژنەکانی تر نزیك ئەوان
جارجار تێکەڵ یەکتر دەکەن قسەکانیان
بە سیحرێکی دایکانەوە لە من دەڕوانن چاوەکانی
خاون ئێستا پێیەکانم
خاو هێندەی تەزووی ئەو سەمای شەوە
خاو هێندەی لەشی ماندووم بەو سەمایە حەز بکات

هێندەی پێناچێت
لێڵ دەبێت لەناو چاوانمدا سەوزاییەکە
لێڵ
دوور
وێنە ڕەنگاوڕەنگەکان خەریکە شپرزە
دەنگەکان وژژەیەکی ترسناکیان تێ بەر دەبێت
بە دوای وێنەکاندا
ناڵەی پێیەکانم دڵۆپ دڵۆپ پێڵووم تەڕدەکەن
یادەوەریی پێیەکانم لە مێژوو دوورتر
دەخزێنە ناو ئەو لاپەڕانەی
هیچ کەس هەرگیز فریای نوسینی هیچیان نەکەوت.

لەوێ من هێشتا گوڵهەنارێکم
کراس و باڵندەکەزیم کردۆتە کەرنەڤاڵ و
ئاگرەکە بەدەوری کەمەرمدا دەهێنمە سەما.
لەگەڵ دەستەخوشکەکانم ئەو شەوە دەکەینە یەکپارچە ڕەنگ
دەنگمان چەشنی باڵندە
تاریکی لەو شەوە دەدزێتەوە.
لەناکاو دەنگم کز هەڵگەڕاو

تێکەڵ بە وڕەیەکی ترسناك
چاوەکانم بەدوای باوکمدا عەوداڵ
ئا ئەوەتا باوکم و پیاوەکان
ترس و حەژمەتی ئەو وڕژەیە بە سیمایانەوە
براکانم و کوڕەکان هەموو شتێك جێ دەهێڵن
بە وێنەی قەڵغانێك بازنەییانە لە دەوری باوکەکان کۆدەبنەوە و دەکەونە مقۆ مقۆ.
چاوەکانی دایکم دەبینم بە دوامدا دەگەڕێن
ئەو هەموو ڕووناکی و سەوزاییە لە بەر چاوم لێڵ
باوکم بانگمان دەکاتە دەوری ئاگر بۆ نوێژ
نوێژێك بەدەوری ئاگردا.

من هەرچەندە لەو شتانە تێناگەم کە دەیڵێمەوە لەوێ
بەڵام سوکنایییەك بە ڕۆحم دەبەخشن.
لەو زەمانە دوورەدەستە
ورووژمی وڕژەی ترسناکیش تا دێ ترسناکتر وڕژەی دێت
دەنگی دایکم وەك لایلایە بە دەوری ئاگر دەسووڕێتەوە
پێش ئەوەی لە ناو گوێچکەمدا
بۆ ماوەیەکی زۆر کورت ئارامیم پێببەخشێت.

هاتن..
ئەوان هاتن
ئەوانەی لە ئێمە ناچن
لە براکانم ناچن
لە باوکم و هاوڕێکانی ناچن
لە دوورەوە بۆنی جەنگ و تامی خۆڵ بڵاودەکەنەوە



ژانی کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

ئەوان
ژەهری سەحرایان خزاندە قوڕقوڕاگەی ئەو هەموو سەوزاییەمان
ئەوان دێن
وڕژەی شمشێرە تینووەکانیان تیژ
دەنگی مۆسیقا و قریوەی ئێمە لە باردەبەن.
منیش ئەمەتام
خۆخزاندووی تەنیشت دایکم
بە دەم ترسەوە دەستەکانم لێوانلێو لە دوعا
دایکم لە باوەشم دەگرێ و هاوار دەکەم
دایکم لە باوەشم دەگرم و هاوار دەکات
من هاوار دەکەم و ئەوان
وڕەی شمشێر و ڕمیان هاوار دەکا
من هاوار دەکەم و ئەوان هاوار دەکەن
شتێك دەڵێن لێی تێ ناگەم
باوکم دەچێتە پێشەوە و دەیاندوێنێت
ئەوان تێ ناگەن و ئەو شتە دەڵێن باوکم تێی ناگا
ئای خودا
فیچقەی خوێن دێ
لە هەموو لایەك فیچقەی خوێن و
هاواری ئێمە و هاواری ئەوان
کە ئێمە لێی تێ ناگەین.
وڕەی شیر و
تیر و تەور و تەورداسیان
گڕ بەردەدەنە گوڵە گەنمەکان
سەری براکانم و سەری هەموو هاوڕێکانیان دەبنە ئامانج بۆ شیرەکانیان

ئەوان بیابانی دیشداشەکانیان
وەك كفنێکی بۆگەنکردوو لە جەستەی کوێستان لوولدەدەن
ئەوان بە نیگا وەك قەلەڕەشەکانیان خەون بە لاشەی ئێمەوە دەبینن
ئەوان ئەو قسەیەی دەیڵێن لێی تێناگەین
ئەوان و چاوە حەشەریەکانیان
کە لە عانی خوێن ڕشتنی پیاوەکاندا تەماعیان وەك گەلە گورگ
بەردەدایە بەرۆکی ئێمە
ئێمە رامان کرد
هاواری ژنەکان تێکەڵ بە خورەی شیوەنی ئاو
بەسەر قرچەی گوڵە گەنمەکاندا داباریـن.
دەبینم
پێیە پانە قڵیشاوەکانی ( ط ) و ( ظ )
بە سەر جەستەی ماسی ئاسای ( ژ ) و ( پ ) دا
ئەوانیش چەند جارێك لەبن پێیەکان دەردەپەڕنەوە
ماندوو ، هەڵبزڕکاو
هەوڵدەدەن خۆیان لە ناو گژوگیا بشارنەوە.

ئەوان لە پیاوەکان دەبنەوە و دەکەونە گیانی کۆرپە و دوواتر
ژنەکان
کچ راپێچ دەکەن
لەسەر ژنان بە شەڕ دێن.
دایکم دیار نەما
باوکم و براکانم .. کەس دیار نەما.
بۆنی خوێن تێکەڵ بە بۆنکڕووزی سووتانی ئەو گۆشتانە دەبن
کە کورەکان دەیانبرژاندن.
من و کچە هاوتەمەنەکانم هەر یەکەو بە لایەکدا





ئەوان بە پێی پەتی و بە تاقە کراسێکی بیابانیەوە
وەك گورگی برسی
ئەو سەوزاییە بە خوێن ڕەش دەکەن.
گۆشاوگۆش براکانم لە خوێن وەردەدەن
ئەو شتە دەڵێن کە هیچ کەس لێیان تێناگا.
دەکەونە گیانی پیر و منداڵ
ئەو شتە دەڵێنەوە کە من تێی ناگەم.
من تەنیا دەمێنمەوە
من تەنیا و
ئەوان وەك گورگ دەکەونە گیانی کچەکانی دەورم
من تەنیا ڕادەکەم و ئەوان لە دوامەوە ووژژەیان دێ
چەشنی گەردەلوولێکی تاریك
پڕدەدەنە گوڵینگەی زەرد و سووری لانکەکان
لە شەویان لوولدەدەن
بیابان خۆڵ و ڕەشەباکەیان دوویشك دەخزێنێتە هەناسەی دارچنار
ئەوان و قژە ڕەش و پێستە تەڵخ و ڕیشە درێژەکانیان
ئەوان و دڵە ژەهراویەکانیان
دەیانبینم.

من ڕادەکەم و ئەو گوڵانە لە بن پێمدا دەپلیشێنمەوە کە ڕۆژانە
بە دەستی خۆم ئاوم دەدان
من ڕادەکەم و کەوشە چەرمەکەم دەدڕێت
دڕك دەچەقنە پێم
پێیەکانم قورس
ئەوانیش لە دوامەوە زیاتر تەماع تەنگیان پێهەڵدەچنێ و
خێراتر

من بە سەر گردەکان دەکەوم
ئەوان بە سەر مەرگی ئامۆزاکانمدا دێنە خوارەوە:
ئەوان ئەو شتە دەڵێن کە من لێی تێ ناگەم.
لە قاچە بێئامانەکانیان گیردەکات شاخ بەردەکانی،
هەنگاو بە هەنگاو پاڵیان پێوە دەنێت بەرەو دواوە .
خێراییان تا دێت کەمتر
دەنگیشیان تا دێت تۆقێنەرتر
منیش ئاسکەکێویەك ئاسا بەسەر شاخەکە سەردەکەوم
هاواریان وەك لوورەی گورگێکی برسی وەختە بدڕێنێ گوێچکەم.
ئەو شتە دەڵێنەوە کە من تێی ناگەم.
پێیەکانم خوێنیان لێ دەچۆڕێ
پێیەکانم سڕ
دەمگەیەننە بەرزاییەکان
ئەو بەرزاییانەی دەبنە تاقە مەفەرێك بۆ دەربازبوونم
ئەو بەرزاییانەی کە من هەمیشە وەك ئاسکەکێویەك
شارەزای پەنا بە پەنایان.
دەنگی ئەوان تا دێت کزتر
بەڵام وژژەی شمشێریان بەردەوام خەریکە ڕۆحم هەڵدەپڕوکێنێ
هەست بە پێیەکانم ناکەم و چیتر هێزی ئەوەم نامێنێت بزانم
چەند دەبێت ڕادەکەم
پێیەکانم دادەوەشێن
دەنگی ئەوان کەم دەبێتەوە و تەنها گوێم لەو قسەیە دەمێنێ کە لێی
تێ ناگەم.
ئاسمان کەمێك ڕووناك
من هێشتا پێیەکانم بە دوای خۆمدا ڕادەکێشم
تەنها گوێم لەو قسەیە دەمێنێ کە لێی تێ ناگەم





ئەو قسەیەی براکانم و باوکیشم تێی نەگەیشتن
ئەو قسەیەی کە دایکە میهرەبانەکەشم تێی نەگەیشت
دەنگی ئەوان هێشتا دێت و
سپێدە کەمێك ئاسمانی ئەو کارەساتە ڕووناك دەکاتەوە
منیش لە تەنیشت تاشە بەردێك
هەموو حەژمەتی ئەو ئەنفالە لە دوایین فرمێسکەکانمدا دەسپێرمە
ئەو شاخە
لە دوایین هەناسەشمدا
ڕۆحم بە وێنەی پەپوولەیەك دەسپێرمە سەوزاییەکان
تا ڕۆژێك حەکایەتی ئەنفالێك بگێڕنەوە
کە هیچ کەس هەرگیز فریای نووسینی هیچی نەکەوت.

من تازە تێ گەیشتم
بۆچی ئێستاش پێیەکانم لەناو نەرمترین نوێندا
هێشتا بۆنی ئازاری ئەو زەمانە دوورەیان لێ دێ
ئەو زەمانەی
کە هێشتا
(( ألله أکبر))
بە سەر شاخەکان
نەکەوتبوو

بانگی سبەینەیە و من هاوار دەکەم و پێیەکانم فڕێ دەدەم...

٢٠٠٦/٤




محمود محمد کریم

محمود محمد کریم لە دایکبوی ٢٨ /١/ ١٩٩٢ لە سلێمانی.
لە هەولێر دەست دەکات بە خوێندن تا تەواو کردنی قوناغی سەرەتایی و پاش گەڕانەوەیان بۆ سلێمانی دەست دەکاتەوە بە خوێندن و ئامادەیی تەواو دەکات لە سالّی ٢٠٠٨ خولیای خوێندنەوە و نوسین دەبێت و لە چەند سالّێکدا وەک خۆشەویستیەک بۆ قەلّەم چەند هۆنراوەیەک دەنووسێت وە یەکەم هۆنراوە بۆ باوکی جوانەمەرگی لە کاتێکی سێ سالاّندا باوکی شەهید دەبێت و خاوەنی چەند پارچە هۆنراوەیەکە و ماوەی سالّێک وەک ڕۆژنامەنوس کار دەکا.





محمود محمد

## هەڵەبجەکەم

خوێنی تۆ بوو بەهاری جوان کرد

یان هاوار و گریەو نالّەت
گەلاّی پایزی لەگەڵ خۆیدا برد
یاخود بۆنی میوەکان بوو
سینەی پاکتانی وا ژەهراوی کرد
نامەوێ بۆنی سێو بکەم
جەستەی ئێوەی وا لەناو برد
لەناو هەموو میوەکاندا
منیش ئەوم دەستنیشان کرد
هێشتا ماون بە ڕۆح زیندوون
ئەو تەنها لاشەتانی برد



کازم کۆیی





کازم کۆیی
ساڵی(١٩٥٧) لە شاری کۆیە هاتوومەتە سەرشانۆی ژیان لە ساڵی (١٩٧٤) ئامادەیی پیشەسازی سلێمانیم تەواوکردووە هەر لەمانگی (٨) ئەو ساڵە وەك فەرمانبەرێکی حکومی دامەزراوم ئیستاش: مامۆستای تەکنیکیم لەپەیمانگای تەکنەلۆجی هەولێر.
بەڕێوەبەری کارگەو کارگێری مەڵبەندی لێتۆژینەوەی دارستان بووم. بەڕێوەبەری کارگێری یەکیتی نووسەرانی کورد بووم.
بەڕیوەبەری کۆمپانیای چوارچرای هونەری بووم.
بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی پەروەردەبووم.
ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردو ڕۆژنامەنووسان و ڕیکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری یاسایی و پاراسایکۆلۆژی کوردستان و یەکێتی مامۆستایان و سەندیکای تەکنەلۆژیکارانی کوردستانم.
تائیستا (٥١) بەرهەمی چاپ کراوم هەیەلەقەبارەو ناوەڕۆکی جیاجیا، لەزۆر بۆنەو یاد و فیستیڤاڵ و بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بەشداریم کردووە چەندان خەڵاتی ڕێزلێنانم وەرگرتووە.
لەساڵی(١٩٧٠)وە وردە وردە هۆنراوەکانم لەبڵاوکراوەکانی قوتابخانە و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوکردۆتەوە .
بەشداری چەندەها چالاکی ئەدەبی و هونەری ترم کردووە لە کوردستان .
چەندەها هۆنراوەم کراوە بە سروود و گۆرانی و مارش بەتایبەتی هۆنراوەکانی بواری منداڵان .
ئێستاش بەردەوامم لەسەر کار و پرۆژە ئەدەبیەکانم.

هێندێ لە کار و چالاکیەکانی مامۆستا ( کازم کۆیی شاعیر ):

١ -چاپکردنی ( ٥١ ) بەرهەمی ئەدەبی لە قەبارەو ناوەڕۆکی جیاجیا .

٢-نووسینی گۆرانی بەناوبانگی هەولێر کە پلەی یەکەمی لە کوردستان بەدەست هێنا

(( ئەی خاکەکەم نیشتمانم لانەوپەنای ئازیزانم
چەند خۆش و دڵگیرە ئێرە دەژیم دەمرم لەم هەولێر... ))

٣-نووسینی مارشی دیدەوانی و ڕابەرین ( کەشافە ) ی کوردستان.

٤-نووسینی سروودی ( ١ ) ی شوبات.

٥-نووسینی بروسکەی هەولێر بۆ هەڵەبجە.

٦-نووسینی سروود و زۆربەی شیعاراتەکانی هەڵبژاردن بۆ لیستی کوردستانی.

٧-یەکەم کورد بووم لە سیئۆلی پایتەختی کۆریا شیعرم بەکوردی خوێندەوە و ( ٢٠٠٠ ) دانەی چاپکراوی بە ( ٣ ) سێ زمانی کوردی - کۆری - ئینگلیزی لێ بڵاوکرایەوە کەجێگەی ڕەزامەندی کۆریەکان بوو وە بەشداری چەندان کاری پەروەردەیی لە تورکیاو ئوردن و لوبنان .

٨-دانانی سروودی ئاوەدانکردنەوەی کۆریەکان بەکوردی و بۆ کوردستان .

٩-دانانی سروودی ژینگەو ژیان بۆ کوردستان بەگشتی .

١٠-دانانی مارشی زانکۆی سۆران ، کۆیە ، ڕاپەڕین .

١١-سروودی هاندان بۆ هەڵبژاردنی کوردستان .





١٢-سروودی تایبەتی قوتابخانەکان ( ٥٠ ) زیاتر و دەیان گۆرانی و ئۆپەرێتی باخچەی ساوایان و ئەفلام کارتۆن .

١٣-بەشداری دەیان کۆڕو سیمینارو بەرنامەی ڕادیۆ و تەلە فزیۆن و ڤیستیڤاڵ .

١٤-وەرگرتنی چەندان خەڵاتی ڕێزلێنان و سوپاسنامە .

١٥-بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و وتەبێژو سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاگەیاندن لە وەزارەتی پەروەردە لەکابینەی پێنجەم .

چەند کار و چالاکی تر ... هتد

١٦-دانانی سروودی ڕۆژی ( تالاسیمیا ) و ( ئۆتیزم ) و ( ژینگە ) ی جیهانی کە ئەم ساڵ ( ٢٠١٣ ) لەشاری هەولێر بەڕێوەچوو .

١٧-دانانی گۆرانیەکی نوێ بە سەر هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کە ساڵی ( ٢٠١٣ ) بڵاوکرایەوە .

کازم کۆیی

## بێزار مەبە

کچی جوان ئەی باوك کوژراو دەزانم بۆچی داماوی
دەزانم بۆ خوێنی باوکت کە جەرگو دڵ هەڵقرچاوی

دەزانم تۆ هەموو کاتێ لە داخانا بەبێ هۆشی
باش دەتبینم بەدرێژی ساڵ لە هەر چوار وەرزا ڕەشپۆشی

دەزانم پڕ لە ئەسرینی دەکەی ئەم دووچاوە کاڵە
کە باوکێکی تر دەبینی هەنگاوی وا بەرەو ماڵە

دەزانم گەلێ بێزاری بە عەزرەت هاتنی مەرگی
کە دێتە پێش چاوەکانت بڕشتی پاشماوەی بەرگی

دەزانم تۆ دەڵێی گیانم بکێشە خوایە خێرابە
کە مناڵێکی تر دەبینی بە دەنگی خۆش دەڵێ بابە

بەبێ باوکم منیش وەك تۆ دڵت نەسوتێ بە خۆتا
منیش وەك تۆ باوکم نەما لە بەندا مرد پێ بە کۆتا





دە هەڵسە ئیمڕۆ نەورۆزە با هەردووکمان خۆ بگۆڕین
خۆت بەبێ باوك مەزانە لە کوردستان گەلێ زۆرین

١٩٧٩

کازم کۆیی

## خۆشەویستی و لافاوی ئەنفال

خۆشەویستم
لەو ڕۆژەوە
کە لافاوی ئەنفالی پیس
ونی کردی
نەمزانی بۆ کوێیان بردی
بەڵام لەبەر چاوی منا
ون نەبوویت و
هەردەم چاوەڕێم دەکردی
شەو و ڕۆژم لێ بوو بە ساڵ
خزامە ناو ژیانێکی تاڵ
هەموو ڕۆژێ بە دوور بینم
سەیری گشت لایەکم دەکرد
دەمووت بەڵکو لەسووچێکا
تێر بتبینم
ئەی ڕۆح و گیانی شیرینم
بەبێ ئاکام هەر دەمڕوانی
چۆن دەسووتام چۆن دەبرژام
خۆم دەمزانی
بێ چارە ساڵانێکی زۆر
چاوەڕێ بووم



ژانی کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

بۆ تیشکی خۆر
کە دەرکەوت
نازانم چۆن گەیشتمەوە
نێو باوەشی کەس وکارم
لەم خۆشیەدا
خۆم دەمزانی چۆن زامدارم
یەکەم دوان و پرسیارم
پرسیم هەواڵی نازدارم
خەندەو فرمێسك تێك ئاڵان
ئەوەی لەوێ بوو دەینالان
لەم کاتەدا
ڕۆح کێشانم لاخۆشتر بوو
گڕی دڵم
زۆر لەجاران بەجۆشتر بوو
کە گۆڕەکەم هەڵدایەوە
نازانم چۆن
هەموو جەستەم نەتوایەوە
بەرامبەر پەیکەری ئێسك
لەناو رووباری فرمێسك
کڕنۆشی ڕێزم بۆ بردوو
جلی بووکێم لەبەر کردوو
قژیم لەسەر چاوی لادا
تارای سوورم بەسەردادا

**بۆ سەرگردە کـەی بـەرمالاّن**

**گــوێــزامــــەوە**

**زۆر دڵخۆش بـووم**

**بــــووژامــــــەوە**

**چونکە هــەتا دوا هـەنـاسەم**

**لــەپــەنجــەرەی ژوورەکـەما**

**لەسەر بـانو حـەوشـەکـەما**

**لەکۆڵانو  لەهەر چوار دەوری دێکەما**

**لــەبـەر چاومەو**

**سـەیری دەکـــەم**

**هەموو ڕۆژ سەردانی دەکـــەم**

**٢٠٠٤**





**کازم کۆیی**

## له خەمیادی ( ١٩ ) ساڵەی ئەنفالی شووم

**١٩٨٨/٤/١٤- ١٤/٤/ ٢٠٠٧**

**کوردستانم**

**لەم ڕۆژەدا**

**هەشت هەزار سلاّوت لێ بێ**

**هێز و گیانم**

**سەدو هەشتاو دوو هەزار جار بەیانیت باش**

**دایکی پیرۆز**

**پێنج  هەزار جاریش ژیانت باش**

**نیشتمانم**

**لەم ڕۆژەدا**

**سەدو نەوەت و پێنج هەزار**

**نا ملێون جار**

**کڕنۆش دەبەم دەم بەهاوار**

**بۆ شەهیدانی نادیار**

**کوردستانم**

**لەم ڕۆژەدا**

**قوربانی بستێکی تۆ بم**

**گەر تۆ نەبی**


**چۆن دەتوانم سەر بەخۆبم**

**لەم ڕۆژەدا**
**ناگشت ڕۆژێ**
**شەهیدە بەرزە فرەکان**
**دەست لە ملانێی ئێمە دەبن**
**بە دڵ و بە گیان**
**لە سایەی وان**
**ئەمڕۆ وا ئازادین لە ژیان**
**دەنا دیل بووین هەتا ئێستاش**
**ئەوان نەبان**
**ئەمڕۆ دەبێ**
**لە هەموو گوندو شارێکا**
**لە ئاستی هەر ئالآیەکدا**
**لە سەر دەرگای هەر ماڵێکدا**
**کەللە سەرێ هەڵبواسن**
**تاکو جیهان**
**مێژووی ئێمە باش بناسن**
**ئەمڕۆ دەبێ**
**لە سەر مێزی ماڵەکانمان**
**چەپکێ ئێسك**
**لە گوڵدانا دانێین وەك گوڵ**
**تا ئەنفالمان هەر لە یادبێ و**





**ببین بە یەك جەستەو یەك دڵ**
**بالەم ڕۆژە**
**لە خەمیادی ئەنفالی شووم**
**هەموو پێکڕا**
**سروودەکەی (ئەی شەهیدان) بلێینەوە**
**یەك بیروڕا**
**بۆ کوردستان بتوێینەوە**



سالّەح هەلاج





## سالّەح هەلاج

بیرەوەریەك لە نێوان شیعر و بەردەوامی لە تەمەن سالّەح عەزەدین فارس ناسراو بە(سالّەح هەلاج) سالّی ١٩٥٤ لە گوندی عەلیانی سەر بە شاری كفری لە دایك بووم، ئێمە بنەمالّەیەكین ناسراوین بە بنەمالّەی(هەسەن خاتوون) باپیری هەسەن خاتوون مەلاو مەلازادە بوونە، سالّی ٩٨٤ كۆچی بەرانبەر بە سالّی ١٥٧٦زاینی مەلا حەسەنی كوڕی عەبدوڵلا) كە دەبێتە باپیرەی گەورەی (هەسەن خاتوون) سی جزمەی قورئانی بە دەست خەتی خۆی بە ڕەنگی ڕەش و سوور نووسیوەتەوە وشوێن و كات و ڕۆژ و مانگ و سالّ و تەنانەت ناوی كەسانی ئامادەبووی تەواوكردنی و پەسەندكردنی تۆماركراوە، تاكو ئێستاش ئەو قورئانە لای بنەمالّەكەمان پارێزراوە، (٤٠٠)سالّی پێش ئێستا لەگوندی (نمەشێر) سەر بە شارۆچكەی(بانە) لە ڕۆژهەڵاتی كوردستانەوە هاتوونەتە باشوری كوردستان، سەرەتا لە شارەدێی (نەوجول) سەر بە شاری(خورماتوو) جێگر بوونە پاشان چوونەتە گوندی(ئاوباریك لە بناری گل)ی دەڤەری گەرمیان، پاشتر چەندین گوندیان لە و سنورەدا ئاوەدانكردووەتەوە.

ئێمە خێزانێك بووین جگە لە دایك و باوكمان پێنج براو دوو خوشك بووین، من سالّی ١٩٦٠ لە شاری كفری خراومەتە قوتابخانە.

ساڵی ١٩٦٣ باوکم دەبێتە پێشمەرگە لە ترسی زوڵم زۆری حەرەس قەومیەکانی بەعس، خانەوادەکەمان ناچار دەبن لە شاری کفری هەڵدێن و پەنا دەبەنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشەرگەی کوردستان لە دەڤەری گەرمیان، من لە پۆلی سێی سەرەتایی لە قوتابخانە دابڕام، باوکم ماوەی سێ ساڵ پێشمەرگە بوو، ساڵی ١٩٦٦گەڕاینەوە بۆ شاری کفری بە بیانووی ئەوەی تەمەنم گەورە بوو لە قوتابخانە وەرنەگیرامەوە، برا گەورەکەم نانەواخانەی هەبوو منیش شاگردی بەردەستیم دەکرد، ڕۆژانە هاوڕێکانی خۆم دەبینی بە جل و بەرگی خاوێن و جوانەوە دەچوون بۆ قوتابخانەو دەیانتوانی کتێب بخوێننەوە، هەستم بەبێبەشی خۆم دەکرد لەو بەشەی ژیان، چوومە قوتابخانەی شەوانە و دەستم بەخوێندن کرد لەشاری کفری، ستەمی زەمەن ئەوەیشی پێڕانەدیم هەر زوو کەوتمە جیهانی جەنجاڵی سیاسەتەوە، سەرەتای ئاشنابوونم بەکتێب و وێژەی کوردی لە ناو کتێبە کۆنەکانی باوکمەوە دەستی پێکردووە، هەڵبەتە باوکم کاتی خۆی لەحوجرەی مزگەوت خوێندوویەتی بەڵام پاش کۆچی دوای باوکی وازی لەخوێندن هێناوە، ئەوکتێبە کۆنانەی سەردەمی فەقێیاییەتی هەر مابوو، وەکو( خورشید وخاوەر ویوسف و زولێخا و شیرین وفەرهاد و دەیان





کتێبی تر. باوکم دەنگ وئاوازیشی خۆشبوو، شارەزای مەقامە کوردیەکانی وەکو(ئەڵاوەیسی وخاوکەر وخورشیدی وقەتار و ئای ئای)هەبوو، ئەوسەردەمە باویش بوو کتێبە داستانەکان بەدەنگی تایبەتی لە ناوکۆڕ و دیوەخانەکاندا دەخوێندرایەوە، باوکم کەسێکی سەرکەوتووبوو، خۆیشی شیعری دەنووسی بەتایبەتی شعری میللی، دیوانێکی شیعری هەبوو ساڵی (١٩٦٣)کاتێ حەرەس قەومیەکانی بەعس هاتنە سەرماڵەکەمان بەشێك لە ماڵەکەمانیان سوتاند، دیوانە شعریەکەی باوکم بەرئەو سوتانەکەوت، هەندێ شیعری لە بەر مابوو لای خۆم یاداشتم کرد، وەکو لە پێشدا ئاماژەم پێدا لە عەشقی کتێب و خوێندن پەنام برد بۆ کتێبە کۆنەکانی باوکم، هەر وەکو ئەو دەمتوانی بە ئاوازی خۆش بیان خوێنمەوە، ئەوە بۆ من پاڵنەرێکی باش بوو تافێری خوێندن و نوسین ببم، جارێکیان لەبەردەم ماڵی خۆمان کتێبی(جومجومە سوڵتان)کە نامیلکەیەکی بچوك بوو بە دەستمەوە بوو، مامۆستا ئازاد حسەێن قەرەداغی کەخەڵکی گەڕەکەکەمان بوو ئەویش وەستابوو تەماشایەکی کتێبەکەی دەستمی کرد، ووتی: ئەمەکەی شتە دەیخوێنیتەوە، منیش بەشێوەی ئاخاوتنی ئەو سەردەمە وتم: ئەفەنی ئەی چی بخوێنمەوە کتێبی ترم دەستناکەوێ. ئەوسەردەمە کتێبی کوردی

زۆرکەمبوو بەتایبەتی بۆ شارێکی وەکو کفری هەرکتێبێکی کوردی لە هەرماڵێك بگیرایە لە لایەن ڕژێمەکانی عێراقەوە گەورەترین تاوان بوو، مامۆستا ئازاد وتی: گەر حەز لە کتێب خوێندنەوە دەکەیت من کتێبت دەدەمێ بەڵام چوار مەرجم هەیە وتم: مەرجەکانت چیە وتی:یەکەم نابێ لەسەری بنوسی، دووەم نابێت بینوشتێنیتەوە، سێیەم نابێ بدڕێت، چوارەم نابێ پیسی بکەیت.
مەرجەکانم پەسەندکرد و چوینە ماڵیان دایکی دۆلابێکی هێنا، ئەوەی لە بیرم بێت(دیوانی نالی وکوردی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و گوڵاڵەکانی ڕۆژگار وگۆڤارەکانی هیواو گەلاوێژ و مێژوی ئەدەبی کوردی و گەلێك کتێبی تریش کەئێستا لە بیرم نەماون تیابوو، هەرجارێ کەدەچوم چەند کتێب بووگۆڤارم دەهێناو دەمخوێندەوە و پاشترلە سەر ڕێنوێنەکانی ئەو دەمبردەوە، ئەوە بۆمن هاندەرێکی باش بوو، لە ماڵی خۆمان لە ژێر پلیکانەکەماندا ژورێکی (٢+٢)هەبوو خاوێنم کردەوە و دۆلابی کتێبەکەی باوکمم هێنایەلای خۆم. بەردەوام کتێبم دەخوێندەوە، لە گەڵ ئەوەیشدا سەلیقەی شیعر و نوسینم پەیداکرد و هەندێ شتم نووسی، هەندێ زمانی شعری فێر بووم، لە ناو هاورێکانم بۆیانم دەخوێندەوە، زاراوەی(سوپەر وکۆت و کەلەپچە و ژاکان و هەنیسك، هەندێ زاراەوی لەو جۆرانەم لە





ناو شیعرەکانمدا بەکار دەهێنا، بە عەقڵی گەنجیمان ئەوانیش سەرسام دەبوون لە جوانی وگەورەیی شعرەکانم، منیش خۆم بە شاعیرێکی گەورە دەزانی. پاش بەیانی(١١) ئازاری ساڵی١٩٧٠بڵاوکراونەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبی کوردی دۆخێکی نوێ هاتە ئاراوە، لەو سەروبەندانەدا هاورێ خۆشەویستم(ساڵح ئەمین)لە پەیمانگای کشتوکاڵی حەویجە دەیخوێند، هەر جارێ لە کەرکووك دەگەڕایەوە چەندین کتێب و گۆڤاری بۆم دەهێنایەوە زۆر سوودم لێدەبینی، لە وسەر و بەندەدا لە شاری کفری بزوتنەوەیەکی ئەدەبی پەیدابوو لەلایەن مامۆستا لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی و ئەحمەد شاکەلی یەوە ڕابەرایەتی دەکرا، تازە مامۆستا لەتیف هەڵمەت کۆمەڵە شیعرێکی بە ناوی(خواوشارەبچکۆلەکەمان)بڵاو کردبۆوە، هەموو هەفتەیەك لەچاپخانەی قادر ئەبوو شوارب کۆدەبنەوە و باسی شیعر و بزوتنەوەی شیعریان دەکرد، ئێمەمانان زۆر شەرمان لێیاندەکرد و نەمان دەوێرا خۆمان لە قەرەبان بدەین، بەتایبەتی من زۆر شەرمن و ترسنۆك بووم، چوونکە ئاستی خوێندن و خوێندەواریم زۆر نزم بوو، جارێکیان لە ڕێگەی شاعیری جوانەمەرگ(فەریق ئەمین)وە بەشداریم لە و کۆرە ئەدەبیەدا کرد، شیعرێکم نووسیبوو خۆم بە کەڵە شاعیر دەزانی، زۆر

بەشــەرمەوە شــیعرەکەم پیشــانی مامۆســتا لەتیـف هەڵمەت دا، ئەوەی لە بیرم بێت نووسیبووم:

گەر بەهەشتم بۆ تاپۆکەن شەرتە بەبێ تۆ تێی نەچم
چونکە بەو عەشقەت شێتانە من پابەندو مل کەچم
ڕەحمێ بکە بە حاڵی من ئەتۆ بی و خوا جارێ
شەرتە تا ماوم لە ژینا قەت لە مەیلت دەرنەچم

کاك لەتیف تەماشایەکی سەر پێی شیعرەکەمی کرد و کاغەزەکەی دڕی، زۆرم پێم ناخۆش بوو بە جارێ هیچ ئومێدم بە خۆم نەما، کاك لەتیف زانی من زۆر دڵگران بووم ئاوڕی لێم دایەوە و وتی: خۆ دڕیم، وتم بەڵێ دڕیت، وتی بۆ وتم: من چوزانم، وتی: ئاخر شیعر نەبوو.
وتی: گەر حەز دەکەی فێری شیعر ببیت دەبێت کتێب زۆر بخوێنێتەوە شارەزای بنەماکانی شیعری ببێ زۆریش ئامۆژگاریمی کرد و هانیدام بەردەوام بم، منیش بەقسەیم کرد و ماوەیەکی زۆر خۆمم ماندوو کرد و دەچوومە ناو وردەکاریەکانی شیعرەوە، شیعرێکم لە سەر شێوازی نوێ نووسی، پاش چەند مانگێ خۆماندوکردن لە دانیشتنێکی تردا شیعرەکەم بەناوی (پەیامێك لە زەردەشتەوە*) پیشانی دا ئەمجارەیان دووسێ جار شیعرەکەی





خوێندەوە و دەستی کرد بە ئافەرین و گوتی:
من دەمەوێ بەم شێوازە درێژە بە شیعر نووسین بدەی، ئەوانیش کە دانیشتبوون دەست خۆشیان لێ کردم، ئەوە بۆ من ئومێدو هیوایەکی گەورە بوو، لەو کاتەدا هەستێك لە دەروونمدا پەیدا بوو گەر هەوڵبدەم منیش کەمتر نیم لەوان، کەواتە منیش دەتوانم هێز و توانای خۆم بەکار بهێنم بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانم و کەسایەتی خۆم بسەلمێنم، واتە ڕێ ڕەوی خۆم لە چایخانەکەی قادر ئەبو شوارب بینییەوە، تا ماوم خۆم بە قەرزاری مامۆستا(ئازاد حوسێن قەرەداغی و(گرووپی شیعری کفری) بەتایبەتی مامۆستایان لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی) دەزانم کە منیان بە خۆشەویستی کتێب و بڵاوکراوەکان ئاشناکرد، پاشتر لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا قەرەداغی و کەنعان مەدحەت و فەریق ئەمین هەمیشە باسی شیعر و ڕەوتی شیعری کۆن و نوێمان دەکرد.
جارێکیان شیعرێکم بۆ مامۆستا کەنعان مەدحەت خوێندەوە کە دەڵێت:

ڕۆژ ژمێرێ تەمەنی خۆم
تێیدا هەبوو
خۆشی و شادی و زەردەخەنە

مامۆستا کەنعان بە دەستەواژەی (زەردەخەنە) دەستی کرد بە پێکەنین و منیش وتم:
ئەوە نیە خۆمان گەر پێبکەنین دەڵێین: ئەوەندە (خەنیمان)، ئەوە بوو بە نوکتە لە نێوانماندا، هەموو جارێ دەمانگوت: (کورە با نەختێ بخەنین) هەر لەو ڕۆژگارەدا هەلێکمان بۆ هەڵکەوتبوو لە کۆڕ و یادە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا شیعرمان دەخوێندەوە، یان لەبڵاو کراوە دیواریەکانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان یەکێتی قوتابیانی کوردستان شیعرمان بڵاو دەکردەوە، چونکە لە شاری کفری هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێك نەبوو تا ئەزمونی خۆمان تاقی بکەینەوە تەنها لە ناو شاری کفری دا دەناسراین.
ساڵی١٩٧٣بەهۆی جموجۆڵی سیاسیەوە لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی ڕژێمی لەناوچوی بەعسەوە ماوەی ١٨مانگ دوورخرامەوە بۆ پارێزگای بەسڕە، ئەوە بۆ من کارەسات بوو ئاگام لە هاوڕی و کەس وکار و کۆڕە شیعریەکان نەما، لە ناو پایگایەکی سەربازیدا دەست بە سەرکرام و جلی سەربازی کرایە بەرم و مۆلەت نەدرام بە سەردانیش بگەڕێمەوە بۆ کوردستان، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول مانگی چواری ساڵی ١٩٧٥گۆازرامەوە بۆ سەربازگەی سلێمانی دوای هەژدە مانگ مۆڵەتم





وەرگرت و گەڕامەوە بۆ گەرمیان ماڵی خۆمان لە شاری کەلار بینییەوە چونکە باوکم نەیوێرابوو بگەڕێتەوە بۆ شاری کفری لە شاری کەلار نیشتەجێ بوو، ئەو ڕۆژە گەیشتمەوە ماڵی خۆمان هەواڵی کتێبخانەکەم پرسی دایکم وتی:
لای (گوڵۆ)ی پورتە لە کفری، ئەو سەردەمە تەنها یەك پاسی ڤاڵڤۆ هەبوو لە نێوان کەلار و کفریدا، کاتژمێری پێنجی بەیانی لە کەلارەوە دەکەوتە ڕێ بەرەو کفری گەر فریا نەکەوتیایەی بە جێ دەمای (پاسی خوالێخۆشبوو حاجی حەسەنی شێخ لەنگەری بوو پیاوێکی بەسەلیقەو دڵفراوان بوو لە هەموو گوندەکانی نێوان جادەی کەلار کفری دەوەستا و خەڵکی ئەوەی بۆ شاری دەبرد بۆ فرۆشتن و سەودا کردن لە مریشك و مەڕ و بزن و هەرشتێکی تر لەو پاسەدا باردەکرا سەرەڕای خەڵکەکەیش هەر لەو پاسەدا سوار دەبوون، بە پێچەوانەشەوە خەڵکەکە دەگەڕانەوە بۆ گوندەکانی خۆیان و هەر شتێکیان دەکڕی هەر بەو پاسە دەیان هێنایەوە).
ڕۆژی دووەم چووم بۆ کفری ڕاستا و ڕاست چووم بۆ ماڵی پوورم و پاش بەخێر هاتنەوە و هەواڵپرسین، پرسیاری کتێبەکانم کرد ئەویش وتی:
ساڵەح کوڕم ئەوەندە جوان تەنوری سوردەکردەوە و نانی دەبرژاند(واتە هەمووی سوتاندبوو) ئەو لە

قسەی خۆی و منیش بە گریان! زیاتر لە یەك کاتژمێری خایاند، بە دڵشکاویەوە بێ ئەوەی سەردانی ماڵی خزمەکانم بکەم کە ساڵ و نیوێك بوو نەیانم بینی بوو گەڕامەوە بۆ کەلار.
من درێژەم بە خوێند و شیعر نووسین دەدا چونکە ئەو خۆشەویستیە و حەزەم بۆ بۆ خوێندن و شیعر هەبوو، چونکە ئەو ڕۆژگارە هەر ئەوەم بۆ کوردایەتی مرۆڤایەتی هەبوو لە ڕێگەی شیعرەوە کەف کوڵ و هەست و نەستی خۆم ئارام دەکردەوە.
یەکەم شیعرم لە لاپەڕەی ئێمەوە خوێنەران ژمارەی(٨)ی ڕۆژنامەی (پاشکۆی عێراق).ساڵی ١٩٧٧بڵاوکردەوە بەناوی (ئاواتێکی چاوەڕوانکراو*) سەرپەرشتیاری لاپەڕەکە نووسی بووی(ساڵەح هەلاج لە یەك ساڵ زیاتر نەیتوانیوە لە قوتابخانە بخوێنی بەڵام ئێستا شیعری جوانیش دەنووسێ)ئەوە بۆ من جارێکی تر گوڕوتێنی پێ بەخشیم، کە بیستم شیعرەکەم بڵاوکراوەتەوە چووم بۆ بەغدا(٢٠)دانەم لە ڕۆژنامەکە کڕی و هێنامەوە بۆ کەلار و پێشکەشم دەکردنە هاوڕی و شێعر دۆستان.
دیسان ساڵی ١٩٧٧ لە بڵاوکراوەی (ڕنجی کرێکار**) ژمارە(٢٨)کە بڵاوکراوەیەکی یەکێتی کریکاران لە سلێمانی بوو شیعری (گۆرانی مناڵێکی فەلەستینی***)م بڵاوکردەوە.





ساڵی ١٩٨٠بوومە پێشمەرگە لە هەرێمی پێنجی قەرەداخ، دەستمان نەدەگەیشتە بڵاوکراوەکانی شار و شۆرشیش تازە هەڵگیرسا بوو بارەگامان نەبوو بەتایبەتی لە ناوچەی گەرمیان لە دێهاتەکاندا جەولەمان دەکرد،کە دەچووینە هەرگوندێك مزگەوت ئوتێلی پێشمەرگە بوو سەرم دەکردە ڕەفەو دەلاقەی مزگەوتەکاندا بۆ کتێب و دەست نووس دەگەڕام زۆر شتی باشم دەست کەوت.
ساڵی ١٩٨٤ سەردانی کاك نەوشێروان مستەفام کرد، ئەوکات ئەو سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و کەسی دووەمی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو دوای هەڤاڵ مام جەلال، داوام لێکرد هاوکاریمان بکات بڵاوکراوەیەك لە گەرمیان دەربکەین ، ئەویش ناردمی بۆ لای مامۆستا جەوهەر کرمانج لە یەکێتی نووسەرانی کوردستان، برادەرانی یەکێتی نووسەران هەڵوێستیان باش بوو ناوی بڵاوکراوەکەمان دیاری کرد بە ناوی(گڕی گەرمیان) داوایان لێمکرد بگەڕێمەوە بۆ گەرمیان بابەت کۆبکەمەوە، سەردانی نووسەران(دکتۆر حەمە کەساس ئەوکات کادری شۆڕش بوو مامۆستا برایم باجەلان و مامۆستا عەبدوڵڵا کەریم مەحمود ڕەباتی مامۆستای گوندی تازەدێ گەرمیان بوو کاك ڕزگار حاجی حەمید و مەهاباد قەرداغی و فاتیح سەلام و خوالێخۆشبوو عەلی مەعروف شارەزووری ئەویش

فەرمانبەر بوو لە کشتوکاڵی کەلار)چەندین کەسی تر کە ئێستا ناوەکانیانم لە بیر نەماوە، بابەتەکانم کۆکردەوە دیسان گەڕامەوە بەرەو سورداش بۆ لای یەکێتی نووسەرانی کوردستان و بابەتەکانم پێیان سپارد، بۆ هەواڵی گۆڤارەکەمان جارێك سەردانی مامۆستا جەوهەر کرمانجم کرد لە سلێمانی چونکە دان و سان بوو لە نێوان یەکێتی نیشتمان کوردستان و ڕژێمی عێراقی، مانگی نۆی٩ساڵی ١٩٨٤ لە ماڵی (قادرفارس)لە کەلار لە لایەن مەنزومەی شەرقی ئیستیخباراتی عێراقیەوە گیرام ڕەوانەی باقوبەکرام کاك قادریشم لەگەڵدا بوو، چونکە هێشتا دان و سان تێك نەچوو بوو پاش ماوەیەك ئازاد کراین، ماوەیەکی کەمی پێچوو دیسان شەڕ هەڵگیرسایەوە و ئەمجارە ماڵی باوکم لە گەڵ مناڵ و خێزانەکەی خۆمدا هاتنە دەرەوە چوونکە دوو برای ترم بەناوەکانی شەهیدان سەلاح و شەهید کامەران پێشمەرگە بوون، پاش هەڵگیرسانەوەی شەڕ ئیتر ئاگام لە سەر بوردی گۆڤارەکەمان نەما، یەکێتی نووسەرانی کوردستان بە بیانووی ئەوەی شەڕ هەڵگیرساوەتەوە بارەگاکان گواستراونەتەوە توانای دەرکردنی گۆڤارەکەیان نەبووە گۆڤارەکەی ئێمەیش( شەوەبردی*) پاشتر هەنێکیان بە تایبەتی بابەتە شیعرەکان لە گۆڤاری( گزنگ لقی کەرکووك)





بڵاوکرایەوە شیعرێکی منیش تێدا بڵاوکرایەوە بەناوی (شاباشی خوێن**).

دوای ساڵی ١٩٨٤ نەوارێك(موسەجەل)ێکی بچووکم دەست کەوت من کادری ڕێکخستن بووم بە هۆی جەولەکانمانەوە هەموو خەڵکی گوندەکان دۆست و براو کەسمان بوون هەموو خەڵکەکەمان دەناسی خەڵکیش ئێمەیان خۆشدەویست، هەر حیکایەت و شیعر و بەسەر هات و ڕووداوەکانی ناوچەکەو فۆلکلۆرو و کلتور و ژیانی کۆمەڵایەتی هەبوو تۆمار دەکرد و پاشتر لە دەفتەری گەورە گەورەدا هەر بابەتێك بە جیا لای خۆم ئەرشیفم دەکرد، ماڵەکەم لە گوندی عەلیانی زێدی خۆم نیشتەجێ ببوون، ساڵی ١٩٨٥ ڕژێمی ئەوسای عێراقی قوتابخانەی گوندەکانی داخست، شۆڕش بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە هاوکاری یەکێتی مامۆستایانی شۆڕشی کرد، لە کادرەکانی خۆی ئەو مامۆستا و خوێنەوارانەی ناو سوپای عێراقی هەڵهاتبوون بۆ ناوچە ئازادکراوەکان کەوتە ئاوەدانکردنەوەی قوتابخانەی گوندەکان و شۆڕش موچەیشی بۆ بڕینەوە، من بووم بە مامۆستای گوندی عەلیان، بەشێك لەکتێبخانەکەم کە مابوو هێنام بۆ لای خۆم و دەرفەتی زیاتر بۆ لوا چی لە ڕێگەی خوێندن و چی بە نووسینی ئەو بابەتانەی کۆمکردبوونەوە، هاوزەمان لایەنە سیاسیەکانی

کوردی و عێراقی و ئێرانی کە بارەگاکانیان لە کوردستان بوو بڵاوکراوەی زۆری جۆراوجۆریان دەردەکرد بە زۆری پێم دەگەیشتن کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندم هەبوو.

ڕۆژی ١٩٨٧/١٠/٢٠ دوو فرۆکەی سیخۆری ڕژێمی بەعسی عێراقی بە ڕۆکێتی عەنقودی و ناپاڵم و فسفۆر گوندی کانی عوبێدی گەرمیانی بەردوومانکرد، ماڵی باوکم نیشتەجێی ئەو گوندە بوون ١١کەسی سفێلی گوندەکەی شەهید کردو سی وسیٚ٣٣کەسیش بریندار بوون، لە نێوان شەهیدەکاندا دایکم(گورجیە عەلی کەرەم) و کامەران برام و نەنکم دوو ئامۆزاو ئامۆژنم لە حەوشی ماڵی باوکم شەهید بوون، ساڵی ١٩٨٨ لە شالاوە بەدناوەکەی ئەنفالدا حەوت جگەر گۆشەم و هاوسەرەکەم بە ناوەکانی( بەفراو فەرەج عەلی و هیوا ساڵەح و کوردستان ساڵەح و ڕێبەر ساڵەح و گەرمیان ساڵەح وکاروان ساڵەح و شاخەوان ساڵەح و زریان ساڵەح) بەر ئەو شالاوە کەوتن و تاکو ئێستاش بیٚ سەرو شوێنن، ئەوە گەورەترین کارەسات بوو بەسەرماندا هات، لە شەڕی بەرگری لە گوندی (ئۆمەربل) بریندار بووم، هەر لەو تاوانە نەگریسەدا کتێبخانەکەم و زیاتر لە(چوارسەدو پەنجا٤٥٠) پارچە شیعری کورت و درێژم لەگەڵ دەسنووسی کلتوری و فۆلکلۆری و





ڕوداوی مێژووی کۆن و نوێی ناوچەکە کە هەوڵی چەندین ساڵەم بوون تیاچوون، ئەوانیش خەمێکی تر بوون بۆم.

پاش کشانەوەمان لە ناوچەی گەرمیان من و چەند پێشمەرگەیەك لە ناوچەی (خەلەکان) چونکە سەرمان لێشێواو بوو لە هێزی پێشمەرگە داپراین لە ڕێگەی دۆستێکەوە گەڕاینەوە بۆ ناو سلێمانی، لە ١٩٨٨ /٥/١٨ لە ماڵی کاك حسەینە ڕەش لە گەڕەکی سەرشەقام هەواڵمان لێدراو لە لایەن دەزگای ئەمنی سلێمانی من و کاك عەول توکنی و برایم ئەحمەد محەمەد ڕەشید وکاك حسەین و کاك موحەمەدی کوریشی لەگەڵمان گیران و خێزانەکەیان لە سەربانەوە هەڵهاتبوون باش بوو کچ و منداڵە وردەکانیان نەگیرابوون، دواتر دوو هاوڕێی ترمان بە ناوەکانی کاك بەکر عومەر برایم کوڵەجۆی و کاك برایم ئەحمەد ئەوانیش گیران و هێنایانن بۆ لای ئێمە، کارەساتێکی سامناك و جەرگ پڕبوو هەروەکو لە شیعرێکمدا گوتوومە:

هەر من نەبووم
دەیان هەزار لاشەی سڕ بووین
لە ژێر کەڵپەی یاسای سوڵتان
بۆ کروزی ئەم دەڤەرە دووکەڵ کێشە
وەرزی دەستکەنەی ڕۆحی بوو

لێبووکەکان هەڵپەیان بوو
فڕکان فڕکانی جەستە بوو
بۆ خاتری چاوی سوڵتان.

هەر لە ڕاستیدا وەرزی دەستکەنەی ڕۆح و جەستە و مێژووی کورد بوو، ڕۆژانە دەیان گەنج و کوڕی کورد بەدەستی جەلادەکانی بەعس شەهید دەکران و کەسیش نەبوو بڵێت بۆ وادەکەن، لە شیعری (پرسەگێڕ)دا گوتوومە:

نەجاڕنامەی مافی مرۆڤ
نەعەکسەکەی عوسبەل ئوومەم
نەعەمامەی کەی ئیمام
لێیان پرسیم؟ بۆ کوێ دەچن
بۆ ئەتانبەن
کەس نەبوو کەس لێم بپرسن!.

مانگی دەی١٠ ساڵی ١٩٨٨ ڕژێم لێبووردنێکی گشتی دەرکرد بۆ گیراوە سیاسیەکانی کورد، منیش بەر ئەو لێبووردنە کەوتم و لە بەندیخانە ئازادکرام، گەڕامەوە بۆ کەلار، وەك گوتم کەسم نەما بوو دایکم و برایەکم شەهید بوون و منداڵەکانیشم ئەنفالکرابوون، دوو براو خوشکێکم بە ناوەکانی (موحەمەد و شەهید سەلاح و نەجیبە) بەرەو





سنوری ئێران هەڵهاتبوون و چوبوونە ناو خاکی ئێرانەوە لە کوشتارگە نامرۆڤانەکەی بەعس ڕزگاریان ببوو، هاتمە ناو خزمەکانم توشی نەخۆشی دڵ هاتم هەموو ڕۆژێ بۆ چەندین جار دەبوورامەوە خزمەکانم زۆر دڵنەوایان دەکردم، دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس بەوەیشەوە وازیان لێ نەدەهێنام هەموو جارێ بانگیان دەکردم و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرم، هەڵبەتە هەر من وانەبووم ئەوانەی لە مەرگی ئەنفال دەرباز ببوون ئەوە حاڵمان بوو، ساڵی ١٩٨٩ هاوڕێی خۆشەویستم(عەلی ئەکبەر نوری میکایل) ئەویش پێشتر کادری شۆڕش بوو لە مەرگ ڕزگاری بوو لە بەغدا دەژیا، هات بە دوامدا و گوتی:
لەگەڵ من وەرە بۆ بەغدا جێگەیەکم دەست کەوتووە تۆش خۆت لە بەر چاوی ئەمانە گومبکە، ماوەیەك منیش چوومە بەغدا پێکەوە کریکاریمان دەکرد، تا حکومەتی عێراق پەلاماری کویەتی داو داگیری کرد و بە بریاری نێودەوڵەتی ئابڵوقەی نێودەوڵەتی بە سەرعێراقدا سەپێنرا، ژیانی بەغدا تێکچوو ئێمەیش گەڕاینەوە بۆ کەلار، دیسان دەزگاکانی ڕژێم لێمان کەوتنەوە بیانوو، جارێ دەیانگوت: بچن لە بنەسڵاوەی هەولێر داوا بکەن کەسوکارە ئەنفالکراوەکانتان ئازاد بکەن و جارێ لە مونەزەمەی بەعس لە ئۆردوگای زۆرە ملێی صمود (ناحیەی

ڕزگاری) ئێستا بانگیان کردین تا بڵێین ئەوانە ئەنفالکراوون کافرن بیان کوژن، خۆشبەختانە لەو سەدان کەسە تەنها یەك خۆفرۆشێکی ئەڵقە لە گوێی خۆیان نەبێ کەسی تر بەدەنگیانەوە نەچوون، لە و سەرو بەندەدا لەلایەن پێشمەرگە پارتیزانەوەکانی گەرمیانەوە نامەمان بۆ هات خۆمان ئامادە بکەین بۆ ڕاپەڕین، پاش چەندین کۆبوونەوە و خۆئامادەکردن ڕاپەڕین دەستی پێکرد، دیسان هێزی پێشمەرگە و جەماوەرە دڵسۆزەکەی کوردستان یەکمانگرتەوە خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانم بوو، دوای مانگێك و چەند ڕۆژێ لە ئازادکردنی ناوچەکەو ناچار کشاینەوە بۆ ناوچە سنوریەکان، من لە سەرتەکی بەمۆ مامەوە ئەوە بوو جارێکی تر دان و سان لە نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێمی عێراقی دەستی پێکرد، خەڵکی کۆچکردوو گەڕانەوە بۆ ناو شارەکانی باشوری کوردستان، ئەو دوو براو خوشکەکەم یەکمانگرتەوە ماڵۆچەکەیمان پێکەوە نا، لە لایەن لقی سلێمانی یەکێتی نووسەران و یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان لە سەرتەکی بەمۆ فیستیڤاڵی (شیعرو پێشمەرگە) ڕێکخرا زیاتر لە حەفتا شاعیرو هەنەرمەند بەشداریان تێداکرد لە ماوەی ئەو شەو و ڕۆژەدا لە سەر داوای فیستیڤاڵ من دووجار شیعری (لێك داپران)م خوێندەوە، ساڵی ١٩٩٢ لە سەر داوای خزمان هاوڕێکانم خێزانێکی ترم





پێکەوەنا و ئێستا پێنج مناڵمان هەیە، پاش ئەو نیمچە ئازادیەی هەمان بوو دەیان گۆڤار و ڕۆژنامە لە کوردستان دەرکرا منیش کەوتمە بڵاوکردنەوەی بابەتی ڕۆژنامەوانی بە چڕی، دوای ساڵی ٢٠٠٠ کەوتمە بیری کۆکرنەوە و ڕێکخستن و بڵاوکردنەوەی کتێبەکانم، جگە لە بابەتی ڕۆژنامەوانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بووم بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (بانەڕۆژ) کە تا ئێستا زیاتر لە ٦٠ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە ئەم کتێبانەشم بە چاپگەیاندووە:

١. (لێك داپران) کۆمەڵە شیعر ٢٠٠٨
٢. (گوڵبژێرێك لە شیعر و شاعیرانی گەرمیان) ٢٠٠٨
٣. (زیندووکردنەوەی عەبداڵ و بەرهەمەکانی) بە هاوبەشی هەردەوێڵ کاکەیی ٢٠٠٩
٤. (پەیکی خەمەکانی ئێوەم) کۆمەڵە شیعری ژنە گەرمیانی نەمام عەبدوڵلا ٢٠٠٩
٥. (پیاوێك گرەو لە نەمری دەباتەوە) فیستیڤاڵی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ٢٠١٠
٦. (بۆنی کەنێرەی سیروان دێ)کۆمەڵە شیعر ٢٠١٠
٧. (دیوانی فەقێ سمایلی زەنگەنە) ٢٠١٠
٨. (چەردەیەکی مێژووی دەڤەری گەرمیان) ٢٠١١
٩. (ئەلبوومی گەرمیان) ٢٠١١
١٠. (کۆچی باڵندەکان) شیعر. ٢٠١١

ئەم دوو کتێبەیشم ئامادەی چاپن

١. (کۆ بەرهەمی شاکەوخان مەنسور) شیعری ناوچەی لوڕستان.
٢. ڕستەیەك زەنگیانەی وشە/ شیعر
١- ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردستان
٢- کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکووك
٣- بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ
٤- سەندیکای ڕۆژنامە نووسانی کوردستان
٥-کۆنفیدراسیونی جیجان)م.





# ساڵەح هەلاج

**لێك داپڕان**

**((ئەم شیعرە بۆ حەوت جگەرگۆشەو هاوسەری ئەنفالکراوم وتراوە)).**

وەکو گوڵی زوو ڕەسی شاخ
تاسەی دڵی هەرزەکاریمت ئەلاوان
وەك شەماڵی پاش خەرمانان
گەردی سەفەر
ڕێگەی زنوێر
جەولەی گەرمیان
بە سۆزێکی تیلە نیگات
گیانی ئۆخەیمت ئەڕاژان ..
بزەی حەزت بۆم ئەچرپان
کەچی ئێستا شیرینەکەم
چاو دەگێرم بە چوار لادا
ناتبینم و بۆ لێم ونی
بۆچی تۆرای، کێ تۆراندی
یاخوا جەرگی بەسوتوو بێ..
بوویتە گێژنەی ڕەشەبایەك
خۆڵ و گەردی ئەم بنارەت گشت ڕاپێچا
ئەدا بەڕووی دارو بەردا
هەر پێچتدا بەرەو ئاسمان
هەتا دەستت لەکەزێی هەتاو گیرکەی
تاکو کچی هەوری تشرین
لە هەتاوێك ئاوس بکەی

کوڕی بارانی ئازادی لەدایك بێ.
شیرینەکەم سەری وەختە
هەڵەکۆکی شان وملی بژ
دەم بنێتە سەر کەژاوەی
خونچەی ناسکی کارئاسکەکان ..
هەتا زنە قاچی ماندووی لێڕاکێشی و بڵێئۆخەی !
شیرینەکەم
کاتێکەوتنە ناو زریانی ئەنفالەوە
ئەنفالی دوورگەی وەحشیان
دوورگەی تاوان
کۆرپەکانت گرتە ئامێز ،
وەك یەك لاشە و حەوت هەناسە،
قرچە قرچی ئێسکەکانتان
جیهانی کەڕ
جیهانی لاڵ
جیهانی گێلی ڕاچڵەکان
هەتا عەرشی خوایشی هەژان
ئەی ئەو خوایە
لەخەودا بوو، خەوی دەدی !
یان سام گرتی و نەهاتە دەنگ ..؟
تەرمی یاسا لە مەیتخانە
بێ ناونیشان تووڕ درابوو
مرۆڤایەتی بە قولاپا هەڵواسرابوو
کە لاشەتان لەژێر بەرداشی ئەنفالا
ئەیزریکان
ماسولکەتان بوون بە ژێیەك





بۆ سەمفۆنیای ڕاپەڕین
ڕاپەڕینی عەرش و شایی
ئەڵقە پەنجەی گۆڕینەوەی دڵنەوایی ..
هۆ گۆڕ غەریب دە بێرەوە !
بۆ دەڤەری چاوەڕوانی
سەرێبدە لەباوانت
بۆچی تۆرای، کێتۆرانتی؟
خوایە ، ماڵی بشێوێنی ..
هۆ بیلبیلە ون بووەکانم
هەموو شەوێ
من سوارێکم لەبیابانە دوورەکانا
شەلاڵی ئەسپی خەیاڵم
لە نێوان خۆم و ئێوەدا
خاکی سەراب و گومانم ..
هەموو ڕۆژێسەیاحێکم
لەبەر دەرگای گشت ماڵێکا
کڕنۆش دەبەم بۆ هەواڵتان ..
زەمەنێکە لە سۆراختان
سۆمام داهات، ئەژنۆم شل بوو
لەپێش چاوما ، سەرابێکن ناتانگەمێ
زەمەنێکە بەرداشی ژان
ئاهو نالەی دوورییەکەتان
ئێسك و پروسکم دەهاڕێ..
زووخاو و خەم دوو جۆگەلەن
بە هەر دوو چاوما دەچۆڕێ..
سۆمام داهات، ئەژنۆم شل بوو

چاوم لەڕێی سەفەرتانە
کەی دێنەوە ؟
گیانم تویشووی چەپەرتانە
دە بێنەوە .. دە بێنەوە
دوا چرکەکانی هەناسەم شادکەنەوە
دە بێنەوە .. دە بێنەوە ..

پرسەگـــێڕ
(بەشی دووەم لە قەسیدەی لێکترازان)
-١-
ئەو سەردەمە
لە یاسای عەرشی سوڵتانا
من کەسێکی ئەتك کراوبووم ،
ناسنامەکەم
دزو جەردەو نۆکەری بوو ،
لەبەر ئەوەی
لەبەر دەڵانێکی سەختا
بەردێکم کرد بەسەرینم
چیا کۆشی بۆ کردمەوە
سوڵتان خۆشی پیا نەدەهات ..
من فریشکم بەبەفر گرت ،
لە جۆلانەی بەڵاڵوکی گەرمەسێرا
گڕوگاڵم بۆ دایکم کرد ،
زریان گڤەی شاباڵم بوو
خۆر لە پاشکۆم گرمۆڵە بوو
سوڵتان سامی پیادا دەهات ..





لێوی کڕوشت
سوێندی بەسەر باپیرەی خوارد
ئەو چی کردبوو، ئەم بەسەد جار درێغی نەکات.
-٢-
هەر من نەبووم
دەیان هەزار لاشەی سڕ بووین
لەژێر کەڵپەی یاسای سوڵتان
بۆ کروزی ئەم دەڤەرە دووکەڵ کێشە
وەرزی دەستکەنەی ڕۆحی بوو
لێبوکەکان هەڵپەیان بوو
فڕکان فڕکانی جەستە بوو
بۆ خاتری چاوی سوڵتان ..
-٣-
ئیڤا قەتارەی بەستبوو
هەر مناڵ و هەرزەکار بوو
هەر کچی گەردن گوڵخونچەی نەترازاو بوو
گەورەو بچووك وەکو جەڵەب باریان دەکرد ،
زووکەن، بڕۆن، فریاکەون
دەڵێن سوڵتان لە دوورگەوە
دوورگەی پیرۆز
بەرەو ئێرە تەشریف دێنێ
لە عەرعەرو نوگرە سەلمان
لەلای حەجاج
توورە بووە، سەگە ڕەشی لەبرسانا دەقوزێنێ
زووکەن، بڕۆن، بۆ پێشوازی
گەر زوو نەکەن

خوا غەزەبی گەورەترتان بەسەر دێنێ..
-٤-
نە جاڕنامەی مافی مرۆڤـــــ
نە عەکسەکەی عوسبەل ئومەم
نەعەمامەکانی ئیمام
لێیان پرسیم، بۆ کوێ‌دەچن؟
بۆ ئەتانبەن ،
کەس نەبوو ، کەس لێم بپرسن ..
-٥-
ئەم هەرێمە سروەی نەما
نە جریوەی باڵندەیەك
نە شنە شنی گژوگیا
نە باعەباعی بەر خۆلە و
نە سۆزی شمشاڵی شوانێ،
نە حیکایەتی داپیرەی
شەوانی بەر ئاگردانێ
کەس نەما، کەس ..
-٦-
پرسەگێڕمان
چپەچپی جیهازەکەی داری خلە و
خانەقاکەی حمەڕەش و
کەشکۆڵەکەی مام خەلیفەی تەتەریان بوو..
دەنگم، ڕەنگم
نوقمی دەریای نەهەنگێك بوو
تۆڕی کەنار هیچ دەریایەك
نەی ئەپسان..





-٧-
من گریانم تەنها خۆم بوو
بۆ وەیشومەی ئەنفالستان
بۆم ئەڕشتن
دەریای ئەشکێکی بێ‌پایان ..
-٨-
چواردەی نیسان
فریشتەکەی فەرهەنگی خەم*
هات لە پەنای شێروانەدا
لەسێبەری دەوەنێکی قژتۆزاوی سیروانەوە
ژانێ‌گرتی، ژانە شیعر ،
بە ڕیزبەندی هەنسکی مرواری
ژێر کەلاوەی گەرمەسێرا
بەخوڕ باری
قوڕی پێوا بۆ (کەژاڵ) و (بەهار)ەکان**
-٩-
لەچکە ڕێی مەتارەکەی (ئاتیلا) وە ***
چەند وشەیەك ؟
لە تۆی کەزێی ژێر فۆتەکەی (فاتیلا) وە ****
چەند پرشەیەك ؟
یەکیان دووان بوونە چامەی عاشورایەك
بۆ عەنبەرە بێ‌گۆڕەکان ..
-١٠-
شاخ پێی وتم
گەر (خانی)یەك ئەم دەڤەرە قرچۆکەییەی
پەی پێ‌دەبرد

حیکایەتی دەیان هەزار وەك (مەم و زین) و
کەشکۆڵەکەی پڕ بۆن دەکرد ،
چەم پێی وتم
گەر (نالی) یەك ئا لێرەوە
بەرەو وڵاتی غەریبان گوزەر بکات
شیعرەکانی بۆ (حەبیبە) جێماوەکەی
دەسووتێنێ و بزر دەکات ..
کۆچ بێ کفن و بێ تابووتە
بێ پرسەیە
کۆچ بێ کێل و گۆڕستانە..
-١١-
دەڵێن خوا گوێی لە خشەی مێرولەیە
زەمەنێکە لە عەرعەر و نوگرە سەلمان
لە جێی گڤەگڤی شەماڵ
قریشکەی ئێسکە و
زریکەی مێشکە و
فیچقەی خوێنە،
زەمەنێکە ئەو دەڤەرە
لەجیاتی گیا و دڕکە عاگوڵ
دەست و لوت و قاچ و مەمك و سەر و جەستەی
مرۆڤ دەڕوێ
( یان پێشینان درۆیانکرد
یان خوا لەوە خۆی بێدەنگ کرد)!







سامان کوساری

من ناوم سامان ابراهیم علی

نازناوم ( سامان کۆساری)

دانیشتووی قەڵادزێ

سامان کوساری

## ویژدان جارێ هە ڵەبجە بەسەر بکەوە

ڕووم نەهات سەیرت بکەم ئەی هەڵەبجەی دڵشکاو...
کە بینیم ئاوەکانت بێ سۆما بوون...
چرۆکانت هەڵوەریون ....
خۆزگە کانت ڕەشیان پۆشی...
کە سەیرم کرد گوڵەکانت چڵیان لەبەر داکەندرا بوو...
کە بینیم گەردەلولی خەم هەڵی کردە سەرت...
کە بینیم بارانی ویژدانی بەسەرتا ئەباری...
ویژدانم ڕێگە بەم تاوانە نادات...
دەك خوا ئەو عەترە بکا بە گەرویاندا ...
کەتۆیان ناچارکرد بۆنی بکەی ...
خوا لەبن ڕەگیان بێ ...
هەرگیز کۆتری سپی بەسەریانا نەفڕێنێ...
خوایە تاوانکارانی هەڵەبجە جگە لە گومان...
گوێبیستی هیچ ئاوازێکی ئارامی نەکەی...
ئەی هەڵەبجە تۆ دایکت مرد...
تۆباوکت مرد...
تۆ برات مرد...
تۆخوشکت مرد...
وەرە من لەبری هەموویان نازت ئەکێشم..







**فازل شریف هیزانی**

**فازل شريف هيزانی**

**بەرنیاس ب(ملا فازل هیزانی)**

- ل سالا ١٩٦٩ ل گوندێ هیزان سه رب دەڤەرا بارزان ژ دایکبوویه.

- سالا ١٩٧٥ ل ئۆردووگاین زۆرەملێ ل پارێزگەها دیوانێ دست ب خواندنا سەرتاییێ کریه ل قوتابخانا (ئەنتاکیه) ل ئۆردووگایێ (جحێش).

- سالا ١٩٨١ ل قوشتەپە خاندن ب داوێ ئینایە و نەشیایه خویندنا خۆ تەمام بکەت.

- سالا ١٩٨١-١٩٨٢ ژلایێ ریژێما دیکتاتورڤە هاتیە زیندانیکرن ل زیندانا موسل.

- سالا ١٩٨٣ بویە پ.م تا نها ژێ بەردوامە.

- سالا ١٩٨٨ ئاوارەی ولاتێ ئیرانێ بویە.

- سالا ١٩٩٢ ڤەگەریایە کوردستانێ.

- سالا ١٩٩٤ بویە ئەندامێ ئێکەتیا زانایێن ئاینی ئیسلامێ کوردستانێ.

- سالا ٢٠٠١ ئەندامێ کۆنگرا چوارێ یا ئێکەتیا زانایان ل ژێر دروشمێ (واعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا) بویە.





- سالا ٢٠١٠ ئەندامێ کونگرا پێنجێ یا ئیکەتیا زانایان ل ژێر دروشمێ (یەکگرتنەوە) بویە.

سالا ٢٠١٠ باوەرناما ڕۆژنامەڤانیا پیشکەفتێ وەرگرتیە.

- ل ڕۆژا ٢٧-٢٨ شواتا ٢٠١٣ بروانامـا خولا کوربەندا زانستی یا زانایێن ئاینی ل سەر ئاستێ هەرێمی وەرگرتیە ل هەولێرا پایتەخت .

- ل سالا ٢٠٠٥ دەست ب کاری ڕۆژنامە نڤیسیێ کریە هەروەتوڤ چێرۆك نڤیسە د باری زارۆکاندا هەتا نوکە بەردەوامە ل کاری ڕۆژنامەنڤیسێیدا .

فازل هیزانی

## دایکێن جەرگ بر

هۆی گەلی چیرۆك نڤیسا
ئانی بیرا من دەستێت پیسا
کریارێت بێ هوڤانە و ئبلیسا
هەلدان برینێت دایکان دیسا

ئەرێ کیژ ئایینە دبێژی
حەلالە خوینا مرۆڤا برێژی
بێ دەنگ بی راستیێ نەبێژی
نەدانی سنورەکی بو خوین مێژی

ڕژێما سەدامی دیکتاتوری لناڤ چوی
بینا گورگێن دەڤ ب خوونێ سوربوی
لناڤ پیستێ مەرێ سەر خوش بوی
نیڤا شەڤێ خەلکێ هوشیار نەبوی

چ بکەت دایکا ب خەم و پەریشان
هەشت هزار بارزانی بێ تاوان





ڕژێما بەعس ل دور جەمان
ب زوری لناڤ جێیا راکێشان

ئارپێچی و دەبابە و بیکەیسی
گرێدان گوللە بونە ریسی
ژخانیا دەرخستن ب رویسی
قورتال نەبوون ژپیلانا ئبلیسی

ژرەگەزێ نێر پێکڤە بەستن
دناڤ ئوتومبێلا تێك ڤە پەستن
بو جهەکێ نەدیار دوورخستن
بێ بەرەڤان کەسێ نەپاراستن

مەزن و بچیك لێك نە ڤاڤارتن
ب زمانێ کوشتنێ دگەل ئاخفتن
دەست و پێ ل قەیدا خستن
صدام گوت من بو دوزەخێ هنارتن

هو گورگێ دەڤ ب خوین
تە ل کێ دارێت کەرب و کین

**بو بیك و زاڤاییێن نوڤین**

**یان بو زاروکەکێ نوژین**

**چێروکێت ئەنفالا گەلەك زۆرن**

**برینێت وان کەلەك دکویرن**

**جهێ برینا دخوینێ را سوورن**

**دایکێت جەرگ بر هەرێ دلورن**

**گازە گازە لناڤ گۆرا دگەرن**

**هو بابو برا دێ کەنگی ڤەگەرن**

**بیست و شەش ساڵە هوون بێ خەبەرن**

**دایکێت لبەر تاڤێ بێ سیبەرن**

**کەربا خۆ رێت ل پالەکێ مەیدانکا شولێ**

**دێ هتوڤە ڤەکەن تولێ**

**ڤێجا بلا نفشێ تە رابت ژ ئولێ**

**ل دویف تە لێ دەن زرنا و دهولێ**

**دکتاتور مارێن دووسەرن**

**بێ باوەر و ڤیاس و پێوەرن**





**مارن دووپشکن دوی سەرن**

**چاڤەرێنە ڤەشارتینە خاوەرن**

**ل هیڤیا ڕۆژێن ڕەش و تاری**

**دیارن ب ڕەنگ و روخساری**

**مێژوویەکا ڕەش بکەنە دیاری**

**بسرن ناڤێ مللەتێ ئاری**

**دێ هەرە دکتاتورێ زەمانی**

**هەچیا تە گوتی ب زمانی**

**بەرهەمێ وێ بوتە ئانی**

**بەلگە پەتا سیدارێ دزانی**



**ئاری عەبدوللەتیف**





**ئاری عەبدوللەتیف مولود**

**پایزی ساڵی ١٩٧٧ لە هەڵەبجە لەدایك بووە**

**قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لەو شارە تەواو کردووە.**

**دەرچووی پەیمانگای مامۆستایانە لە سلێمانی بۆ ساڵی ١٩٩٦-١٩٩٧**

**لە ساڵی ١٩٩١ ەوە ئاشنا بووە بە دنیای شیعر.**

**لە ساڵی ١٩٩٦ بۆ یەکەم جار یەکەمین شیعری لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردەوە.**

**لە ساڵی ١٩٩٩ دا یەکەمین کتێبی شیعریی چاپ و بڵاوکردەوە بە ناوی (وەرزی نۆیەم).**

**لە ساڵی ٢٠٠٢ دا کتێبی شیعریی(ئەلبوومی وەنەوشە)ی چاپ و بڵاوکردەوە.**

**لە ساڵی ٢٠٠٣ دا کتێبی شیعریی(بەفر لە دڵی ئاگردا)ی چاپ و بڵاوکردەوە.**

**لە ساڵی ٢٠٠٤ دا کتێبی شیعریی(ڕەنگە ژیان بمرێ و من نەمرم)ی چاپ و بڵاوکردەوە.**

**لە ساڵی ٢٠٠٦ دا کتێبی شیعریی(خەریکە هەناسەم لەبیر ئەچێ)ی چاپ و بڵاوکردەوە.**

**لە ساڵی ٢٠٠٧ دا کتێبی شیعریی (بڕیار نییە ئەمشەو بنووم)ی چاپ و بڵاوکردەوە.**

**لە ساڵی ٢٠٠٨ دا کتێبی شیعریی(فڕین تا یەقین)ی چاپ و بڵاوکردەوە.**

لەساڵی ٢٠٠٩ دا کتێبی شیعریی(گوڵ و کەوان)ی چاپ و بڵاوکردەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٩ دا کتێبی شیعریی(کتێبی شانزەهەمینی هەڵۆژە)ی چاپ و بڵاوکردەوە.

دوا بەرهەمی شیعریشی کتێبی(بۆ هەر وانەیەك، هۆنراوەیەك)ە کە ئەم بەرهەمە یەکەمین پرۆژەی شیعرییە بۆ ئەلفبێی کوردی قۆناغی یەکەمی بنەڕەتیی کە خراوەتە سیستەم و پرۆگرامی خوێندنەوە و وەك پاشکۆی ئەلفبێ دەخوێندرێ و بەرهەمی ساڵی ٢٠٠٨ ی شاعیرە.

سێ نوێترین بەرهەمی شیعریی ٢٠١٠ ی ئامادەیە بۆ چاپ:

دوا خانەباخی من ٢٠١٠

شلکە گیان بۆ منداڵان ٢٠١٠

ژیان جەللادی خۆیەتی ٢٠١٠

لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا کۆڕی شیعریی سازکردووە.

لە ڤێستیڤاڵەکانی (گەلاوێژ و لاوان و گوڵەهەنار و ڕۆژی جیهانیی شیعر و کەلتووریی ئاکرێ و پایتەخت و دهۆك و چەندینی تر) خەڵاتی شیعریی وەرگرتووە.

(٤) چوار جار لە ڤیستیڤاڵی گەلاوێژدا خەڵاتەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی وەرگرتووە.

لە ڤێستیڤاڵی (دەستی شار)دا پلەی (یەکەم) کەسایەتیی پێ بەخشراوە بۆ چالاکیی و کەسایەتیی ئاکتیڤ و دەستەبژێر.

ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.





ئێستا دانیشتووی هەڵەبجەیە.

مامۆستای ئەلفبێیە لە قوتابخانەی (سیروان)ی بنەڕەتیی لە شارۆچکەی سیروان

ئەدرەس

ئاری عەبدوللەتیف مەولود عەبدولکەریم

هەڵەبجەی شەهید – پاشا

٠٧٥٠١١٢٠٨٥٠

henarhenar@yahoo.com
ariabdullatif@yahoo.com

ئاری عەبدوللەتیف

**من نە تۆزێ گەورە دەبم نە پێدەگرم...!**

چەند ساڵە هەر ئەگریم و
کەسێ لە بری دایکم تۆزی شیری پێنەدام...
وای لە من وای خودا
چەند سەدەیە باوەشی دایکم بەرنادەم و
ئامێزی بێ گیان بەڵام گەرمی
نادەم بە هەموو کۆشك و تەلار و باڵەخانەکانی گەردوون
وای لە من.. وای خودا...
چەند بەهارە سەوزە گیا لە هەموو سەرزەمینی خوا ئەڕوێ و
کەچی شاری من بۆکڕوزی مەرگێکی ڕەشی لێدێ
وای چی بکەم من... وای خودا...!
چەند پایزە هەرچی گەڵایە بەسەر منا باری و
کەچی درەختێك پێی نەوتم ئەرێ ماڵی تۆ لە کوێی ئاوەدانییەوەیە
ئاخر گوناهم چییە... وااااای لە تۆفانی ئەم سەدە نەگریسە وای
لە شانزەوە هەر کۆرپەم و گەورە نابم
لە شانزەوە هەر قوربانیم
هەر بیمارم
هەر تۆپەڵێ ژەهری مارم





لە شانزەوە سوێند بەو خوایە من هیچ هیچم نەخواردووە
هیچیش ناخۆم بەس شیر ئەخۆم
شیری دایە.....
دە دایە دەی دە هەستە دەی
تا تۆ خەوت پیا کەوتبێ
من نە تۆزێ گەورە دەبم نە پێدەگرم
دە دایە دەی دە هەستە توخوا دە هەستە
باشە ئیتر شیرم ناوێ
بەس تۆ هەستی هیچم ناوی....!
منالانی ئەم دنیایە تەمەنیان هەر وەکو منە و
کەچی ئەوان ئیستا پیاون
کەچی من (٢٥) ساڵە هەر منالم.....!!
توخوا دایکە بەخوا ئیتر شیرم ناوێ
بەڵێن دەدەم هیچم ناوێ
بەس تۆ سەرێك بەرز بکەوە
تۆ جارێك سەیرم بکەوە
هیچم ناوێ
یاریم ناوێ
گەڕان و سەیرانم ناوێ
مەمکەمژە و بێشکەم ناوێ

توخوا دایە بەخوا ئیتر ڕك ناگرم هیچم ناوێ

داوای پارەشت لێناکەم

جیسی پەتاتەت پێ ناکڕم....

عومرم ڕێك (٢٥) ساڵە کەچی هێشتا هەر منالم

کەچی هێشتا بە دیارتەوە کەڕولاڵم.....

دەدەی هەستە

دەدەی توخوا هەستە بچینەوە ماڵێ

بچینەوە سەرجیگاکەی شەوانی گورگانە شەوێ.....!!





ئاری عەبدولەتیف

## ئێسقا نخانەی باشوور

ئیڤاکان بە قژ ڕاکێشن و بیانهێنن بۆ ئێرە

دەمەوێ پێیان بڵێم

ئێوە چی دەزانن لەسەر سەفەری ناکۆتا

نەفرەت لەوەی درووستی کردن

هەر بە پێی پەتیی چی بیابانە

بیهێننە بەردەمم دەمەوێ پێیان بڵێم

لەبارەی ئەو ئێسقا نخانەیەوە چی دەزانن

نەفرەت لەوەی ماڵی خرا پتان لەسەر درووست دەکات

گوێچکەی خۆڵم بۆ بگرن و بەرزی بکەنەوە و بیخەنە بەر چاوم

دەمەوێ پێی بڵێم

تۆ چی دەزانی لەسەر ئەو هەڵپەڕکێی ڕۆحە

نەفرەت لەوەی ئەتکات بە پەتووی سەر جەستەی زیندووان

باشوورم بە لووت بۆ هەڵکێشن

بیخەنە بەر پێیەکانم

دەمەوێ بە هەرچی شەریعەتە دادگایی بکەم و پێی بڵێم

تۆ ئەی جەللادی گیانی هەزاران داربەڕوو

پێناسەی ئەو نغرۆبوونەم بۆ بکە

نەفرەت لەوەی بەنیشتیمانت دەزانێت
هەر بەقولا پی پیرە دەریایەك
تایفۆنی نزیك شەتولعەرەبم بۆ هەڵواسن و بیخەنە بەردەم تورەییم
دەمەوێ بیقیڕێنم بەسەریدا و پێی بڵێم تۆ چیت
ئەی ڕسواتر لە خۆت
پێم بڵێ چی دەزانی سەبارەت بەم ئاهەنگی هە نجنهە نجنە
نەفرەت لەوەی دڵ بە سەماکردنت خۆش دەکات
بە بیجامەوە بەغدا و بابلم بۆ بهێننە ئێرە
دەمەوێ لێیان بپرسم ئەی دەبلیوسییەکانی ڕۆژهەڵات
ئێوە باسی ئەنفالم بۆ بکەن
باسی دۆزەخی نێوان دوو ڕوبار
نەفرەت لەوەی بە ناوتانا گوزەر ئەکاو دوو تفتان تێناکات...!





ئاری عەبدوللەتیف

## بەخوا هیچی نەکردووە...!

خۆ من هیچم نەکردبوو
هەر بە تەنیا تایەوتەل و دارلاستیك و
حەوت بەردی هەڵمەقۆم هەبوو
دوو دەمانچەی منالأنە و جاروباریش
لەبەردەرگای ماڵی خۆمان
تۆزێ یاری و گەمە و جۆجۆ..
بەخوا هیچم نەکردبوو
پاکەتێ بسکیتی چواری و مشتێ نوقڵی مینۆم پێبوو
ڕام دەکردە لای خانوەکەی مامە عەبە و خێرا ئەچوومەوە بۆ ماڵ
تەنیا جارێ لەگەڵ باوکم چوومەتە بازاڕیش بەخوا
بیرمە پە نجا فلسی دامێ و جووتێ جزمەشی بۆ کڕیم
ئیتر خۆمن نە هار بووم و نە هێلانەی چۆلەکەشم خستۆتە خوار
خۆ قەت بەردم نەگرتۆتە حەوشەی سەرا
خۆ قەت شووشەی پە نجەرەشم نەشکاندووە
بە خوا هیچ نەکردبوو
هەر بە تەنیا لەبەردەرگا دادەنیشتم
جارجار پشەم لە پشیلە بۆرە دەکرد

جاروبارێش هەڵماتێن و خە تخەتین و
شەڕەئاوم لەگەڵ منالاْنا ئەکرد
خۆ من قەت هاریم نەئەکرد
شەو زوو ڕامدەکرد دەخەوتم
بۆ بەیانیش زوو هەڵدەستام
دایکم هێلکە و ماستی شیرینی پێئەدام
ئەی بۆ هاتن و کوشتمیان
بۆ هاتن و خنکاندمیان
بۆ نەیان هێشت یاری بکەم
پڕ بەم دڵە چکۆلەیەم شادی بکەم...!
توخوا ئێستە بە کێ بڵێم
چی بە بابە و دایە بڵێم
کە من هارییم نەکردووە
ڕۆژێ شەڕم نەکردووە..!





ئاری عەبدوللەتیف

## بۆ هەڵەبجە

وەکو دەریا کە لاشەی
شە پۆلەکانی خۆی بنێژێ
تۆ ئەبویتە ئاگردانی سوتانی گڕی خۆت و
ئەبویتە سێدارەکانی ئاسمان
بۆ لە خاچدانی ئەستێران...!

هەر خۆت بویت و
مشتێ هەناسەی ئیفلیج و
هەیوانێ لە چاوی هەڵواسراوی شیعر...!

ئەوەندە عیشقت پێکرا
دەیان هێندە لە ناو دڵی باڕو بیرا
عیشقت نێژرا
عەقلڕ و خەون و کانیت ڕێژرا...!

چاوت هێلانەی گۆران و
پرچت مشکی سەری کورد بوو
کە بای باشوری سیاسەت
چەقۆی بیابانی تیا ناشتی
شەونمانە هەڵوەریت و
خۆت بویتە کێلی قەبری خۆت !
بەڵام پرچت بەڵام چاوت
هەر مانەوەو
ئێستاچاوت بۆتە ماڵر و
پرچت ئاسمانێکی ساماڵ ...!

تیری ژەهری کەوانێکیان دا لەسنگت
چەشمەی کانییەك سەوزبوو
کانیەك شیر...
لەو ڕۆژەوە مناڵانە
کورد ورك ئەگرێ
کورد شیر ئەخوا
هەر تێر نابێ ...!

جگە لە خوا...





ئەو ڕۆژە کەس دۆستت نەبوو !
دوو جار دەرگای ئاسمانی بۆ کردیتەوە
جارێ میلۆدیای باران و
جارێ هێرشی پە پولان ...!

گەر ٣/١٦
سەرنوسەریی ڕۆژنامەیەکم پێ بدرێ !
شوێنی گۆشە و بابەتەکان
بە بەتاڵیی جێ دەهێڵم ...
من ئەو ڕۆژە
بۆ سیاسیەکانی دنیا
(ڕۆژ بێ نامە)یە دەردەکەم ...!

شەوێ دەبم بە میوانت
تا تامی کەلاوەکانت
تاڵتربێ بۆ سیاسیانت
شیرینتربێ بۆ باوانت ...!

ئاری عەبدوللەتیف

## کتێبی شانزەهەمینی هەڵۆژە

**پێشکەشە بە عەرەب**
**گەر فارس و تورکیش بیخوێننەوە خراپ نییە.**

لە درزی کتێبخانە ئەسمەرەکەی باوکمەوە لەدایك بووم
هەر بە منداڵی شاعیر بووم
حەوشەکەمان پڕ بوو لە دارگوێزی ئازا
ماڵەکەمان لە باوەشی ژنە شارێکی نازداردا بوو
کتێبەکانی کۆتر دەڵێن :
( ئەو ژنە عادیلە بوو.. لەجنسی شەرەف )
منداڵ بووم لە پۆلی چوارەمی هەنگوین
دایکم لە تەشتی نووردا دەیشوشتم
خوشکە گێلاسەکانم
بەکراسی عەتر پۆشتەیان دەکردم
براکانم بە نۆرە گۆرانیان بۆ ئە پێچامەوە و ئەیا نخستە جانتاکەم
ڕۆژانە پە پوولە بە دەمی چکۆلەی خۆی هەناسەی پێئەدام
کەروێشك وانەکانی گەمەی فێردەکردم
هەر بە منداڵی شاعیربووم





کوڕی ئەو ژنە سەرکردە بووم
کە لە هەرێمی دزراوی لێکنراوی ئاسکا
کورسییەکەی لە ئاونگ دروستکرا بوو
سەر بە وەتەنێکی ئاسنین بووم
زمانیان تێنەدەگەشتم
بەڵام هەرێمەکەی من سوور بوو.. دەمارەکانی جودا
ڕێواسە شارەکەی من سەوز بوو.. تامی، وەك تامی ڕەنگی خودا !
لەبەر دەرگای هەرمێ بە گاڵتینە لەگەڵ هەنگە زەردەکاندا
شەڕە ماچم دەکرد
شەڕە تەقەم دەکرد
شەڕە شیعرم دەکرد
ماچەکان لە خوڕەی بوغورد دروست بوو بوون
تفەنگەکەم دارگوێز بە لقێکی خۆی بۆی کردبووم
شیعرەکان زمانی گوڵگوڵێنی مشکییەك بوون ...
فەرهەنگی سپێدەی گوڵئەندام بۆم دەگێڕێتەوەو دەڵێ :
( ئەو مشکییە ( با ) لە چیایەکەوە هانی
لەووەتی گەردون هەیە بە پێوەیە .. )
منالی شیلە شارێ بووم
ناوی گەڕەکە نەشمیلەکانی
لە پیتی باران بوون

وەچەی ئاو بوون
کانی گوڵفرۆش.. کانی شەونم..کانی یاری
کانی هەرشا.. کانی لێو..
منالْ بووم بەدەست جریوەکانەوە
مورویەك بووم لە ملی تریفەدا
کتێبی خۆرم دەخوێندەوە
لەگەلْ پشیلە سپیەکاندا شیری شۆڕشم دەخوارد ...
لەسەر بەرگی یەکەمی پەڕی تاوسی پاشا نووسراوە :
( لەوەتەی ژیان هەیە شیرو شۆڕش خواردنی ئەو کارمامزانە بووە
کە لەسەر دەستی باخچە بە گولْ پەروەردە کراون )
ماڵەکەمان پڕ بوو لە چرای حیکایە تخوان
سەردۆڵەکەی دایکم لە وشەی سپی
کۆڵوانەکەی نەنکم لە هەتوان
بنەماڵەکەمان پاشا بوو.. هەموویان مۆسیقار
ژەمیْ پێش ئێواران میوەی مۆسیقام دەخوارد
شارەکەمان بەرماڵێکی گەورە بوو نەك پەڕۆی سوالْ
نوێژی شۆڕشی وەتە نمان تیا دەنوسییەوە
نەك کێشانی ئەستێرەو دالْ !!
من لە پۆلی پێنجەمی چکلێت بووم
ماڵەکەمان بە تەنیشت ماڵی کەروێشکەوە بوو





هاوپۆلەکانم بۆ گێزەرخواردن
لە حەوشەی پڕ لە گۆرانی ئێمەدا
شەویان ئەبردە ماڵی ڕۆژ
هاوشارییەکانم بە پاسکیلی پەپوولە
دەچوونە سەیران
لە گۆڕستانەکان هەموو ئێوارانیْ
مردووەکان بە کولەبالْ و جەمەدانی و شاڵەوە
فیکلانکۆیان لەگەلْ ئەستێرە پیرەکاندا ئەکرد
یاریەکەیان ناوی ڕاکردن بوو بۆ چێشتەنگاو !
من شاعیر بووم
شارەکەم چامەیەك ئاو
من مرۆڤ بووم
بەڵام نیشتمانەکەم
وێنەی ناو بنێشتێك بە دۆزەخەوە لکێنراو!!
من شیعرە منالّی شاریْ بووم
پڕ بوو لە پیاو.. پیاوی بالاّ زراڤی ناو کتێب
پڕ بوو لەناو
ناوی ئەو ئەستێرکانەی بۆ یەك پیاسە
شەقامەکانیان پڕ ئەکرد لە جریوەی ڕژاو، مۆسیقای هەتاو
ئەلبوومی دووەمی چاپی شۆڕشی برنەو دەگێڕێتەوەو دەلّیْ:

( شارەکەی تۆ،
باخچەبوو بەڵام مەتەرێز
گوڵ بوو بەڵام تیر
سفرە بوو بەڵام هێرش
عاشق بوو بەڵام شۆڕشگێڕ
سپی بوو بەڵام سوور
قەڵەم بوو بەڵام چەك
شیعر بوو بەڵام شۆڕش
هیوا بوو بەڵام ئامانج )
من لێرە دەژیام.. ژیانێك ژیام
من لێرە بووم.. چیمەنێكی باڵابەرز بووم
من شاعیر بووم.. باوكم شیعر
من مرۆڤ بووم
هەم هەنارو هەم هەڵوژەو هەم گوێژ بووم !
قوتابی پۆلی شەشەمی شۆڕش بووم
لە قوتابخانەی هەنجیر
مامۆستاكانمان نەگەنج بوون نە پیر
باڵیان كەمان بوو
كە قسەیان دەكرد
وردە پەپولە لەدەمیان هەڵدەفڕی





من شاعیر بووم
باوكم مامۆستای خۆم بوو
قوتابخانەكەمان دەكەوتە كۆڵانی ماسیە باڵدارەكان
نزیك دارستانێكی مۆسیقا ژەن
مرۆڤ بووم لەناو ئاوەدانیەكی بەڕەحمدا
تا ئەو كات
هەر بەلەمم بە كاغەز دروست دەكردوو
ئەمخستە ناو تەشتە هەمیشە پڕ لە نورەكەی دایكمەوە
تا ئەوكات شارەكەمان بە شیعر دەخەوت و بەیانیان زوو
لەگەڵ لەشساغیی كەڵەشێردا
بەعەتری مۆسیقای بنباڵی گوڵە باخ خۆی دەشوشت
تا ئەوكات كە من هەر پێكەنینم لەسەرخۆ دەئاژو
پیرەژنانی عەیاری گوند
لەسەر سەر، مەنجەڵە سەمای سپێدەیان
ئەهێنایە شارو بەدیاری ئەیاندایە ماڵی ڕەش و سپی گەنم
تا ئەو كات ژمارەكانم
بە نوقڵی ترش و شیرین حساب دەكرد
ژمارە شانزەش
كە ژمارەی یاریزانێكی تیپی مەل بوو
بە مشتێ سەركەوتن ئەیخستمە سەما

ژمارە شانزەش

کە ژمارەی خانووەکەمان بوو لە کۆڵانی بەرسیلە

هەر بەلێوکرۆشتن سوعبەتی لەگەڵدا دەکردم

ژمارە شانزەش

کە ژمارەی جوجەڵەکانم بوو لەحەوشەی خەیاڵمدا

شانزە کەڕەت هەموو سەری سەعاتی چیمەنێ

ئەیناردم بۆ دوکانی قازو قوڵنگ

لەولای ماڵی کچە کافرۆشی ساحێبیارەوەو

شانزە گرۆگاڵی ڕەنگاو ڕەنگ و

بایی گۆرانیەکی تازە

شانزە عەلاگە پەشمەکم بۆ جوجەکان ئەکڕی !

من ژیانم خۆش ئەویست

ژیان منی خۆش ئەویست

پێش شانزە

لە قیتاری ژمارەکانا

دڵداریم لەگەڵ کچی سەفەردا دەکرد

لە شەربەتی سەوزە گیای

سەیرانگای حەزرەتی بەڕوودا

تامی نیشتمانم دەکرد

لەگەڵ تیپی سەوزی سنەوبەرا





بە جەماعەت نوێژم دەکرد

دوعام بۆ وەتەنی پرتەقاڵی دەکرد

ڕوو لە خوا بووم

کافر نەبووم

کورد بووم

خراپ نەبووم

چەکم نەبوو.. بەڵام باوکم دەیگوت :

(گوڵەکانی باخچە چەکی ئێمەن)

ئیتر ئاوا پەروەردە بووم

شاری ترێ هەر شیعر و

نەتەوەی بەڕو

لەچاوی تایفۆنی باشورەوە، بەرد !

شارم تەلا بوو

کەچی لەچاوی حوشترسوارەکانەوە

تەنەکەی پڕ لە بنێشت

پێش شانزەی شار

من خۆم جوان بووم .. مێژووی خۆم جوان

بە یەخەی ناسنامەی ڕابردووی بارانیمەوە

خۆ شتە ڕەشەکان هەر هەبوون !

خۆ هەر مەحکوم بووم بە مردن ..!

پێش شانزەی شار
بەچەند ڕۆژێك بە میقاتی
سەعاتەکەی باغی لیمۆی سەرهەنگ دڵبەر
ژنان بە گالیسکەی ڕووناکی
دەچوونە کانی
پیاوانی کۆڵانە تەنگەبەرەکانی تەزبیح
بەنیەتی نیشتمان
دڵی سەیرانیان دائەگیرساند
چەند دەهرێك پێش شانزە
بە میقاتی سەوڵی ماسیەکانی گەڕەکی میرزای مێخۆش
منالانی سەرجادەکانی خە تخەتێن
عەجولانە بە ئەستێرە نەرمەکانی
کتێبەکانی یاقوتی یاقوتیان
گەمەیان دەکرد
لەبەرگی سێیەمی پاشا نامەی یوسفی سیحریدا نوسراوە:
( پێش شانزە بینراوە
ئەسپەکانی تۆفانی نوور گریاون
بینراوە هەتاو یەك میل
لە شاخی هەنگوینسەراوە دووربووە )
من لە پۆلی بەردەرگای پیاسە بووم ...





ڕۆژێ بارکراو بەسەر پشتی حوشترەوە
غەمگین وەك گۆرانیەکی بەر بیابان
سەعات دڵۆپەی مەرگێکی پەنهان
سەعات یانزەی سیر
چەند ساتێ پێش کەچەڵبوونی بەهار
چەند خولەکێ بەر لە سفربوونەوەی مانا
ئا....هـ...... ئۆف خوداوەندا.. خودا
کە ڕوانیمە ئاسمانی یەکەمین ڕەنگی شین
پۆلێك تەیارەی سوپای دۆزەخ
ڕەش.. ڕەش ڕەش.. هاتن و
من لە بەردەرگای ڕوانین بووم
کە چاوم هەڵبڕی
وامزانی پەپوولەن
یەکی سێ ئەستێرەی سەوزیان هەڵگرتووە !!
پەپوولەی گەورە، ئەستێرەی سەوز...
بەڵام نا.. هەرگیز نا !
ئەوان تەیارەی ڕاستیی بوون
لە دۆزەخی ڕاستەقینەوە هاتبوون
بۆ شار هاتن کردیان بە بیابانی سوڵتان
بۆ گۆزەکانی شیعر هاتن کردیان بە مەسینەی

پڕ لە خوێنی ڕەشی میری سەر گۆڕستان
بۆ بەهەشتی کۆتر هاتن
کردیان بە سفرەی پڕ زوخاڵ بۆ ژەمێکی تاڵی شەیتان
هاتن ئاسمانیان داگرت و
ئەستێرەیان گلۆر کردەوە بۆ کونی زێرابەکانی عروبە
هاتن شاری زیکزیکەیان کەڕولاڵ کرد
هاتن ڕۆحی کانی خوایان کرد بە شیشا
هاتن کۆڵانی ئەوینیان کرد بە دارا
هاتن عەگاڵیان لەسەربوو... ئەوان نەعلیان لە پیا بوو
جامانەیان سوورکردەوە لەناو تاوەی ئەژدیهاداو
کلاشیان بەست بە کلکی ڕەشی زامەوەو
بە شمشێر جەستەی زەردەشتیان لەت و پەت کرد !!
کە شانزە هات
من زمانم بیر چووەوە
هەناسەم بە زۆر فرێنرا
کات بۆ هەمیشە وەستێنرا
هەڵماتەکان گلۆر بوونەوە بۆ مشتی پڕ لە گریان
لە خوێنی کچانی ترێ
شەرابیان بۆ سوڵتان خۆش کرد !
باغی هەڵوژە بۆ ئەبەد لاقە کرا





من نەمردم.. شار لە خوێنا قوڵپی ئەدا
باخچەکان دوا گوڵیان ماچ کرد
مزگەوتەکان دوا بانگیان دا
عاشقان دوا پیاسەیان بوو
یەکەم شتێ کە زۆر گریا پێکەنین بوو
یەکەم شتێ کە کوژایەوە هەر خۆر بوو
یەکەم داهۆڵێ پێکەنی هەر مەلیك بوو
یەکەم ناقوسێ لێدرا گەروی تۆزاوی گەردوون بوو
بەرسیلە ڕیشی سپی بوو
شۆڕش یەخەی خۆی دادڕی و دەستی برد دڵی شکا بوو
یەکەم شتێ کە تەواو بوو خوێ بوو گەنی
ڕۆژی شانزە.. هەوا خنکا
دەمی قورئانیان ئاخنی بە سێوی باغەی زەردو سوور
وتیان ئەمانە کافرن !
کەچی گوێز هەمیشە پێش خورما نوێژ ئەکا !!
گیاندار وەك گەلا هەڵوەری
کانی مردو هۆڕ پێکەنی
شاخ بەلادا هات و بیابان تێر هەڵپەڕی
من نەمردم دوا شیعری خۆمم دەنوسی
وتم من دەبێ نەمرم و

**دوایی بەم شیعرە شاری خوا چاك بێتەوە**

**نەمردم و شیعر تا شار گیانی دەرچوو.. ئەو تەواو بوو !**

**لەبەرگی پێنجەمی کتێبی شانزەهەمینی هەڵۆژەدا**

**هەڵە بجە سەد ساڵ پێش ئێستە نوسیویەتی :**

**( شانزەیەك دێ، من دەمرم .. شیعرێ ڕۆح ئەکاتەوە بە بەرما**

**شیعرێ.. شیعرێ.. شیعرێ ...! )**







عومەر عەبدول

عومەر عەبدول

ناو: عومەر عەبدول

لە دایکبووی: ١٩٧٠ – هەڵەبجە

بڕوانامە: بەکالۆریوس لە بنەماکانی ئاین، زانکوی سلیمانی

فەرمانبەر لە مۆنومێنتی هەڵەبجە

خاوەنی دەیان بابەتی نوسین و رەخنە بو ڕۆژنامەو کۆڤارەکان.

خاوەنی دوو نامیلکەی شیعری یە

خاوەنی کتێبی ( بیرم ناچێتەوە ).

شەش کتێبی ئامادەیە بۆ چاپ کە تایبەتە بە نوسینەوەی یادەوەریەکانی هەڵەبجە

سیمیناری ئەدەبی سازداوە لە شارەکانی کوردستان .

دەیان کۆر و هەندێك لە بەرهەمەکانی لە لایەن کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکانەوە کراوەتە کلیپ.

ئێستا سەرقاڵی نوسینەوەی یاداشتی کەس و کاری شەهیدانە لە چوار چێوەی پرۆژەیەکی درێژ خایەندا.





**عومەر عەبدول**

## هەڵەبجە لە پەلکی شۆڕە بیەکانی سەردەشتا

**سەر چاوە**
**دڵی هەر بیانوو ئەگرێ**
**بەر بینی پڕە لە گریان**
**زمانی پڕە لە سوتان**
**زمانی ئەو ئەمێستاکە،زمانی شۆڕە بییەکی سوتاوە**
**کە نازانێ چۆن هاوار بکا، سەما بکا**
**شۆڕە بیەکانی سەردەشت لە هەر وەخت و نا وەختێکا بیانەوێ**
**پەنجەی گوڵێ بۆیە بکەن**
**بیانەوێ چۆلەکەیەك ئاشت بکەنەوە**
**بیانەوێ شانەیەك بە پرچیانا بێنن**
**ئەبێ بگەڕێنەوە لای**
**ئەستێرەیەکی ڕەش پۆشی ناو ئاسمان و**
**بۆلای مەلەکوتی ئەوین**
**ئەبێ بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی باران**
**بۆ لیقای بۆن و ڕەنگ و هەناسە و خاك**
**شۆڕە بیەکانی سەردەشت**
**لە هەر وەخت و نا وەختێکا بیانەوێ**

لەنجە بکەن
ئەبێ ڕوو بکەنە
شنە بایەکی سوتاو
کە هەموو بەیانییەك
لە چاوە خەواڵوەکانی خیابانی هەڵەبجەوە هەڵ ئەکات و
لە جادەیەکی دووری سەر بڕاوا دوایی دێت!!!
خیابانی هەڵەبجە
هەموو بەیانیەك ئەژنۆی ئەخاتە سەر زەوی و
لە دوی پێڵاوی جێماوی مناڵێك و
قردێلەی خەونێکی سەوز و
ملوانکەیەکی خۆڵین ئەگەڕێ
بەدوای زەمانەدا ئەگەڕێ
زەمانەی ناو
چەفتەی با بردووی کانیەك و
هەناسەی ساردی دڵی جادەیەکی خەمبار
زەمانەی ناو
فەقیانەی شێواوی چنارێکی باڵا بەرز
ئەگەڕێ تا پێ ئەخاتە
بەر هەیوانەکەی ماڵی خاوەر و
قاچی لە قاچی گێلاسێکی بێزار هەڵئەکەوێ





سەرسم ئەدا
هەموو گیانی ئەبێ بە ئاو
هەمو گیانی ئەبێ بە شەپۆلی سپی سپی
سپی سپی هەر وەك ئابشارەکەی (شلّماش)
کەفچر ئەکاتە ڕۆحی بایەکی دزراو
کەفچر ئەکاتە بینایی چەمێکی کەنەفت
کەفچر ئەکاتە ناو لەپی
شا دەمارەکانی سیروان و
ئاهێستە ئاهێستە گیانی ئەشکێ
خیابانی هەڵەبجە لە ناو
شۆڕە بیەکانی سەردەشتا
بە ڕومەتی گێلاسێکی کاڵ ئەناسرێتەوە
بە گۆرانی چۆلەکەیەکی سەر خۆش و
لاولاوێکی بێ نینۆکا
لای کتێب فرۆشێکی دەست گێڕ
ئەیناسیتەوە
ئەیناسیتەوە چەند بە شەرم سەری داخستوە و
بە دار وەلەکێکی سەوزەوە
غەریبانە هۆرە ئەچڕێ
لای ڕاستیەوە خیابانێکی خەمبار

خانمێکی ڕەش پۆش
لای چەپییەوە خاتونێکی مەلول
ئەم سیانە زەمانە چاوەکانی بردون
فرمێسك هەمو گیانی کردون بە ئاو
سیروان بە کلێتەیەکی تەڕەوە
هەتا ئەژنۆی هەڵئەکات و
بەدەم هۆرە کردنەوە
پێش ئەوەی پاژنەی تەڕ ببێ
پێش ئەوەی ناو قەدی بشکێ
دەمی خۆی ئەکا بە باران و بە پێی پەتی دێتە لیقا
دەمی ئەبێ بە بروسکە و
دێتە نیگای کچێکی چاوەڕوان و
لەو سەری کوچەیەکی وێڵا
بە غەریبی گیان ئە سپێرێ
سیروان بە دەسماڵێکی وشکەوە
پێش ئەوەی ماسیەکان ڕۆحی جێ بێڵن
پێش ئەوەی (با)
چاویلکەکانی بفڕێنێ
ئەو هەر بەردەوام ئەگەڕێ
خیابانی هەڵەبجە دەمێکە





دەستی وا بە دەستی شۆڕە بیەکی سەردەشتەوە
هەردووکیان هەواڵی چاوەکانیان
لە خانمی هێرۆشیما ئەپرسن
هێرۆشیما بە ئیشارەت
دەست بۆ سێبەری ئەستێرەیەك ڕائەکێشێ
کە خەو ناچێتە چاوانی
دەست بۆ دڵی کانیەك ڕائەکێشێ
عەشقی ئاوی بیر چۆتەوە
وەك شێت و هار ڕەفتار ئەکا
ڕومەتی سپی سپی ئەبێتەوە دننوەن
دەستەکانی ڕائەکێشێ
تا تەوقە سەری خۆی
ئەبینێ
چاوەکانیان وەك شاباڵی ئەستێرەیەکی پەژموردە هەڵوەریوە
وەکو سێ پەپولەی نابینا
دێن و دەڕۆن
وەکو سێ گێلاسی کاڵ
خواخوای قەترەیەکیانە لە باران
خواخوای تەتەرێکی کۆچەریانە
بەباڵ بیانباتەوە بۆ شینایی درەختێکی چاوەڕوان

**بیانباتەوە لای شەپۆلێکی دڵگیراو**

**بیانباتەوە لای هەناسەیەك**

**غروری خۆیانی تیا ببیننەوە**

**یادگاری باڵ و عەشق و**

**خاك و ئاوی تیا بناسنەوە**

**هەڵەبجە وەکو کچێکی تۆراوی بەر باران**

**هەر هەواڵ ئەپرسێ**

**هەواڵی ئەو شیعرانەی**

**لە زەمەنی دڵ گۆڕینەوەدا**

**بە سەر و ملی تەڕەوە**

**لە کۆترەکان بەجێ مان**

**هەواڵی ئەو خەیاڵە سپیانەی**

**لە مەنزڵی بادا**

**بە شەرمەوە ڕەش هەڵگەڕان**

**هەواڵی ئەو تەیرە مەستانەی**

**لە پێش وەرزی فڕین**

**ڕیشیان بەردایەوە تا زەوی**

**دڵیان دا بە ئاو..دڵیان دا بە باران..بە خاك**

**هەڵەبجەی ناو باران**

**باڵایەکی شێداری هەیە لەناو شۆڕەبییەکانی سەردەشتا**





**بەهاران بەدیار لەنجەیەکی سەوزەوە**

**خەو ئەیباتەوە**

**هەڵەبجەی ناو ئاو**

**دنیایە ئەولادی بێ زمان هەیە لە دڵی (شڵماشا)**

**ئێواران کە ئاو دەست ئەکا بە دڵاری**

**ئەوان وەك لە دەستی مەی خۆرێکی قاچاخ بەرببنەوە**

**ڕۆحیان ئەشکێ**

**وەکو چەفتەی ئەو سمۆرە عەجولانەی**

**لە داخی گۆرانیەکی نا مەحرەم هەڵدێن**

**(با) ئەیبا**

**دنیایە خەیاڵی پەڕیو**

**دنیایە یاقوتی گوم ناو**

**دنیایە سەدەفی مردو**

**سارد و بێ گیان زمانی وتنیان ئەشکێ...!!**

**هەڵەبجەی ناو من**

**بەردەوام لێم هەڵدێو**

**نایناسمەوە .**

**عەجیب هەڵدێ**

**هەڵدێ نەبادا ..سیرەی سەوزی چاوەکانی**

**خوماری بەیانییەك بیباو نەیبینێتەوە**

**هەڵدێ نەبادا ...شەجەرەی هەناسەی سوتاوی**

**کانیەك بیخاتە ژێر بەردە نوێژەکەی و**

**بە کافری بڕوا**

**هەڵدێ نەبادا ...هەرمێیەکی کاڵی ناو باخی بەیتەکانی**

**شاعیرێکی برسی لێی کاتەوە و**

**بە سەوزی بمرێ.!!**

**هەڵدێ بێ ئەوەی شتێك لە هەڵهاتن بزانێ**

**بێ ئەوەی بۆنی ئاو لە پرچەکانی بێ ...لە گیانی بێ!**

**هەڵەبجەی ناو من**

**لێم تەبەڕایەو**

**بەردەوام بەباڵەکانی ئەمبا**

**تەبەڕایە لێم و**

**فرسەتێك لێم جیا نابێتەوە**

**تەبەڕایە و**

**هەر کە ئێواران داهات**

**ئیتر ئەو ئەچێتە خەوێکی قوڵ و**

**هەرچی یادگاری هەیە لە چاو تروکانێکا**

**ئەی دا بە گوێی شۆڕەبی سەردەشتا**

**مەستانە خەو ئەیباتەوە گەلۆ**

**مەستانە ئەچێتە حزوری خوا**





**مەستانە لەسەر پەلکی شۆڕەبییەکانەوە**

**گریان هەمو گیانی ئەکا بە ئاو..!!**

**هەڵەبجەی ناو ئێوە..**

**هەڵەبجەی ناو هەمومان**

**هەر کە ئەجەلی کۆترەکان نزیك بۆوە**

**ئەو بە باڵە سوتاوەکانی ئەڕوا**

**فڕین بۆ ئەو لە هەر وەخت و ناوەختێکا**

**لە دڵی گەڵای شۆڕەبییەکان ئەچێ**

**کە بە تەسبیحاتی پاییزی بەر ئەبنەوە بۆ زەوی**

**فڕین بۆ ئەو**

**لە گیانی ئەولادەکانی ئەچێ**

**هەر بە پێڵاوەکانیانەوە**

**چۆن دڵیان دا بە تەدارەکی ئاو**

**دنیایە شیعری کلێتە سەوز**

**چەفتەی سوتاو**

**فەقیانەی تەڕ..**

**کراسی دامێن گوڵ گوڵێن**

**بەر ئەبنەوە وەك و باران**

**هەمو دنیا ئەکەن بە ئاو!**

**مەقیژێنەئەی کچی نا شۆڕبی و کانی**

هاوار مەکە ئەی زریکەی ناو گەروی درەخت
مەناڵێنە ئەی خانمی سەر هەڵگرتوی ناو ڕەشەبا
ئەوە سەردەشت و گێلاس و
خەنەی پەنجەی گەلاکانی
ئەوە سیروان و بەهار و
وێردی دەمی ماسیەکانی
ئەوە گوڵ و خاك و هەرمێ و
باقە باقە
حیکایەتی سەوز و بۆندار
ئەوە خۆت و خۆت
هەر خۆت و خۆت
تەنیا وەرەوە خانم گیان
گیانت با تەڕبێ دێیتەوە
منیش تەنیا
چاوەڕێتم
دنیا پڕ ئەکەین لە خۆمان
پڕ ئەکەین لە تەنیایی...!!





**عومەر عەبدول**

## سۆناتای سەر پە نجە هەڵوەریوەکان

لە نەزەری شۆڕە بییەکی بێ حەیاو
ئە ستێرەیەکی مل ڕوتی بەر باران و
چەمێکی قەیرەو تورەدا
بە هەزاران
ڕیشۆڵەی قا پوت سەوزی بە ر پە نجەرەو
گوڵی نایلۆنی خەیاڵ و
گڵدانی کۆنی چەند ساڵە
فەساد ئەگرێن !!!!
لە نەزەری هەنارێکی ترش و شیرین و شەرمنا
یاخی لە ماڵ
پەرژینێکی ماندو شەکەت
جۆگەیەکی ڕیش درێژو
نەعنایەکی بە بۆن کەوتو
بە هەزاران
باخەوانی غەریبی ناو دارستان و
خاکەنازی لێو بریندار
قۆپچەو کۆلارەو خەیاڵ و

بوکەڵەی بێ زەوق و چڵکن
فەساد ئەکرێن!!
خاك و ئەنفال و زریکە
هاوارو سەداو سنگ کوتان
بە تەویڵی ئەم گا بەردە زلانەوە

( ١ )

بە پێنوسی لاوازی من
کوا دەبێتە زمانی گۆ
دێتە تەحریر ...؟؟؟
دوکەڵی ناو دەمی باران، لە سەرو بەندی گریانا
لە گەواڵە هەوری تورەی
چاوی قەقنەس و ڕەشی شەو
لە حیکمەتی داڕوخان و
مردن و شین و فەوتانا
مشکی و جامانەو کلاّو زەر
شیعرو هەڵماقۆی خۆڵاوی
بە هەناسەی هیلاکی من
کوا شین ئەبێ
دێتە تەحریر..؟؟؟
دیرۆکی ئەم پەڵە هەوری داڕوخانە





ئەم جاڕی قڕو فەوتانە
گوێتان لێ بو ؟؟
گوێتان لێ بو ،کاتێ کە عەرعەر قیژاندی
باران سەرپەنجەی هەڵوەری
باو کۆلارەو منالّ گریان
کاتێ کە بەهار لەرز دایگرت
گوڵ و پەپولەو خاك گریان
دەی ڕومەتی ئەم کۆلارە دزراوانە
دەی سۆناتای ئەم پەنجە هەڵوەریوانە
کوا لە چاوی دێمی منا
تەڕ ئەبێت و دێتە تەحریر..؟؟؟
لەم سەحرایە

( ٢ )

بە ناعوری مردنی ڕەش
سەردەمی ڕەش
دڵی ڕەش و
غەزەبی ڕەش
قەتارەیەکی عەوداڵ و سەر لێ شێواو
بۆ فەقیانەی دڵ ناسکی
یەك شەوەی خۆی

دەم وچاوی شیعری ئەڕنی
شمشاڵێکی کون گیراوی لامل خۆڵین
دەنگ نوساوو
ناوقەد باریك
پەنجەکانی لێ بزر بو
نەیئەزانی چۆن هاوار کا
دەی قەڵەمی بێ ئاگاو کورتە بالآی من
بە زرافی ئەم شەختە سوتاوانەدا
چۆن دێتە گۆ
دێتە تەحریر..؟؟؟
مێژو لە ئەمێستاکەدا
لە گێژاوی خەوێکی قوڵ
نە ئەمسەری هەناسەیو
نە دامێنی کراسەکەی
بەشی قاچ و قولی ئەکا
مێژو لە ئەمێستاکەدا
لە ئیقاعێکی نەشازو
دەڵێکی قژ بژو کەڵبە درێژ
لمۆز سورو
(٣)





لە واشەیەکی شەلاتی و
دەنوك قەوچ و
گەڕو کوێرو ئیفلیج ئەچێ
گڵۆپی ناو دیوەخانی
دڵی ئەم پەڵە هەورانە
کەزیەی قەترانی و تۆراوی
ئەم پەپولە بێ نازانە
سەری سپی نیشتیمان و
ڕیشی زیوینی گەنم و
دانەوێڵەی سەدان ساڵەی کۆترە دەنوك سورەکان
وا ئەسوتێ
کچی ناو شۆڕە بی و کانی
کوڕی چاو بزی سەربانان
جەحێلآنی ناو گەڕەك و
کەروێشکە دڵی عاشقانەو
گەمەی هەسارانی سەوزو
فیکەی بەر پەنجەرەو کانی
دەم سوعبەتی جۆگەیەکی هەرزەکارو جۆماڵ کراو
کوا لە ڕیشی سپی منا
قەت سەوز ئەبێ

له زمانما دێته تەحریر ...؟؟؟
له نەزەری باوه نورا
حه پەساوی ناو نوری خۆی
دڵی خۆیی و عیشقی خۆیی و هیچی خۆیدا
له نەزەری قادر کەرەمی
کوڕی ناو خۆره تاوی گەرم و
(٤)
تەویڵ سوتاوی بەر سێبەر
ڕاکشاوی ناو ئەم تەپ و تۆزو خۆ لا
به هەزاران
کونی شمشاڵی گه نجێتی و
نامەی کچانی ڕێی کانی و
پوزەوانەی جەرگ کون کون
قازو مراوی کۆس کەوتەو
گوێ سەبانەی هەرزەکاری
دەم و چاو هەڵنەگیراو و
جاره شەتڵی دەم و لێو وشك
تەنوری تەویڵ قۆقزو
برسی و ساردو سڕو مەلول
فەساد ئەکرێن..!!





لەنەزەری من و ئاوا
هەزاران جۆگەی قاچ بڕاو
هەزاران داسی زمان کول
گوڵه گه نمی دڵدارو
خەرتەلەی قۆڵ پڕ له بازن و
گوڵه فەقێی دەم به زیکرو
هێرۆی تەنیا و دوره دەست و
به هەزاران
ڕەزو ترێی وشکەوه بو
به ئیقاعی زرمەی پۆستاڵ
نەڕەی کەمتیارو دێڵه سەگ
قامچی و شریخەو هەڵقرچان
لەم زەمینه فەساد ئەکرێن ..!!
(٥)
به هاری زەردو خنکاوی
ئەم دڵەی من
چۆن دێته گۆ ،دێته تەحریر ..؟؟؟
له نەزەری ئەڵوەنی کچی قەتارەو
ئەللاوەیسی برازای ناو تەپ و تۆزو
پیره هۆرەی دڵی دەریا

دەفی دێوانەی گەرمێن و
تەریقەتی عاشقانا
لە نەزەری خودا خۆیی و
هەزاران ئەستێرەی داوێن پاك
پەیامبەری چاو ڕۆشنا
هەزاران شەوی بەشكۆو
شەو نمی یەك ساڵەی تەڕو
گزنگی دەم و چاو شە رمنا
هەزاران
تاڵە قژی دەم بە زیكرو
دەست و پە نجەی داوێن پاك و
بەردو داری
گەرمێنی زمان بەڕۆژو
ماسی عەودالْ و نورانی
سەدەفی سەرتا پا سپی
گیای هەرزەكاری خوێن گەرم
لەم زەمینە فەساد ئەكرێن
ئیتر زیكری شێتانەی من
بە كام تەریقەتی ئیمان
ببێتەزمانی گۆ و بێتە تەحریر..؟؟





( ٦ )

نوزەی شیعرێكی ئەسمەری كاكۆڵ چەرمو
چەناكەو گۆنا پڕ لە خاڵ
ڕاژەنینی سێپایەكی وەلەك بە دەست
حیلەی ئەسپێكی یالْ سوری
یاشماخ لە مل
عەودالی دوای لەتێ
لە ڕومەتی نیشتیمان و
قەرەخەرمانێكی مزرو
لەتێ لە دڵی شۆڕش
تەنها چۆڕێ ،قومێ،
وەلا زەڕەیە ئازادی
بە هەزاران بڕنەوی دەم ڕاست و ئازا
بە هەزاران فیشەكی داوێن پاك و
پشتێنی تەڕ و چڵكن
پوزەوانەی بەدەماغ و
پاتەی لاستیكی بێ فیزو
كوڵە باڵی دڵ پڕ لەداهاتوی گەش و
یاشماخ و جامانەو هەوری
كۆڵە پشت و قۆری ڕەش و ڕومەت قوپاو

بە هەزاران تەیری مەست و
چەمی سەرخۆش و بە خومار
بەردە نوێژی دەست بە دوعا
پونگەی بە حەیاو بە شەرم
لەم زەمینە فەساد ئەکرێن..
دڵی شۆڕش ئەمێستاکە
لە کوێی شیعرو گۆرانیما
( ٧ )
سەوز ئەبێت و دێتە تەحریر..؟؟؟
تۆ ئەو کاتە
ئەی خانمی گڤەی سەوزی
دەنگ ناسکی
ناو زریان و
سەر هەرزاڵەی دەرون فێنك
کام ڕەشە با ئەیفڕاندی
ئەو کاتە خۆت و باران و
پڕی مشتێ دەردی سەری و
کۆڵە پشتێ نانی ڕەقی نەبێزراو و
سولتانی عەرشی شۆڕش و
نەعرەتەی بای نزاران بوی





ئەمێستاکە شۆڕەتی تۆ
لە کام زیخی جەهل و ڕەشا
لە کام لمی بێ ویژدان و
لە ژێر سێبەری کام دڕکی بیابانا
ئەناسرێیت و ناناسرێیت و
ئەبینرێیت و نابینرێیت و
لەڕو لاواز
هەر وەکو خۆت گیانت ئەڕوا
تۆ ئێستاکە
بە هاواری پیرە ژنێکی ڕەش پۆشی
ژێر دەوارو
بۆنی خۆرەتاوێکی بێ ئاگاو
بایەکی زۆر بێ خەبەرو
گڤەیەکی مرو مۆچا
( ٨ )
بە هەناسەی کەروێشکێکی چاوەڕوان و
کار مامزێکی تۆراوو
مەشکەیە دۆی کەڕو لاڵ و
بێ زمانا
بەم شیعرە ساردو سڕەی من

چۆن دەناسرێی
لە زمانی چی نەورەسێکی غەریبا
پاساری ماڵەکەم ئەبڕێ و
دێیتە تەحریر..؟؟؟
ئەی خودای من
من لەگەڵ ئەم (کێلۆکە ) بریندارو
داهۆڵە بێ گیانانەدا
هەر چاوەڕێم
لێرەو لەوێ
لەمێژودا ،لە ڕابردو داهاتودا،لە ئێستاکەو
هەمو ساتێکی دیکەدا
ئەم چاوە سیحراویەی من
پەی بباتەوە بە بینین
ئەم دڵە هەڵقرچاوەی من
پەی بباتەوە بە ناسین
چاوەڕوانم
ئەستێرەیەك لای سەرمەوە
لە هەر وەخت و ناوەختێکا
بەهەر دەنگێ خۆی پێی خۆشە
بقیژێنێ و هاوار بکا





(ئاسمان پڕپەتی لە گوڵدان ،ئێرە سەرچاوەی باران بێ ،هەر دێینەوە...)

(٩)

چاوە ڕوانم ئەی خودای من
پەڕۆیەکی و نجڕ و نجڕ
بالیفێکی بێ پەڕو باڵ
دەستەسڕێکی بۆن دارو
یادگارییەکی خنکاوی
دەم بەگڕو گاڵ و گریان
باوەشێ گۆرانی بێ ناز
هەناسەیە بدەنەوە بە گەرمیان و
هەزاران قەتارەی سەوزو
بەستەی هەتیو و شەرمن و
بێ دەرەتان
بە هەزاران ئەستێرەی سور
گوڵە گەنمی سك خاڵی
حیکایەتی زمان شکاو
بگەڕێنەوە ناو شیعرم
بینەوە بە زمانی خۆم و
لەنێوانی لێوەکانما
یەك جاریش بێ

بێنەوە گۆ و بێنە تەحریر ....!!!!!

بەهاری ٢٠٠٦

کێلۆکە :ئەو گوڵە گە نمانەیە کە لە داس بەجێ دەمێنن





عومەر عەبدول

زاکیرەی سەوز

لەچاوە سورەکانی ئەودا
هەناسەو ..
تەمی کاڵی منالی و
گلێنەیەکی ڕەش ئەبینم
دوو.....ر ئەچێتەوە
بۆ ناو شوشە بەتاڵەکەی مێژوو
پڕڕڕ دێتەوە
بۆ ناو ئەفسانەی کانی و هەڵمی ئاو ... !!
لەگیانە شیرینەکەی ئەودا
جەسوری و ...
بازرەقەی عیشق و دڵێکی شکاو ئەبینم
بەرز ئەچێتەوە
بۆناو ماڵی هەور و
تەڕایی ئاسمان و
نزم دەبارێتەوە ناو خاك
کە ئەبارێ ... خەیاڵ سەوز ئەکاو
کە ئەبارێ ....

دوانەیەکی لیّ ئەباریّ
جەستەو چاوو دلّ و عەشق و شیعر
دەخاتەوە سەر زمانی ئەو
ئەو ...
لە تایەفەی نەعنایکی گویّ چەم ئەچوو
تاریکانیّ هەناسەی ئەداو بەسەوزی ئەخەوت
ئەو ...
لە ڕەگەزی ئاوریشمینی گەلاّوە نزیك بوو
لەگەلّ گولّە مۆرەکانا
زوو ئاویّتە ئە بوو
مەرگی لەوانەوە ئەناسی
غیرەی لەو لاسکە بیّ ڕۆحانە ئەکرد
بایەك هەر بۆ ساتیّ
نە یخستنە سەماو
وەرزێك لە شەجەرەی خۆی نەینوسینەوە !!
ئەو ئەیوت :
باخەوانە دیمپەرستەکان
چۆن ئەتوانن بەدەستە زبرەکانیان
سەرو قژی میوەکان بخورێنن
کە هەزار پیّچ ئەخۆن لە بالاّی دارەکان و





هەزار جار شەهید ئەبن بۆ بەرزی !!!!!!
ئەو زۆر جار ئەیوت :
ژیان لە ژنێکی بەماریفەت ناچیّ
حورمەت بخاتە سەر لێوی کچەکانی و
فێری تفیان کات
تف .... لە هەرزەکارەکانی باشور
تف .... لە یاساولّە قاچاخەکانی شەو
تف .... لەو کوڕە عەبوسانەی
عەقلّ و شەهوەتیا ن وەك یەکەو
هێرش بۆ دایکە پێپەتیەکانیشیان ئەبەن
ئەیوت ....
ژیان لە هەنارێکی تەنیا ئەچیّ
هەر کە کولّمەکانی سوور بوون
دلاّرەکان دێنە سەیری و
بە ترشی ئەیفرێنن
دزەکان دێن و بەشەو ڕوتی ئەکەنەوە
باخەوانەکان لە ڕقا
بەزبری ئەیکوژن
چۆلەکەو بالّندە کۆچەریەکانیش
بەگالّتە جاریەوە

بەزمی ئێوارەیەکی پێتەواو ئەکەن ؟؟؟؟
ئەو
بەچاوەکانی زۆر شتی ئەبینی
هەڵە بجەی بەتەنیایی ئەبینی
لە باخی میر و
شەوان لە هێلانەی زەردی وەلیەکا ئەخەوت
تا بەیانی  هەر هەیاهوی عەشقی بوو
تا بەیانی حاڵی شیعر ئەیگرت و
نوێژەکانی لەسەر پوش ئەخوێند
هەر ئەو شەوە باڵی ویقاری لێك ئەداو
سەرێکی شۆڕ ئەکردەوە بۆ لای کانیەکەی عاشقان و
بەحرێك تەریقی ئەبینی
دنیایەك شەرمی ئەبینی
شەرمی ئەو کچانەی
بەیانیان بێگڕ ئەسوتان
تا ئێوارێ دلآریان ئەکرد و
شەویش تەنیا ئەخەوتن
نا ... نا .... ئەو نەئەخەوت
هەر ئەی بینی
ئەو ...توحفەیەك نیە نەیبینێ





ئەوەتا
ئەوە نورو تەجەلی حاڵێکی پیری مەولەوییە
ئەیبینێ ....
ئەوە قەتارەی کاروانی خێڵی جافە فەقیانەکانیان سپی ئەکاتەوە
ئەیبینێ....
ئەوە ڕەوە ئەسپێکی یالْ شین و ڕوت و یاخین
سوارەکانی جامانەیان لەسەردایەو
جامانەیان لە کۆڵدایە ئەیبینێ .....
ئەوە خانەقای دەروێشەکانە
تازمانیان وەستابێ
خە نجەر لە ملی شیعرێ ناسوون
ئەیبینێ .....
ئەوە  پیاوێکی کەڵەگەتە لێرە ڕاکشاوە
منالێ فێری زمان ئەکا
ئەوە دایکێکی خەواڵوە
نیشتمانێ ئەکاتە خەو
ئەوە هەزاران  پەڕەی گوڵی ماڵەکەیئەون
ئەیبینێ ....
ئەیبینێ و فاتیحەی گوڵی زمانی ئەشکێ
ئەیبینێ و ..... هاوار ئەکا

قاچەکانتان سوك هەڵگرن
ئەمە لاشەی پیاوێکە
سەری لای منەو قاچەکانی لای عەرش
ئەمە ڕومەتی مناڵێکە تەباشیرەکەی لای منەو
تەختە ڕەشەکەی دەستی لای خوا
ئەمە کچێکە لەناو دوکەڵا
پە نجەکانی بەڵخ گرتونی و بۆ ئەڵقەی عاشقی ئەگەڕێ
ئەوە منم .... ئەوە تۆی ..... ئەوە ئێوەن
هەموومانین لە ئەبرۆی( سیراتی ) عاشقەکانا
ئەکەوینە خوار ... گڕ ئەگرین
هەمووەمانین لە قەڵەمڕەوی سوڵتانەکانی شەوا
ئەدزرێین
ئەوەتایین لە دەفتەری بیرەوەریەکانی گۆران و
لە قاموسی خێڵی جا فا
لە غروری ئێوارەیەکی مۆردانەو
لە کینگڵی چەمەنێکی باخی میر و
لە ناو ڕیشی سپی مەولەویا
لای خۆرەتاوەکەی ماڵی پاشاو
لەبەر پشتێنەکەی تایەر بەگ و
لە دیوە خانەکەی عادیلە خانما





لای پایتەختەکەی حەبیبەو
لە مێزەرەکەی نالی یا
سپی سپی ئەکەینەوە
بستێك لە ئەو لای شانوملی مێژووەوە
سەعاتێك لە تەنیشت یادگاری هەڵە بجەو
دەقیقەیەك لە ناو ڕۆحی (( ٥٠٠٠ )) مۆمی سور
سپی سپی ئەکەینەوە
سپی سپی گڕ ئەگرین
ئەوەتاین
ماڵێك نیە شوشەکانی پە نجەرەیەك لەدڵی ئێمەی تیا نەبێت
دارێك نیە گەڵاکانی ڕەگێکی ئێمەی تیانەبێت
ئاوێك نیە ماسیەکانی لە پەراسوی ئێمە نەبێت
بەفر ئێمەین
باران ئێمەین
خاك و عەشق و شیعر ئێمەین
دەستەکا نمان سپی سپی
وەکو ناو لە پی شارەزوور
حەماسە تمان بڵند بڵند
وەك و گەردنی هەورامان
سپی سپی دەکەینەوە
سپی سپی گڕدەگرین....!!



فەتاح محمود ڕۆستم (فەتاح تەنیا)





**فەتاح محمود ڕۆستم (فەتاح تەنیا)**

- ساڵی لە دایك بوون (١٩٨٤)
- ساڵی (١٩٨٨) باوکی بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتووە.
- ساڵی (١٩٩٩) دەستی داوەتە نووسین.
- ساڵی (٢٠٠٨) ڕێکخراوی (چواردەی چوار)ی دامەزراندووە کە تایبەتە بەئەنفال، چوار ساڵ سکرتێری بووە.
- لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بابەتی بڵاوکردووە تەوە .
- ئەندامی بەشدار لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان.
- ئەندام لە یەکێتی نووسەران لقی کەرکوك.

**کتێبە چاپ کراوەکانی**

١. زەمەنی خۆشەویستی ساڵی ٢٠٠٥
٢. عەشق لە زینداندا ساڵی ٢٠٠٦
٣. دایك ساڵی ٢٠١٢

**کتێبە چاپ نەکراوەکانی**

١.نهینیەکانی ژیان
٢. ڕەنگ لە شیعری کوردیدا
٣.ڕەشەبای مەرگێکی بێدەنگ
٤. ئاهێك بۆ ئەنفال
٥. تاقانەکانی دوای ئەنفال
٦. ئەنفال لە ڕوانگەی ئاینی ئیسلامدا

٧. بەعس لە بەڵگەنامەکاندا

٨.ڕازی دڵێکی بێ نەوا

-خاوەنی ئێمتیاز و سەرنووسەری گۆڤاری ناسنامە کە تایبەتە بە ئەنفال و جینۆساید

- ماوەی (١) یەك ساڵ خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری گۆڤاری (ڕازی گەنج) بووە ٢٠٠٧ بۆ ٢٠٠٨

- سەرپەرشتی گۆڤاری ئەنفال بووە ساڵی ٢٠٠٨





فەتاح تەنیا

## گەرمیان لە ئەنفالدا

من ئەزانم.....

وەیمە شوومەی هەشتاو هەشت بوو

لەپڕێکا هەرچی گوڵ هەیە، هەمووی وەرین

هەرچی عەشق هەیە، لەیەککران

وەك عەشقەی مەم وزین

خۆ ئەزانم

هەرچی جوانی هەیە،فەوتان

هەرچی ڕۆحی بێگەرد هەیە

ئاشنا نەبوون بەبیابان

گەرمیانەکەم

لەوەتەی هەی خوێن ئەبەخشی

لەوەتەی هەی نەت بووە ساتێ خۆشی

گەرمیانەکەم

هەرچی پاکی تۆ هەیە، لەعەرعەرسستان

لای بەعسیەکان

بەخاچی ناحەقیدا هەڵوەسێنران

جەستەی پەپولەی تۆ

هەرگیز ئاشنا نەبوون بەبیابان

لەوێندەرێ.......

لای لمی سوور، سوور، سوورلەخوێن

لەنوگرەسەلمان

لای دڕندەوناپاکەکان

هەرچی جەستەی

ژن ومنداڵ

گەنج وپیرە

لەوێندەرێ........

لەچاڵ نران

گڵ پۆش کران

گەرمیانەکەم، گەرمیانەکەم.





فتاح تەنیا

## ڕەشەبای مەرگێکی بێدەنگ

### بێدەنگ (١)

دونیا کەڕە..!

بۆیە گوێی لەهاوار و دەنگی ئێمە نیە!

دونیا لاڵە...!

بۆیە لەزمانی ئێمەتێناگا.!

دونیا کوێرە...!

بۆیە چاوی ئازارەکانی ئێمە نابینێ !

دونیا قەرەچێکە...!

هیچ پاپای ڕۆحی مرۆڤەکانی نیشتیمانم نابێ !

کە لە عەرعەرو نوگرەسەلمان

بەچاوی پڕ لەگریان

لەوێ.......

بەلمی سوور

خۆڵ پۆشیان کردن

بەبێ نازی هەموویان مردن.

## ڕەشەبا ( ٢ )

پێت سەیر نەبێ
ڕەشەبایەک
نیشتیمانمی هەڵپڕوکان
پێت سەیر نەبێ
کیژۆڵەکانی ئێمە.!
پەلکێش کران بۆ بیابان.!
پێت سەیر نەبێ
نیشتیمانمیان هەموو سوتان
گۆزەی شانی گیژۆڵەکان
بەدەستی خائینەکان
هەموو شکان
پێت سەیر نەبێ
ڕەشەبایەک
بەهاروپەپولە ورۆح ڕاپێچەکا.!
لەبیاباندا
تێکڕاهەموویان گلێ پۆشەکا.!





## مەرگ ( ٣ )

بەر لەوەی بمرین
ئەوان هاتن هەرچی جوانی هەیە
لەناویان برد.!
چی مەرگێکی بێدەنگ بوو
هەڵی کرد لە کورد.!
تا دواهەناسەی کۆرپەی لەناو برد.!
سروشتی خاکی تێکڕا خاپوورکرد.!

8/9/2009



**محمود کەلاری**

محمود عبدالكريم مصطفى

لە ساڵی (١٩٧٤) لە گەڕەکی ئیمام محمد لە شارۆچکەی کفری چاوی بەدنیا هەڵهێناوە، قۆناغی سەرەتایی تەواو نەکردووە، لە (١٩٨٦) ڕژێمی بەعسی فاشی بە ناوی تەرحیلەوە لە شار دەری کردوون و چوونەتە لادێ، هەروەها لە ساڵی (١٩٨٧) پەیوەندی کردووە بە ڕێخستنەکانی (ی.ن.ك) وە، لە ساڵی (١٩٨٨) خانەوادەکەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەووتووە، خاوەنی سێ برای شەهیدە و لەخزم و کەس وکاری (١٥) کەسیان شەهیدی سەنگەرە و (١٤٠) کەسیان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتووە، لە ڕاپەڕینی (١٩٩١)وە، بووە بە پێشمەرگە بەردەوام بووە لە خەبات تاکو ساڵی (٢٠٠٠)، چونکە لە ناوچەکانی شارەزوور و سلێمانی پێشمەرگە بووە، ناویان ناوە محمود کەلاری.

⋆ مشتێ لە خەرمانی خۆزگە و خەم - یەکەم بەرهەمی شاعیرە.





**محمود کەلاری**

## نامەیەك بۆ عەرعەر

جوتیارێ کوردی کوڕ ئەنفال کراو
هەڵی گرت پێنوس بە جەرگی بڕاو
بەدڵی پڕ خەم بە فرمێسکی چاو
نامەی تەواو کرد بۆ ڕۆڵەی خنکاو
نووسیبووی ڕۆڵەی دوور لە وولاتم
بۆ بینینی تۆ زۆر بەئاواتم
هیوام وەهایە بێیتەوە بۆلام
بەسەر بەرزیوە دانیشی لەلام
(٢٣) ساڵە زووخاو ئەچێژم
لە تاو دووری تۆ پڕ ژان و ئێشم
بۆ نایەیتەوە گلێنەی چاوم
بەخوا لە دووریت جەرگ بڕاوم
ئاواتم وابوو ڕۆڵە بتبینم
ڕزگار بم لە دەس خەم و برینم
نەگەڕایتەوە دڵ و گیانی من
گوڵی بەهاری نێو ژیانی من
بەڵام ڕۆڵە گیان گوێ ڕاگرە لەمن

تاله بۆت باس کەم سەرشۆڕی دوژمن

ڕۆڵـە ئـەو ڕۆژەی لـەشکری زۆردار

پەلاماریان داین وەك ئەژدیها و مار

ئاوارەی کـردیـن دێهاتی سوتان

ناڵەی دەروونمان ئەچوو بۆ ئاسمان

خۆمـان وخـاکـی لـە یەك دابڕی

گـولاڵـە سورەی ژیـنـی سـەربڕی

ڕۆڵـە بـاس ناکرێ ستەمی بەعس

نەبیستراوە لە مێژووی هیچ کەس

دایـك و منـاڵـی لـێك جیاکردەوە

خـوشـك چاوەڕوان بـرا بێـتـەوە

بەشی گریان بوو بابەی پشت شکاو

لـە تـاو مـنـاڵ و وولاٚتی سوتاو

پەلاماریاندایـن لەهەرچوارلاوە

لەشکری دوژمن وەك مار جولاٚوە

کانـیاو و ئاوی هـەموو هەڵدڕی

باخ و بێـستـانـی لـە بنا بڕی

هێلانەی تێکداین ئەوخوانەناسە

لـە بـاس کـردنی دڵم کەساسە

ڕۆڵەهاواری خەڵکی بـێ تـاوان





وەك گەردەلولێ چووبەرەوئاسمان

نزاقەبوولّ بوولای پاشای عالەم

ڕەحمی هاتە جۆش وە لافاو چەم

ڕۆڵـەی خـنـکـاوم زەمـانە گۆڕا

هەرچەندلەبرین زووخـاوئەچۆڕا

بۆی نەچووە سـەر ئەو سـتـەمکارە

پـایزمان ڕۆیی ئێستا بـەهـارە

غیرەتی خەڵك ورِقی پێشمەرگە

ڕاپـەڕیـن کرا لـەبەعس و جـەردە

هێزی پێـشـمـەرگە یەکی گرتـەوە

خاکی لە دوژمن زوو پاك کـردەوە

ئالاٚی بێ نازی کوردی خاك سوتاو

هەڵکراوگەشە وەك تیشکی هەتاو

بـەسـەر شـارانـا ئـەشـەکێتەوە

دوژمن لە داخا هەر ئـەتـلێتەوە

ڕۆڵە یەکمان گرت خەڵکی کوردستان

هەولێرکرایەپایتەختی کوردان

دەستوریان دانا براو کەسی تۆ

پەرلـەمان بووە جێگای گفتوگۆ

لاوانـی وولاٚت بـەدەست و بردن

**حکومەت پێکهێنرا بۆ خزمەت کردن**
**شارو دێهاتمان ئێستا ڕزگارە**
**وولآت پاك بوو لەو تولەمارە**
**حەیف و مەخابن ڕۆڵە نەتبینی**
**کورد ڕزگاری بوو لە دەس برینی**
**داخی گرانم ڕۆڵەی خنکێنراو**
**ڕزگاری خاکت نەبینی بەچاو**
**ئەمە بەشێك بوو لە باسی ئێمە**
**خاکی کوردستان ئێستا هەرێمە**
**زمان ئازادە پێنوس ڕزگارە**
**ئالآمان بەرزەلەگشت لادیارە**
**بەم جۆرەهاتمەکۆتایی نامە**
**هەرچەندلەدووریت دڵ لەت وزامە**
**بنوو شەهیدی بە ناحەق خنکاو**
**لە یادم ماوی تا هەڵ بێ هەتاو**

**ساڵی (٢٠١١)**





**محمود کەلاری**

## لە عەرعەرەوە

**گەرچی منالی کوردی هەژارم**
**بەلآم خنکاوی دەستی زۆردارم**
**ئەو ڕۆژەی چاوم بەژین کردەوە**
**بەعس ئاواتی لێ سەندمەوە**
**گوڵزاری باخی هەمووهەڵکەندم**
**خۆشی بەهاری هەموولێ سەندم**
**( ٢٤ ) ساڵە کە خنکێنراوم**
**دوور لەوولآت وتیشکی هەتاوم**
**بەچاو نەمبینی خۆری ئازادی**
**خنکام بەلی دەشتی ڕوومادی**
**بەلآم دڵ خۆشم کە ئێوە ماون**
**بۆ ئێمە چراو ڕووناکی چاون**
**ئەبینم دوژمن ڕەنجەڕۆیەتی**
**کوردیش خاوەنی خاکی خۆیەتی**
**ئەبینم بەرزە ئالآی کوردستان**
**ئەدرەوشێتەوە لەبەرزی ئاسمان**
**ئەو خۆرە جوانەی کە لەو ئالآیە**

هەر چەندە تیشکی بەمدا نایە
بەلاَم ئەبینم بەنرخە وبەرزە
دوژمن تۆ قێنتە جوانی سەرئەرزە
شادو ئاسودەم لەم گۆڕەتارە
پایزم چەشنی وەرزی بەهارە
ئێوە ئەبینم بەوێنەی بران
یەك بۆ یەكتری ئاوێنە وچران
جێی شانازییە ئێوە ئاوابن
دەستباری یەك و گوڵی هیوابن
منیش لێرەوە لەم دەشتە لمە
گەرچی ئازادی وخۆشیم لێ گمە
سەربەرزی ئێوە ئاواتی منە
برایەتیتان مردن دوژمنە

ساڵی ( ٢٠١٠ )



ژانی کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی



هەلز عەلی سەلیم مزیری

## هەلز عەلی سەلیم مزیری

پرۆفایل:- هەلگرا باوەرناما (دبلوم – قانون)ە بۆ ماوەیێ ١٠ ساڵەیە و هەلگرا باوەرناما (بەکالوریوس - قانون) بۆ ماوەیێ دوو سالایە، ئەڤە ١٣ سالە دبیاڤێ ڕۆژنامەگەری دا ل کوردستانێ کار دکەم.

لاوا سالًی (٢٠١٣) یە ل (گوتار نفیسینێ).

زمان:- کوردی (بەهدینانی و سورانی)، زمانێ عەرەبی.

ئاستێ خواندنێ:- بەکالوریوس قانون ل زانکۆیا نەورۆز ل دەڤەرا دهۆکێ ل هەرێما کوردستانێ ل ساڵا ٢٠١١.

مێژوویا دامەزراندنێ:- ٢٠٠٤ ل پەرتۆکخانا مەلبەندی ل سەرۆکارتیا زانکۆیا دهۆک، ل ساڵا ٢٠٠٦ هاتمە ڤەگۆهاستن بۆ رێڤەبەریا راگەهاندنێ ل سەرۆکاتیا زانکۆیا دهۆک.

ناڤ و نیشانێن کاری:- دەستەکا نڤیسەرا ل کۆڤارا پەیاما زانکۆ و پەیامنێر ل رێڤەبەریا راگەهاندنێ.

بەرهەمێن جودا جودا:-

- خودانا دوو پەرتوکا مە ئێک ب ناڤێ (ژ بابەلیسکا ژیانێ) کومەکا سەرهاتێن کچانە دناڤ کۆمەلگەها کوردی دا. و پەرتۆکا دی یا پێک هاتی ژ چەند هۆزانان ب ناڤێ (پەیڤا بەرزە).





- چەندیێن باوەرنامە د بوراێ ڕۆژنامەگەریێ دا ل سەر ئاستێ دهوکێ و هەرێما کوردستانێ من وەرگرتینە.

- ل گەلەک ڕۆژنامە و گوڤارێن کوردی و عەرەبی بابەت و بەرهەمێن ئەدەبی و گۆتار بەلاڤەکرینە وەک ڕۆژناما (هاوڵاتی و میدیا و اهالی و التأخی و وار و ئەڤرۆ و پەیاما زانکۆ).

ئەنداماییەتی:-

- ئەنداما سەندیکا ڕۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ/ دهۆک.
- ئەنداما فێدرالسیونا جیهانی یا ڕۆژنامەنڤیسان.
- ئەنداما ماڤپەروەرێن کوردستانێ/ دهۆک.
- ئەنداما کۆمەڵا هوزانڤانێن گەنج/ دهۆک.
- رێکخراوێن جڤاکێ مەدەنی/ دهۆک.
- ئەنداما کۆمەڵا وێنەگرێن کوردستانێ.
- ئەنداما ڕێکخراوا رەوشەنبیریا یاسایی.

ئێمێلhelizali1981@yahoo.com :-

ناڤ و نیشان:- دهۆک/ تاخێ شندوخا

دایکبوون:- ١٩٨١/٨/١٨

هەلز عەلی سەلیم

**چێرۆك**

ئەڤسانەیێن بێ هێش

بوونە چیڤانۆکێن دیرۆکی

ب لاپەڕێن دونیایێ

و زارڤەکەرنێ ئایدۆلۆژیا ئەسمانی

وەکو خۆ د ئاڤراند

دا ببیتە رەشەبایەک

چ هێز نە هەژینێن

لێ... لسەر روویێ ئەردێ من

چیرۆکێن خۆیێن سالانە ڤەدگۆهێزم

و وان ئەکتەرا دکەمە کیسەلە

وەکو بەری مەهەکێ راتەقییاین...

ساڵ دبوورین

خەون... هیڤی





دبوونە پارزین بۆ هەلکرنا

ئاگرێ نەورۆزێ...

نوکە

ساڵ دهێن و دهێن

دا گیانێ خۆ شاد بکەین

و ئاگرێ دەولەتبوونێ هەلکەین...

یاخیبوونا دگیانێ مەدا

ببیتە راستیەک ب ناڤ چاڤێن هۆڤا ڤە

بنە لایەک بۆ هیڤیا سرۆدا دەولەتبوونێ

رۆژێن بوهاری ژبیر نەکەن

دەما مستەشار و جاشا

لەیزووکا مرنێ ژبەر دکر

لێ د پرسم

ستوونا کوردینیی ل بن سیناهیا

ئالایێ بارزانیێ نەمر

ل مهابادێ راکری

دێ بیتە دەولەت

یان...

رەشەبا جارەکا دی

وەلاتی بەرەڤ

مێرنشینێن کوردینیێ ڤەبەت؟!

میر... میرو

سەر و سیمایێ خۆ

نەکەنە دیرۆکەکا رەش

و ددانێن دۆژمنا بۆ ب رەقسن

بلا ببینە ئاسنەگ چ تیزاب

خۆ ل بەر نەگرن

و ئاڵایی کوردینیێ بلند بڤرینێن

بلند بڤرینێ





هەلز عەلی سەلیم

**وەلاتپارێز**

بێدەنگیا من
ئاگرەکە دوەرزێ سارمایێ دا
خوینا بریندارایە، ل چیایێن بلند ب کەڤراڤەدمینیت
خوە گوریکرنە، د ئادارا تژی بیرهاتن دا
رازیبوونەکە، د بریارەکا پەرلەمانی دا
بێدەنگیا من
وەکی گازیا وێ دایکێ یە
یا لسەر گورێ کورێ خۆە دگوت:
ئەی هەلگرێ ئەرد و ئاسمانا
دە کوڕێن دی ژی بومن بکە دیاری
دا ئەز ژی وان دیاری ئازادیا ڤی گەلی بکەم و
ب خوینا وان سرودا وەلاتێ خوەبنڤیسم
ئەوا لسەر گۆرێ کوڕێ خۆە دگوت:
روحا تە لاوێ من
یا دگیانێ هەمی گەنجێن وەلاتێ من دا و
من ژی هەر دڤێت زارویان بکەمە گەنج و
وان گەنجان بکەمە وەلاتپەروەر



**شوکری ئیسماعیل**





## شوکری ئیسماعیل

-ل سالا ١٩٨٧ ژ دایك و بابێن پێشمەرگە ژدایك بوویە.
-دگەل مالا خۆە ل کوچا ملیونی ئاوارەی تورکیا و ئیرانێ بووینە و ل سەرهلدانێ ڤەگەریاینە.
-هەتا قۆناغا ئامادەیی خواندی یە.
-ژ دامەزرێنەرێن کۆمەلا هەلبەستڤانێن گەنجە و نها وەك جێگر ل وێرێ کاردکەتن.
-سەرنڤیسەرێ گوڤارا هەلبەستە
-بەشداری زۆر ڤیستیڤال و ئێڤارێن هەلبەستێ بویە،
- دیوانەکا بەلافکری هەیە، ل گەلەك ڕۆژنامە و گوڤاران نڤیسان بەلافکرینە.
- ئاکنجیێ دهوکێ یە.

**شوکری ئیسماعیل**

## زێمارەك ل ژێر سیبەرا داربەرویەکێ

شاعرەکی
رازێن کەعێلەکا شەمبۆز دنڤیسین
تەزینك، ب لاشێ کوترەکێ دا هاتنە خوار

شورەشەکێ، دەستێ خائینەکی گرتبوو
و سلاڤ ل شورەشگێرەکی کر
شورەشگێر کەفت و مر

بیابانەکێ، دەریایەك دخەونێدا دیت
بیابان، گری و گری و گری و
چ روندك ژ چاڤان نەهاتنە خوار

دلێ من و چاڤێن دلبەرێ
دناڤا ئێك نامەدا بوون
پیرەمێرەکی نامە ڤەکر و خواند
دگەل خواندنێ، دلێ وی ژی شکەست.





ئاور،
ژ بان و پەنجەران دکەفتن.

لسەر دیوارێ حەوشا مالامە
دەستەك بلند بو
پرتەقالەك، ژ دار پرتەقالا دحەوشێ دا رەڤاند

ئەو زاروکێ
دەستەکێ وی ئەنفالا بری
دهات و بدەستێ دی
لسەر دیواران دنڤیسا، ئازادی..

ل وەلاتەکێ گەلەك نێزیك
کچەکێ،
سەرێ دیروکێ لسەر سینگێ خوە دانا و
ب درەوەکێ دخەوبر

دلبەر
ل سپێدەیا جەژنێ دهات و

دویکێلا بومبەیێن تیڕورێ، دگەلخوە دئینا

ڤێ ئاخێ،
چاڤێن خوە بخوینا مە دشویشتن و
رویبارێن مە قەرمتن
نزا ئەم دێ لاشێن خوە بخوینا کیژ دەریایێ شوین

ئەی بومبەیێن تژی کەرب
خودێ، هەوە ژ خوینا ڤان زاروکان بپارێزیت
خودێ، ڤان زاروکان ژ کەربا هەوە دویر بێخیت.

ئەڤە کەفتین سینورێن جیرانا.. و
ئێڤاریەکا دی یا جەگەرسوتی
مێهڤانداریا ئاخا مە کر

بخاترا هەوە
ئەی گولێن ل سپێدەهیان
لبەر ئاوازێن بای سەمادکر

بخاترا هەوە





ئەی ئەورێن نە گەهشتین
ل هنداڤا زەڤیێن گوندێ مە ببارن

بخاترا هەوە
ئەی زەرییێن چاڤ ل ڕێ
روندك رژاندین

ئەز ژی نزانم ئەڤ چ زێمارە
هەر ژ ژیێ مە دخوت
ئەرێ هوین دبێژن دەم دێ مە کویڤە بەتن؟
ئەز دزانم ڕێکا مالا دەمی چەندا دویرە
دویرترە ژمن و پێنگاڤێن ئێکەم جەنگاوەر
دویرترە ژمن و ئێکەم باران
ئێکەم شەهید و ئێکەم ئاخ و ئێکەم ئاسمان و
گەلەك نێزیکترە ژ نێزیکیا دناڤبەرا من وێ دلبەرا دچاڤاندە.

شوکری ئیسماعیل

## هەتا لبەر دەرگەهێ شورەشێ

ل وێ ئێڤارێ،
ئەڤ باژێره
ل دویڤ سەرێ خۆه دچوو.
ل چایخانەیا خەریبان بووم،
مژیلانکێن هەلبەستەکێ
دناڤ ئاگرێ دلێ من دا دسۆتن.
ب رەخ من ڤە،
پیرەك شورەشگێر روینشتی بوو،
ب وان تزبییێن د دەستان دا،
سالێن شورەشگێری یا خۆه د هەژمارتن.
ئاخ...
بەرزەبون د هزران دا
چەندا ب ژانه!
ژ نشکەکێ ڤە،
دو رۆندك بەر پێن وی کەفتن.
من نه دزانی
ب ئاگرێ وێ جگارا لسەر لێڤان؟!





یێ هەمی بیرهاتنان دسوژیتن،
بەران دیوارێن دیروکێ وەردکەت
دڤێت ئەو ڕۆژێن
خاتر ژ ژیێ وی نەخواستی ژی
قوربانی پیاسەکا ل بەر بارانێ بکەت.
ئەی خودا!
ئەڤە عەشقەك بو تە،
تەمەت عەشقا تە بۆ جوانیێ.
دێ ب تەنێ ئێك رۆژ
ژ بهارێن ژیێ وی بزڤرینه.
نێ دیرۆك ژی دزانیت،
ئەڤە ژ مێژه
سروودا نشتیمانی یا لێ ددەت و
ئەو ژی یێ بوویه حمرین.
دەستێ وی یێ ب سینگی ڤە و دبێژیت:
(...کەس نەلێ کورد مردووه
کورد زیندووه..)
کەهیبوونا حەزان و
جڤینا بیرهاتنان
د روندکەکا وی دا نڤێسا بوو.

**ئەز پێنوس بووم،**

**ئەز شورەش بووم،**

**چەوا پێنووسەك شورەشگێر**

**د بەریكێن روژگارێ دا**

**زوها بمینیت؟!**

**دە لۆی لۆی لۆی لۆی ...**

**چەند چاڤەرێی ئازادێی دكر!**

**ئەڤە ئازادی هات.**

**ما دێ چەند چاڤەرێی**

**ڕۆژێن نەهاتی كەتن؟**








**كاوە ئاكرەیی**

## کاوه ئاکرەیی

کاوه زهێر خالد ل ساڵا ١٩٨٥ ل شارێ ئاکرێ ژ دایك بوویه.

خوێندنا خوٚ ل ئاکرێ ب داوی ئینایه نها قوتابیه ل پەیمانگەها تەکنیکی بەشێ کارگێری یاسا قوٚناغا دویێ ل ساڵا ٢٠٠٣ دەست ب نڤیسینا هەلبەستێ کری یە چەندین هەلبەستێن وی ل گوڤار و ڕوٚژنامێن کوردستانێ بەلاڤ بوینە و چەندین هونەرمەندێن کوردستانێ هەلبەستێن وی کرینە ستران، کلیپەك بناڤێ (دایکا نێرگزێ ) هەیە و چەندین هەلبەستێن وی وەك دەنگ بەلاڤ بوینە و ل چەندین کوٚرێن هەلبەست خویندنێ ل سەر ئاستێ کوردستانێ بەشداری کرییە و ل چەندین ڤیستڤالێن کوردستانێ یێن هەلبەستێ بەشداری کریە وەك هەلبەستڤان، ل ساڵا ٢٠٠٥ بوویە بەرپرسێ دارایی ل تیپا ئاکرێ یا هونەری و ل ساڵا ٢٠٠٧ بوویە بەرپرسێ تیپا ئاکرێ یاهونەری و بەشداری ل ٧ شانوگەریان کری یە و ٤ فلمێن سینەمایی وەك ئەکتەر و رێڤەبەرێ بەرهەمی ل ساڵا ٢٠١٢ بوویە بەرپرسێ تیپا ئاکرێ یاهونەرێ شانوییێ و تانها یێ بەردەوامە، ل ڕادیویا دەنگێ کوردستان ئاکرێ بەرنامەك پێشکێش دکەت ب ناڤێ (چاند و هونەر ).





## کاوه ئاکرەیی

**دەم هات**
**جەنەرالێ کورد**
**بارزانی نەمر دبێژیت**
**(کەرکوك دلێ کوردستانێ یە)**
**ئەڤە ئەو دەمە**
**کو دناڤ وی دلی دا**
**ئالایێ دەولەتا کوردی**
**بهێتە هەلدان**
**ئەڤە ئەودەمە**
**گوتنا جەنەرالی بجە بێتن**
**ئەڤە ئەودەمە**
**سنورێ دەولەتا کوردستانێ**
**دگەل سنورێ عیراقێ ئێك لا بن**
**ئەڤە ئەو دەمە**
باوەش بە هەر هاژەو لاوكێكدا دەكەم ژەهراوییە
پەنا بۆ هەر دۆستێك دەبەم
پەل بۆ شەپۆلێكی ئاشنا درێژ دەكەم ژەهراوییە
بۆنی بارانە بەهارە، تاڤگە، باڵەفرەی باڵندە
سەگوەڕو ماچی لێوانمان

ژەهراوینو ژەهراوینو ژەهراوین !
نیگای سڕو حەپەساومان، دادپەروەری، پەرەسێلکە
جالْجالۆکە ، کوردایەتی ، قاسپەی کەوو
نزاو هاواری خنکاومان
ژەهراوینو ژەهراوینو ژەهراوین !

ئەم چرایانە داگیرسێنە !
با هێندەی دێ تینوو نەبین،
ئالایەك لە شەودا هەڵکە
ناوی دەنێین لقەباران
بە تریفەو تەم تەڕمانکە !
دەبینە گەشە، یان خەرمان.

کەژاوەیەك بۆ ئەم کۆچە لە تریفەو گیا سازدەکەین
لە نێو شەودا
گۆڕێکی قووڵی بەکۆمەڵا هەڵدەکەنین کەچی دەبێت بە دەلاقەو
بە سەر دەسڕێژدا دەڕوانێت.
با لاوکێك بکەین بە کەپری ئەم ژانە
یان سروودێك ، بە جۆلانەی ئەم گیاندانە !
زریانێکی ناوەخت هات بە سەر تاوێرو رووباردا چەمایەوە،
ئێمە بالای وەرزەکانمان لە لاوك گرت
چرای نەوەیەکی وێڵمان بەنێو تونێلی زریاندا بەرێ دەکرد .
نەوەیەکی بێ داهاتوو و سەرەڕۆ بووین
لە نێو خۆڵ و پاشکۆی زیلو ئاوارەییو دەسڕێژدا چاومان هەڵهێنا،
بەرخۆلەی بەردەم چەقۆ بووین.





نەوەیەکی بێ داهاتوو و سەرەڕۆ بووین. .سەرەڕۆ بووین.

٦
نهێنییەکان دەپشکنم تا لە نێوان هەقیقەتو چاوەکانتا
سنوورێك بۆ ئەم گومانە بدۆزمەوە
تا ئالاکەم لە سەر کەلاوەکان هەڵکەم،
گەردی سەدەکان لە سەر ڕۆح
شوێنەواری داگیرکەران لە سەر کانیو
زەردەخەنە و بارانو گیا
لە سەر پەنجەرەی ژوورەکەم بسڕمەوە.
نهێنییەکان دەپشکنم تا داستانی ئەم داستانە
یان تاوانی ئەم تاوانە بۆ نەوەکەم بنووسمەوە.

ئەوا دیسان، زامەکانمان کردەوە بەر ئەم گەلاڕێزانو چەمە
پەڵەی سەر سنگی ژنانو زەردەخەنەی تەزیوی رووی منداڵانمان
بوونە سیمای ئەم سەردەمە.
ئەوا دیسان لە نێو سەگوەڕو جەنگەڵدا جوانەمەرگیمان هەڵدەکەین
وێنەی گزنگ دەکەینە بەر گوڵەگەنم
دەیکەینە بەر ئاوارەییو دارەبەنو کێڵگەو شەونم.

ئێمە چەند رووتین لەبەردەم تۆفانی گازی ژەهراویو
بێرەوشتیی ئەم چەرخەدا !
ئێمە چەند تەنیاین لە پرسەی ئەم شارۆچکە شەهیدەدا !

بنوو کۆرپە شیرینەکەم !
چیتر دەنگی دەستڕێژو فڕۆکە نایەت

بنوو رۆحە شەکەتەکەم !
بۆنی گازو خوێنو جانەوەران نایەت.
بنوو بە خاك بە ڕوتێتیم
بە مەرگی خۆمو تینوێتیم داتدەپۆشم،
ئەم سووتانە سەرەتایە.
بنوو بە پەلکە زێرینە
بە نێرگزو جەمەدانیو لاوکەسوورەو
بە ئامێزی داگیرساوم داتدەپۆشم
ئەم تاوانە دوایی نایە
بنوو کۆرپە لاسارەکەم !
ئەم تاوانە سەرەتایە
بنوو رۆحە شەکەتەم !
ئەم سووتانە سەرەتایە
بنوو.. جگەرگۆشەم ..بنوو !

گەرووی بە گزنگ تەڕکەن زامەکانی بە شیلان
بە گۆرانی داپپۆشن یان بە سەوزیی دارستان
با کەژاوەی لە گوڵ بێت یان لە پەلکەزێرینە
زەماوەندی خوێن دەگرێت ئەم شەو پاشای ئەڤینە
سوارە چ شۆڕەسوارێك ئەسپی هەتاو زین دەکات
بە لاوكەو تیشكو ماچ سەرزەمین بەرین دەکات.
ئاشقێکی لاسارە بروسکەو با دەچێنێت
بە تەنیا جێم مەهێڵن مانگەشەو دەیرفێنێت.



ژانی کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی



پشتیوان سالح خدر

- پشتیوان سالح خدر
- لەدایك بووی ( ١٩٨٥ )
- مامۆستای چالاکی قوتابخانەکانی پەروەردەی خەبات بەشی ڕۆشنبیری (شیعر و پەخشان)
- مامۆستای ناوەندی وەرزش و لاوانی خەبات . بەشی چالاکی هونەری و ڕۆشنبیری
- ڕۆژنامەنووس لە گۆڤاری ( چەم ) .

پشتیوان سالح خدر

## ئەنفال بوو بەشاهی پایز و بەهاری بەبێ دادگا لەسێدارەدا

ئەنفال ... زیرەی ڕوح بوو
چاوی مەرگی خەبەر كردەوە
ویستی ... كانی ئەشك
بۆ دوا جار
لە چاو وشك بكاتەوە
ترپەی دڵ ...
ڕێ بەرەو شوێنە بێ دەنگ و
ئارامییەكان بگرێ
هەر بۆیە ...
پایز خۆی كرد بەشای دەروون و
بەهاری بەبێ دادگا
لە سێدارەدا
خەونەكان ... بێ ئومێد مان و
لە لاپەڕەكانی ئاوات و خۆشی
ڕیكۆرد نەكران
سەمفۆنیای مەرگەسات





بوو بەئاوازی بەهار
تراجیدیای خەندە سەختەكان
گۆرانی ئەشق...
دەروون وەك گەردوون
**سەقام گیرنی یەو لە ئاڵو گۆردایە**
**ئەمڕۆ ...**
**ئەم ڕۆژەیە ... كە مەلەكان**
**نەفرەت لە باڵی خۆیان دەكەن و**
**خەریكە بیشكێنن**
**هەورەكان ... سیس و وشكن**
**ئەستێران .. ئەڕژێن و ئاسمان چۆڵە كەن**
**كات سارد ئەبێ و**
**وەك سەهۆڵ ... شەختە ئەگرێ**
**مردن تام و مانای نەما**
**گریان لە جێی پێكەنینە**
**ئاواتەكان ...**
**لە كونجی زیندانی ... ئەم زەمەنە**
**چاوەڕێی سێدارەئەكەن**
**ئەم ساڵ .. جەرگم كێڵگەیە و**

دڵ هەورە و

بارانی خوێن ئەبارێنی

ئەمساڵ چاوی گەشبینیان .. کرد

بەلافاوی حەسرەت و

شەویان کرد

بەئاسمانی بێ ئەستێرە

چاوی خۆر بەسترا

دەمی بوڵ بوڵ داخرا

ئەستێرەکان بەر شەقی شەو کەوتن

ڕووبارەکان ...

لە دەریا بەپەناهەندە ... وەر گیران

زستان ...

هەموو دڵۆپە بارانەکانی کرد

بە دەنکە تەزرەی ئاگر

ڕەشەبای تەنیایی

شنەی شەماڵی بەگەردەلوول ڕامالّی

شەپۆلەکان یاخیبوون و

بەرەو دەریا ناگەڕێنەوە

لە دەریاچەی ئەشکی چاو





گرین گیر ئەخوات

ئەمڕۆ هەناسەکان ... ماڵئاوایی لە دەروون ئەکەن و

ڕۆح بەرەو

سەفەری دوایی ئەبەن

هەناسەکان بێ خۆراك ئەبن و

خۆراك بەدوای دەمێك ئەگەڕێ نایبینێ

دەمەکان ....

ماچیان ... لێ هەڵوەرێن

لێوەکانیش وەك ،

خاکی تینو شەق ئەبەن

ئەشق مەلێك بوو

کە دەروونی چۆڵ کردوو ڕۆیی

دلۆپێك فرمێسکی چاوی ڕاستی

لە ئەشقی کۆن

شایەنی دانانە ... ئەمڕۆ

لەمۆزەخانەی مێژوو

لە وەتەی ئێوە گومن

منیش لە دەریایی شیعرەکانا گومم

ئەشقم .. ئەوسەر لێشێواوەی

**نێو دێرەکانتانە**

**وەرن کراسی بەهار .. بکەن بەخەڵاتی**

**سەری ئەم ساڵەمان و**

**دوا مۆمی سوتانی چەند ساڵەمان**

**بکوژێننەوە ...**

**وەرن ... لەدوریتان**

**شەو دادگایەکی بێ بەزەییە و**

**ڕۆح لە ژێر ئەشکەنجەی**

**دووریتانە ...**

**دڵ ... بارەگایەکی کاولە و**

**جەستەش ...**

**تەرمێکی بێسەرو شوێن و**

**گۆڕ و گۆڕستانە ...!!!**








ڕێباز مەحمود

ڕێباز مەحمود

## بە دەم خەوەوە .. نەبوو

-١-
تا مردن پەژارەی من ڕاژەنیت،
تا قووڵایی شەو حەسرەتم بلاوێنێتەوە..
تازە بارانێک لە تۆدا ڕووی نایەت بباریٚ..
غوباری خاپووربوونم؛
تازە لە تۆدا،
هەرگیز ناڕەوێتەوە!

- ٢-
شوێن پێی نیازە خوێری و کەتەکانت،
بە گەرمیان و کوێستانی بیرەوەریمەوەن..
دەزانیت چیتر گژوگیایان تیا ناڕویٚ؟؟

-٣-
هەزاران ساڵی تریش خەریک بم،
ئەو پەنجەرانەم بۆ ناسڕدرێنەوە تۆ لەکوردا
بە خوێن پیست کردن...
ئەو ئاوەدانیانەم بۆ ژێر نابنەوە،





نەیاندەویست مەمکی زەمەنی خۆیان بەردەن و
تۆ بە زۆر
هەڵتڕشتنە بەر پێی بێکەسی..
بە خەتێکی درشت و تۆخ،
شیوەنت تیا نووسینەوە..

-٤-
ئێی .. مرۆڤایەتی،
خۆ بە دەم خەوەوە نەبوو کەڵبەکانت لە ڕۆحم گیر کرد،
بڵێم دەی بە ئەنقەست نەبوو!
بڵێم دەی ئەو ڕۆژانەی خوێن لە منەوە فیچقەی دەکرد..
شەوە هێمنەکانی تۆ بوون!
ئەو دەمانەی گوند بە گوند دەخرامە پشتی ئیڤاکانەوە و
لە دەستی تۆ دەرژام و خوڕخوڕ
ڕۆ دەچوومە ناو چاڵە لمەکانی عەرعەرەوە..
بڵێم دەی تۆ سەرقاڵی چا تێکدانی ناو پیاڵەکەی بەر دەستت بووی
..
خەریکی تێکردنەوەی کۆفییەکی تازە بووی،
بە دەم گوێڕادێران لە بتهۆڤنتەوە...

-٥-
نا .. مرۆڤایەتی
کۆخەکۆخی شکۆی تۆ،
درەنگە و هیچ ناگەیەنێت لە بەردەم تەریقی هەموو جارەی خۆر
..
کە بەر سارێژ نەبوونەوەم دەکەوێ و ڕەتەڵ دەبات و بەهەزارحاڵ

بە ئێوارەکانەوە خۆی دەگرێتەوە...
خۆر شەرمەزارە .. کە هەموو جارێک هەڵدێ و
ناچارە بە ناو چڕەدوکەڵی زۆروزەبەندی تا ئەبەد سوتانی مندا
ڕەت بێ و .. تۆ نا!
خۆر هەمیشە منداڵە و قەت گەورە نابێ و قەت ئاقڵ نابێ و
بەردەوام و
گشت بەیانییەک لە بەر دەروازەی برینی مندا سەر دەردێنێتەوە..
بەڵام تۆ نا..
تۆ بە ئاشکرا منت هەلاهەلا کرد..
بە دزیشەوە بۆم نەگریای..
ئیدی چۆن تا هەتایە،
خۆت لە کۆستم ناشاریتەوە؟







**فەرمان ناشاد**

**شاعیرو ڕۆژنامەنووس و چالاکوان**

**فەرمان ناشاد**

## هـەڵەبـجـە و کـورد

سڵاوت لێبێ هەڵەبجەی شەهید هەمیشە زیندووی
بـۆ کیمیا باران کرایی ؟ تـاوانت ئەوە بوو کـــوردبووی

چـەند ئـــاگــر بە ســەرمـا بـبـارێنن من هەر کوردم
لە کــورد بوونـی خــۆم ســڵ نـاکـەم سـەر بـڵـنـدم

ســەد ئەوەندە ببارێنن بەسەر منی قەومی کوردە
کــورد هەر کـوردە نەوەی کاوەی ئاسنگری نەبەردە

مــن تـورک نیم مــن فـارس نیم مــن عـەرەب نیم
باش بزانن من خاوەن زمانی کوردیم کـوردستانیم





**فەرمان ناشاد**

## من ڕاپەڕینم

من بووم لە هاوار و ناخی دایکی شەهیدانا سەرم هەڵدا
من بووم لە دەست و تفەنگی پێشمەرگە قارەمانەکان سەرم هەڵدا

من بووم لە روحی شەهیدانی هەڵەبجە و زیندە بەچاڵەکان سەرم
هەڵدا
من بووم بەڵێ من بووم لە چاوی جگەر گۆشەکانی ئەنفال سەرم
هەڵدا

من ڕاپەڕینم لە ڕانیەوە چاوم هەڵهێناو لە دایک بووم
بۆ بەعس ڕەشەبا بووم زریان بووم گەردەلوول بووم

من بووم هاتم ــ هاتم ووتم نەوەی کاوەی ئاسنگەرم
هەر زووحاکێک سەر دەربێنێ سەری دەبڕم

مەشخەڵی ئازادیم گرتە دەست و بە ئاگری بابە گوڕ گوڕ
دامگیرساند
ئاگری سەرکەوتنی نەورۆزم کردەوە جەرگی بەعسیەکانم هەژاند

کۆت و زنجیری بە عەرەب کردن و زوڵم و ستەمم لەت لەت کرد
هاتم هەموو ئاسەوارەکانی بەعسم وورد و خاش کرد

چۆلەکە و دار و بەرد و کانی و رووبار بەدەنگ کەوتن
خستمە گوێچکەی گەورە و بچووک شەپۆلی دەنگی سەرکەوتن

دووەم تەپڵی سەرکەوتنم لە دەربەندەکەی بازیان بوو
پێکهاتەی درووست کراوی من یان کوردستان یان نەمان بوو

چاوەڕێم بوو شاری رووناک بیری و رۆشەنبیری سلێمانی
لە حەفتی مانگی بەهاردا ئازادم کرد شاری هەڵمەت و قوربانی

من بووم سڵاوی ئازادیم لە شاری حاجی قادر و سۆران کرد
زۆر پەرۆش بووم بۆچیای سەفین شەقڵاوەم توند لە باوەش کرد

خێرا خێرا بڵێسەی گڕی ناخم گەشەی سەند هەمووکۆسپێکم کرد
تەخت
گەیشتم بە شاری هۆلاکۆ بەزین . شاری قەڵا و منارەی پایتەخت

بە فرمێسکی پڕ سۆزەوە چاوم نا بە چاوی پردی دەلالی دێرینم
پڕ بە حەسرەت بە تامەزرۆ من ماچم کرد خاکی دهۆکی شیرینم

چووم بۆ بابە گوڕ گوڕ پێم ووت هاتووم بیکەم بە ( دوو) نەورۆز
تاجی سەرکەوتنم نایەسەر کەرکوکی دڵی کوردستان ووتم
جەژنت پیرۆز







محمد فاتیح

**ئەنفال نەکرام.. بەڵام منداڵیم پڕییێتی لە ئەنفال**

تۆ بڵێیت بە منداڵی چۆن لە ئەنفال تیگەیشتبم
چۆن لە زیلی بەعسەکانم ڕوانیبێت و ڕامکردبێت
چۆن سەیری دەستبیحە بەجێماوەکانی دایکم کردبێت
چۆن چووبمە لای ژێرسیگارەی باوکم و یەک دوو مژم لە
سیگارەکەی کردبێت
تۆ بڵێیت دوکەڵەکەی بە چ زکرێکەوە بەرەو عەدەن چووبێت..
هۆشمدێت و هۆشمنایێت.. چۆن خۆم حەشارداوە
من چلۆن نەگریم بۆ منداڵیم
کە هێشتا کەلاشووشەکانم لە گیرفانی باوکمدا بەجێماوە.
کوا دەستەسڕەکەی لووتم؟

هۆشمدێت ..لە باغەڵی هێلەگەکەی خوشکە بچکۆلەکەمدا
هەڵگیراوە
ئەو دەمەی خەتخەتێن و هەڵماقۆیێنمان دەکرد
لێی دەبردمەوە و دەستەسڕەکەی لێ دەفڕاندمەوە.
کوا خوشکە بچکۆلەکەم بدەنەوە
باوەشی دایکم بدەنەوە
غەمی باوکم بدەنەوە ..
ئاخر منداڵی من.. پڕیێتی لە ئەنفال
لە دیمەنی ئەو دایکانەی لە ناو زیلەکاندا..
هاواریان دەکرد بۆ منداڵەکانیان و بە گریانەوە وەسیەتیان دەکرد:
ئەنفال لە عەدەم بپارێز ن.!








**سەربازی ون**

**سەربازی ون**

ناو: رشید زبیر بابکه یی
نازناوی: (سەربازی ون )
له ٧ی ئایاری ١٩٧٨ له ئاوارەیی و دووره وڵات له شاری کاشانی وڵاتی ئێران چاوی به دونیا هەڵیناوه
خوێندنی: له( پەنجەی دەست) تێپەڕ ناکات.
لەگەڵ ئازادی کوردستان ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوه نیشتمان و له ساڵی ١٩٩٣ بووه به پێشمەرگەی کوردستان له ڕیزی هێزی بارزانی تێکۆشەر
له ساڵی ١٩٩٦ شەرەفی ئەوەم پێ بەخشرا که ببمە پاسەوانی (جەنابی سەرۆك ).
ئەوەش بۆ من گەورەترین پله و پایەیه که پێي گەیشتوم و هەوڵیش دەدەم به باشترین شێوه ئەو پله و پایەیه بپارێزم.
تاکو ئێستاش بەردەوامم لەو ئەرکه پیرۆزه.





**سەربازی ون**

## قرکرن و جینۆساید

وەك ئەڤرو ل بەری سی سال
ل ژێر ناڤی سورەتا ئەنفال
گرتن هەشت هزار بارزانی
هەمی کرن زیندەب چال

نەخوش و شێت و گەنج و پیر
ل ملێت وان کرن زنجیر
بۆ بیابانا راپێچ کرن
ل ژێر چاڤدێریەکا هویر

گەلەك لاوێن جوان برن
هەر بزیندی بن ئاخ کرن
نووکەژی بوکێن ل هیڤیی
چەند دایك بوان کولان مرن

وا زالمان پیلان دانان
بۆ جینوسایدا بارزان
نەخشه ئەڤ بوو مەنەهێلن
دا نەمینن چ شورەشڤان

نه ئەمنستی ئینترناشنال
نه عەرەبین سه رب عەگال

ئەو چەند زلهێزین جیهانی
کەسی لمە نەپرسی ئەحوال

لیژنەیێن مافێ مروڤا
ل ڕوسیا هەتا ڕۆژ ئاڤا
کەس ل سەر نەهات بجواب
خۆ بێ دەنگ کرن ل تەڤ بیاڤا

بەعسییا ب دەرفەت زانی
دەست پی کرد ب بی ویژدانی
سەدوو هەشتاو دووهزار کورد
لناڤ برن کەس نەزانی

هەر ب ئەوێژی نەوەستان
کیمیا بسەر مەدا باراندن
پێنج هزار مروڤێن بێ گوناح
ب یەك لەحزەیی سوتاندن





**سەربازی ون**

**ئەنفال**

دوژمن چەند منی ئەنفالکرد
بە کۆمەڵ زیندەبەچاڵ کرد
نەیتوانی چۆکم پێ دابدات
ڕوخاو وڵاتی منی چۆڵ کرد

بە ئەنفال و کیمیاباران
جینۆساید و تۆپ باران
منی قەت پێ تەواو نەبوو
لە ئەنجام خۆی هاتە ڕوخان

سەد و هەشتا و دوو هەزار کورد
پیر و گەنج و کچی چاو جوان
تاوانیان ئەوەبوو کورد بوون
هەموویانی پێکەوە لەناو برد

پیر و گەنجی وڵاتی من ئەنفال کران
منداڵی تازە پیدابوو لە مەمکی دایە دابڕان
کچی بێ ناز و جوانی ووڵاتم تاڵان کران
بە میرانی سعودیە و کەنداو فرۆشران

ئێستاکەش هەمان دوژمنە بۆ ئێمە لە کەمینەدان
کە هێز و فرۆکەیان نییە دەڵێن برای پێکەوەژیان
من سوێند دەخۆم بەو ڕوفاتە پیرۆزانە
نامەوێ ئیتر بن دەستی دەڵێم کوردستان یان نەمان

**سەربازی ون**

## باسی مێژوو

باسی مێژووی ئەم دەڤەرە
بۆ ئێمە زێڕ و گەوهەرە
چقڵی چاوی دوژمنانە
هەر وەکوو تیرو خەنجەرە


گەر تۆ بە وردی بڕوانی
ماڵ بە ماڵی بارزانی
لە هەندێک ماڵیان سی و چوار
لە هەندێک چەندین قوربانی

ئەوان خوێنی خۆیان بەخشی
مێژووی کوردیان پێی نەخشی
گیانیان بۆ میللەت فیداکرد
تاکو گەل بگاتە خۆشی

وەکو مۆمێک داگیرساون
بۆ گەلەکەیان سوتاون
تا لە بەر ڕۆشناییان
سەربەرز بژین تاکو ماون








کوثر چتو صالح

ناڤ: کوثر چتو صالح
-ژ دایکبوویا: سالا ١٩٨٨
-دەرچویا پەیمانگەها تەکنیکی دهوك ـ بە شێ یاسا
ل چەندین کورین هوزان خاندنێداو سمینارااندا بەشداربویەو چالاکین هەمەجور دبوارێ ڕاگەهاندنێدا ئەنجام داینە و هەتا نوکەشی یا بەردەوامە.
چەندین باوەرنامە هەنە دبوارێ راگەهاندنێدا و چالاکیێن ئێکەتیا قوتابین کوردسنانێ کارکرییە مینا پێشکیشکرنا ئاهانگا و ریڤەبرنا کارێن قوتابیا و گوتنا هەڵبەستان د ئاهنگێن هەمەجوردا.





کوثر چتو صالح

**پێلێن روندکان**

رەشە عەورێن زورداریێ دگەل بایێ بێ دادیێ
ئەنفالا رەش ل وارگەهێ من باراند
جەرگێن دایکێن وە لاتێ من هەژاند
زاروکێن ساڤا هیلان ئیتیم و سیوی
کچ و ژن هێلان بێ زەلام و بێ خەدی
دایك و پیر هێلان ب دل و جەرگێن سوتی
ژ ژن و زەلام و زاروکان بلندبون پێلێن روندکان
نە نە
نە روندکێن بێ هێزیێ بون
نە رەڤینێنن ترسینێ بون
لێ ژیانێ ئەز فێرکریمە
ب پێلێن روندکێن دایکینیێ
ب هیزو هیمەتا کوردینیێ
ب خەبات و قوربانی دانێ
دێ رەشەعەوران ڤەرەڤینم
عەرشێ زورداران هەژینم
دارا ئازادیێ ل ئاخا خۆ ب چینم

هلو ڕابە گەلێ من ئەڤرۆ ل وەڵاتێ من
کەوێ کوردینیێ یێ دخوینیت
دا کەرب و کینا دڵان برەنیت
ئاوازا دەوڵەت بوونێ بژەنیت



نجات عزیز

ناو: نجات عزیز مصطفی

له دایكبووی: ١٩٧٤

دانیشتووی: سوران – ٢٦ گولان

شوێنی له دایكبوون: دەڤەری بارزان، بەری نزار ، گوندی ئالكا

پیشه: پێشمەرگه





نجات عزیز مصطفی

دەما دوژمنێ روی رەش
دەست بگرتن و كوشتنا بارزانیا كر
وا نەزانی
كو ئێكەم جار مالا خۆ
ژ بنیاد خراپ كر
وا نەزانی
هەر مللەتەك ئازادی بخوینێ بكڕی
چ هێزەك نینه
بشێتن ڕێكێ لێ بگری
وا نەزانی
كو گیان دان
بۆ مللەتێ مه خزمەت و سەروەریه
وا نەزانی
قوربانیا اسماعیلیا بۆ ابراهیمێت مه
چەندا ب ساناهیه
بەلێ ڕاسته
وان دایكێت مه ڕەش پوش كرن
بەلێ ڕاسته

روندك ژ خوێنی سورکرن

بەلێ ڕاستە

وان ئەم هێلاین بێ باب و برا

بەلێ ڕاستە

مالێت مە هێلان بێ چرا

بەلێ ڕاستە

شینو گری بۆ مە هێلان

بەلێ ڕاستە

جەرگ و دلێت دایکا کێلان

هەر چار دەورێ مە

عەسکەرا گرتن

بەس ب وێ سەبەبێ کۆ ئەم کوردین

بەس کۆ جەمەدانی سورین و خودان وێژدانین

خر مریدێت شێخ ئەحمەدێ بارزانین

ژبیرا من ناچیت دەما بابێ من

خاترا خۆ خاست و

هاتە سەرێ من

گوتیێ کورێ من

هەڤالێت من چاڤەرێنە

ئەڤە ئەز چوم کورێ من داخازا من





بجیێ بینە

داخازا وی ئەو نەبوو

کو بتنی دایکا خۆ بحەوینم

داخازا وی ئەو نەبو کو پارییە نانەکێ

بۆ خوشك و برایێت خۆ بینم

داخازا ئەو بۆ کو سەرێ خۆ

بۆ دوژمنی نەچەمینم

سۆز بوتە باب

یان ئەیش دێ لتە بمە مێڤان

یان دێ مزگینیا ئازادی بۆ تە ئینم

گەر بزانم

ل ئیکەم قۆناغ دێ هێمە کوشتن

گەر بزانم

هزار مەترێت ئاخێ دێ کەڤنە

سەر سینگێ من

هەتا ئالا کوردستانێ هەلنەدەم

دەست ل خەباتێ بەر نەدەم

هەرچەند دزانم

چەند ڕێکەکا گران و ب زەحمەت

یا لبەر من

هەرچەند دزانم
ئەرکەکێ چەند مەزن
یی لسەر من
دزانم
دوژمنێت من چەند بلیمەتن
ل گرتن و کوشتنێ
دزانم
چ شەیتانێت خودێ نەناسن
ل تالان و ل سوتنێ
بەس نە توپ و تانکێت دوژمنێ
نە تاڕی و سافا شەڤێ
نە زوری و زورداریا دۆژمنێ من
هندەش ترسێ نائێخیتە دلێ من
چونکی پشتا من هێشتا
دارزیا قامچی یێت وانە
ناڤ چاڤێت من هێشتا
شینا تفا وانە
ل هەمی داخەکێ سورتر
داخا دلێ منە
ل هەمی بەندیخانەکێ ڕەشتر و نەخوشتر





ژییانا منە
هەر ل بەر وێ هندێش
چ هێزەك نینە ڕێکا من بگرێت
ئەڤرۆش ب قوربانیا هنگو
تاریا چاڤێ دوژمنا
کوردستان یا ئازادە
هەتا پەز کیڤێن وارێ منیش
ڕێکا خو ل کەس لانادەن
ئەمیش خر ئێکین ل خۆشی و نەخوشیادا
دوژمنێ تەش
ب روی ڕەشی و شەرمەزاری
سەرێ خو برە ناف قەبرێ تاری
هنگیش ب سەر بلندی و
ب مەزنترین ئامانجا ئیمانێ
هاتنەف کوردستانا ئازاد و
سەرێ خۆ داناف سەر ئاخا بارزانێ



شیلان عبدالمناف حسن

**ژ سالا ١٩٨٤ ل دەڤەرا ئامێدیێ ژدایك بوویمە**

**دەرچویا بەشێ مێژوو - کولیژا ئادابێ - زانکۆیا دهوکێمە**

**سالا ٢٠٠٥ دەست بکارێ ڕۆژنامەڤانێ من کریە و تا نها بەردەوامم، د چەندین گوڤار و ڕۆژناما بابەت و ڕاپورت من بەلاڤ کرینە.**

**ل چەندین ڕادیویان کارێ ئامادەکرن و پێشکیشکرنێ من کرینە:(وەك ڕادیو دهوك، ڕادیو لاوان، ڕادیو داسنیا).هەروەسا ل (وار تیڤی) پێشکەشار و بێژەرم.**

**هەلبەستڤانم هەر ل سالا ١٩٩٩ دەست بنڤیسینا هەلبەستێ کریە و تا نها پشکداری ب سەدان ئێڤارێن هەلبەست خاندنێ و ڤیستەڤالاندا کریە ل کوردستانێ، هەلبەستێن من هاتینە وەرگێران بو عەرەبی و ئینگلیزی ژ لایێ هەلبەستڤان بدل رەفوفە. بابەتێن هەلبەستێن من:(سروشتی، سیاسی، دلداری، جڤاکی ...هتد) بخۆڤە دگریت.**





شیلان عبدالمناف حسن

**پاش باب**

زاروك بووم
مەزن بووم
دمالدا دگوتنە من
پاش باب
من پسیار ل دایکا خۆکر؟
دادێ زاروك هە می پاش بابن؟
پاش باب چیە؟
دایکامن
ب ئاخینەك قۆل
بچاڤێن تژی روندك
ب زیمارەك مەلوول
هەناسەك هەلکێشاو
گوت: نە،لاوێ من نە؟
هە می زاروك پاش باب نینن
بتنێ زاروکێن وەك تە نەبن
کو پشتي بەعسی پەرستا،
ئەم ئەنفال کرین
ماڵ لمە تالان کرن
گەنج ل مە
ئەشکەنجەدان و
گرتن و

بێ سەروشوین کرن

ب١٠ ناڤا ئەنفال کرین
لاوێ منە
جار دگوتن ئەنفالا
گەرمیانە
جار ئەنفالا
بەهدینانە
جار ژي دگوتن
ئەنفالا
بارزانیانە
ب سەدان دێر و مزگەفت
سوتن
وان بەعسیان
لاوێ من
بابێ تەژی
ئێك ژ ئەنفال و بێ سەروشوێنانە
لێ دوژمنا نەدزانی
بچویکێن شێرا ژی شێرن
لاوئ من،
ئەڤرو و ئایندە
تو ئومێدا ڤی مللەتی
نەهێلە جارەك دی دووبارە بیت
ئەڤ تاوانە.
سوزێ بدە دایکا خو،
بگری ڕێبازا بابێ خو،
بپارێزی وەلاتێ خو،
ب دڵ وگیانە





لاوێ من،
بەرنەدە ڕیبازا ماڵا بارزانە،
ئەو بومە کوردان خودانە...



**ڕێباز ئیسماعیل ملاحسین**

**لە ساڵی ١٩٩٤ لە گوندی بازێ دەڤەری بارزان لە دایکبوومە**

**قوتابی پۆلی ١٢ یەمی زانستیم**

**ئەندامی یەکێتی قوتابیان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و ناوەندی چالاکی و پێگەیاندنی لاوانی بەرۆژم.**

**ئێستاش نیشتەجێی: گوندی بازێ- ناحیەی بارزان - قەزای مێرگەسوورم**



ژانی کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

**ڕێباز ئیسماعیل**

## دایکامنێ

**دایکامنێ**
**بەس کە گری**
**بەس روندکا ببارینە**
**تۆبخودێ کەی**
**بەس ڤی دلی ب قەهرینە**
**دایکامنێ**
**ئەز گۆری تە**
**بەسە!!**
**وی کراسێ**
**تۆ ب بەژناخۆ**
**بئالێنە**
**کراسەکێ سور و زەر**
**ل بەرکە و**
**وەك گۆلەکێ**
**خۆبخەملینە**
**ئیدی جهێت بابی دانەنێ**
**بەس هەتا سپێدی**

هیڤیێ بمینە
قەد خەما نەخۆ دادێ
ل دونیایا دی ئەو
نڤستینە
دزانم ئیدی بابێ من
ناهێتەڤە
بەسە دلێ خۆ
بسوژینە
دادێ ٣٠ سالە ئەز چاڤەرێ
چ خەبەر نینە
دادێ ئەز و تۆ بتنێ نینە
هزارەها
کور و کچ و دایکین وەك مە
سەرێ ڕێکێ نوبەت
گرتینە
تۆ بخودێ کەی دادێ
بەسە و بەسە
وان روندکا ل چاڤ ببارینە
روندکیت تە زور بهانە
چونکی بو وان





هەشت هزار بارزانیانە
ئەوان بو کورد و کوردستانی
جان فیداکرینە
تنێ داخازەك ژتە
دادی بەس ئەڤ شەفە
فانوسێ هەلکە و بەس
من ل تاریێ بنڤینە
دا دوژمن و جیرانیت مە
بزانن
قەد ئەم ناکەڤین و
نڤشێ بەرینە
ئەم نامرین و
هەرگیز ئەو نەمرینە




کاوە خورشید

## چیرۆکا من

چیرۆکا من نەوەك هەمی چیرۆکایە
هەمی باسێ ڕاستی و ب سەرهاتایە
ئەو ل سەر زولم زۆرداریا بەعسیایە
ڕۆژەکێ من دیت کچەکا جوان
وێنەیەك ل ناڤ دەستا دایە
مات و بێ دەنگ روندك تەژی چاڤایە
من لێپرسی هو خوشکامن بۆچی دگری؟
یان تەژی وەك من باب نەمایە





ژمنرا گوت:بەلێ بەلێ!!
ئەوژی دگەل کاروانێ ئەنفالایە
هەدێ گریم و چاڤەرێمە
هەرو دبێژم نوکە دبنێ زیندانا دایە
یان ئەڤەیە یێ کوشتی یە و
دناڤ ڤان گۆرێت ب کۆمەڵدایە
من ژێرا گۆت: هۆ خوشکا من
ڕابە نەگری من مزگینی بۆتە نایە!
ژمنرا گۆت: بێژە بۆمن
سەبر و هەدار و خۆشی من نەمایە
من ژێرا گۆت: زاڵم و زۆردار
دگەل سەروك و ڕێبەرێ وان ئەڤ ئەژدەهایە
نوکە حوکمە و عەدالەتە
تۆلە و جەزایا هەمی شەهید و ئەنفالایە
مە ب چاڤا دیت کا چەوا
کەنەفا قنارێ، دسەر و ستوییێت واندا مایە
سوپاس بۆ خۆدێ کۆ ئەڤرۆکە
کوردستان هەرو هەر یا ئاڤایە



قادر قەچاخ





**قادر قەچاخ**

## وێنە

دیروکڤانی کامێرە کێشا ژکاڤلانی

بەرەڤ گورستانەک مەزن

لبیابانی

بسێ پسیارا تڤیا بزانیت ئەگەر چیە

گونەە چیە هەرئێک ژڤانا

بوی قوربانی

پسیارا ئێکێ ژئەزمانی

ئەگەراوی گونەهاوی بتنێ بتنێ

هەر ئەوبیە چنکو وی خو

بکورد دزانی

پسیارا دوێ ژمەژی بو

ئەگەرا وی گونەهاوی بتنێ بتنێ

هەر ئەوبیە چنکو نەخشێ کوردستانێ

تێدا هاتبی کێشان بجوانی

پسیارا سیێ ژدلی بوو

ئەگەراوی گونەهاوی بتنێ بتنێ

هەرئەوبیە چنکو شووینا کاکلاوی

تێدابی وێنێ بارزانی.......





**قادر قەچاخ**

**تابلۆ**

کە بەکارهات مادەی قڕکەر

لەهەر شاخێکی وڵاتم

لوتکەیەک بوبە تابلۆی ئاشکەرای

سەرنج راکێشەر

(ڕاستە فەوتان گوڵ و گیاو

دارستان و مرۆڤ و گیانەوەر

بەڵام شانازی هەر بەوە دەکەین

هەرژێر بەردێ ناسراوە

بەلانەو سەنگەر

هەر سەنگەریش پڕ پڕە

لەبیروباوەڕ)....



**سروه عەلی جەباری**





**سروه علی خورشید**

**سروه جباری**

**ساڵی له دایکبوون: ١٩٩٠**

**پۆل: دووی ناوەندی - خوێندنی خێرا**

**بەهره: نووسینی شعر و چیرۆك، وێنەكێشان.**

- **نووسینی شعر له (٢٠٠٤) تا وەكو ئێستا (٣٥) شعرم نوسیووه.**
- **كۆڕی شعریم له بەرواری (٢٠١٢/٩/٢٤) بوو بەسەر پەرشتی ڕێكخراوی بەهرەمەندی بۆ هۆشیاری ڕۆشنبیری منداڵان.**
- **نووسینی چیرۆكی منداڵان ( ٥ ) دانه چیرۆكم نوسیووه.**
- **كردنەوەی پێشانگایەكی شێوەكاری و كاری دەستی تایبەت بەخۆم.**

**له بەرواری (٢٠١١/١٠/١٠) بە هاوكاری سەنتەری ئاشتی و كاك محمد خلیل.**

- **له ئا هەنگی یەكی شەش بە سەر پەرشتی ڕێكخراوی ئەستێره من له لایەن ئەوانەوه هەڵبژێردرام بۆ پێشكەشكردنی پرۆگرام.**

**له بەرواری (٢٠١٢/٦/١) بۆ ماوەی سی ڕۆژ وەك خۆبەخشێك ئەم پرۆگرامم پێشكەش بە منداڵان كرد.**

- **له فیستڤاڵی یادی ڕۆژی جیهانی تالاسیمیا دا چەند شتێكم كرد وەك كاری دەستی و تابلۆ.**

سروە عەلی جەباری

## هەڵەبجە

هەڵە بجەی شەهیدم
بوکی کوردستانم
هەڵە بجەی جەرگ سوتاوم
هەڵە بجەی بێ نازکەوتوم
هەستەوە با بالأت ببینم
نەوەك ڕۆژێ لەناکاو بمرم
دە هەستەوە دە هەستەوە با بالأت ببینم
نەوەك و ڕۆژێ لەناکاو بمرم
هەڵە بجەی شەهیدم تۆ لە دڵمای
تۆ لە خرۆکە سورەکانی خوێنمای

هەڵە بجە هەستەوە ببینە
ئەوەی کە تۆی بۆم باران کرد وا لە زیندانە
هەڵە بجەی بێ تاوانم
هەڵە بجەی بوکی کوردستانم





هەڵە بجەکەم لە ١٦ /١٩٨٨/٣ بوو
تاوانت باران دەستیان بەخوێنت سور بوو
ئەی هێرۆشیمای کوردستانم
هەڵە بجەکەم بینای چاوانم
هەستە ببینە وا کورد ئالأی هەڵکردوە
هەستەوە بڕوانە ئاسۆیەکی ڕوون
دە هەستەوە ببینە بەرە بەیانێکی هێمن

**سروە عەلی جەباری**

## مەرگی هەشت هەزار بارزانی

ڕا پـێچ کرا کوردی دەر بەدەر
بۆ بیابانی بێ بەزەیی و عەر عەر
لەژێر ئایەتی پـیرۆزی قورئان
لەناو چوو کوردی نەبەزو قارەمان
پـێم بڵێ لەسەر خاکی دڵ ڕەقا
ژیان مەرگ و چۆن بەسەر برا

ئێوە کە لە کوردستان باغی ژیان
چی بردنی بۆ ناو عەرەبستان
سەر مەشقی شێخی بارزان
ڕا پەرین کرا بۆ بەرزی نیشتیمان

سەرتان بەرزە دایکی شەهیدان
رۆلەکانتان خۆیان کردە خەبات بۆ کوردستان
بژی کورد بژی کوردستان
بژی رۆڵی گشت بارزان





**سروە عەلی جەباری**

## ئەنفال

ئێوە گوڵی باخی کوێستان
چی ڕا پـێچی کردن بۆ سەحراکان
مرۆڤە چەپەڵەکان
یاخۆد گورگە برسییەکان
وایان زانی کورد قڕ دەکەن
بەم کارەیان ئێوە لە ناودەبەن
نەخێر لە هەڵەدان لە هەڵەدان

کورد نەقڕ دەبێت نە لەناو دەچێت
بەڵکو هەتا بمێنێت سەربەرز دەبێت
ڕۆڵەی لە دایك بڕکراوم
دایك جەرگ سوتاوم
برای ئەنفال کراوم

ڕۆڵەی کیمیا بارانم لای لایە
باوك زیندە بەچاڵ کراوم
کەسوکارە خۆڵ لەدە م کراوم
بەسیەتی ئاخو گرین

بەسیەتی رۆ رۆی سەر زەمین
بژی کورد بژی کوردستان
بژی رۆڵی گشت ئەنفالەکان





سروە عەلی جەباری
لەو ڕۆژەی پێڵوەکانم هەڵهێناوە
برژانگەکانم بەئاگری شەڕ سوتاوە
ناوکم بەگولەی سور بڕاوە
باوکم بەگولەی دۆژمن شەهیدکراوە
دایکم زیندەبەچاڵ کراوە
لەجیاتی شیری سپی بێگەرد
فرمێسکی دایکی شەهیدم پێ دراوە
باوکیشم هەتا هەناسەی لێ بڕاوە
لە ناو خوێنا ئەپلکاوە
زۆرم گوت زۆرم گوت
مەرو بابە منیش لەگەڵ خۆت ببە
گوتی نا رۆڵە تۆ خەبات کە
ولاَت ئاوە دان بکە
خوێ بە برینیان دابکە
ئێمە نەمردووین نامرین
لە پێناو سەربەستی نیشتیمان چووین
لە پێناو شەکانەوەی ئالاَی کوردستان چووین



**محسن شورناخ**

**ناوی تەواوم " محسن فاتح فتاح "ە لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٦ م لە گوندی " شورناخ" سەر بە ناحیەی سورداش.**

**پەیمانگای تەکنیکی هەولێر بەشی سیستەمی کۆمپیوتەرم تەواو کردووە.**

**دانیشتوی هەولێرم ( ملازم أول )م لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگەکانی ناوچەی یەك.**





**محسن شورناخ**

## بەجێماوێکی هەڵەبجە

**ئای ! دایە گیان**

**ئەوە منم بە تەنیا جێماوم**

**ئەوە منم لە ئاسمانی ئەم وڵاتەدا**

**تەنیا مەلێکم باڵ شکاو ....**

**بە بەلەقازێ و ئازارەوە ڕێکا دەبڕم**

**دوور لە ئێوەم**

**بۆ مەرگەساتی ئێوە**

**هەر شیوەنمە و**

**یەخەی خۆم دائەدرم....**

**دایە کیان !!**

**توخوا چاوەکانت هەڵهێنە و**

وەرە بەرامبەرم ڕاوەستە و

بە ئاوازە خۆش و جوانەکەت بلێ:

ئەی لاوە بێنازەکەم

بۆ وا خەمباری !! ؟؟

چ خەمێك وای لێ کردووی ؟

بۆ وا شەکەتباری ؟

بۆ فرمێسکی چاوت بەلالوك ئاسایە ؟

کوا گۆرانیە جۆشدارەکانت؟

دەنکت بۆ نیە ؟

کوا خەندەو پێکەنینت ؟

کوا قسە خۆشەکانت ؟

ڕەنکت بۆ نیە ؟

منیش لە وەڵامدا دەڵێم:





دایە کیان............!!

لەو ڕۆژەوەی تابلۆی مەرگیان نیشان داوم...

ئەشکەنجە و ئازاریان خستووەتە پیش چاوم ....

کشت خزم و کەسیان لە دار داوم....

لەو ڕۆژەوەی کە گولەکان پۆل پۆل هەڵوەریتن

لەو ڕۆژەوەی دڵەکان پەتا پەتا دەنەویتن

لەو ڕۆژەوە پر خوێنە چاوم

بۆ هەڵەبجەی بێ ناز و شەهید کراوم.



خالد علی سلێڤانی

خالد علی سلێڤانی، هوزانڤان و نڤیسەر، ژ دایکبوونێ ١٩٧٦ زاخو، دەرچویی ئامادەیی، ساڵەکی ل زانکۆیا دهۆك گۆلیژا ئاداب بەشێ مێژوو خواندیە، هەتا نهۆ من شەش بەرهەمێن چاپکری هەنە، ئەندامێ ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد، تایێ- دهۆك. پتر ژ ١٥٠ هوزانێن من بووینە ستران.





خالد علی سلێڤانی

**خەمێن دلا**

پێشکێشە بۆ هەر زاروکەکی ئەنفالێن رەش بێبەهر کری ژ پەیڤا(بابۆ).

ئەو زاروکی
هەر سپێدە

بەرامبەر وێنەیێ بابێ خۆە

رادوەستا

تژی چاڤان روندك دبوون

دگۆت:

ــ تو دێ کەنگی هێی،

دا ئەز ژی وەکی هەڤالێن خۆوە بێژم (بابۆ).

وی زاروکی

گاڤا پەیڤا بیابان گۆە لێ دبوو

لەشێ وی ڤەدلەرزی

دلێ وی ددەرزی

نفرین ل عەرعەر دکرن.

ل چەژنا
جلوبەرگێن نوو نەدکر ل بەر خوە

دگۆت:
نە یێن وەکی یێن بابێ من بن،

من نەڤێن.

چەند سرۆدا( ئەی رەقیب) گۆه لی دبت

رادبت ل سەر خۆە

دبێژت: بۆ ڤێ سرۆدێ مر،

ئەم دێ بۆ وێ ژین

بۆ ڤی ئالایی

ئەم دێ بۆ ژین.

ئەو زاروکە

وەکی بابێ خۆە

دبێژت:





یان ل سەر ڤی ئاخێ عەگید

یان ل بن ئاخێ شەهید.

ئەو زاروکە

ئیرۆ ئێکە دوەلاتەکێ دە

و وەلاتەکێ دوی دە

وەك چیا بلندە

خوراگرە

گولێن سپی ماچی دکت

و زمانێ گولا نیشا خەلکێ ددت.

ئیرۆ زەلامە ماموستایە

پەرتوکەك یێن ددەست دا

بلند دکت ودبێژت:

ئەڤەیە چەك، و پێنووسە فیشەك.



نامۆ مەخموری

ناوی تەواوم (نەریمان عبدالله محمد امین علی بلباس).

ناسراوم بە نامۆ مەخموری.

لەدایک بووی (١٩٨٦/٣/١٥).

لە شارۆچکەی مەخموری سەر بە پارێزگای هەولێرم.

لە ساڵی (٢٠٠٢ ) وە لە شاری هەولێر نیشتەجێم.





**نامۆ مەخموری**

## بۆ دایکی شەهید

غەم واز لەدایکم بێنە
من کۆچم کرد
تۆش ئەوەندەی تر دڵی مەسوتێنە
ڕەنگی ڕەش
توخوا چیتر هاوڕێیەتی دایکم مەکە
تامن مابووم تۆ وجوودت نە بوو
ئێستا بە ئارەزوی خۆت
جەستەی پیرۆزی دایکمت تەنیوە

دایکە توخوا بەسە گریان
تۆ ئەزانی
فرمێسکی چاوت چەندە پیرۆزە
لەگەڵ هەردڵۆپێکی فرمێسکت
سەدان دڵۆپی ئاوی کەوسەر
ووشک ئەکات

نامۆ مخموری

## من هەڵەبجەم

من دەریایی فرمێسکم
شاهیدی دۆزەخەی سەرزەمینم
خاوەنی جەنەتی ئاخیرەتم
سومبلم
خاوەنی عومەری خاوەرم
سۆزی باوکێکی میهرەبانم
دڵێکی پڕئازاری هەموو زەمانم
ڕەنگی زەردە روخسارم
خەریکی ئامادە کاری بۆ بەهارم
کەچی یادی ماتەمە پێش نەورۆزم
خاوەنی پێنج هەزار شەهیدی سەربەرزم





نامۆ مخموری

## بارزان

باوەشت بکەوە
فریشتەکان لە خاکی ئەوان نا حەسێنەوە
هاکا دایان لە شەقەی بال
هەشت هەزار فریشتە گەڕانەوە بۆ ووڵات
بارزان
فەرشی پیرۆزی رابخە
ئەمڕۆ تاجی سەرمان
سامانی نیشتمان
خەباتی دوێنێ
ئازادی ئەمڕۆ
لە نوگرە سەلمان و عەر عەر
شەهید باڵ دەگرن
کەمێک لای تۆ ئارام دەبنەوە
بۆ ئاسمان ئەگەڕێنەوە
موژدەیان هێناوە
مەرجیان بۆ ئاسمانیش دانەوە
ئەگەر بەکوردی نەبێ
وڵامی ئەویش نادەنەوە

**نامۆ مەخموری**

## کورد نامرێ

ئێمە میللەتێکین نامرین نا
سەد جار ئەنفال
و
کیمیا بارانمان کەن هەر نامرین نا
لە دێر زمانەوە
لە هەموو سەردەمێکەوە
دوژمن هەوڵی داوە
بۆ نەمانم
بۆ روخانم
بۆ سڕینەوەی ناوی کوردستان
لەسەر دڵم
لەسەر خاکم
من کوردم کورد
پرسیار بکەن
لە مێژووی دوێنی
لە ئازادی ئەمرۆ
پێناسە و ناو نیشانم
خۆراگری و خەباتە
تەشریف بێنن خاکم بخوێنەوە
لەسەر هەموو بستێکی خاکم
بە خوێن ووشەی ئازادی نەخشاوە
من قوربانیم داوە بۆ بوونم
بارزان و بالیسان





هەڵەبجە و گەرمیان
بە ئەنفال و کیمیا باران
هەزار پیلانی چەوتی ئەوان
نامرین نا
من کوردم کورد
نەوەی سەلاح دین ئەیوبیم
شوێن کەوتووی قازی و بارزانیم
ناوەستم ناوەستم
ویستگەم نیە تا مردن
بۆ ئازادی وولاتم
بەفیدا بێ روح و گیانم
دوژمنی کورد هەلسە لەو خەوە
کورد دەڵێ: بۆ پێشەوە
نەوێ شەهیدانم وەک گوڵی بەهار
گەش بۆتەوە
بۆ ئازادی بۆنی مسکە پەنگی داوە تەوە
بۆ چاوی دوژمن دڕکە کاڵ نابێتەوە

نامۆ مەخموری

**جووتێک پێلاو**

کەسەیری ئەم جووتە پێلاوە دەکەم
هەزار پرسیار لە بیابان ئەکەم
ئایا ؟؟
کە ئەم جووتە پێلاوە هات بۆلات
پرسیارت نەکرد لێ ؟؟
تۆ بۆ جەژن کراوی
یان کرێکاری
چەند چیای کوردستان گەڕاوی
ئەرێ خاوەنەکەی تۆ پێشمەرگەبوو
یان باوکی چەند منداڵی چاو گەش بوو
بیابان
ئەم میوانە دەمێکە لاتە
چی فێرکردووی :
بیابان دەڵێ
فێری شەرمەزاری بووم
ئەوە بیست و دوو ساڵە
من ئارەقەی شەرمەزاری ئەسڕم
پێلاوێک ئەوەندە قورسە بوونی لەسەرم
سەنگی زیاترە
لە ویژدانی ئەو بیست و دوو وولاتەی سەرم
توخوا بیبەنەوە
ئەو خاکەی من
جێگای ئەو پیرۆزیە نابێتەوە





توخوا بیبەنەوە
هەر کە سەیری ئەکەم
خەریکە خۆم ئەپێچمەوە
بۆ نەبوونی بگەڕێمەوە
توخوا بیبەنەوە
لەوەتەی ئەو لێرەیە
لەشەرمەزارییا
دارخورماش سەری هەلگرتووە
ئەوە زەمەنێکە لەخاکم نارویێتەوە



**ڕەسول سولتانی**





**ڕەسول سولتانی**

## کورتەیەک لەسەر ژیانی شاعیر

ساڵی ١٩٧٦ لە گوندی حاجیلەکی سەر بە شاری بۆکان لە دایک بووە. لە زانکۆی بۆکان بەکالۆریوسی لە زمان و ئەدەبی فارسی وەرگرتووە. ساڵی ٢٠٠٤ پەڕیوەی باشووری کوردستان بووە و لە چاپەمەنی و بەشەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا کاری کردووە و لە گۆڤارەکانی باشووری کوردستانیشدا وەک:
(کاروان، ڕامان، ئاینده، ئایدیا، بیاڤ، چلاواز، وێران، ٢٣، گزینگ، هەڵبوون، ڕاڤە) دا بابەتی بڵاو کردووەتەوە.
لە ساڵی ٢٠٠٩وە وەک ستافی کارا لە لاپەڕەی فەرهەنگی ڕۆژنامەی هەولێردا کاری کردووە و بابەتی بڵاو کردووەتەوە و لە ساڵی ٢٠١١وە وەک خەبیری زمانەوانی هاوکاری دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانییە و تا ئێستا ١٣ کتێبی بەو ناوانە لە زمانی فارسییەوە کردووەتە کوردی:

١. ژان: نووسینی مارگریت دۆراس
٢. ژن لە فەلسەفەی سیاسیی ڕۆژئاوادا: نووسینی: سوزان مولیر ئۆکین
٣. ئەودیوی کوێستان؛ نووسینی: یەشار کەمال
٤. سەفەر: نووسینی مەحموود دەوڵەت ئابادی
٥. تاعوون: نووسینی ئەلبێر کامۆ
٦. ئێمیل: نووسینی ژان ژاک ڕۆسۆ
٧. کۆیلەکردنی ژنان: نووسینی: جۆن ستیوارت میل
٨. سێبەری هەڵۆ: نهێنییەکانی ژیانی ناپلیون
٩. پێشەوای ڕابوون
١٠. کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست

١١. ئیمپراتۆریای بیزەنتی
١٢. لە لینینەوە تا پووتین
١٣. ئاغاکانی ئاقچاساز (ڕۆمانێکی دیکەی یەشار کەمالە و ئامادەی چاپە)
١٤. زیارەتی ماچ (کۆی شێعرەکان)





ڕەسول سولتانی

**هەڵقرچان**

ڕەشەبا هات و دڵی ناسککی شار هەڵقرچا
نیشتمانی دڵی پڕ خوێنی هەنار هەڵقرچا
پێکەنین سیس بوو لە سەر لێوی هەلاڵە و هێرۆ
گوڵی حەیرانی کەژو دەشت و بەیار هەڵقرچا
شەوی بێ شەرمی دزێو قەڵسەیی گێڕا لە گزینگ
خوێنی کازیوە لە پێدەشت و بنار هەڵقرچا
جێژوان بەرگی ڕەشی کردە بەری دار و بەرد
چونکە تیرێژی نیگای چاوی خومار هەڵقرچا
نیشتە سەر لێوی قەل و داڵ و چەقەڵ شانازی
گوڵبزەی گەش کە لە سەر لێوی بەبار هەڵقرچا
زیرەك و ماملێ بگرین کە گوڵی گۆرانی
پەڕبە پەڕ ئەوڕۆ دەگەڵ تاروقەتار هەڵقرچا
شاری بۆکان وەرە دەستت بخە مل هەولێری
دڵی سەردارو سەدان شۆڕە سوار هەڵقرچا
ئەی سولەیمانی دەگەڵ شاری مەهاباد بگرین
جەرگی سەت دایك و کچی تازیە بار هەڵقرچا
پیلی ڕووبار دەبڕن لێرە بە فتوای شەیتان
بۆیە شاباڵی بزەی چۆم و کەنار هەڵقرچا
شەمشەمە کوێرەیە وا چاوی بە خۆر هەڵنایە
تیشکی ڕۆژ بۆیە بەدەستی شەوی تار هەڵقرچا
دێوی پاییزی لە مێحرابی شەڕا دای¬بست نوێژ
سەری پەنجەی لقی ئاواتی بەهار هەڵقرچا
ڕەشەبای بەدفەڕی فتوایەکی کوڵکن بە حەرام
هاتەکوێستان و حەزی چیمەن و دار هەڵقرچا
بۆیە من شینێ کە شایانی شەهید بوو نەمکرد
چۆن زمانی قەڵەم و شێعرو وتار هەڵقرچا



سەرمەند سۆرگوڵ

سەرمەند سۆرگوڵ

من ناوم سەرمەندە ' دانیشتووی شاری هەولێرم ' ساڵی ١٩٨٧ لەگەڕەکی ئیسکان لەدایک بووم ، نزیکەی ١١ ساڵە دەستم بە نووسینی شعر کردووە ' هەروەها کاری ئاواز دانانیشم بۆ چەندین هونەرمەند کردووە ' لە ئاستی خوێندندا پەیمانگای تەکنیکی شەقڵاوەم تەواو کردوە بەشی کارگێری تەندروستی .





سەرمەند سۆرگوڵ

**لەبیرم دێ ، ، ،**

کوردستان بوو بە گۆڕستان

گوڵ چیچەک مێخەک

لەشوێن خۆیانەوە قربوون فەوتان

مناڵەکان بەر لەوەی لەدایک بن

هەر لەنێو سکی دایکیانەوە

دەنێژران

لەبیرم دێ ، ، ،

ئاسمان لە بری باران

گوڵلەی دەباراند

دڕندەکان لەشوێن کاغەزدا

مرۆڤیان دەسوتاند

قەدەر لەبری هەلهەلە لێدان

دەزگیرانداراني لەیەک دەستاند

لەبیرم دێ ، ، ،

سێوەکان لەباخچە هاتنە دەرو

تەنیا بە هەناسەیەک

گۆڕستانێکیان نەخشاند

ناویان (هەڵەبجە) گۆرستانی سێوەکان

لە بیرم دێ ، ، ،

لە نێو گوڵستانێکی ڕەنگاو ڕەنگدا

چەندین گوڵی سووریان

بەجارێ زیندەبەچاڵ کرد

نەک تەنها ئازادی

تەنانەت تەرمەکانیشیان

نەداوە دەستمان

بەڵام ئێمە کوردین

ئێمە مەردین

گەر دەیان جاری تریش ئەنفالمان کەنەوە

بەرپاپەرین

هەر سەردەکەوینەوە'







کارزان قەڵادزێی

## كارزان قەڵادزێی

كارزان قەڵادزێی: ساڵی (١٩٨٢) لە شاری قەڵادزێی دووجار شەهید لەبنەماڵەیەكی ڕۆشنبیرلە دایكبووم بڕوانامەی بەكالۆریوسم هەیە لە زانستەكانی پۆلیس. ساڵی(١٩٩٥) ڕووم كردە حوجرەی فەقییان لە شاری قەڵادزێ كە ئەوە بوو بە قوتابخانەیەكی گەورە بۆ ئەزموونی شعری من، تێكەڵاویەكی زۆرم لەگەڵ زانا ئاینییەكانی شارەكە پەیداكرد بەوهۆیەشەوە سەرەتای ئاشنابوونم بە شعر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە، زۆربەی شاعیرەكانیشمان هەر وا بوون، لە ڕێگای شاعیر و بیرمەندەكانیان ناسراون منیش هیچم نەكردووە، ئەگەر توانیبم كەم تا كورتێك تشك بخەمە سەر خەرمانی ئەدەبی كوردی ئەوە خۆشحاڵم. دوو سیدیم بڵاوكردۆتەوە (چیت فێركردم + كاسێتی شەوێكی ڕەش) حەزناكەم كۆنەكان ئەوەندە دووبارە ببنەوە خوێنەر شتی تازەی دەوێت، بەردەوام حەزم لە گۆڕانكاری و شتی تازەیە.. یەكەم كۆڕم كە لەلایەن ناوەندی باڵای هەولێر سازكرابوو لەسەر ئاستی هەرچوار پارێزگاكەی هەرێم (سلێمانی-هەولێر-دهۆك-كەركووك) كە(٢٠) شاعیری لاو بەشداربوون، بەشێوەیەكی گشتی ئامادەیی باش هەبوو. بە شعر دەمەوێت ئاوێنەیەك بدەمە دەست كۆمەڵگا ناشرینیەكانی خۆی تێدا ببینێت، هەموومان یەكتر ناشرین دەكەین، بەڵام كەس نایە بڵێ ناشرینیەكان لای منن، كەس نایە ڕووە جوانەكانمان نیشان بدات من لەسەر ئەو پانتاییانە كار دەكەم كە نابینرێن، چونكە شعر سنوری نیە.





Qaladzayee Karzan

**Five posters of a crying pen**

(1)
It is strange that here every thing is adventurous
Apple tree has grown stone and
Water does not return to the river like the past
(wind) has a smoke
Quick ….. quick
Bring it back to the city …..

( 2)
The girls instead of kisses
Has filled their baskets of anger
And return to the village
Pomegranates are ripen and ruined
Laughing killed laughter
And yelling….

( 3 )
A bird is not singing
And grieving
Shouting: law murders

Bring me out of this cage and send me to the garden..
The area of thieves and kidnappers imprisoned partridge
And burned her singing
Changed snow to hell to her
And not let her return to the mountains

( 4 )

Here is the place of martyrs and moon is stolen
It is a long period covered with darkness
It is lost
Nature is blind
And doesn't let to light a candle there
In this freezing Garmyan and Anfalistan area
There never have a hope for sunshine and
In this cold nature
Hotness burned them
There never snow falling there
And never let the child of massacre of Anfal sleep…..

( 5 )

Here some people are so stupid that
Can not write even their names





They are like sunflowers follow there interests
And follow where there money is
But they have a vital role
In dancing of life

A poet of Qaladzayee Karzan
Date October 28th of 2012

کارزان قەڵادزیی

## پێنج پۆستەری خامەیەکی گریاو

(١)

سەیرە لێرە هەمووشتێ یاخی بووە

دارسێو بەرد دەگرێ و

ئاو وەك جاران ناگەڕێتەوە بۆ ڕووبار

(با) دوکەڵی بەدەمەوەیەو

خێرا ...... خێرا

دەیباتەوە بۆ شا.....

(٢)

کەنیشکەکان لە جیاتی ماچ

بەرچنەکانیان پڕکردووە لە

رق و دەگەڕێنەوە بۆ دێ

هەنارەمێخۆشەکان گەنیون و

پێکەنین قاقای کوشتووە و





هەر ناڵەی دێ.....

(٣)

بولبوول جریوەی نایە و

هەر جنێو دەدا

هاواردەکا ئەی یاسا کوژەکان

لەم قەفەزە دەرمبێنن بمبەنەوە بۆباخ..

مەملەکەتی دز و جەردە کەوی دیل کردووە

ئاواز و قاسپەی سوتاندووە

بەفری لێ کردووە بە جەهەننەم و

نایگەڕێنێتەوە بۆ شاخ.....

(٤)

ئەم شەهیدستانە مانگ دزراوە

سەردەمێکە بە تاریکی داپۆشراوە

خۆر نەماوە و

سروشت توشی شەو کوێری بووە و

ناهێڵن مۆمێکی تیا هەڵبێ

لەم گەرمیانە تەزیو و ئەنفالستانە

نەخۆری ئومێدێك بۆ گەڕانەوە هەڵدێ و

لەم کوێستانانەی

قرچەی گەرما سوتاندوونی

نەبەفری سۆزێك دەبارێ و

نەدەشهێڵن مناڵێکی دوای ئەنفال بنوێ........

(٥)

لێرە هەندێ بیروعەقڵیان زۆر کورتە

ناوی خۆشیان بۆ نانوسرێ

گوڵەبەڕۆژەی مەصلەحەتن

خۆری پارە لەکوێ هەڵبێ ڕوویان لەوێیە

کەچی لە شایی ڕۆژگار

سەرچۆپیکێشن و

بەردەوام دەسرۆکەیان پێیە





كارزان قلعدزة

**خمسة ملصقات قلم يبك**

(١)

والغريب أن كل شيء هو هنا المغامرة

وقد نمت شجرة التفاح والحجر

المياه لا تعود إلى النهر كالماضي

(الرياح) لديه الدخان

السريع ..... سريع

إعادته إلى المدينة ....

(٢)

الفتيات بدلا من القبلات

قد ملأت سلال من الغضب

والعودة إلى القرية

وتنضج الرمان وخراب

يضحك الضحك قتل

ويصرخ....

(٣)

الطيور لا الغناء

والحزن

وهم يهتفون: القتل القانون

أحضر لي للخروج من هذا القفص وترسلني إلى الحديقة...

مجال اللصوص والخاطفين سجن الحجل

وأحرق الغناء

تغيير الثلوج الى الجحيم لها

وعدم السماح بعودتها الى الجبال

(٤)

هنا هو المكان الشهداء وسرقت القمر

فمن فترة طويلة مغطاة الظلام

وفقدت

طبيعة أعمى





ولا تسمح للضوء شمعة هناك

في گرميان الانفال هذا المجال وتجميد

هناك أبدا الأمل لأشعة الشمس و

في هذا النوع الباردة

حرق لهم ان تكون السبب

هناك أبدا تساقط الثلوج هناك

وعدم السماح للطفل من مجزرة الانفال من النوم.....

(٥)

هنا بعض الناس أغبياء بحيث

لا يمكن كتابة حتى أسمائهم

انهم مثل عباد الشمس تتبع مصالح هناك

واتبع حيث المال هو

ولكن لديهم دورا حيويا

في الحياة الرقص

کارزان قەڵادزەیی

**نامرێ**

ئەوەی بە ئێرەی گوتووە نامرێ

دڵنیا بووە لەوەی

هیچ شتێك لێرە نامرێ

تا مەرگ زیاتر بەرە و ڕووی بێ

توندتر پێ لەسەر ژیان دادەگرێ

نەك دوو جار

سەدان جاریش شەهید بێ

تا گوڵە نێرگزێ مابێ

تا هەناسەیەك مابێ

دڵنیابن ئێرە نامرێ

بەڵێ ٢٤/ ٤ بوو

عەرەبێکی بەناو ئیسلام

لاپەڕەیەکی تری لە مێژوودا





بە خوێن سوور کرد

بەهەزاران مناڵ و پیرەپیاو

ژن و لاو

چەندین میوانە خوێندکاری شۆڕشگێڕ

بەدەنگی بۆمب ڕاچڵەکین و

چوار مەرگ هێنی سیخۆ

لەچەند چرکەیەکدا

خەندەو پێکەنینیان ئاوێتەی خوێن کرد

ئەوەی ڕوویدا

ژوانی بولبول و چڵ نەبوو

ژوانی بەهار و گوڵ نەبوو

وەلێ دایەگیان

ژوانی گۆشت و دووکەڵ بوو

شینگێڕانی شارێك بوو

لەچەند چرکەیەکدا

چەندین هەناسەی بێتاوان

خنکێنران

دەیان ماڵی ئەم شارە

خاپووركران

چەندین خانوچكە قوڕەی مناڵان

ڕوخێنران

هەر دەست و لاقی خەڵكی شارەكەی من بوو

لە ژێر كەلاوە و دار و پەردوودا

وون بوو

هەر مناڵی پاكیزەی ئێرە بوو

بەیانی زوو هەستا بوو

وەك ڕۆژان بەپێكەنینەوە

بەرە و دووكان بۆ شتكڕین دەچوو

بەڵام نەگەیشت بگەڕێنەوە

هەر لە كۆڵان بەنوقڵ و بنێشتەوە





پسكیت بۆ شوێنێ چوو و

نوقڵ بۆ شوێنێ چوو و

دەست بۆ شوێنێ چوو و

سەر بۆ شوێنێ چوو و

لەیەك چركەدا

ڕووحی بێتاوانیان گەیاندنەوە

عەرشی عەزیم

بەڵێ ٢٤ / ٤ / بوو

لەبری سەوزایی بەهار

لە سەرچاوەی بازاڕەوە

جۆگەلەی خوێنیان هەڵبەست

تا وایلێهات دەشت و دەر و

ئاسمانیش سوور بوو

ئەی خودایە جگە لە كوردبوون

تاوانی ئەو خەڵكەی ئێرە چی بوو

دەوەرن ئەی وویژدان نووسەکان

لەگەڵ گرمەی تۆپ و

هاشەی سارو خەکاندا

گوێ لە نرکە و ناڵەی شاریش بگرن

بەخامەی وویژدانتان

بە مێژوو بڵێن

ئەوەی ڕوویدا

ڕقی ئەستووری بەعسییەك بوو

لەگەڵ باروت و دوکەڵ

تێکەڵ بوو و

شارێکیان بە گۆڕ سپارد

کارزان قەڵادزەیی ٢٤/ ٤ / ٢٠١١








ئەسکندر شێخانی

ئەسکندر شێخانی

**٣٥ ساڵ**

٣٥ دکتاتـۆری

سـاڵ

دەربەدەر و بن ئاخ کرن

حەبس و زیندان و فاشستی

تۆپ باراندن

وێران کرنا

شار و گوندا

مشەخت کرن

ل گشت وەلاتێت جیهانێ

ئەم بژکیـن

گەلی و زنار





**جۆك و ڕۆبـار**

مـەشـەقانـدن

ماین بێ کەس و دڵ کۆڤاندار

ژهێز کەفتیـن

پێنگاڤ قەتیان

تەحل بوو تاما ژیانێ

بۆچی فەلەك؟

بۆچی دنـیـا؟

ئێکی پیسی نەچوو مرۆڤـ!

دنیا هەموو

داهژیانێ

داهژیانێ

مەدەنگێ خۆ

دا گشت ڕەخا

مافێ مرۆڤا پا کانێ ؟

هەوار و فیغانا مە چۆ ...

هەر فرمانەك پێ فرمانێ

گەلەك خۆرتێت بنەمالا

سەلیب کرن

ل مەیدانـــێ

ل پێش چاڤێت دای و بابا

تەلقە رساس

دبــەردانــێ

ئێشا بێ دەرمان ئەڤەبوو

خۆزیکێت حەبس و زیندانێ

تەچەند کـربا





بێ مفا بوو

هـەر بـینـە

قەد نە بوو هانێ

ژبێ عاری و سەر شۆری دا

هەو دزانیـن ڕەنگێ ئیحسانێ

ئێکی راکر ، ئێکی دانا

ئێکی سەر ئێکی نڤیسی

شەش دینـار زێدە ددانێ

ب دوو فلسا دخاپـــاندن

ل کـــۆلانـا

ناڤ زکـاکا

پێکڤە دگۆتن

صدام اسمك هز امریکا

ژترسادا

مل ددانە مل ملانێ

مل ددانە مل ملانێ

هەر ساڵ، هەر ساڵ

کێك و شەربەت و شرینی

دچەسپاندن

ب دۆلارا

دحەرماند

گەش تازە هەیڤا نیسانێ

خوینا هەژارا دمژتن

تەنتەنۆك پاشی ددانێ

هەشت سالا لاو دانە کوشتن

وەڵە چی یە





مافێ مەیێ سەر ئیرانێ

ئەو خلاس بوو

خەلاس نەبوو

جەنگێ دووێ

ناڤێ خۆدا

ام المعارك

بناڤ کر

کوێت هەموو

داتالانێ

داتالانێ

جیهان هەموو

کەتە جەنگێ

بەلێ کەسی وەسا نەکر

**کەسی زارۆك**

**بساخی ڤـە**

**بن ئاخ نەکر**

**هەی هەوارە**

**مـافێ مرۆڤا پـاکانێ ؟**

**سوپاس بۆ یەزدانێ مەزن**

**ئەو کەسێن پیس نەچوو مرۆڤ**

**نەهێلان سەر روکێ مانێ**

**ڕژێما فاشستا**

**سەر شۆر**

**هەموو ئێك، ئێك**

**ب رووکێ ڕەش**

**ئـێـخـسـتـنـە پـەشیمانێ ؟!**





**بژیت هێزێــن**

**هەڤ پەیـمانا**

**بژیت کورێـن**

**کـوردستانـێ**

**ژوەلات را**

**سەر بلندی، سەر فرازی**

**وەکر خەلات**

**مەژی سۆزە**

**هەلکەیـن چـراکـێت ڤـیانێ**

**نوو ئاڤـا کەیـن**

**وەلاتـێ خـۆ**

**سووندا مـەیـە...**

**ب مسحەفـێ**

**ب ئەنجیلێ**


**ب قورئانێ**

**ب قورئانێ**

**ـ ل گۆڤارا شێخان ژمارە/٣ سالا٢٠٠٦ هاتی یە بەلاڤکرن . ـ دکۆرەکی هۆزان خاندنێ دا ل سەیرانگەها مالتا ل دهۆکێ سەر مافێ مرۆڤا هاتی یە خاندن سالا (٢٠١١).**







سەردار قادر

من ناوم سەردارعبدالقادره ناسراوم بە سەردارقادری شاعیر ساڵی ١٩٦٤لە دایکبووم لە ناوچەی قەرەداغ ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردم تا ئێستاش خاوەنی دوو نامێلکە م بەناوی نەتەوە یەك لە هەناوی بەفردا بەرەسیلکە.

سەردار قادر

**من و هەڵەبجەو بەرچنەیەك ووشە**

بە چاوی پڕ فرمێسکەوە

کوردانە پێت وتم ئادەی چاوەکانتم بەرێ

من فرمیسکەکانی خۆم کردە ڕووبارو

بە کەمەری سورێندا شۆڕ بومەوە

لەو دەشتە ڕەنگ هەڵپروکاوە رامام و

بە خۆمم وت:

تۆ بنوارە ئەوە هەڵەبجەیە چەند پەرێشانە

من تاسەبارم جەرگم بڕا بە شەهید بونی تۆ

ئەگەر بڵێم شەهید بونت لە ناخمدا تراژیدیایە ڕاست دەڵێم

ئەگەر بڵێم ئێستا شێتم بە وێنەی شێواوت درۆ ناکەم

ئاخ شانزەی سێ

ئاخ مەرگی گوڵە هەنار و و بەرسیلەو هەرمێ

قەدەری تۆ حەسرەتێکە دەمانهەژێنێ-دەمانگرێنێ





وەرن با بگرین بە حوزنەوە- چونکە گریان

بەرائەتەکانمان پاکژ ئەکاتەوە برینەکانیشمان نۆژەن دەکاتەوە

کە هەڵەبجە دەمانخاتەوە سەر مێژووی هەمان برین

بە خەمەوە سەرێك دەبەین و- سەرێك دەهێنین

ئەوە هەڵەبجەیە

دەچێتەوە سەر گەشترین رووباری خوێن و


دەچێتەوە سەر سوتاوترین ڕێگا

دەچێتەوە سەر قوڵترین داستانی ئازار

بە کۆمەڵ ووشەی مەرگەساتی دەمانخاتەوە گرین

ئەو کاتەی گوێم دەبێ لە هەڵەبجەو شانزەی سێ

سامی مەرگ شا برینم دێنێتە سوێ.



موحیب مەهابادی

ناوی تەواو: ساکار سۆفی زادە / نازناو: " موحیب مە هابادی"

دانیشتوی شاری مە هاباد / بروانامە: دە روون ناس

دیوانی شێعری فارسیم هەیە کە قەرارە لە تاران چاپ بکرێ بە نێوی دیوانی "ئە هلی دل "شێعری کوردیشم هەیە کە دەمەوێ لە کوردستانی عێراق چاپیان بکەم لە گۆڤاری مەهاباد و ڕۆژنامەی سیروان و چەن دانە کتێبی دیکە و مەقالە و شیعرم چاپ کراوە ١٢ ئاهەنگ و ئاوازی خۆشم داناوە کە شێعر و موسیقی و دە نگی خۆمە و مامۆستا خالقی زۆری بە کەیفی بو بەڵام تا ئێستا نەمتوانێوە وە ک سی دی بڵاویان بکەمەوە و کاریان لەسە ر بکە م، فوق لیسانس(ارشد)دەروون ناسیم هەیە و لە دانیشگای ورمێ وەرمگرتووە.





موحیب مە هابادی

## هابیل

کوردین و بەدەس عالەمێ قوربانی کراوین

بۆ مافی گەل و پەرچە مێ قوربانی کراوین

زیاتر لە هەموو میللەتی دونیایە لەڕەی ژین

داومانە شەهید وەک مەمێ قوربانی کراوین

زینی مەخەباتە، قەڵەمە، خاکە، وڵاتە

ئازادی یە، بۆ بە ر هە مێ قوربانی کراوین!

مانایی سنوور بۆ مە وە کو مەرگ و نەمانە

زیندانە، بەدەرد و خەمێ قوربانی کراوین

تا گەش بێ هەتاوی، هە موو پیشمەرگە یی ئاڵاین

گیان بەختی نەبوونی تەمێ قوربانی کراوین

بۆ زووڵمی لە ئێمە دەکرا ، مێژوو دە گریا!

بۆ بیرەوەری و سەردەمێ قوربانی کراوین

کوردین و خودایە کە سی ئێمە کە غەریبین

ئە نفال و بە نامەحرە مێ قوربانی کراوین

دڵپاک و گە لێک ساف و بە رەحمین و موحیب وە ک:

هابیلی کوڕی ئادە مێ قوربانی کراوین. . . !







ئەنوەر هوژەبری

ئەنوەر هوژەبری

ساڵی ١٩٧٤ لە شاری مەریوان لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٩١ـەوە ئەندامی (ئەنجومەنی ئەدەبیی) مهریوانه.

داوی چەند ساڵێك لەهەڵبژاردنی گشتیدا بووە بەرپرسی گشتیی ئەنجومەن و بەرپرسی لیژنەی شێعر و وەرگێڕان. لە گۆڤاری ڕەوت وەك نووسەر و دەستەی نووسەران هاوکاریی بووە.

بڕێکی تر لە چالاکییەکان:-

کارکردن لە رادیۆ و تەلەفیزیۆن وەك وەرگێڕ، بێژەر و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری لیژنەی زمان لە ڕادیۆ کوردیی تاران و ئەندامی زانستیی لیژنەکە.

کارکردن لە رادیۆ و تەلەفیزیۆن وەك ئامادەکاری بەرنامە، پێشکەشکار، بێژەر، وەرگێڕ بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی، وەرگێڕ بەشێوەی ڕاستەوخۆ، پێداچوونەوەی دەقەکان، بەشی هەواڵ، وەرگێڕانی فیلم و زنجیرە تەمسیلییەکان،کاری دۆبلاژ(وەرگێڕان و دەور بینین و سەرپەرشتی) کارکردن لە بەشی هەڵسەنگاندنی بەرنامە رادیۆییەکانی سەرانسەری ئێران وەك هەڵسەنگاندنی کاری بێژەران، نوسەران و ئامادەکاران لە تاران.

وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی فارسی بۆ گۆڤاری فارسیی بامداد و ڕاوێژکاری بۆ چەندین گۆڤاری فارسی و ماڵپەڕی ئینتەرنێتی کە لە سەر زمان و پرسی کورد کاریان کردووە لە تاران.

هەواڵنووسین و وتاری سیاسی و فەرهەنگی بەتایبەت لەسەر ناوچەی خۆر هەڵاتی ناوەڕاست.

ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ناوەندی زانستی لێکۆڵینەوەیی ڕۆنان لەمەریوان ساڵی ١٩٩٩.

پێشکەشکردنی چەندین وتار لە سەر ئەنفال و کارەساتی هەڵەبجە لە زانکۆکانی ئێران (زانکۆی کوردستان، تەورێز، هەمەدان و تاران).





ئەندامی دەستەی زانستیی کۆنگرەی شێعری نوێی کوردی لە زانکۆی شەهید بەهەشتیی تاران ساڵی ٢٠٠٠.

بەڕێوەبەر و پێشکەشکاری بەرنامە، لە سیمیناری زمانی کوردی لە زانکۆی تاران ساڵی ٢٠٠٢ .

هاوکاریکردنی گۆڤارەکانی ڕاڤە و نویسا لە تاران کە بە زمانی فارسی و لەسەر پرسی کورد بابەتیان بڵاو دەکردەوە، بڵاوکردنەوەی چەندین وتاری وەرگێڕدراو لەو گۆڤارانەدا.

شعری از دلاور قرەداغی

ترجمە: انور هژبری

دلاور قرەداغی سال ١٩٦٣ در محلەی کانیسکان شهر سلیمانیەی کردستان عراق به دنیا آمده است. سال ١٩٨٢ اولین اثر ترجمەی وی به نام (نمایش خیابانی) چاپ شد. سال ١٩٨٦ در رشتەی تئاتر در دانشکدەی هنرهای زیبای بغداد، مدرک کارشناسی دریافت کرد. بعد از دریافت مدرک کارشناسی در همان سال به ایران پناهنده شد. با زبان فارسی آشنا شد و این آشنایی موجب ترجمەی آثار متعددی از زبان فارسی بەزبان کردی از طرف وی شد. که آثاری از گلی ترقی و بهرام بیضایی از این جمله اند. سال ١٩٩١ (به گفتەی خود وی) اولین شعر خود را پس از قیام کردهای عراق بر ضد رژیم بعث نوشت.سال ١٩٩٣ اولین مجموعه شعر ار بەنام پیکری از باران به چاپ رساند. دلاور قرەداغی یکی از شاعران، مترجمان و نویسندگان فعال کرد (کردستان عراق) است و مدتی را در اروپا نیز بسر برده است.

شعری از دلاور قره‌داغی

ترجمه: انور هژبری

**انفال**

راه بست برما

آنگاه که به وعده‌گاه عشق می خواستیم رفتن

دست در جیب هایمان

و نامه‌ها را پاره کرد

عکس ها را سوزاند

در صدایمان مُهر زد بر ترانه‌ها

انفال

به غارت برد

صبح بخیر دبستان

و عصر به خیر محله

و شب به خیر خانه‌های پنبه‌ای.

ناگهان وارد شد

انفال.





سفره گسترده بودیم

گرد آورده بود ما را سفره‌ی عشق

غروب هایی از اعتماد

تن می سایید به زخمهای دیروز

سوت می زد

شب هایی از مهر

آن سوی پنجره‌ها

چراغ ها خاموش شدند

ناگهان

عصر گشود بال و پرواز کرد

شب ضجه‌ای کشید

آفتاب آب ریخت

پشت پای کاجهای روستا

آه انفال ...سنگ را از روی سنگ

کودک را از بازی

درخت را از آواز

آسمان را از ستاره

آبادی را از کوهستان

و رود را از خروش انداخت

آه انفال ...درختان را فریب داد

به شکار ماه کمین کرد

زنبورهای عسل را مسموم کرد

شخم زد راه‌ها را با مین

گلوی گل گندم بفشرد

انفال گفت :چیزی نیست بچه‌ها

سفری است و باز خواهید گشت

انفال گفت :به تفریح می رویم به صحرا

همینطور که میرفت دو آبادی را با همان سبزی

بلعید

همینطور که میرفت نامه‌ها را سوزاند

سلام را از لب کودکان قاپید

دروغ گفت انفال ..تفریح و بازی نبود

تاریکی بود ..تاریکی

یکصدو هشتاد و دو هزار نگاه



ژانی کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

هیچ یک ندیدیم دیگری

لیک می شنیدیم تپش قلب هم را

انفال همه را می دید

لیک تپش قلب هیچ کدام نمی شنید

با پارچه‌ی سیاهی چشمانمان را بست

انفال

با نیشخند و تمسخر گفت:

چه میبینید بچه‌ها؟

گفتیم :هیچ ...بجز تاریکی هیچ!

انفال آسمان را بست از ما

از زیر پایمان جمع کرد زمین

انفال جدایمان کرد و

به صف مارا

گفت :بچه‌ها باز کنید دستانتان

با ترکه‌ی خیزران

یکصد و هشتاد و دو هزار ترکه بر کف ما زد

ریخت انگشتانمان

انفال چشم و نفس ما را از خاک پر کرد

سنگ را روی سنگ و

هیچ را روی هیچ باقی نگذاشت

انفال گفت :بچه‌ها نگاه کنید ..چه می بینید؟

گفتیم :هیچ ...بجز صحرا هیچ!


انفال دروغ گفت...:بجز صحرا هیچ ندیدیم

تنها صدای تپش قلب خود را می شنیدیم

آنگاه که مردیم.







ك.د.ئازاد

ك.د.ئازاد

کورتە باسێك لە ژیاننامەی (ك.د.ئازاد)
- ناوی (کریم دافعی)ە!
- نازناوی شێعری (ک.د.ئازاد)ە!
- ساڵی ١٣٣ لە ناوچەی سەردەشت لە دایکبووە.
ــ خوێندنی(سـەرەتایی)لە سەردەشـت و خوێنـدنی (ڕاهنومـایی) لـە بانە تەواو کردووە.
- بۆ خوێندنی ناوەندی (دبیرستان) چوار ساڵ لە شاری میاندواو خوێندوویەتی. دیپلۆمی هەر لە میاندواو لە ساڵی ١٣٥٧ هەتاوی وەرگرتووە .
- کارناسی ڕاوێژکاری (لیسانس مشاورە)ی لە زانستگای تـەورێز وەرگرتووە وبڕوانامەی لیسانسی خۆی لە سەر (کوردی سۆران) نووسیوە بە ناوی: (معرفی ویژگیهای فرهنگی کردان سوران )کە ئەو ساڵە یەکێك لە باشترین بڕوانامەکان بووە و پلەی یەکەمی دراوەتێ.
ــ سـاڵی ١٣٥٤ بۆتـە هـۆگری شـێعر و ئـەدەب و هـەر لەوسـاوە شێعری وتووە.
ـــ سـاڵی ١٣٦٤ هـەوەڵ شـێعری لـە گۆڤـاری «سـروە « دا بڵاوبۆتـەوە. پاشـان لـە زۆربـەی کتێـب و گۆڤـارە فارسـی و کوردیـەکان دا (لـە نـاو ئێـران، ئورووپـا و گۆڤارەکـانی کـوردی دونیا) شێعروبەرهەمی چاپ کراوە.
ــ پتر لە ٧٠٠ بەرهەمی (شێعر و چیرۆك وبەرهەمی دەروون ناسی وبابەتەکانی ئەدەبی) لەگۆڤارەکان وکتێبەکانی ئێران وجیهان دا چاپ کراوە!





- ٣٧ بەرهەمی(بە شێوەی کتێب) هەیە کە بە هۆی گیروگرفت و بێ دەسەڵاتی بڵاو نەبوونەتەوە!
ــ بەرهـەمی زیـاتر لـە ٣٥ سـاڵ نووسـینی ئـەدەبی کە زۆربـەیان شێعرن و ئامادەی چاپن بریتین لە :
١- چبکەم تا تۆ قەت بەهارت لێ نەتۆرێ (چاپی سوید)
٢- نیشتمانی تازەی شێعرم
٣ - وەرزی ڤینێکی بێ وادە
٤ - شەیدایی
٥- یاخی
٦- شەوگارنامێنێ تاکوو سەر
٧- پایزە خەم
٨- غەریبانە
٩- لێرە دڵداری تاوانە!
١٠- بۆ خەمێکی بێ کۆتایی
١١- یاسای هەرمان
١٢ - کوا یەك ڕەنگی دەورانی زوو؟
١٣ - من هۆگری ئەم کوێستانەم
١٤ - خۆشەویستێکم هەبوو
١٥- وەرزی بەرزی خۆشەویستی
١٦ - قەڵەمێکی فرەوێژ و فڕ هاوێژ
١٧- یاد و یادگار، بۆنە و بەهانە
١٨- تا ئاربابای خۆشەویستی
١٩- سەردێڕی خوێن
٢٠- تائەوپەڕی فەرامۆشی
٢١- کووچەڕازەکانی لاوە تی
٢٢- بێشکەکانمان پێناکەنن!

٢٣ـ ئاواتەکانمان هەڵنافڕن
٢٤ ـ دوایین وێستگە !
٢٥ ـ ئاوێنەکانی دەروون (کورتە چیرۆك)
٢٦ ـ کوردانی سۆران (لێکۆڵینەوە سەبارەت بە زمان و فەرهەنگی کوردی سۆران).
٢٧ ـ خەونووچکەکانی بێداری!(کورتە چیرۆك)
٢٨ ـ تا باسی ئازادی دەکەم !
٢٩ ـ ڕاپەڕین !
٣٠ ـ بابەت و وتاری ئەدەبی
٣١ ـ روانشناسی و مشاوره (مجموعه مقالات)
٣٢ـ تا ئازادی!
٣٣ـ وتو وێژەکانی ک.د.ئازاد دەگەڵ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان
٣٤ ـ گۆرانیەکانی سەفەر!( کورتە چیرۆك)
٣٥ـ چریکەکانی ئازادی!
٣٦ ـ خەونەکانی بەر تریفە
٣٧ـ خەمنامەی خاک

ـ ساڵی ١٣٦٨ وەک دامەزرێنەری ئەنجوومەنی ئەدەبی لە شاری بانە تێکۆشانی خۆی پەرەپێداوە .

(ئەنجومەنی ئەدەبی بانە هەوەڵین ئەنجومەنی ئەدەبی لە ناو شارە کوردنشینەکانی ئێران دابووە کە لەوێدا بێجگە لە کاری ئەدەبی، بۆ هەوەڵ جار بە شێوەی ڕەسمی و بە هەردوو شێوەی سۆرانی و لاتین وانەی کوردی تێداوتۆتەوە).

بێجگە لە دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئەدەبی بانە، وەک بەڕێوەبەری ئەنجوومەن کاری کردوە و زیاتر لە پێنج ساڵ بەڕێوەبەری ئەنجومەنی ئەدەبی بانە بووە.

ـ ٢٨ساڵە مامۆستای قوتابخانەیە!





ـ ئێستا بێجگە لە کاری ئەدەبی،لە دەبیرستانەکانی شاری بانە و لە ناوەندی ڕاوێژکاری بنەماڵە«مرکز مشاوره خانواده» وەك ڕاوێژکار خەریکی کارە !

ـ خەڵاتی یەکەمی بەردەنگانی لە ڤستیڤاڵی شێعری هاوچەرخی پیرانشار ١٣٨٨ وەرگرتووە!

ك.د.ئازاد

**هەڵەبجە**

باسی خۆشەویستیت دەکەم
دەبێ بە وەرزی هەڕەشە!
لە چوار لاوە
لێوی ڕقم لێ دەکرۆژن
خەنجەر سواری هەسان دەکەن
هەڕەشەم بە دەبان دەکەن !
••
شێعری وەسفی تۆ دەنووسم
دیوان دیوان
بڵاو نابنەوە !
شێعرم بە قاچاغە ڕێ دا
ڕوو دەکاتە شاری دڵان !
دەفتەرەکانم بە دەسنووس ،
دەگەنە لای دڵدارانت !
باسی عەشقی تۆ خەتەرە
باسی تۆ هەر باسی سەرە !
••
زۆر کەس لە عەشقی من ناگەن !
لۆمەیان ناکەم، دڵدار نین
خاوەن یار نین !
ناحەزانم،
لە عەشقی تۆ بێ نەسیبن
وەك ڕەقیبن !
••





بەندەنەکانی تاریکی،
هەمبەر بەچاوەکانی تۆن !
چۆن بێم بۆ لات؟
••
لەسەردەمی پانۆڕامای،
حەزەکانی قەتیس ماوو
میزۆپۆتامیای خۆزگەکان ؛
تۆ ئازاری،
خاك و خەڵک و
ژارەبزەی،
کەمتیارەکانی نامۆییم
بیر دێنییەوە!
••
سپیدەکان،
دەگەڵ کوێستان وەخەبەر دێم !
دەسنوێژ بە ئاوی زوڵاڵی،
کانی بنارێك هەڵ دەگرم !
لە سەر بەڕماڵی پێدەشتی
دە شتێکی کاکی بە کاکی
بەرانبەر یەزدان ئەوەستم.
دەستم هەتا عەشقی خوا
درێژ دەکەم
بەو نیازە،
بەسەربەستیت ببینمەوە و
چیتر شۆفڵی ناحەز و
سەر نیزەی خەم،

جەر گت نەدڕن!
چی تر چی تر سەرت نەبڕن !
••
ئێسقانەکانم لەغاری شانەدەرێ
هاتنەدەرێ !
هی سەر دەمی،
نیاندڕتاڵی و کاڵیم بوو!
زانیم تەمەن درێژترم،
لە جەللادەکانی خۆشم !
••
لەم وڵاتە،
عومری شادی کەم دەوامەو
خەم زۆر دەژی!
••
ساڵەهایە،
چاوەکانم فێری گریان دەکەم ،
بەنەفرەتەوە دەڕوانێ !
عەشق وە بیر دڵ دێنمەوە ،
دەردەدارانە لێ دەدا !
کە گۆرانی شاد دەکەمە
میوانی چوار وەرزی شیعرم
هاوار ئەکا و ئەناڵێنێ !
••
ئەی نیشتمان،
ئاواتەکانم، لە تۆرا دەست پێ دەکەن
بۆیە بێ هۆ





لە کۆتاییش،
دەگەنەوە باوەشی تۆ!
••
بۆ ساڵڕۆژی،
لە دایک بوونی ڕاپەڕین،
کوردستانیش،
وەک چۆن باوە،
مۆمێکی گەورەی داگیرساند؛
ئەو مۆمە گەورە و بەشکۆیە ،
« هەڵەبجەی شەهید » ی ناوە!
••
ئەوەی ئەمڕۆ،
پێش بە شێعرو
هاوار و هەڕەشەم دەگرێ؛
گەمژەیەکە
قەمچیەکی بە دەستەوە،
سنگی دەریا دائەپاچێ
تا کوو شەپۆلی هەڵ نەچێ!
••
یەکەم زیقەی،
مناڵێکی لە دایکبووی
پاش کارەساتی هەڵەبجە
تێی گەیاندم ؛
عومری زوڵم کەم دەوام تر،
لە تەمەنی مێلاقەیە !
••

ئای چەند سپڵەن !
ئەو کەسانەی ؛
ئەو کانیەی تێر ئاویان دەکا،
دەی خنکێنن !
ئەو دەستەی نانیان دەداتێ،
دەی شکێنن !
••
ئەو یاسایە پەستم دەکا،
دەسەڵاتم لێ دەستێنێ !
بێزارم لەو بەسەرهاتەی،
باڵی فڕینم دەشکێنێ !
تووڕەم لەهەر دەسەڵاتێ،
کوردوستانم دەشێوێنێ !
••
هە رگیز سەرم دانەنەوی
هەتا بووە،
غەیری بۆ تۆ و بۆ خوانەبێ،
ئەی نیشتمان
کڕنۆشم، قەت نەبردووە !
••
چۆن قەڵەمی من بسرەوێ؟
تا شێعری من بە خەبەرە،
دوژمن خەوی لێ ناکەوێ !
••
ئەگەر گەڵایەك هەڵوەرێ
دڵی شێعرم دادەخورپێ





ئەگەر گوڵێک پەڕ پەڕ ببێ
چاوم تانەی بە سەر دادێ!
هاوار هاوار
لێرە دار ... نا
دارستانیان شەق و شڕ کرد
لێرە گوڵ نا
لێرە گوڵستانیان قڕ کرد.
لێرە لە شاری هەڵەبجە،
هەر کوردێک نا
تۆی کوردیان قڵت و بڕ کردا!
بۆیە دەگریم!
بۆیە دڵی ساوای شێعرم،
دادە خورپێ !
بۆیە تا دێ،
لێوی ڕقی خۆم دەکرۆژم
چاوم تانەی بە سەر دا دێ !
••
ساڵەهایە،
سەرم وێڵی گوشیەکە و
دڵم بە شوێن،
خەنجەرێکا ئەخولێتەوە !
دەی خەنجەرەکانتان تیژ کەن !
گوشەکانتان ،حەواڵەی سەری وێڵم کەن
باش بزانن، تا بمێنم؛
نەخشەکانتان پووچەڵ دەکەم
خەونەکانتان دەگەچڵێنم !

••
بۆ هەر لایەک چاو دەگێڕم،
دۆستێکی یەک ڕەنگ نابینم !
یا من چاویلکەم قەترانین،
یا بەر لەمن،
گێژەڵووکەی هەڕە شەیەک،
ئەم هەوارەی شێواندووە !
••
ساڵەهایە، لە کوردستان،
چەک بۆ جوانی ناکرێتە شان !
••
ڕۆژگارێکە،
بێشکەکانمان پێناکەنن !
ئاواتەکانمان هەڵنافڕن !
وە تەلیسمی ترسی مەرگ
بەتاڵ نابێ !
••
خەنجەرێکم،
لە ناو بڕبڕەی پشت دایە،
کە ئێشی ئەو،
هەتا مۆخی نێو هێسکانم
چۆتە خوارێ !
بە ئازارتر ئەو دەردەیە،
هەموو جارێ؛
دێتە یادم کە ئەو زامە،
دیاری یەکە،





کە دەستی خۆم پێی بەخشیوم !
••
ئاوارەی زێدەکەی خۆمم
پێشم وایە،
لە غوربەتا ئەخولێمەوە و
مەرگێکی سوور بۆتە هاوڕێم !
داخی دزێوی کۆیلەیی ،
بە ناو چاوانمەوە دیارە !
••
قەت ناچمەوە و چۆن دەچمەوە ،
بۆو مەڵبەندە ی ؛
ئاشناترین خەونە کانم،
لەوێ مردن!
سەوز ترین خەیاڵەکان،
لە وێ ژاکان !
بۆو مەڵبەندە ی؛
هەموو ئینسانێکیخوێری جێگای گومان
تەنانەت بۆ چەند ڕۆژێکیش،
دەتوانن ببنە قارەمان !
بۆو مەڵبەندەی؛
دوژمن تیر بارانی کردم،
وە دۆستانیش،
تیری خەڵاسیان پێوەنام !
••
ئەم وڵاتە، بێ ئازادی؛
وەکوو سنگی بە بێ دڵ و

وەکوو زاری بە بێ زمان و
وەکوو چەکی بێ گوڵگە !
••
لەم وڵاتە ؛
عومری شادی کەم دەوامە و
خەم زۆر دەژی !
••
ناحەزانم تۆوی کینە دادەچێنن !
خاکەکەی من بە بڕشتە؛
یەک و حەفتا زیاتر ئەبڕێ !
بۆ ناترسن؛ ڕۆژێک دابێ،
وەرزی دروێنەی نەفرەتمان،
بگاتە جێ !؟
••
بەرزترین شێعرەکانم،
مۆمی ژینی شاعیریمن
گڕ بەر ئەدەم لە هەناویان،
لە پێناوی نیشتمان دا !
وەک چۆن،
هەڵەبجەی شەهیدیش،
وەک مۆم سووتا،
لە پێناوی کوردستان دا !
••
شەو نیە خەونی تۆ نەبینم !
ئاخر وێنەی بەر لەخەو و
هەوەڵ یادی بەخەبەریم





تەنیا هەر تۆی !
••
کە لێم دووری،
قەناری خەمگینی دڵم،
دەنگی نایە !
شنە کپە و
شادی لە ناو شێعرەکانما
ناکا کایە !
••
کە دێیە لام ؛
فریشتەکان هەڵدەپەڕن !
خۆر دێتە دەر
سازی بێدەنگی ماڵەکەم
وەئاهەنگ دێ و من گۆرانی،
«فەسڵی بەهارە چاوەکەم ... »
دەڵێمەوە !
••
لەو کاتەوە تۆم ناسیوە،
ڕووی ئارامیم قەت نەدیوە !
••
مێژوو پڕە لە خوێنی من !
پەڕ بە پەڕی هەڵ دەنەوە،
چی ئەبینن ؟
نیشتمانێکی ئاوەدان ؟
یان ماڵێکی بێ ڕووناکی و
پیرە دایکێکی سەر سپی و

سێ چوار زڕ کوڕی لاساری،
کەللە شەقی بێ بەزەیی ؟
چی ئەبینن ؟!
••
بابزانن کۆڕی دۆستان
با تێم بگەن،
زلە ڕەش هێزی دوژمنان ؛
کە ڕۆژەکانی یەخسیری و
شەوەکانی ئەشکەنجە و ئێش،
وا بەرانبەرجەللادانم ڕاوەستاوم،
کە کەلیخان،
لە بەرانبەر باو و بۆران !
••
یەکە یەکە،
پەنجەکانیان هەڵوەراندم !
زمانیان بڕیم !
نەیان زانی شێعرەکانم،
بە تیژ نیگای پۆڵا سمم،
لە سەر دڵ و دیوار و بەرد،
هەڵدەکۆڵم !
نەیان زانی،
شێعرم مێژووی وڵاتێکە،
بە بێ لەمپەر؛
لە سەر زامی هەزار ساڵە،
دەینووسنەوە :گوللە و خەنجەر!
••





خۆشم دەوێی ؛
هەر چەند دەزانم لەم خاکە ؛
دڵدارانی تۆ نیشتمان،
ڕۆژێک گوڵباران ئەکرێن و
ڕۆژێکی تر ، بەردە باران !
••
ئەوە منم،
لە سەر کوژراوی خۆم ئەگریم !
لە وڵاتێ کە مەسیحی،
هە رگیز لە خاج ناکرێتەوەو
بەهاری وەک ئەفسانەیە و
سەربەخۆیی بەهانەیە!
••
چۆن بەهارمان هەڵناپڕووکێ !؟
چۆن شەوەزەنگ،
شەوگارمان ناکا بە قەقنەس ؟
لەم وڵاتە؛
چەقۆ ، دەستەکەی خۆی دەبڕێ !
ئازادی،
وەک کوندێکی شووم،
مەرگ بە دیاری دەهێنێ،
بەرەو هەر لایەک هەڵدەفڕێ !
••
لێرە ژیان،
مانای زیندان و قەفەسە !
لێرە ئەوین،

چوارچێوەی نوێنی هەوەسە !
لێرە قەڵەم،
زنجیرێکی لە مل دایە و
لە سەر لێوان، قامکی شادە
هاواری؛
وسکووت و بەسە !
••
لێرە لاوان،
دەبنە ئاوردووی ئاوری،
نەزانین و کەمتر خەمی !
لێرە تاوان  یاسای باوە،
لە چوار لاوە، داسە پاوە !
••
من عومرێکە؛
زامەکان بە میرات دەگرم !
من عومرێکە؛
پێکەنینی منالّی کورد
وەردەگێرمە،
سەر زمانی خەڵکی جیهان !
••
تۆوی ئەم عەشق و نەفرەتە،
دەگەڵ شیر دا مژیومانە و
دەگەڵ گیانیش دەچێتە دەر!
••
یاساغە یاساغە یاساغ؛
ئەوین، نووسین،





بیرکردنەوە !
لە وڵاتێ،
کە چوار وەرزی ساڵی شەوە !
••
وا هەڵوەدای،
وشکارۆی چارەنووس بووین ؛
کە کانیاوێکی تێکۆشان،
لە ئەفسانە و خەیاڵ دەچێ !
••
ئەی نیشتمان،
لە سەرسنگت گوڵە و خەنجەر،
لە سەر سەرت سێدارەیە !
ژێر پێت مین و
چوار دەورەشت  ؛
مەرگ و نەمان، لە بۆسە دان !
••
چۆن بت دوێنم ؟
چۆن بێم بۆ لات ؟
لە قاچەکانم پێوەند و
لە دەستەکانم کەلەبچە و
لە ناو دەمما،
نارنجۆکێکی بێ زامن !
چۆن، بێم بۆ لات ؟
••
لێم ناپرسی لەکوێوەدێم ؟
لێم ناپرسی من چیم ؟ من کێم ؟

باش دەزانم،
بۆنی غەریبیم لێ دەکەی !
ڕەنگم ئاشنا نیە بە چاو،
دەنگم ، ڕەنگ دانەوەی خەمە !
دەفتەری شێعرەکانیشم،
هێلانەی دەرد و ماتەمە !
••
پێت بڵێم کێم ؟
کۆیلەیەکی وڵاتی گڕ !
جامانەیەکی خوێناوی !
هەناسەیەکی سارد و سڕ !
لە کوێوە دێم ؟
لە دارستانی خۆڵەمێش !
لە زێدی مەرگ و دەرد و ئێش !
لەو مەڵبەندەی،
کانگای هەست و بیر و هۆشە !
لەو وڵاتەی کە دایکانی،
بە ناوی کوردستانەوە،
مەمک دەنێنە،
سەر دەمی جگەر گۆشە !
••
گەلێ شەوان خەو ئەبینم !
خەونی من و
باوک و باپیرانم یەک نین!
باوەگەورەم
خەونی دێو و درنجی دەدی و





باوکم خەونی،
نێرگزە کانی ژێرخاک و
منیش ، هەر خەونی کازیوە!
••
باوکم ئەڵێ:
لەسەر چەقی هیچ ڕێگایەک پاڵ مەکەوە
باخەونی هاڵۆز نەبینی!
دایکم دەڵێ:
خەون ،ئاوێنەی ئاواتی
بێ دەسەڵاتی ئینسانە!
فەقیر خەون بە سامان و
برسی نان و
نەخۆش ساغی و
عاشق یار و
دیل،خەونە کانی ئازادین!
••
درەنگ درەنگ عاشق دەبم !
کە عاشق بووم؛
ئاسمان شین تر دێتە بەر چاو،
ڕووبارەکان،
بە خوڕڕەم تر دێنە قسە و
هەڵاڵەکان،
زۆر ڕەوان تر دەبنە هەڵبەست !
••
ئێرە کوێ یە؟
وەکوو دونیای

بووکە شووشەی ناوکارتۆنە و
وەکوو دونیای
خەیاڵاوی شێعری«هێمن »!
وەک دونیای خەو !
••
ئێرە وڵاتەکەی منە؛
خۆشترین شوێنی دونیایە !
پێشینیان پێیان وایە؛
لێرە بەهار زۆر درەنگ دێ،
یان هەر نایە !
••
من لە وڵاتی خەزان و
کوێستانی قین و نەفرەت و
پێدەشتەکانی بێزاری، بۆتان دەلێم
لەو مەڵبەندەی لە پرێکا،
هێندەی فوو لە چایەک دەکەی
زەماوەند ئەبێ بە پرسە و
قاقا دەبێتە گریان و
ژیان دەبێ بە مردن و
چۆپی دەبێ بە چەمەرو
ڕۆژ دەبێتە تاریکایی و
شەونەم دەبێ بە شۆکەران!
••
توانای پەروازم نەماوە !
بەڵام فڕین وانەیەکە،
هەموو ڕۆژێ دەیڵێمەوە!





قوتابییەکانی فڕندەم
پێیان سەیرە
بۆ مامۆستایان نافڕێ؟
ئەوان شەیدای هەڵفڕینن!
دڵ پڕ لە عەشق و ئەوینن
چوون بە چاوی خۆشەویستی
لێم دەڕوانن؛
باڵی پێکراو وبرینی
دڵ و گیانی من نابینن!
••
من نازانم لە کوێ دەمرم ؟!
نازانم کەی،
ئەجە ل ئەدا لە دەرگاکەم ؟!
نازانم چۆن ؟
بە کام شێوە ؟
بەرە و ڕووی مەرگی خۆم دەبم !
نازانم ؟ ...نا!

بە ڵام لێم ڕوونە ئەو کاتەش؛
لە سەرمایە،
سەودای عەشقی نیشتمانم
لە دڵمایە،
خۆشەویستی کوردستانم !
••
کێ بوو وتی :
شاعیر تەنیا هەر دەتوانێ،

ئەسپی هۆنراوەکەی تاودا و ...
بە پێدەشتی خەیاڵی دا تەقڵە بکات؟

ئەوەتا من؛
سواری ئەسپی خوێنی خۆمم،
بە گۆڕەپانی مەرگ دا دێم و دەچم!

ئەوە سترانی برینمە؛
خۆی بە گوێچکەی
هەموو چەقۆیەک دا دەکا !
ئەوە دڵی گڕ گرتوومە،
بۆ ساتێکیش ئارام نابێ و
هەرا دەکات !
••
بەلای چۆڵگەی غەریبیما،
گوزەر مەکەن!
ئێرە پڕە،
لەئێسک و پروسکی زۆر نازدار
وشیار نەبن کەللە سەرێ،
ئێسقانی بازوو و مەچەکێ
قوڵکەی چاوو چەنەگەیێ،
پێشێل دەکەن !
••
بەلای چۆڵگەی غەریبیما
گوزەر مەکەن!
ئێرە پڕە؛





لەچاو ڕەش وگەردەن کێل و
لەش ناسک و لێوبە خەندە!
ئاگانەبن،
نێرەوە عەشقێکی تووش و
پێدەشتێکی ڕەمز و ڕاز و
مەڵۆیەکی سرتە و چپە و
مەشتێ نیگا و
کۆگایەکی غەمزەو ناز و
خەرمان لۆخێ خۆشەویستی
پێشێل دەکەن !
••
ئێستاش هاوار و سروودی
نەتەوەی نوێی هەڵەبجە هەر ئازادیە:
ئەی ئازادی !
بووکی هیوای گەلەکەم تۆی !
خەڵکی دەڵێن:
گەر وڵاتێك،
شاباشی خوێنت بۆ نەکا،
لەوێ دەڕۆی !
ئەی لە بەرچی،
لە گەڵ وڵاتی من نامۆی ؟!

لەم وڵاتە ، خۆ رۆژ نیە
سەرداریکمان نەچتە سەر دار
خۆ ساڵ نیە؛
تەختنەکرێن،

چەندگوندو شار!
لێره؛
هەر زامی گوشیه
رۆژی سەد جار دەکولێتەوه
لێره، هەر بارانەی خوێنه
نەخشەکانمان دەسڕێتەوه !

وەک چۆن دایک
به کۆرپەوه حەساوەیه،
وەک چۆن بەهار
به گوڵەوه ڕازاوەیه،
وەک چۆن جیهان
له ئاشتیا
دەبێته جێی خۆشی وشادی،
کوردستانی جوانی منیش؛
دڵگیرتره به ئازادی
شیرین تره به ئازادی!







کاوەی شێخ سەلام

من ناوم کاوەی شێخ سەلام لەدایکبووی ١٩٦٦ سلێمانیم لەساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیم کردووه به ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان قۆناغی ناوەندیم له خوێندن تەواو کردوه خێزاندارم و ٣ منداڵم هەیه.

## ئومێد

داگیرکەران بێبەزەیین

هەرکە دێن و هێرش دێنن

هەرچی بۆنی کوردی لێبێ ......دەیسوتێنن

ئێستاش دەنگی پیری موغان

کەلە قەڵاکەی بارزانە

هەر دێتەوە گوێم کەدەیفەرموو

تەنیا شاخەکان دۆستمانە

ئیستا ترس لای ئەم گەلە خێر نەدیوە

وەک رابردوو ...... وەک زڕە خەو تێپەڕیوە

هیوام زۆرە ئەم جارەیان بۆ هەرلایەک

وەک تۆڵەیەک هێرش بەرم

سەربەخۆیی وەک تاجی ژین

چریسکەی بێ لەسەر سەرم







## پێناسەی نیشتمان

پێشمەرگەیەک چاو لە سێرە

ڕۆحی خۆی کرد بە هەورێک و

بوو بە زریان......

بۆ لولدانی جەستەی ڕەشی

داگیرکەران

،،،،،،،،،،،

کچێک لەسەر داڕشتنی پۆستەرەکەی

چووە زیندان

کچێنی کرد بە تابلۆیەک

بۆ گەلەری پڕ تابلۆی ڕەشی نیشتیمان

،،،،،،،،،،،،

مناڵێکی ئەو گەرمیان و بادینان وهەڵەبجەیە

تینوی قەپاڵێکی سێو بوو

هێندە بۆن سێوی هەڵمژی

تا بۆ ئەبەد

لەگەڵ ڕۆحی لێکترازان

،،،،،،،،،،،

پیرەمێردێک

باوکی شەهیدێکی وڵات

بۆسۆراغی خوێن دەگەڕا

لە بیابان

بەناو لمدا چوە خوارێ و نەهاتەوە

بۆسەر شانۆی تاڵی ژیان

،،،،،،،،،،،،

حازرخۆرێک پێدەکەنی

بە خوێن بەلم بە سیانید

بە ئابروی تکاوی زیندان

بەچوار پارچەی داگیر کراو  بە کوردستان





کاوەی شێخ سەلام

**وڵات**

بیست و حەوت سەدەی تەواوە

وڵاتی من بێ ئاڵایە

نەتەوەی من

نوقمی فرە کوێخاییە

بێ پاشایە

لەزیندانی ژێر دەستیدا

ئێسکی خۆم دەکرۆشت لەبرسان

جەلادەکان

پاسەوانی زیندانەکەم

لێم تۆقیبوون...لێم دەترسان

نەیانتوانی خۆم لەبیر خۆم ببەنەوە

جارێک عەرەب

جارێک عەجەم

کۆتی دینیان کردە دەستم

جارێک ئایدیای مارکسی

کرا بە کلۆمی هەستم

وڵاتی من

وەک باخێکی بی پەرژین بوو

بێ حەسار و بێ پاسەوان

نەتەوی من

کەمێک یاخی و کەمێک دیل و

هەندێ جاسوس و دەرگەوان

ڕاپەڕینم بۆ ئەوە بوو

بەری ڕەنجی شەهیدانم کۆکەمەوە

چڵک و ژەنگی ژێر پۆستاڵی داگیرکەران

بشۆمەوە

لەو کاتەدا جەمکەکان و پایەکان و

دیواری بیری خەباتم





ژێر پی نرا

یەکەم چەمک ئازادی بوو

تێیهەڵدرا

دوهەم چەمک

خوێن و خەباتی گەلێکی

پڕتێکۆشان و گیانفیدا

ژێر پێ نرا

بە ڕیکخستن و زیندان و

شەهیدان و پیرۆزیەکان

وازی کرا

لەو کاتەوە نایەکسانی بەیەکسانی

دابەشکرا

لەو ساتەوە پێوەر نەما

پێشمەرگەو جاش

بون بەبرا

کاوەی شێخ سەلام

**لێم ببورن**

وشەکانم لە جگەرم دروست ئەبن

واتە بێشک ئەبێ ڕەش بن

لێم ببورن

ئەوەی گشت ژیانی شەو بێ

سەرگوزشتەی بۆ نەوەکەی

ئەبێ هەمووی تاڵە خەو بێ

لێم ببورن

پاشماوەی هەموو سوتانێک خۆڵەمێشە

ئەنجامی هەر تێکشکانێک

ژان و ئێشە

من لەتەمەنی ژیانما

دیلی و بەندی و کۆتکردن و

کۆچکردن و هەڵکەندن و





ئازاری سەختی بیماری و دردەداری و

شەو بێداری و

لولی و کرژی هەڵقرچان و

خوێنی بەجۆگە رژاو و

چنگە کرەی گیانکێشانم بەچاو دیوە

بەڵام هێشتا زێری هەستم نەڕزیوە

ئەم تابلۆ پڕ لە راستیانە

بەشی خۆمە لە ژیانا ... نەمکڕیوە

کاوەی شێخ سەلام سلێمانی ١٩٨٨



هیوا حەمرینی

من هیوا هیدایت علی ناسراو بە هیوا حەمرینی لە ساڵی ١٩٩٢ لە گەڕەکی کۆماری قەزای دووزخوورماتوو لە خێزانێکی کورد و نیشتمان پەروەر و جۆشدراوی خەبات و قوربانی لە ڕێگەی گەل و نەتەوەکەی هاتومەتە دنیاوە هەر لەو پێناوەشدا باوکم و چوار مام و باپیرەم کە دەکاتە باوکی ئەو پێنج شەهیدە هاتومەتە دونیاوە لە ساڵی ١٩٩٦ یەکەم هونراوەم بە ناوی(بڕوام نەبوو) نووسیوە لەچەند کۆڕێکی جیاواز بە هونراوە بەشداربووم جگە لە بواری شیعر توانایەکی باشی دەنگ خۆشی و ئاوازداناني گۆرانیم هەیە و لە چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنی وەک کەناڵی ئاسمانی کوردسات و زاگرۆس تیڤی بە گۆرانی بەشداربووم جگە لە کەناڵی کەرکوک کۆنسێرتی تایبەتیم بۆ کرا و بۆ پێنج لە گۆرانیەکانی هونەرمەندی مەزن مامۆستا عەلی مەردان بەڵام لەبەر نەبوونی توانای مادی تا ئێستا نەمتوانیوە نە نامێلکەیەی شیعری و نە گۆرانییەک تۆمار بکەم بۆ بڵاوکردنەوە لە گەڵ ئەوەش هەمیشە لەناو ئومێد و هیوادا ژیاوم و دەژیم چونکە ڕێگای کاروان چەندە دووربێت کە کۆڵت نەدا هەر دەگەیتە ئامانج.





هیوا حەمرینی

## گەڵاڕێزانی مەرگ و ڕابوون

خەوم بینی لە خەونمدا

چرنۆکی کارەساتێکی تاڵ

تراژیدیای خەمەکان

ئازارم ئەدەن و لەگەڵ خۆیانا

بۆ دەشتەکانی گەرمیانی ئەنفالم ئەبا و

بە دیداری خەمە بێناز کەوتوەکان و

ڕۆحیانە تەسبیەکانم ئاشنا ئەکەن و

کراسی دڕاوی ئالوسکاوی دڕك و داڵم دێننە بەرچاو

لەگەڵ خاکێکی بێزراو وخابوور

لەگەڵ خۆری دزراوی ئاسمانی بەخت

بە هەوری ڕەش داگرتووم ئەناسێنن

بەری خەون واپیم ئەڵێ

بیان بینە - بیان دوێنە

منیش وائێستا لە میحرابی پەرستگای
بێشکەی منداڵێکی گڕتێبەربووی بێتاواندام
کە بووە بە خۆڵەمێشی ژێرسمی ئەسپی
تاوانی جەندرمەکان
زەنگی زیکەی هە ژاران و
لاوی بە زیندو نێژراوو
دویتی بە کەزی هەڵواسراوو
دایکی جگەر سووتاوو
باوکی کەسەربارم دەبینی
هەردوو گوێیان زریکاندمەوە
هەواڵی نائومێد بوونیان بۆ ئەهێنام
لەخەونمدا
ووشکە بایەکی سامناك هەڵی کردوو
کێڵگە و گوڵ و چرۆ تازەکانی وێرانەکرد
دەشم بینی





کاسەلیسە سەرشۆر و بەتکراوەکان
چون بروین کردنی ئەستێرە درەوشاوەکانیان
بە بڕیاری ئاغاکانیان ئەنجام دەدا
دەشم بینی کەوال کەوال
گوڵە سوورەکانیان لە خاکی کێو هەڵدەکەند و
بە دەستی خۆیان بژاریان دەکردن
بەوەی نێرەکانیان بە نووسکە دەزانی و
نەوەک ئازاری گوڵەکان بدەن
کەچی خۆشیان ئابروویان بەدەم با ئەداو
پاشان خاتیمەیان پێ ئەکردن
لەو کاتەدا بۆن کروزاوییەکان هەستیان ئەجولاندم
چی تەماشام ئەکرد لێم نامۆ نەبوون و
بۆنی جەرگی دایکی نیشتیمانە
لەو خەونەمدا و لەو دەمەدا
گوێم بە دەنگی هاواری منداڵێکی

پاشکۆی دەسکەوتەکان زرنگایەوە کە دیمی

پەلاماری دام و باوەشی پێداکردم

بەدەم گریان و ناڵەوە پاڕایەوە

وتی خاڵۆ خاڵۆ توخوا مەمکوژە بێتاوانم

منیش ئاغوشم بۆ کردەوە و

گۆنای تەڕبووی بە فرمێسك داچۆڕاوی

سەر لێوەکانیم بۆ سڕی و هێمن کردەوە

وتم ڕۆڵە گیان مەگری و مەترسە

ئاغوشی من بۆ لە ئامێز کردنی دەیان ڕۆڵەی

فرمێسك لە چاوی وەک تۆیە

وتی خاڵو ئەمە چ ڕۆژێکە و کێ وایکردوە سومگەی چیە ؟

بە وڵامی ئاهو کەساسی ووتم ڕۆڵە گیان

ئەم ڕۆژە ڕۆژی گەڵاوەرینی مەرگ و

کۆری شینی ئێمە و زەماوەندی ئەوانە

لەو خەونەمدا





یەخەیان گرتم و لە بنارەوە ڕاپێچیان کردم بۆلای مرۆڤە مولدراوەکان

لە وێش پیاوانی بو بوول مردوو

خەڵکیان ئەکردە خۆراکی ئەژدیها گەورەکە و

ئەویشیان بە چالاکی و ئەمەکداری ناوزەد دەکرد و پیی باغردە بوون

ئای چ خەونێک بوو کە من بینیم ؟

خۆمانم وەک رووبارێکی ووشك و باریك دەهاتە پێش چاو

کەچی لەپڕ لافاوێکی زۆر ترسناك دایگرتین و بە جارێ ڕاپێچی کردین

خۆمانم وەک پەڵە هەوری باوەشگرتوو بە ئاسماندا دەبینی

کەچی لە پڕ ووشکە بایەکی زۆر ترسناك هەڵی کردوو

کۆمەڵ کۆمەڵ بە دوای یەکدا بردمانیان بۆ شوێنی نادیار

هەر لەوێش جواناویان پێ ئەڕشتین

ئەو دەمەی کە بردمانیان

لەخەونمدا شەوبوو و شەمزاو بوو بووین

چووینە بیروونیکی ووشکی ڕەقی خەم داگرتوو

بە تیلووی شتە وون بووەکان لە بەر ڕووناکی دیدەکان

وەک ئێمە بێتاوان

ئەوەندەش ووشك

قومە ئاوێکی نە دەبەخشیە کەرووە تینووەکانمان

ماڵە لماوییەکان ئامێزیان بوجەندەکەکان کردوە

هەردەم بیلیش چاوەڕوانی بڕیاری دەست و

گڵ و لمیش چاوەڕوانی بڕیاری بیل بوون

بۆ پۆشینی جەندەکە بێنازەکان بەدەست ئاڵوودەکان

ئەوانەی ئاوەدانیان کردبوو بە کاولاش و بە تیشەکانی دەستیان

گۆشت و خوێنیان تێکەڵ ئەکرد

گیانە پەپوولەیەکانیان بۆ بەر بەرەبەری ئەکرد

ئەو دەمە هەر لە خەونمدا

دەیان بردین بۆ لای پۆستاڵی پێی شۆڤینیستەکان و

دەیانخستینە بەردەم گولەی کوێر و زنجیری بەندکراوی بێ تاوان





خورشیدیان لێ ئەکردین بە تاریکستان

هەر لەو خەونەمدا دەمبینی

دنیا وەک خەرمانی ناو مەجمەر ئەسوتێنراو

بە بێژنگی پڕ لە تاوان ئەیان بێژا

ئەو دەمە بەهارێکی سەووز بوو

بەڵام دیوەکانی دارالسلام گڕیان دایە دار و بەردوو

قرچەیان خستە گیزنەی بەهار و

دووکەڵیشی ئاسمانی تەماوی کردو

موورغەکانیان لە شەقەی باڵ خست و

خانمەلی بەرەکانی هەڵوەری و

کازیوە شەو با پوشی

بۆیە ئەم مێژووە بە دیدە و

ئە وان کاویان بی دیتەدی

بە دیدە کەخەلتە و درندەکان

ماڵیان بە تاڵان و ئابرویان بە دەم با ئەداو

ڕوحیانەتیشیان بە گڵ دەسپارد

وەکو کوشە قینیان بی دەکردن

بەری خەونم ووتي:

ملوانکەی ئەم مەرگە ساتە تەنیا لە گەردنی گەرمەسیرنە ئالابوو

بەڵکو خەزانی هەڵوەرینی گەڵای درەختی

عیشق و زیان و زوان و ڕوح بوو

لە گەرمەسیرو کوێستان و بادینانی وڵاتی بەفر و دار بەرودا

لە بەهارێکی ئەم زەمەنە بێ ئەمەکەدا بەرامبەر بە کورد

بەڵام کەسێک نەبوو ئەم تاوانە هەستی بجوڵێنێ

لە بەختی ڕەشی بێ تاوانەکان

سۆمای تەماشا نابیناو

کویکان پرلە قال بوون

بەڵام هەی هات هەی هات

کەی شەوەزەنگی جەورو ستەم توانیویەتی

تەنیا تروسکەی مۆمێکیش خامۆش بکات ؟





ئەی چۆن دەتوانی چۆن؟

دەنگی نەعرەتەی خەباتی میلەتێک کپ بکاتەوە

بۆیە رەورەوەی ڕۆژگار جوڵاو

گیانی تۆڵە بوژایەوە

تاساڵ گەیشتە رابوون و

دەروازە بوورکانی ڕقێکی پیرۆزی لێ هەڵساو

ڕەزا تاڵەکانی مەرگ و سێدارەی

بەرەو تاونی مەرگ و شەرمەزاری ڕاپێچ کرد



کامران شافعی

ناوم کامران شافعی لە ئەوەڵ مانگی پاییزی ساڵی١٩٦٤لە شاری سەردەشت لە دایکبووم، هەرلەو شارە تا دیپلوم دەرسم خوێندوە. دوایی کۆچی باوکم بە ناچاری ملم لە بەر کار و کاسبی ناوە بۆ بژێوی خوشك و براکانم و دایکم، چۆن من کوڕی گەورەی ماڵەوە بووم و سەرپەرشتی ٩ نەفەر لە سەر شانی من بووە، زیاتر مەجالی خوێندنم نەبوە، بەڵام خوێندنەوەم هەر کردووە، شێعرم پێخۆش بوە، هێندەم دەرد و ژانی گەلەکەم دیوە و شەوانی دوور و درێژ بۆ چەرمەسەری و کڵۆڵی خۆمان گریاوم، جار جارە هێناومنە سەر پەرو کاغەز و نوسینمەوە، دەنا قەت خۆم پێ شاعیر نەبوە، لە باتی شێعر من زیاتر بە قسەی دڵی خۆمیان دەزانم.





کامران شافعی

**لایە لایە**

بێدەنگ،

بێدەنگ تکایە

تکایە ئەم شەو بێ دەنگ بن

گوێ ڕاگرن بۆ لایە لایەی ئەمشەوم

لە لانک دا

تەنیایی خۆم ڕادەژێنم

غەریبی خۆم لە خەو دەکەم

بێکەسیشم

لە جۆلانەدا دەنوێنم

چراکانتان بکوژێننەوە و

گوێم بۆ ڕاگرن

مەنوون جارێ

هەتا ئەوان دەخەوێنم!

کامران شافعی

**ئەنفال**

گریانی چەند ئاوەدانی

سینگ کوتانی دایکان

فرمێسکی منالأن

نزای پیرە پیاوان

جووتێک پێلاو

جامانەیەک

کەواو پانتۆلێکی دڕاو

لە قولکێک دا

نێژراو

هێندێک ئێسک و پروسکی

ژێر خاک

دەیان هەزارکوردی ون کراو





گۆڕی بە کۆمەڵی ئینسان

کوردستانێکی تازیە بار

پێمان دەڵێن

ئەنفال کراو

کامران شافعی

**بەهار هاتۆتەسەردانت هەڵەبجە**

**هەڵەبجە!**

گلەیی لە بەهار نەکەی

تووڕە نەبی لە هاتنی

لە بەر دەرگات چاوەڕوانە ئیزنی بدەی

بێتە ژووری

هەر جار نا جاریَ سەرێک دێنیَ

لێت دەڕوانیَ

بە پڕ بە چاوی تەڕەوە دەچتەوە دەر

دەلیَ هاتووم

زستانم لێرە ڕەتاندوە

چی تر

منداڵانت هەڵنەلەرزن لە بەر سەرما

دەڵیَ گوڵم پێیە بۆ تۆ





لە باتی گاز بۆنی لێکەی

هاتوە بارانی هێناوە

بۆ گەرووی وشکی ئەو شارە

ئیزنی دەدەی سەردانت کات؟

کامران شافعی

**ئامێزێک بۆ حەسانەوەی شەهید**

شەهید نیە خۆشم نەوێ

کڕنۆش نەبەم بۆ کێڵەکەی

بەڵام زامی ئەو دووخۆشکە خنکێندراوە

سەردەشت و هەڵەبجەکەم

زۆر بە ژانن

قەت ناتوانم لە بیریان کەم

بۆ سووکنایی دڵیشم بێت

داوێنی پاکی ئەو دووانە

بۆ حەسانەوەی

گشت شەهیدێ

دەکەم بە لانک

کۆشیان دەکەم بە کۆشی

دایک





بۆ هەموویان

تا

لەلە باوەشی خۆیان بگرن

رایان ژێنن

بۆ گەورە بوون

کامران شافعی

**بۆ ئەو جوتە دەستە خوشکە سەردەشت و هەڵەبجە**

ئازیزەکەم

من سۆراخی خۆشەویستی تۆ لە کێ بپرسم؟

بە بای دەڵێم دەلولێنێ

بە خۆرم گوت

پرچی زێڕینی دا هێشتنە خوار

زەرد هەڵگەڕا

سەری داخست

خۆی لە پەنای هەور دا حەشار

پاییز شەرم دای گرت،

گریا

بەهار گووتی نایەم بە خوا

دایکم زانی

من ناتوانم واز لە خۆشەویستی خاک بێنم





دەگەڵ ئەوەی تووکی دەکرد لە سەبەبکار

مێخەک بەندی بەر سیخمەکەی دایە دەستم

تا کو بینێرم بۆ لای تۆ

هەڵواسی بە ملی شار

کامران شافعی

**لە گەڵ تۆ دام سەردەشت**

خوێنی تۆیە لە دەمارەکانم دا دێت و دەڕوا،

برینی تۆیە لە دڵمدا لێرە پێمە.

گوێم لە هانکە هانکی

ڕۆژمێرە

سەری دڵم خڕ خڕ بوە

بۆ برینێکی قووڵی مێژو

گریان ئەوکی توند لی گرتووم

بڕ بڕەی پشتم

بڵۆقێکی گەورەی تێکەوتوە

دەست لە سەر هەر شوێنێکی ئەو نیشتیمانە دا دەنێم

دەقیژێنێ

هاوار دەکات برینی دەکولێنەوە

دارستانیش هەمو قژی خۆی





دەرهێنان،تازیەبارە

هۆشم بە خۆمەوە نیە

سەرم گێژە و خولان دەدەم

نە چاوم هیچ شتێ دەبینێ

نە هەناسەم دێتە دەرێ

نە هاوارێکم بۆ دەکرێ

کەسێکیش لێرە من شک نابەم

دەستم بگرێ بمباتەوە

بە سەردەشتم شاد کاتەوە




جزا شێخانی

من ناوم (جەزاعوسمان سالْح)ە
لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٩م
بە(جەزا شێخانی) ناسراوم
دانیشتووی شاری چەمچەماڵم
دەرچووی بەشی کوردیم زانکۆی سلێمانی





جزا شێخانی

## ١٦/ ٣ هەڵەبجە

بەیانی بوو دونیا سەوز بوو

سەدەها گوڵ تازە خونچەیان کردبوو

بەهارێکی ڕەنگا و ڕەنگیش

سروشتی جوانتر کردبوو

لەپڕێکا تەمی سپی

ئاسمانی شاری داپۆشی

شارێک بوو بە مەرگەسات و

وڵاتێکیش لە بێدەنگی

دەیان باوک ڕوحی پاکی

لەپێناوڕۆڵەکەی بەخشی

نمونەی عومەری خاوەرو و

هەزارای تر تاڵی ئەو ڕۆژەیان نۆشی

منداڵێکی تازە برسی لێوی وشک هەڵگەڕابوو

گریان ناخی هەژاندبوو

زۆردەگریا بۆ قومێ شیر

کەچی دایکی لەدەست چووبوو

بەهەنیسک و گریانەوە

چاوەکانی تەواو سور بوو

هێندە گریا لێوەکانی

بەفرمێسکی چاوی تەڕبوو

بەڵام مەرگ مەودای نەدا

هەر ئەو نەبووسەدەهای تر

بۆنی سێوێکیان کردبوو

هەڵەبجەکەم

باش بزانە

تۆخاکی ئەم نیشتیمانەی

تۆ دەستە خوشکی

هێرۆشیما و ناکازاکیت





تۆ کوردت بەجیهان ناساند

ڕوحی پێنج هەزار بێ تاوان

لە بۆنی سێوێکدا خنکان



ساده بەرزنجی

ساده صدیق محمد

لەدایك بووی:٢٠-١٢-١٩٨٩

شوێنی نیشتەجێبوون:هەولێر / پیشە: دەرچووی زانکۆ





ساده بەرزنجی

## زوڵم و زۆرداری

بەسە هەتاکەی زوڵم و زۆرداری
بەرامبەر ئێمەی میللەت دا بکرێ
ڕۆژێك ئەنفال و ڕۆژێك زیندانی
ڕۆژێك کوشتن و ڕۆژێك قوربانی
جەرگی هیچ دایکێك نابینی
بۆ ڕۆڵەکەی نەسوتابێ
بەسە با ئێمەش وەکو میللەتان
دووربین لە کۆت و لە قوربانییان
بەسە هەتاکەی زوڵم و زۆرداری
بەرۆکمان بگرێت لەناومان بەرێت



سەلاح قابیل

سەلاح قابیل ڕەشید. ناسراو بە سەلاح قابیل گەرمیانی لە دێی یەنگیجەی سەر بەقەزای داقووقی سەر بە پارێزگای کەرکوك هاتووەتە دونیاوە. لەسەرەتای پرۆسەی ئازادی٢٠٠٣وە دەستی بەنووسین کردووە و خاوەنی سێ دیوانی شیعری چاپکراوە.





**سەلاح قابیل**

## هەڵەبجە ناتشارمەوە ...

**دیسان ڕاچەڵەکام لەم شەوی خەوا**

**کەزۆر تامەزرۆ خەوتم**

**بەهارێك ساڵانە هاوار دەکا**

**نەبەزمە و نە ڕەزمە و**

**نە دڵدانەوەی نەورۆز**

**شینە شوومە کزەیە دەیناسم**

**بەڵێ دەیناسم هەڵەبجەیە**

**لە ٨٨ وە ١٦ ی ٣ یە**

**ڕاچەڵکام دیسان**

**کۆڵی خەمەکان بەسەر کەمەوە**

**چیبکەم کەناتوانم**

**نەزیفی ئەم زامەم بۆ ناوەستێ**

**لەترسی خواردنی سێوێك ڕائەکەم و**

**لەهەموو تەم و هەورێك**

**هەڵدێم و خۆم ئەشارمەوە .**

**ئاخر**

**کێ وەك ئێوە**

**قوڵترین بۆنی ئەم نیشتیمانەی هەڵکێشا و**

گەرمترین باوەشی بەخاکا کرد و

فریا نەکەوت بڵێ ماڵ ئاوا

بەفرمێسکێکی قەتیسەوە جێتان هێشتین

ئاخر

چی ساوێلکەیەک وەک ئێوە

لەمەمکی دایکی بەگومان بوو

شیرە ئەیمژێ یاخوود کیمیا

چی باوکێک (عومەری خاوەر )نەبێ

روحی بەچەتری رۆڵەیەک ئەکا

تابیپارێزێ

کێ پێم نالێن کێ

گریانی منداڵێک بەدووی دایکیا ئەبینێ و

لەڕاکردنێکا دوو جار کەوتن

جەرگ بەردیش بێ هەر لەت لەت ئەبێ

بەکێ بڵێم کێ گوێ ئەگرێ

خۆ پرسەیەک نیە دوو هاودەم دڵم باتەوە

کەمن ژیر ئەکەنەوە

چۆن . پێم نالێن چۆن

هەڵەبجە ژیر کەمەوە





چی گریانێکە باوەڕی بەفرمێسک نەماوە و

چی ڕووداوێکە یادم ئەکاتەوە

لەکوێن بۆ نایەنەوە

ئەم خاکە ماچی پێتان کا

ئەم نیشتیمانە باوەشێکتان پیا کا

بۆ نایەنەوە لەگەڵ شەماڵی ئەم وەرزەدا

تا بەئۆخەیەوە هەناسەیەک هەڵمژین

چۆن .هۆ کوردینە چۆن

ئەم وەرزە بێ پەپولە لەبەهار ئەچێت

کە ڕەنگی گەلتان گوێزایەوە

ئیتر چۆن گوڵم چرۆ بگرێت.

جاک ئەزانم کە لەوێش پەپولەن

چیبکەم دڵم ئۆقرە ناگرێت .

بنون بنون لەو منزڵگایە

خواوەند ئاگادارتان بێت

جارجاریش بێن بەخەویا

هەڵەبجە سەبووری دێت




فاطمە ئەردەلان





فاطمە ئەردەلان

**ئەنفال**

لە تەنیشتی دەستفرۆشێکدا
راوەستام
بە شوێن نووسراوێک دەگەڕام
کە
خەونی وشەکانی، ئامێزی ژنێک بێت
و
بالنجی سینووری ئازادی
دەستفرۆش خەیاڵمی قرتاند
بە قوربان !
( لە کیست دەچێ ، ئەگەر ئەم کتێبە نەکڕی)
ئە نفال.....
چوومە ناو ناخی چاوی
لە خۆم پرسیارم کرد
ژن چە ند جار ئە نفال کرای؟
یەکەمین جار
فرۆکە تووڕەکان
لە بان شارەکەم
دەسووڕانەوە
ئەو کاتە زانیم کوردم!
لە ناو دەستم
دەستە کلیلێک بە جێ ...ما
جارێکی تر
چەند دێرم نووسا
بریا

شیعر بوو
شەو لە ماڵ دەرکرام
بابم دە ی زانی
من لە تاریکیدا دە ترسم
ئێستا
لە تامی ئەنفال!
چەند وشەی تاڵ دەناسم
دەستە کلیلێک و
تاریکی / ئە ردە لان







پوپەک فەڕوخی

## پوپەک فەڕوخی

وڵاتم بە سەد تەوەر ناوڕێت ڕێی گەردنی
دڵدار نامرێت بێ مافی خوراوم دڵ لە بۆ

گە رچی کچ و زایفەم ناوم هێشتا هەر عەیبە

تاکوو زاڵم بمێنێت قەڵەم ئوغر ناگرێت

یەکەم پاپای منالێم لە دێیەکی بچکۆلانە و جوان لە ئەرزنیا، داری تەمەنم لە گوزەرانی دەورانی ئومرپائیزو بەهاری زۆری لێ ڕۆیشتووە. گەر چی شاخ و بەرگم پەلی زوری پەرژاندووە بەڵام هێشتا زمانم هەر لە گرو گاڵە.. و باش ناتوانم بیرەوەری لایە لایەکانی منداڵیم لە دڵم بخەوێنم!

من کیژوڵەکەی دەشتی سەراو و کانیاوی شاری ڕوانسەرم، من پەلکە شورەکەی ناوچەی شیعر و چیرۆکی ئەورامانـاتم، من هەستە ناسکەکەی ئەویندارى شاری شیرین و فەرهادی کرماشانم، من پوپەکم، پەپووە هۆ هۆ کەرەکەی کوردستان.

ناووم پوپەک فەڕووخی لە دایکبووی ۱۳۵۹/٦/۲۰ هەتاوی

دانیشتووی گوندی حسین ئاوا لە شاری ڕوانسەر ئوستانی کرماشان.





کاردانی کامپیوتر ڕشتەی (فناوری اطلاعات)

ئێستا دانشجوی کارشناسی حسابداریم

زۆرتر لە١٠ساڵە من کاری نووسینم دەسپێکردووە وە یەکەم جار بە فارسی وە دوای ماوەیەکی زۆر کورت قەڵەمەکەم بە نووسینی کوردی هەڵ گەڕا..! خوم لە سەر دەستورو زمانی کوردی تێکۆشانم دەسپێکرد، هەر لە ماڵەوە کوردی نوسین فێر بووم.

تنیایەکەی من، وە هەست و ئیحساسی زۆرم هەر لە منداڵی بوو بە هۆی خولقاندن. وە حەسرەتی دۆست و هاوڕێک، هەمو کاتێک ئەزرەتی نووسین و وینەکێشانم هەبوو ! من لە بەر ئەوە کە لە ئاواییەکی زۆر بچکۆلە ئەژیام تەنها پێنج ماڵ بوین و جگە لە براو خوشکەکانی خۆم دۆست وهاوو دەمێکم نەبوو ساڵانی ئومرم بە داستان و ڕاستانی چیرۆکەکانی دایە گەورەم پڕ ئەبوو!

پێش لە نووسین هەر لە مناڵییەوە وێنەکێشانم پێ خۆش بوو، بەڵام لە بەر ئەوە کە ماڵمان لە ئاواییەکی بچوک بوو، لە شار دور بووین لە سەر کاری نقاشی تەقەلای زۆرم نەدەکرد. هەر جاروبار بۆ دڵی خۆم لە نێو دەفتەری نەقاشیەکانم ئامانج و هیواکانم بە ڕەنگی جوان ئەکێشا!..

لە ساڵی١٣٨٥یەکەم بەرهەمم کە شیعربوو بۆ منداڵان لە گەڵ نەقاشییەکانی خۆم بە نێوی (ئەی بووکەڵە دەم سوورەکەم) لە شاری کرماشان بە چاپ گەیشت.

دیسان له ساڵی ١٣٨٨ بەرهەمی دووەمم هەر بۆ منداڵان به زمانی کوردی چیرۆکێک بوو به نێوی(قالاوی مێوان دار)

دوای چـاپی ئەم دوو کتێـبه له سـاڵی ١٣٨٩ دیسـان خوێنـدنم دەسپێکردەوه ڕۆشتم بۆ زانکۆ!.

کاری نووسین لای من زۆرئاسایی بوو، گەر چی زمانی نووسینی کـوردیم له بەرهـۆی ژیـانی ئیجتمـاعیم و بـارودۆخی نـاوچەکەم ڕخنـەی زۆری تیـایه، بەڵام هەر نووسیمه و هەر دەنووسم. قەت چاپ کردنی کتێبی کوردی لێره ئاسان نییه، وه بۆ چاپی ئەم دووکتێـبه بچـوکه ڕەنجـی زۆرم کێشـاوه مـاوەیەک له نووسـین گەڕامەوه..! گەر چی دیسـان هیـوای گەورەم به چـاپ گەیانـدنی بەرهەمەکـانی تـرمه. وه خـزمەت به فەرهەنـگ و ئەدەبیـاتی گەلەکەم.

تۆ خۆری پێم ئەگەر ڕۆژ دەستم بگرێت و بڵێت

ئەگەر شەو دەس له گەردن کاو بڵێت پێم گەوهەری

کچی لادێ و مانگەنی ماشته له کۆڵم ئەمن

قەت خۆم به کورد ئەزانم نه خۆر و مانگ و پەری

پوپەک فەڕوخی





پوپەک فەڕوخی

شه رم ده که م له نوسینم

بارتەقای
بەرزی ئاسمان
چەپکه گوڵم نووسی!
بۆ دڵدارەکان
به درێژای
پەڵکه چنینی، چیرۆکی شەوانەی بووکله یه کم
ئەستیری گەشم نووسی!
کانی و روبارم
کرد به حەکەیاتی چاوەڕوانی و
هەزاران
ماچم له هەستی بزگەکانی
پشاند
هێشتا
بیانوویەکم نەدۆزییەوه
بۆ ئاشتیر
مەله تۆراوەکانی شاخی ئەو خەیاڵانه
هێشتا

بووکلە یە کم نەنووسی!
بۆ زاماری زامی ئەو هەتیوانە
هێشتا
روبارێکم روون نەکرد
لە ڕێگای ئەو چاوەڕوانانە
دەنوسم و
شەرم دەکەم لە نوسینم
لە شیعرم
لە چەپکە گوڵەکان
لە بووکلە کان
لە وشکی
کانی و روباری ئەم نوسینە!
کە وا چە شاعیریک ئە بیت گول بنوسیت و
نەتوانێت
لە شیعرێک گوڵاڵەیەک
بۆ هەڵەبجە
زیندو کاتەوە





پوپەک فەڕوخی

**ناسرینەوە نامرین**

سەدان ساڵە
دڵدارەکەیان لێمان کردوە
گۆرەپانی مین و جەهانم!
تا ناسنامەکەمان ئەنفال کەن
بەڵام نەیان توانی!
تا جینۆسایدی کوردم لە بیر بێت
تا کوردستان بێ خۆشی دڵدار بێ
شیعری من زیندووە
من هەر نامرێ!
تەرمی خۆم لە کۆڵ لا نابەم
جەستەمان گەر پڕ لە ئازار بێ
کوێستانمان بۆنی خوێنی لێ بێ
ژیانمان وەک وڵاتمان

لەدار بەن

لە خاج بەن

ناسڕێنەوە

لەت لەت بین

نامرین







**ئەمین حاجی زەڵمی**

**ناوی تەواو : ئەمین عبدالكريم حمه كريم**

**ناونیشان: باشوری کوردستان/ سلیمانی/ خورمال**

**ئاستی زانستی: دەرچوی پەیمانگای مەڵبەندی ماموستایان، بەشی کومپیوتەر.**

**پیشە: ماموستا، لە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید.**

**بواری ئەدەبی و هونەری و ڕاکەیاندن/ بەرێوەبەری تەلەفزیونی زیوا لە هەورامان سەرنوسەری ڕوژنامەی زیوا، بەرێوەبەری ماڵپەری (www.zheway.com) لە دایکبووی (١٩٧٦/٩/١١) گوندی زەڵمی ناوچەی هەورامان.**

**ئەمین حاجی زەڵمی**

**هەڵە بجە**

**کەمن دەگریم**
**فرمێسکەکانم**
**تێکەلاوی مەرەکەبی قەڵەمێ ناکرێن.**
**کەمن دەگریم...**
**شاهێدی لەم زەویە نیە..**
**ئاسمان شاهێدی برینداری**
**ڕۆحی خۆیەتی**
**کە کۆشی پڕ لە کیمایی دەکرێت و**
**بە هەزاران پەپوولەی کورد لەناو دەبرێ.**
**باڵندەیەك بەر لە پڕ بوونەوەی باڵی...**
**فڕەی مردنی ئەبەدی**
**بەسەر شاری مردوانەوە**
**بەشەقەی باڵی خۆی ،،دا**
**درەخت بەر لە باڵغ بوونی**
**بە فەقیانەی قەدی چڕۆ..**
**پۆشاکی زەماوەندی خۆی**
**بە ڕەژوو بۆ رازێنرایەوە..**





**گوڵەکان شەیتانی بوونی خۆیان بۆ ئینجانە ...**
**نەگێڕایەوە.**
**ئەو بەیانیە**
**خەیاڵی شاعیر فێ گرتی و..**
**لیکی شیعر**
**لە گەڵ بۆنی سێو دا**
**رژایە نێو کۆلانەکانی هەڵە بجە**
**بەلام ...**
**ئەوە شوشەی پەنجەرە سێ تاکیەکەی**
**چاوەروانی زاوایەك... بوو....**
**وەك دەستەگوڵە شازدە دانەکەی بوکەکەی**
**لە کۆلانی هەشتا و هەشتی..**
**مێژووی کوردا ..**
**لەگەڵ مەرگی پێخەسودا....**
**خرانە ئاتەشگەی زەردەشت ...**
**بەو نەورۆزە**
**سیاچەمانەی ئازادیان بۆ ڕا پەرینی کورد چراند.**



داستان بەرزان عومەر





داستان بەرزان عومەر

ساڵی لە دایکبوون: ١٩٨٧ - سلێمانی

دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەشی شانۆ/ لقی دەرهێنان ئێستا خوێندکاری کۆلێژی هونەر بەشی شانۆ/ زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر

ئەزموونی کارکردنم: لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە نووسینی (ئەدەب و هونەریی) لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕەکاندا بڵاودەکەمەوە، لەوانە (گۆڤاری هەنار، گۆڤاری ئایندە، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، گۆڤاری کۆنسێپت، گۆڤاری بیست و سێ، پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، هەفتەنامەی نسێ، ماڵپەڕی دەنگەکان، ماڵپەڕی چراکان، ماڵپەڕی ڕوانگە..)

ساڵی ٢٠٠٨خەڵاتی یەکەمم لە ڤێستیڤاڵی ئەدەبی لاواندا وەرگرتووە. بەشداری چەندین کۆڕی شیعریم کردووە لە سلێمانی و دەورووبەری. بەشداری ڤێستیڤاڵی گەلاوێژم کردووە بۆ شیعر. خاوەنی سێ چاپکراوی شیعرییم بە ناوەکانی (تۆم هەبیت، خودێکی پەرتبوو، بووم بە ژێر ڕۆژە خێراکانی مۆدێرنەوە).

داستان بەرزان

**ساردە بۆ من ئەم دونیا تازەیە**

**ئەم سەرما نامۆیە**
**ڕۆژانە دەمسمێت و**
**دەڕوات تا قوڵاییم.**

**دەستم بگرە**
**دڵم سەرمایەتی**
**هەڵدەرزم لە بەردەم بوونمدا**
**بەردەبمەوە بۆ ناو کرێوە.**

**دەستم بگرە**
**دونیا ساردە**
**تەنیایی بۆ کەس باش نییە**
**تەنیایی ژنێك دەکرۆژێت**
**ژنەکەم دەڵێت: ئەو ژنە منم.**

**گریانم دەبیەستێت**





**هەناسەم دەبێتە تەم**
**پەنجەم درز دەبات**
**ساردە بۆ من ئەم دونیا تازەیە.**

**نوێنەکانم پێدا بدە**
**هەوڵدەدەم بنووم**
**ڕووم نایەت بڵێم: بێخەوم**
**پیاوێك هەموو بێخەوی جیهانی بۆخۆی برد**
**پیاوەکە ناوی ( ئەمیل سیوران )بوو.**

**نوێنەکانم پێدا بدە**
**مەبەستمە کەمێك**
**یان**
**ئەگەر بلوێت**
**سەد ساڵ بنووم.**

**بەفر لەسەر گیانم نیشتووە**
**پیاوێکی سەهۆڵین بەرامبەرمە**
**تابلۆی شارێك لە ناو بەفر لە ژوور سەریەوە**
**وابزانم پیاوەکە باوکمە.**

مرۆڤی ناو شاشە ساردن
شیعری ناو شاشە ساردن
عەشق لە ناو شاشەدا ساردە
هەڵە بجە لە شاشەدا ساردە
ئەنفال لە شاشەدا ساردە
گولەباران و سێدارە لە شاشەدا ساردن
خاپووربوونی گوند و شکانی دڵ لە شاشەدا ساردن
ساڵی ١٩٧٤لە شاشەدا ساردە.

ڕاپەڕینەکە لە شاشەدا هەمووی قوڕە
ساڵی ٢٠٠٣لە شاشەدا لە ساڵی ٢٠٠٧دەچێت
نەورۆز لە شاشەدا یەك پارچە دووکەڵە

گریان و ئازار لە شاشەدا
خەم و برین لە شاشەدا
برسێتی و تەنیایی لە شاشەدا
سەرمەرگ و مردن شاشەدا
هەستیان پێناکرێت
من پێویستم بە گەرمایی شتەکان هەیە





وەك گەرمایی دوو جەستە کاتێك بەریەکتر دەکەون.

دەستم بگرە
سەرما هەلا هەلای کردووم
کەسێك دەڕوات وێنە بەستووەکانی ناو سەری
دەکەونە سەر زەوی و
ورد دەبن
ڕەنگە ئەو کەسە منبم.

دەستم بگرە
نەبادا بمبەستێت
نەبادا بشکێم.

دەستم بگرە
هاکا بەستمی
هاکا شکام.

دەستم بگرە
ب ب ببببسسسسست ت ت تمی.




ئازار جاف

له دایك بوى ١٩٨٤ تا ٢و ناوەندیم خوێندوه و خەڵکی بوکدم سەر
بە ناحیەی ئاشتی وە دانیشتوی شارۆچکەی کۆیەم.





ئازار جاف

## هــەڵەبـجە

چـی ڕۆژێکـی ڕەش بــوو

ئــاسـمـانــی هـەڵـەبـجـە ی پـرکـرد

لـــە بـۆنـــی سێو

نـە مــزانــی مـرۆڤ هــینده نــاســکـە

خـۆی نـاکــرێ بـۆ بـۆنـی ســێـو

گـیــانــی لـە جــەسـتـە دەرەچــێ و

ئــە یـسـوتێـنـێ دەم و چـاو و لـــێـو

ئـەو ڕۆژە ئـــاسـمــانـیــش تـۆرە بــو

ئـە ویش لـێـمـان ببـو بـە خـێـو

لـە جییات بـاران ببــارێنــێ

لـــە خـۆی گـرتـبـو بـۆنـــی ســێو

هـەمـوو دەرگـایـەکـــی داخــست


هـەتـا ەدرگـای ئـەشـکـەوت و کـێو

سێو ئەو ڕۆژە هێند تورە بوو
سوتاندی مرۆڤ و دار و بەرد
ڕەز و باخ و گەڵا و مێو
ئای هەڵەبجە بێنازەکەم
خۆ تۆ تاوانت نە بوو
کەست ئازار نە دابوو
هەموو کاتێ وەکو دایکێك
باوەشی پرسۆزت والا بوو
لە جییات ئەوەی بێت بدەن سێو
بۆ خۆت سێوت ئەبەخشی
کەچی کپ و بێدەنگی کردی
پرسەی هەتایي بۆ هێنای
ئازارێکی بە تۆ نۆشی
منالّەکەی و عومەری خاوەر
بۆ تۆی کردە ڕەمزو تاوەر





مەکۆی شەهیدانی بێ سپاردی
لە جیهانا ناوی ناساندی
سەیرکە هەڵەبجە
چەن دڵ ڕەقە سێو
چۆن تۆراندی شعر و وشە و پێکەنین
بزە کشتی لە لێو
سێو سێو



ئەبووبەکر عەزیزان ( بابی زانا)





ناو : ئەبووبەکرعەزیزان ( بابی زانا)

لە دایک بووی : مەهاباد ١٣٤٤

چالاکی ئەدەبی: ئەندامی ئەنجوومەنی ئەدەبی مەهاباد (١٣٦٥-١٣٧١) ئەندامی شاعیرانی بێ سنووری ئێران - پلەی کارناسی ئەدەبی - بەشداربوو لە کوڕە ئەدەبیەکانی کۆنگرەی فەرزانەگانی کورد ( سنە ) کۆنگرەی وەفایی (مەهاباد ) - کۆبوونەوەکانی شاعیرانی بێ سنوور ( تاران ).

نێوی بەرهەم : کتێبی تەرجەمانی عەشق ( شێعر کوردی) نەشری هیوا

ئیمێل azizan44@yahoo.com :

وێبلاگ:aazizan.mihanblog.com

ژمارەی پەیوەندی :٠٩١٤ ٤٤٤ ٠٤٩٧

بابی زانا

**مەڕۆ کە شەو**

لە من دەبێتە گۆمی خەم

منم تەرەم لە هێڵی خەو

وەلی دێوانە م و دەڕۆم

تەنیا بەرەو

هەواری ناهەواری

خێڵی ئاسەواری شەم

خەیاڵەکەم!

خەیاڵەکەم

لەسەر سووتووی

جەستەی تامەزرۆی

گڕگرتویی

پەپوولە

گڕگرتویی





پەپوولەیەکی سوبحدەم

دەبێ بەتەم

هەر بۆیە شەم

بە هەرگڕیدێتە بزە

گوڵێکی بیرو زەینی من

لە سەربژ وپۆ یئاڵۆزی

بسکیکاڵی شۆرە بییەک

بە چاوی گەشی کانیەک

لە جنسی نەرمە شەپۆلی

تریفە و سەوزەلانیا

دەچێتە باوەشی سڵی

غەزالی غەزەلێکی شۆخ

دبێتە قافیەی شەوی

لێورێژی عەتری سرەوتن

تاکوشۆقی تەمەن لە من

## دیتە کزی

تاڤگەی روونی تامەزرۆیی

دەبێتە باوەشێ لەگوڵ

لەپێدەشتی هۆنراوەما

بارتەقای قوڵایی نیگات

بە قەد تینی روانینی تۆ

دەنک دەنکی ڕێژنە باران

نۆتی نەغمەی شێعری

منە دەبێتە هەست

دەبێتە گڕ

بۆ هەڵبەستێکی ئەبەدی

بۆ قاسپەیەک

یا نەغمەیەک

لە جاڕە تریفەی

گەشی





## شێعری جوانیت

بۆیە لە خەم گەشە دەکەم

یە خەی تەنیایی بەر نادەم

پشکووتنم

لە نێو وەرزی چاوەڕوانی و

هەڵوەرینە

سەمای گر دەبێتە وشەم

وشەشم دەبێتە پۆلو

پۆلوش چاوی

دایکی کوردە

لەسەر تەرمی

چەن گوڵێکی

لە بەهاردا هەڵپرووکاو

بۆیە لێرە هەتاو بەتاو

پرسەی خەمێکە دەیگێڕێ

لقێ زەیتون چەپکێ لە ئازادی ئێمە

بۆچاوی خەواڵوی مێژو

بێ ئاگادارترین وڵات

لەبێ بەشیمان دەنێرێ

کوانێ ئاوا زامەکانم سارێژ دەبێ

لە پیکی هەر چاوەڕوانی

برینی من لێوڕێژ دە بێ

کەس نێە شار

لەکاسیوخەوە زامی خەبەر بێنێ

مەگەر بزەی قەتیس ماوی

لێوی کۆڵان

ویژدانەکان بهەژێنێ

با کۆپێنهاگ

چیدی چیرۆکی مناڵان

بۆشاری ئێمە نەنهێنێ





چیدی شۆخە کچی ناو شار

با چەپکە گوڵ نەژاکێنێ

داستانەکەی کریستیانی

دانمارکیمان بۆ نەخوێنێ

زامەکانم لە کامێرای

پۆلیتزێرا نەهاڵێنێ

نەکا خەوی مناڵێکی

بەجێماوی هەڵەبجەمان

بشێوێنێ

بابی زانا

**بۆ هەڵەبجە**

لە کتێبی تەرجەمانی عەشق

قۆڵەکانت

بێشکەی شەوا

ڕادەژێنێ

سپێدەش

سینگ و بیری تۆ

دەهەژێنێ

چاوەکانت

چاوەڕوانی دەنووسنەوە و

قاچەکانت ماندوویەتی،

ئەی دایکە زۆر دڵگیرەکەی

سەدەی جوانی و

مێهرەبانی





لە شوێنێ

دڵت هەڵقرچاو

لە گەڵ کۆرپەی

وشک هەڵاتووی

بەرەو ئاسمان حەپەساو

بوونە کۆتری

دارە سێوی

کۆڵانێکی

خنکاوی ئەم هەڵەبجەیە،

لەشوێنێ تر

سەما دەگەڵ

شۆڕە لاوی شەڵاڵی خوێن

سەر سوڕمانی بروسکە و با

لە بارانی چاوەکانت

بۆچی بوویتە

مۆمی خەمی

ئەم زریانە

چاوەکانت داگیرسێنە

کوانێ وەختی سەرسوڕمانە

کوانێ وەرزی

هەڵوەرین و دابڕانە





بابی زانا

**بارە سێو**

لە کتێبی تەرجەمانی عەشق

بڵێین بە یار

یارەکەی شۆخی بە لەنجە

چیدی بارە سێو بار نەکا

بەرەو شارەکەی هەڵەبجە،

دار و بەردی

ئەو شارەی من بۆنی سێوە

بەرامەکەی تیژبوونی چاو تاڵی لێوە

لێرە یاری هەرمناڵێ

بە کولارەی مەرگەوەیە

گۆرانی عەشقی دڵداری

لە گەرووبەکی ژەهراوی

بەئاهەنگی دەردەوەیە،

لێره دایک لایه لایەی

خەوێکی بەره و ئەبەدی

له گوێی کۆرپەیدا دەخوێنێ

باوکیش جۆرێ

ئاگاداری منالێتی

نەک هەناسەی

ئاواتیشی هەڵدەپڕوکێ

منال هەر لەژێر بالێتی

نەکاباری سێوت بێنی بۆ ئەم شاره

چون بەبۆنی قڕیان دێت و

سینەیان پڕ له ئازاره







پەیکار عوسمان

پەیکار عوسمان لەدایکبووی ١٩٨٣ له سلێمانی هەموو قۆناغەکانی خوێندنم له سلێمانی تەواوکردووه ساڵی ٢٠٠٥ زانکۆی سلێمانی کۆلێژی یاسام تەواوکردووه ئێستاش دانیشتووی وڵاتی فینلەندام ماوەی دوو ساڵه تەریب به غەریبی دەستم به نوسین کردووه نوسین و شیعرەکانم له ئەکاونتی خۆم و له زۆرێك له پەیجەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك بڵاو ئەکرێتەوە.

پەیکار عوسمان

**بۆ ئەنفال**

(١)

دوعایەك لە بەرماڵەکەی ئەنفالەوە

خوشکی شەهید

خوایە گیان ئەم زوڵمە قبوڵ نەکەی ...هەر ئەونەی وت

یەکسەر دوعاکە گیرابوو

کەمی مابوو زەوی بتەقێتەوە!

باشبوو دەسگیرانەکەی فریاکەوت

دەسگیرانی شەهید

خوایە گیان تۆ شایەت بە

کە من شوو ناکەمەوە تا قیامەت هەر چاوەڕێم

یار بێتەوە!





(٢)

سنەوبەرێك وتی

تا ئێستا

باڵندەم تەسلیمی ڕاوچی نەکردووە

بۆیە وا سەرم بەرزە

ئەنفالچی یەك وتی ئای چەن حەزم لە سێبەری شۆڕە بی یە!

(٣)

ئەو ساڵە سەگێکم بینی

سەتڵێکی لە ملابوو

بەقەت خۆی ئەبوو!

وا ڕای ئەکرد

قەت وا ڕای نەکردبوو

نەوەك تینوی بێ و

خۆی لێ ی بخواتەوە

ئەو ڕۆژە بەڕۆژو بوو!

لە حەسرەتی ئەنفال

سەتڵە ئاوی گەیاندە عەرعەر

نەیهێشت دڵۆپێکی برژێ

کەچی تا ئەو گەیشت

تینوێتی دەمێکبوو

تەواو بووبوو!!





پەیکار عوسمان

## بۆ هەڵەبجە

(١)

پایتەختی بەدبەختی

ناوچەوانی ئەم کوردەیە!

زبڵی هەزار ساڵی مێژوو

لە حەوشەکەی ئێمەیا فڕێ درا

تەلی دڕکاوی جوگرافیا

هەمووی چوو بە جەستەی ئێمەیا

گیرفانی مەرگیش دڕاو

هەرچییەکی لێکەوت

مناڵی هەڵەبجە کۆیانکردەوە!

(٢)

سێو غیرەی لە هەنار ئەکرد

بە چپەچپ و وتی وتی

هەوای لێ پڕکرد

ئەویش چووە بنکلێشەی هەورو

بارانیش بە جلی عەسکەرییەوە

سڵاوی مەرگی لە هەڵەبجە کرد!

(٣)

قوربانی یەکەم سێو بوو

قوربانی دووەم هەڵەبجە!

بڕواتان هەبێ برینی سێو قوڵترە

لە هی هەڵەبجە!

بەوەیا ئەزانم هەموو ساڵێ هیران و نازەنین

بۆ هەر ڕووبارێ فرمێسکی هەڵەبجە

دەریایەك عارەقی شەرمەزاری ئەڕێژن!!!

(٤)

هەر شانزەی سێیەو ئەڕوا ...کەچی

نە دادگا بڕیاری سێدارەی بۆ سێو دەرکرد!





نە حوکمەت دارسێوەکانی بە قژ

بە کۆڵانەکانی هەڵەبجەیا ڕاکێشا!

نە کچان مەمکی خۆیان بڕی و!

نە کوڕانیش ئایفۆنەکانی ئەپڵیان فڕێ یا!!

(٥)

هەمان سێو بوو .....هەر ئەوەی

لەگەڵ شەیتان دەسی تێکەڵکردوو

ئادەم و حەوای لە بەهەشت دەرپەڕاند

بۆ ئەوەی ویژدانی ئاسودەکا

بوو بە هاوپەیمانی بەعس و

پێنج هەزار پەپوولەی بۆ بەهەشت هەڵفڕاند!!!

(٦)

ئەرێ بەدبەختی کورد نەبێ

بەهار کەی گوڵ ئەوەرێنێ

هەوا چۆن دەسی ئەچیتە پاساری

سێو بۆ خۆی لە شەڕی مرۆڤ هەڵئەقورتێنێ ؟!

(٧)

ئەو ڕۆژەی بەهاریان برد بەبووکی

عەزییەکی ڕەشیان لەبەرکرد

قوماشی سپی لە بازاڕا نەمابوو!

ئەو ڕۆژەی کورد بە هەموو دەنگی ئەیقیژاند

ویژدان ئاو چووبووە گوێ ی!

مافی مرۆڤ کەپی لە گوێیابوو!!

ئەو ڕۆژەی سێوی مەرگ کەوتە خوارەوە

منالەکانی نیوتن بینییان

کەچی مێش میوانیان نەبوو!

(٨)

لە کۆشێ منالی مێژوو

سیڤەرێکی لەبارچوو

لۆزانێکی زۆلمان هەڵکڕاند!





لە میراتی پیرە جوگرافیاش

چوار تەلی دڕکاوێ و

ژێرزەمینەکەی عەرعەرمان بەرکەوت!

لە نۆبەرەی میوەش سێوێکی سۆزانی!!

(٩)

بە زمانێکی سادە

دۆشەکمان ئازار بەتانی خەم و

سەرین ئەشکەنجە

دنیا قەرزاری کوردە

کوردیش قەرزاری

هەڵەبجە

....

پەیکار عوسمان

**جینۆساید**

(شین) بۆ هەڵەبجەکەی من

لە دایك بوو

کەچی بە شایەتییەکی درۆی دەریا

کرا بە ڕەنگی ئاسمان!

ڕەش بۆ ڕووی جەللادەکان دابەزی

کەچی کرا بە ماکسی و

بڕا بە بەری کیژۆڵەکانی گەرمیان!

بە یاریش بڵێن بەڵام بە خوفیا!

گوڵ بۆ دیداری ئەو

لە خاك دێنە دەر

کەچی کران بە تاج و

بران بۆ مەزاری شەهیدان!

ئاخر غەمبار تو شیعر





تو نالی تو ویژدان

خەڵەلی کەون ئەمانەن ؟

یا گریانی پیاو ؟!

ئاخر پیاو بۆ نەگری ؟

یان بۆ ئەگری ؟؟

بۆ ژن کوشتن ؟

بۆ جاسوسی و خۆفرۆشتن ؟

یا بۆ تاڵانی و جەنگەکان ؟

پەیکار عوسمان:

بە کورتی و بە سادەيي ئەگەر بەشێکی میللەتێك لە ناوببرێ و کۆمەڵکوژ بکرێ ئەمە جینۆساید، بەڵام ڕەنگە لەسەرەی کوردە بەدبەختەکەیا ئەمە بگۆڕێ و بەمشێوەیەی لێبکرێ، بەشێك نا ئەبێ تەواوی میللەتەکە لەناوببرێ ئینجا بە جینۆساید دائەنرێ ! ئەوەنیە خاوەنی هەڵەبجەو ئەنفالین کەچی هیچ ناوەندێکی نێودەوڵەتی بە جینۆسایدیان ناناسێنێ !! هەڵبەتە بە ڕەچاوکردنی کەم و کوڕی خۆشمان.



مەحفوز مایی



ژانی کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

## مەحفوز مایی

ساڵا ١٩٥٦ێ ل گوندێ مایێ، دەڤەرا بەرواری باڵا هاتە سەر دنیایێ. خاندنا سەرەتایی ساڵەك ل دهوك و پاشی ل مایێ و کانیماسێ تەمام کریە. ناڤنجی و ئامادەیی ل دهۆك خاندیە. نەشیا خاندنا خوە تەمام بکەت نەچار بوو بهارا ساڵا ١٩٨٤ێ چوو ناڤ ڕێزێت پێشمەرگەی ل شۆرەشا گولانێ و ل دەنگێ کوردستانێ هاتە دامەزراندن وە نڤیسەر و بێژەر ل بەشێ کرمانجی. دەستپێکا ساڵا ١٩٨٦ێ کۆچبەر بوو ل وەلاتێ سوێد. ساڵا ٢٠٠١ێ ڤەگەری ڤە کوردستانێ و ل ڕاگەهاندنا پارتی دیموکراتی کوردستان چەندین بەرپرساتی وەرگرتنە، ڕێڤەبەرێ دەزگایێ گوڵان، ڕێڤەبەرێ (کەی تی ڤی) مەرکەزی، ڕێڤەبەرێ زاگرۆس و هەتا نها ژی هەر ل دەزگایێ ڕاگەهاندنا پارتی وەك ئەندام دەزگا کار دکەت. ل داوییا ساڵێن٧٠یان و دەستپێکا ساڵێن٨٠یان هەلبەستێن وی ڕۆلەکا مەزن هەبوو دناڤ جەماوەرێ بادینان دا.
سێ دیوان ژ هەلبەستێن وی چاپ بوونە:

١- ئەز و شەڤ و بێدەنگی ١٩٨٦ سوێد.
٢- چیایێن ب زمان، ١٩٩٥ سوێد.
٣- پەیڤێن پاییزی کوردستان ٢٠١٢.

مەحفوز مایی

## وان چ ڤیا و چ هات شوینێ

ئەڤ هەلبەستە دیاری وان کوردایە یێت کە حکومەتا عیراقێ ئەو بۆ ژێرییا عیراقێ کۆچبەر کربوون.

١

وان هۆ ڤیا...

داربەروویێ ژ ڕهو ڕیشالا بییندەر

ژ چیا و کەندالان بکەندەر

ببەن دەشتا رویت بچینن

ڕهیا دبن خیزێ کەل ڤەکەن

ل بەر تیشك و تەحرەتاڤێ

گەرم بکەن

بشارینن

دا بۆ بدەت قەسپ و خورما!

هزر نەکر





ئەو داربەروی

ژ بەرۆژ و نزارا هییە

چەندی ئاخێ لێ بگوهورن

ژ توخمێ خوە نەگوهورییە

چ جارا وێ

وارێ خوە یێ رەنگین نەهێلایە

ژبیرنەکریە

هەمی دەما یا رویسپییە

هەرچی جهێ لێ بچینن

دێ ل خوە خڕڤەکەت چیا

دەشتێ ژی دێ کەتە نەهال

دێ کولیت مینا گەلییا

هەر ل وێ دەرێ

ڕهیا ل ئاخێ داچکلینیتت

خوە هاڤێت سرت و کێرییا

بەژنا خوە یا شەنگ و شەپال

ب چولیێ زۆزانا خەملینیت

دێ خوە کەتە سیبەر

مینا مەخەل

بۆ بزن و بێر و بێرییا

کەلەکا ئێکجار مەزنتر دێ ئاڤاکەت ژ هیڤییا

٢

وان هۆ ڤیا...

وان ڤیا گوندان بسووژن

دا ئەڤینا وەلاتێ مە

ژ ناڤ دلێت مە دەرینن

سەرژێبکەن و بکوژن

پیستێ لاشێ مە تازیکەن

هەستییا ژی ل مە ڤەرووژن

هەرچی دلێ هیڤی تێدا





بگرن ب ساخی بکەلووژن

هزرنەکر

چەندی گوندا بکەن کاڤل

بەر و دارا بکەن بزووت

لێ بکەن پەل

تێهنا دلان ناڤەمریت

گوڕی هەر دێ لێ مینیت هەل

هەر یا شاریای و پتر کەل

هزرنەکر

هەمی کاڤل

هەر بۆ ئەوان گوڕستانن

تەنی و دویکێلا گوندێت مە

هەر بۆ سەروروویێت وانن

ئەو نزانن...

چەندی گوندا بهەرفینن

کەڤر و چیا ناهەرفن

هەردێ مینن

نیشانا وار و جهانە

چ جار سەری ناچەمینن

هەر دێ بلندکەن، هەلینن

٣

وان هۆ ڤیا...

وان ڤیا دایکا مە گرێدەن

دێم و روویێ وێ دەق بدەن

مینا پێخاسەکا لێڤڕەش

ب دەشتا بێئاڤدا بەردەن

پرچا سەرێ وێ ببرن

بەروسینگا ژی ئادەکەن

هزرنەکر

سینگێت دایکا مە رویبارن





چ جار ئاڤ ژێ هشك نابیت

پرچێ وێ گویز و سپیندارن

چ جار ژ ڕهیا نامریتن

وینگوبەرێ وێ زۆزانە

وارێ شێپران و مێرگانە

ژ گرما تاڤێ ناترسیتن

چەندی روویێ وێپنیکەن

هەر دێ ناڤێ وێ مینیتن

ژێ نا چیتن



مەلا زادە کۆیی

لە ساڵی ١٩٧٤ لە دایك بومە لە هەولێر دائەنیشم لە ساڵی ٧٢ هاتوینەتە هەولێر لە١٩٩٤ یەکەم شیعرم نوسیوە بەڵام دورکەوتومەتەوە بۆ هۆی کاری پێشمەرگایەتی و بوارەم نەبوە بەلای شیعرنوسین بچم لەسەرەتای ٢٠١٢ دەستم کردوە بەنوسین تائەم رۆنیکەی ١٢٠ پارچە شیعرم نوسیوە، ئامادەم کردوە بەڵام هێشتا بەچاپم نەگەیاندونە چاوەرێی دەرفەتم بۆشارەزایەك تاکو پێداچونەوەم بۆبکات پێش چاپ ناوم (رسول عمر مەلازادە یە)پیشەو کادێڕی پارتیمانم لەسنوری ناوچەی ئاڵا - لقی ٢ .





مەلازادە کۆیی

چوارینە

هەمورۆژێ لەژێرناوی ئیسلام دا ئەمان کەن بەدارا
دەپێم بلێن چ ئاینێ چ ئیسلامێکی تەواو کە واغەدارا
ئەوە درۆیە پەردەپۆشە پەتی ملمە کوردایەتی کەنازدارا
هەتا ئەگەم بەهەرێمێکی ئازاد ئامادەم بۆپەتی سێ دارا

## مەلا زادە کۆیی

چ بنوسم شایستەی ئێوەی بەڕێزبێ
زمان لەئاستی ئێوە هەوڵەداتن بەهێزبێ
تێك دەئالێ وسەرشێواوەو بێ هێزدەبێ
پێنوسەکەم کاغەز ناگرێ لێم زیزدەبێ
پەنجەودەستم لەرزۆك بوە بێ هێزدەبێ
ئەقڵیشم سەردەرناکا زاکیرەشم بێ هێزدەبێ
چاوەکانم بێ ئاوبووە دڵیشم وا بێ هێزدەبێ
لەئاست ئێوە شەرمەزارم تۆڵەی ئێوە بەهێزدەبێ
شەهیدانم ئێوە ناوتان لە ناودڵمان بەڕێزدەبێ
مەلازادە لە بۆ ئێوە چەند شەوە هەر گێژ دەبێ
تف لەو ڕاگەیاندنەی لە ئاست ئێوە بێ ڕێز دەبێ
ئەوەی خەمی ئێوەی نەبێ لەریزی دووژمنان دەبێ







ئومێد خۆشناو

ئومێد خۆشناو

**کوڕانی بیابان..ڕۆحی وڵاتێک**

کە ئیڤە نەگریسەکانی ئەنفال هاتن

هەر هەموویان برد

کوڕ و پیاو

باوک ومنداڵ

تەسبێح و جەمەدانی

مزگەوت و قورئان

مەمەی شیری منداڵ و ئەنگوستیلەی دەسگیرانیشیان برد

کە عەنتەرەکانی ئەنفال هاتن

کەو و کۆتر

داروبەردەکانیشیان

بۆ عەر عەرو نوگرە سەلمان و بیابانی مەملکەتە

چڵکنە کەیان برد

ئەوە چ سەفەرێک بوو ئەی خودا؟





چەندین ساڵە

چاوەڕێی سەفەری غەریبیتانم

چەندین ساڵە دەمەوێ

جەمەدانی سەر و پێڵاوی لاستیک و

پشتێنی بەژن و کەمەر و

زنجیری دەست و پێتان ماچ بکەم

ئەنفالی بەدناو

جانتای قوتابخانەی منداڵەکەم بدەوە

ئەنفالی بەدناو

جەمەدانی سەری هاوڕێکانم بدەوە

ئەنفالی بەدناو

تەسبێحی دەستی موبارەکی باوکم بدەوە

ئەنفالی بەدناو

ئەڵقەی دەستی دەسگیرانیم بدەوە

ئەنفالی بەدناو

گۆپاڵی دەستی باپیرە و نەنکم بدەوە

ئەنفالی بەدناو

قورئان و مزگەوت و پیتی ناو و دار و بەردی کوردستانم بدەوە

کە وەرم گرتنەوە

پڕ بەگەروی وشک و ماندووی ئێوە دەڵێم

ئەوە ئێسک و پروسکی من نییە قوربان

ئەوە ڕۆحی وڵاتێکە وا دێت

ئەوە قاچ و ئەوە دەست و سەری من نییە قوربان

ئەوە پێکەنینی منە بۆ دایکم

ئەوە باوەشی منە بۆ باوکم

ها دایەگیان وا هاتمەوە

چۆن بەڵێنم پێدابووی کە بێمەوە

هۆ دایەگیان من کوڕی وڵاتی بەفر و خوێنم

هۆدایەگیان ...





بمبەرەوە بۆ ئەو رۆژانەی کە جەڕەسی قوتابخانەیان لێ قەدەغە کردم

هۆدایەگیان...

بمبەرەوە بۆ ئەوکاتانەی کە شیری مەمکی تۆیان لێ مەمنوع کردم

پێم نەگووتی هەردێمەوە؟

ئەوە ئێسقانی دەست و ئەوە ئێسقانی ئەژنۆ و ئەوەش جومجومەی

کەلە سەری منە

بمناسەوە ئەی خاک

بمناسەوە ئەی شاخ

بمناسەوە ئەی وڵات

نیشتیمان من ڕۆلەکەی جارانتم لە بیابانەوە هاتووم

من فرمێسکەکانی بارزان و

گەرمیان و ئاخی هەڵەبجە و

خەمەکانی قەلادزێ و برینەکانی زێوەم هەڵگرتوە

بمناسەوە ئەی خاک من ڕۆڵەکەی جارانتم

دەوەرنەوە سەد و هەشتا و دوو هەزار چیرۆکە بێ کۆتایەکە

وەرن لە باوەشی ئەشکەوتەکانی دڵم

لە نێو خانوە قوڕەکان حیکایەتی

چەندین ساڵەی غەریبیتانم بۆ باسبکەن

کوڕانی گۆڕ غەریب

وەرن لەنێو گۆڕە غەریبەکان وەرنە دەر

وەرن لە دڵی هەولێری مندا بژین

وەرن لە ئامێزی دهۆکی مندا بگرین

وەرن لە هەناوی سلێمانی مندا پێبکەنن

وەرن لەنێو دوکەڵی بابەگوڕ گوڕی کەرکووکی دڵی مندا بوەستن

وەرن ئەوە ئێستا دەتان بینم یەک بەیەکتان دەناسمەوە

دەست و قاچی بڕاوتان

کەلە سەری کون کونتان

ئێسک و پروسکی باڵاتان

وەرن لەنێو دڵی چیای من





لەسەر شەپۆڵەکانی ڕووباری من

لەگەڵ کارمامزەکانی گەلی زرارا بحەسێنەوە

وەرن با بە ئاڵاکەی خۆتان شەهیدان داتان پۆشین

ئەی گۆڕ غەریبانی وڵات

پارچە جەرگەکانی هەناوی کوردستانی من

کەئێوە چون هێشتا جانتای خیانەت نەکرابۆوە

ئەو دەمانە ی ئێوە چون هیشتا لەدیدەنی دایک تێر نەببوون

هۆ خوێنە ڕژاوەکەی مهاباد

ئاڵا بەرزەکەی کوردستان شەپۆڵە غەریبەکانی ئاراس

سەنگەرە خۆراگرەکانی شۆرش

فرمێسکەکانی قەڵادزێ

پارچە جەرگەکانی دایکە حەلیمە

منداڵە بێ باوکەکانی زێوە

عومەری خاوەری سەربەرز

ژنە ڕەشپۆشەکەی بالیسان

باخچە سوتاوەکەی بادینان

دایکە ڕەشپۆشەکە دەهەڵسە

باوکە جگەر سوتاوەکە دە هەڵسە

کچە بێ دەسگیرانەکە

کوڕە بێ مورادەکە دە هەڵسە

بووکە بێ زاوەکە

منداڵە بێ باوکەکە دەهەڵسە

مێوانی ئەمجارەمان سەد و هەشتا ودوو هەزار پارچە جەرگەکانی هەناوی منن

وڵات

میوانی ئەمجارەمان سەد و هەشتا و دوو هەزار گوڵە مێخەکی چیاکانی منن

وڵات

میوانی ئەمجارەمان سەد و هەشتا و دوو هەزار پرۆشە ئاوی کانیاوی منن

وڵات





میوانی ئەمجارەمان سەدو هەشتاودوو هەزار تیشکی خۆرو ئەڵەندی سپێدەی نیشتیمانی منن

وڵات

ئەوە قەترە خوێنەکانی منن

ئەوە بیلبلەی چاوانی منن

وڵات

میوانی ئەمجارەمان

لە عەرعەر و نوگرە سەلمان و بیابانەکانی نەجەفەوە هاتوون

وڵات

ئەوانە کوڕی بیابان نین

ئەوانە رۆڵەی غەریبی وڵاتی منن

پەروەردەی ئاو و خاک وچیا و دەشت و ئەشکەوت و کوردستانی منن

وڵات

میوانی ئەمجارەمان ڕوحی شەهیدان و ڕەنگی ئاڵا و دەنگی ویژدان و هاواری نیشتیمانن

## وڵات

ئەوانە کوڕانی گۆڕ غەریبی ئەدرەسی نیشتیمانن

رۆحی ویژدان و ئاڵاو تیشکی خۆری ولاتمانن

ڕەنگیان ڕەنگی ئاڵایەو

دەنگیان دەنگی هەمووانە

ئەنفالی بەد ناو

دیوارە ڕوخاوەکانی گووندەکەم بدەوە

ئەنفالی بەدناو تۆچوی

بەڵام من هەمیشە لەویژدانی گەلێک دەمێنمەوە







فایەق ئاسمان

ناوم(فایەق)نازناوم(ئاسمان) ناوی بنەماڵەییم (تیراندەری) ناوی باوکم (ناسر) زادەی (٢٣ئاگۆستی ١٩٧٨)م لە سنە دەژیم و کاسبکارم خوێندەواریم زۆر نییە هەتا پۆلی ئاخری دوا ناوەندی واتە دیپلۆم خوێندوومە ئێستاش وانەی کوردی لە کن مامۆستا عەدنانی بەرزەنجی دەخوێنم. هەر لە تەمەنی منداڵیەوە حەزم لە شیعر کردووە و جار و بار دەستم داوەتە قەڵەم لە نێزێک بە دوو ساڵ و نیوێک لەمەو پێشەو ئێزنی شاعیر بوونی خۆمم لە مامۆستا جەلالی مەلکشا وەرگرت و خۆم بە شاعیر دەناسێنم ماوەی ساڵێک لەمەوپێش ویستم هێندێ لە کارەکانم بە چاپ بگەیێنم کە ڕووبەڕووی سانسۆری کۆماری ئیسلامی بوومەوە و دەستم لێ هەڵگرت.

فایەق ئاسمان

ڕیکلام

ئاگا داری...ئاگاداری

ویژدانەکان

ساڵوەگەڕی

ڕووداوەکەی هەڵەبجەیە

ئادەی

خێرا بن درەنگە

بۆ چەن چرکە

با بە بێدەنگی بمێنین

پاشان دەبێ بڕۆین

ئیشمان زۆرە

شارێکیتر دەخنکێنین





فایەق ئاسمان

بۆ ئەو کۆچبەرانەی کە ڕۆژانە لە کەنارەکانی دوورگەی ئۆسترالیا و هەر وەها ئیتالیا و وڵاتانی دیکە گەمێیەکانیان نوقم دەبێت و ژیانیان لە پێناو گەیشتن بە ژیانێکی باشتر بەخت دەکەن و زۆرێک کوردیشیان تێدایە.

**کەنارەکانی مەرگ**

لە ئاکامی ڕۆژێک دەترسم

کە چارەنووس بەلەمێکی یاخی سەفەر بێت

بەرو شاری دەربەدەری

کۆچی ناچار لە "جاوە" و بۆ...

دوورگەی گەورا

نیزیک بە کەنارەکانی مەرگ

ئاگرلە گەمێیەکەم بەر بێت

وەک هەزاران

کە مەلەوانی نازانن

فایەق ئاسمان

ئەم شیعرە ڕەنگە هەندێ بەرەو شوعار یان دروشم ڕۆیشتبێت بەڵام هەستێکی ڕاستەقینەی خۆمە لە کاتی خۆیدا بۆ هەموو شەهیدانی کوردستان گوتوومە.

**ئەی هەڤاڵی شەهید**

ڕاوازەی کۆچت دەبینم

لە دوا هەوارگەی ڕووناکی

ڕاوستەوە

ئەی سەرقافلەی دڵپاکی

بۆ کوێ دەڕۆی

بەم گورتاوە؟

تۆزێ درەنگی با...کۆچت

تۆ سەرکەوتووی

ڕاستە بەڵام!

هێشتا دوژمن نەدۆڕاوە

ئەی سەرچاوکەی " زاپی گەورە"





کانیاوی لاپاڵی " شاهۆ"

تافگەی ئاوی " کانی بڵی"

کارێزی داوێن " دالاهۆ"

ڕنوی" نەمروود" و"ئارارات"

تینوو شکێن

ئەی شەپۆلی" ئاراس" و "وان"

باران

بڕژێیەوە ... بڕژێیەوە

لە بنار و پێدەشتەکان

هێشتا تینووین

هێشتا پێویستمان بە ئاوە

ئەی کڵپەی ئاگری پیرۆز

ئەی هالاوی گڕی نەورۆز

ئەی مەشخەڵی "بابا گوڕگوڕ"

بەفری ساردی نەتواوەتەو

هێشتا پێویستی بە تۆیە

کوێستانی بەرزی "ژاراوە"

ئەی سەرهەڵدان و خەباتم

جەستەی چوار پارەی وڵاتم

سووتاوی دەس مافی بەشەر

خنکاوی ناپاڵی دوژمن

ئەی ڕۆڵەی باوشی "عومەر"

ئەیٚ ڕۆحی شاری "هەڵەبجە"

زوڵمی "ئەنفال" لێت کراوە

سەرهەڵدەوە،

سەرهەڵدەوە

ئەی شەڕی لە گیانی دوژمن

ئەم شەڕەی چەند هەزار ساڵە

خوێنخوازی پیر و منداڵە

وا بە زۆر پێمان کراوە!





ئەی دیواری "قەڵای دمدم"

ئەی "قەڵا و مەنارەکەی هەولێر"

ئەی "بێستوون"

ئەی "تاقەوسان"

ئەی شاکاری دەستی "فەرهاد"

مێژوو

داهاتووی کوردستان

هەنگاوی قورسی بێوچان

ئەی پێداگر

ئەی خۆڕاگر

ئەی ڕاوستاو

ئەی شەکاوەی بێدانەوین

ئەی ئاڵای سەر دەستی کاوە

زرمەی ئارپێچی و قەناسە

ئەی خوێن، ئەی تین ئەی هەناسە

ئەی...

هەر خۆت شەرەفی ئەو بەرگە

دوژمن بەزێن،

ئەی پێشمەرگە.

ئەی مانگ،

ئەی ڕۆژ،

تیشکی هیوا

ئەی ڕەنگە سوورەکەی ئاڵا

هەڵگەڕێیەوە

ئەی هەڤاڵی شەهید

هێشتا

ڕووناکی بەخشی ئێمە بە

پێویستیمان بە هەتاوە.








**غەمگین کۆساری**

**لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٢ لە شاری سلیمانی.**

**دەرچوی پەیمانگای مەڵبەندی ماموستایان بەشی عەرەبی.**

**هاوسەرم هونەرمەند بەرزان ئەیوبە و خاوەنی ٣ منداڵم .**

**ساڵی ١٩٩٦ یەکەمین تیکستی شیعرم بڵاوکردووتەوە.**

**خاوەنی چەندین تیکستی شیعر و نووسینی وتارم کەلە هەندێك لە ڕۆژنامە و گوڤارەکاندا بڵاوبونەتەوە.**

**بەردەوام کاری هونەری و میدیایی دەکەم.**

غەمگین کۆساری

**ئەنفال هەزاران تابووتی پڕ لە قسەو سەدان چیرۆکی نەبیستراو**

دەئیتر خۆنەهاتنەوەو
لایلایەیەکی تریان نەبینی لەباوەشی دایکیانا
خەونێکی ڕەشتاڵەیان نەبینی لە کراسی خوشکێکیانا
نەهاتنەوەو بەئێوارەیان ووت: توخوا شەوێك خەندە بەرەوە بولای یارێ
بائیتر خۆی لەحوزن هەڵنەکێشێ
بەیانیان بەهەتاو خۆی بشواو ،گوڵەمێخەك لەبەردەرگای حەوشەیا بڕوێنێ
دڵێك بەرەوە بۆ دایکێ لەسکونەتی یوسف بچێت
کەهەرچی هەیەتی بوخچەیەکی پڕلە مەراقی ڕەشەو هیچکات نایەوێ
بیگۆڕێ
پێی بڵێ: ئیتر ئێمە نایەینەوە.. بابەسیکات
دەستی پڕکا لەبازن و زەمیلەیەك لەنیوەڕۆیەکا پڕ لەژیان بێنێتەوە لەبازاڕ
بەبابە بڵێن: ئیتر لەمە غەمگینتر نەیبینم
ئێمە چیتر نایەینەوەو حەجێك لەخۆیدا سەوزبکاو
دڵی پڕکا لەخودا، دووعایەکی دەم سێگۆشە بۆ ئاسمان بنێرێ
تاهەرچی غەدرە نابووتی بکات، خەونی خۆشیان لێبکاتە کابووس
هەرچیش لەوانە ئەچێت ڕەجمی بکات
ڕایان بگرێت..تاقیامەتیان لەکراسی پۆلە ژنی گەرمیانەکەم ڕەشتربێت





لەحەقی تەزبیحێکی هەڵڕژاوا
لەتۆڵەی بەرماڵێکی جێماوا
ئابادی زڕی سوچ و بێ سوچیان خەجاڵەتی بەردەم خواو کورد بکات
پێشیان بڵێ:ژنێك لەم خوارووی زەمینە،خۆشی ناوێن
ڕقی لەهەرچی عەبایە،کەلووتی خۆڵی گەرمیانم پڕناکاو
ئاسمانی سەری کوردستانم ماچ ناکات

غەمگین کۆساری

## لەم شارەیا ئەبمە ژەنیارێکی پیر

ئەم شارە لە خەونی پاش عەسرێك ئەچێ
کاتێ بەخەبەر دێ پڕ ئەبێت لە ترس‌و
مەغدور ... مەغدور کاول بوونی خۆی بە هەڵمی دەم
لەسەر پەنجەرەیەکی تەمەن درێژ ئەنووسێتەوە
کە لەوێدا هەرچی حەسرەتە پیرت ئەکاو
هەرچی پێکەنینە پڕت ئەکا لە شیوەن‌و
هەرچی ڕەنگە پڕت ئەکا لە وەرین...
هەرچی فرمێسکە ئەتخاتەوە سەر یەکەمین قیامەت
قیامەتێ .. هەریەك ڕۆژو هەریەك شارو هەریەك حەشر بوو
ژیان .. قەت ئاوا بەتەریقی یەوە خۆی نەکردووە بە ماڵا
لەو بەیانیەوە نازانێ خەجاڵەتی خۆی بەرێتەوە بۆ کوێ
بیباتەوە کۆشکی فیرعەونەکان یان فڕێی باتە نێو بازاڕی
جادوگەرەکان
یان زڕ بابی ئەم خاکەی پێ داوەتکا
حەیف .. کە دێرهات .. و
نەچویەوە لای شەرمی ئەو کچەی، بە هەموو عیشقێکەوە بە
دەسگیرانەکەی ووت
ئەم بەهارە با بچینە ماڵی خۆمانەوە
ماڵێك لە ئەرخەوان دروست کەین
ئیتر ئەم شارەهی خۆمانئەبێ .. پڕی ئەکەین لە پێکەنینی
مناڵەکانمان
حەزی ئەو پیرەمێردەی بەسەر ئەو لقە دارەوە جێهێشت





کە دەستی بە ڕیشە سپیەکەیدا ئەهێناو
ئەیووت، حاجی ژن خوا حەزکا ئەمساڵ گوزەرەکەی خۆمان پێم
ئەڵێن
"حاجی" گیان .. ئەم حەجەت پیرۆزبێ
دووعایەکیش بۆ ئەم شارە بکە خوا بیبەخشێ..
ئاخری نەهات،
ئەو هەموو هەڵماقۆیە بەرێتەوە نێومشتی کیژۆڵەکان..
هەرنەهات وهەڵماتێنی لەبیرکرد لە کۆڵان
ئەو هەموو مێردمناڵە تیلیان پێنەکراو خەویان لێکەوت
ئەتووت، ئەو خەوە بە دەست خۆیان نی یە
دایکم لەبەرخۆیەوە ئەیووت: سفرە ڕاخراوە مناڵینە،
کەس برسی نیە؟ هەی هوو کەس برسی نیە،
دایە ئیتر هیچ کەس ئیشتیهای ناچێتەوە سەرخوانی ئەم نیوەڕۆیە
ئاخر .. کێ ئەیزانی هەتاوی ئەم نیوەڕۆیە
لەگەڵ ئەم کۆڕاڵی ڕۆ ڕۆیە تەلحین کاو
گۆرانیەك لە گریان نەرمترو لە خامۆشی هەڵەبجە هێورتر .. ئەدا
بکا
لێرە نازدارترین کۆرپە بەجێ هێڵراو
بەدەم فلچەی ڕەنگەکانی هونەرمەندێکەوە گەورەبوو..
لە باوەشی دیوارێك گەرمتری نەبینی
لە لایلایەی پاش تابووتی شارێ مەرگی
حەزینتری بۆ نەووترا..
خودا نەبێ کەس لە بیری بەیانیەکی تردا نەبوو
صەلای مەرگی "شاری قاتل"بە سێدارەوە ببینێ
شارێ ڕووزەرد
هەرچی دارخورمایە نەفرەت‌و

هەرچی قورئانە بێبەری‌و
هەرچی ویژدانە خەجاڵەتی‌و
هەرچی دووعایە فەوت بوونی بۆ ئەنێرێ
خودایە .. بەر لە قدومی قیامەتێکی ناوادەتر
با ئەم شارە لە خەونی شاعیرانە بچێتەوەو
پڕبێ لە حەزی فڕینی باڵدار
پڕبێ لە ڕەنگی ئاو لەبۆنی نێرگزی خەیاڵ لە قریوەی پۆلە کچێ
خودایە، کە هاتمەوە ئەم شارە باپڕبێ لە باخچەی دایك‌و
عومەری خاوەر ببینم پێبکەنێ
دەستێ لەسەر سنگی‌و ڕۆحی "ئۆخەی" بڵێ
ئەوە بەهەشتەکەی منە لێرە ، یا خەریکە ڕێم لێ هەڵە ئەبێ..
پەنجەی مناڵەکانی‌و گوڵم لێ تێك چێ
دەنگی شار پڕم کا لە صەفای ژیان،
ئاخر .. بەس خوا ئەزانێ چەند مەغدوورم
بەبەرچاوی میوانەکانمەوە تەریق ئەکرێمەوە
نەپیاسەم لە لاوێکی کەشخە ئەچێ‌و
نە دانیشتن لە ماندوێتیم ئەخاتەوە
چاووم هەر ئەبارێ‌و
لەڕیزی هەرچی برادەرانە غەریب‌و غەریبتر ئەچمەوە
بایی عومرێ ناوم هەیەو
هەرچی سیاسی یە خاوەنمەو هەرچی کورسی یە هی منەو
هەرچی هەڵایە لەکۆڵانەکانی منا ئەنرێتەوەو کەچی
..تازە خەریکم ئەکرێم بەماڵ
لەبرینی پاییز ئەچم ئەکولێمەوەو ساڕێژ نابم
پڕم لە درەختی خەتا
قەبارەی میحنەتم لەوە گەورەتر نابێ





شارێ تارمایی پیا ئەڕوا شەقامێ توڕەیی ئەنووسێتەوە
پەرێزێ گلەیی ئەگرێ باخێ دوکەڵ ئەگرێ‌و
درەختێ گەڵای لێ ئەسەنرێ،
لەسەر سنگی وەنەوشەکانی، مێزی قومار ڕائەخرێ
کە یەمە ئەم شارە پڕ ئەبم لە تۆنی غەمگین
قوڕگم لە(ژەنیارێکی پیر ئەچێ)، هەرچی گریانە ئەیخاتە سەر
"مەقامی کورد"و
بە ڕۆحی کەمانی شێتی دڵ فرمێسك ئەژەنێ..
تا حەقی ئەم شارە نەدرێ کەس بۆی نی یە لەوسەرەوە تێپەڕێ
ئیتر نایەینەوە ئێرە تاقاصیدی ئەو بیابانە هەواڵی خۆش نەهێنێ
تا ئێوارە ئەم شارە پڕ نەکاتەوە لە تریفەو
هەرچی شیعرو جەفا هەیە بەردی ڕەجم نەگرێتە عەبا
تا گیاکەڵەوکرمی مشەخۆر لەدەغڵی ئەم شارە بژار نەکرێ
نایەمەوەو شانزە هەناسەی تر لەناو سنگی ئەم شارەیا هەڵناکشێم...
خەریکە ئەم بێ حەوسەڵەیی یە بەرمئەیا
ئاخر .. خودانەبێ کەس لەبیری بەیانیەکی تردا نەبوو
سەڵای مەرگی "شاری قاتیل"بە سێدارەوە ببینێ
ئەبینم خودا مەحشەرێ سازئەکا
هەرچی غەدرو خیانەتە ڕائەوەستێ
شارێ ڕووزەرد
هەرچی دارخورمایە نەفرەت‌و هەرچی قورئانە بێبەری‌و
هەرچی ویژدانە خەجاڵەتی‌و
هەرچی دووعایە فەوت بوونی بۆ ئەنێرێ
........
شاری ڕوو زەرد: مەبەست لە تکریتە شاری صەدامی گۆڕ بەگۆڕ



## عدنان هوستانی

عدنان خیرالله هوستانی (خەڵکی دەڤەری بارزان)

لە دایکبووی ١٩-١-١٩٩١ –زیوە – ڕۆژهەلاتی کوردستان

پیشە: قوتابی زانکو بەشی بەڕێوەبردن و بازرگانی

زیاتر شیعر: بۆ (دایك و نیشتیمان) دەنوسێت

زیاتر لە ٣٠٠ شیعری هەیە، بەڵام تا ئێستا بەهۆی سەرقاڵی خوێندن، دەرفەتی لە چاپدانی بۆ نەرەخساوە.





عدنان هوستانی

## خه یالا دایك و كوڕا ...

منژی دڤیا کوڕێ من و

لاندکا نەڤیا

ب ڤان دەستا بهەژینم

هێدی هێدی ئاوازێت خۆش

ب دەنگێ خۆ ڤەلۆرینم

منژی دڤیا

ل کولانێت گوندێ مەدا

ئیڤاریەکێ گازی بکەم

لاوێ من و بزڤڕەڤە

جارەکا دی سەحکەمە تەو

دەستێت تە ئەز بگرمەڤە

من گوتبوو شەهیانا تە

ل بانیا ڕەخێ گوندی

دێ گێڕم و دێ شارینم

هۆ کوڕێ من تو زاڤایی

دێ شەکرا بو ڤێ چەندێ

سەر سەرێ تە

دابارینم

ئەو بازنا د دەستێ مندا

و ئەو حەلقا ل تلیا من

گەلەك ژ مێژ بوو من پاراستی

من گوت ڕەنگە ڕۆژەك بهێت

بێژی دادێ خاتینا من

بازنەکا ژمن خاستی





لێ ئەڤروکە نە تو دیاری و

نە دارتاشێت ولاتێ من

دەرییێ دوکانا ڤەکرن

نە دەنگێ بڕینا دارا

نە چ پارەژی کوم کرن

ئەوان لاندك چێنەکرن

ئەوان تابێت باغێ گوندی

قەتاندن و ژێڤە کرن

ل مێژوییێ بو یەکەم جار

بو زاروکێت بارزانیا

بچیکترین داربەست ژێ چێکرن

..................

وەختێ کوڕ لبن ئاخا پیروزا چیایێ شرینێ جابا دایکێ د دەت دبێژیت:

هەریٚ هەریٚ دایێ

ئەڤ خەیالا تو ژێت بێژی

یا بویە خەونێت هزارا

یا بوویە گولەك نێرگز و

شین نابیتن ل بهارا

یا بوویە کەلەخەك مری

کەتی بەر پەڕێت رویبارا

یا بوویە شاهینەك نافری

ئێدی لسەر چ زنارا

یا بوویە ژڤانەك ب رۆژ

ل ناڤبەرا دوو دلدارا

ئێدی دادیٚ ڤیٚ خەیالیٚ

نە کەیەڤە توو چ جارا





ئەڤرو پێڤە ئەس مێهڤانم

ل بنیا چیاییٚ شرینیٚ

تنیٚ بابیٚ ناڤسەرێیە

ساغ دکەتن ڤیٚ برینیٚ

گەر تە بڤێت هەر و وەرە

دا گازندا ژمن بکە

ب تاوانا گوه نەدانیٚ

لاویٚ خو تاوانبار بکە

بێژە تو ژ مال دەرکەتی

تە نەگوت ٣٠ سالێ دیٚ بورن

تە نەدزانی ئەڤ عەرەبە

نە ئینسانن..

ئەو وەك گورگێت مرۆڤ خورن

ئەز دزانم ڤان چەند سالاً

گەلەك تەیا کریە گری

هەوارێت تە دگەهشتن

تەت گوت وان تو کیڤە بری

وەختێ دادێ وان ئەز کێشای

ژ گوندێ مە دەرێخستی

ل چیایا ل ناڤ دولا

ژ پیرسی سەرێخستی

هێدی هێدی هەناسا من

بێهنا ئاخا هشك دکر

کەلا گەرمێ ب بێ رەحمی

لەشی منژی بێ هێز دکر

خەیالاً من بیرا ڕۆژێت





زڤستان و سەڕما دکر

پێکەنینێت سلتانا من

هۆش و خەیالً بوخۆ دبر

ئەها ئەفرو هەستیکێت من

چاڤێت نەیارا کور دکەن

هەواریت من ل ڤی جهی

گۆهێت شوفینیا کەڕ دکەن

بەڵی دادی ئەز هاتمەفە

بۆ من شەهیانا نەگێرن

ئەز عەرەبی باش نزانم

بو من ڤێ ڕستی وەرگێرن

بیژنی بلا د قورئانێ

سورەتا ئەنفال نەخینن

به حسێ شەرێ ئوحد نەکەن

ناڤێ ئیسلامێ نەشکینن

ئەز شاهیدم دیدەڤانم

وان چەوا ئەم ئەنفال کرین

ب حوکمەکێ بێی چ حاکم

ئەوان ئەمێت بن ئاخ کری

وان نەدزانی کو بارزانی

پشتی مرنێ ب هێزترن

وان نەدزانی قورمێت بەروا

پشتی سوتنی گەرمترن

دول و شیڤێت ولاتی من

ل بیابانا بلندترن





هلو دایی کراسێ ڕەش

بکە کەنەفێت سێدارا

بکە دیارییێت ڕۆژا جەژنێ

فرێکە بۆ سەرێت زوردارا

دا بزانن دکتاتوری

هەتا سەر بو کەسێ نینە

دا بزانن خودان باوەر

تنی و تنی بارزانینە

عدنان هوستانی

**ئــــــــــــــەنفال...**

هەر بەرواریێ لەم وڵاتە

دیوەخانی یادی تاڵە

لە دوای هەموو ئاهەنگێکا

دێتە گوێمان دەنگی ناڵە

پێکەنین لە وڵاتی من

ڕێبوارێکی سەرگەردانە

قەت لە دڵا پێناکەنین

خۆ دوای ئەو هەر گریانە

نە وشەیەک نە ڕستەیەک

داخی دڵم سارێژ ناکا

دایکی شەهید نەبێ

هیچ کەس

لە ئازاری ئەنفال ناگا





هەشت هەزارمان ئەنفال کرا

ئامادەی بۆ سەدانی تر

بە مەرجێ داگیر نەکرێت

وڵاتی من جارێکی تر

عدنان هوستانی

**دایـــە منیش...**

منیش دایە وەک عاشقێك

جوتێ ئەڵقەی هاوسەرێتیم

لە گیرفان بوو

منیش دایە

وەکو شێتێک

نوشتەیەکم هە موو کاتێ

بۆ سەبووری لە سەر شان بوو

منیش دایە

بە بەڵێنێک

بۆ دزینی دڵی یارم

شانەیەکم بۆی هێنابوو

تەنها جارێک زوڵفی خاوی

بە دەستی من





شانە کرابوو

منیش دایە

سەعاتەکەم چرکە چرکە

لە چاوەڕێیی

ڕەوینەوەی ڕۆژگاری دابوو

چونکە یارم بۆ ئەو شەوە

بەڵێنی ماچی پێم دابوو

بەڵآم ئێدی

خەندەی لێوی شێتی لادێ

بۆ یەکەم جار بوو بە گریان

شانەی دەستم لە داخانا

قژی یارمی لێ هەڵوەران

نە ڕۆژگار خۆی ڕەویەوە

نە شەویشمان لێ بوو میوان

بای شەماڵی لادێکەشمان

بە یەکجاری بوو بە تۆفان

ئەمجارەیان ئەڵقەی من و هاوسەرەکەم

لە بیابان لێک ترازان

لە مێژوشا نوسرایەوە

جینۆسایدی خەڵکی بارزان





عدنان هوستانی

**ئە نفـــــــــــــــال**

نە هیچ دێرێك نە هۆنراوە

بەرگی ئەنفال ناکاتە بەر

تازە خەمی ٢٥ ساڵ

بە هەنسکێ نایەتە دەر

ئەیناسرمەوە شێوەی کوردە

ئێسك رزیو جلی دڕاو

دەست بە تەسبیح بۆ زکری خوا

فرمێسکی چاو وشك کراو

ئەمانە هەمووی بەڵگەو نیشانەن

گەورەیی کوردم بۆ ئەسەلمێنی

ئە و یاسایانەی ئەڵێن نا بۆ کورد

ڕەگ و ڕیشەیان لە بن دەردێنێ

هاوار کوردینە دەستی یەك بگرن

با ئەو ڕۆژانە نەبینینەوە

تا جارێکی تر لەم کوردستانە

بەرگی ڕەش و خەم نەپۆشینەوە





عدنان هوستانی

**دایکی شەهید**

جلی ڕەشت فڕێدە هەستە!!!!!!....

سەیرکە چۆن ڕۆڵەی تۆ لە سەر شانی پێشمەرگە

هەست بە ئارامی ئەکا...

سەیرکە چۆن ئەندازیار بە ماچ کردن

پێشوازی لە گەنجەکان ئەکا...

ئەمشەو هەرچی بوکی ساڵە

داوای هاوسەرەکەی ئەکا...

ئەمشەو منالی ساوا

هەست بە سۆزی باوکی ئەکا.

ئەمشەو خوشک پڕ بە دەمی هاوار ئەکا..

ئەمشەو دەنگی

حەوت تەبەقەی ئەم ئاسمانەش تێپەڕ ئەکا

داوای لێخۆشبون بۆ براکەی لە خوا ئەکا

ئەمشەو هەرچی بستە خاکە

داوای قوڵترین چاڵ ئەکا

تاکو ئەنفال لە سەر سنگی

خەوێکی قول بە ڕێ بکا







فەردین کەمانگەر

من فەردین کەمانگەر تەمەنم ٣٣ساڵە و دانیشتوی شاری سنە لە ڕۆژهەلاتم. کار و فرمانم ڕۆژنامەوانی و ئیستەش سەرنوسەری ڕۆژنامەیەکی فارسیم. لە تەمەنی ١٧ساڵاندا رووم لە ئەدەبیات و شیعر و چیروک کردوە و تاکوو ئێستا کۆمەڵە شیعریک و چیرۆکێکم ئامادەی چاپ بوونە. لە زوربەی بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی چالاکیم هەیە و توانیمە بە گەلەکم خزمەت بکەم.

فەردین کەمانگەر

## وڵاتی تراژدیا

لە مێژە دایکێک لە ئەم وڵاتە

چاوەڕوانی هاتنەوەی ڕۆڵێکەیە

زۆر جار سۆمای چاوانی

روو دەکات لە خۆر ئاوا

بۆنی غوربەت دەکات

هێشتا خولیای بۆنی کراسەکەی کەنعانە

ئاخرین نیگاکانی

لە تابلۆی ژوورەکەی داناوە

هە موو جارێک لەبەر چاویدایە

لە مێژە

مست بە مستی خاکی ئەم وڵاتە

لە بارزان و گەرمیان





لە هەڵەبجە و سەردەشت

لە ئێوارەی ساردی شار

لە شەوگاری تاریک

لە ڕۆژانی تەماوی شاردا

سەدان تابلۆ و بەناوی تراژدیا

لە دیرۆکی ئەم وڵاتە تۆمار کراوە

ئێرە شارێکە

کە مرۆڤەکانی پاوان کران

هاواریان بەرو شەفەق بوو

ئەی ڕەقیب بێ دەنگ مەبە

تابلۆیەکی خوێناویان خولقاند

ئێرە وڵاتێکە

زامێکی ناسوری لێیە

چاوەکان تارای ڕەشیان پۆشیوە

ئێرە هەر ئەو وڵاتەیە

چرکەکان بەرو پێش دەڕوات

بەڵام هێشتا خولیای ڕووناهیە

تامەزرۆی گاولکی بزەی پیکە نیکە لەر سەر

لێوی دایکی ڕەش پۆش

ئێرە وڵاتیکە

کۆمەڵ، کۆمەڵ لە خاک نێژران

ئێرە هەڵەبجەیە

هەزاران کۆتری سپی

کۆمەڵ، کۆمەڵ لە سەر شەقام

ڕەسمێکی جیهانیان خولقانە

کردیان بە تابلۆیەکی ماتەمین

ئێرە ئەو وڵاتەیە

خوێنی سوور

لە بن داری ئازادی ڕژاند

ئێرە وڵاتی





دیرۆک، مرۆڤ

ئاڵای

هەر شەکاوەیە



مەدیحە سۆفی





مەدیحە سۆفی

لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٠ لە شاری کەرکوك

خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی هەر لە شاری کەرکوك تەواوم کردووە. دەرچووی کۆلێژی کشتوکاڵ لە ساڵی ١٩٨٣ لە زانکۆی سەلاحەدین، وەکو ئەندازیاری کشتوکاڵی تا ١٩٩٥ لە شاری هەولێر کارم کردووە

لە ساڵی ١٩٩٥ وە دانیشتووی وڵاتی ئەڵمانیام.

لە ٢٠٠٧ بڕوانامەی ماستەرم لە بواری ژینگە لە زانکۆی بۆن لە ئەڵمانیا بەدەستهێناوە.

ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە بروکسل

ئەندامی کۆمیتەی ژینگە لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

هاوسەرۆکی ڕێکخراوی سەوزی ئەورووپی ـ کوردستانی

کتێبێك لە کۆکراوەی بەشێك شیعرەکانم بە ناوی( سورمێ)

بڵاوکراوە و نوسینم لە سایتەکان هەیە

ئێستاش کاری توێژینەوە لە بواری ژینگە دەکەم و بەردەوامم لە کاری ئەدەبی خۆم.

مەدیحە سۆفی

## سورمێ من و تۆ و سەداکان

### سەدای یەکەم

کە تاوە بارانێك دەبارێت
دەستنوێژ
بە جادەوشەقام دەشوات و
بۆنی خۆڵی ئەم خاکە
بەرەو درامای (گەرمیان) مان
دەبات
نوێژ بۆ ڕوحی
و هەزارەها سورمێ
و نیگامان
بەرەو لم وخۆڵ و دارمان
ئەچێ
بەرەو بەهار ڕامالین





گەڵا هەڵوەرین
وپایز بارین
بەرەو سورمێی ون و
تراژیدیایەکی بێ سەروبن
سورمێ کە تۆ مابووی
سەرلەبەیانی
هەموو جەژنێك
پێکەوە لە پەنادارێك
لە سەر سەکۆیەك
گریان دەهات و
چاوەکانمانی بەیادی
نوستووی گۆڕستانەکان
کلڕێژ دەکرد
دەگریاین وتامەزرۆی
جەژنە پیرۆزەی
ئازیزێك بووین
لەخوانی جەژن دابڕاو
لە دڵ نزیك و

دوور لە چاو
گریانێکی بەکوڵ
وەك گەردەلوول
لوولی دەداین
ئەمڕۆش لە دەلاقەی
زامێکی زۆر ئاشنا بە گیان
لە دەروازەی
تۆفانێکی ڕوو لە گەرمیان
تۆفانێك لە لمی بیابانێکی تینوو
تینوو بە ڕوحی
هەموو سورمێکان
گەرمیان و کوێستان و بادینان
تینوو بە ڕوحی
مریەمی پاش بیست ساڵ
لە گەردەلوولی ئەنفال
لمی بیابانێکی تینوو
بە زیندەچاڵی
خۆزگەی





نێو سینەی
هەزارەهای وەك
سورمێکەی من
سورمێ:
من لە نێو کەلێنی برینەکانتم
کاتێ شەو بە دەم هۆرەی
عەشقتەوە
ڕۆژ بەدەم کپکردنی
ناختەوە
هەگبەی ڕوحت
پڕ لە توێشووی ئارامی ئەکەی
من لە نێو گڕی چاوتم
کاتێ دەرفەتی گریان
بۆ تەنیایی دوا ئەخەی
تەنیاییەك وەکو سێبەری
ئارامییەکی دەربەدەر
سورمێ

تاوێك ژانم پێ بسپێرە
با خاکی ژێر پێت
بەرگەی هەگبەی
سەرشانت بگرێت
ساتێکی دوور لە هەنسکم
بۆ بژمێرە
با گریان وەك تاقانە
هەر سەری خۆی
بۆ تەنیایی هەڵنەگرێت
ئەی بۆ تەنهای!!!!!
ئەوە نییە هەر ڕوفاتەو
سەری ڕێزی
بۆ پەرلەمان دادەنەوێنیێ!!!
ئەوە نییە
هەر ئێسك و پروسکەو
بوونەتە قەڵەم
بەسەر کۆشك وتەلارا
دابەش ئەکرێ!!!





ئیمزای کوردستانی بوونی
کەرکوکی پێ ئەکرێ
ڕوفاتەکان
بوونەتە ئەمەك و
سوێندی پێ ئەخورێ
سورمێ بیرت دێ
سورمێ من و تۆ
تاوێك هەر من و تۆ
دەبووینە میوان
میوانی گریان
بۆ عیشقێکی ونی
سەر ئەم خاکە ونە
من و تۆ
وەك یەك و جارجار
یەك کەسین
بەرەو ژانی مەملەکەتی
تێکەڵبوونێکی ڕوح
هەڵئەشاخێین

مەملەکەتێك

بە تای تەرازووی

ئەم ناعەدالەتە

بەڵەد نییەو

لە هیچ

بنە پنچك ودەوەنێك

مێژووی نیە

مێژووی لەگەڵ ڕامالین و

لم بارین و

بەهار وەرین نییە

ئەو مەملەکەتەی

بەخشندەی خوایە

لە نێو ئەو ناخەی

پڕ لە سەدایە

سەدای ڕوحێك

نە لم ئە یبێژێ

نە خۆڵ ئەیکوژێ

نەگەردەلوول ڕایئەپێچێ





سورمێ

کە تۆ هاتی

بۆنی بەهارو حاجیلەو

ئاسمانێکی پڕ ئەستێرەو

سەبروسۆزت

بۆ من هێنا

کە ڕۆیشتی هەتا ئێستاش

قەڕنی چاوەڕوانی و

دۆزە دۆزەی ڕوحت

کردە پەنا

سورمێ

تۆ گڕی ڕۆژانەی

ڕوحێکی و دەتەوێ

کاروانی چەتەو ڕێگر

بپێکی

ئەو کاروانەی

زەنگوڵەی

ملی بەرخۆڵەکانیشی

## ڕاپێچی

هەناسەی کۆرپەو
چرۆی بەیبوونیشی
هەڵلوشی
ئەو کاروانەی
بە بنە گوێز و دار بی
نەوێرا
بە چاوی گەشی کانی
نەوێرا
بە خۆڵ و ڕەگ
نەوێرا
بە سبەینێی وەک ئەمڕۆ
نەوێرا
هات هەناسەی
سورمێکانی بە لم
داپۆشی
سورمێ
دەمێکە ئەتەوێ





## بدوێی

بدوێی وبدوێی
هۆرەی زامەکەنت
بچرپێنیتە گوێی
سوارەی سەر ئەسپەشێی
دوێنێ و ئەمڕۆت
ئەتەوێ باوەش
بەگریانێکی دەمێکە کپکردووی
ناختا بکات
سورمێ خۆ تۆ
نە گەڵای پایزی
نە بەفری کوێستانی
نەچرۆی بەهاری
نە ووشکە ساڵی
تۆ هیچیان نیت
تۆ تێکەڵەیەك
لە چوار وەرزەی تەمەنی
زامێکی بێ هەتوانی

دەشتی گەرمیانی

تۆ کراسی بوکێنی

لەبەر نەکراوو

خەنەی گیراوەی

لە دەست نەدراوو

چەپکێ گوڵی

دەسکەنە نەکراوی

تۆ تراژیدیای گەرمیانی

**سەدای دووەم**

لەمبەری زامەکانەوە

گەر لەبیرتان نەچووبێت...

چونکە کە زام لەسەر جەستەی خۆت نەبوو

چۆن ژانەکانی ڕوح ڕائەژەنێت؟

لەمبەر زامەکانەوە





دورگەیەکی دوور

وەك بنکەیەکی تەزیوی سەر سنوور

سەرنشینەکانی ڕەنگاوڕەنگ و

چەتری سەر هەمووشیان یەك ڕەنگ

ئاگرێك لەسەر سنووری

ئەو سنوورە تەزیوە

گڕەو عەشقەو سەبرەو زیوە

ئەو ئاگرەی لەوەتەی هەیە

هەر دوکەڵیمان هەڵمژیوە

هەر باوك و کوڕمان پێ بەخشیوە

هەر زیندانمان سەردان کردو

هەر قات وقڕی

ئێمەی کوردی

لە بەرنامەی خۆی نووسیوە

سورمێ وەرە.........

وەرە من ئەتکەم بە تاج

تاجێکی قەرنی دوور

تاجێکی سپی وەك بلوور

لە مێژوویەك بە قەد.........

داستان و بەسەرهاتەكەت

بەقەد تاڵەقژەسپێكان و

فرمێسكە شوشەییەكان و

گۆڕەبەكۆمەڵەكان و

شەهیدە بێگۆڕەكان و

لادێ ڕوخاوەكان و

كۆڕەوی بەهارەكان و

گەردیلە كیمیاویەكان و

پاكیزەفرۆشراوەكان و

یەك بەیەكی نسكۆكان و

سەرانسەری سەربەرزیەكان

پرۆسەئازادیەكان و

دانیشتنی پەرلەمان و

شەڕە بودجەكان و

شانۆی مادده بێ ژمارەكان و

ساوای پەنا برسیەكان

هەر بەو تاجەش.........





هێدی هێدی بەرەوخەونەكان  سەرئەكەوم

ئەو خەونانەی لە منداڵدانی

نێو ئەشكەوتەكانا

لە هەیئەی كەركوك و ........

لە ژێر زەمینە بێ یاساكانا

لە لادێ بێ جەژنەكانا

لە كوورەی ناخی دایكەكانا

لە نێو بیلبیلەی چاوی ساواكانا

لە بێزاری پایزی هەمیشە گەڵاڕێزانا

دەبینران

ئەو خەونانەش كە هێشتا دەبینرێن

سورمێ.........ئەزانم

پۆستاڵ لەپێكان

گریانێكی قووڵی كورتیان

بەباڵای ناختا بڕی

ملوانكە مرواریەكەی ملتیان

لەناكاو هەڵپچری

ئەو ملوانكەیەی

هەر دانەیەکی دیاری ژوانێک و
هەر ژوانێکی
نهێنی تاڵ و شیرینی داستانێك بوو
ئاخر پێم بڵێ سورمێ
تۆ لە کێ ئەچی؟
لە شازادە ئاڵتونیەکان؟
لە خاتوونی نێو باڵەخانەکان؟
لە خانمی نێو ئارایشگاو ئاهەنگەکان؟
لە ئەستێرەی هولیودەکان؟
لە ناسکۆڵە پەنجە شوشەییەکان؟
یا لەو خانمانە دەچیت
دیاری سەری ساڵیان
ڕۆژی لەدایکبوونیان
یا ڤالانتاین و یادی زەماوەندیان
پلیتێکی کۆنسێرت بێت؟
یا تەڵایەکی زۆر بەبەها؟
یا سەفەرێکی دووسەری دونیا؟
لەڕێی ئاسمان ودەریا





یا لە ئەوینێکی نوقومبووی ڕۆمانسیا
مەلەی باوەشی دڵنیایی دەکەن؟
ئاخر تۆ لە کێ دەچیت؟
یا لەو شازادەیە دەچیت
ساڵێك پێش زەماوەندەکەی
تەل وبێتەلی وڵاتەکەی
پاریس ودیزاینە نوێیەکەی
نێت وڕۆژنامەومانشێتەکەی
ژمارەی میوان ولیستەکەی
دەبنە ئەسیری بۆنەکەی
نا سورمێ
تۆ لە مردووی گۆڕستانە
پڕ لە چراخانەکانیش ناچیت
لە مردووی گۆڕستانە تاریکەکانیش ناچیت
تۆ تەنانەت سێرمۆنیەکی
لەش ساردی ژێرلمی بێ گۆڕستانی
تۆ هەنگاوێکی پێش پاکیزەکانی
تۆ هەر لە کەرکوك ئەچیت

هەردوکتان دۆش داماوی
ژێر چەتری چاوەڕوانی
وەکو گەڕەکە سەرلێشێواوەکانی
وەکو شەقامە تاریکەکانی
وەکو گەنجە دوودڵەکانی
وەک ساوا چاوگەشەکانی
نێو مەلعەبەکەو
جلە هەڵخراوەکانی سەر تەنافەکەو
مەکتەبی نێو جەمەلۆنەکەو
پۆلی خوێندنی نێو خێوەتەکە
تۆ لە گاگۆڵکەی ساواکەی
نێو چڵکاوەکەو
ژنانی هەڵقرچاوی بەر ئاگردانەکە دەچیت
سورمێ تۆ لەژانی قوڵی کەرکوك ئەچیت
تۆ هەر لەو درامایە دەچیت
ئەوان بە کۆمەڵێ ڕازونیازی پەلەقاژەکردوو
تۆش بە کۆمەڵێ خەونی خنکێنراو
ئەوان لەسەر خۆڵ و





تۆ بە خۆڵ کفنکراو
تۆ لە گەرمیان ئەچیت
گەرمیانێکی داماڵراو
لە خەندەو هەتاو
هەردوکتان
بە ڕوح برسی عەشقێکی تۆراون
سکاڵایەکی زیندووی بێ ناون
هەردوکتان سیمای دوو ئەستێرەن
شەو نیە لە تریفەی خۆتانا مەلە نەکەن
شەو نیە پەری ئاسا
لەگەڵ خوا قسە نەکەن
گەرمیان ئەڵێ:
لە زەماوەندی سورمێکەم
لە ڕەشبەڵەکی نێو دێیەکەم
دەشت و دەر پڕ بوو لە سوپا
هەر خۆی داوەتی سورمێی گێڕا
بەرەو ناو زیلی ڕاکێشا
سورمێ دەمێك بوو لە چاوەکانتا

دەنگێکی نابەڵەد لە دەروونتا
سەدایەکی بەر گوێ دەدا
تۆفانێك سەوڵی دەدا
دەدوا بە هەواری دەوت:
ئەبێ ڕۆژێك سۆزی پەنجەکانت
تاڵە تاڵەکانی ئەم ڕۆژگارەم
بە هۆرەی عەشق شانە بکات
تاسەم بە دیدەنیت شاد بێ
خەندەت ناخم پەی بکات؟
هەر ئەو تۆفانە بوو
ڕووی سەوڵی بەرەو کۆچ و
پسولەی پایز بوو
تۆ قەد کۆچت دیوە
چاوەڕوان بێت؟
مردووت دیوە
ئاوارە و چاو لەڕێ بێت؟
چاو پڕ لە لم و
بەتەما بێت؟





بینیوتە عەشق هەر ڕاو بکرێ و
لە پەنا بێت؟
سورمێ..........
تۆ لە هەموو کچە کوردێکی
عاشق بە وەفا دەچیت
تۆ لە هەموو کچە کوردێکی
ئاشنا بە کۆڕەو و پایز دەچیت
لە ئاشنای شەوی یەڵدای نێو ئەشکەوت و
مێرگ و باخی کوێستان دەچیت
سورمێ ئەزانم ئێستا
ڕوحت وێڵی عەشقی شارەکەتە
تامەزرۆی بینینی ئازادیتە
بەڵام توخوا سورمێ
با جارێ تەنیا جارێك
لە سروودی نێو پۆلەکان
لە هۆڵی پەرلەمان
لە پارك و یانەکان
لە یەکەم ساتی بەیانی جەژن و

لە لیژنەی داکۆکیەکان
نامەیەکی قرچەی نیشتمانت پێ بگات
با نیشتمان کتێبێکی مێژوو لە تۆ.........
بۆ وانەی ووردیلەکان چاپ بکات
با ئێمەی میراتگری ماڵئاواییتان
جارجار وەك میوانی خەونێکی ناتەواو
وەکو پایزێکی سەرلێشێواو
وەکو ڕێبوارێکی غەریبی شڵەژاو
لە نێو شیرین خەوا بتانبینین
توخوا سورمێ خۆ ناڵەی ئێوە
نەلەم عەرشە بەرینەو
نە لەم دڵە بچوکەی من
نەلەم شانۆ مۆدێرنەو
نە لەم ناخە پڕ لە شەوەی من
جێی نابێتەوە
سورمێ ئێمە کەسمان
میوانی زامی تۆ نین
ئێمە کەسمان گوێقوڵاغی ناڵەی تۆ نین





کەسمان عەشقی نیشتمان وەك تۆ ناناسین
سورمێ من و تو وەکو یەك و
جارجار یەك کەسین

**سەدای سێیەم**

سورمێ
بۆ بستێك خاک ئەگەڕێی
درامای ئەم تەمەنە کورتەت لە خۆ بگرێت
بۆ بستێک ناخ ئەگەڕێی
سەرخەوێکی تیادا بشکێنیت
وەرە ئەوە لایلایەی ڕوحم
ئەوە لق و پۆپی ناخی گڕگرتووم
ئەوە دەنگم ئەوە چاوی چاوەڕوانیم
بۆ دیداری برینێکت
کە سارێژ نابێت
ئەوە خۆزگەی تەمەنم
بۆ سمفۆنیایەك

کە قەد گوێم لێی نابێت

ئەوە چواروەرزەی ساڵێك

هەر پایزی دوای پایز دێت

سورمێ

بە نێو ڕوحتا گوزەر ئەکەم

بە نێو خەونەکانتا

ئەو خەونانەی

لە خەونیشدا بە دەگمەن ئەتبینی

با تاوێك نێو ڕوحی پڕ لە ناڵەت تەی بکەم

هەر لە ئێوارەیەکی ماتی عەشقی خۆر دەچێت

بۆ خۆرهەڵاتەکەی

هەر لە لاوانەوەی داپیرەیەکی دابڕاو ئەچێت

لە تەون و تەشییەکەی

سورمێ ناخت هەر لەو تارماییە دەچێت

لەدەوروخولی ڕوحتا

بە گژ تاریکیا دەچێت

هەر لەو نیگا و ساتە دەچیت

کاتێ هۆگری توانەوەی نێو چاوی ئەوینێك بێت





و نەتوێتەوە

هۆگری شەوانی یەڵدای تەنیایی بێت

و نەبڕێتەوە

لە سوێی زامێکی نێو ڕازی غەریبێك دەچیت و

لەگەڵ مۆسیقای ڕوحا

بکولێتەوە

تۆ کتێبی عیشقی خاکی

سورمێ بیرت دێت

درەخت و خۆڵ و

گەڵاو گوڵ و

بەفرو هەناسەمان تێکەڵ دەکرد

لە زستانا نێرگزی بەهارمان

بۆن دەکرد

دەمانکردە سونبولی ئازادی

لە کاتێکدا

قامچی و خوێن ماچی یەکیان دەکرد

دەمانکردە پەیامی عەشقێک

بۆ ئەمرۆیەك کە نەتدی

سورمێ
هەر لە سەدایەکی خنکێنراو دەچیت
عەرشی ئەمڕۆ دەهەژێنێت
یەك بەیەکمان دەپێکێت
دەستورێك بۆ هەر هەموومان
بۆ داهاتوومان
دەنووسێت
سورمێ
وەرە با دیسانەوە سەفەر بکەین
بەسەر باڵی عەشقێکی خوایی
هەتا ئەوسەری سنوری پاکی
سەفەرێکی تەنهای ئەبەدی
نەك بە نێو ژیانا........ بە کەناریا
بۆ مەنزڵگای دیدەنیەکی چاوەڕێ
ڕوح لە باوەشیا کپ ببێ
وەکو فریشتە چاو لێك بنێ
وەکو ساوای خەو ئازاد بێ
وەکو تینوویەك عەوداڵی ئاو بێ





سورمێ ئەم سەفەرە
سەفەری عەرعەرو حەمرین نیە
سەفەرێکی خەیاڵی من و تۆیە
دوو بە دوو هەردووکمان
لەگەڵ ڕازی کۆن و نوێمان
لە گەڵ هەگبەی پڕ داستانا
لەم مەملەکەتی چراخانە
بۆت دەدوێم و بۆم دەدوێی
داستان بە داستانەوە
خەون بە خەونەوە
شەو بە شەوەوە
دەریا بە دەریاوە
سوێ بە سوێوە
گڕێ دەدەین
نە نیگا ماندوو و نە چاو دەترووکێ
نە هەگبەکەشمان پێ بەتاڵ ئەکرێ
نە سنوورمان هەست پێ ئەکرێ
نە چاوەڕوانی ناخمان ئەپێکێ

نە پایز میوانە

نەژەندرمە سەیوانە

نە خۆشاردنەوەمان لە پۆستاڵ لەپێکانە

سورمێ ئەم سەفەرە

سەفەری هات و نەهات نیە

دڵەخورپێ و پریاسکەی سەرشان نیە

لەم سەفەرە ناگەڕێم بە شوێن

شوێن پێتا

ناگەڕێم بە شوێن کەزی نەکراوەو

تەوقەی پەرچەمتا

ناگەڕێم بە شوێن

ئێسك و پروسکتا

لەم سەفەرە

لە مانشێتی ڕۆژنامەو سایتەکان

ناگەڕێم

چەند گۆڕی بە کۆمەڵی تر؟

چەند چەپکە ڕێحانەی تر؟





چەند دەست و بازنی تر؟

چەند ڕازونیازی نەدرکاوی تر

چەند.. و ........ چەند و.... چەندی تر

دۆزرانەوە و هەڵدرانەوەو هێنرانەوە؟

سەفەری ئەم جارەمان

بە خەیاڵی بیست ساڵی پاش نەمان

چەند ساتێکی وەنەوشەیی ڕامان

ئۆقیانوس و کێشوەرەکان بۆمان ئەدوێن

شانۆو کۆنسێرت وئۆپێراکان

نمایش ئەکرێن

کەشتی و ترام و فرۆکە ونهێنیەکان

ئەتقۆزنەوە

سینەماو شانۆگەریەکان

بیرت ئەخەنەوە

بیرت ئەخەنەوە

ڕوح ئەبێ تێکەڵ بە جوانی بێت

تێکەڵ بە مۆسیقاو شەپۆل بێت

بۆ ساتەکانی ژوان باڵبگرێت

جار جاریش با میوانی گریان بێت

ئەبێ و ئەبێ و ئەبێ........

خوایە ئەم سەفەرە خەو نەبێ

ئەم ڕیبوارە سورمێ خۆی بێ

وەك خانمەكانی نێو كۆنسێرت بێ

بینەری شانۆیەكی شكسپیر بێ

ئەم قصیدەیە سەدای یەكەم و دووەم لە ساڵی ٢٠٠٩ نوسراوە و سەدای سێیەم لە ساڵی ٢٠١٠

Köln







هەرێم حەسەن

**هەرێم حەسەن**

- ناوی سیانی: هەرێم حەسەن قادر
- تەمەن: ٢٩ ساڵ
- شوێنی لەدایکبوون: قەڵادزێ
- بڕوانامە: دەرچووی پەیمانگا – بەشی ژمێریاری
- ناونیشانی ئێستا: عیراق _ کوردستان _ سلێمانی _ قەڵادزێ

ئیمێـــل: hawraz@hotmail.com
haremylawan83@yahoo.com

✍ لە ساڵی ( ١٩٩٩ ) دەستم کردووە بە نووسینی شیعر .

✍ بەرهەمەکانم :

١- کتێبێکی شیعری بە ناوی "نیگایەك بۆ ساتەکان" لەساڵی (٢٠٠٦) چاپکراوەو ١١٠ لاپەڕەیە .

٢- سی دییەکی شیعری بە ناوی "دووا هەناسەکانی عاشقێك" کە لەساڵی (٢٠٠٧) بڵاوکراوەتەوە لەسەر ئەرکی فەرهەنگخانەی قەڵادزێ .

٣- دووەم کتێبی شیعری بە ناوی "لەگەڵ تۆدا وشەکانم سەما دەکەن" لەساڵی (٢٠١٣) چاپکراوەو ١٤٠ لاپەڕەیە .





✍ ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە بەرهەمی شیعریم تێدا بڵاوکردۆتەوە :

- " ڕۆژنامەی کوردستان ، ڕۆژنامەی نۆژەن ، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان ، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ، ڕۆژنامە هاوڵاتی ، گۆڤاری چرپە ، گۆڤاری نیگا ، گۆڤاری قەڵادزێ ، گۆڤاری پشدەر، گۆڤاری هاوبەشی ... هیتر "

✍ کۆڕی تایبەت و کۆڕی هاوبەش :

- کۆڕی شیعری هاوبەش لە بەرواری"٢٠٠٢/٧/١٥"لە لایەن ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان/ سەنتەری قەڵادزێ.
- کۆڕی شیعری هاوبەش لە بەرواری"٢٠٠٤/٤/٢٤"لەلایەن ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان/سەنتەری قەڵادزێ بە بۆنەی یادی کارەسات و ڕاپەڕینی قەڵادزێ ( ١٩٧٤/٤/٢٤ - ١٩٨٢).
- کۆڕی شیعری تایبەت لە بەرواری"٢٠٠٦/٦/٤"لە لایەن فەرهەنگخانەی قەڵادزێ.
- کۆڕی شیعری هاوبەش لە بەرواری"٢٠٠٧/٧/٢٠"لە لایەن سەنتەری ڕۆشنبیری قەڵادزێ.
- کۆڕی شیعری تایبەت بە بۆنەی ڕۆژی ڤالانتاین ، لە بەرواری"٢٠٠٨/٢/١٤"، لە لایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە قەڵادزێ.

- **کۆڕی شیعری تایبەت لە بەرواری "٢٠١١/٧/٨"، لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر لە دارەتوو.**
- **کۆڕی شیعری هاوبەش لە بەرواری "٢٠١٣/٤/٢٤"، بە بۆنەی یادی کارەسات و ڕاپەڕینی قەڵادزێ ، لەلایەن یەکێتی نووسەرانی کورد/لقی سلێمانی .**

✍**بەشداریکردنم لە فێستیڤاڵی شیعر :**

- **بەشداریکردنم لە فێستیڤاڵی بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ نوێنەرایەتی قەڵادزێ ، لە بەرواری"٥-٦/٢/٢٠٠٦" کە تیایدا پلەی یەکەمم بە دەستهێنا.**
- **بەشداریکردنم لە فێستیڤاڵی (فانی) بۆ شیعر و چیرۆك لەلایەن سەنتەری ڕۆشنبیری ئاسۆس لە ڕانیە لە بەرواری " ١٦ - ٢٠٠٦/٥/١٨".**
- **بەشداریکردنم لە فێستیڤاڵی بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ لە ڕانیە بۆ شیعر و چیرۆك، لە بەرواری"١٩ - ٢٠٠٧/٥/٢٠ "، کە تیایدا پلەی دووەمم بەدەستهێنا.**
- **بەشداریکردنم لە فێستیڤاڵی ڕێکخراوی ئازادی لاوان لە سلێمانی بۆ شیعر و چیرۆك لەسەرئاستی کوردستان، لە بەرواری "٢٠-٢٠٠٩/٤/٢٢" .**
- **بەشداریکردنم لە فێستیڤاڵی شیعری یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەولێر لەسەرئاستی کوردستان بۆ لاوان.**





- **بەشداریکردنم لە فێستیڤاڵی(گوڵە هەنار)بۆ شیعر و چیرۆك لە هەڵەبجەی شەهید، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری هەڵەبجە، لە بەرواری " ٢ - ٢٠١٢/١٠/٥ " .**
- **بەشداریکردنم لە فێستیڤاڵی شیعری زانکۆی ڕاپەڕین/ فاکەڵتی قەڵادزێ، لە بەرواری " ٢٠١٢/١١/٢٥"**
- **بەشداریکردنم لە یەکەم فێستیڤاڵی شارەزوور بۆ شیعر و چیرۆك، لە هەڵەبجەی تازە، لەلایەن فەرمانگەی ڕۆشنبیری شارەزوور ، لە بەرواری " ٢٩ -٢٠١٣/٦/٣٠ " .**

هەرێم حەسەن

یادێک بۆ کارەسات و ڕاپەڕینی شارەکەم

هۆ قەڵا دژی دووژمنان
دەمەوێ خوێنی هەردوو "زێ"ت
پێناس بکەم..
نازانم لە کوێوە دەست پێبکەم
لە زمبی هێز و
دروستکەری بناغەی قەڵغانت
لە زانکۆی ڕۆحی داهێنان و
خوێنی ئاڵی لاشە سەربڕاوەکانت
لە کوێوە دەست پێ بکەم..
ئای چ داستانێکە!
سەرقەڵاتە سەرکەشەکەت
گردی حوسنی
دووا ترۆپکی سەرکەوتن و
چەمکی بوونت...
چ خەونێکە
"قەڵادزێ"کەم
زۆر دیکتاتۆر
دەمیان تێ نای
گۆشتت بوو بە ژەهرو
ئێسکت بە بەرد
چۆکت بە ناپاڵم و مۆڵۆتۆف دادا
بیست و چوار نەمام و
چوار ئینجانە





مژدانەم بەرێ
بە حەفتاو چوار گۆزەڵە
خوێنیان دەدەم
تا بینە هەشتاو دوو گوڵ و
لە سینگی دانیشتوانی ئەم شارەی بدەم...
دەزانی مێژوو لێت تورەم
بە ئارامی هەنگاو بنێ
پێیەکانت وەکو بزمار
بەسەر دڵمدا دەچەقێ
هێشتا دایکە ئامینە و خوشکە سنەوبەر
ئەم دروشمانەت بۆ دەڵێنەوە:
"بیست و چواری چوارە
جێ کەڵبەی سەگی هارە
گوللە و پەت و سێدارە
ناترسێنێ ئەم شارە..."
هۆخەڵکینە..
هێشتا گێژەنگی زانکۆ بێنازەکەی شارم
نەکرایەوە
هێشتا دیرۆکی خوێناوی
ئەحمەدی حاجی سابیر و ئەوانی تر
نەنووسرایەوە...
هێشتا مرۆڤە دڵ بریندارەکانی
ئەم شارە وێرانە
بێ خودانن
هێشتا خوێندکاران و گەنجان
سەرگەردانن

**ئیتر بەسە**
**هەنگاوی ئاوەدانی بنێن**
**بۆ "نامرێ"ی لانکەی شۆڕش و**
**بەرخۆدان**
**بۆ شاری بەعسی بەزێن و**
**دۆزەخ بەرامبەر دوژمنان**







سارا عەزیزی

من سارا عەزیزی، دانیشووتی وڵاتی کەنەدا، کۆنە پێشمەرگەی کۆمەڵە لە رۆژ هەڵاتی کوردستان بووم. ٢٤ ساڵە لە دەرێمە، بە ئەسل خەڵکی شاری سەردەشتم. کار و چالاکی من لە دەرەوەش کەم تا زۆر بەر دەوام بووە وەک کارکردن لە گەڵ رێکخراوی ژنانی کورد و فراکسیونی پەنابەران، بە سێ زمان تەسەلۆتی باشم هەیە کوردی، فارسی ئینگلیزی و ئەڵمانی و تورکیش دەزانم.
کاری حاڵی حازرم لە باخچەی مناڵان مامۆستام و هەروەها کاری تەرجوومە بۆ دوو زمانی کوردی و فارسی دەکەم بۆ ئەو کەسانە کە زمانی ئینگلیزی نازانن کاری وەرگێڕانیان بۆ دەکەم.
هەروەهاش شیعر دەنوسم.

Sara Azizi

Sardasht is a Kurdish city in Iran.it is located southwest of Lake Urmia sea. It lies in the West Azarbaijan province.It was the first city which civilians were attacked with chemical weapons by Saddam Hussein during the Iraq-Iran war

**In that day**

The city was restless

The sky could not breath

The Stars were silent

The trees were dancing with death

And the leaves were crying

The air was suffering of heavy smock

In that day even God was helpless

People were screaming, crawling and confusing

They were looking and searching for families





They never experienced such a horrible incidence

Women were die during the breast feeding

Children were die when they were playing

The city was paralyzed.

houses were demolished and panic was dominated

A part of city was bombing With the mustard gas bomb just

like Hiroshima.Yes Sardasht became an other Hiroshima

سارا عەزیزی

**لە ساڵ یادی هەڵەبجە**

ئەو رۆژە هەرزانترین شت مەرگ بوو
ئەو رۆژە گیانی مرۆڤ بێ بایەخترین کالا بوو
ئەسڵەن بە بەلاش بوو
.ئەو رۆژە مرۆڤ لەو شارە بە هەزار هەزار، وەک شۆرە بی
ملیان شۆڕ دەبۆوە.و تەنانەت زەویش لە خۆی نە دەگرتن
ئاخر زەوی خۆی ئاخرین ساتەکانی هەناسەکانی تێپەر دەکردن
دارەکانی سەمای مەرگیان دەکرد
کانیاوەکان یەکەم پێشوازی مەرگی نەحسی ئەو رۆژە بوون
چۆن
ئاو ناسکە و لە بەر ناسکی خۆی بە ناچاری بەرەوە مەرگ دەروا
ئەو رۆژە پێناسەی نیە سەیرە
ئەو رۆژە مرۆڤ لە ناو عەدەم دا گیری کرد بوو
خەلە بوو هیچ هەوایەک نەبوو
بێ دەرەتانێکی سەرەوەی تەواو بوون بوو
تەنانەت خوداش لە بێ دەسەلاتی خۆی شاردەبۆوە
ئاسمان بێ شەرمانە. بە فرۆکەکانی جەلاد ئیجازەی پێ دان
کە ئاوا بە قەباحەت و بەو پەری سامناکی و وەحشیگەری
شارێک قڕ کەن و قڕانی تێخەن
ئەو رۆژە هەر چی دەنگ بوو لە قورگدا خنکا
مناڵ. تێر لە شیری دایکی نەخوارد
مەرگی دایک و باب بە ناچاری ئیمزا کرا
ئەو رۆژە رۆژی حەشر بوو
رۆژی فەنا بوو





رۆژی ئاخرین تەرکی بێ ماڵ ئاوایی بوو
ئەو رۆژە شار مرد
هیچ فریای نەجاتی خۆی نە کەوت.
ئای بێشەرمەکان.
ئای ناپیاوانی رۆژگار
ئای جەلادەکان
ئای نەخۆشەکان
ئەو رۆژە پێناسە ناکرێ نا ناکرێ
ئەو رۆژە لە نامۆکان نامۆترە
بەڵام بەڵام
رۆژتان دێ
رۆژتان دێ
مێژوو دەتان نووسێتەوە و
تەفسیرتان دەکا
تەفسیرتان دەکا



هێمن بەرزنجی

لە ساڵی ١٩٨٠ لە بەرزنجە لە دایکبووە و ئێستاش دانیشتووی سلێمانیە.





**هێمن بەرزنجی**

**کۆشك وئێسقان**

کچێکی باوك ئەنفال
لە کۆشکێکی بەرزی ڕوانی
وتی :خوایە
سامان بۆ ئەو
منیش گەڕان بە شوێن ئێسقان
****

**لم**

کاسە سەرێك
پرسیاری کرد
کێ لە ئێمە بە وڵاتی
لم ئاشنایە؟
کێ وەکو من
لە زمانی مێرووەکان شارەزایە؟
کێ لە ئێوە بەر لە مردن ، گۆرستانی خۆی بینووە؟

کێ دواقسە و رازی دڵی

لە خاکی لمدا نووسیوە ؟

کاسەسەر هەر دەیپرسی؟؟؟

نە گوێگر بوو نە وەڵامێك

نە سۆز و بەزەیی خوا

نە تاوە ئەشکەبارانێك

کەسێك نەبوو ڕابوەستێ

بڵێ هەڵوێستە ویژدانێك

****

**فرە ناو**

شـــاریـــك چوار ناوی لێنرا

دڵ و

قـــودس و

تەئـــمیم و

کەرکووک و

وەلێ ئەفسوس

هیچ کەسێك بۆی نەکرا بە بووك

***





**هەڵەبجە**

گـەر دەپـرسی هـەڵەبـجە

چـۆن یـاد دەکرێتەوە

هەڵەبجە.........

بۆتە دەڕابەی دووکانێك

لە بەیانی شانزەی سێ دا

هەڵدەدرێتەوە

لـە ئـێوارەی حـەڤدەی

سێ دا دادەخرێت و

تـا ساڵێکی تر

ناکـریـتـەوە



**دیار جوامێر**

**دانیشتوی پیرەمەگرون**





دیارجوامێر

کوردانی ڕۆژئاوا

بۆ ئێوەی کوردی ئاوارەی لانە شێواو

بۆ ئێوەی کوردی ماڵ وێران و جەرگ سوتاو

لە وڵاتان دوور و دەرکراو

بەدەست تاغوتێکی بەد ناو

کە مناڵتان ئەبینین

بە بێ ماڵی

بە بێ حاڵی

بێ یاری خۆشی مناڵی

بێ هەڵگرتنی نازی

باوکی شەهید کراو

هەمووومان لێمان دێ

کزەی جەرگی هەناو

بەڵام شەوتان چەن درێژ و سەخت بێ

لێتان هەڵدێ پرشنگی جوانی هەتاو



ملاهندرێن بالیسانی **(إبن الشهیدین)**





**به ناوی خودا**

**من نا وم (هندرێن)ە كوڕی دووشەهیدی بالیسانم، لە ساڵی ١٩٨٣ لە گوندی بالیسان لە دایك بوومە.**

**لە (١٩٨٧/٤/١٦) ز كەوتمە بەركیمیابارانی یەكەمی بالیسان لەگەڵ خانەوادەكەم بریندداربووین، بەڵام رزگارمان بوو.**

**لە(١٩٨٨/٧/٣١)لە كیمیابارانی دووەمی (بالیسان)، بابم (جعفر) ودایكم (ئامینە) وتاكە خوشكەكەم (بەناز) شەهیدبوون،بێ برا وبێ كەســـــــــی وەك (تاقانەیەكی ئەنفال) لەم دونیایەدا مامەوە،**

**من وەكو كوڕە شەهیدێك توانیومە پەیمانگای زانستە ئیسلامیەكان لە هەولێر بە پلەی (زۆرباشە) تەواو بكەم ساڵی ٢٠٠٦.**

**كۆلیژی (زانستە ئیسلامیەكان،بەشی شەریعە)م لە زانكۆی سەلاحەددین بە پلەی (زۆرباشە) تەواوكردووەو پلەی (شەشەمم) بەدەست هێنا.**

**لە ساڵی ٢٠٠٥ وە لە شاری هەولێر (پێش نوێژو وتار خوێن)م تا كو ئێستا.**

**.ئێستاش كاندیدی تواناسازیم بۆ خوێندنی (ماستەر) لە دەرەوەی وڵات، بەڵام لە بەرئەوەی بەركەوتوی چەكی كیمیاویم پێویستم بە چارەسەری و چاودێری پزیشك هەیە تا ئێستا نەم توانیوە سەفەر بكەم و دەست بە خوێندنی ماستەر بكەم.**

**ملاهندرێن بالیسانی(إبن الشهیدین)**

**پێش نوێژو وتارخوێن- دارەتوو**

**( مەلاهەندرێن بالیسانی :کوڕی دووشەهید ) ( إبن الشهيدين )**

**ناڵەی ( دڵ ) بۆ خۆشەویستان** [(١)].

**هەر ئەوڕۆژەی ئێوە ڕۆین من و جیهێشت بەتەنیایی**
**خۆم ئەزانم چەند ناخۆشە لە دونیا ژیانی جودایی**
**ژیان تاڵە و پڕی ژەهرە بە بێ خوشك و بابە ودایە**
**وەك خونچە گوڵێكی پشکوتوو لە بیابانێ فڕێ درایە**
**........................بۆباوکی شەهیدم...............**
**ئای بابە گیان گەلێ زوو بوو ماڵ لێکردن کەی ئاوایە**
**غەم و پەژارە بۆ من بوو( إبن الشهيدين )بەتەنیایە**
**کۆرپەکەت زۆر غەریب ماوە ئەی پێشمەرگەی خاك و وولاَت**
**پلەی شەهیدی بۆ تۆ بوو خۆر لە ژیانی من هەڵ نەهات**
**...................بۆخوشکە بچکۆلەوبێ نازەکەم................**
**خوشکە ئازیزەکەم بەناز ناودارنەبووی زۆر بوی بێ ناز**
**دوو ساڵان بووی گوناهت چی بوو خوشکەکەم ئێوەن سەرفراز**
**ووشەی خوشکم قەت نەدرکا لەلای مندا بەم زووبانە**
**خوشك شەهید و برا نەبوو بەڕێزانم لەم ژیانە**

---

(١) دانانی ئەم شیعرە لە شەوو ڕۆژی دووشەممە دابوو بەرواری ٢٠٠٨/٤/١٤ بۆیادکردنەوەی کیمیابارانی (بالیسان وشێخ وەسان) لە کۆلیژی زانستە ئیسلامیەکان ی زانکۆی سەلاحەدین،وەیادکردنەوەکە لە ڕۆژی سێ شەممە ٢٠٠٨/٤/١٥ ئەنجام درا بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەقوتابی و خوێندکارانی کۆلیژەکەمان وکۆمەڵێك مامۆستای ڕێزدار،وەخوّم شعرەکەم خوێندەوە ئەوکاتە لە قۆناغی دووەمی بەشی شەریعەی کۆلیژەکەدابووم.





**باوەشی دایە بۆ تۆ بوو لە ژیان و شەهیدی و سووتان**
**لە باوەشی دایە نوستووی لەیەك گۆردان لە گۆڕستان**[(٢)]
**بۆدایکە ئازیزو خۆشەویستەکەم، کەنەم توانی لەژیانمدا پڕبەدڵ تەماشای بکەم........**
**............... دووری دایك .............**
**دایەم ڕۆیی نەما بۆمن نەباوەش ونەلای لایە**
**بێ بەش کرام لەو خۆشیەی خوا لە لای دایك داینایە**
**ئای دایە چەند لێم دووری بەلاَم چی بکەم تەقدیر وایە**
**ڕۆڵەت بێ کەسە لە دونیا بەبێ تۆ خۆشیم نەمایە**

**چەندە هاوار دەکەم دایە هۆدایە گیان هۆهۆ دایە**
**گوێ ڕادەگرم جوابم بدەی ئاخ چی بکەم دەنگت نایە**
**دەڵێم ئێستا دێیو دەڵێی هەندرێن ئەوە دایەت لایە**
**ئاخ نێوا نمان زۆر دوورە ئاواز و کۆتایی نایە**
**ئای دایەگیان یەکجار بڵێ ڕۆڵەی دایە**
**تا دڵخۆش بم بەم ووشە خۆشە لە فکری من دا نەمایە**
**من و تۆیان لە یەکتر کرد بێ ڕەحمانە لەم دونیایە**
**لە سۆزی تۆ بێ بەش کرام تا ڕۆڵەت لەم ژیانەدایە**
**خۆشەویستم دایەگیانم بۆت دەگریم و هاوار دەکەم**

---

(٢) ئەم تاکە خوشکەم کەناوی (بەناز)بوو بەتەمەن بچووك بوو لەژیاندا هۆگری باوەشی دایکم بووەو لەبەر بچووکی ودواتر لەکاتی شەهیدبوون بەچەکی کیمیا لەباوەشی دایکم بووە ودواترهەندێ لەجەستەی دایکم دەسووتێ بەنازی لەباوەش بووە،وەبەیەکەوە لەناو یەك گۆڕدا نیژراون.

**ڕۆژی جەژن چاوەڕێتم کوا نوقلاّنەو جەژنانەکەم- کوا نوقلاّنەو جەژنانەکەت**

**کوانیٚ ماچی دایکایەتی کوانیٚ دەنگت ئازیزەکەم**

**ئەی بۆ نایەی سەردانم بکەی تا بخەوین دایەگیانەکەم**

**شوێنەکەت بەردەوام چۆڵە هەتا دێی چاوەڕوانە کەم**

**تا مردنیش چاوەڕوانم بۆ دیدەنی گوڵە جوانەکەم**

........................ **( وەلاّمی دایك بۆڕۆڵەکەی )**............................

**دەی مالٚ ئاوا من وا ڕۆییم بەسە بنوو ئەی ڕۆڵەکەم**

**بابەس بیٚ غەم چی ترمەگری لێککراین چیبکەم داخەکەم**

**من هەر چاوم لە دوای تۆیە ڕۆڵە گیان لەناو قەبرەکەم**

**سەردانم بکە وەرە لامان بەبیٚ کەسی تاقانەکەم**

**ئەی سەروەران ئەی شەهیدانی خاکێکی پارچە کراو بەناڕەوایی**

**خوێنتان ڕژا بۆ کوردستان بەرزی کرد ئالاّی وەفایی**





**مەلاهەندرێن بالیسانی** ( ابن الشهيدين )

**کوڕی دووشەهیدی کیمیابارانی دووەمی( بالیسان )**

**( نیشتمانێکی بیٚ کەس )**

**ستەمێکی زۆرمان لێکرا جینۆساید ناونرا ( ئەنفال ) هەم کیمیایی**

**وێران کردنی گوند و شار هەموو مزگەوتی ئاوایی**

**کوردستانیان کاول کردین کرا یە دۆزەخی دونیایی**

**کوشتنی خەڵکی هەژارو زیندە بەچالٚ بەخۆرایی**

**دەر بەدەر بوون بیٚ جێکردن هەناسە ساردی و تەنیایی**

**بەشی خەڵکی ئەم خاکە بوو بە بیٚ هیچ فەرق و جیایی**

**ژینگە و خاکیشیان لیٚ تێکداین کوشتنی باڵندەی هەوایی**

**ووشك کردنی ڕەز و باغات بە جیٚ یان هێشت بە سووتایی**

**ئەم کارەساتە ناخۆشە بەشی ئێمە بوو ئەم بەهارە**

**ژیا نمان لێکرا بە دۆزەخ بە مندالٚ و ژن و خارە**

**دوا ڕۆژی مانگی تەمموزە هەم ساڵەکەی هەشتاو هەشتە**

**کیمیایی یە لە بالیسان وەکو هەڵە بجە بەد بەختە**

**کۆڕەك تازیەنامەی ئەنارد بۆشیشارەکەی سەربەرز**

**شۆپەو مۆتە و کلاّو قاسم ئەیان ووت هەر ئێمەین فەرز**

**بۆ یەکەم جارکیمیای لێدرا ئەم دۆڵە لەم کوردستانە**


**ئەوەی زۆر زەرەر مەند بووە شێخ وەسان وبالیسانە**

**دەگ ڕووی گشت ئەوانە رەش بیٚ کردیان ئەم جۆرە کارانە**

**ستەمیان لەم میللەتەکرد لە جیاتی گولٚ ژەهر بارانە**

**بەشێکی خاکمان ڕزگارە بەخوێنی ئەم سەروەرانە**

**کوردستا نمان ئالاّی بەرزە پاراستنی ئەرکمانە**



دەریا ڕەواندزی





## دەریا ڕەواندزی

دەریا ڕەواندزی لە ساڵی ١٩٨٩ لە شاری هەولێر لە دایک بوویمە، لە بنەماڵەیەکی خوێندەوار، باوکم مامۆستای بیرکاری، بوو لە قوتابخانەی ئامادەی کوردستان، دایکم بەشی مێژووی تەواو کردووە . ئەو کاتانەی کە تەمەنم ٧ ساڵان بوو کوردستانمان جێ هێشت ئەو کاتانەی کە ڕژێمی بەعس بریاری لە سێدەرەدانی بۆ باپیرم لەگەڵ مامەکانم دەرکرد، بەرەو تورکیا ڕۆیشتووین ، لە بەر زوڵم و زۆری بەعس، دوای ئەوە بە یارمەتی وولایەتە یەگرتووەکانی ئەمەریکا ناومان بۆ وولاتی کەنەدا دەرچوو ، لە کەنەدا ژیان بەسەر دەبەم ، توانیم بەشی ئامادەیی لەم وولاتە تەواو بکەم، وە زۆر لە ژیانم حەز بە مێژوو ئەکەم ، کە بەشێکی هەرەگرنگە ، وە هیوا ئەخوازم، کە تەمەنم رێگام بدات کە بۆ دکتۆرا لە بەشی مێژوو بخوێنم، زۆربەی کاتم لە ژیان، بە خوێندن لە زانکۆ، پەرتوکخانە بەسەر دەبەم، ماڵەوەش هەمیشە یارمەتیم ئەدەن، کەوا بەشێکی گەورەیان لە ژیانم پڕ کردۆتەوە، چونکە لە سەرەتا من زمانی کوردیم باش نەبوو ، بەڵام باوکم هاندەرمە.

دەریا رەواندزی

**ئەنفال**

لە زەمەنی ستەم و کوروزانەوە بۆ نان

لە سێبەری ئاسمانێکی خۆڵەمێشی

یادی ١٨٢٠٠٠ فریشتەی نێو کۆت و بەندی بیابان

بوەتە زایەڵەی هەمیشەیی گیانمان

ئەوە دەنگدانەوەی نزای پەپولەکان و

زرمەی پۆستاڵی بەعسیەکان یا قیژەی بایەقوشەکانە!

تۆبڵێی بێ باک بن لە هاتنی سپێدەی بەیان ؟!

ئەنفالەکەت ئەی زریان

دیاری بیابان بو بۆ هەڵۆکانی شاخ و

ئەشکی ئەبەدی بون بۆ روحە سپیەکان

لەم شەوە سامناکەدا گوێم لە ناڵەی منداڵانە

پۆشاکی ڕەش دەکەنە دیاری بۆ جیهان

ئێوە هێشتا سەنگی ژانی کۆستی هەڵەبجە نازانن





ئێوە هێشتا ئاسمانێکن لە ئاست ئێمە بێ باران

وێرای هەرەسی شۆڕشێک بزافی نوێ چرۆی کردو

مەچەکی بابان و بارزان

خەونی زڕی گەندەڵکارانیان هەڵوەران

زامەکانمان هێندە قوڵن

وەک هەورەکان دەگرمێنن

بۆ منداڵانی زیندە بە چاڵ لە بیابانی عەرعەردا

ئەشک لە چاوان دەڕژێنن

هۆ ژنە ماندوەکان ١٨ فریشتە فرۆشراوەکان

ئێوەی بێ نازی هاوسەر و دەزگیران

بێ بەش لەشیردانی رۆڵە

تارای سپیتان کردە دیاری

پرچی وەهمی نەوەکانتان

ئێوە بونە کۆتری سپی و هێمای ئاڵا بۆ نیشتمان

پیران و حەفیدو قازی سمکۆ و بارزان

ئاسودەنین تا نەگەڕێنەوە نیشتمان

دەریا رەواندزی

**شەهید**

نیوتن یاسای ڕاکێشانی دۆزیەوە

دەیان هەزار شەهید ، دەکەون

بێ ئەوەی جیهان یاسای مرۆڤایەتی ، بدۆزێتەوە

١

بینینی هەر تەرمێک

لە ناخەوە دەمهەژێنێ

دەرگای حەوشەکەمان

هەر بە کراوەیی جێ دێڵم

نە وەک شەو درەنگانێ

بگەڕێنەوە بۆ باوەشی فریشتەکان

٢

لەوەتەی رۆیشتوون

ماڵێکمان هەیە





لە چۆڵیی،

حەوشەیەکمان هەیە

لە تەنیایی

ژوورێکمان هەیە

لە دڵتەنگیی

باخێکمان هەیە

لە خەمناکیی

گۆرانییەکمان هەیە

لە بێدەنگیی

ئاوازێکمان هەیە

لە تاریکیی

ئاسمانێکمان هەیە

بۆ فرمێسک کۆکردنەوە

خاکێکمان هەیە بێ وولات

3

بەرگی ڕەش هەموو مرۆڤەکانی داپۆشیوە

خەم، دڵی هەموویانی داگیرکردوە

نازانن بۆ...؟

چونکە (جەنگ، کوشتن، فەنابوون)

هەموو جیهانی تەنیوە

خودایە ..جەنگ شکۆمەندیی و بەهاکان و میهرەبانیی

تێکشکاندوە و

شارەکانی بێدەنگ کردوە و

ماڵەکانی پڕ لە تەنیایی کردوە و

چاوەکانی بە چاوەڕوانیی سپاردوە و

ژیانی مرۆڤی بێ نرخ کردوە





دەریا ڕەواندزی

**بۆ باوکم**

بۆ ئەو مرۆڤەی،

هێندەی هەموو دونیا

خۆشم ویستووەو خۆشم دەوێ

کەچی ئێستا... بەبێ ویستی

ماڵئاوایم لێ دەکا

٢

من دڵنیام...

ئەگەر جێم نەهێڵێت

ژیان ڕەنگین تر

ئاسمان شین تر

خەو شیرین تر

دەریا ئارام تر دەبوو

٣

دەزانم کاتێك بەبێ ویستت

چارەنوس یاخەی گرتی

ویستی تۆ نەبوو

تەنها دەستم بگری و

بە زەردەخەنەیەك

ماڵئاوایم لێ بکەی...

٤

جارێکی تر...

دەستم بگرە

دەستەکانی تۆ...

بەرائەتیان لێ دەتکێ

کەچی ئەمڕۆ...

چارەنوس بەرەو

جەنگت دەبات





دەستم بگرە

گەرنا هیچ شەوێك

چاوەکانم بەبێ تۆ

خەو نایانباتەوە!

٥

ئەگەر دەستم بگری و

فرمێسکەکانت بێنە خوار

بینینی هەر فرمێسکێ

لەناخەوە دەمهەژێنێ

٦

گەر دەستم بگری و

جارێکی دەنگی تۆ نەبیستمەوە

بەمناڵی و گەورە بوونم

ڕا نایەم و

دەرگای حەوشەکەمان

هەر بە کراوەیی جێدەهێڵم

نەوەك شەو درەنگانێ

بگەڕێیتەوەو

هێزی هاتنە ژوورەوەت نەبێ.

٧

گەر هاتیەوە

جەستەت شەکەت

بێ هەست..بێ ڕەنگ..بێ دەنگ

هەر خۆم دەبم

بەهێزو تین

هەر خۆم دەبم

بە هەست و ڕەنگ و دەنگ

هاوار دەکەم

دایکی میهرەبان

جەنگ تەواو بوو





جەستەم سورو

هەستم بریندار

ڕەنگ بزرکاو

زمانم بێ وشە

جەستەی سڕت توند دەگرم بەخۆم و

پڕ بەدەنگم هاوار دەکەم

تۆ ئەی باوکی مەزنم

ئەو وشە فەلسەفەیەی

هیچ فەیلەسوفێک

ناتوانێ تەفسیری دابڕان و جودایی

تۆ بکات

تۆ ئەو باوکەی هیچ زانایەك

ناتوانێ شوێن پێی تۆ

شیکار بکات

ئەی باوکی میهرەبانم

تۆ ئەو سەربازەی

هیچ پاڵەوانێک ناتوانێ

خۆی لە گەڵ تۆ بەراورد بکات

٨

لەوەتەی ڕۆیشتووی

ماڵێکمان هەیە

لەچۆڵی،

حەوشەیەکمان هەیە

لەتەنیایی

ژوورێکمان هەیە

لەدڵتەنگی

باخێکمان هەیە

لەخەمناکی

گۆرانیەکمان هەیە

لەبێ دەنگی





ئاوازێکمان هەیە

لەتاریکی

ئاسمانێکمان هەیە

بۆ فرمێسك کۆکردنەوە

دنیایەکمان هەیە

بەبێ باوك

٩

ناگەڕێیتەوە...

چاوەڕوانی ڕژاوەتە

هەموو سوچێکی شار

بەرگی ڕەش هەموو مرۆڤەکانی داپۆشیوە

خەم، دڵی هەموویانی داگیرکردوە

نازانن بۆ...؟

چونکە (جەنگ، کوشتن، فەنابوون)

هەموو جیهانی تەنیوە

خودایە...

جەنگ شکۆمەندی و بەهاکان و میهرەبانی

تێکشکاندووەو

شارەکانی بێدەنگ کردوەو

ماڵەکانی پڕ لەتەنیایی کردوەو

چاوەکانی بە چاوەڕوانی سپاردوەو

ژیانی مرۆڤی بێ نرخ کردوە

١٠

دەبێ لەجەنگ کێ براوە بێ

کاتێك مرۆڤەکان

لەناو دەچن

خاك چ سودێکی هەیە

کە هەموومان بەجێی دەهێڵین

هەموو کات چاوەڕوانین

دەنگی دەرگا بێ و





بزانین کەسەکانمان دەگەڕێنەوە

یان لاشەی سڕیان دێتەوە.

١١

باوکم هیچ کات

چارەنوس چەکی پێدا

ئێستاش بەم تەمەنەوە

چاوەڕوانم دەستم بگرێت و

بگەڕێتەوە

دایکم هەر گۆرانیە بێدەنگەکان

بەفرمێسکی چاو دەچڕێ و

باوکم هەر نەگەڕایەوە.!

دەریا ڕەواندزی

**ئازادی**

١

ئەی چارەنوس،

لێم گەڕێ

پشوویەك بدەم

با شەپۆلەكانی ناخم

بۆ خۆشبەختی و

ئازادی مرۆڤایەتی بێ

با هەناسەم

لەسەر كەشتی دادپەروەری بێ

نامەوێ تیژ ڕەو بم

لەو كاتانەی ناسكی ناخم

دەنگی باڵندەیەك دەبیستێ

حەز دەكەم





بەهەموو جیهان پەرت ببم

بۆ ئاسودەیی و ئازادی

مرۆڤەكان

٢

لەناخمدا

...مەشخەڵێكی ئاسمانی هەیە

دڵۆپەكانی خوێنم

دەسوتێنێ و

تەواوی ترپەكانی دڵم

نوێژێكە

لەپێناوی ئازادی مرۆڤایەتی.

٣

هەموو ڕۆژێك

لەبەر دەرگا دەوەستم

حەز دەكەم

گوڵی سەربەستی

لەسینەی

مرۆڤی ئازادیخواز بدەم

عەتری دنیا کۆکەمەوە

جیهان بەخۆشەویستی و ئازادی

مەست کەم

دەنگی مرۆڤی ئازاد

لەهەموو ماڵێك بەرز ببێتەوەو

ئاسمان پڕ بێ

لەئازادی و خۆشەویستی

ئەو کات...

دەستی تۆ دەگرم و

وەك باڵندە

بەرز دەفڕین و

دەگەین بەخۆری ئازادی





٤

بێدەنگ نابم

لەئاست زوڵم و ستەم

وا دەبێنم

ئەو دایکانەی،

دەستیان خستۆتە سەر دڵیان

چاوەڕوانن جەنگ تەواو بێ و

کوڕە تاقانەکان بگەڕێنەوە

هاوار دەکەم

من شەپۆلی دەریای گەلم

یاخی دەبم

کەشتی زوڵم و ستەمکاران

سەرو ژوور دەکەم

تاقانەکان دەهێنمەوەو

خۆشەویستەکان شاد دەکەمەوە

ئازادی بۆ مرۆڤەکان دەسێنمەوە

ئا منم دەریا گەل و نیشتمان

سنورەکان تێکدەشکێنم

ئاگری شەڕ کپ دەکەم و

خۆشبەختی دەبەخشمەوە

بەتەواوی ماڵەکان

٥

نارۆمەوەو

چرکەکانی جەنگ دەژمێرم

زوڵم و ستەمەکانتان دەپێچمەوە

گریانی مناڵەکان

لەزیندانی چاوەڕوانی

دەردێنم و

بەسەر پشتی "با" وە دێم

ئازادیتان بۆ دێنم





لەگەڵ باران ئاوێتە دەبم

زوڵم و ستەم

بەشەپۆلی فرمێسکەکان

دەڕوخێنم

یاخی دەبم

دەمامکی زاڵمەکان

هەڵدەدەمەوە

ناوی نیشتمان دەگۆڕم

بەناوی دایکی میهرەبان

٦

هەموو کات

تکا لەخودام دەکەم

لەنێو پێخەڤەکەم نەمرم

زۆر حەز دەکەم

لەمەیدانی جەنگدا

خوێنم لێ بچۆڕێ
بۆ ئازادی و خۆشەویستی
با تەمەنم کۆتایی بێ
شکۆمەند بم
بەئارامی و ئاسودەیی
لە ڕێگای عیشق و ئازادی

٧

ئەی چارەنووس
تۆ پێم بڵێ
مردنێکی وا شکۆمەند
چاوەڕوانیم دەکات
یاخود
بەشێوەیەك دەمرم
پێخەفەکەم
لێم بێزار بێ؟





بێدەنگ نابم
هەر دێمە دەنگ
دژی جەنگ و زوڵم و ستەم
گەر ئێوارەیەك
وەك مەسیح
بەرەو
لەخاچدانم بەرن
پەشیمان نابم
با لەخاچم دەن
شکۆمەندم
سەربەرزم
گەر لە ڕێگای ئازادی و
مرۆڤایەتی بمرم!.



## سەنگەر کوچبەر

ئەز( سەنگەر سەفەر قاسم)م ژدایكبوویێ ١٩٨٦ ل گوندێ شاریا و نۆكە ئاكنجیمە ل گۆمەلگەها شاریا و ل سالا ٢٠٠٤ من دەست ب نڤیسینا هەلبەستێ كریە من دوو پەرتووكێت هەین ب ناڤێن (كۆچبەرەكم و دووماهیك سەرەدان)، هەروەسا من پشكداری د پەرتووكا (گولبژێرەك ژ هەلبەستێت گرۆپێ هۆزان و هۆزانڤانێت ئێزدیا )دا كریە ب چار هەلبەستاو هەر وەسا سیدیەكا هەڤپشك ژ نەە تراكان پێك دهات شەش هەلبەستێن من بوون بناڤێ (نێچیرڤانێ دلا) و هەروەسا من گەلەك پشكداری د گۆڤاران دا كریە مینا( چریسك و قەپاغ و شێخان) و هەروەسا درۆژنامێن (وار و شارستانیەت و دەنگێ لالش) و پشكداری دكۆرێن هەلبەست خواندنێ ل ڤان دەڤەرا(شاریا و سێمێل و دهۆك و خانك و مەهەت و كەلەكجی سەرسنك) دا كریە.





سەنگەر کوچبەر

### ڕۆژەکا ڕەش

دو هی...

بەهار بوو

باخچێت مە د خەملی بوون و

ژیان

ب جوانیا وان دگرنژی و

ل بەر دەنگێ

چووچك و بلبلا

بۆ وێ كێفەراتا ژینێ

خۆشی و شادی

ل ئەسمانێ مە ژدایك دبوون

سروشت

پێ مەندەهۆش دبوو

ژدەنگێ كەنیا زارۆكێن مە

دۆل و چیا پر دبوون

ب جوانیا دیمەنێ

کارێ کالە مێرێن وارێ مە

کانیکێن چاڤێت مە

ژ فرمێسکا تژی

هەتا...

رووەك و گیانەوەرێن مەژی

ژڤێ ئازادیێ تێر نەدبوون

بەلێ

ئەڤرۆ...

ب سەر وان دا هات

پایزەکا بار گران

سروشت

بوو دەشتەکا هشك و بەیار

ژبەرکوو...

ل سەر ئێورگەها وان

ل هەلەپچا من





دبتە کیمیاباران

ئەو بەهشتا بچووك

کرە مەزنترین دۆژەه

ژبۆ وان

دخەونا خۆدا

ژ هاتنا بەهارێ دترسم

نە کوو دووبارە بت

ئەڤ تاوان

دڤێ ڕۆژا ڕەش دا

مەزنترین برین

دجانێ من دا

هاتە چاندن و

دژوارترین سرشك

هاتنە ژ دایك بوون و

رێتن



مێڤان دلسۆز

**خەڵکێ شارێ ئاکرێ**





مێڤان دلسۆز

## کوردستان

***

هـــــــەتا نوکە کەس نەشیایە

تیشکێت ڕۆژێ ژ ڕۆژێ ڤـــەکەت

ماکی دێ شێت ڤی کاری کەت

کوردا ژ کوردستانێ ڤـــەکەت

********

کی باوردکر دێ ژینەڤـــــــە

جارەکادی ل کـــــــــوردستانێ

بەلاڤ کـــــربوین ل دوونیایێ

بێ دایـــــك و باب ل جیهانێ

********

گەلەك لمەچون بێ هـەژمار

بێ سەر و شوین ب هـــزار

بن ئاخ کــرن ئەنفال کـرن

ئەو زالمـــــــێ ستەم کار

********

خالك دابەش کر چــوار ئاليا

روی رەشی کر يا وان دڤيا

خراپ کــرن وێران کـــــرن

بێ راوەستيان هندی شيان

********

نەخشە دانابول بەغـدایێ

کوردا نەهــێلن دوونيایێ

مـا وان نەدزانی ئەم کينە

نەڤيێت قــازی و بارزانينە

********

بوکوردستانێ هەر مرينە

روح پێشکێش و ڤيداينە





شورەش گـێر و کاوەينە

مريدێت ئەڤێ خاکێينە

********

سەلاحەدينێ ئـەيوبی

هەمی دزانن ئەو يێ کوردبی

کوردستانێ دێ هەرهەبی

دوژمن سەدجار هندی تەبی


********

توی مەلبەنداخەبات گێرا

وارێ عەگيد و پلنگ وشێرا

کوردستانێ هـندی هەبم

خـزمەتکارێ ناڤێ تەبم



کەریم ڕۆژ





کەریم ڕۆژ

**جینۆساید کردنمان**

ئەرێ ئێوە دڕندەبون یا ڕەگەزی لە دایک نەبوی

لە ویژدانی مرۆڤ نەچوی

بیابان و جەنگەڵستان

چۆن خەسڵەتی مرۆڤ بونتان ڕێگەی پێدان

بە نێزەی ژهراوی ڕقتان

ورگی منداڵان هەڵدڕن دور لەیاساو ڕێسای مرۆڤ ژن و منداڵمان سەربڕن

ئێوەی وێنەی

ئاژەڵ نەبوو لە ڕەگەزی مرۆڤ نەچو

ئەوەی کە هەرگیز ناکرێ

ئێوە کردتان بە کوردستان

دارو درەخت .. کارێز و کانیشتان تاسان

کۆمەڵکوژی و کیمیا باران

پەڵەی مێژویەکی ڕەشن

لە ناخی گشت منداڵانمان پشکۆی گەشن

بە روخساری ئێوەی ئاژەڵ

بە نێو چاوی سوڕەتەکەی ئەنفالەوە

ڕسواییتا هێنا ئێوە

....بەسەر دینی ئیسلامەو!





کەریم ڕۆژ

**نەژاد پەرستانی جیهان**

شەرمەزارن لە ڕەفتاری

ڕابردویان!..

نەژاد پەرستانی عەرەب

هێشتا وەکو چاخی بەردین

بێ کوشتارو.. ئەنفال ناژین

لە سەر نەریتی( مێ ) ناشتن

..ئاساییە مرۆڤ کوشتن

بێ بەش لە خەسڵەتی ئینسان

سورن لەسەر ( قڕ کردنمان)

کاتێ کە ئەوان وەهابن. .

شایستە نین قەت برابن ؟!

*

نەژاد پەرستانی عەرەب..

دژی یەزدان و ..ئیمانن

دڕندەترین.. ئینسانن

هێندە لە ویژدان بێ بەرین

کامانەیان ڕۆشنبیرن.. یا زۆر ژیرن

وەک مانگای شیت

ئاساییە..

خۆی مین ڕێژی کات بۆ بەری پێت!..

*

هاو ئاینی ..تورکمانی ڕەگەز پەرست

دەناڵێنن بە نەخۆشی

کەمالستی بێ هۆش وهەست

یەکەم بیری داهێنانیان..

بۆ خزمەتی نەوەی ئینسان

جینۆساید و قڕکردنی ئێمەو ئەرمەن

تاکو ئێستاش..





ئێمە تورکی چیایین و

ئەوان دیکتاتۆری ڕەسەن!

گەر ئێمەی کورد

پێکرا وەکو برا نەبین..

ئێدی .. شایستە نین بژین

کەریم ڕۆژ

**لاوک**

**(چەمەری)**

دەلۆلۆ دەلێلێ دەلێلێ

گەردەلولی بیابانی،عەرەبانێ

بەخوێندنی ئایەتەکانی قورئانێ

هەڵی کرد بۆ کوردستانێ

بۆ قڕکردنی کوردانێ

بونە چاوساغ

زۆڵە کوردی خۆ فرۆشانی

دەلۆلۆ دەلێلێ دەلێلێ

*

روخاندیان مزگەفتێ سوتاندیان قورئانێ

پیاوانیان کوشت ،

کیژانیان بۆ خۆیان فرۆشت





لە عەرەبستانێ

پیرەژن و پیرە مێردان برانە نوگرە سەلمانێ

دەلۆلۆ دەلێلێ دەلێلێ

*

ئەو بەهەشتەی کوردستانێ

بەدەستی عەرەب وجاشانێ

بوە خاپورو وێرانێ

وەک بیابانی عەرەبستانێ

دەلۆلۆدەلۆ، دەلێلێ دەلێلێ

*

برانە گەلی برادەرینە

ئەوەی ئەورۆ دەرزی ئاژەنی برینی

پڕلە خەم و پڕلە ژانی

ئەنفال وکیمیا بارانن

پێچەوانەی یاساو رێسای کوردایەتی

هێشتا زۆرێک لەو جاشانە

پیاو ماقوڵ و زمان درێژی دیوەخانن؟!

دەلۆلۆ دەلۆلۆ دەلۆلۆ

دەلێلێ دەلێلێ

دەلێلی

شۆرشگێرێن کوردستانێ

لۆ ناگەڕێن ژ بۆ مەرهەمێ دەرمانێ

لۆ تیماری برینانێ

ئەنفال و کیمیا بارانێ

دەلۆلۆ دەلۆلۆ دەلیلی دەلیلی...





کەریم ڕۆژ

**چاوەڕوانی!...**

کەی دیێتەوە...

لەوکاتەوەی لەگەڵ رەوی پاساریەکان

کۆچت کردو بۆخچەی هیوای

(شارەزور و هەورامان گەرمیان) ت کردەشان و

بە (خۆرنەوەزان) نا هەڵزنای بەرەو ئاسمان

و ئاوازەکێ د ژنن و د بیژن
ئیرۆ ئەزێ پەیڤێن سار وێ
ئاوازێ ژ وەره بیژم
شنگالا شوتێ..
نا ب نفرێن نابێ نوح
و ئاکرێ منجنیقێ شوتێ...نا نا
و نا ب ئاگرێ فرمانه
قارجێ قایێ خان شوتێ
جاغێ ب سەده زەروك
و خورت و پیر و کالا کوشتین
ماڵ تالان و ویرانکرین...نا نا نا
نا بڤی ئاگر شوتێ..
شنگالا شوتێ





نا ب ئاگرێ فرمانه حسن باش شوتێ
وەغتی کورین هار دکەڤن
سیم و مەخلێ بێ سده
وان کافر و زالمه
ئیریش رەگرن
ب سار شنگالی ده
گەلك جامێر و مێر خاس
و خوش مێر کوشتن
کەفتنه ناف عەرز و عەیالادا
لێ شنگال نا ب ڤی ئاگرێ ژێ شوتێ...نا نا نا
شنگالا شوتێ
نا ب ئاگرێ فرمانه علی پاشا
و محمد پاشا الجلیلی ژێ شوتێ
جاغێ لشکەرێ وان
هاتی ژ باکورێ شنگالی ڤه
و عرب هاتن ژ بەشورفه
وان نەتو سزه
ملەتێ شنگال رەزیلکرین
لی شنگال نا ب ڤی ئاگرێ
ژێ شوتێ... نا نا نا
شنگالا شوتێ
نا ب ئاگرێ فرمانه حەفت پاشا شوتێ
وەغتێ ملەتێ شنگالی
کەفتن گەلی و زنارا
ئەشکەفت و مغەرا
وان دوژمنی

دین و ئول و زمانی مە
دخان بەردەین ڤی چیایێ دا
ب سەدا بی گونهی گوشتین
لێ شنگال نا ب ڤی ئاگرێ ژێ شوتێ..نا نا نا
شنگالا شوتێ
نا ب ئاگرێ فرمانە و تالانە شوتێ ..نا نا نا
و نا ب ئاگرێ زلم و زورداری ژێ شوتێ ...نا
و ناب ئاگرێ بەلەنگازێ و هژارێ شوتێ..نا
شنگالا شوتێ
بتنێ ب ئاگرێ
عەشق و ڤیانا ئاشتیێ و ئازادیێ
شوتێ و هەر ما شوتێ...
شنگالا شوتێ...







سەحەر موعێزی

خەڵک و دانیشتووی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە
لە دایکبووی ساڵی ٢٦٨١ کوردی.
کاری نوسین و وەرگێڕانی کوردی دەکات.
لە سنە وانەبێژی وانەی کوردییە.
چەند کاری منداڵانیش چاپکراون و ئامادەیی چاپن.

سەحەر موعێزی

## فێرگە

تازە شەبەق زەنگی لێدانی زڕا بوو

دەورم پڕ بوو لە وردە وشە و

ژووری هەستم لە زریوەی زەردەی بەیان

لووزەوی شیعری کازیوەم

لە تارمایی بێ هێزی ژووری ڕەشپۆش و

سەرهەڵدانی ماچە ڕۆژی واتاکان

لە سەر سنگی سپی ڕەشنووسمەوە ناسی

کە ڕوانیم کێوەخەمی وشە کاڵێ

ئەمڕۆ گۆنای زەردی هەرد و

گوڵە مووروووی یاڵی قژیەتی عەشقی

نەچنیوەتەوە ملوێنکە و





به بێ لاوک

شوانە پەنجەی لە بەر خۆرەوە برژاوی

لە کراسە کورتە شیعرەکەی هەڵپێکاوە و

بەرانبەرم هۆنیاوەتەوە

لە بارمتەی قورسی کۆڵی زک خاڵیدا

گچکە پرسیاری وەڵام ون

قاچێکی لە لای "مین"ی ورگن داناوە و

شانی لە شانی دڵ کپی شێداری دیوەکەمەوە

تاقە پێڵاوی قیرینی، سڵ لە هەڕەشەی خۆر ئەکەن

کچە ئاخی خۆزگە بێوەژن هاتە دەنگ و:

من لە خۆبڕینی چەقۆیەکەوە هەڵاتووم

کە بۆ کول بوونی دروشمی شەرەفی

دایکم لە هەوێشخانی تانەدا

گڕی لە جەستەی هاواری بێشەرمی بەرداوە

بە بێ چڕینی هیچ دەنگێ

کورتە پەخشانی باخی کەسکە بێوەری

کە شێوەی لە بەڕووی برژاوی ناو سکڵەخەم ئەچوو

سەرقامکی ئەو وشەی دەمژی

لە بژاری ژانێکەوە قەڵشی بردبوو

ژانی ڕوو زەردی مەڕاقی

لە ئازاریەوە رۆچووبوو

بێقەراری خۆڕسکی ئەوینێک

کە هاوسکی ئارامە فرمێسکی شەو بوو

لە سەر و کۆڵی تەلبەندی یادمەوە هەڵدەزنی و

بۆ بەر پێی دەخلیسکایەوە

نازانم دیواری ماتی فێرگە ئەمرۆ





بۆ پشتی بۆی نەوی نەبوو؟

ئاوەڵناوی ڕووتی عازەبە شەرمێک

کراسێکی هەنێسک دۆز و

سوخمە زامێکی گوڵگوڵی لە بەرابوو

پەلکە وەڕەزەکانی ویستی

کە بە هەودای هەڕەشەی کاکیەوە بەستبووی

بە قامکیەوە دەئاڵی و

لە زمانی کیژە ناوی غەریبەوە

خۆفێکی هێنایە دەنگ و پێی وتم:

_دایکی زاوا بۆ کوڕە ناوێکی ناسراو و

لە دووری گوێزەوانەی نیشانەکانیەوە

لێی خافڵ بوون و وا ئەویش

لە ژووری وەکوو ڕستەوە هاتە دەرێ

بوو بە دابڕی باسەکە

پرمە کرداری مەلۆتکەی نەرێنیەک:

منیش لە ئەستێرە پڕووزی ئەمشەوا

لە تەرمی تریفەی خەیاڵی شاعیرێکا

دایکم بە سەر سکەوە چوو و

ئەمنیش وا بە کاڵکەنی

بوومە ئەرێ و نەرێی خەونێک

وشەی زیایی لە برِوای ناندا وتی:

خۆ منیش لە دەستەواژەی ناڕێکی برسیەتیدا

بوومە ئازارێکی زەق و

لە ڕستەدا نزا دەرکرام

تا شیعرە ژیانی بەندەیی

بە منەوە ناحەز نەبێ





ڕابردووی کات ناتەواوی پۆلەکەم

سەرپۆشێکی نەودڵانەی لە مانادا و

زڵلەیەکی بێ دڵانەی لە لاگوپ بوو

لە کن کاتی سەرشێتم

کە جێی شکانی چێژی منداڵی

لە سەری ماکینە کراویەوە دیار بوو

کرداری خاو و سادەشم

ڕابردوویەکی فەتیرەی لە لەپدابوو

جارجارێ قەپی یادێکی لێدەگرت و

سەرنجی لە دیوارە تینووەکانی بەندەکەوە دادەچۆڕی

ئای لەو وشە کاڵە کۆوە

سەد جار بە ئاشەوانیم وت:

پەتڵەی بکە و ئینجا لە بەرداشی ژیری دا

کەچی لە گەڵ ئەو ڕابردووە بەردەوامە

بێژەرێکی ڕەنج بە فیڕۆن

لە پڕ دەرکەی لێنووسی مەراقم داخرا و

دەرکەی دڵی ژووری بێڕۆحم داچڵەکا

وشەکان لە سەر لاپەڕی چارەنووس مانەوە و

پێش لە بڕینی لووتکەی مان و

بەر لە ماچی تەنافی حەز،

لە سەر دوا وانەی شەهیدم

کچە وشە بوو بە دەسپێک و

ئازادی بوو بە کۆتایی.





سەحەر موعێزی

خۆزگە دایکە شیعری ئەنفال،

کەڵکەڵەی پەیخەوی تەم نەیبردبای،

ژانی وشە نەیگرتبای.

سەحەر موعێزی

عەدالەت ئەمڕۆ لە سووریا

بە خێرایی مردنی هەزار گەڵا لە چرکەدا،

خۆی بە دەستی پاییزەوە

لە قەنارەی نەبوون ئەدا.

فەرهەنگۆک:
کاڵەکۆ:لە سنەدا کاتێ گەنم بە کاڵی و نە کوڵاو لە هاڕە بدرێت، کاڵە کۆی پێ ئەڵێن.







شاگوڵ کیخوسرەو

شاگوڵ کیخوسرەو

شاگوڵ قارەمان کیخوسرەو ناوی تەواوی منە، لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٦ م لە گوندی هاوار نزیك بە هەڵەبجەی شەهید، دوای ڕاگواستنی گوندەکان لەساڵی ١٩٧٩ لە هەڵەبجە نیشتەجێ بووم، خوێندنی سەرەتایم لەم شارە تەواوکردووە، لە قۆناغی یەکەمی ناوەندی بەهۆی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجەوە ئاوارەی ئێران بووم، بۆچەند مانگێ لەوێ ژیاوم پاشان گەڕامەوە کوردستانی باشوور لەشاری سلێمانی درێژەمان بە ژیان و خوێندن داوە لەگەڵ خێزانەکەم، پاش ئەم تاوانە بەردەوام خولیای نووسینی هونراوەو پەخشان بووم، بەڵام بەهۆی دژواری بارودۆخی ئەوکاتەمان زۆربەی نووسینەکانم لە ناوچوون لەساڵی ٢٠٠٢ ڕووم کردە وڵاتی سوید هەرلەوێش نیشتەجێم تا ئێستا، لێرە بە نووسینی چەند پەخشانێك دەستم بە نووسین کردەوە کە تا ئێستا بەردەوامم لەنووسینی هونراوە و پەخشان لە چەند گۆڤار و سایتێك بابەتەکانم بڵاوکردۆتەوە.





شاگوڵ کەیخوسرەوی

**ئاهەنگی سێو**

هەموو ساڵێك لە یادی سێو باریندا ڕامدەچڵەکێنی
دەچمە بەردەم ئاوێنەیەك
سەراپا خۆم لە ڕەنگێکی مات هەڵدەکێشم
دەسگیر دەکرێم بە یادکردنت و
بەرگێک لە ڕەنگی دڵم دەپۆشم
ڕۆحم لە بیرەوەریە تاڵەکانت گیردەکەم
کەمێك لەبۆنی سێو لەخۆم ئەدەم
بێزارم لە دووبارەبوونەوەی خۆم
لە هەمیشە وێرانی دڵ و
روخساری تۆ
ئەم جارەدێم
لەبەرقاپی خەمەکانتا ڕادەوەستم
بەزمانێکی شیرین ئەتدوێنم
لەگەردنی ئازادکراوت
ملوانکەیەك هەڵدەواسم
لەیادی خونچە هەڵوەریوەکانتدا
بژاری باخێك دەکەم
لەزیندانی عەشقە سەرنگوم کراوەکانتدا
بەڵێنی عشقێك نوێ دەکەمەوە
لەدڵی دایکێکی جەرگ سوتاوتدا
جێگایەك بۆخۆم خۆش دەکەم
لەئاوازی یەکێك لە سروودەکانتا

دەبمە هیوایەك بۆ ژیان
سەرنجەکانم گیردەکەم
لەسیمای کچۆڵەکانت
لەڕەنگی هەڵبڕسکاوی مناڵانت
لە پیری بێ دەرەتانت
بەڵین ئەدەم
لەبری فرمێسکەکانم
گوڵبارانی ووشەت بکەم
یادگاری نوێ تۆمارکەم
بتکەمەوە نیشتیمانم
هەڵەبجەی جاری جارانم








هونەر مزووری

هونەر مزووری

**سوزا ئەنفال**

هون بخێراتن

باب و برا

پسمام، خال و خوارزا

مام و برازا

دۆست و جیران، هەڤاڵ و هۆگر

گەنج، پیر، زاڤا و خەزور

هون بخێراتن

ماندی نەبن

سلاڤ بۆ سیمایێ وەیێ ماندی و شەكەت

توز و تەمێ ژی ڕەنگێ وە نەگوهەریە

سیە ساڵە هون ئاوەرە

دەربەدەر و پەریشانن

ل سەحرایێ





هوووو داییكێ

داییكا چارۆك رەش

ئەڤە بابو هاتەڤە

هەستە بچینە پێشوازیێ

خۆشكا رەش پۆش، داییكا نەخۆش

هەستە هەر شەش برایێت تە هاتنەڤە

براژن گیان

مزگینی مزگینی

زاڤا هاتەڤە

هێشتا ئەلقەیا تە یا دەستی دا

من ب چاڤێن خوە دیت

دادێ گیان

هەستە بچینە ملا

كاروانێ كاروانچیێن بارزان

پشتی سیە ساڵ ل غەریبیێ

کو هێشتا بێهنا نێرگزا یا ژ هەستیێن وان تێت

هێدی هێدی سەرحرایا

عەر عەر و سەماوە

وەکی عاشقێت شێت

سینگێ وان پڕی حەسەرت

ئەو ژ گەرما سوتن دااااا

یێ قەسدا بن سێیەرا دار بەڕوا دکەن

دایکێ، ماتو نزانی

سەبرا بابوی سەحرایێ ناهێ

ئەو کوڕێن چیایێ شرینێ نە

دۆست و هەڤالێن کەل کیڤیانە

باخچەڤانێن سیسنوکانە

سیە ساڵە خەو ب چاڤێن وان نەکەتیە

سیە ساڵە نوبەدارن

کەسەردارن





نە مردینە و نەژی د دزیندینە

ئەڤرو سبەی دێ چینەڤە

ئەڤە مەملەکەتێ خوین و فتنێ یە دادێ

خۆ ل ڤێرە بوو دەستێ وان چوو خوێنا حسێن

ما تو نزانی وان چ بسەرێ عایشایێ

نا ڤێجا مادێ ئەو ل مە حەیرن؟

هەستن دابچین

یێت بێژن مەملەکەتێ مەیێ بویە دەوڵەت

ئەوێن خوینا مە دخوارن

نهو یێ دەعوا شەربەتێ دکەن

دادێ سوزی بدە من

چیدی نەگری

مانێ ڕوندکێت تە یێت گەشتیە شەتول عەرەب

مانێ دلێ تە هندی دلێ

چیچکا نەمایە

بابوی د سەحرا ایێڕا

ڕەهێت دەستیَ‌تە هژمارتن

هندە ڤێجا ئوخەی

توو و بابو

دێ ب هەڤڕا ژین

کەسەر برین

ماتو و مەلول

گازندێن خو بەرنە عەرشێ خودێ

ل وێرێ حەقێ خو وەرگرن

بێژنە خودێ

یێن تە قورئان ب زمانێ وان هنارتی

هەتا نوکە ژی د ئایەتا

(لعلکم تعقلون)

نەگەهشتنە و ناگەن ژی

هون گەلەك بخێر هاتنەڤە





هووو دادێ گیان

هەستە جلکێت خو یێن رەش بکە خێر

بدە ساجیدا و رەغدایێ

کراسەکی بکە بەرخوە

بلا گولەکا سور تێدا بیت

ئەوان گولکا بکە نەجمێن سەر ملێ

نەقیب ڕێباز

عەقید سەربەرز،

لیوا سەرکەفت

دکتور بارزان،

ماموستا ناجیحایێ

دادێ سۆزێ بدە من

ئیدی نەگری نەگری

ئەڤە سیە سالە

دەستەکێ من سەر قەلەمی

گوهێ من ل نالینا تەیە

گوهێن من پڕن ژ گریاتە

دادێ

ئەڤە ئەز یێ بویە دختور

خوشکا من ژی پارێزەرە

یا ل مەحکەما بەغدایێ

یا جەلادا رادکێشت

دادێ


تو بخودێ بلا من هاژ گریا تە نەبیت

داااااااا

تێبینی: ئەو ناڤێن هاتینە بکار ئینان مەبەست کەسەکی تایبەت نیە بەلکو مەبەست کور و کچێن ئەنفالا و مەعنا ناڤی وانە سەرکەفت و سەربەرز و ناجیحا هتد.







شکور غەمبار

شکور غەمبار لەدایکبووی ١٩٦١کەرکوك / پیشە بێکار / خێزاندار

لەهۆزی زەنگەنە سەر بە ناحیەی لەیلان

شکورغەمبار

## پیلان

هاوارخەڵــکە بێن ببینن جەستەی بێــماری کورد

چە ندە بێ پشت و پەنایە میللەتــی نازداری کــورد

هەرکە هەڵ ئەسێ لە خۆراگـوڵلە بارانی ئــەکــا

کوڕی کورد ئافرەتی کورد کیژی چاو بەخوماری کورد

---

تا پارەکە نــاوی شوێنی ڕەشی ئــاو هــام نــەبیــستبوو

وائێستــاکــە بــوو بــە گـۆڕی کـوڕی کـلاولاری کــورد

ئەی خەجاڵەت بێ ئەو کەسەی ئاهی مناڵ نایگرێ

دەك ڕوو ڕەش بێ هەر کەسێ کەڕە لە ئاست هاواری کورد

---

سەد حەیف وهەزار مەخابن بۆ کەسانی خۆفرۆش

بونە داردەست وچاوساغی دوژمنی غەداری کورد

مێژو ڕووی ڕەشی ئەمانە هەڵ ئەماڵێ ڕۆژی دێ

ئائەوانەی بونە باعیز سەروەت و ڕوح داری کورد

---





زۆریان هەوڵ دا مەحو کەن ئەم میللەتە بێ کەسە

تــا بــۆیان کـرا سوتانیان دەفتەر و ئــەشعاری کــورد

چەن جار پیلانیان دروست کرد چەن داوی سفتیان تەنی

بـۆ لــە ناودانی مەلیك و گــەورە و سەرداری کــورد

---

هەر لە لـۆزان و سەفیر هەتا پەهــلەوی و بۆمیدێن

جارێ تورك جارێ عورب یا فورسی خوێن خواری کورد

زۆر لە مێژە تابوتی مەرگ دائەتاشن سێ دارتاش

واخەریکە شافــی ئەبێ زامــی پڕ ئازاری کــورد

---

دەی با لە داخا شەق بەرن سوك و ریسواو بێ ئومێد

پشت بە خوا ناخزێ هەرگیز زینی شۆرەسواری کورد

میللەتی هۆشیار نامــرێ خوێنەوارخــاوەن قەڵەم

بۆیــە کــوردستان ئــەمێنــێ بــۆ شکورغەمباری کورد

ئازیزان ئەم هۆنراوە ئە گەڕێتەوە بۆساڵی١٩٨٩ئەوکات کەس نەی ئەوێرا بە ئاشکرا لە ماڵەکەی خۆیشیدا شتێك بڵێ بە دڵی خۆی من ئەوکات ئەم شیعرەم داناو لە پشتی وێنەیەکی گەورە لە ماڵی خۆمان شاردمە وە تایەکەم گوڵلەی ڕاپەرین تەقی وا ئێستا بەسەربەرزیەوە لەخزمەت ئێوەی بەڕێزدایە

شوکر غەمبار

بەبۆنەی تێپەڕبونی تاوانی بەدناوی ئەنفالەوە
سەری تەعزیم دائەنوێنم لەسەر بست بە بستی گڵکۆی پیرۆزیان
لە خودا ئەخوازم ئەوان بەبەهەشت شادبکات وە سەرجەم
ئەنجامدەرانی ئەوکردەوەقێزەونە ڕوو ڕەش و شەرمەزارکا...
وەك وەفایەك بۆگیانی پاکیان ئەم هۆنراوەیە ئەکەمە دیاری

**خاکێ بێ خەڵك**

لەیادێکی خەماویدا
لە ڕۆژێکی تەماویدا
چی بێ دیاری هیچ بەدەستێ
مەگەرجۆگەی خەم هەڵبەستێ
لە هەشتاو هەشت لە مانگی چوار
دوژمنی کورد وەك سەگی هار
گڵاو چەپەڵ مشەخۆر پیس
قورئان سوتین هاوڕێی ئبلیس
نەوەکانی چەرخی بەردین
دور لە مرۆڤایەتی و دین
ئەوانەی هەتاکوئێستاش
دورن لەمەردی و کاری باش
گورگ ئاسا هاتنە سەر گەلمان
نەیان پرسی کویرمان شەلمان
کەوتنە سەربڕین خوێن ڕێشتن
پیشەی نامەردە ژن کوشتن
ڕەزیان وشك کرد دێیان ڕوخان





مزگەوت و قورئانیان سوتان
ئەوەتانێ ئەم پێ دەشتە
کەتا چاوبڕ کا بەهەشتە
لە قەرە حەسەن بەولاوە
یەك تاکەماڵێ نەماوە
سەرئەکەی بەهەردێیەکا
پێ ئەنێی بەهەر جێیەکا
لەبن هەرگابەردێ شاخێ
لەسای هەر ڕەزێ هەرباخێ
لە گوێی هەرچەم و ئاوێکە
ئێسك و پروسکی لاوێکە
لە داوێەوە لە گلەوە
بە هەردە و چەم و ملەوە
زەنگەنە. شێخان. جەباری
کەس نەما لەجێ هەواری
ئەمانە گشت هۆزی جوان بون
سەرچاوە و ڕەمزی گەرمیان بون
چەندین لادێی گرتبوە خۆی
سروشتی دڵ تێر ئەبو لێی
چەن گۆرانی بێژ و شاعیر
چەن مەلا و زانای ڕۆشنبیر
لەم شوێنانەوە دەرکەوتن
بەرەو لوتکەی ژین سەرکەوتن
بەڵام ئاخ و داخ فەنابون
بەخواردەی گورگی بەغدابون
بەناو ئەنفالەوە بران

لە چاڵی ڕەش ژێرخۆڵ خران
کوا ماڵێ بێ قوڕ پێوان ما
کوا جەرگێ بێ هەڵقرچان ما
لە دڵدار سەنرا خۆشەویست
لێیان ون کرد ئەوەی ئەیویست
جێ ژوان ماوە بێ دەس لە ملان
لەچاو ڕفێندرا کلان
مەلای جەباری وهەواسان
بێ جێگە و ڕێگە وهەراسان
دەنگی باوکەڕۆی شێخەیی
بەحەوت پەردەی ئاسمان گەیی
چی زولمێکە لێمان کرا
پیر و جوان بەئەنفال برا
بەڵام ئۆخەی ناڵەی گەرمیان
گەییە خواکۆڕەکی مەردان
لەوێ دەردیان دایە دوژمن
دیل بون ئەوانەی کورد کوژبون
نەیان هێشت دوژمن دڵخۆشبێ
بێتەوە هۆش و بەجۆش بێ
کاوەی چەکوش هەڵگری کورد
شاڵاوی بۆسەر زوحاك برد
نەورۆزێکی نوێی داگیرسان
مانی کوردی دیسان سەلمان
ئەوعومری کوردی درێژکرد
زامی ئەم گەلەی سارێژکرد
بەشێکی ئەم بەشەی ماوە





ئەو داستانە گلی داوە
گەلێکی وا ئەنفال کراو
بێ دەرەتان و بەش خوراو
بێ دڵسۆز بێ پەنا و بێ پشت
بەقەد دە میللەت لێیان کوشت
خانی و مەحوی لە خاچ درا
شیعر و هونەر ئەنفال کرا
گەرمیانم وەکو کەربەلا
سەدان ئیمامی تیا نێژرا
ئەوان دوژمنێ بون بە کورد
کوردیان کوشت و کوردیان قڕکرد
هەرچی بەردەستیان کەوت بردیان
هەرچی پێیان کرا کردیان
ئەی بۆئێستاش ئەنفال بکرێین
بەجۆرێ تر لەدار بدرێین
ئەوەتا لەم حوکمی ئێستایە
دەیان ئەنفال چی تێدایە
بەختەوەر و پایەدارن
زۆریان هەر هەمان بەدکارن
بۆیان بکرێ وەك جارانن
هەرجاشی کۆنەکەرانن
کەچی خەڵکی ئەنفال کراو
لەم لاولەولا پەرش و بڵاو
بێ خزمەت کردن و بێ جێ
کێیەلێیان ئەپرسێ کێ
بۆکەس باسی ئەنفال ناکا

ناوی تەکیە و مەرقەد نابا
ئەی بۆ ئیمامەکانی کورد
بۆ ئەو خوایە نوێژیان نەکرد؟
قادرکەرەم نەزەرگا بو
دێلێژەهەرروی لەخوا بو
شێخی عەوڵان عەودالْ بو
ئەویش وەکوخەڵك ئەنفال بو
شێخی نەقشبەندی بارزان
سوتێندران خنکێندران
چەندین پیاو چاك و مەلای کورد





شوکر غەمبار

**ئاهێك**

ئـای لـەو زامــەی ساڵانێکە سارێژ نـەبـوەو سارێـژ نابـێ

هــەمــوو رۆژێ ئـەکــولێتەوە هــەتا ئـەنفال چیەك مابێ

بڕوا بکەن کە بەچکە ئەنفال ئەبینم گڕ بەر ئەبێتە هەناوم

هەرچی زۆڵــە ئـەنـفال چیە وەك جاران دێتە بـەرچاوم

شکور غەمبار

**جەژنی کورد**

نەجەژنەم دی نەسەیران

نـــەژیـانێ وەك ئینسان

هەر دەربەدەر هەربێ ماڵ

هەر ئاوارە و سەرگـــەردان

ساڵانی کوشت و کوشتار

پێ ژماری کەستەی مار

لــــــەنێو زیندانی ڕەشا

مل بەستەی تەناف و دار

هەرچی لاوی کوردی بو

بـەنـــدێکی ئەبەدی بو

بـــــەڵام لە ئاسۆی ڕونا

مژدەی ژیــــــانی دیبو

لـــــەپێناو ئەو ژیـــانـــا





چی هەبـــــو نەبو دای نا

لـــــــــــەپڕا کۆتی بڕی

هــەڵمەتــی داشێرانـــە

هەڵـــۆ بۆ بــــەرزی فڕی

سنوری تـــرسی بـــڕی

بـــولبول قەسی شکان

سوسکەداوی پێی بـڕی

کـەدوژمن ئەمەی بینی

لـــــــە قیناتاڵ بوبینی

کوندەبوی کاول پەرست

زیـــــاتر دای ڕژان قینی

بەچوارلا وەك سەگی هار

کـــــەوتـە گاز و پـەلامار

سوتـــــانی ڕەزوبێستان

ڕوخانــــــــی دار و دیوار

ئـــەوەی پێی کرا کردی
ئـــەوەی بۆی برا بردی
چیای ڕوخان بـــە بۆمبا
نـــاپـاڵمی دا لـــە پردی
کــــێ بیوتیە من هەم
حەز بـــە ئازادی ئەکەم
یـــــا مافی ژینم هەیە
بـــۆخۆم بۆمیللەتەکەم
دەم کـــوت ئەکرا لەوێ
ئــــــەرفیندرا بەشەوێ
یـــان ئــەبــو بە ناچاری
بـڵێ گەورەم تۆم ئەوێ
چەن ساڵێکی وا تـــاڵی
وا بـــە پـــەرێشان حاڵی
لە خاوەن ماڵ حەرام بـو





ئـۆخەی بـــکا لەماڵی
کـــیژی ڕوو سوری داماو
ژێردەسەی خەڵکی ناپیاو
خۆفـــــــرۆش و مفتەخۆر
بـــۆ ئـــاغایـــان ئەکرد ڕاو
دایـــکی کـوڕانی بێ ناز
ڕەنـــگ شێواو و لانـــەواز
نـــەی ئـــەوێـرا دەرکەوێ
لێی مۆڕەی ئـــەکرد بـەراز
باوکانی هەنـــاسە سەرد
ڕەنجبەرماندوی دەشتو هەرد
وشك وشەكـەت و برسی
ژێردەسەی پیاوی نـامەرد
لـــــــەوەتەی دنیا هەیە
ئـــەم کـوردە بێ داڵدەیە

دەربـــــــەدەر و ماڵ و ێران

هــەر ڕۆژە لـــە هەردەیە

سەری سەردایـــان بڕی

سکی ئـــــافرەتیان دڕی

گـــــرانـــیان داهێـــنا

کـــردیـــانە قات وقڕی

پیاوێـــــــــکی ئازا نەما

گیرنــــــەخوا لەناو خەما

یـــان ئەبو کەڕ و لاڵ بێ

زمانـــــی نەبێ لەدەما

نــــــــە شیعرما نە هونەر

نـــــە ئینسانی بەهرەوەر

نــە بولبول ئەیخوێن لەباخ

ماتبون سویسکی دەشتو دەر

نـــە ئاسکە گوێی ئلەقان





نـــە کەو بالی ئەتەقان

نـــە کانیاوێ ئەتەقی

نــــە لەنەرمان تەڕەقان

نــە مزگەوت ما نەمینبەر

نــە مەلای مێزەر بەسەر

نــــە مەرقەدی تەریقەت

نــــە شێخێکی منەوەر

نــــە دێیەك ما نە باخی

نــە چەمێ ما نـە شاخی

هەرچی دارودەون بـــو

لەداخان وشك بـــو ناخی

نە جێ ژوان بـــــۆ دڵدار ما

نــــە کیژی شەدەلار ما

نــــە ڕەیحانە و شەمامە

لەگوێی چەم و ڕوبـــار ما

نە داوەت ما نە شایـــــی
نـــــە چاوبڕکێی ئاوایی
نـە کۆڵان ما نـــــــە ڕچە
تێك وپێك چون ئاو هایـــی
نە سەیران ما نە گەشت ما
نە خۆشی دەر و دەشت ما
دنیا بـــــو بـــــە ڕەشە با
نە شەماڵ ما نە وەشتما
وڵاتێکـــــــی داڕو خـــاو
خاکێکی داگـــــــیرکراو
میللەتێکی ژێــردەستە
دەس بڕاو و پشت شکاو
جام کە پڕبو لێی ئـــەڕژێ
پــەتی زۆرداریش ئەبڕێ
هەمـــووشت ڕائەماڵێ





گەر لافاوی گەل هەڵسێ
جا ئەمجارە گەلی کـورد
پیر و جوان گـــەورە و ورد
ڕاپـــەڕی و شەپۆڵی دا
دوژمنی دەربـــەدەرکرد
کورد ئەمجارە نابـــەزێ
بەمشتی کەس ناتەزێ
توشی تای بەراز ئەبێ
کێ بیەوێ بــی گەزێ
دایك نــــەیما پەشێوی
بـــــزە کەوتە سەرلێوی
ئـــەو زەمانە بەسەرچو
کـــە هەرقوری ئەپێوی
ئـەو باوکەی بێ ماڵ بو
بــــــۆ بێگانە حەماڵ بو

بەندی ژێردەستی نامەرد
بــێ زمان بو وەك لاڵ بو
ئێستاکـــە پشوی داوە
کەس پێی ناڵێ بەولاوە
ڕەنجبەری بۆخۆی ئەکا
لێوی تەڕی تـــێ زاوە
ئـەوخوشکە بەئەمەکە
کـە ئازادی گەرەکـــە
سەربەرز و گەردن بەرزە
لـــە سەرڕوی نەمالەکە
جـێ ژوان جێی دڵــدارە
جێی کـیژی شەدەلارە
بـۆنی گوڵ و ڕەیــحانە
پــەخشە بە گوێی ڕوبارا
ئـــەم وڵاتـــەخاپـورە





بـــــوبەگوڵاڵەسورە
گـــــەشاوە ئاوەدانە
چاوی بــەدی لێ دورە
ئەم مێرگ و ئەم گوڵزارە
پــــــڕ لە گوڵ وگوڵزارە
بێ ترسی مەرگ وکوشتن
عیشوە و نـــازی نازدارە
دەست گیراون هەڵپەڕکێ
لێك ئـاڵاون چاوبـــڕکێ
لاوانمان سەربــەخۆنـە
کەس لێیان ناگرێ دەرکێ
میللەت گەلێ تاڵی دی
تـــا ئەم ڕۆژە هاتــەدی
با شەق بــەرێ لــە داخا
نـــاحەز بـەملی وردی

ڕێـــگای سەیران ڕازاوە

گـــوڵ سەری دەرهێناوە

لەم میللەتە پیرۆزبــــێ

هاتەبەر ڕەنجی کـــاوە

باهەمووومان بـــەشادی

هەڵ کەین ئاڵای ئازادی

تێکڕا بیکەینە شایـــــی

بدڕین کراسی بێ دادی







عوسمان دەروێش

ناوی تەواوم (عوسمان شکور جاسم ) ە نازناوی شیعریم (عوسمان دەروێش) ە لەساڵی ١٩٦٤ لە شاری کەرکوك لە دایك بووم.

عوسمان دەروێش

**ئەنفال**

دەزانم هەر ڕۆژێ دابێت

ئەجەل یەخەم پێ دەگرێت و

ڕاپێچی ناو گۆڕم دەکات

دەزانم و سور دەزانم

تا دەمێنم

هەواڵێکتان بەمن ناگات

ئێوە ئەو هەموو مرۆڤانە

ژن و پیاو و کوڕو کچ و

نەخۆش و پیرو پەککەوتە

ئێوە ئەو هەموو مرۆڤانە

خۆ گەردیلەیە بچووك نەبوون

لەگەڵ بایە بزر بووبن

بۆچی هیچ کەسێ نەیبینین

هەڵیان کێشابن بۆ ئاسمان





کەسێ نەبوو بڵێ بینیم

کاتێ گوڵلە باران کران

نەشۆفێری شۆفەڵەکە

کە گۆڕەکەی بۆ هەڵکەندن

نە شۆفێری ئەو پاسانەی

بۆ وێ ڕەوانەی دەکردن

نەسەربازێکی دۆزەخی

وا گوڵلە بارانی کردن

نازانم لە کێ بپرسم

کێ هەواڵێکتان دەزانێ

بەکێ دەڵێم مل بادەداو

ڕاستی ناڵێ یان نازانێ

دەنگم گەیشتە گشت جیهان

لەسەرۆکێکەوە تا شوانێ

بەڵام حەیفێ هەتا ئێستا

هیچ کەسێ جێتان نازانێ

ئاخر ئێوه ٠٠ دڵۆپه ئاوێ نەبوون

ئاسەوارێكتان نەمابێ

ئێوه زۆر بوون

ئێوه یەك و دووان و سەدو

ئێوه گوندێك و دوو نەبوون

ئێوه زۆر بوون گەلێ زۆر بوون

ئێوه پڕاوپڕ شارێ بوون

لەچی جێیه حەشار دران

لەكوێ گوڵله باران كران

لەكام خاكه لەچاڵ نران

ئەوه زیاتر له بیست بەهار

تێپەڕیوه لەو بەهارەی

ئێوەی قووتدا

لەو بەهارەی ئێوه تیا چوون

نەمان " ڕۆیشتن " بزربوون

لەو بەهارەی ئێوەی دزی و





لەو وەرزەی وا تیا ئەنفال بوون

هەتا ئێستا كەسێ نەبوو

هەواڵێكتانم بۆ بێنێ

ئەوه دیدەم كز و كوێر بوو

بۆ دیار نەبوون له هیچ شوێنێ

گەلێ گوێم گرت له میدیاكان

كەناڵەكان له ڕادوێكان

ئێوه نەبوون

هەتا ئێستاش ئێوه نەبوون

چۆن بزر بوون بەیەكجاری لەچاو ونبوون

كەس نەیبینین له هیچ شوێنێ

كوا موژده بەخشێ هەواڵی

ئێوەی ئەنفالم بۆ بێنێ

عوسمان دەروێش

**سەگە ڕەشەکە**

سەگێکی ڕەش

ئالەودیوی دیوارەکەی

زیندانەوە

زیندانی نوگرە سەلمانەوە

گوێی هەڵخستە و

چاوی زیت زیت

کلکی کردووە بە باوەشێن

وەستاوە بەدیارمانەوە

چاوەڕێیە

هەر یەکێ لە ئێمە بمرێ

ئەو زیاتر

زمانی بۆمان دەربێنێ و

دەسبکا بە کلکە لەقێ



ژانی کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

خۆ ئەو سەگە

نە سەگی گوندەکەی خۆمانە

نە لەگەڵ خۆمان هێناومانە

ئەوە سەگە بەرەڵایە

ئەوە بۆ ئێمە بەڵایە

گۆڕ هەڵکەنە و مردوو خۆرە

بەزەیی بەکەسدا نایە

پێچەوانەی ڕەفتاری سەگ

ئەو وەك بەعسی

بێ وەفایە

ئەو

نە نان دەخوا نە کولێرە

ئەو گۆشت خۆرە

وەکو چەقەڵ

وەکو کەمتیار

وەکو شێرە

چاوەڕێیە یەکێ بمرێ

لاشەی بخەنە بەردەستی

ئەویش بیخوا وەك کولێرە

بۆیە ناڕوا ئەو چڵێسە

شەو و ڕۆژ وەستاوە لێرە

خۆزگە ئێستا

تاپرەکەم للا دەبوو

کە ڵلەی ئەو و

جەللادەکانم دەتەقان

دەرگای زیندانم دەشکان

ئینجا هەموو ئێمەی ئەنفال

بەپێ ڕێمان دەگرتە بەر

بەرەو خاکەکەی

کوردستان







**زهێر کورەمارکی**

زهێر محمد سلێمان ل ساڵا ١٩٦٤ ل گوندێ کورەمارکێ ژدایك بوویە خاندنا خویا سەرەتایی ل هاوینە هەوارا سوارەتوکا تەمام کریە ساڵا ١٩٨٨ باوەرناما بەکالوریوس ب زمان و ئەدەبێ کوردی ل زانکویا صلاح الدین وەرگرتییە گەلەك بابەت دگوڤار و ڕۆژنامێن کوردیا بەلاڤکرینە دیوانەکا هوزانا چاپکریە بناڤێ (چەوا خەمێن تە نەهەلگرم) ساڵا ٢٠١٢ هاتیە چاپکرن.

## زهێر كورەماركی

### حەتا دوهی

حەتا دوهی دا !
گێله شۆك و با ..!
خەم و دەردا ..!
كیمیاباران و ئەنفالا ...
وەڵاتێ من ..
هەمبێز دكر !
،،،،
چەرخ هاتن ..چەرخ زڤرین ...!
وەلاتێ من تەڤ بوو برین !
گری و ناڵین گەهشتنە ...
گۆیا زەمین .!

وەی برانو ڤان دابێشا
وەڵات كرە ماكا ئێشا !
پارچە پارچە چواركەرێ....
سەركێش دكێشا !!
وەلێ ژبن زوخ و برینا ..
نیروژەك زا !
عەورەك هێژا ...
طاڤ دارێژا ....
زەڤی و قەراڵێن خون مژا ....
ئەوێن كوردستانا دەلال ....!
دئالیست و دمێژا !



ژانی کوردستان
رێبوار رەمەزان بارزانی

كەلها وانا ژبنی رۆخاند !
،،،،
ئەڤجا .....
تیروژەكێ لكونجێن تاری ..
بمژدەو كەنی ..سەرهلاند !
كراسێ خەما ....!
هاڤێت نەما ...!
كەسك و سۆرو شین و زەری !
كراسێ سەما ..بهەمی رەنگا ...!
خۆ خەملاند !
ب ئالایێ ئازادیێ ..
بسەر بلندی ...!
لگوڤەندێ خۆ دهەژاند ...
خۆ دهەژاند !!!!



غەمبار جەباری

- ناو : غەمبار طیب جەباری
- لەدایکبوون : ١٩٨٩\٢\١٥
- پیشە : ڕۆژنامەنووس ، لێپرسراوی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی مۆنۆمێنتی ئەنفال، چەمچەماڵ
- بڕوانامە : دبلۆم، ڕاگەیاندن ٢٠١١
- پەیوەندی : xambar_jabary@yahoo.com





غەمبار جەباری

## گەڕانەوەی قافڵەکانی بیابان

ئەوا قافڵەی خاك پەرستان..
قافڵەی سەدان گوڵی سیس و ژاکاو
لەناو لمی بیابان..
٧٣٠ گوڵە گەنم..
٧٣٠ چڵە نێرگز..
سەدان ئێسك..
دەیان جامانەو مەمکە مژە
چەندین لەچك
گەڕانەوە ... گەڕانەوە
بۆ باوەشی خاکی دایك
گەڕانەوە
بۆ زێدی باب و باپیران..
گەڕانەوە..
تا ئێسکەکانیان شاد بکەن
بە دایك و بۆنی نیشتیمان..
تکا دەکەم ئەی ئێسکەکان
ئەی ئێسکە ئێسك سوکەکان
وە قسە بێن

ئازارەکانمان بۆ باسکەن

پێمان بڵێن عاشقەکان بەیەك گەشتن.؟

خوشکەکانمان مارە کران.؟

١٨ گوڵی شکۆفەیی نیشتیمانم

بۆ کوێ بران.؟

بۆمان باسکەن ئەو منداڵەی خەیاری ویست کوا؟ دەستی کەوت.؟

پێمان بڵێن داپیرەکان

درووومانیان بیر نەچوبووەوە.؟

باپیرەکان

ئەیان توانی دەست نوێژ بشۆن

بچنە مزگەوت.؟

دە تکایە وەقسە بێن بۆمان باسکەن

(نوگرە و عەرعەر و بیابان)

تابزانین ئێمەی پاشەبەرەی ئەنفال..

تابزانین چۆن بوو (سەگ)ی نوگرە سەلمان.

ئێستا هەموو چاوەڕوانین

تراژیدیای بیابانمان بۆ باسبکەن

ئەی ئێسکە ئێسك سوکەکان.

*ئەم تێکستە بۆ گەڕانەوەی ٧٣٠ رووفاتی ئەنفالکراو نوسراوە، ئێستا گۆڕەکانیان

لە مۆنۆمێنتی ئەنفالە لە چەمچەماڵ. ٢٧-٥-٢٠١٢ غەمبار جەباری





غەمبار جەباری

١٥-٣-٢٠١٢

## شینێك بۆ هەڵە بجەم...

من عومەری خاوەرێکم جەستەم شەکەت

سەرم تۆزی هەورامانی گرتۆتە خۆ..

لێوم پەڵاش گەروم وشك و هەناویشم بووبە گڵکۆ..

هۆهۆ کورگەل فریاکەون یارمەتیم بەن..!

ئەو منداڵە لەسەر شانم بهێننە خوار..

ئاودامانم لە پەژارەو ئاوەزیشم لەکار کەوتوو لە خاکی خۆم بووم بە

ڕێبوار..

هەڵەبجەکەم تەمتومانەو، لە پێ کەوتووم چاوەکانم هیچ نابینن..

کچ گەل بڕۆن ڕانك و چۆغەو ئەوکڵاشەی خۆم چنی بووم بۆمی بێنن..

ئاخر دەچم بۆ گوێزتەکان پیرە پیاوانی هەڵەبجەم چاوەڕوانی دەستی

منن..

بەڵام چی بکەم لەم بەهارە زنهارێکی کەڵپەداری بێ بەزەیی بوو بە میوانی

ناوادەی هەورامانم ..

نەیهێشت بچمە باخی گوێز ڕانکو چۆغەو کڵاشیشی لێ ستاندم..

ئاخۆ دەبێ خوا بیبورێ ئەو نامەردە هەڵەبجەکەمی کرد بەخۆڵ..

بووك و زاواو سەکۆی ژوانی عاشقان و منداڵانی پێنەگرتوو و

دایکانی دەست بەهەویر

شوان و خاك و مزگەوتمی پیێ گرتمە کۆڵ..

دە تکایە توخوا وەرن مشتێك ئاوی پێدەشتەکەی باڵامبۆکەم بۆ بهێنن

وا کۆرپەکەم لە توونیا مرد..

با پێش مەرگی لێوی تەڕکەم بۆ وتنی ووشەیەك و

گۆشی بکەم بە ناوی (کورد)..

تکا دەکەم ئەی( وێنەگر) بە گەنجانی پاشە مەرگەی کوردستانم ڕاگەیەنە

بۆ کۆرپەکەم خۆم کردووە بە سەیوانیێ ..

نەوەك دوژمن دڵی خۆشبیێ و بە چۆك دادانی بزانیێ..

نەك بۆ کیمیاو خەردەلی ئەورووپی نەك بۆ تانك و زرێپۆش و هێڵی کۆبتەری

ڕوسی

هەرگیز چۆکمان نانەوێنین وەك ڕابردوو من لە ئێستاو وڵاتیشم لەبۆ

بەعسی..

وێنە بگرە تا بزانن گۆشکراوی هەستی پاکیی کوردستانین ..

تا بزانن بیێ دڵسۆز و دەروون گەرم و تورە لەگشت دادگاکان و مافی مرۆڤی

جیهانین..

گەر لە زمانی من دەگەی وێنە بگرە وێنە بگرە..

... هەڵەبجەکەم من دەزانم دەستە خوشکی بالیسان و





گۆپتەپەکەی زیێ زیوین و دەیان شوێنی نیشتیمانی..

من دەزانم پاشەبەرەی ئەنفالیت و هاودەرد لەگەڵ گشت بستێکی

خاکی خۆت و

هەموو چرکەو بەهارێکی کوردستانی..

ئەی هەڵەبجە...

هۆ خاوەنی سوتماکترین خاکی جیهان

ئەی هەڵەبجە..

هێرۆشیماکەی کوردستان..

هۆ پێناسی ٥ هەزار گوڵی نیشتیمان

زامدارترین لاشەی زەوی

ئەی هەڵەبجە ونبووەکەم..

بیێ پەرستار و ناونیشان.



چنار نامق





چنار نامق

جنار نامق ولادة بابل دبلوم فني بالاعلام خريجة المعهد الفنى - اربيل ٢٠٠٨ بكالوريوس اعلام بكلية الاداب - جامعة صلاح الدين عضو فاعل في نقابة صحفيين كوردستان عضو اتحاد كتاب الكورد عضو الفيدراسيون الدولى للصحفيين العالمية مدير عام لفرع مؤسسة القلم الحر المصرية في اقليم كردستان العراق معيدة في جامعة صلاح الدين بكلية الاداب قسم الاعلام. النتاجات الادبية ؟.

١- ذكريات تقويم مرهق ١٩٩٩ من منشورات حركة المثقفين الجدد الكورد .٢- تنسى الكؤوس ان تجرعنى ٢٠٠٤ من منشورات حركة المثقفين الجدد الكورد.

٣- مواسم التساقط ٢٠٠٨ من مطبوعات المديرية العامة للصحافة والطبع والنشر، وزارة الثقافة والشباب بأقليم كوردستان.

٤- قصائد منتخبة ٢٠٠٦من منشورات مؤسسة الطباعة والنشر اراس للطباعة والنشر - اربيل .

٥- اقول لكأسٍ اعذرني لن ارتشفك ٢٠١١ من مطبوعات المديرية العامة للصحافة والطبع والنشر، وزارة الثقافة والشباب بأقليم كوردستان

٦- اشبهك - مجموعة شعرية.

٧- اخر المطاف - مجموعة شعرية باللغة العربية ٢٠١٤ من مطبوعات دار الثقافة والنشر الكوردية في بغداد

چنار نامق

لەم جەنگەڵستانی تەمەنە
ئەمڕۆ روحم ئەنفال دەکرێ
هەر چڵێکی درەختی جەستەم
هەزارەها ئازاری بێ وچان دەگرێ
سۆماکانم هێشو هێشو ئەشک دەگرێ
چواردەی چوارە
ڕەژوی ڕۆحم بەرە و بیابانەکانی عەرعەردا
هەڵدەفرێ

طيور هجرتها السماء..........
أينَ نَمضي؟
فَموكِب الأمل قد رَحَل منذُ أمَدِ...!
وسَواد اللّيلِ يَتَألقُ بِوَجهِ الصَّباحِ
الزمنُ الشاحِب
يَرسمُ على جِدارِ الأيام
ويُلوّنُه بألوانِ زاهية
الوَقتُ صامِتٌ
والساعَة تَدُقَّ وتَرقص
حَولي وحَول نَفسِها
أيُّ بُكاء
يَسقي أزهار تلكم التربة اليابسة!؟
وأيُّ أنينِ
يُعبِّر عن جِراح تلكم الطيورِ
التي هَجَّرَها القدر عن أعشاشها؟
أيُّ سكينة هذه
تَسرِق النَّومَ من عينِ الأمان؟





وتَسْكِتُ تغريدَ العصافير
في السماء المشرقة
رحلتُ يوما وبِرِفقَتي الأيامُ
سِرتُ في الطُرقاتِ الطويلة
أَشواكها ما كانت لَتُحصى
ولا تَدعَ ذاكرتي
ثَواني كَي تَغفوا بالنوم
تَساقَطت أوتار جَدائِلي في البراري
وسافَرتُ في الهواء
تساقطت على الأرض بَسماتي
ويَدي مُغتربة عن لَمّـها
أينما أخطو خطوة ..
سواد الليل يُلاحِقُني ويَفزَعُني
والطريق كما هو
خَطاياه في ازدياد
كيف إليه نغدو ..
والى أين أسير ..
كي استعيد
ذكريات تقويمي المرهَق
والتقط نظراتي المتساقطة
التي أسقطتها الرياح
فالرياح عندما هبَّت تِجاهنا
غيَّرت مَسارها
وحتى البحر غير أمواجه المتلاطمة
والآهات تعانق أفراحنا
ولا ترضى بإبعاد الجراح.

چنار نامق

مهداة لحَلَبْجه

كُنتُ أُصْغي إلى أنينِ البُـكاءِ
وأنْـظُر إلى
سُقوطِ الأوراقِ
تَتْـرَك الأشْجار عارِية
في أوائل الرَّبيعِ
أستـَيـْقِظ اللَّيل فَجْراً
مِن صَرَخاتِ الألَمِ
الصَّباحِ كان يَهْذي
والجِراح تَنسى يَوما أن تَلْـتَئِم
أيامَ كانَتْ تَبْـكي
من سُخرِية الزَّمَنِ
آمالٌ تَتَأمل وَجِدارها تـتـَهدَّم
صادَفَت وَقْـتا يَرقُص
وآخر يَـنـتـَحِر
عندَما يَرحَل الوَجْدُ من أعْيُنِ الوُرودِ
أتوهُ وَأتوهُ
كالأسْماكِ الصَّغيرة التي
تـُطارِدُها الحيتان





في أعْماقِ البِحار
فَلا أجِد آفاقاً
تَسْكُنُها آمالي
في تلكَ السَّماء الواسِعة
ولا أجِدُ في جَوْفِ البَحْرِ بِحارا
يَبدو وكأنّي أستيْـقِظُ من حُلْم مُفْزِع
يَرتَجِفُ جَسَدي
أتأمل النِّسيانَ
شيءٌ قَدْ راوَدَني
أنظُر لا أحِسُّ ألوانَه
أصْغي لا أسْمَعُ صَوتَهُ
أتَشَمَّمُ.. أتَشَمَّمُ
شُلَّتْ أعضائي
بِرائحة التُفّاحْ



ئاویزان نورى





ئاویزان نورى

**معلومات عامة:**
**كاتبة، وناشطة في مجال حقوق المرأة**
**الأسم الثلاثي : ئاويزان نورى حكيم**
**اللغات التي يجيدها: الكوردية (لغة الأم) ، العربية .**
**رقم هاتف: ٠٧٧٠١٠٠٢٨١٤**
**ايميل: awezan_n@yahoo.com**

**العمل الحالي:**

- صحفية حرة
- رئيسة مركز بنا لإزالة العنف ضد المرأة
- مستشارة اجتماعية
- مديرة مشروع مركز القانوني مجاني للنساء كفينا تيل كفينا ٢٠١٤
- مديرة مركز المجتمع المدني/ تطوعي VODCA، ميرسيكوربس، USAID
- مديرة مشروع استشارات قانونية ولأجتماعية / منظمة اسودة، سفارة نرويجية

**العمل والنشاطات السابقة:**

- اعداد برنامج تلفزيوني و اذاعة عن حقوق المرأة في المجتمع والقانون في تلفزيون باوكوركور وئاشتي، كركوك TV, ، كوردستان، توركمانالي، عيراقية، شرقية
- رئيسة التحرير ومصممة جريدة Pana For Paece

- مديرة اعلام بمشروع مركز قانوني مجاني للمرأة ٢٠١٠-٢٠١١ بدعم من مؤسسة مستقبل
- مديرة مشروع (حماية الطفل والمرأة) بدعم IRD ٢٠١٠
- تنفيذ مشروع "شبكة نساء بناة السلام" في ابراز دور المرأة عن طريق الإعلام ٢٠١٠ بدعم ميرسي كورب
- مديرة قسم تدريبات، جندر مركز **پەنا** ٢٠٠٨-٢٠٠٩ بدعم USAID
- مديرة مشروع خدمات قانونية والأجتماعية ٢٠٠٩-٢٠١٠ NPA
- قسم اعلام اتحاد نساء كردستان ٢٠٠٤-٢٠٠٥
- محاسبة مركز أدبي والثقافي (كلاويز)فرع كركوك ٢٠٠٥-٢٠٠٦
- محررة في جريدة (كركوكى ئەمڕۆ)
- محررة ومنقحة مجلة (كۆمارى رۆز)٢٠٠٨
- إجراء لقاءات في جرائد والراديو والتلفزيون حول: (المرأة، الثقافة والشعر، التربية، التعايش السلمي، الجندر)
- مسهل في مشروع دور الشباب في بناء السلام والمدافعة IRD ٢٠١٢
- مديرة مشروع FGM في مركز بنا لإزالة العنف ضد المرأة/ وادي الماني٢٠١١-٢٠١٣
- مديرة مشروع تمكين ارامل اقتصاديا في العراق ٢٠١٣ RI
- قسم اعلام اتحاد نساء كردستان ٢٠٠٤-٢٠٠٥
- محاسبة مركز أدبي والثقافي (كلاويز)فرع كركوك ٢٠٠٥-٢٠٠٦





- إعداد وتقديم برنامج أدبي بعنوان (پەنجەرە) في تلفزيون كركوك٢٠٠٦
- مديرة مشروع (حماية الطفل والمرأة) بدعم IRD ٢٠١٠
- اعداد برنامج اجتماعية والقانونية حول حقوق المرأة في تلفزيون كركوك ٢٠٠٨-٢٠١٣
- مدربة في مشروع توعية انتخابية٢٠١٠ DAI
- منسقة في مشروع المساواة بين جنسين... بدعم من منظمة قنديل ٢٠١٢
- مسهل في مشروع دور الشباب في بناء السلام والمدافعة IRD ٢٠١٣
- مديرة مشروع مركز الإستماع في بنا لخدمات قانونية واجتماعية للمرأة/ سفارة المانية ٢٠١٣
- مديرة مشروع مركز القانوني مجاني للمرأة ١-٣٠/٩-١٢-٢٠١٣ كفينا تيل كفينا

**عضوة في:**

- عضو في شبكة Kvinna till Kvinna
- عضو الفعال نقابة صحفي كردستان وحاصل على شهادة وهوية صحافة العالمية
- عضو لجنة الدفاع عن الصحفيات
- عضو شبكة الا عنف ضد المرأة
- عضو مؤتمر الشرقي في لبنان على قضية (مناهضة ضد ختان الإناث)
- عضو في كثير من مهرجانات أدبية والثقافية في داخل وخارج عراق

- عضو في كثير من المؤتمرات داخل وخارج كركوك (لا للعنف عن المرأة، وقف العنف عن المرأة، السلام والتعايش السلمي، الصراع ومصالحة وطني)

**مشاركة في كثير من دورات وحوارات وندوات حول المرأة وحقوق الآنسان وحل النزاعات وكتابة المشاريع وتنمية البشرية وتنظيم الإدارة وتخطيط الأستراتيجي داخل وخارج كركوك وخارج عيراق التي اقامت من قبل منظمات دولية من ضمنها:**

- منظمة (UN OCHA) ، منظمة كرا ، شبكة نساء بناة السلام للمرأة القيادية ميرسيكوربس ، منظمة قنديل ، UN DP ، PRT ، UNAMY ، NPA ، القنصلية الأمريكية، ACDI/VOCA ، هيفوس، Kvinna till kvinna.USAID ، سفارة السويدية، سفارة الأمريكية، IR ، سفارة المانية.. الخ

- مشاركة في المؤتمر PRT : ٢٠٠٨لأبراز عمل المنظمات، ٢٠٠٩مؤتمر عرض نتائج بيان مسح و بحث عن أهم المشاكل الاقتصادية و الاجتماعية التي تواجه المرأة في كركوك

٢٥ شهادات المشاركة في دورات كثيرة من المنظمات مجتمع المدني في مجالات (الصحافة، المرأة، الثقافة، المناصرة وحل النزاعات، التعايش السلمي، التنمية البشرية، مهارات الشخصية وادارة الوقت، القيادة، وبناء القدرات) ٢٠٠٤-٢٠١٤

**شهادات التقديرية:**

١-شهادة تقديرية ل كوردستان TV
٢-شهادة تقديرية لمجموعة شباب في سليمانية
٣-شهادة تقديرية من قبل مكتب علاقات العامة في كركوك





٤-شهادة تقديرية في يوم العالمي لحقوق الأنسان من قبل منظمة دادرس لتنمية والإغاثة ٢٠١٢
٥-شهادة تقديرية ليوم العالمي لصحافة الكردية ٢٠١٢
٦-شهادة تقديرية في يوم العالمي للشعر ٢٠١٢
٧-شهادة تقديرية من قبل لجنة دفاع عن الصحفيات ٢٠١٢
٨-شهادة من منظمة ميرسي كورب كوني أمرأة قيادية ٢٠١٠
٩-شهادة تقديرية نقابة ألصحفيي كردستان فرع كركوك ٢٠٠٥
١٠-شهادة تقديرية نقابة الفنانين ٢٠٠٥
١١-شهادة تقديرية مركز كلاويز في مهرجانهم الأول في كركوك ٢٠٠٥
١٢-شهادة تقديرية من جريدة سيبةر كإعلامية جريئة وناشطة في مجال حقوق المرأة ٢٠٠٦
١٣-شهادة تقديرية كناشطة في مجال المنظمات مجتمع المدني ، من الجيش الأمريكي ٢٠٠٩
١٤-شهادة التقديرية من منظمات الدولية من قبل USAID
١٥-شهادة تقديرية تلفزيون ازادي ٢٠٠٩
١٦-شهادة تقديرية راديو تآخي ٢٠٠٩
١٧-شهادة تقديرية مؤسسة رۆز لتأهيل المرأة٢٠٠٨
١٨-شهادة تقديرية منظمة الشبيبة فرع كركوك ٢٠٠٩
١٩-شهادة موارد البشرية لجامعة الأمريكية في سليمانية ٢٠١٣
٢٠-شهادة تقديرية في امسية شعرية في تق تق ٢٠١٣
٢١-شهادة تقديرية من وزارة الداخلية/ مديرية العامة لشرطة كركوك ٢٠١٠
٢٢-شهادة تقديرية من منظمة ميديا لحقوق الأنسان يوم اعلان العالمي لحقوق الأنسان ٢٠١٣

٢٣-شهادة تقديرية من وزارة الثقافة والشباب في كوردستان ٢٠١٣ كركوك
٢٤-شهادة تقديرية من وزارة الثقافة والشباب ومديرية الثقافة والفن في كويه
٢٥-شهادة تقديرية ليوم المرأة ٢٠١٤
٢٦-شهادة تقديرية ك اللجنة شعر ٢٠١٤
٢٧-شهادة تقديرية كمرأة قيادية في العراق ٢٠١٤

**إصدارات:**

١- كثير من المقالات في جرائد والمجلات
٢- ديوان شعري (**پیاسەیەك بە كوچەكانی قەدەردا**)
٣- ديوان شعري (**بەرسیلە عیشقێ بۆ خودا**)
٤- رواية جلد الاول (**نامەكانی نامۆ**)
٥- ديوان شعري (**لە جەستەی گەلاَیەکدا دەمرم**)

**مبادرات:**

١- تقديم مسودة قانون لبرلمان العراقي لمنع ظاهرة ختان الإناث مع وادي الماني
٢- توصيل صوت النساء العراق و كوردستان الى منظمات المدنية في بريطانيا
٣- تقديم رسالة الى وزارة الخارجية في سويد لوضع المرأة في العراق مع نساء من كورستان والعراق
٤- صوت دائم للمرأة





ئاویزان نوری

**حەیرانێک بۆ برینەکانی خاک**

من سوارێک بووم بێ تەجروبە لە سوار بووندا

ڕێبوارێک بووم بەکۆڵێ پڕ لە خەم

بەسەر شان و یەخەمدا

ڕێگەم دەبڕی لای ژیان

بێ ئەوەی بیناسم

یا ناونیشانی بزانم

لەکوێوە هات بۆ کوێ دەڕوا

لەکام میحنەت سەری هەڵدا

نەوەی کێیە

ماڵی کەوتۆتە کام گەڕەکی دنیاوە

نەمدەزانی

تا گەیشتمە پیشانگایەک

پەردەی سەر برینی یەکەمم هەڵدایەوە

تا هەندێک سۆز بخەنە نێو دڵی خوداو..

تاوێک گریانەکانی..

بەسەر گۆنای نیشتمان بهێننە خوارێ

پەردەی سەر برینی دووەمم هەڵدایەوە

هەمان سەراب هیچ لە مردن حاڵیی نەبووم

گەر چی وەک زەنگی مردنی هەناسەکانی یەکەم تابلۆ

لەمەیان بووەتە گەردەلول و..

ئەهریمەنیش..

منداڵ دەباو گریانی بۆ ئەندێشەکانی خاک بەجێدێڵێ

ژنان دەباو..

مەمکیان ئابروی تکاوی قەحتان و عەدنان دەیدزن

پیاوان دەباو غیرەتیان ئەڵقاوێز دەکات

پیرە ژن و پیرە پیاویش

لەپەنای سێبەری حەسرەتەکانی ئەوان پاڵکەوتبوون

بەپاڵتۆیەکی دڕاوی پینە کراو





هیچ لەماناو ڕەنگی مردن حاڵیی نەبووم

دەمبینی دوکەڵێکی ڕەش دەبارێ و

داس.. خەمی دەدرونیەوە و..

سیروان شەپۆلە خوێنی دەدا..

بەرداش دوکەڵی دەهاڕی و..

بێژەنگ تۆزی دەدایە (با)

چەندین پەپولەی مەمکە مژ

لە ئامێزی خونچەکاندا

وەک هەزاران گوڵ فریشتە

هەناسە هاوێر کرابوون

شەهرەزادو شەهرەیاریش

بە دیار وەهمەکانی هەزارو یەک شەوەوە ڕاکشابوون

تازە گوڵ و قەیرە گوڵ و باریکە گوڵ

پێنج هەزار خەیاڵ بەباڵێک

بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕین

بەئەسرینێکی شاراوەی نادیار لە چاو دەهاتە خوار

تەزبیحێکی قەزوان

دەنک دەنک مەرگی هاتنەوەیان دەژمارد

تا خەتمیان کرد

برینێ دیم هەڵدایەوە

برینێ دوو برینێ دوو برین برین

سەرم سورماو حاڵیی نەبوم

برینێ دیم هەڵدایەوە

منداڵێک هاتە بەردەمم

لێمی پرسی

خانمی بەخەمی ئەم چەرخەم

مانای ئەم برینە چیە بە دیواری زەمەنەوە

هەستم کرد دۆڵ و بێشەکان لە پرسیارەکانی ئەوو..

کۆشی بێدەنگی مندا کپ بوون

جۆگەلەکان تینوی قومێک ئاشنایی بوون





گەڵای دارو درەختەکان

هەناسەیان هەردەم سوارو ..

چاوەڕوانی هاتنەوەی شەماڵ بوون..

بۆن و بەرامەی بەسەر ئەم وولاتەدا پەخش بکات..

منیش لەژێر باری ڕەشماڵی خەفەتا

هاتمە وەڵام

((جەژنی قوربانە بە قوربان جەژنی قوربان

نۆبەتی قوربانیە..

بۆتۆ قوربانی کوردستان

گیانی من قوربانتە))

هەیهات .. هەیهات

لە نێو ئەم تابلۆیەدا گەردوون وەرگەڕا

کاتێ جریوەی چۆلەکەو ..

قاسپەی کەوو..

گمە گمی کۆترو.. گریانی قومری

هاژەی چەم و.. ناڵەی کەنار

شنەی گەڵاو..

دەنگی شمشاڵ

گوڵە نێرگز دیاری بەهار

چەپکە.. چەپکە.. پێشکەش دەکرا

ئەو بەهارەی ئەرخەوان

دەیان گوڵی برایەتی دەپشکاندو..

دەم پێکەنین، ڕووخسار ڕەنگین

هەمان تابلۆو.. هەمان برین

خەندە گریا، ڕووخسار وون بوو

نێرگز سور بوو،

هەورێکی ڕەش، برژانگی خۆری هەڵوەراند

ڕەشەبایەک لق و پۆپی ئەرخەوانی شکاند

قەلە ڕەشکە بە قیغە قیغ

باڵندەکانی کپ کردو..





شەماڵ لوول بوو، گەردەلوول بوو

جۆگەو کانی بوون بە دەریایەکی خوێنین و شەپۆلیاندا

سەدان قوربانی بەجارێ پێشکەش کرا

لەنێوانیان دوو پەپولە

پەرو باڵیان هەڵپروکا

کاتێ کەخۆم هاتەوە یاد

چاک حاڵیی بووم

لە پیشانگای نیشتمان دام

ئەمە تابلۆی زامەکانی خاکی منە

بوون بە بیابانێکی ڕەش بۆ داڵەکانی مەرگ

ئەوە ئێمەین..

گومان دەکەین لە سەفینە گەورەکەی نوح

یان خۆمانین

لەبەلەمێکی ئەفلیجی سەر وشکایی

ئەدی کێیە لایداوەتە قەراغ دونیا

(ئیبراهیمە) یا (زەردەشت)

لەو تەختاییە عیبادەت بۆ خاک دەکات

ئەی هەر خودای ئەوان نەبوو

ئەم تابلۆیانەی دەکێشا

دەنگێ نەبوو، وەڵام نەبوو

لە پڕ هاوارم کرد..هاوار

ئەی شێوەکاری ئەم دونیا

ئەی ئاهورا

تاکەی لەحزوری عەرشت

ناڵەمان بەرگی حەوتی ئاسمانت ببڕێ

دەخیلە چاوێ هەڵبڕە

تاکەی نەوەی ئەم زەردەشتە

بەسەر پردی سەبری ئەیوب هەنگاو بنێ

تاکەی گوڵاڵە سورەی من

بەخوێنی خۆمان ئاو بدرێ





تاکەی دوندو ترۆپکانمان..

تارای ڕەشەبا بپۆشن

تاکەی ئەی ئاهورا تاکەی..؟!



یوسف خەلیل

من کە ناوم ( یوسف خەلیل حەمەئەمین )ە لە دایك بووی (١٩٧٣/٣/١٤) م لە سلێمانی، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیم لە سلێمانی تەواو کردووە، خێزانم پێك هێناوە لە ساڵی (١٩٩٩) و دوو منداڵیشم هەیە، دانیشتووی شاری سلێمانی- بەکرەجۆی تازەو فەرمانبەرم بەناونیشانی (سەرۆکی خەزنەداران) لە بانکی تانجەرۆ سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستانە. لە ساڵی (١٩٩٣) وە خولیای نوسین تیامدا دروست بووە لە بوواری وێژە و ڕۆژنامەگەریدا و یەکەمین نوسینیشم لە (١٩٩٥)دا بڵاوکراوەتەوە، ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانیش گەواهی ڕاستی قسەکانمن، ئەندامم لەم ڕێکخراوە ڕۆشنبیریانە:





* سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

* یەکێتی نووسەرانی کورد

* یانەی قەڵەم

ئەم چاپکراوانەشم هەن وەك کتێب:

*ئەسرینی زام (١٩٩٥)

* چاوی چەپی ئیمپراتۆر (١٩٩٦)

* دەمەوێ لە دایك بم (١٩٩٧)

* پەیڤی ڕەنگاڵەیی نزار قەبانی (١٩٩٨)

* کەرت بوونی ڕۆح (٢٠٠٠)

* مێ و خواستە خەفەکراوەکانی خوود ٢٠٠٩

لە گەڵ کۆمەڵێك دەستنووسی دیکەدا کە ئامادەن بۆ چاپ جگە ئەو وتار و ڕێپۆرتاژو دیدارە ڕۆژنامەوانییانەی ڕۆژانە لە گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییەکاندا بڵاودەکرێنەوە، هەروەها لە بوواری هونەری شانۆشدا لە ساڵی (١٩٩٤) ەوە کار دەکەم و لە گەڵی کاری هونەری شانۆیی و فیلم و درامادا بەشداریم کردووە لەوانە:

چی شێتی کردین - شانۆ

پێکەنین بە پێی یاسا - شانۆ

کۆنگرەی کەران - شانۆ

هاوارێکی تاساو- شانۆ

براکوژی- شانۆ

گۆرانی ماڵئاوایی- شانۆ

ئوتێلی ئاخر زەمان - شانۆ

یاخی بوونی ژنان- شانۆ

گۆرانی منداڵان - ڤیستیڤاڵ

شار - فیلم

فیلم سورمێ خان- فیلم

دیار - کورتە فیلم

ئەفسەرەکە ماوە - کورتە فیلم

نوێنەری سوڵتان- شانۆ

مردنی دێوەرەیەك- شانۆ

رابوون - دراما

دوپشك - دراما





راسپاردە - کورتە فیلم

ئەندامم لەم رێکخراوە هونەریانە لە ساڵی (١٩٩٦) وە:

- کۆمەڵەی هونەرجوانەکانی کورد / مەڵبەندی گشتی سلێمانی

- ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان

- ڕێکخراوی جەستە بەخشان لە کوردستان

ئەم بڕوانامانەم پێبەخشراوە:-

- بڕوانامەی ڕێزلێنانی خوێندکارانی کوردستان-١٩٩٣

- بڕوانامەی ڕێزلێنانی گۆڤاری تیرۆژ-٢٠٠٢

- بڕوانامەی ڕێزلێنانی گۆڤاری کریڤ-٢٠٠١

- بڕوانامەی ڕێزلێنانی ڕۆژنامەی ژیانەوە - ٢٠٠٧

- بڕوانامەی ڕێزلێنانی دووەمین ڤیستیڤاڵی بەدرخان - ٢٠٠٥

- دوو بڕوانامەی کۆمپیوتەر

- بڕوانامەی وەزارەتی دارایی

- بڕوانامەی کارەبا

- بڕوانامەی سەنتەری کوردستان بۆ تویژینەوە

ئەم کۆڕانەشم سازداوە:-

- کۆڕی شیعری (هەڵمووتی خوێندکاران) ١٩٩٥ سلێمانی

- کۆڕی شانۆیی (شانۆی رەسەن) ١٩٩٤ سلێمانی

- کۆڕی چیرۆك خوێندنەوە(لێگەڕێن با وەنەوزێکی بەسۆز بدەین) ١٩٩٧، دەربەندیخان.

- کۆڕی شیعرخوێندنەوە ١٩٩٧ دەربەندیخان.

- کۆڕی شیعری (ساتەکانی ژێر سنەوبەر) ٢٠٠٢ سلێمانی.

- کۆڕی شیعری (نم نم دەبینە پروشە) ٢٠٠٤ بازیان.

ئەم بەرنامانەشم ئامادەکردووە:-

- بەرنامەی گوڵزاری نوێ ١٩٩٦ ڕادیۆی نەتەوەیی

- بەرنامەی کەناری رۆح ١٩٩٨ڕادیۆی پاریزگاران

- بەرنامەی کەناری رۆح ١٩٩٨ڕادیۆی زانکۆ

بەردەوام خەریکی کارکردنم تا بتوانم ئەوەی خەونی پێوە دەبینم لەسەر شانۆ لێی بدوێم و بە پێنووسەکەم بینەخشێنم و بتوانم خزمەتێك بگەیەنمە بەرامبەرم، ئەمەشە ئاسوودەیم پێدەبەخشێت و ئاوێك دەکات بە رۆحمدا و بەردەوامیم پێدەدات..

کوردستان – سلێمانی YOUSIF_KAZH@YAHOO.COM





یوسف خەلیل

**سەمای ئەنفال و**

**زریانی خۆڵەمێشی ستەم**

لە زەمەنی کڕوسانەوەی نان و

سروشتی خۆڵەمێشی دا

یادی سەدو هەشتاو دوو هەزار پاسارییە و

سەمای ئەم دارەو دارە دەکەن

لە کۆت و بەندی بیاباندا

لێرەو لەوێ

لە ئامێزی کەروێشکە خەونێکی هەمیشەیی دان

دەنگدانەوەی نزای پەپوولەکانیان دێ

قاقای بایەقووشەی بەعسی جەنگەڵیش

بێ باکن

لەبێگەردی سپێدەی کازێوەی بەیان

ئەنفالت ئەی زریان

جوانترین دیاری بیابان بوو

بۆ بزاڤی هەڵۆکانی شاخ و

ئەسرینی ئەبەدی بوو

بۆ زوڵفە سپیەکانی ژنان

لەم نزرگای زامەدا

سیناریۆی خەونی دزێوو

دووایی نایە

ئەسرینی زامەکانی شارەزوور

زنجیرەو

وەك کانیەکانی مانگی نەورۆز بەخوڕەو

دووا تنۆکی بڕانەوەی هەرگیز

کۆتایی نایە

پۆشاکی ڕەش





دەکەمە کەڤاڵی یاداشتەکانی گەلان

ئێوە تەنها لەکەوڵدان

چونکە نەگەشتین زووخاوی هەناوی هەڵەبجە

بەبابدەیین

باڕێژەی ئەنفالیشتان یادگار کردیین

هاوارە هاوارە هاوار

لە گەڵ هەرەسی شۆڕشدا

بزاڤی نوێ چرۆی کرد

لە گەڵ هەرەسی گونددا

مرۆی کورد ئایندەی نادیار ڕاپێچی کرد

دزێوترین کۆپتەر

چرۆی بابان و بارزان و ڕیشەیان

لە نێو خۆڵی خەونی گەندەڵدا وەران و

چاوەڕوانی هەمیشەییان کردە

ملوانکە بۆ کچان و

بەچکە بۆ نێرو مێ کان

بە فرمێسکی قەتیس ماوەوە

لەچوار ڕێیانی عەرعەردا

زیندە بەچاڵ کران

برینەکان هێندە بەسوێن

هەرگیز بە تۆڵە ئارام نابن

هەورەکانیش هێندە دەگرمێنن

بۆ هەمیشە خەو لە چاوان دەزڕێنن

هۆ ژنە ماندووەکان

لە بری خەندەی هاوسەر و شیردانی ڕۆڵە

کەڤاڵی سپیتان کردە دیاری پرچە بێ نەواکانتان

بۆ بەدەست هێنانی ئایندە هەرگیز

دیدەو بازوتان ناسرەوێ

سبەینێش

لە نێو خۆڵەمێشی قێزەون بێ پایان ون





هاوارە هاوار

تاکەی بێدەنگی لە خشتەمان ببا

تاکەی مەرگی بێ وادە

تاکەی هەناسەی درۆ بەسە ئێدی

کۆتری سپیشتان لە خشتە برد

لەبری (گمەگم)

لە نێو دەواری جەنگەڵی ئاشتی دا

ڕەش پۆشتان کرد

بێ پرسە بێ نەوا سەری نایەوە

پیران و حەفید

قازی و بارزان

ئێدی نانوون و دەست بە مێژەرەکانیانەوە

ناگرن تا با نەیبا

لە نێو ئارامدا ناخەفن

بۆیە (ڕاپەڕین) بووە کۆرپەی ئازارو

لە نێو تەمومژی لەدایك بوون دا

چاوی هەڵهێنا

قەلەڕەش سەربڕاو

کوندەپەپوو کوناوکونی بوو

هەڵۆکانی لامل و

سەرشان حەشاردران

ئێدی هەڵەبجە تاوێ خەوی لێکەوت

بەڵکو گوندەکان چرۆ بکەنەوە

ئەنفالەکانیش بدۆزرێنەوە

خاك ژان گرتی و پەرلەمان چاوی هەڵهێنا

مەخابن هێشتا یاساوڵەکان ئاوەڕوت نەکرابوون

خەندە هەموومانی لە ئامێزنا

لە ڕەش بەڵەکی ڕەنگەکاندا هەموو زامەکان

کولانەوە

تکایە مەست مەبن بازەکان نەمردوون





دەتان قۆزنەوەو لە خشتەتان دەبەن

براکوژی

لە نێو شەڕە پەڕۆو تەقەی خۆشیدا سەری دەرهێنا

پێنج هەزار پەپوولەی کانی عاشقان هاواری کرد

کەس گوێی لێ نەگرتن

ئەنفالەکانیش

ئێدی بێ هیوا بوون لە هەڵهاتنی خۆر

شەو هەمووانی لە ئامێز گرت

تادەهات کانیەکان دەبوونە کارێزی خوێنی شار

هەموو شتێ سەرئاو کەوت

برینەکان کرانە قوربان

(دراو) ی مەملەکەتی پڕ لەئەستێرەو

(کورسی) دونیای پڕ لەتیشکی خۆر

وەفا نەما بۆ جەستەی زاماری شەهید

تا ئێستا لە ئارامیداین

چیتر بەرگە ناگرین

دە کاروانچیەکی دڵی گەل بن

دڵنیابن دەبینە سەرچۆپی گری هەموو

باڵندەیەك بۆتان

دەئێوەش تەنها چەپكێك خەندەمان یادگار كەن

بەڵکو تاوێ پشوو بدەیین





یوسف خەلیل

**سیناریۆی نمایشێکی خەواڵوو**

شوێن نوواڵەی شاخەو

وەرزی داماڵینی شەختەی بەفرە

گیانێکی نوێ یە

سروشت لە ئامێزیا سەمایەکی ئاڵ پیادە دەکا

لەم هەواری ئازارەی ساڵدا

سەدەیە دەبەنگ

سەدەیە شۆڕش

سەدەیە هەرەس

سەدەیە سیناریۆو

سەدەیە شکستی هەمیشەیی

نەورۆز

لە نێو تەمتومانی کەروێشکە خەودا

وەئاگا هات

لەجەنگەڵی ڕاچەنین و

شپرزەیی خەونێکی ڕەش و پڕ ناسۆر

بایەشکی ڕەشماڵێکی لە سەر خاك لادا

ئێمە دەبینە زستان

تۆش بە دیار زارۆڵەکانەوە چیچکاند کردووە

مامە پیرەیەکی کاندێشیت و

دەروێشانە گوێت لێ ڕاگریین

ئاخر دڵی پڕ میهرت ئەی خاك

بەرگەی ئەم حەسرەتە ناگرێت

کە زریان شکۆمانی دەکات

ئەترسم بمریت ئەوسا دەبم بە هیچ

یا زێوانی مەرگێکی بێ شوومارو

لەنەبووندا بۆ هەمیشەیی

سیمام سەمایەکی شپرزەیی دێنێتە گۆڕێ

سێو کڕنیم و نیم





گەرچی بەهاری ژییانەوە

پێنج هەزار دانەی شکۆکردم

مەخابن بێئاگا

کردمە گۆچان بۆ پیرەکان

کردمە شیر بۆ زارۆڵەکان

دەستگیران بۆ یاران

ئەوین بۆ دایکی میهرەبان

ئەوانەی هاوڕۆحم بوون ئێدی نەم دینەوە

ئاخ دڕك چیت پێ کردم!!

دۆزەخم لێ بوو بەنمایش و

کەسەکان ئەکتەر

خەونم سیناریۆو بینەر مەرگ ڕاپێچی کردن

ئەی خاك

گەرەکم بوو شەوبۆو وەنەوشەو

گوڵەباخت لێ بچێنم

نەمدەزانی دەتکەنە چوار ڕێیانی مانگی ئازارو !!

لەخەمی بیاباندا بەساویلکەیی دەمێنمەوە

ویستم ڕەش بەڵەك

گەڕەك گوند شار

هەموو دیدە ئازار چەشتووەکان لەئامێزنێ

بەڵکو تاوێ بحەوێنەوە

نەمدەزانی درزو خۆڵی وشکی نەگریسەکان

دەمکەنە حوشترە لۆکەو لەکەنار باڕەشی تاواندا

دەرخواردی دەڵە دێوەکانی

سەدەی بیستم دەکەن!

ئەمێستا نابێ من نەورۆز بم

کە ئازار ڕاقەی جوانی پرچی خورماییم بێ

چی وەڵامی (پیرەمێرد) بدەمەوە

چۆن بەچۆکا بێم بۆ گوڵەباخ

کە جوودابیم یادگار کرد





حەسرەتەکانی تۆ

چۆن بلاوێنمەوە ئەی خاك

چی وەڵامی گەورەو بچوکی هەڵەبجە بدەمەوە

بە چ شێوەیەك لێم دەبوورن

نا من دزێوترین خوێنمژی دنیام

پێویستە ئێدی من نەورۆز نەبم

کە چاوی هەڵەبجە لەمندا کوێر ببێ

تەنها هەڵوێستێك ماوە

کە (کانی عاشقان) لێم وەرگرێ و

ببورێ لێم

کە ڕاپەڕینی گەلی یادگار کەم

ئەی نەورۆز بەرز مەفڕە

دەمێکە نووستوویت

خۆشنوودم بەهەڵسانت

قەدەرێکە لەئامێزی خەوندا

شەق لەهاوەڵەکانت

هەڵدەدەی ؟!

سەیرکە خوێنی کچێنی کچان و

قۆڕبوونی کوڕان ببینە

بەرگە ناگرم

دەمەوێ بۆ یەکجاری سەربنێمەوە

تۆ بمریت ئەی خاك

ئێمە لەبێهودەییەکی نادیاردا

ڕێیەکی نەهات دەگرینەبەر

پێویستە بمرم

چونکە هەست دەکەم خەو دەتباتەوە نەورۆز

هێشتا خوێنی براکوژی سارێژ نەبووە!!

هەڵەبجە

داوای ڕۆحی ڕۆڵەکانیت لێ دەکا

سەیری شەهیدان کە





بەچ دیدەیەك لێت دەڕوانن

منی دایکت

هێشتا ئاوێزانی نامەحرەم نەبووم

ڕۆڵە تۆ

بۆچی دەتەوێت بە زۆڵی بمریت

وا هەرچی دڕکە مووی سەرسینەت هەیە

هەر ئێستا سەریان دەبڕم

بەس تەنها مەنوو نەورۆز

نەورۆز نەورۆز

مەخابن نەورۆز

بۆ یەکجاری نووست!!

بزاڤی گەل

لەهزری جوودابیدا بێ ئاڵا مردا!!

چرۆی باخچەکانی شاریش

لە ئامێزی پەناهەندیدا ڕوو زەردا!!



**سەمیر کرسافی**

سمیر سیدو شمو، ژدایك بوویی١٩٨١ى دەرچۆیی شەشی سەرەتایی ئاستی خواندنی (کوردی - عربي- لاتینی) زمانی سۆرانی و بادینی و عربي و ترکی ئە ڤە وەك ئاخفت، هەلبەستڤان و ئەکتەری شانوویی و وێنەگرێ ڤیدیویی و دەرچۆیی کومپیوتەری ئەڤە وەك کار.. بابی من شەهیدی قارەمان یی ریبازا پارتی و بارزانیی نەمر ل سالا ١٩٨٦ی هاتە سیدارەدان ل زیندانا (ئەبوو غریب) ل بەغدا، ل سالا ١٩٩٥ بوویمە ریکخستی ل نڤیسنگەها رێکخستنا باعەدرێ، ل سالا١٩٩٦بوویمە پێشمەرگە دگەل





مەفرەزێت پارتیزان سەرب سوپای ١٢ڤە و زێرەڤانیا دوو یا شێخان، ل سالا ١٩٩٧ هاتمە پەسندکرن ژلایی لیژنا ناوچا شێخان بۆ رێڤەبەریا ئاسایشا شێخان و من وەك باوەرڤان ئانکو(منتسب) نێزیك ماوی دوو سالان خزمەتا ریڤەبەریا ئاسایشا شێخان کری یە، ل رێکەفتی ١٩٩٩\١٢\٢٧ی من پەیوەندی ب رێزێن لەشکری تایبەت کر ل زاویتە پتر ژماوی سێ سالْ و چار هەیڤا من دواری رەوشەنبیری و راگەهاندنێدا خزمەتا لەشکری کری ل رێکەفتی ٢٠٠٣\٣\١ هاتە دیرئیخستن ئانکو (تسریح) کرن، ل رێکەفتی ٢٠٠٤\٤\٤ دەما جەنابی ریزدار سەرۆك بارزانی لدیڤ بریارا ( مجلس الحکم) بویە سەرۆك کۆماری عیراقا فیدرال ئەم ١٢٠پێشمەرگە ژبنەمال و خیزانین شەهیدین قارەمان دەرچۆیین لەشکری تایبەت زاویتە برێکەفتین بۆ بەغدا بۆ زێرەڤانیا سەر جادا، رێکەفتی١\١\٢٠٠٥ب هاریکاریا سەرۆکاتیا بنگەهی لالش دهۆك بوویمە نۆبەداری پەرستگەها لالش ل شێخان هەتا هەیڤا ٢٠٠٥\٩ی و دیسان ل سەر داخوازا فەرماندەیا لەشکری دهۆك ئەز هاتمە هەلبژارتن وەك سەرپۆلەڤان ئانکو (رئیس العرفاء) و راهێنەرێ مەشقێ (مدرب تدریب) بۆ خۆلا مەشقێ ئەوا دگۆتنی لیستا پێشمەرگێن نوی بۆ وان گەنج و لاوێن دەڤەرین نوو رزگاربوین ئەو ژی ژبەر کو ئەز دەرچۆیی لەشکری بووم بەلی پشتی دەرچۆنا خولا مەشقی ئەز ڤەگەریامە سەرب سوپای پینچ ڤە دیسان ل زاویتە و هەتا رێکەفتی ٢٠٠٧\٣\١٣ ی هاتیمە وەرگرتن ب پلەیا کادر لیژنە سەرب لقی ٢٠ شێخان ڤە و هەتا ئەڤرۆ یی بەردەوامم دناڤ خزمەت و خەباتا پارتی دا و سالْ بۆ سالْ سۆز و پەیمانا نوی دکەمەڤە بۆ رێبازا پیرۆزا پارتی و بارزانیی نەمر و کاك ئیدریسی هەردەم ساخ و تەڤایا شەهیدین بزاڤا رزگاریخوازیا کورد و کوردستانێ.

سەمیر کرسافی

## ئەز

ئەز...

ئەو زاڕۆکەمە

ئەوێ هەر ژ بچوکاتی

ڕەنگێ بابێ خۆ بچاڤا نەدیتی و

دەنگێ وی بگوها نەبیهیستی

ئەز...

کۆرێ وی قارەمانیمە

ئەوێ ل زیندانا (ئەبو غرێب)

ب سینگەکێ بەرفرە پێشوازیا

سێ گوللەیێن سێدارەدانێ کری

ئەز...

کۆرێ وێ دایکێ مە

ئەوا ب دلەکێ سۆتی و تژی

خەم و کوڤان

بەهایێ سێ کوللەیێن

لێدانا سینگێ زەلامێ خۆ

دەرخستی ژبەر شوتکا خۆ و

ل ناڤ چاڤێت ئەفسەرێ



ژانی کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

لەشکرێ ڕژێمێ وەرکری

ئەز نەڤیێ وێ داپیرێمە

ئەوا پەیاما خۆ پێشکێشی

سەروکێ هەرێما کوردستانێ

کری و گوتی

گوتی قوربان

ئەز دایکا دوو شەهیدامە

خزمەتکارا قۆتابخانەکا بەعسیامە

مووچەیێ خۆ

هەر چەند هەیڤا جارەکێ دگەهینمە ئێك و

ددەمە ب کوللە و

پێشکەش دکەم بۆ تڤەنکا

چوار پێشمەرگانە

ئەز...

ئەو پێشمەرگەمە

ئەوێ د ژیێ شازدە سالیێ دا

چەکێ شۆرش و خەباتێ

ب ناف ملێن خۆڤەگرێدا

بەشدار بوی د سەنگەرێن شەڕادا

ئەگەر باوەرناکەن

هەرن پرسیار بکەن
ژ کەرتێ شلیا و سەرێ کانیکا و
بیرهاتن و هوزانێت من بخوینن
د ڕەبیا گرێ جانێ دا
ئەز...
ئەو سەربازێ لەشکرێ تایبەتم
ل هەمیدەمێن مەسیرا بارزانی نەمر
دەست پێ دکر
من بدەنگێ خۆیێ بلّند و نازك
سرودێن نیشتیمانی و وەلّات پەروەری
دگوتن و هاوار دکر
ئەز...
خودانێ وێ سوزێ مە
ئەو سوزا من دایی و
ل گەلەك ئاهەنگ و کونسێرتا و
هەتا ل دەڤەرا بارزان
لسەر مەزارێ نەمران
من دگوت:
بوتە سوزبیت هندی هەبم
لسەر رێیاتە پێشمەرگەبم





خودان هەست و وەفاداری
بلا گۆری ڕێکا تەبم
ئەز...
خۆدانێ مەزنترین باوەرنامێمە
مادەم دەرچوییێ ڤێ فێرگەهێ مە
نە پوشمانێ شەهید بونا بابێ خۆمە
ئەز پێشمەرگەهێ ڤێ رێبازێمە



**سارا شێروانی**

## خەوی ژیان

هێشتا زوبو ڕاتان چلەکاندین لە خەوی ژیان

بو دەرتان کردین مێهرەجانی مەرگتان پێشکەش کردین

تابلۆی ڕەنگاو ڕەنگی هیوای ژیانتان بە جارێ لێ بردین

پرشنگی ژین و کێلگەی شاری ئاشتیتان لێ وون کردین

وەك پەروانە لە نێو جەنگەڵی چاوی مرۆڤەکان بوین

ئیتر بوین بە خەون و خەیالاو فرمێسکی چاوی کوردستان

ڕێگا بدەن تاوێ بگەڕێمەوە بۆ ئامێزی دایکە نیشتیمان

بگەڕێمەوە نێو کۆچە و شەقامەکانی (هەڵەبجە)ی ژیان





**سارا شێروانی**

## هەڵاتنی خۆری تۆ

هەڵەبجەکەم شاری ئەسرینم تۆ

لانەی ژین و دڵی پڕ برینم خەفەت مەخۆ تۆ

من وەك کچی شارە جوانەکەی تۆ

مژدەی ژیانێکی تر ئەدەم بە بەرزی تۆ

ڕۆژێك دێت گەورەی ناوی پڕ هەزەری تۆ

پیرو لاو گەنجە جوانەکانی دیدیی شاری تۆ

ئافرەت و ڕۆشنبیران و ناسراوانی تۆ

ڕەق و ناڵەو ئازارەکانی دڵی میهری تۆ

وەك بلیسەی ئاگر لە چاویان ئەپشكێ بۆ تۆ

دڵنیابە ئەی شاری شیرینم هەناسەم تۆ

بە هێزی و شکومەندی نەمرێ ناوی تۆ

دەستی داگیرکەران وورد و خاچ دەکەی تۆ

بە خوێنی سەربەرزی گشت شەهیدانی تۆ

بە سەروەری بۆ ڕێگای ئاڵای نیشتیمانی تۆ

دڵی ڕەش و مەراقی چاوتێبرینی تۆ

سێداری ژیانیان بۆ باوەشی مەرگ وئەبی تۆ

بۆ سوتانی بەهاری عومری چەند ساڵەی تۆ

سەر لەنوێ خونچەی ژیانت لە دایك ئەبێتەوە تۆ

خۆی هیواو ئاوات خێرا سەرهەڵئەداتەوە تۆ

بۆنی ژیان لە باوەشی کوچە و کۆڵانی تۆ

نوقڵانەی خۆشی ئەگێڕنەوە بۆ نوێبونەوەی تۆ

تۆ گزنگی(هەڵەبچە) خۆری چاوی کوردستانی تۆ





سارا شێروانی

## هەڵەبجەکەم

هەڵەبجەکەم کە ئاوییێتە بووین

هەناسەی ژیانت ئەخۆمەوە

بە چەشنی پەیکەرێك لە یادەکانی

گەنجێك بۆ ئاوازی زەمەنی منالّی

بۆ نێو تروسکای ژیان دەڕۆمەوە

حەزدەکەم لە نێو باخچەی

تێکۆشانی گشت ژیانت

مێرگی ئاوات و لاشەی هیوام سەربپڕم

تەنیا با کزینگی ژیانم بۆ هەلاتنی خۆری تۆ بێ

درەختی حەزرەت و دیدی بۆ تۆ بوونم بێت

دیسان دەگەڕێمەوە بۆ باوەشتۆ

لە گەڵ هەناسەکانت ئەژێمەوە

ئەگەڕێم بە نێو گشت کون و قوژنێکی

ئەم شارە و باڵای بەرزی نیشتیمانت

برینە قولەکانی ناخت ئەبمەوە

لە نێو ژوری خەیاڵەوە دەرت دێنم

لە ژێر سێبەری حەزی بە تۆ بون

وەك پاسەوان

پەیکەری سەوزی لێ فرێندراوت

بۆ باوەشت ئەگەڕێنمەوە

ئەو خەم و دەریا فرمێسکانەی

چاوی داکانت ئەسڕمەوە

ئەگەڕێم بە دوای مەملەکەتێك

هەنگوێنی نێوشانەی نیازت

بۆ ئامێزت ئەگەشێنمەوە

لە ناو کۆشکی خەمی سۆر و ئوقیانوسی

خۆمان و دڵمان

تارمای سەر کولمی ئازاری باڵای بەرزی

نیشتیمانت هەڵ ئەدەمەوە







عبدالله تتو مستەفا

عبدالله تتو مستەفا

## بێ بابی

چ باب قەد من نەدیتینە
دایکا من ئەز مەزن کرم
کارێ من نالی و گرینە
نێ ژ غەما ئەز بارکرم

دایکامن و خوشك برا
ئەم هەمی پێکڤە ب تنێینە
هندی دگەڕێم ل هەمی درا
کا ئەم زاروکێت کێینە

دایکێ کانێ بابێ من
بۆچی یێ بێ سەرو شوینە
کانێ نەحەز و دۆژمن
ژمن ڕا بێژە کا ئەو کینە

نێ بابێ من ل ڤی گوندی
مێرخاس و چەلەنگ بۆیە
ب سەرکەفتی و سەربلندی
سەر ڕێبازا بارزانی چۆیە





عبدالله تتو مستەفا


## غەم بۆ بارزانیان

غەم دگەل بەفرێ دبارن
بارزانی نێ هەشت هزارن
چواردە ساڵە ل زیندانێ
بێ سەرو شوێن و نەدیارن

غەمێ دهێن ل دیف غەما
بارزانی چوون خۆشی نەما
مە تازی و گری و شینییە
خەڵکی کەیفە و دکەن سەما

غەم دزورن نێ ئەڤ ساڵە
هەمیا گری و ناڵە ناڵە
زاروك دهێن و دچنە مال
گازی دکەن بابا نەل ماڵە

غەم بێ حەد و بێ حسابن
بارزانی چون خۆشی نابن
پشتی ئەو چوی ئەم هێلاین
ب هزارا زاروك بێ بابن



حازم بلەیی

**ناڤ: حازم محمد مستەفا سعید داویدکی**

**نازناڤ : حازم سافیا بلەیی**

**ل دایك بوون: ١٧ -٤-١٩٧٩ ل باشوورێ عێراقێ (نفر- عفك –قادسیه)، دەمێ دەسەلاتا بەعسیان ل عێراقێ بارزانی ل سالا ١٩٧٥ ڤەگواستن بۆ باشوورێ عێراقێ و پارێزگەها دیوانیه تا سالا( ١٩٨٠ )یێ ، ل ئاوارەیێ و دوری ولات ژ دایك بووە، ل ٣١-٧-١٩٨٣ باب و مام و باپیر و خالێ وی دگەل (٨٠٠٠)هەشت هزار بارزانیان ببێ تاوان هاتینە جینوسایدکرن ل سەردەمێ دەسەلاتا بەعسیان.**

**جهێ روینشتنێ: باژێرکێ بلێ، ناحیا بارزان، قەزا مێرگەسور، پارێزگەها هەڤلێرێ، واتە دەڤەرا بارزان.**





حازم بلەیی

## خەما دایکێ

خەما دایکێ...

پشتی گرتن و شەهیدکرنا

بابا و برایا...

خۆپاراستن و

خۆ ڕاگری

نەملکەچ بوون بۆ دوژمنا،

نە موحتاج بوون،

نەژی گری

خەما دایکێ...

ب ڕۆژێ وەك باب

ب کارکرن و...

ڕێڤەبرن

ب شەڤێ دایك

سۆز و وەفا و زارۆك و ...

پیر ب خودانکرن

خەما دایکێ...

لناڤ مالێش ئەنجام دان و
ڕێکخستنا
سەدان کارا
پاراستنا زمانێ ڕەسەن...
کەلتۆر و
فەرهەنگێ جارا

خەما دایکێ...
چاندنا توڤێ هیڤی یێ
لناڤ دلێ
ئەوێت مایی
دلێ دانەڤا خۆ و زارۆکان
گەل ییێت وەك خۆ
بێ جودایی

خەما دایکێ... زێرەڤانی
ل شەڤێدا
خەبات کرن و بەرخودانی
ل ڕۆژێدا





خەما دایکێ...
بۆ زارۆکا پەروەردەکرن...
پێگەیاندن
بە ئاوایەکێ ڕێك و پێك
هۆشیار کرن...
تێگەیاندن
خەما دایکێ...
ژن ئینان بوو ژبۆ
کوڕی
بەرکرنا جلکێت بوکێنی
بۆ کچا خۆ بەری
ب مری

خەما دایکێ...
بۆ چارەسەرکرنا هەمی ئاریشە و...
ئاستەنگا
بێ ڕاوەستان و ماندی بوون
هەر دجەنگا

ئەڤە خر خەمە و چەندێت دیکە

ل ناف دلێ و ناخێ

وێ بوون

وەکو ئەرك و بارێت گران

هەمی ل سەر ملێ

وێ بوون

بڤی ڕەنگی هەر ڕۆژ

ل دلێدا

داسۆژی

گرنگ نەبو، بەس سەربلندی

دگەل زارۆکێت خۆ

بژی

کێ هەیە ئەڤان خر خەما

د ئێك دەمدا

هەلگری

بەرامبەر زولم و ستەمێش

ناڤ دوژمنا

خۆ ڕاگری





سەرباری ئەڤان خر خەما

ب سەر فرازی

دمینیت

قەید و بەندێت نەبونیێ و...

بێکەسیێ

د شکینیت

سەدان داستان و سەروەری

ل ئێك دەمدا...

تۆمار دکەت

مێژوو شاهێدە بۆ ڤێ چەندێ

شانازیێ...

پێڤە دکەت



عارف قوربانی





عارف قوربانی

١٩٩٩

## کۆڕاڵی لە چاوەڕوانی فریشتەکاندا

هۆ، هۆلاکۆ

هۆ، جەنگیزخان

تەیموری لەنگ

سوڵتانەکانی خوێن ڕشتن

پاشاکانی سوپاو تفەنگ

دەرگای ئەم کوشتارە داخەن

نەفرەت لە جەنگ، نەفرەت لە جەنگ

*** *** ***

من گەلێکی بریندارم

چواردە چەرخە

وەك عومەری پورە خاوەر

هەموو ڕۆژێ هەر بەتەنها

سوجدە بۆ سوتانی جەرگ و تەرمی ئەژنۆکانم ئەبەم..

نازانم بۆ کوێی بەرم سکاڵاکەم..

سوێی برینتان، وا لە هەناوی من دایە

**خوێنتان لە لاشەی من ئەتکێ**

**هۆلۆکۆست**

**گەلی ئەرمەن**

**هێرۆشیما و ناکازاکێ**

★★★ ★★★ ★★★

**کێ ئەزانێ**

**ئەم کاروانە**

**چەند سەدەیە بەڕێوەیە**

**ئەم رووبارە خوێناوییە**

**سەرچاوەکەی لەکوێ وەیە**

**هیتلەر، سەدام**

**میلۆسۆڤیچ**

**نەوەکانی تەیموری لەنگ**

**نەفرەت لە جەنگ، نەفرەت لە جەنگ، نەفرەت لە جەنگ**

★★★ ★★★ ★★★

**وەرە جارچی**

**ئەم چامەیە بخوێنەوە**

**میللەتێك چاوەڕوانیی، کوشتوییەتی**

**تا فریشتەکانی بێنەوە...**

**سەد و هەشتاو دوو هەزار**





**فریشتەی خوا، دران لەدار**

**سەد و هەشتاو دوو هەزار پەڕەی قورئان**

**دەروێش و زیکر و تەریقەت**

**تەزیح و لائیلاهە ئیلەڵا**

**١٨٢هەزار**

**مزگەوت و سۆفی و بەرماڵ**

**نوگرەسەلمان بوو بەشاریان**

**عەرعەریان بۆکرا بەماڵ..**

**وەرە جارچی**

**ئەم چامەیە بخوێنەوە**

**میللەتێك چاوەڕوانی**

**فریشتەکانە، بێنەوە**

★★★ ★★★ ★★★

**ئازادیخوازانی دوونیا**

**وەرن، ئەم تەلبەندەی تۆپزاوا بشکێنن**

**بمبەنەوە بۆلای دایکم**

**ئەزانم دایکم عەیامێکە چاوەڕی یە**

**هەرشەوێ**

**ڕەشەبا تەقە لەدەرگای ماڵمان هەستێنێ**

**دایکم دڵی دا ئەخورپێ**

وا ئەزانێ ڕێبوارێکەو هەواڵی منی پێ یە..

وەرن دەرگام لێبکەنەوە

چاو و گوێچکەو دڵ و جەرگم

بۆ دایکم ببەنەوە...

دایە گیان، تۆش لە دڵتا بمنێرە چاڵ

نیگای چاوت بکە کێلی قەبرم

لێی بنووسە

مافی مرۆڤ، مافی مناڵ

مافی پەککەوتە و پیرەساڵ..

وەرە جارچی، ئەم چامەیە بخوێننەوە

نیشتمانێ پڕ لە دایك چاوەڕوانن

هەناسەکانیان بێننەوە

*** *** ***

مافی مرۆڤ

ئازادیخوازانی دونیا

وەرن، ئەم باستیلی نوگرەسەلمانە

بڕوخێنن..

ئەم قەڵای ستەمە لابەرن

لێرە لە بۆنی حەتحەتۆکە

چڵێ لە گوڵی ئەنفال





بڕوێنن..

وەرن بمبەنەوە بۆلای پەزەکان

بمبەنەوە بۆ نێوو حیکایەت و

شەوچەرەی نێوو دیوەخان

بمبەنەوە بۆلای قەتار و ئەڵاوەیسی و بەستەو حەیران

لێرە گوێچکەم پڕ بوو

لە حەپەی سەگە رەشەکانی نوگرەسەلمان

بۆنی (حەجاجەکان) کووشتمی

وەڕس بووم لەخاکی پیرۆزی عەرعەر

وەرن دەرگام لێبکەنەوە

کاسەی سەرو

جومجومەی ئێسکەکانم

بۆ وەتەن ببەنەوە...

وەرەجارچی

ئەم چامەیە بخوێنەوە

لەم چەرخە خێراو پەلەیەدا

میللەتێك راوەستاوە

چاوەڕوانە

فریشتەکانی بێننەوە...



خالید رەشیدپوور

سەبارەت بە خۆم زۆرم نییە بیڵێم
ئینسانێکی کوردم ناوم "خالید رەشیدپوور"ە.
ساڵی ١٩٥٩ لە شاری سەقز لەدایک بووم.
لە شاری سنە لە یانەی هونەرە جوانەکانی ئەو شارەدا خوێندوومە.(بە داخەوە بە هەڵە بە یانەی هونەرەجوانەکان ئەڵێن(پەیمانگای هونەرەجوانەکان) کە من ئەو ناوەم زۆر پێ هەڵەیە.
لە ساڵێ ١٩٧٩ تا ١٩٩٥ لە سەقز مامۆستای هونەر بووم.
لە ١٩٩٥ تا ٢٠٠٠ لە سلێمانی ژیاوم و خۆم زۆر بە قەرزاری شاعێران و نوسەران و رۆشنبیرانی ئەو شارە ئەزانم
لە ٢٠٠٠ ەوە لە وڵاتی نۆروێژ ئەژیم
ئاواتی گەورەم وریایی و وشیاری و رۆشنبیریی نەتەوەکەمە، چون لام وایە ئازادیش کاتێک کەڵکی ئەبێ کە بنەماکەی لەسەر وشیاری خەڵک دابمەزرێت.
تا سەر ئێسقانیش پەرۆشی زمانی کوردیمە و بەکارهێنانی وشەیەک یا چەمکێکی هەڵە ژان بە دڵم ئەگەیەنێت.
هیوام سەرکەوتنی نەتەوەکەمە بەسەر کۆیلایەتی و هەژاری و نەزانیندا.





خالید رەشیدپوور

## سەردەشت

ئەوا دیسان سەری هەڵدا، لە دڵدا ژانی سەردەشت
گڕی بەردا یە ناخ و دڵ، وەک ئاگردانی سەردەشت
ئەوەند گریاوم ئەسرینم، نەما ناچار خوێنی دڵ
دەبارێنم لەسەر تەرمی، بە بێ تاوانی سەردەشت
هەڵبجەی سوری رەشپۆشم، هەزاران زامت پێوە
لە بۆ سارێژی زامانت، ببە میوانی سەردەشت
منیش شینگێڕی شینتانم، لەسەر تەرمی شەهیدان
هەتاکو تۆڵە دەستێنین، لە خوێنخورانی سەردەشت

خالید رەشیدپوور

## من کوردم

با بمکوژن، هەر دڵۆپەی خوێنی گەشم
سەردەشتێکە، رووڕەشی مێژووتان ئەکا
بمسوتێنن، هەر دەمارەم
هەڵبجەیەک ئەکا بە چاڵی چاوتانا
ئەنفالم کەن، بێ سەرو شوێن،
هەر دڵۆپەی فرمێسکێکم
دەبنە هۆزێک،
تەخت و تاجتان ئەڕوخێنێ
ورەی بەرزو هێز و هیوام
کۆتایی بە ژینتان دێنێ
ئێوە کوردتان نەناسیوە
قەت ئەستۆم لە سێدارەتان،
سینگم لە ڕێژنەی گولەتان
هەرگیز دەست لە کەلەپچەتان
بڕوای بەرزم لە پیلانتان
نە، سڵی کرد نە، ترساوە
فەوتانی من بەدەست ئێوە،
خەیاڵێکی پووچ و خاوە.






خالید رەشیدپوور

## ئاڵاکەم

کوردم من،
رەنگی ئاڵاکەم
هێمای بیر و بڕوای پاکم
لە خوێنی خۆم بمگەوزێنن
نابنە خاوەن مشتێ خاکم
هێمنایەتی و ئاشتیم دەوێ
بە بێ ئازادی هەڵناکەم
وەک تیشکی زێڕینی خۆرم
سەرچاوەی زانست و بڕوام
من بارانم،
گەر تۆی داگیرکەر لێم گەڕێی
بەسەر ئەم خاکەدا، داکەم
نیشتمانم لە بەهەشتیش
جوانتر ئەکەم
هەرگیز بەکەس ناتوێمەوە
تا شەکاوە بێ ئاڵاکەم.



خاڵەحەمە/ دانمارک/ ڤالبی..





خاڵەحەمە

**زامەکانی( ئەنفال)**
**خەریکە گوڵ دەگرێ**

لەتەک کاروانی بێگەڕانەوەی هەڵەبجەو
عەشقی شێتی دوای ئەنفالدا،
بەڕێکەون
تویشوەبەرەی ڕێیەکی دوور،
لەکوڵ بەستن
ڕامەوەستن
بەو مەبەستەی خەونەکانمان
لەکەژاوەی چاوی یەکتردا،
هەڵبگرین..
خوزگەکانمان
بەئۆخژنی ڕۆحمانەوە
کرمی دوودڵی لێی نەدا..
زامەکانمان
بەقاقاو خەندەی منداڵان
سارێژبکەین..
کۆبرینی ئەنفالەکان
بەئاڵای کورد داپۆشین..
تا لەبیابانی غوربەتا تەنهانەبین..
تالەپاشکۆی مێژوویەکی خوێناویدا
گورگەکانی( عەرعەر ) و چۆڵەوانی
گەلەخێوەکانی دەریای لم
بێ خوداکانی دوورگەی خوێن

سەد جاریتر نەمان کوژن
نەماننێژن..
ئایەتەکانی ئەنفال و
ئەسحابەکانی سەدەی نوێ و
ئەمیرەکان!!
خوێنی ساواو کۆرپەکانمان
حەڵاڵ نەکەن..
لەووڵاتی زێڕی ڕەش و
سەرچاوەی ئاوی شیرین و هەتاوەوە
شۆڕەژن و کچەکانمان بە( سەبایا )
ڕاپێچ نەکەن بۆفرۆشتن!!
دوای تاڵانی و
کاولکاری و مرۆڤ کوشتن
ئەسحابەکانی سەدەی نوێ
لەبارەگای ( ئەخناتونی ) جوانەمەرگا!!
کچێنیان لێ بستێنن..
ئازیزانم بابەشوێن پێی جەللادو
کورد کوژانا
بیابان تەیکەین
ڕێ هەڵبگرین
تادەگەینەژێر سایەو سێبەری
ئەو دەوارەی زامی ( تەیفور ) ی سارێژکرد!!
تادەگەینەبارەگای پڕشکۆی ( خۆفۆ ) و
شان و شەپیلکی تۆزاوی ملهوڕەکانی عروبە..
تادەگەینە سەرچاوەی مەرگی ئازیزان
تادەگەینە دوامەزاری خامۆشی و





دواهەناسەی پەپولەکان
دواهاوارو
دواقریشکەو
دوا نوزەی پیری پەککەوتە..
تالەبیابانی قات و قڕدا
تەزبیحەکانی تەهلیلەو
کەشی پشتی حاجیەکان و
کۆڵوانەشڕی داپیرەو
چەفتەلی و سەرپۆشی ژنان و
دوعای سەوزی چڵکگرتووی بابەشێخ و
نوشتەی بێ کەڵکی مەلاو
کوژەکەی شینی سەرسنگی مناڵەکان و
سەدان کیژی وەک ( مەریەم ) و
وەک ( خەدیجە ) و
وەک ( فاتمە ) بێنینەوە
بەسەدەها دزراویتر
لەژێر قووبەی شینی ( ئەزهەر )دا
دەربهێنین!!
کەئەنفالیان بەچاوان دی..
کەدوانوێژی بەکۆمەڵ و
کەدوانیگای بەکۆمەڵ و
کەدوامەرگی بەکۆمەڵی
ئەنفالیان دی..
کەخوایان بینی تورەبوو
مێژووش قەوانەفیشەکی کۆدەکردەوەو
ئەستێرەکانیش یەک لەدوایەک

دائەبارینەسەر زەوی و
جریوەیان خامۆش دەبوو..
لەشمشێری
خۆی لەگەردنی دیل ئەسوو!!
لەجێ خەوێ
فریشتەیان تیا ئەتککرد..
لەوکاتەوە
لەدەروونی بیابانەوە
کۆنەڕقێ، بۆگەن بۆگەن
بەرەو رووم دێ
ئاوس بەتۆوی جەهالەت!!
لەگفتوگۆی من تێ ناگات
رێی ئازادی و عەشقی گرتووم
داوای سەری( مەم ) م دەکاو
( شەم ) ی بردووم..
بەدەستی چەپ
سەری براوی ( حسێن ) و
بەدەستی ڕاست کێوێ تاوان
ڕادەکێشێ بەدوای خۆیدا
ژان دەیگرێ و
هاکا زۆلێکی فڕێدا !
ژان دەیگرێ و
هاکا دەمی لەخوێن وەردا..
ئەو نەگریسە
خوانەناسە
بەژێر پەردەی سلاواتا





شالاو دێنێ
مەرگ ئەچێنێ
ئەو نەگریسە
چاڵەمەرگی شەهیدەکان
شارەزایەو
شەوانە جوێنیان پێ ئەدا
رۆژانە کاروان لائەدا
بەلاڕێدا..
نەکا گوێیان لەگریانی ساوایەک بێ
مەمکی تەڕی
پڕ لەشیری
بێ هەناسەی دایکی بمژێ..
نەکا تاکێ کلاشەکۆن
کاروان بانگ کات
سەرگوزشتەی شەهیدبوونی
دەیان هەزار
عاشقانیان بۆ باس بکا..
نەکا خواوەند
لەتەک ڕۆحی شەهیدەکانی ئەنفالا
بەرماڵ ڕاخا
نوێژێ بەکوردی دابەستێ..!!
جەستەی کوردی بریندارو
بیابانەکانی بێ دەستنوێژ!!
جیاکاتەوە
گەورەییمان بداتەوە
گەورەییمان بداتەوە...

تێبینی:
١- (ئەخناتۆن/ خۆفۆ ) .. دوو لەفیرعەونەکانی میس بوون.
٢- (تەیفور) ئەوکوڕەیەلەئەنفال رزگاری بووەو قیامەتی بەچاوی خۆی دیوە.
٣-(خەدیجە) یەکێ لەژنەکانی پەیامبەری ئیسلام .
٤-(فاتیمە) کچی پەیامبەری ئیسلام .
٥- ( ئەزهەر) جامعەی ئەزهەر لەقاهرە. لەووڵاتی میسر
٦- (حسێن) ئیمامی حسێن کوری ئیمام عەلی کەلەکەربەلآ کوژراوە.







**پەرۆش هەڵەبجەیی**

**ژياننامە**

**پشتیوان محمود عەلی ناسراو بە پەرۆش هەڵەبجەیی، ساڵی ١٩٧٩ لەگوندی عەنەبی سەر بە قەزای هەڵەبجەی شەهید لەدایکبووە، هەر لە هەڵەبجە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردوە، لەبەر دەست کورتی خێزانەکەی لەو کاتەدا نەیتوانیوە درێژە بەخوێندن بدات، هەر لە سەرەتاوە لە هۆنەر حەزی لەهۆنراوە نووسین کردوە هەر بۆیە ئەم ڕێچکەیەی گرتووە، لەساڵی ٢٠١٠ بەرهەمێکی ناوازەی بڵاوکراوەتەوە بەناوی قامەتی گوڵ کە کۆمەڵێ هونراوەی هەمەڕەنگ لە خۆگرتوە. ئەم بەرهەمەش بەشێکی ترە لە هەستی هۆنەر لە بەرامبەر دنیای خۆی و ئاینەکەی خاکو ئاوی کوردستانەکەی.**

**بەو هیوایەی بەدڵتان بێت لەگەڵ ڕێزی پەرۆش هەڵەبجەیی**





**پەرۆش هەڵەبجەیی**

## خوێندنگایەك

**لەنێو خوێندنگای ژیان**
**مامۆستا وتی خوێند کاران**
**دەزانن ئەمڕۆ چی دەخوێنین**
**یاسای مافی مرۆڤی جیهان**
**ئەم یاسایە مافی مرۆڤە بۆ هەمووان**
**یاسای ئازادییە بۆ جیهان**
**لە ئاین و ژیاندا**
**لە کەلتور و زماندا**
**هەمووان بە یەکسانی بژین**
**بە ئازادی بنووسن و بخوێنن**
**گەرمیان هەڵسایە سەر پێ مامۆستا گیان**
**ئەم یاسایە بۆ کوردیش وایە**
**مامۆستا بەڵێ ڕۆ ڵەکەم بۆ کورردیشە**
**گەرمیان نەخێر مامۆستا گیان**
**مامۆستا گیان لەو یاسایە**
**کورد بێبەشە لەم دنیایە**
**چۆن وادەڵێی ڕۆڵە گیان**
**یاسا هەیە ناوی مافی مرۆڤبێت**

نەتەوەیەك لێی بێبەش بێت

بەڵێ هەیە مافی مرۆڤ کورد لێی بێبەشە

ئەی نازانی شاڵاوی بەناو ئەنفال

ئەی نازانی لەژێر سایەی ئەم یاسایە

﴿١٨٢﴾ هەزار کورد بوونە قوربانی

ئای ئای لە ئەنفال وای

مامۆستا وتی دەپێم بڵێ بۆ چی وای

چوون زامێکی قوڵە لە جەستەدا

بەزار خۆشە نەك بەکردار

﴿١٨٢﴾ هەزارم بە زۆر سوارکران

بۆ عەرعەرو بەحرکەو نوگرە سەلمان

هەر لەوێ بە زیندوویی ژێر خاك نران

دەبڵێ مافی مرۆڤ چی کردووە

ئەم زامانەی بۆچی سارێژ نەکردووە

ئێستاشی لەگەل دابێت هەر چاوەڕوانن

تا ڕۆژێی بێت خۆیان یاروفاتیان ببینن

دەپێم بلێ کامە یاسا هەیە ناوی مافی مرۆڤ بێت

ئیدی بۆچی ئەو یاسایە بخوێنین

کە مافی مرۆڤ تێدا پێشەل کرابێت

دەوەرە ئەی مامۆستای بەرێز





ئەی نازانی ئەو دەمانە ئینسان نەیبووە رێز

تەنانەت مافی قسەی راستی نەبووە

لەبەر ئەوەی کە کورد بووە

من و برام لە هەڵەبجە کوژراین

بەدەستی زاڵم و ستەم کاران

دەبۆەستە باباسی ئەنفال بکەم

تا بزانی بە چلەونێك بوو

ڕۆژی ١٤/٤ هاتن جەیش و جاشی سەدام

بەزیل و ئیڤا رژێمی پێشوو

گەنج و پیرو منداڵ هەر چی دەسکەووتبوو

سواریان کردن بەرەو زیندان

لەوێ بەزیندووی بەبەرچاوی

مافی مرۆڤی جیهانەوە

تا ئێستاش چاوەڕوانن

هەر ڕۆژێك ڕوفات دێنن

دەسپێدەکات لە گەرمیان شیوەن

هەموو تێکرا چاوەڕوانن

نەبادا روفاتی کەسوکاران بێت

بینین ژنێ کاکۆڵ سپی

هۆن هۆن فرمێسك لە چاوانی دادە باریی

وە قرەی نەگرت دەی وت ئەی بەقوربان

ئەی ڕۆلەکان ئەی نازدارتان

من ژیانم بۆچییە لە دوای ڕۆلەکان

وتیان ئەو ژنە خاوەن زۆرترین ئەنفالە

لە نێو ماڵەکەیدا چەندین وێنە هەڵواسراوە

یەك بەیەکی ڕۆڵەکانی ئەدوێنێ

بانگیان دەکاو دەیان لاوێنێ

تادرەنگانی شەو خەو لە چاوەکانی ناکەوێت

دەست لەملیان ئەکا ئینجا ئەخەوێ

زۆر تامەزرۆی بینینی ڕۆلەکانێتی

ئەوەیە مافی مرۆڤ مامۆستا گیان

کەدەتەوێ باسی بکەی بۆمان

ئەوا من و هەڵەبجەی برام دەڕۆین

سەری خۆمان هەڵ دەگرین

بۆ مافی مرۆڤیش شیوەن دەگێڕین

شیوەن دەگێڕین





پەرۆش هەڵەبجەی

## کەڤاڵەکانی هەڵە بجە

ڕۆژگارێك بوو لەم شارەدا

کەگازی کیمیایی ڕێژرا

وەك ڕۆژی مەحشەر وابوو

ڕۆژی نەفسی بەنەفسی بوو

هەموو خەڵك هاواریان کرد

بۆڕاهی بوون دادوو بێ دادیان کرد

هەر لەعەنەب تاهەڵەبجە

کەسێ نەبوو بێ بەهانایانەوە

عەنەبەکەم تۆ سێ کوچکەی کوردستانی

چون خاوەنی زۆرترین شەهیدی کیمیابارانی

عەنەبەکەم ئەتۆسەرمەشقی شەهیدانی

چوون خاوەنی پۆلێ شەهیدی شمیابارانی

بینیمان چەندین ئینسان لەپیرو لاوەکان

بەر شالاْوی شیمیاکەوتوون

هاواردەکەن بەهانامانەوە بێن

چوون ئێمە ئەم ئێستاکە پەکەوتووین

**لە بەدبەختی ودەردی سەری دەرمان بێنن**

**لە نەهامەتی و قوڕ بەسەری قووتارمان کەن**

**لەچەمی دێی گوندەکەمدا بینیم گەنجێکی جوان**

**چاوەکانی ئەبڵە ق بووە ڕوولە ئاسمان**

**وەك ئەوەی بڵێی نزابکا لای خوا گیان**

**بڵێ هوما دەستی زاڵم زووبشکێنە**

**با نەمێنێ لەسەر ڕووی ئەم زەمینە**

**بینیم پیرێ ڕدێن چەرمك لەناو گوندەکەم دا**

**خۆیدابوو بەسەر گاچۆنەکەیدا**

**وەك ئەوەی بڵی ڕکوع دەبا**

**کەبینم گاچۆنەکەی شکا**

**کەوتەزمین وەك ئەوەی بڵی سوجدەدەبا**

**دەڵێ خوایە ئەم فاشیزمە لەناوبەری لەم دونیایە**

**بینیم داکێ کاکۆڵ سپی لەچەمی دێی گوندەکەم دا**

**باوەشی مهیرەبانی کردبووەوە بۆ ڕۆلەکانی**

**وتم خوایە ئەو پیرەکاکۆڵ سپی یە چی دەڵێ**

**پاشان تێگیشتم دەڵێ ئەی یەزدان**

**هووما گیان ڕۆڵەکانم بۆلەلام نین**

**ئەم دێوەزمانە چۆن توانیان**

**ڕۆڵەکانم لەناو بەرن**





**بینیم منداڵێکی ژیکەلآنە چاوبە ئەسرین بوو**

**ئەشك لەچاوەکانی ڤە تیس مابوو**

**بەگازی کیمیاو خەردەل خنکێرابوو**

**بەوگازەی کەئەسرین ڕێژبوو**

**چوون چوبووە ناخی ئەشکی پێ هەڵ ڕێژابوو**

**ئەی یەزدان لەدوای چەندین ساڵ بینیمان**

**لەکونێکی بچووك سمۆرە ئاسا**

**دەریان هێنا بردیانە بەردەم دادگا**

**تاحکومی سێدارە بەسەریدا سەپا**

**ئای تۆچەندەگەورەو مەزنی خودا**

**چۆن تاوان باران بەعبرەت دەکەی**

**بۆئەوانی دی تائامۆژگاری وەرگرن لێی**

**چۆن هەڵەبجە پزیسکی هاویشت رووەو پایتەخت بینیمان**

**تاوانی هەڵە بجەو باقی شووێنەکان**

**صەدامی خوێن رێژیان بەدادگا گەیان**

**خوێن ڕێژەکەی کوردیان بەدادگا گەیان**

**هەرهەڵەبجەبوو رووناکی یەکەی گەیشتە پایتەخت بینیمان**

**علی کیمیاوی تاوان باری خستە بەردەم دادگا**

**کە پەتی سێدارە لە ملیدا پچڕا**

**ئای ،هوما ئەتۆ جەندە گەوورەو میهرەبانی**

هەرتۆی عاشقی بەندەكانی

ئای یەزدان لەدوای چەندین ساڵ لەكیمیاباران

لەهەڵەبجە برینداران ئەوچەكە دەناڵێنن

هانادەبەن بۆحكومەتەكان

دەڵێن بەهانامانەوە بێن

چارەمان كەن گەرچارەمان نەكەن

ئێمەش بەدەردی پێنج هەزارەكە لەناو دەچین

دوایی ئێوەتاوان بارن

ئەوانەی چەكی كیمیایان دابەصەدام تاوان بارن

ئەوانەی خوێنی ڕۆڵەكانی خۆیان ڕژاند

وەك ڕژێمەكەی صەدام ئەوانە تاوان بارن

كەئافەرینیان كرد بۆئاغا مل هوڕكانیان

ئەم ئێستاكەش ئەسرین لەناخی دڵمەوە هەڵدەقوڵێ

ئەشك ڕۆندك ڕۆندك دێتە خوارێ

بۆئەوگەنج ولاوانەی لەشاری هەڵەبجە

بەبێ تاوان بەگازی كیمیاوە

ڕژێمەكەی صەدام لەناوی بردن

ئەم ئێستاكە گریانم دێ

بۆعومەری خاوەركەم گریانم دێ

كەكۆرپەكەی لەئامێز گرتووە





ئەم ئێستاكەش عومەری خاوەرو

كۆپەكەی دێنە خەونم و دەڵێ

كۆرپەكانم ئازادبكەن قەیناكەخۆم

باكۆرپەكانم ئازادبكرێن

وەك كۆرپەی نەوەی نوێ قەڵەم بگرێ

بەدەستەوە ئازادی بۆكوردوستان بێنێ

بەدەستەوە ئازادی بۆكوردستان بێنێ

پەرۆش هەڵەبجەی ٢٠١٢\٣\٣



خەزانی زار
لەنجە خالید ئەحمەد / خویندكار/ ١٧ سال/ دانیشتوی هەولێر.
نازناو (خەزانی زار) چونكە من خۆم لەم ژیانە لەناو وەرزێكی بایزدا بینیووە، من وەك كچێكی خەزانی زار وەك گەڵایەكی زەردی پایز كە لە درەختی ژیان وەریم.





خەزانی زار

## **ئەی هەڵەبجە شیرینەكەم**

ئەی جوانترین گوڵی باخی كوردستانە سەربەرزەكەم
مـــــن ئەزانم تۆش بەهێندەی من زامداری
نـــــەوەكانـــــت تـــــۆ ئـــــەنـــــاســـــن
كـــــەچـــــۆك بـــــۆ هـــــیچ كەس دانادەی
چونكە ئیـــــمە ڕۆڵەی ئەم خاكە پیرۆزەین
لەتۆ فیر بوین كە چۆك بە دوژمن دابدەین
هەڵەبجەكەم سویند بەو دڵەم كە وەك ناخت بریندارە
خەزانی زار تۆی لەیادە تا بمینیت لەم ژیانە

خەزانی زار

## هەڵەبجەکەم

هەڵەبجەکەم توخوا مەگری
فرمیسکی خوین لە چاوانت مەبارینە
ئەزانم تۆیان ویران کرد
دوژمنانی سەر دایم شۆر
بەلام ئیمە رۆلەی بارزانی نەمرین
رۆلەی شارە سەربەرزەکەی هەڵەبجەین
باش بزانە ئەی هەڵەبجە زامدارەکەم
تا بارزانی رابەرمان بیت قەت ناکەوین
تا دلۆبیك خوینیش مابیت لەجەستەم
فیدای تۆبیت ئەی هەڵەبجە شیرینەکەم







سیمین چایچی

سیمین چایچی

**گەڕانەوە**

سەدو هشتاد هزارجنازەمان پێیە ئەمڕۆ
بۆ ڕازاندنەوەی لاپەڕەیێکی تر
ئالا ...ئالا.....ئالا پێچ...
ساڵەها خەونە کفن
نوقمی قورسایی خەروار خەروار
خاکی غەریبستان.
چ درنگە... چەمەری ۆ، هەی هەی ڕۆ....
فرمێسکی قەتیس ماوی بیست ساڵ دڵ بە دوایی.
فێری تامی خاک و بۆنی باروتیان کردوین
لە مێژە فێرین لە مێژە...
نێرگزە دەشتی ئەمساڵ نەورۆزئاوی ترین
بەوباڵاپۆشە پیرۆزە سێ رەنگەیانەوە....
...
بەهاربەڕێوەیە
ڕێچکەیان بەستووە..کۆچەرییەکان
بێ جریوە ....مت...ئالا لە کۆڵ...
لە سەرشانی شۆڕە کوڕ.
...
دوور نیە گیان ...
دوور نیە دە شت دەشت...چیا چیا
پەنجەرە پانجەرەمان
نێرگزبەن بکەین
تاجە گوڵی نەوبووک و بەرەلانکەی کورپەمان
هەی گۆڵ هەی گۆلە ڕۆژێ.



ژانی کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

گەڕانەوە ... گەڕانەوە...
(بێدەنگ ترین بەڵێنی شار)
تا چاو هەتەرکا ئالا لە کۆڵ
لە سەر شانی شۆڕە کوڕ
مۆسافێرانی بێ شۆب و شۆرەتی
گۆڕە فرە بەشیە کان
شەمزاو و شەتەک دراون پێکەوە....بیست ساڵ
لە سامناک ترین چرکەی مێژوودا
بۆ تفاندن و هەژاندنی دڕندانە یی مرۆڤ.
...
با سەدو هەشتادهەزار جار
لەسەر سەدوهەشتادهەزار بستە زەوینی ئەم وڵاتە
سەر هەڵ بێنن گوڵە نێرگزە کان
لە پرشەی مەمکی ژنێکی تازەزێ
کە لێوی ساوایەکی برسی
تەڕ نەکردووبێت بە دڵۆپێ شیری تازە
لەو چاڵەقووتە نمچەدا ...
بە دەم سامفۆنیای
دووایین خسەی هەناسە وئاهە وە.
....
ئای لەم مە حشەرە رۆژە
چ کارەساتێکە...هەی ڕۆ
ئەستێرەکانیش دلیان نایە
بچنەوە ماڵی شەو
داوێنی زەوین پوولەک رێزە
بریقە... بریقە... بریق.

سیمین چاپچی

## سەعاتی سفری شەنگال

سەعاتی سفر لە شنگالدا:
گواستنەوەی هێلانەی مێلوورانە
بۆ گلێنەی چاو و لابیرنتی گوێ
لەشی نیوەگیان.
وەستانی سووڕانەوەی تۆپی زەوینە
لە قورسایی چرکە نەفرینا‌وییەکان.
سەعاتی سفر لە شەنگالدا:
گیانەسەری پیاوێکە کە لە هەڕاجەبازاڕی مووسڵدا
خوی هەڵئەواسێ
بە زەنجیری دەستی کچێکەوە و...
ئیتر ناژیی بۆ ژین.
شکانی پیرۆزایی مەمکی ژنێکە
کە لە سەر پەنجەی ئەهریمەنەوە ئەتکێ
تک ... تک و...
ئیتر نابێ بە دایک.
سەعاتی سفر لە شەنگالدا:
دوایین خاڵی کورتە ژینی ساوایەکە
کە بە دەم مژمژەی م
مەمۆکەوە
ئیتر ناگریێ بۆ شیر.
سنە - سیمین چاپچی







زێنەب یووسفی

زێنەب یووسفی

کورتەی ژیاننامە وچالاکیە ئەدەبیەکانم.

"لە ساڵی ١٩٦٥دا لەدایک بووم کاتێک باوکم لە مەعموریەتێکی دایرەکەیاندا، لە شاری بیجاڕی سەر بە سنەدا دەبێت. بۆ ماوەی ٣ساڵ لەوێ دەبین بە خاو وخێزانەوەو پاشان دەگەڕینەوە بۆ سنە.

هەرلە تافی منداڵیەوە حەزم لە دنیای خەون وخەیاڵ بوو، لە پۆلی دووی سەرەتاییدا دوو چیرۆکی کورتم نووسیبوو بە نیوەکانی"خەتکوژێنەوە" وە"قەڵەم تەراش".لە ماڵا ژوورێکمان بوو بە نیوی "ژووری خوێندن"باوکم فێرمانی کردبوو هەمو رۆژێک لەو ژوورەدا دوو کاتژمیر کتێب بخوێنین من لە پۆلی ٣دا کتێبخانەیەکی بچووکم پێکهێنا بوو بریتی لە ٤٨ کتێبی منداڵان، بە نێوی "سری کتابهای گلایی".شیعرم دەنووسی زۆر بە جیدی، کە بوومە ١٩ساڵ، چیرۆکی"خوابهای پریشان کانی با"م نووسی کە لە ئەنجۆمەنە ئەدەبی و شانۆگەریەکانی سنەدا خوێنرایەوە کە ئەدەبدۆستەکان زۆر حەزیان لێ دەکرد، دواتر کە دەستم کردە کوردی نووسین ئەو چیرۆکەم کردە کوردی بە نێوی"خەونە پەشیوەکانی کانی با"

پێش لەوە کە بچمە ئەمریکا، لە گەڵ پووران فەڕۆخزاددا "خۆشکی فروغ"ئاشنا بووم ئەویش زۆر حەزی لە چیرۆکەکانی منی دەکرد وە کتێبێکی ئامادە کرد لە گەڵ چیرۆکنووس مەنسوورە شەریفزادە بە نێوی"بیست داستان از بیست نویسندەی زن ایرانی"چاپ وبڵاویان کردەوە.

نووسەرەکانی ئەو کتێبە بیست نووسەری بەناوبانگ بوون لە ئێراندا کە ئەو دەم چالاکی ئەدەبییان دەنواند لە بواری ئەدەبی چیرۆکدا، بریتی لە سیمین دانشوەر، شەهرنووش پارسیپوور(کە من رۆمانی "ژنانی بێپیاو"ی ئەم نووسەرەم کردووە بە کوردی)،مەنسورە شەریفزادە ،فرشتە ساری،...وە من کە ئەو دەم بە فارسی دەمنووسی، چیرۆکی "افعی خیال"یش لە من لەو کتێبەدا بەچاپ گەیشت.





بۆ سەفەرێکی یەکساڵە رۆیشتم بۆ ئەمریکا و لەو ماوەدا، "ئەژی گۆران" چەندین چیرۆکی منی کردبووە کوردی و لە گۆڤارەکانی سلێمانیدا بڵاویانی کردبووە، ئەمە بوبوو بە هۆی دڵگەرمیم و دەستم کردە خوێندن ونووسینی کوردی لە گەڵ ئەوەشدا کە خوێندن و نوسینی کوردی لە سنەدا تازە باو بوبوو. یەکەمین کتێبم کورتە ڕۆمانێکە بە نێوی"تامەزرۆی لەیلێ "و یەکەمین پەرتووکی ئەدەبی پۆستمۆدێرنی داستانیە لە رۆژهەلاتی کوردستاندا کە لە ١٩٩٨چاپ و بڵاوم کردەوە.

کورتەیێک لە چالاکییە ئەدەبیەکانم:

١- کورتە ڕۆمانی" تامەزرۆی لەیلێ "سنە،چاپەمەنی کوردیستان،١٩٩٨

٢- کورتە رۆمان و کۆمەڵە چیرۆکێک پێکەوە،"شەدەی سەرگەردان" و"ئەیر وئەڤین وئەژدەها"یەکەمین چاپ هەولێر، دەزگای ئاراس ٢٠٠٣،دووهەمین چاپ سنە، دەزگای پەرتەوی بەیان ٢٠٠٤.

شایانی باسە، کە هەموو ساڵێک ئەم کتێبە لە لایەن دەزگای ئاراسەوە دووبارە چاپ وبڵاو بووەتەوە.

٣- کتێبی سناریۆ "چرای ترافیك." سنە، دەزگای پەرتەوی بەیان،٢٠٠٤

٤- رۆمانی"سێبەرەکانی میرا. " سلێمانی ،دەزگای هەنار، ٢٠٠٥

٥-درووس کردنی فیلمی ٢٨ خولەکی "کایە " تایبەت بە منداڵان٢٠٠٦

٦- کۆمەڵە چیرۆکی" لە بازنەی تەقەدوسدا" سلێمانی ،دەزگای هەنار.٢٠٠٨

٧-- کۆ شیعری "لەم نزیکیەدا"،هەولێر، دەزگای ئاراس،٢٠١٢

٨-رۆمانی "دەبێ ئاگام لە خۆم بێت"،هەولێر، دەزگای ئاراس٢٠١٢

٩-دووبارە نووسینی ڕۆمانی سێبەرەکانی میرا،""سایەهای میرا" بە زمانی فارسی کە پاش ١ ساڵ چاوەڕوانی بۆ وەرگرتنی ئیزنی چاپ لە ئیدارەی ئیرشاد ی ئیسلامی تارانەوە، قەدەغە کرا بۆ چاپ و بڵاو کردنی.٢٠١٠

١٠- دووبارە نووسینی کورتە ڕۆمانی شەدەی سەرگەردان بە زمانی فارسی "دیبای سرگردان" کە پاش ١ ساڵ چاوە ڕوانی بۆ وە رگرتنی ئیزنی چاپ لە ئیدارەی ئیرشاد ی ئیسلامی تارانەوە، قەدەغە کرا بۆ چاپ و بڵاو کردنی٢٠١٠..

١١-وەرگێرانی کۆمەڵە چیروکێك و چەند بەش لە چەندین رۆمان، لە فارسییەوە بۆ کوردی "لە گۆڕەپانی وەرگێڕاندا"،ئامادەی چاپە ٢٠١٢ .

١٢- وەرگێڕانی کورتە رۆمان لە فارسییەوە بۆ کوردی، نووسەر شەهرنووش پارسیپوور"ژنانی بێپیاو"،لە ژێر چاپدایە.٢٠١٣

١٣-وەرگێرانی دیوانە شیعری "نهێنیەکانی ژێر لێوی حەقیقەت""رازهای نهفته بر لبان حقیقت"لە شاعیری خەڵکی کۆیە"ئارام سالح"بە زمانی فارسی٢٠١٣ کە بەمزووانە چاپ دەبێت لە لایەن خودی شاعیرەکەوە.

١٤- نووسین و وەرگێرانی سەدان بابەت ومینیماڵ و شیعرگەلێکیتر وچاپ وبڵاو کردنیان لە ماڵپەڕ وگۆڤارەکانی هەرێمی کوردوستان کە هەندێکیان بە "زەینەب یووسفی"یان "زێنەب یووسفی"یان :زینب یووسفی" وە، لە لایەن ئەو سەنتەر وگۆڤارانەوە بە چاپ گەیشتوونە. بەردەوامم لە سەر دوایین رۆمانم کە هێشتا تەواو نەبووە بە نێوی "سنە لە شووقەی ٣٣دا". بەردەوامم لە سەر وەرگێرانی کتێبی "پیاوانی بێ ژن"ئێرنێست هەمینگوی کە هێشتا تەواو نەبووە.

زێنەب یووسفی.سنە





زێنەب یووسفی

**لە دەرەوەی کات دەژیم**

کاتژمێرەکان...مێژوو
توور دەدەمە چاڵاوێکی "ئیستیڤن هاوکینگەوە"ەوە
خەتکوژێنەوەیەکی سپی ،
چەند خۆشە شەو و رۆژە خوێنینەکانی شنگاڵی پێ بسڕێمەوە
سەر لە نوێ بە مەکینە جل دوورینەکەی مەلەک تاوس
بەختەوەریەکەی شنگاڵ پینە بکەمەوە،
من لە دەرەوی کات دەژیم
سەرە براوەکان...ئەو هەمو گوڵلەیە
هاوار ونزاکان
لە رێی ئەو خەتکوژێنەوەدا
دەسڕێمەوە.
تەباشیرێکی زەرد یان پرتەقاڵی
سەوز یان شینی ئاسمانی......
لە دەرەوەی کات دەژیم
مەلەک تاوس کوڵمی خۆی ڕینوە
بە تەباشیرەکانم وێنەی شنگاڵ دەنەخشێنمەوە
هەتاو ...ئاسمان ...بەلەوەری باڵ رەنگین
چاوشارەکێ منداڵەکان
خانوویەکی خنچیلانە
مەزرایەکی سەوز..تاڤگەیەک
سەیرانگایەک
مەنجەڵێکی پڕ لە خواردن

ئاوی ڕوون وشیرین
گفتگوەکان...بزەکان
هەڵپەڕکێ کوڕ و کچەکان
پێکەنین...قاقا لێدان
مووسیقا....شەوی زیوین
شەراااااااب
ژیان و بەختەوەری
دەنەخشێنمەوە ڕوومەتی شنگاڵەوە،
ئەو هەمو خەمە دەخەمە توورەکەیەک و
توورەی دەدەمە بەر پەلاماری خەتکوژێنەکەوە
نەستەلەی ژیان دەخەمە زاری مەلەک تاوس
وخوێنەکانی سەر کوڵمی دەکوژێنمەوە
پاشان..........
بە هێواشی و لە سەرخۆ
بە پسکە پسک
بە جۆش و خرۆشێکی لە ڕادەبەدەر
بە دڵە کوتە وهەژانی دەستەکانم
دەچمە سەر داعش و
دەیسڕێمەوە.





زێنەب یووسفی

**بە کەوچکی تۆڵە**

چێشتی شەهید بووین دەشێوێنم
لە تەنووری هەمو نانەکانی دنیاوە
بۆکرۆزێک خۆی هەڵواسیە لۆی مانتوەکەم
کە ماچم دایە شیعرێکی بێ سمێڵ.
دەستم لە دەستی دڵم خزایە دەرێ
کە نیگام سواندە پێکەنینێکی تارانیانەوە.
جیهان دەفیکێنێ
من سوخمەکەم پینە دەکەم بە دەرزیەکی دوور
تی.ویەکەمان هەڵامەتیەتی
بەس ئاوی کەپۆی دایکم ناوەستیتەوە
لێوم سوور دەکەم بە ڕێپێوانێکی کوبانێ یانە
وە پرچیشم.....
پرچممممم شانە دەکەم
بە شانەیەکی زاگرۆسیانە
من
پێلاوەکانیشم پینە دەکەم
بە جادەیەکی سووری سنەییانە

زێنەب یووسفی

## لە پەراوێزی مندا

گردێکی سوور
هەمو رۆژێک دەنوزێنێتەوە
قەڵایەکی کۆن
زەمزەمە دەکات
سێبەرەی سەری من
هەمو رۆژێک بە خەمەوە
دەم دەخاتە نێو دەمی سێبەری گردەسوورەکە و
خوێنی لێ هەڵدەمژێت
سێبەری چاوەکانی من بە دزیەوە
ئەسرین دەبارێنێتە نیو سێبەری چاوەکانی قەڵادا
لە پەراوێزی مندا
"توش نەوزەر"ێکی ئێگجار دڕندە
داگیر کراو.......
خوالێخۆشبوە گوڵە ئاڵوودەکان
دەنگی "سنە"یە
هەزاران کەلێن
شڕ وشپتاڵ
هەر دەبێ تێلفۆن بکەم
با ....
تلێفۆن دەکەم
هەمو رۆژێک سێبەری لەرزۆکی من تێل دەکات
بەیانیش دیسان تێلفۆن دەکەم بۆ ئاسمان
تێل دەکەم وبە خودا دەڵێم حەمامەکە ساز بکە
دەمهەوێت بە ساونەکانی شەقامی فەرەح
سنە بشۆم.





زێنەب یووسفی

## دەچمە بەر بارانی نوور

هەزاران پیت
میلونەها پیتم بەسەردا دەبارێت
بەس هەمویان بۆنی""ش""ینیان لیەوە دێت
لە سەر پردێک رادەبوورم و دەگەمە کانیاوێکی سپی
چ هەوڵ دەدەم هیچم پێ ناکرێت
تازە ئیدی"ش"ینەکان دەلکێنە یەکەوە و
"شەنگال"م بۆ دەنووسنەوە
بۆن
بۆنی باڵە بڕاوەکانی مەلەک تاوس،
بۆنی ناڵە ناڵی حەوت فریشتەکە
کەسێک روو لە هەتاو
٤جار نوێژ دەکات
نەنکم قیژاندی و هەڵفڕیە سەر تەنافەکەی ماڵی ئاسمان و
فووی لە باڵێکیو
بۆنی بەو باڵەکەیتریەوە کرد و
هاواری لێ بەرزەوە بوو:
با بمرن
ساڵگارێکە ئەو هەمو کەڵەشێریان سەر بڕیوە
بە نێوی جێژنەوە
پڵاو دەخۆن
سەما دەکەن
گۆرانی دەپچڕێن
با بمرن

ئەو هەمو فریشتەیە
ئەو هەمو شەربەتەیان خواردوەتەوە
دەی کوا مەلەک تاوس؟بۆ نەهات؟
چەند هەوڵ دەدەم ناتوانم بە دڵی خۆم "شین"ەکانم بلکێنمە یەکەوە
دەمەوێت وشەی"شششش........"درووست بکەم
بە فارسی واتە"بێدەنگ...بێدەنگ بە....بخنکێ....لاڵ بە....فزە
مەکە...هسسسسسسسس..........."
پیتەکان دەبنە "شەنگاڵ"
تەڕی تەڕ بوومە لە ژێر بارانی نووردا
نە ئاوم هەیە بیخۆمەوە نەک نان
لە کوێستانێکی وشکدا گیرم خواردووە و
لە خودا دەپارێمەوە
تەنانەت خەریکن جل و بەرگەکانیشم دادەکەنن
یان هەڵیان دەدڕێنن
باگەورەم زڵلەیەکی لێمدا و
باڵی لێدا و لە سەر دارتەلەکەی ئەم پەڕی سنوور نیشتەوە و
نەراندی:
سەدان ساڵە کە سەری مەلەک تاوسیان تەراشیوە
سواری کەرێکیان کردوە و
لە نێو شاردا دەیسووڕێننەوە
گوایە ئیدی چییان دەوێت
چی باشە بۆ مردوو
تابوتێک پڕ لە گوو
تفی لێ بکە
دەی تفی لێبکە بە لەحەنەت بیت دەی.......
دەنگی مووسیقایەکی نەرم و جوان دێتە گوێمدا





لە تەنیشتی کانیاوێکی روون وچاو قرژاڵی
دەیان کەس
ژن وپیاو ومنداڵ لە یەک ریزدا
بە کراسێکی شۆڕی سپی لە بەریاندا
دەیان داری ورشەدار لە پشت سەریاندا
خەریکن سترانێک دەپچڕن
سترانێکی نەرم و بەهەشتی
کێ لەو کانیاوەدا مەلە دەکات؟
دەڵێی چەسپی ئاسنیان لەو پیتانە داوە کە ئاوا دەلکێنە یکەوە و
شەنگاڵ درووست دەکەن
شەنگاڵ شەنگاڵ شەنگاڵ ئەو هەمو ش ش ش ش ش ش ش ش ش
شینە.



سولین عبداللە

سولین عبداللە لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٧ دانیشتوی سلیمانی
بەشداری چەندین کۆر و سیمنارم کردووە
پێشترهۆنراوەم نوسیووە، بەڵام وازم لێ هینابوو ماوەی سێ ساڵە
بەردەوامیم پێداوە.






ن...سۆلین

ئەوان مرۆڤ نین...
مەملەکەتی شەم شەمەکوێرەکان..
ئەوان مەملەکەتێکن لەشێواوی..و
یەئس ..ئەوان مرۆڤن..نانا...
ئەوان مرۆڤ نین
ئەوان داهێنەرن..نانا
ئەوان ژیان وێران ئەکەن
پەلکەی سەری کچەکانمان لەخاچ ئەدەن
جەستەی پاک وپاکیزەیی یان هەڕاج ئەکەن
ملی پیاوەنەبەردەکان توێ توێ ئەکەن
دایکەمیهرەبانەکان ڕەش پۆش ئەکەن
ئەوان مرۆڤن نانانا...ئەوان مرۆڤ نین
ئەوان خێڵێ کی پرجەهالەتن
ئەوان کوردن ...عەرەبن ...تورکن ..فارسن..
نانانائەوان قەومێکی فرەبێ کەڵکن
ئەوان شەنگال وکۆبانێ و...
کوردستاناکەم وێران ئەکەن
ئەوان مرۆڤن نانانامرۆڤ نین
خێڵێکی پرجەهالەتن
ئەوان گوڵ ئەچێنن نانا باخچەکان وێران ئەکەن
ئەوان بارانی خۆش بەختی نین
لافاوێکی ڕوخێنەروخنکێ نەرن
ئەوان زانست ئەهێنن نانانا...
قوتابخانەکان ئەڕوخێنن

شەقامەکان وێران ئەکەن...
ئەوان مرۆڤن نانانائەوان
خێڵێکی پڕجەهالەتن...
ئەوان چاوی عەشقان کوێرە
نیگاوسەمای خەیاڵیان وێڵە
شەهوەتی پیسی خۆیان لەپاکیزەیی یەکانا
بەتاڵ ئەکەنەوە ..ئەوان مرۆڤن ...نانانا
مرۆڤ نین ...خێڵێکی پڕجەهالەتن
ئەوان موسوڵمانن نانانا...
ئەوان موسوڵمان نین ..ئەوان پیرۆزی ئایینەکان
ئەشێوێنن..مەرقەدومزگەوتەکان
ئەڕوخێنن وئەسوتێنن..
کەواو عەمامای مەلاکان
لەخوێناشەڵال پێ دێنن
ئەوان مرۆڤن نانانا...
ئەوان قەومێکی فرەفرەبێ کەڵکن
ئەوان خێڵێکی پڕجەهالەتن..



ژانی کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی



نوری بێخاڵی

## نوری بیخالی

- نوری ئیبراهیم عەلی ناسراو بە (نوری بێخاڵی)
- لەدایکبووی ساڵی ١٩٧١ - ڕواندز
- بەکالۆریۆس لە زمانی عەرەبی – زانکۆی سەلاحەددین ساڵی ١٩٩٥
- ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
- ئەندامی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری سەنتەری ڕۆشنبیریی ڕواندز بووم و بۆ دوو خول سەرۆکی سەنتەرەکە بووم
- ئەندامی هەردوو تیپی شانۆیی (یەکی ئایار) و (زانکۆ) بووم
- بە درێژایی ٢٣ ساڵە کاری میدیایی دەکەم و لەو ماوەیەدا لە (ڕۆژنامە و گۆڤار، ڕادۆ، تەلەفزیۆن) کارم کردووە
- چ وەك پەیامنێر، دەستەی نووسەران، جێگری سەرنووسەر، بەڕێوەبەری نووسین، کارم لە کۆمەڵێك ڕۆژنامە و گۆڤاردا کردووە، لەوانە (وڵات، گوڵان، ئێوارە گوڵان، کوردستانی نوێ، نوێ، نما، چیرۆک نما، ڕواندز، زاری کرمانجی، کۆوار)
- بۆ ماوەی دوو ساڵ بەڕێوەبەری ڕادیۆی زاری کرمانجی بووم
- بۆ ماوەی ١٠ ساڵ ئامادە و پێشکەشکاری بەرنامە و ڕیپۆرتاژی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری) بووم لە کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی
- بۆ ماوەی دوو ساڵ بە ناونیشانی سەنیۆر پرۆدیوسەری هەواڵەکان، ماوەیەکیش وەک بەرپرسی فیچەرەکان و سەرپەرشتیاری لاپەڕەی کولتووری و ئەدەبی هەفتەنامەی ڕووداو، لە تۆڕی میدیایی ڕووداو کارم کردووە
- ئێستاش جێگری سەرنووسەری هەفتەنامەی (باس) و هاوکاری ڕێکخەری کاروبارەکانی دەزگای میدیایی (باس)م
- بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بۆ ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان دەنووسم
- تا ئێستا پێنج کتێبم چاپ و بڵاوکردووەتەوە





نوری بیخالی

**بەلمدا بمناسەوە.. لەغوباردا بمدۆزەوە!!**

" بەر لەهاتنی وەرزی وەرین.. بەر لەخەزانی ڕۆحەکان"

جاران
بەبەفر و گزنگ و
بەچنار و چەمی ڕوون دەتناسیمەوە
ئەمێستا
لەناو تەپ و تۆزی لم و
لەغوباری بیابان و
لەسێبەری توترك و زۆنگاوەکاندا
بەدوی سۆراخم بگەڕێ
چیتر چاوت
بەدیار خۆرەوەکز مەکە
چیتر سەرت
بەو بەرزاییانەهیلاك مەکە
لەدواتەوە
لەو دامێنە
لەتۆزی دوای قەتارەی بیابان ڕامێنە
من وا لەوێم
پێستم بەسەر
توترکی گورگستانی عروبەدا
بەجێماوە
من وا لەوێم
لەبیابانی مرۆڤ کوژ و

ژیان کوژ و
هەتاو کوژدا
لەپێدەشتی لێوانلێو لەچەتەو ڕێگر
لەناو جانتای سەعلوکێکی لمستاندا
بەعەگالێك بەرچاوی هیوام پێچراوە
ئەوەندەخۆت هیلاك مەكە
لەهەر چاڵێكی زۆنگاوان
لاوكێكی سەربڕاو و
حەیرانێكی خنكێنراوت دی
لەهەر بستێكی بیابان
هۆرەیەكی ئەتك كراو و
قەتارەیەكی كپكراوت دی
من وا لەوێم
هێندەدوور نیم
لەحەمرین كەمێك بەو لاوە
تا چاوی بینین بڕ دەكا
بۆ ئەوسەری ماڵی خوا !!
لەهەر بستێكی بیابان
چارشێوێكت بەسەر لكی دار خورما دیت
شاڵ و هەوری و دەسماڵت دیت
لەقامیشەلاندا ئاڵاون
شانەی دار و كلچوفێكت بەرچاو كەوت
بەدیار تەرمی
ئاوێنەیەكی چكۆڵەی شكاو دا
بێدەنگ و خوست
هەڵكورماون





قاپ قورعان و چاوەزار و كوژەكەت دیت
لێرەو لەوێ بەجێماون
تەسبیحێكی قەزوان و
گۆچانێكی بەلاڵوك و
دارجگەرەیەكی خم گرتووت بینین
بێناز لەخوێن گەوزێنراون
من وام لەوێ
لەبست بەبستی بیابان
تارمایی كۆچێكی غەمگینت بینی
قەتارەی پڕ لەهاواری
ژن و زارۆ و پیرت بینی
كەسەگەزیل دەیانبەن و
حوشترەمرۆ پاڵیان دەنێن
من وام لەوێ
هێندەبەدوامدا مەگەڕێ
لەكوێی بیابانی عروبە
كراس و كەوا و سەڵتەی ئەنجنكراوت دی
لەهەر گۆمێكی زۆنگاوان
ڕانك و چۆغەو مرداخانی خنكاوت دی
لەهەر سوچێكی سارادا
جامانەی ڕەش و سوورت دی
بەگوللەبێژینگ كراون
من وام لەوێ
هێند سەر لەخۆت مەشێوێنە
بەئاسانی دەمدۆزیەوە
لەبیابانی عروبەدا

لەسێبەری کێلی گۆڕستانەکانی
کچانی زیندەچاڵکراو
لەناو خێڵی غەزەوات و
بەخوێن و دزی گۆشکراو
لەهەر سوچێك
نەوای مەرگی شمشاڵێك و
سۆزی شکانی سازێك و
دوا ئاوزینگ و
نوزەی دوزەلەیەکت بیست
من وام لەوێ
بەڕەنگی لم
بەتەپوتۆزی بیابان
بمناسەوە
لەغوباردا
لەناو لورەی گەلەگورگا
بمدۆزەوە
*****
بەبەجێمان
بەئاوازی دوای دابڕان
بمناسەوە
لەخۆڵەمێش بمدۆزەوە
تێر ڕامێنە
لەئاوایەکانی نیشتمان
لەگەرمەسێری تا کوێستان
سەرنج بدە
لەڕانەمەڕی بێشوان و





پۆلەکۆتر و کەوی تەریو
مەمکمژەی تازەساوا و
کوانووی ئاگردانی تەزیو
سەماوەرێکی گریاو و
کانی و جۆگەلەی ڕەنگ پەڕیو
چنارێکی قژ ژاکاو و
تولەڕێیەکی هەڵوەریو
سەرنج بدە
لەو خاچانەی خوێنی مەسیحیان پێوەیەو
کەچ کراون
لەو منارانەی کوژران و
لەبانگدان بێدەنگ کراون
لەو کتێبانەی ناوی خوایان تیا نووسراوەو
سەر بڕاون
سەرنج بدە
لەبسکی سووتاوی دەوەن
لەپرچی ژاکاوی چەمەن
لەشوێنپێیەکانی پۆستاڵ
جێ کەڵبەو ددانی شۆفڵ
لەتارمایی خودەی بەتاڵ
من وا لەوێم
گوێ ڕادێرە
لەهاژەی چەمی تاساو و
خوڕەی جۆگەلەی ترساو و
قرچەی ڕەزی قژ سوتاو و
لەنێڵەی تەنوری خنکاو

گوێ ڕادێرە
لەنوزانەوەی گوێسوان و
کزەی جەرگی کاریتەکەی بەر هەیوان و
ناڵەی کۆز و هەوێز و تەویلەکان و
لەگریانی چیخ و پەرژان
گوێ ڕادێرە
لەحیلەی ئەسپی جێماو و
بانگی خنکاوی کەڵەشێر
لەنزای کێوی هاڕاو و
دەنگدانەوەی حوزنی بلوێر
لەهەناسەسواری ڕێگا و
قیژەی بنار و پێدەشت و گرد و زەنوێر
گوێ ڕادێرە
من وام لەوێ
بەبەجێمان
بەئاوازی دوای دابڕان
بمناسەوە
لەخۆڵەمێش بمدۆزەوە
*****
لەڕابردوو بۆم بگەڕێ
لەدوێنێدا بمناسەوە
لەئێستادا بۆم مەگەڕێ
ئەوەنەیەکەم خەزان و
نەکۆتایی ڕامالێنمە
ڕەنگەئێستا
وردبیتەوە





پشتی حەوت نەوەی (فاتح)ان!!
لەدەشتی شام وحیجازدا
ڕەچەڵەکیان بچێتەوە
سەر ڕەحمی پاکیزەکانمان
ئەوانەی بەناوی خوا
خرانەسەر پشتی ئەسپ و
بەغەنیمە
لەدۆڵەکانی ئەسحابەو شەهیداندا
بردیاننەوە
بۆ دیوەخانی خەلیفە
*****
بەنرکەدا بمناسەوە
لەفڕینی بەردەوامی قەلەکاندا بمدۆزەوە
لەکوێی لسمتاندا فرمێسك ڕوابوو
لەکوێیدا دەستێك ببووەتوتڕك
لەکوێدا گوێت
لەلێدانی دڵی بیابان بوو
من لەوێم
بەشوێن پێی حوشتر لەتەوێڵی نیشتمان
بەسێبەری زیل لەنێوچەوانی مێژوومدا
بمناسەوە
*****
بەدەنگدانەوەی ترس بمناسەوە
لەناو تارماییدا بمدۆزەوە
گوێ بۆ سەربوردەی قەوانەتەنیا و
ژەنگاوییەکانی بیابان ڕادێرە

لەهەر کوێیەکی ئەو ناوە
ددانی کەوتووی شۆفڵێکت دیت
من لەوێم
*****
لەوێستگەکانی تەنیایی سەفەری بێناسنامەکاندا
سەرنج بدە
کێ ئاوڕی هەمیشەی بەرەو دواوەبوو
کێ دەستی نزای ڕوو بەئاسمان
بڕوانەقافلەی کۆترەشینەکان
کەبەباڵی شکاوەوە
لەقوژبنێکی تاریکی ئیڤایەکدا
گمەی فڕین کوشتوونی
بزانەئەوەمنم
کەعەرعەری بەفراوانت دی
لەکورەی (عەرعەر)دا
گەرما بەژنی ژیانی چەماندووەتەوە
دڵنیابەمنم
تۆ کەسێبەری بەجێماوی منیت و
لایتی چەتەکان لەکونجی ئەشکەوتێکا
ونیان کرد
گوناهەنەمناسیتەوە
تۆ کەماکی خوێنی ڕژاوی منیت و
ڕژایتەدرزی بەردێکەوە
تاوانەنەمناسیتەوە
*****
من





چنگێ خوێنی ڕژێنراوی
دەستی شمشێری غەزووم
من
مشتێ خۆڵەمێشی بەجێماوی
دوای ئاگری عروبەم
من
زۆرجاری تر کوژراوم
بەڵام
دووجار بەسەختی بریندار کرام
دوو جاریش بەقوڕسی کوژرام
لەهەردووکیشیاندا بەیەك ناو
لەیەکەمیاندا
بەدروشمی فەتح و
لەدووەمیاندا
بەئایەتەکانی سەردەمی فەتح!
*****
لەتۆ توڕەتر منم
ئەی (با) ڕەش
لەتۆش مەحزونتر ئەی
درەخت من
لەتۆ ماندووتر منم
ئەی مانگ
لەتۆش بریندارتر ئەی
جۆگەلەمن
لەتۆ بێدارتر منم
ئەی بەیانی

لەتۆش مەستتر ئەی
خۆرنشین من
خوێناویترم لەبرینی ژیان
بێبەزەیی تر لەمەرگ بەخۆم
ئاسمان بمگرەوە
نەبادا
زەوی فڕێم داتەخواری خوارەوەت
*****
ئای خودای من
منی بێکەس لەو ئافاتە
بەدبەخت ترین کائینی سەر زەوی و
بێکەسترین خەڵقەندەی خوابووم
منی تەنیا لەو ئافاتە
ڕەزا قورسترین میوانی دونیا و
تینوترین کێڵگەی بەر ڕەحمەتی ئاسمان بووم
*****
لەدوێنێوەبۆ ئەمڕۆ
لەچاخی خەساندنی مرۆڤەوە
تا ڕۆژگاری بوقەکانی دۆستایەتی هەنووکە
لەقەڕنی بەربەریەتەوە
تا ئەمڕۆی کۆمیدیاکانی بەیەکەوەژیان
لەسەردەمی یەکەم کوشتنەوە
تا ئەمێستای
درۆی مافەکانی مرۆڤ
من چیرۆکی زیندووترین
مەرگەسات و





سەربوردەی مردووترین ویژدانم
من ڕۆژانەبەلم
دڕندەییەکانی بیابان دەنووسمەوە
هەموو ڕۆژێ بیرەوەرییەکانی غوبار یاداشت دەکەم
من لەمەوالییەك زیاتر هیچی تر نەبووم
لەزڕ برایەك زیاتر هیچی تر نەبووم و نیم
وەلێ ئەفسووس لێرە
ڕۆژانەو هەر بە خوێنی من
سکێچی برایەتیی درۆینەڕەنگ دەکرێ
چ شوەرییە
بەبسکی فرمێسکەکانمەوە
بەباڵای متمانەوەسەر کەون!

نوری بیخالی

نوری بیخالی

**خودایە، بۆ هێندە تەنیایین؟!**

خودایە، بۆ هێندە تەنیایین؟! گەلۆ،
کوا کاتی گۆرانی گووتنەئێستا،
کەپلیکانەی ئاواز سەرڕێژەلەنۆتەی گریان؟
کوا فلْچەدەتوانێ تابلۆیەك بکێشێ ڕەنگاوڕەنگ،
کەخەیاڵ لەدوکەڵ زیاتری لێ نارژێ؟
کوا مەستی دەوێرێ بڕژێتەناومان،
کەژەهری بێداری لەنەشئەی خستووین؟
کوا نزاکان دەگەنەئاسمان،
کەبەری ژیان بەکوفرێکی ژەنگاوی تەنراوە؟
ئەی خودا،
ئەو هەموو نوێژەبۆ وەرناگیرێن؟
ئەو هەموو نزایەبۆ گیرا نابن؟
خودایە
بۆچی ڕێگات دان
ئەم بەهارە جوانەی ئێرە
بگوازنەوە بۆ بیابان؟
خودایە
چۆنە وا دلْت هات
ئەو بەهەشتەت
بکەن بە دۆزەخی مەرگ و
بە قەرەبڕووت و چۆلْستان؟
خودایە
چۆن چاوەکانت بەراییان دا
لەبەر دەمت





لە یەک کاتدا
سەری دار و دەوەن و گیا
ملی باڵدار و بێ باڵ و
بەژنی چیا
بپەڕێنن
کانی و جۆگە
تاڤگە و ڕووبار بخنکێنن؟
ئەی خودای من
چۆن کزە بە جەرگتا نەهات
لە پێش چاوت
رۆحی منداڵ و گەنج و پیر
ژن و پیاو
کۆرپەی ساوای تینوو بۆ شیر
وەک باوانیان
لە سەردەمی غەزەواتدا
کە وەک گەلە گورگ هاتن
بە عەگال و دشداشەوە
بە سواری حوشترەوە
بە شمشێر و
بە ڕم و تیر
نەوەکانیان ئەمجارەیان
وەک ڕەوە سەی برسی هاتن
سەر بە خودە
بەسەر پشتی دەبابەوە
دەست بە شەست تیر
هەر هەموویان کردنە نێچیر؟!

ئەفسووس خوایە
ئەمجارەشیان
سوارەکانی
دەولەتی ئیسلامی گۆڕین
بە چەکی نوێی سەردەم و
دەمامک و دشداشەی دێرین
سەر لەنوێ
وەک گەلەگورگ
هاتنەوە لێرە تێپەڕین
سەری هەرچی جوانی هەیە
بڕیان
و نیشتمانیان پڕ کرد لە برین
دەی خودایە
چۆنە، هێشتت
وەچەکانی خالید و قەعقاع و سەعد
گەردنی منارە و مزگەوت
خاچی کلێسا
گۆی پەرستگا
بکەن بە پەتی دارەوە
قورئان و ئینجیل و تەورات
مەسحەفا ڕەش
بکەن بە سووتوو و خۆڵەمێش
بە تۆزی ژێر کەلاوەوە؟!
ئەی خودای من
ئەوە نە بەڵای ناگەهان
نە سودفە بوو





نە قەدەر بوو
نە قەزا!
ئەوە چاوی
خوێنی تەماع تێزاوی
عروبەکەی بیابان بوو
بە سەدان ساڵ پێش هەشتا و هەشت
هەر تێر نەبوون
لە کوشت و بڕ
تاڵان و بڕۆ
غەنیمەی سەعلوکی و غەزا!
وەلێ هێشتاکە دڵنیام
ئێمەی تەنیا
ئێمەی بەبێ پشت و پەنا
کە نە زەوی لە برینمان تێری خواردووە و
نە ئاسمانیش
خۆی بە خاوەنمان دەکا
دەیبەینەوە و
ئەو تارماییە دەرەوێتەوە!
(با)ی غەزوو
گەردەلوولی بەدوو
تاعوونی بیابان
کە بێرەدا هات و دەچێ و
دوێنێ، پاکیزەیی کوردبوونیان لە دۆڵی سماقوولی، تکاند
ئەمڕۆش، شکۆی کوردبوونیان لە شنگال، ئەتک کرد
(با)یێکە سەری خۆی دەخوات
گەردەلوولێکە، لە گێژەنی خۆی دەخنکێ
تاعوونێکە، بەسەر مێژووی خۆیدا دەرشێتەوە



شلێر بەهجەت





شلێر بەهجەت

## ئەنفالا بارزان

ئەنفالا بارزان
من ڤیا دووشەڤێن زڤستانا درێژ
بکەمە ڕۆژەك
ژنوڤە ژ ئەنفالا بارزانیا بگێرمەڤە
بەس دیارە د كێم و د ئالوز بوون
ئەڤەیە دیروکا وان قارەمانا و وان نەمرا
د بێژن من بیرناهێت
چونکی ئەز هێشتا نەببوم
من خاند دمێژویا مە کورداندا
من گولێ بوو
ژ زارێ دایکێت وان
من دیتن روندکێن
ژن و زاروکێت وان
من دیت بارزانەکا
خەمل داپوشی ب ڕەشی
من دیت هێشتا بیك بجلێن سپی و
هیزارا بیکانییێ چاڤەرێ زاڤایە
من هایژێ بوو
زاروك بێ باب دیار دکەن
کچا دبێژیت دادێ
ئەوێ هەنێ سوارچاکەك هات
ئەو بابێ منە

دایکا جەگەر سوتی یادبێژیت
نە ئەو سەمیانێ مالا منە
بیکا هێشتا هیزار دانەنای
یا چاڤەرێ دکەت و د بێژیت
ئەو زاڤایێ سالێ یە
پیرە دایك یاپ هەردوو چاڤا دگریت و
دبێژیت ئەو بارزانی یە
مزگینیا کورو بابو براو
پسمامێت من بێت ئینان
بەلێ من دیت چ ژ وان نینن
لەو را من کرە گازی و
کرە هەوار
بنڤن بنڤن
د خەونێت خوشدا بنڤن
ئەگەر هین پسیار بکەن بێژن ئەم کینە
جەمەدانیا هەوە یا سور دکەت هین بارزانینە
ئەگەر بێژن ئەم مرینە
هین دساخن قەد نە مرینە
گەر هین بێژن ئەم ژ بیرکرینە
هەر دەم سەر هزرامەنەو نەژ بیرکرینە
هین بێژن ئەم دیر برینە
هین دپارچەکێ ژ چارپارچێت وەلاتیدا نڤستینە
ئەگەر دعاجزو ماندینە
هین شەهیدێن رێکا بابێ مەزن بارزانی و ئدریسی نە
ئەڤە وەلامەك بۆ دژمنێ خین مێژو
صەدام و جاشێت وینە




کو هین کوردن ئەنفالێت بارزان و ولاتێ زێرینە
گەرمیان و بادینان و خەلیفان و
هەرچار پارچێن وەلاتێ من
ئەنفالێت وان من نەژ بیر کرینە
بەلێ بارزان ب کێمی هەشت هزار ئەنفال
بێ سەرو شوین بوینە
هەمی کورو بابێت ڤی مللەتینە



ڕێزان محمد

ڕێزان محمد لە دایکبوی شاری هەڵەبجەم، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلیمانیم، دەستی شێوەکاریشم هەیە لە چەندین پێشانگا بەشداربووم لە سلیمانیم و هەولێر... چەندین کۆری شیعریم بۆ کراوە چەند دیداریکی تایبەتیشم بۆکراوە، لە کەنال و ڕاگەیاندنەکان و لە چەند گوڤاریکیش چاوپێکەوتنم بۆکراوە ئێستا لە هەولێر دادەنیشم مامۆستای بنەرەتیم.





ڕێزان محمد

## پێشمەرگە

هەمووان ئەچن بۆ ژوانی ئەوین و دڵ
جێژوانی توش سەنگەرێکە
فیشەکێکی پڕ لە قینی دوژمنانە
عیشقی هەمووان بۆ خەوێکی ئارام بەخشە
ئەوینی تۆ بۆ ئارامی و
خەوی قوڵی نیشتیمانە
هەز تۆ هەڵۆی ئەو پێدەشتەیت
راوی (داعش) مەردی ئەوێ
من فیدات بم لە تو جوانە

ڕێزان محمد

## هەڵەبجە

باڵی منیش وەك باڵندە ئەكرێتەوە
بەس نابنە هۆكاری فڕین
دوا ئاواتم لە گۆڕەكەم سەوز ئەبێ و
باڵ لێكبدەم بەرەو نیشتیمانی ئەوین
بۆ لای نۆبووكی شارەزوور
تا مەزاری یەكە بەیەكەی
شەهیدان بلاوینم
دەستی مناڵە چاوكاڵە
بێ نازەكانیان بگرم
بیان بەمە دەشتی سیروان
بۆ گوڵچنین





ڕێزان محمد

## كۆچی ڕۆژئاوا

ئەمجارەیان بەرەی نوسرە بە فتوایەك
سەروماڵیان حەلاڵ كردم
جارێكی تر ئەنفال و كۆچ
بەری دەرگایان پێگرتم
ئەمجارەیان نێلەی سووتان ڕۆژئاوایە
خەمێكی تر لە باڵای نیشتمانی تەنی
ئەم زوڵمانە بێزاركەر و ناڕەوایە
مناڵانی كۆچپێكراو ... لە زێدی خۆیان دەركراو
نە خوێندن و تۆپێك و نەبوكەڵە
جەستەم شەلاڵی خوێنێكی بەردەوامە
بێ ئومێدی لاوەكانمان
ئەو كۆستەیە كە ئاییندە تاریك ئەكات
من وابەستە بە مەرگێكی لە ناكاو و
ڕوحم بەرەو دوزەخ ئەبات

ڕێزان محمد

## هەژار

هەژارەکانی نیشتیمانی من
مناڵەکان وا هەست ئەکەم
هەناسەتان بە خەمی قوڵ تاسێنرابێ
حەزەکانتان ... گشت ئاواتە ڕەواکانتان
لە دەریای نائومێدیا ... خنکێنرابێ
بێنازەکان دڵنیابن سەری ئێوە
لە سەر زۆر لە زۆرداران بەرزترە
ئێوە مێژوویەکتان هەیە
لە گوڵاڵە مێلاخە جوانترە
خاڵی خالی لە ئەتکی وشەی پیرۆزی
لە بازرگانی بە خوێن و تەندروستی
ئەوانی تر







جيهان الياس

## عينان هارِبتان

هربت وهي باكية العينين
من وحوش بشرية
وهي صغيرة لاتعرف الا القليل عن مأساة وطنها
لقد كانت سعيدة بوطنها
تحلم مع عصافيره
وتمرح مع فراشاته
وتقطف أزهاره لتضعهُ على جدائلها المخملية
كانت سعيدة

لكن سعادتها لم تكتمل
حين جاء من الغيب فرسان من الموت
يجلبون لها كل ماهو مؤلم
يقتلون ويغتصبون بسبق الإصرار والترصد
أحلامها
وبرائتها
ووطنها

قيدوا هذه الفراشة وقتادوها الى مصيرها المحتوم
محاولين كسر أجنحتها
لكي لاتطير مع فراشات وطنها فوق أزهار النيسان
لكنها فكت قيدها وهربت والاشواك تمزق في أجنحتها
هربت والوحل قد لطخا ملامحها البريئة كان الوحل في وجهها
يستنجد بالوطن
ويصرخ في وجهه لكي يحميها
من الضمير الميت
الذي كان يحاول النيل منها

لكن رسمتي ياايتها الفتاة السنجارية العراقية
لوحة مأساوية تحمل الألوان العبء بكل أحواله واحزانه
ورسمتي عراقك بغير ملامح وحدود
الأنهار جفت في لوحتها
والمدن أفرغت من ناسها
والذبح في كل مكان
يقرع طبول الآلام
اذاً





من سيأخذ حقها
من سيسترد لنساء سنجارها شرفها
من ولقد ذبحوا رجالها
والعالم فاتح عينيه ويرى مذلتها
نساء استباح شرفها
وجائع قد سرقوا لقمة عيشه
وأطفال ماتت عطشن كالأزهار
لن تموز وطنها هذه المرة
( قتلهم )

بقلم جيهان الياس



جیهان تەها





من جیهان تەها-م " تەمەنم ٢٧ ساڵە و دانیشتووی هەولێرم .. نەوەی پاپیرە گەورەی تاهیرم " ناسناوی (مەلا رەش ) ی ڕواندزیّ. دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێرم لەبواری هونەری شانۆ دەرهێنان خویندوومە " کاری نواندن و دەرهێنانم کردوە. هەروەها دەرچووی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێرم لەبەشی سینەما لەنواندن " چەندین کاری کورتە فیلمم کردووە لە کۆلێژەکەم هەروەها لە سێ ڤیستیڤالی نابۆتوندو تیژی و بۆ ڤیستیڤالی نێو دەوڵەتی کارم کردوە. وەك فۆتۆگرافەریش هەم . لەساڵی ٢٠٠٨ەوە دەستی نووسینم هەیە و لەساڵی ٢٠١٠ یەکەم کۆری پەخشانە شعرم کردەوە وەتا ئێستا نزیکەی ١٠ کۆری پەخشانە شعرم کردۆتەوە یەك لەکۆرەکانم لە زیندانی ژنان و بانگهیشتەی ریکخراوەکانی مافی مرۆڤ. کارو خزمەتێکی باشم بەخۆوە بینی هەروەها لەکۆلێژی ئاداب بەشی زمان . لەسالی ٢٠١٥ نزیکەی ٨ سمینارم کردۆتەوە لەریگەی رێخکراوی کۆمەلگەی مەدەنی لەقوتابخانەی ئامادەیی کچان بۆناو شارو دەوروبەری هەولێر.(بابەتی سمینارەکان: باس لەبیرکردنەوەی ئازاد و هەوڵ و خۆ کۆشش کردن، ماف بەخۆ زانین .. گۆران لەخودەوە .. بەگشتی پەروەردەکردنی ناخ و دەرەکی ...).

لە ڕاستی دا بابەتەکانی من زیاتر بابەتی دیکلەمە یە واتە نزیکە لەپەخشانە شعرو کۆمەلیك وتە و مانایی تایبەتمەندی ئینسانی و هۆشیاری دەگرێت ..واتە گشتی .. بەڵام یەك لەدیکلەمەکانم کەوا زۆر سەرنجی ڕاکێشاوم لەو کاتەی کە نووسیوومەتەوە و لەکۆریکی تایبەتی خۆم خوێندومەتەوە... کاریگەری ڕۆح و دەروونی هەبووە لەسەر تاکە کەس و دانیشتووی هۆڵەکە ...

دلنیام لەوە ئەوەیش کە دەیخوێنیتەوە کاری تیدەکات ... بەتایبەت کە دەچیتە نێو پەڕەکانی بەرگی کتێبەوە ئەوە فەخری پێوە دەکەم کەوا بەمەعلومی ئەوە خزمەتێکی نیشتمانی و نەتەوەییە... منیش وەك کچە کوردێك و وەك ئەندامێکی مێینە فەرهەنگێکم بچیتە ناویەوە.
بابەت (دیکلەمە) بۆیەکەم جار لەزاراوەی کوردیدا زیندوو دەکرێتەوە "
دیکلەمە وشەیەکە لەزمانی فەرەنسیەوە وەرگیراوە بەواتایی خویندنی شعر یان پەخشانی ئەدەبی دێت بەشێوازێکی هونەری و بەهەستێکی ناسك...





جیهان تەها

ئاژەڵ بۆن دەکات
دەزانێت بونەوەرێکی بیگانە وا لەدارستانە
مرۆڤیش هەست پیدەکات
دەزانێت بونەوەرێك واخەریکە بۆ ئێرە دێت
خەون لەناوەوە دیتە دەرەوە هێشتا دەرەوەی نەبینیوە کەچی
لەخەوندا خۆی دەیبینێ
لەخەوندا وینەی جوان بەدی دەکریت و ڕۆحی مرۆڤ نەرم دەکات
و گیانی قورس دەکات تا زیاتر بخەویت و لەنێو خەونەکانی دا
خەبەری نەبێتەوە ..
من دوو جۆرە خەون دەبینم ، خەونێك پێش هاتە بەرلەوەی چارە
رەشی مرۆڤ دروست بێت
ئەو مرۆڤانەی بەزمانێك دەدوێن و کەس لێیان تێناگات
ئەو مرۆڤانە نەدەمرن و نەزیندووش دەبنەوە
نەدەسوتێن و نەدەشبن بەخەڵوز ئەو خەونانەی دەیانبینم ساڵێ
جارێکە لەخۆمدا بەدی دەکرێت
جارێك خەوی مێرووڵەکانم بینی بەقاچە بەرزەکانیانەوە چۆن
لەسەر گڵی بیابان دەڕۆن و ریگە دەبڕن ، دەگەڕێنەوە ژێر گڵەکانی
خۆیانەوە ..
لەوێ ماڵیان هەیە .
مێرووڵە قاچ بەرزەکان شێوەیان بچووکە بەڵام لەڕاستی دا گەورەن
ڕوخساریان وەك بڵێین دەمامکیان پێوە گرتبێت
کەلەی سەریان خڕەو ڕەقە ئەوانە بەدەگمەن بەنەعلەکانمان دەمرن

بەلکو دەچنە ژێر نەعلەکان و لەوێ خۆیان حەشاردەدەن تا پێوەت بدەن

ڕێزەکانی پێشەوە دەم و لیویان تەرە لەخوێن ، ڕێزەکانی ناوەڕاست تەرمی قالۆچەیان بردوە ، ئەوانەی دواوەش تەرمی مێروولەکانی خۆیان بردوە و لەسەر باڵی قالۆچە هەڵیان گرتووە .

ئەمە ڕاستە خەونە بەڵام کاتێك خەبەرم دەبێتەوە لەدەرەوە دەیبینم دەزانم چیان بەسەردێت

کاتێك لەبەرەبەیاندا خەبەریان دەبێتەوە تا دەگەنە شوێنی مەبەست کات بەرەی ئێوارەیە ، خۆرکاڵ دەبێت ..

زۆرکەم دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان ..

لەبەرئەوەی خۆرکاتی تەواو دەبێت تاریکی دروست دەبێت

ئەوانەی لەژێر گڵی بیابان ماون ڕۆژێك گەردەلوول دێت لمی هەموو بیابان وەخەبەر دێنێ .

مێروولە و ئەمیرەکان لەبێ خەبەری خۆیان لەگەڵ گەردەلوول لوول دەدرێن و هەناسەیان دەبڕێت .

لەخەونیکی ترمدا زۆرم سەرما دەبێت لەژوورەکەمدا دەچمە پەنایێك دادەنیشم و چراکان دەکوژێنمەوە تاوەکو دیوارەکان بەتەڕی نەبینم

فرمێسکەکان

فرمێسکی دایکەکان، فرمێسکی بێوەژنەکان لەسەرو سیمای دیوارەکان دێنە خوارەوە،

چاوی پەنجەرەکان

چاوی کچەکان دەبینم بێ خەبەرماون لەژورەکەمدا

پەردەکان

پەردەی کچەکانمان وەك جاران سەماناکەن و پەپوولەکان دەرناکەون لەدەم مەرکانەی گوڵ نزیك نابنەوە ..





گوڵەباغەکان بێ خۆرەتاو بێ ئاو بەجێ ماون

سینەیان وەك جاری جاران لێنادەن و هەوا لەنزیکیانەوە لانادات .

ژوورەکەم هەناسە نادات

بێ ڕۆح بێ گیان بێ هەرس

بەرگی ژوورەکەم بەرگی بوکەکان ڕەنگی خاکی لەخۆیاندا بەدی دەکەن

پۆشاکی فریشتەکانی پێشمەرگە پڕلەخوێن !

گۆشتەکان ووشك بوون ئێسکەکان لەکراس و پانتۆرەکاندا

گیربووینە و کەلەسەرەکانیش لەسەر مێز بوونیکی تر لەوێ

ڕەنگیان دەکات لەبۆیاغی شین

تاوەکو فرە بدرێنە سەر دەریایی خوێن

چەکەکان لەژێر کورسیەکان و گولەکانیش لەچەکمەچەکاندا خەوتوون

لانکەکان ڕاهەژینن بادەنگی گریانی مناڵ نەبیستین

شیرلەمەمکی نیشتمانەکەم ووشك بووە

ڕەنگی خاکی دایکم تێك چووە

مەمکی دایك نادۆزرێتەوە تا منالانمان کرکەین .

لەچکەکان، کەواکان، دەرپێکان لەسەر ڕستەیە و ووشك نەبووە دلۆپە دەکەن

لەسەر دیوارەکانیش نەخشەی کوشتنی مرۆڤەکان و پەلەماردانی ژن و مندالەکانمان .

**

-جیهان تەها-

٢٠١٤

تا ئێستا یەك جار لەکۆڕەکەم خویندراوەتەوە
وەك کتێبیش والەبەردەستمە و بۆساڵی نوێ بڵاو دەکرێتە وە لەبازار دەفرۆشرێت .

جیهان تەها

ئاي‌لان لەسەر دەریا کەوتووە
شەپۆڵ دەییات
تانووقم نەبێت و پەیامی خودا تەڕ نەکرێت
بەڵکو بچیتە سەر وشکایی
تا دەورو دراوسێکان بیبینن و بیخوێننەوە
پلانی خودا تەواو نابێت و بێدەنگ نابیت
منالی بێ گوناح بەکاردێنێت بۆ رزگارکردنی
ئەو باڵندە کۆچبەرانەی لەسەرئاوکەوتوون
ناتوانن بفڕن و نوقمی ژێر دەریاش نابن
باڵەکانیشیان شکاوە و لەبرسان تاقەتیان نەماوە
تێنوێتی قوڕگیان دەگرێت و دەیانخنکێنێ
لەدەوری ڕۆخی ژیان دەسوڕێنەوە و
چاوەروانی مەلەن ناشزانن مەلەی ژیان بکەن
لەوێ .
ئاي‌لان.
ئاي‌لان
بێ ویژدانی بەویژدان دێنێ
دەرگا داخراوەکان دەکاتەوە
لاشەی ئاي‌لان بەبێ ڕۆح
لەسەر شەپۆلەکاندا تێپەر دەبیت
دەخرێتە ناو شووشە بوتڵی نامە بەرەوە
بۆسەر ووشکایی
رەوانەی دراوسێکان دەکرێت
تاوەکو بەهانای مرۆڤەکان بێن و



ژانی کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

مرۆڤ بوونیان بیر نەچیتەوە ..
-جیهان-
٩-٩-٢٠١٥
کارە پەرچووەکانی خودا تەواو نابیت
لەکارەکانیدا پاشگەز نابێتەوە

## جیهان تەها

ئازاري دڵم سەرەتايە،
من بەخەمي دڵم دەمرم،
هەموو خەونەکانم لێرەن،
لەناو دلم خەوتون،
من لەوێ شەهیدم
تا نیشتماني خۆشەويستم زيندوو بيت...







ویدا عوزەیری

ویدا عوزەیری زایینەی شاری سنە
لە دایک بووی ساڵی ١٩٨١ ی زایینی و کارناسی باڵای زمان و ئە دە بی فارسیم. هە ر لە مناڵیەوە بە چیرۆکی دارەپیرەی مامۆستا جەلال مەلەکشا پێم نایە باخچەی شیعرو ئەدەبی کوردی و لە ساڵی ٢٠٠٠ کاری نووسین و وەرگێڕانی کوردی بۆ فارسی و فارسی بۆ کوردیم بە شێوەی جددی دەسپێکرد و لە گەڵ ئەوەش دەستم کرد بە لێکۆڵینەوە لە سەر فەرهەنگی زاراوەی ئەردەلانی ناوچەکانی دەوروبەر و نووسینی فەرهەنگی وشەی زانستی و کۆمەڵێ شیعر و وەرگێڕانی چەند کتێب و نووسینی چەند چیرۆکە شیعری منداڵان بە کوردی. چەندین بەرهەمی تازەشم لەبەر دەستدایە و چیرۆکێکی فەیلەسۆفانە بە کوردی و چەند وتاری کۆمەڵناسی و دەروونناسی و چەند وتار لە سەر زاراوەی ئەردەڵان و دەوروبەری و وەرگێڕانێکی مەزن لە سەر قورئانی پیرۆز کە بە شێوەیێکی چڕ و پڕ وشەکانی قورئانیشم جیاواز لە ژێر سوورەتەکان هێناوە و خوێنەر بە ئاسانی ئەتوانێ لێ حاڵی بێت.





ویدا عوزەیری

**من برایمی سەدەی بیست و یەکم**

ئەی خەڵکینە!
من برایمی سەدەی بیست و یەکم
نە تەور و نەش خنجەرم ناوێ
هێزی هەموو موقەددەسەکان
هەر تەنیا بە نووکی خامەیەك ئەپسێنم
بۆ هەزاران بتی بێهوودە
کڕنۆش ئەبەین،
بتی ئازادی و ئاڵا وشە هید و شۆناس و دراو و...
تەنانەت خوداش تێکەڵی بتەکان بووە و
کەس نازانێ خوا کامە و
کەس نازانێ بۆ کامەیان کڕنۆش بەرێ
سەد مخابن
سەردەمی فارابی و شێخ شەهاب و ئەرەستوو...
هەر تەنیا بوو بە دوو هێڵ نووسراوەی کتێبەکان
ئیتر کەس باسی لە ئینسانیەت نەکرد
چمان بۆ ڕاستیەکان لە سێدارە دەدرێن...

ویدا عوزەیری

**باوکم...**

لە چاوەکانی باوکم
دوو لق تاسە
دوو لێوان تەنیایی
دوو قوم بیرەوەری هاوار ئەکات
لە لێوەکانی
دوو هەناسە ماڵاوایی
دوو زکری سوبحانەڵا
دوو بزەی بێ کۆتایی ئەدرۆشێتەوە
لە شەقڵی دەستەکانی
تاحەز بڕ کات
کەرویشکەی گوڵە گەنمە و
لە دڵە گەورەکەی
تا ئەوپەڕی بارەگای خوا
عەتری میهرەبانی ئەمهەژێنێ
ڕۆژگارێکە
بەپانتایی دڵی خودا بارانیم و
شیعریەت لە شیعرەکانم
بە بێ بەزەیی هەڵئەوەرێ
لە قووڵای زامی تەنیاییما
هەناسە هەناسە ئاسمان هەڵئەقوڵێ و
برین.... برین ...
هەتیویم هاوار ئەکات
دڵە گیان!





تۆ دەمێکە لێم درەنگی و
لە شیعرەکانما بووی بە زایەڵەی
داگیرسان وکوژانەوە
بەس تەنیا جارێتر سێبەرم بە
بۆ دانانی شیعرێکی تازە
نەوەک ڕۆژگاری خۆشی پێکەوە بوونمان ببزڕێ
با شنەی شەپۆلی هەناسە پاکەکەت
لەهەناسەما نوقسان نەبێ و
جادە سەختڵەتەکان
گەمارۆم نەدەن و
بێشکەی حەسانەوەم نەبێ بە تەرمی پێکەنین و
دەسرازەی ئومێدم نەبچڕێ
دایکم ستادیەکەی لە پێکەنین داخستووە و
من لەژیان...
دایکم شەرم ئەکا لە بێوەژنی
من لە هەتیوی
ئەو ڕۆژەی کە
مەرگ لە ناخت چەکەرەی کرد
من بێزگم بەگریان ئەکرد
تۆ جارێ ڕۆیشتی و
مەرگ سەد جار
لە نێو ماڵی دڵم هێلانەی کرد
من لە رووبارا سووتام و
لەگلێنەی چاوی تەم گرتووی تۆدا خنکام.

ویدا عوزەیری

لەو پەڕی ئاوایی هەتاو
کچێک لەتێک شۆڵەی پێیە و
قەڵەمێکی پڕ لە قسەی لەدەستایە و
دەفتەرێک پڕ لە
هەنسکی نابالق
بە قانوونی بێ سرەوت و دڕندەی با
کۆڵانەکانی دووری یار
لەپەرداخی خەونێکی چۆڵ
دەکاتە چەپکەی ئاوات و
ڕێژنەی دەخاتە سەر گۆنای
پڕ بە دڵی هاوار ئەکات:
تامەزرۆ بووم لە بەر دەلاقەی خەونێکما
لە ئاسمانی سامالی چاوەکانی تۆ
بەسەر شەتاوی دڵتەنگی هونراوەکانم ببارێ و
پەنجەکانت گەمارۆی دەن
پەڕە پەڕە دەفتەری شێواوی ژینم







کەژاڵ ئیبراهیم خدر

کەژاڵ ئیبراهیم خدر

## کیژێکی دەزگیران ئەنفالکراو

چەند ساڵێکە، پەرتوکێکی خۆشەویستی،
دەتخوێنمەوەو لێت تێر نابم
پەرە پەرە دەفتەری بیرەوەریەکانت
هەڵدەدەمەوەو سەر لەنوێ
دەست پێدەکەمەوە
چەندان شەوە
خەوبینین پڕ لەعەشق و ئەڤین و
دەست لەملانی
لەخەبەر بوونەوەم بێزار دەبم
روخسارت پێشنگایەکەو
منیش بینەرێکی شێت
بەدیار وێنەکانتەوە هەندێ جار دەگریم و
هەندێ جاریش پێدەکەنم
بێ دەنگی بەسە
وەرە پێم بڵێ، گەر لەم جیهانی ونبونەدا
وەکوو فریشتەیەک
لە ئاسمانەوە دەرکەوتیت و هاتیتەوە
شەپۆلی حەزە سەر شێتەکەم
ئامێز بەدەریای کام چاوتدا بکات
چاوی راستت ،یان چاوی چەپ
بیرت نەچێ،
من کیژێکی رێواس چنم





دەست و پەنجەکانم قڵیشاوە
گەر هاتیەوە
زەوی ووشکەوەبووی گەروم
لەسەرچاوەی شیرینی لێوەکانت تەڕکەم
یان لە رووباری گەردنت
نیوەشەوەو گیانم وەکوو پشکۆی نێو ئاگردانی
سوپایەکی لادێ نشین دەسوتێ
شەختەو سەرماو کڕێوەیە
نم نمەی بارانەکە بەپەنجەرەی
ژوورەکەمدا دێتە خوارێ
ئەم بارانە لەبارانی چاوەکانی تۆ دەچێ
کەلە ژوانەکانمدا بەسەر لاشەمدا دەتباراند
من لەگەڵ ئەو بارانەدا بیرت دەکەم
ئێستا من کیژێکی گوندی
دەزگیران ئەنفالکراوم
لەبەردەرگاکەت دانیشتووم
چاوەکانم لەچاوی چاوەڕوانیدا
بێزار نابن .هەناسەکەت ،پێکەنین و
ووشەو نیگاکانت .
زایەڵەی دەنگت
مۆسیقایەکی پڕ ئەڤین و سۆزە لە گوێچکەمدا
هەست دەکەم زۆر دوریت
نا ...هەست دەکەم زۆر دووریت
لەگەڵ خوێنمدا ،لەگەڵ گیانما
تێکەڵاوی و لێم جیانابیتەوە
پێم دەڵێی و پێم وایە

تۆ ئەو خۆرەیت کە سپێدە لە گۆێژەوە
سەر دەردێنێ و
پرشنگەکانت بەسەر لاشەمدا دابەش دەکەیت
تادێ گەورەتر دەبێ و
پرشنگەکانت زیاددەکەن
منیش دەڵێم و پێم وایە
تۆ خواوەندی خۆرو روناکیت
بەڵام سەیرە
هەندێ جار پێویستت بەمۆمێکە
دایگرسێنی.
دایکم دەڵێ "
هەر کاتێ کۆتر لەسەر باڵێک بکەوێ
چۆلەکە لەسەر گوێسوانەکان بجریوێنێ
میوانێکی ئازیزت دێ
ئەوە چەند رۆژە کۆترەکەی دڵم
باڵی خستووە چۆلەکەی چاوەکانم
دەجریوێنێ
ئەی میوانی ئازیزی من ،بۆ دیار نەبووی
بیرت دەکەم و خەم دەخۆم
خەمێک وەکوو گیانە پڕ ئازارەکەی
(سیروان رەوف)
وەکوو ژانە لەبیرنەکراوەکەی هەڵەبجەو
پەیکەرە نەمرەکەی (عومەری خاوەر)
وەکوو وەسێتنامەی ،گۆرانیە جاویدانیەکەی (ماملێ)
وەکوو هەناسە بەزۆر کێشراوەکانی گەلەکەم
لەدووریتا باڵندەکان لەجریووە دەکەون





منداڵەکان لەپێکەنین دەتۆرێن
دڵدارەکان بێ ژوان و ئەوین دەبن
ئەی گەورەترین ئەوین و دڵداری بێ ژوان؟

ترجمة "احمد قادر سعيد
شعر"كه زال ابراهيم خدر

**شابة أنفلوا خطيبها**

منذ سنوات
صرت دفتر حب
أقرأك ولم أشبع منك
صفحة ،فصفحة،
أطوي دفاتر ذكرياتك
وأبدأ من جديد
""""""""
فليال عديدة
والاحلام المليئة بالعشق
والحب والجلوس معك تجعلني
أكره الاستيقاظ
ووجهك معرض
وأنا مشاهد مجنون امام صورك ،
أبكي حينا وأضحك بعض الاحيان
كفي صمت تعال ،
وقل،اذا ظهرت في السماء
كالملاك في هذا العالم
المملوء بالفقدان مرة اخرى ،
فأمواج رغباتي الطائشة
حائرة لاتدري
تحتضن اية بحيرة من عينيك
عينك اليمنى، ام عينك اليسرى؟
******





انا فتاة قاطفة"ريواس"
ان يدي وأناملي متشققتان
اذا عدت
هل أبلل ارض بلعومي الجرداء
من ينبوع شفتيك العذب
او من نهر رقبتك"
******
هاأنا الآن في منتصف الليل فروحي ،
تحترق كجمرات مدفأة
عائلة قروية وفي خارج البيت ،
برودة وزوبعة زمهريرية وقطرات الغيث،
التي تتساقط على نافذة غرفتي
تتوجه نحو الاسفل
فهذه الامطار تشبه امطار عينيك
التي تمطر على جسدي
في أماكن اللقاء
******
أنا أذكرك
مع هذه القطرات الندية
أنا الآن ،
بنت قرية خطيبها مؤنفل
جلست امام بابك وعيناي،
لاتضجران من الانتظار انفاسك ،
وضحكاتك كلماتك ،
نضراتك رنين صوتك الرجولي
كلها سمفونية ،

مملوءة بالحب ترن في اذني
******
أشعر بأنك بعيد جدا كلا،
فشعوري لايبعدك ،
بل أنت أقرب من روحي
لم تتركني ...وتقل لي
" أظن أنك ذلك الطيف
الذي يعلو افق جبل "كويزة"
تتوزع تلك الاطياف على جسدي
تكبر شيئا
فشيئا تكبر الاطياف الذهبية
******
أنا أقول ،
أظن انك اله الشمس والنور
ولكن عجبا ،
كنت تحتاج الى شمعة
تريد أن تشعلها بعض الاحيان
******
أمي تقول"
اذا اتكأت الحمامة
على أحد جناحيها
واذا زقزق العصفور
فوق سطوح المنازل
انها دلالة
على ان ضيفا عزيزا يزورك
فهاهي الايام تنقضي





فحمامة قلبي اتكأت
على أحد جناحيها
وعصافير عيني تزقزق
والضيف العزيز لم يأت
******
بعد والآن اذكرك ،
وأتحسر عليك يا ضيفي حسرة
...كروح"سيروان رووف "
المؤلمة كالام حلبجة
غير المنسية كالتمثال الخالد ل"عمر خاور"
كوصية الاغنية الخالدةل"ماملى
" كأنفاس شعبي
التي كانت مخنوقة تعال ..
كفاك إبتعادا
ففي ابتعادك تتوقف الطيور
عن التغريد وضحكات الاطفال ،
تغيب وتترك شفاهم
فالاحباب يبقون تائهين
دون أن تجمعهم اماكن اللقاء
فتعال ياأكبر الاحباب المغتصبة
منك اماكن اللقاء...

کەژاڵ ئیبراهیم خدر

## نا بۆ پڕبوونی نیشتیمان لە تەرم

نا بۆ پڕبوونی نیشتیمان لە تەرم
ئەو وەختەی نیشتیمان
لەبەردەم پەنجەرەکانی شەڕدا
دەبێتە گۆرانیەکی وەڕس بۆ مردن
دەستێکی پڕاوپڕ دەبێ لە خوێن و
ئەوەی تر سیخناخ لەتەرم
ئەو کاتەی شەڕ دەرگا بەنیشتیمان دەگرێ،
چاوێکی مەرگێکی هیواشی تێدەزێ و
چاوەکەی تر دەبێتە گۆڕستانێکی سەوز
ئەو دەمەش شەڕ بەتونێلەکەدا،
هەناسەکانی ڕەوان دەکا
نیشتیمان پێ یەکی دەبێت وێرانی و
پێ یەکەی تری کفنی مێژوو،
سەروەرییەکانی تۆمار دەکا
نا بۆ شەڕ..
نا بۆ پڕ بوونی نیشتیمان لەتەرم
نا بۆ هەڵوەرینی پەنجەکان و
مەرگی هێواشی ڕۆڵەکان
کە شەڕ بە بۆراقی مەئساتدا دێنە ئێرە
نا بۆ سوینی شیرو تیرە تورەکان لەیەکترو
تێکچوونی کۆشکە جوانەکانی مێژوومان
بەدەست هەناسە تورەکانی شەڕەوە ؟





ئەوانە خەجاڵەت نیشتیمان
سوینی دەمی خەنجەری دەستەکانمان
بۆ دوژمن بوو
نەک بۆ شەقارکردنی جەستەت
پاسەوانی بازگەکانی سەر سنورت
لەترسی سەربازە دۆڕاوەکانی دوژمن بوو
نەک بۆ بۆسەی برایەکی هاوزەمان
ئەوان خەجاڵەت نیشتیمان
ئەو هەموو خوێنەمان بۆ کات
بەڕێکردن سەرف کرد
ئەو هەموو تەرمەیان بەخشیە
مەرگی هێواشی شەڕ
ئەوان خەجاڵەت نیشتیمان.



دیمەن دهوکی





دیمەن دهوکی

## شەهید بوون د ناڤا وەلاتێ من دا

شەهید بوون یادبیتە شانوگەرییەکا بێ دۆماهیك
یادبیتە شەهیانەکا مەزن بێ زاڤا بتنێ بیك

دیوارێن مزگەفتاژی ب تابلۆیێن مرنێ دهێنە خەملاندن
ناڤێن شەهیدا ل سەر دیوارێن مزگەفتا دهێنە ب رێزکرن

مالێت شەهیداژی یێ خەملا خۆ ب جل و بەرگێن ڕەش دکەن
ب چاڤێن تژی روندك ب دلّەکێ سوتی تابیتێ شەهیدی بلّند دکەن

دەیکا شەهیدی ب ئاگرێ خەریبیێ ئاوازا ب کۆڕێ خۆ دبێژیت
لسەر کێلیا کۆڕێ شەهیدێ خۆ روندکێت خینێ بوو درێژیت

هندەك یت ماینەسەرێت رێکا، یت ماینە ل هیڤیا پێشمەرگێت بەرزەبووی
هندەك ژی یت ماینە ل چولا، یت ماینە ل هیڤیا هەستین بن ئاخ بووی

یت ماینە ل هیڤیا هەستیئن شه هیدێت خۆ، دا گۆڕەکێ بۆ وان ب خەملینن
دا خۆزیا د گەل گولێت سپی ل دورماندوری گۆری بچینن

ژ بیرا مەناچیت دەمێ بەعسیا کورد ئەنفال کرن
زاروکێن بچیك لبەر سینکێ دەیکن وان بن ئاخ کرن

بە عسیا وەریسێ شەنقێ بۆ کوردا حازر دکر
هەر بێهنەکێ کورە کێ هەشدە سالی پێڤەدکر

حکمێ عەدالەتێ ژی کەتبوو دناڤا دەستێن هندەك کەسان
هندەك بێ ویژدان و خودێ نەنیاسان

دوژمنو بزانە ئەم قوتابیت قوتابخانا کوردایەتیێنە
قوتابیت سەرکردێ مەزن مەلا مستەفا بارزانینە.





دیمەن دهوکی

**سپییێدەیە**

سپییێدەیەو خەڵك یێ بازدەن
رژێما بەعس ژی گوندا تاڵان دکەن

سپێدەیە و هێشتا ڕۆژ ئاڤا نەبوویە
هێشتا زاروکێ بچیك ژ هەمبێزا دایکا خۆ تێر نەبوویە

پێنجێ سپێدییە و ژنك یا گازی دکەت
هەوارێت خۆ بۆ خەڵکی گوندی دبەت

کورێ منێ ٩ ساڵیش ل پێش چاڤیت من بساخی بن ئاخ کر
دایکامنیش هیش یا نڤستیە ئەوژی گۆڵلەباران کر

ئەو ژنە ب دەرد وژانێت خۆ بێزار بوو
هێدی هێدی سەرێ خۆ دانا ئەوژی تەمام بوو

نەشیم ژمارا ئەنفالبوویا بهەژمێرم
ئەگەر بهەژمێرم دێ ژ قەهرا دا مرم

سپیدەیە و مێر رێز کرن و بقایشا جەلدەدان
کورێت گەنج ل پیش چاڤێت دایکێ سێدارەدان

زارۆك بگریڤە ل بەر سینگێ دایکێ، وان رادکرن
بۆ هەمیا حەلەك.... و بساخی بن ئاخ کرن

چیرۆکا کوردا گەلەکا (کیرو دیرە)
دناڤ چیرۆکیدا هەمی ئێش و برینە



محمد عسمان سلیمان
گەرداوی





## گەرداوی

دووێنێ
لەدەشتێکا...
لەسەر رێگای تەمەنێکا..
لە ژێر گڵی نیشتیمانم
لەتەك بەردێکی سەرە ڕێدا.
لەچکئکی پیرە دایك
یاا کیژۆڵە بوو..
یا جامانەی شۆرە لاوئك.
ڕاخرابوو...نااا نێژرابوو،،
هی ئەوسا بوە..
کە لاچکێکی نیشتمانم
هەڵتەکئنراو..
ئەنفالی لێ
هەڵوەرێنرا...



فەرزندە ببانی

فەرزندە هەمزە مستەفا

لە ساڵی ١٩٧٦ لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی باشووری عێراق لە پارێزگای دیوانییە قەزای عفك لە دایك بووە.

لە گوندی ببانا ناحیەی بارزان قەزای مێرگەسۆر نیشتەجێیە، ٧١ کەس لە گوندەکەی جینۆسایدکراون، ئێستاش پۆلیسی هاتووچۆیە لە دەڤەری بارزان.



ژانی کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

**فەرزندە ببانی**

## هەشت هەزار بارزانی

دکەم گری بۆ هەشت هەزار بارزانییێت ئەنفالکری
دکەم گری بۆ گەلێ کوردێ ب هەزاران بن ئاخ کری
دکەم گری بۆ زاروکێ ساڤا کو ڕژێمێ بێ باب کری
ئەم چ جارا ژبیر ناکەین ئەڤ زولما لمە کوردا کری

دایك و خوشك بدەنگێ مەلیل شەڤ و ڕۆژا دناڵینن
هەر چوار کنارا دگەڕێن بۆچی باب و برایا نابینن
هێش زاروك مانە چاڤەرێ دا باب و کەس و کارا ببینن
وان زالما زولما کری خودێ ل هنداف خۆنابینن

لمە برن باب و کور و برا، دایك و خوشك بینە رەبەن
دایك و خوشکا کرەگری، گوت دێ بەرێ وان کیڤەدەن
بسەرکولی ب پیێخاستی دیف راچون گوت دێ نەبەن
ما هنگ لنك رەبێ ژۆری چەوا دێ چابا خۆ ڤەدەن

ما ئەز چبکەم بۆ وێ رەڤێ کو بەرێ وان دا بەغدایێ
چ بکەم بۆ وان دایك و خوشکا بێکەسی دکەن لایە لایێ

هزاران بێ مراد کرن وەکی مەجنون و لەیلایێ
ما پشتی وان ئەم بۆچینە بلا نەژین ل دونیایێ

نالێنا زاروکێت ئەنفالا یا دایەڤە ل سەرێ چیا
دێ رابن ناڤێ وان بگێرن ل دەولەتێت ئەجنەبیا
دابهێن ل مافێ مرۆڤ بپرسن ئەڤە نەبویە ل چ جیا
کەس نەهێلا ل دونیایێ ئێك فیرعەون و دوو بەعسییا

ئەی سەدامێ پیس رووی ڕەش کانێ هەشت هەزار بارزانی
ل عەردانە یان ئاسمانی بۆچی مەچ لێ نەدزانی
ب هزاران زاروك تەبرن ئەی فیرعەونێ ڤی زەمانی
ناڤێ تەگەریا ل دونیایێ هەمیا مورکر تۆ نە ئینسانی

ئەڤە چبوو ب سەرێ مەهاتی لەگۆری چەرخ و فەلەك
ئەو سەدامێ پیس و رووی ڕەش، کێڤە برن ئەو چاڤ بەلەك
ئەز نابێژم بەس بارزانی، گەرمیانیش برن گەلەك
ئەز هەڵە بجەی ژبیرناکەم بیریا وێ دکەم ڕۆژێ هەلەك



**نووسەر ( ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی)**
**نووسەر و پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان**

•پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان، بیرۆکەیەکە لە لایەن توێژەرەوە لە چوارچێوەی توێژینەوە و نووسین و کار و چالاکی و پێشکەشکردنی بەڵگە و دیکۆمێنت و وێنە... لە بواری ناساندنی جینۆساید و بە دیکۆمێنتکردنی.
•هەوڵدانی توێژەر بۆ ناساندن و بە ئەکادیمیکردن و بە دیکۆمێنتکردنی تاوانە یەك لە دوا یەکەکانن کە بە سەر کورد و کوردستاندا هاتوون لە (ڕاگواستن





و بۆردوومانکردن و ئاوارەبوون و کۆمەڵکوژی و ئەنفال و لە سێدارەدان و سوتاندنی ژینگە و جینۆساید بە هەموو جۆرەکانیەوە).
•هەموو ئەو کتێب و توێژینەوە و بەڵگە و وێنانەی توێژەر بە خۆڕایی و بە بێ بەرامبەرن.
•ئەم بەرهەم و بیرۆکانەی توێژەر، ئەوانەی بڵاوکراونەتەوە و ئەوانەی لە داهاتوودا ئەگەر خوا یاوەر بێت بڵاو دەکرێنەوە کڕین و فرۆشتنیان لە سەر نیە، پێشکەشە بە کەسوکاری قوربانیان.
•توێژەر، بە ئەرك و ماندووبوون و شەونخوونی و هەوڵ و تێکۆشانی خۆی، ئەم پرۆژەی پێکهێناوە و بەرێوەی دەبات و بەردەوامیش دەبێت ئەگەر خوا یاوەر بێت.
•توێژەر خۆی یەکێکە لە ڕزکاربووانی پرۆسەی جینۆسایدی بارزانیەکان و لە ئۆردووگای زۆرەملێ قودس- قوشتەپە لە ساڵی ١٩٨٢ لە دایکبووە و ژیانی لەم ئۆردووگایە و لە نێو کەسوکاری قوربانیان بەسەر بردووە، ئێستاش بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزانە، سەر بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان، ڕۆژانە خزمەتی کەسوکاری شەهیدان و جینۆسایدکراوان دەکات هەروەها سەرپەرشتیاری گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان و ئەو کەلوپەل و جل و بەرگانەی لە گۆڕەبەکۆمەڵەکان هێنراونەتەوە، ( مۆنۆمێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان)ە.
•دەرچووی زانکۆی سەلاحەددین کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی یە.

## زانیاری کەسی

**١-ناوی چواری: ڕێبوار رمضان عبدالله یاسین**

**٢- ڕێکەوتی لە دایکبوون:** ١٩٨٢/٧/٢٤

**٣- شوێنی لە دایکبوون:** ئۆردووگای زۆرەملێ قودس لە قۆشتەپە سەربە پارێزگای هەولێر. باوکم و هەردوو باپیرە و دوو مام و دوو خال و ١٥٠ کەسی تر لە گوندەکەم لەگەڵ هەشت هەزار پیاوی بارزانی لە ساڵی ١٩٨٣ جینۆسایدکراوان.

**شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا:** گوندی بازێ - ناحیەی بارزان - قەزای مێرگەسۆر- پارێزگای هەولێر.

**٤- بڕوانامە:** بەکالۆریۆس

**٥- دەرچووی:** کۆلیژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین بەشی کۆمەڵناسی- ساڵی(٢٠٠٦ - ٢٠٠٧).

**٦- پسپوری و شوێن و پلەی کارکردنی ئێستا:**

- بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان، ( لەساڵی ٢٠٠٧ تا ئێستا).
- سەرپەرشتیاری مۆنومێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان، لە ساڵی ( ٢٠١١ تا ئێستا)
- نووسەر
- توێژەری کۆمەڵایەتی (پێشکەوتوو).

**٧- باری خێزانداری:** خێزاندار، خاوەن ٤ منداڵ و لەگەل خێزان و دایکم دەژیم و تاقانەم لە برا.

**٨- موبایل:** ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١





**٩- بواری داهێنان و پسپۆری و کارە خۆبەخشییەکان:**

- شارەزاو چالاکوان لە بواری جینۆسایدی گەلی کورد و کوردستان بە گشتی و بارزانیەکان بە تایبەتی و ئەنفال و کۆمەڵکوژی و ڕاگواستن و قوربانیانی جینۆساید و شەهیدان، بوارەکانی مافەکانی مروڤ و کارکردنی مەیدانی لەسەر بەئەرشیفکردن و رزگاربوان و بەجێماوانی تاوانەکانی جینۆساید و تاوانەکانی جەنگ و تاوانە دژ بەمرۆڤایەتیەکان و کەیسە نەتەوەییەکان و نیشتمانیەکان. هەروەها شارەزا لە بواری بەدیکومێنتکردن و بەئەرشیفکردن.
- خاوەن ( ٢٢ ) بیست و دوو کتێبی چاپکراوم، کە تایبەتن بە جینۆساید و ئەنفال و ڕاگواستن و کۆمەڵکوژی و تاوانە دژ بەمروڤایەتیەکان بەگشتی. هەروەها (٦) شەش کتێبی تریش ئامادەی چاپن. جگەلە لەمانەش دەیان توێژینەوەی مەیدانی و ئەکادیمی و زانستیم ئەنجامداون لە شێوەی ڕاپرسی و فورم، دواتر وەك تویژێنەوەی (مەیدانی و تیۆری) داتا و ئامارەکان سودیان لێ بینراوە و بڵاوکراونەتەوە، ئەمە جگە لە سەدان بابەت و وتاری ڕۆژنامەوانی.
- دوو کتێب لەم بیست و دوو کتێبە چاپکراوانەم لە مەنهەجی خوێندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکارهاتوون و سوودیان لێبینراوە و ئێستا لە قوناغەکانی خوێندن ( لە پۆلی دەیەمی زانستی و وێژەیی و خوێندنی پیشەیی و پەیمانگایەکان) دەخوێندرێت.

- خاوەنی زیاتر لە (٤٥٠٠) بەڵگەی جوراو جوری تایبەتن بە تاوانی دژ بەمروڤایەتیەکان و ئەنفال و جینۆسایدی کورد و کوردستان کە بەشێوازی نهێنی و ئاشکرا لە لایەن حکومەتی عێراق و چەندین وڵاتی تر نووسراون.
- خاوەنی زیاتر لە (٦٠٠٠) وێنەی جوراوجوری تایبەت بەو تاوان و نەهامەتیانەی بەسەر گەلی کوردو کوردستاندا هاتوون.
- خاوەنی زیاتر لە (١٨٠٠) چاوپێکەوتی چڕ و تێر و تەسەل لە سەر بەجێماوان و رزگاربووانی جینۆساید و ئەنفال و کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی جەنگ و تاوانە دژبە مروڤایەتیەکان.
- سودێکی زۆر لە بەڵگە و وێنە و کتێبەکانم بینراوە (لە دادگادی باڵای تاوانەکانی عێراق دژ بە تاوانبارانی ناو قەفەس لە کەیسی جینۆسایدی بارزانیەکان) هەروەها ئەندام بووم لە کەیسی جینۆسایدی بارزانیەکان و کاری سەرپەرشتیکردن و رێکخستن و دەستنیشانکردنی گەواهیدەران و شایەدحال مان ئەنجامدەدا.
- تا ئێستا هاوکاری زیاتر لە (٨٠) قوتابیم لە سەرانسەری کوردستان (لە زاخو تا هەڵەبجە)کردووە بەمەبەستی( دەسنیشانکردنی گرفت و باس و بەرنامە و پلانی بەحس تخرج) لە بوارەکانی جینۆساید و ئەنفال و جور و قوناغەکانیان، بە پێشکەشکردنی زانیاری و وێنەو بەڵگە و کتێب، هاندانیان.





- لە مۆنومێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان پێشوازیمان لە زیاتر لە(٧٥٠٠٠)حەوتاو پێنج هەزار کەس کردووە، لە نزیکەوە لە شێوەی سیمنار و  شیکردنەوە و راڤەکردنی ڕاگواستن و ئەنفال و جینۆساید و جۆرو قوناغەکانی و نەهامەتی و ئازارو ئەشکەنجەکانی دواى جینۆسایدی بارزانیەکان بە میوانان و مروڤدوستان و پێشکەشکردنی بەڵگە و کتێب و زانیاری پێویست، میوانانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات هەندێك لەوانەی پێشوازیمان لێکردون لە ناو خوی وڵات: ( سەروکی هەرێم و سەروکی حکومەتی هەرێم و وەزیران و ئەندام پەرلەمانان و ڕۆژنامەنووسان و قوتابی و هاوڵاتیان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ... هتد)، ئەوانەی دەرەوەی وڵاتیش: (چەندین قونسول و باڵیوز و وەفد و ستافی بیانی و ئەندام پەرلەمان و شاندی قوتابیان و ڕۆژنامەنووسان و  کەناڵەکانی ڕاگەیاندن).

ئەمەجگە لە چاوپێکەوتن باسکردنی ئەم نەهاماتیانەو و زانیار و ڕاڤەکردنی ئەم تاوانانە بۆ راپورتی رۆژنامەوانی و کەناڵەکانی راگەیاندنی بیانی، لەچەندین بەڵگە فلم و راپورتدا بەشداربوومە، کە بەمەبەست ناساندنی ئەم تاوانانەیە، بەگشتی ئەم مۆنومێنتە وەك پردێکی ناساندنی جینۆسایدی بارزانیەکان بە دەرەوەی وڵاتی لێهاتووە.

**١٠- ئەو پروژانەی داهێنراون:**

- دواى ئەوەی چەندین بەڵگە و وێنە و دیکۆمێنت و جل و بەرگ و کەرستەی ئەنفالکراوان - بارزانیە جینۆسایدکراوەکانم پێشکەش بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکروان کرد و موزەخانە و

مۆنومێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکانی لێ بەرهەم هات. دواتر جل و بەرگ و کەلو پەلی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیش لەم هوڵانەدا دانران و لەو کاتەوە واتا ساڵی ٢٠١١ تا ئێستا بە بەردەوامی رۆژانە لەپێشوازی میوانان و ئازیزانداین. بووەتە موزەخانەیەکی نیشتمانی و پردێکی ناساندن.

- لە ساڵی ٢٠١٧ موزەخانەی (لە شەهیدانی رێگای نیشتمانەوە) کە پیکهاتووە لە کەرەستە و جل و بەرگ و یادگاری شەهیدانی شەری دژ بە داعش، پێشکەشم بە بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان کرد. وەك موزەخانە لە هوڵی ئەم بەرێوەبەرایەتیە دانراون و لە پێشوازی ئازیزانداین.

شایەنی باسە ئەم هەموو کەرەستە و بەڵگە و دیکۆمێنت و جل و بەرگانە بەرهەمی کتێبەکانمن و چونکە کاتێك کتێب یان توێژینەوەیەك ئەنجام دەدەم جگە لە نووسین کەرەستەو کەلو پەلی قوربانیانم لە خانەوادەی شەهیدان وەردەگرت و وەردەگرم.

- لەماڵەوەش موزەخانەیەکی تایبەت بەجینۆساید و ئەنفال و یادگاری و جل و بەرگ و بەڵگە و هەروەها موزەخانەیەکی کولتوری و کەلەپوریم داناوە و لەپێشوازی قوتابیان و میوانان و نووسەران و گەنجانداین.
- جگەلەمانە هەموو کتێبەکانم بە دیاری پێشکەش بە خوێنەران کردووە و هەروەها وێنە و بەڵگە و دیکومێنتەکان، واتا وەك کارێکی خۆبەخشی بۆ هەموو ئەو پروژە و کارانەی کەباسمان کردن.





**١١-ئەو بوارانەی پێشتر خەڵات و رێزلێنان و سوپاسنامەم بە دەستهێناوە:**

- لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمی لە چوارچێوەی کتێب.
- لە بواری جینۆسایدی گەلی کورد و کوردستان.
- وەك تویژەری کۆمەلأیەتی.
- وەك بەرێوەبەرێکی سەرکەوتوو.
- وەك هاولأتیەکی خۆبەخش.
- وەك نووسەر و چالاکوانێك.

بە دەیان سوپاسنامە و رێزلێنانن، خەڵات و رێزلێنان و سوپاسنامەکان لە لایەن ( سەروکی هەرێم و سەروکی حکومەت و گشت وەزیرەکانی شەهیدان لە ساڵی ٢٠٠٧ تا ئێستا و رێکخراو و فەرمانگە حکومی و حزبی ناحکومیەکان و رێزلێنانی کەسوکاری شەهیدان و چەندین زانکوی هەرێمی کوردستان... سوپاسنامەکان ناخۆیی و بیانین).

- هەروەها چەندین توێژینەوە و سیمنارم بۆ زانکو پەیمانگایەکانی کوردستان و رێکخراو و سەنتەرەکان و هاوڵاتیان و کەسوکاری قوربانیان ئەنجامداوە بە تایبەت لە یاد و مەراسیمەکانی تایبەت بە پرسە نەتەوەیەکان و جینۆساید و ئەنفال. جگە لە چەندین پێشانگای جوراو جوری تایبەت بەم بوارە. هەروەها بۆ چەندین رێکخراو کارم کردووە و ئەندام بوومە تیایاندا.

## پەرتووکە چاپکراوەکانی نووسەر و توێژەری کۆمەڵایەتی ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

### کتێبی یەکەم

١- ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانیەکان بۆ باشووری عێراق لە سەردەمی بەعسدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩
توێژینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی و تیۆری و پراکتیکیە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ١٩٣ ) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (٢١٠٩) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠٠٩ ی دراوەتێ.
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ باس لە سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان دەکات، لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە و ڕاگواستنیان بە چەند قۆناغێك بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی دوورووبەری شارەکان و بیابانەکانی باشووری عێراق و نیشتەجێکردنیان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی تایبەت بە بارزانیەکان وەکو(( دیانا و حریر و بەحرکە و گۆرەتوو و قوشتەپە -قدس و قادسیە-)) بە بیانووی پێشینەی ئەمینی لە سەر سنوورەکان و دروستکردنی ئۆردووگای کشتوکاڵی هاوچەرخ و ... هەروەها کۆنترۆڵکرنی گوندنشینان و دواتر وێرانکردن و تەقاندنەوەی گوندەکان و ڕاگەیاندنی ئەو ناوچانە بە ناوچەی قەدەغەکراو، سڕینەوەی ژیان بە هەموو ڕەگەزە زیندووەکانەوە لەم گوندانە.
دواتر دەستگیرکردنی نێرینە بارزانیەکان و جینۆسایدکردنیان لەم ئۆردووگا زۆرەملێیانە، بەم شێوەیە سەرەتا (بارزانیەکان دەستنیشانکراون، پاشان کۆکراونەتەوە لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان، دواتر دەستگیرکراون و زیندەبەچاڵکراون) وەك هەمان ڕێباز و بیرۆکەی نازییەکان لە سەردەمی هیتلەر لە نموونەی هۆلۆکۆست.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ڕاگواستنی بارزانیەکانیش لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ باشووری عێراق بەشێك بوو لە پرۆسەی جینوسایدکردنی گەلی کورد کە بە بەرنامەیەکی چڕو توکمە پلانیان بو دارشتبوو. ئەمەش تەنها گواستنەوە نەبوو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بەڵکو زیاتر لە ماناو ڕەهەندێك لە خودەگرێت، باکگراوندێکی سیاسی و کەلتوری و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە پشت ئەم پروسەیەوە بوو.





لە هەمانکاتدا توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە چوارچێوەی فۆرمێکی ڕاپرسی لە نێو کەسوکاری بارزانیە ڕاگوێزراو و ئەنفالکراوەکان کە (١٠٠) کەس وەك نموونە وەرگیراون.
لە پاشکۆی ئەم کتێبەش کۆمەڵێك بەڵگە و وێنەی تایبەت بەم پرۆسەیە هاوپێچ کراون.

### کتێبی دووەم

٢- بارۆڤی لە ناوبردنی بارزانیەکان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٠
توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی و مێژوویی و سۆسیۆلۆجیە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ٢٩٦ ) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن:(٧٩٢) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان (ساڵی (٢٠١٠) ی پێدراوە.
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە نێو کەسوکاری بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لە سەرانسەری کوردستان ئەو شوێنانەی بارزانیەکان لێی جینۆسایدکراون و بەجێماوی بارزانیەکان تیایدا نیشتەجێن، کە (١٢٥) کەس وەك نموونە وەرگیراون و توێژینەوە لە سەر کەسوکاریان بە شێوەیەکی ئەکادیمی کراوە، ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانیان نیشاندراون، کۆمەڵێك ئەنجام و ڕاسپاردە خراونەتە ڕوو.
لەم کتێبەدا چۆنیەتی دەستگیرکردن و قۆناغەکانی ئەنفالکردنی گەلی کورد لە کوردە فەیلیەکان و بارزانییەکان و ئەنفالی (١٩٨٧-١٩٨٨) و کیمیاباران و ... هتد ڕوونکراونەتەوە، قۆناغەکانی جینۆسایدکرنی بارزانییەکان لە ساڵی (١٩٨٣) خراوەتە ڕوو، کۆمەڵێك بەڵگە و وێنەی تایبەت بەم تاوانە توێژینەوەیان لە سەر ئەنجامدراوە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
ئەو بارزانیانەی کۆمەڵکوژکران هەموویان خەڵکی بێ تاوان و سڤیل و بێ چەك بوون هیچیان لە حکومەت نەدەویست، بە لایانەوە گرنگ نەبوو کارەبا و ئاو و ڕێگای قیرتاو... دەگاتە ئۆردوگا زۆرەملێیەکانیان یاخۆد نا؟ بەردەوام خەریکی کرێکاری و کارکردنی ڕۆژانەی خۆیان بوون.

هەروەها بەشێکە لە نامەی بەکالۆریۆس پێشکەش بە زانکۆی سەلاحەددین کۆلیژی/ ئەدەبیات/بەشی کۆمەڵناسی کراوە، بەسەرپەرشتی م/یوسف دەزەیی و هەڵسەنگاندنی لە لایەن م/ ڕێبوار سیوەیلی و م/ مراد حکیم...

## کتێبی سێیەم

٣- مێژووی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا، بە بەراورد لە گەڵ ڕێککەوتننامە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١١

تویژینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیولۆجی و بەراوردکاری و دیکۆمێنتارییە

بە قەبارەی / وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ٨٦٤ ) لاپەڕە پێکهاتووە.

ژمارەی سپاردن: (٧٩٣) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١١) ی دراوەتێ

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ تویژینەوەیەکی مێژوویی دیکۆمێنتاری بەراوردکارییە، بەراوردی پەیماننامە نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان لەگەڵ ئەو تاوان و ڕووداوانەی بەسەر بارزانیەکان هاتوون لە سەدەی بیستەمدا، لە وێرانکردن و ڕاگواستن و بۆردوومانکردن و جینۆسایدکردنی بارزانیەکان، هەروەها زۆر بە چڕوپڕی پانۆرامای ئەم کارەساتانەی بەسەر بارزانیەکاندا هاتوون خراونەتە ڕوو، بەراوردکراون لە گەڵ ئەم ڕێکەوتنامانە لە سەردەمی شێخ عبدالسلام ەوە تاکو کۆڕەوی ساڵی (١٩٩١)، زیاتر لە (٨٠) بەڵگەنامەی تێدایە لە سەردەمە جیاجیاکانی سەدەی بیستەم، کە لە لایەن چەندین وڵات و بە پلانی چەندین وڵاتی تر بەرنامە و پلان بۆ لە نێوبردنی بارزانیەکان داڕێژراون. جگە لەمانەش کۆمەڵێك وێنەی جۆراو جۆری سەردەمی تاوانەکان وەك شایەتحاڵ هاوپێچ کراون...

لە بەشێکی یەکێك لە پێشەکییەکانی ئەم کتێبەدا هاتووە:

بۆردوومانکردن، سوتاندن، بەمینکردن، لەناوبردن، کۆشتنی بە کۆمەڵ، ئاوارەبوون، ڕاگواستن، جینۆسایدکردن، کیمیاباران، وێرانکردن، ڕۆخاندنی گوند، خانوو، مزگەوت و قوتابخانە و ... هتد، ئەمانە هەمووی وەڵامی حکوومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق بوون بەرامبەر بارزان و بارزانیەکان، تەنیا لە بەر ئەوەی داوای ماف و ئەرك و سەربەخۆیی خۆیان





دەکرد وەڵامی ڕاپەریوان بریتی بوو لە زیندانیکردن و لە سێدارەدان و زیندەبەچاڵکردن و بە کۆمەڵ کوشتن بەبێ جیاوازی لە نێوان کەڕ و لاڵ و کوێر و کەم ئەقل و پیر و نەخۆش و کەم ئەندام و منداڵ و ئافرەتی سکپڕ ...هتد، بوو.

## کتێبی چوارەم

٤- لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە، چوار ئەفسەری قارەمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری-هەولێر/ ٢٠١١

تویژینەوەیەکی مێژوویی و دیکۆمێنتارییە

بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢٧٢) لاپەڕە پێکهاتووە.

ژمارەی سپاردن: (٢٤٥٠) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١١) ی دراوەتێ

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە/ باس لە سەردەمی ساڵانی (١٩٤٣-١٩٤٧) دەکات واتە شۆرشی دووەمی بارزان و ئاوارەبوون و بەشداربوونی بارزانییەکان و ئەفسەرە کوردەکان لە دامەزراندنی کۆماری مهاباد و لە وەزارەتی پێشمەرگە (جەنگ)ی ئەم کۆمارە و لە ژێر فەرماندەی هێزی بارزانیان و ژیان و بەسەرهات و خەباتی قوربانیدان هەرچوار ئەفسەر(عیزت عبدالعزیز و خیرالله عبدالکریم و ﷴ محمود قودسی و مستەفا خۆشناو) ئازایەتی و قارەمانیەتیان... چەندین بەڵگە و دیکۆمێنتی تایبەت بەم چوار ئەفسەرانە تویژینەوەیان لە سەر کراوە لە دووتۆی ئەم کتێبەدا...

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

لەم تویژینەوەیەدا کەسایەتی و ڕۆل و قارەمانیەتی هەرچوار ئەفسەر خراوەتە ڕوو، هەر یەکەیان سەرەرای قارەمانیەتیان وەك ئەفسەر، بە دیوەیکی تردا ئارەز و ئۆمێد و خزمەتکردنیان لە بوارەکانی تری ژیاندا باسکراوە، بۆ نموونە؛ محەمەد مەحمود قودسی زیاتر وەك ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەوانێك، جگە لە شارەزایی لە بوارەکانی جەنگدا، کە چون بە پێنوسەکەی بەرگری لە خاك و نیشتمانەکەی کردووە، خەیروڵلا عەبدولکەریم، خۆشی و ژیان و تەنانەت ئەلقەی دەزگیرانیەتی و سۆز و میهرەبانی دایکی، فیدای خاك و نیشتمانەکەی کرد، مستەفا خۆشناو لە هەردوو ڕووەوە وەك ئەفسەرێکی شارەزا و لێهاتوو، عیزەت عەبدولعەزیز

وەك ئەفسەرێکی خانەنشینکراو و سیاسەتمەدارێکی پایە بەرز، لە دانوستان و گفتۆگۆیەکاندا.

## کتێبی پێنجەم

٥-جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە چەند بەڵگەنامەیەکدا، بە هەرسێ زمانی کوردی -عربی -ئینگلیزی. چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژ هەلات، ٢٠١٢
توێژینەوەیەکی دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ ١٥ سم × ٢١,٥ سم ل (٤٨) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٩٨٧) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٢) دراوەتێ
ناوەڕۆکی/ تایبەتە بە چەند دیکۆمێنتێك لە لایەن حکومەتی بەعسی عێراقی لە ساڵی ١٩٨٣ و جینۆسایدکردنی نێرینە بارزانیەکان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان و دەستگیرکردن و بە کۆمەڵکوشتنیان، وەرگێرانیان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و هاوپێچکردنی کۆپیەکی دەقە ئەصلیەکە بە زمانی عەرەبی... یەك بەشە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
قوربانیەکان بارزانیە گوندنشین و جوتیار و ئاژەڵدارەکان بوون، بکەری تاوانەکەش حکوومەتی عێراقە بە پلە یەك، تەنیا و تەنیا لە بەر ئەوەی خۆدای گەورە بە کورد و بە بارزانی خولقاندوونیەتی، ئینجا کە وەك هەر مرۆڤیکی تری سەر ئەم زەمینە داوای نەتەوە و خاك و ئاین و زمان و بوونی خۆیانیان کردووە.
بەرهەمی ئەم نامیلکەیە و کتێبەکانی ترم ( کە لە یادگاری و کەلوپەل و بەڵگە و وێنەی جینۆسایدکراوان پێکدەهات) بوون بە بەرهەمی پرۆژەیەك پێشکەشم کردن بە حکۆمەتی هەرێمی کوردستان - وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان - بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزان، کە پێکهاتوون لە زیاتر لە شەش هەزار وێنەی جۆراوجۆری تایبەت بە جینۆسایدی بارزانیەکان و زیاتر لە چوار هەزار و پێنج سەد بەڵگە و نامە و دیکۆمێنتی جۆراوجۆری تایبەت بە بارزانیەکان و کۆمەڵیك کتێب و بابەت و توێژینەوەو فلمی دیکۆمێنتاری، بێ بەرامبەر و خۆبەخشانە پێشکەش کران





بە ڕوحی پاکی جینۆسایدکراوان و کەسوکاری قوربانیان و توێژەران و مرۆڤدوستان و نەوەکانی داهاتوو...
خۆشبەختانە ئەو بەشەی ئەم پرۆژەیە لەلایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدانەوە پێشوازی لێکراو لە ساڵی ٢٠٠٨ لە لایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی ئەوکات خاتوو (چنار سعد عبدالله) بەردی بناغەی دانراو چەند هۆلێك بۆ ئەم مەبەستە دروستکران، لە ساڵی ٢٠١٢ ش لە لایەن وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی ئەوکات بەرێز (م. ئارام) بەرز نرخێندرا و چەندین پێداویستی و کەل و پەلی پێویست بۆ هۆلەکان دابین کران و کرایە دەزگایەکی ڕەسمی بە ناوی(( ژووری ناساندن و بە دیکۆمینتکردنی جینۆسایدی بارزانیەکان - مۆنۆمینتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان)) بۆ بە بەشێك سەر بە بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان - وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٠/١٧ بەڕەسمی کرایەوە، کە ئەم ڕۆژەش هاوکاتە بە ساڵڕۆژی هێناوەی ڕۆفاتی (٥٠٣) لە جینۆسایدکراوان بۆ شوێنی ڕەسەنی خۆیان لە بارزان کە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١٠/١٧ هێنرابوونەوە، ئەوەی شایانی باسە و جێگای شانازییە بۆمن کە لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٣/٦ دوای ئەوەی روفاتی (٩٣) کەسی تر لە بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لە گۆڕەبەکومەڵەکانی باشووری عێراق و لە بیابانە پان و بەرێنەکەی سەماوە و لە سێکوچکەی سنووری نێوان ( عیراق - سعودیە و عێراق - کوێت) هینرانەوە بارزان و لە هەمان گۆڕستانی تایبەت نێژرانەوە و کەلوپەل و جلوبەرگی جینۆسایدکراوانیش لەم شوێنە و لەم مۆنۆمێنتە دانران و بەبەردەوامی کەسوکاری شەهیدان و هاولاتیان و ڕۆژنامەنووسان و قوتابیان ... هتد و لە سەر ئاستی ناوخۆ ( بەرێز سەروکی هەرێمی کوردستان و سەروکی حکومەت و ئەندام پەرلەمانان و زۆربەی هەرە زۆی دام و دەزگا حکومی و حزبی و مەدەنیەکانی کوردستان هاتوون لە نزیکەوە ئاشنای جینۆسایدی بارزانیەکان بوونە، لە سەر ئاستی دەرەوەش بە دەیان بالیۆز و کۆنسول و ئەندام پەرلەمانان و ڕۆژنامەنووس و قوتابیان و مرۆڤدوستان سەردانی ئەم شوێنەیان کردووە و دەکەن.
جگە لەمەش لە ساڵی ٢٠١٦ من و ستافیکی فەرمانبەرانی بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان بۆ ئەم ژوورە ئەم شوێنە

دەستنیشانكراین سەرەرای كارەكانمان و ڕۆژانە لە بەیانیەوە تا ئێوارە لە خزمەت و پێشوازی میوانانداین بە ڕۆژە پشووە و هەینیەكانیشەوە.
ئەوەی من دڵخۆش دەكات ئەوەیە كە ئەم پرۆژەیە بەرهەمی نووسین و كتێبەكانم بووە ئێستا بووەتە مولكێكی نیشتمانی و نەتەوەیی، بۆمن وەك كورە شەهیدێك جێگای شانازییە.

## كتێبی شەشەم

٦- شەهیدە بێ ناسنامەكان، بەرگی یەكەم، چاپخانەی كارۆ، كەركوك، بۆ یادی بیست و پێنج ساڵەی.
جینۆسایدی گەلی كورد، لە دووبەرگدا / ٢٠١٣
توێژینەوەیەكی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراكتیكیە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٥٠٥) لاپەڕە پێكهاتووە
ناوەرۆكی ئەم كتێبە: توێژینەوەیەكی مەیدانییە لە نێوان (٥٠٠) شەهید و نزیكەی (١٨٠٠) بەجێماوانیان واتە (خێزان و هاوسەر، دایك و باوك، كچ و كور، خۆشك و برا) توێژینەوەیان لە سەر ئەنجامدراوە.
لە بەشێكی پێشەكی ئەم كتێبەدا هاتووە:
تیشك دەخاتە سەر لایەنە ون و شاراوەكانی كۆمەڵێك مرۆڤ، ئەو مرۆڤانەی كە هەندێكیان لە ماوەی نێوان دوو سەدەدا ژیاون و هەندێكیان نزیكەی هەشتا ساڵ ژیاون و هەندێكیان نیو سەدە ژیاون و هەندێكیان كەمتر لە سالێك ژیاون، بەڵام بە درێژایی ئەو ماوەیە بێ ناو و بێ ناسنامە بوون، هەرگیز بۆیان نەڕەخسا لە سەر خاك و نیشتمانی خۆیان ناسنامەیەكیان هەبێت، وەك هەر هاوڵاتیەكی تر كە بچوكترین مافی پێدانی ناسنامەیەكە، زۆرینەیان تا دوا دڵۆپی خوێنیان بۆیان نەبوو بە ئازادی لە سەر خاكی خۆیان بژین و بگەڕێن...
ئەم مرۆڤە كوردانە زۆربەی هەرە زۆریان لە شوێنە جیا جیا و گوند و شار و شارۆچكە و ئەشكەوت و چیاكانی وڵاتانی دراوسێ نێژراون..
ئەم توێژینەوەیە ئەوەمان بۆ دەخاتە روو ئایا ڕەوایە مرۆڤێك بەم هەوراز و نشێویانە ژیانی گوزەراندبێت و ئەمڕۆ ناسنامە و خەباتی ون بێت، بەڵێ، ئەمانەن پێشمەرگەونەكان، ئافرەتەونەكان، منداڵەونەكان...





لەم توێژینەوەیەدا ئەوە خراوەتە روو كە تاكو ئێستا بیرمان لێ نەكردووەتەوە یاخۆد نەمانزانیووە یاخۆد نەمان توانیووە.
ئەویش ناسنامەی باری كەسی و وێنەی تۆماری شەهیدانمانە، ئەو شەهیدانەی جگە لە خەبات و بەرگریكردن لە خاك و وڵات هەرگیز بیریان لەوە نەكردووەتەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان ناسنامەیەكیان هەبێت.
كەسوكار و بە جێماوی شەهیدان وجینۆسایدكراوان دووچاری كۆمەڵێك كێشە و گرفت بوونە لە ئەنجامی نەبوونی ناسنامە و بەڵگەنامە یاساییەكانی باوك و كەسوكارە شەهیدەكانیان، وای لێهاتووە تا چەند ساڵی تر حاشا لە بوون و خەبات و قوربانیدانی ئەم شەهیدانە دەكرێت.
هەوڵدراوە بكرێتە پرۆژەیەك پێشكەش بە حكومەتی هەرێمی كوردستان بكرێت بە مەبەستی ڕێگا چارە بۆ ئەم حالەتە.
لە لایەن توێژەرەوە هەوڵدراوە بە گەڕانەوەی ناسنامەی باری كەسی بۆ شەهیدە بێ ناسنامەكان بە شێوەی فەخری...
لە كۆتاییدا چەندین ئەنجام و ڕاسپاردە خراونەتە روو...
لە (١٠٢٠) لاپەڕە پێكهاتووە لە دووتوێ دوو بەرگدا بۆ بەرگی دواتریش بە هەمان شێوە، واتە(كتێبی حەفتەم)

## كتێبی حەفتەم

٧- شەهیدە بێ ناسنامەكان، بەرگی دووەم، چاپخانەی كارۆ، كەركوك، بۆ یادی بیست و پێنج ساڵەی جینۆسایدی گەلی كورد، لە دووبەرگدا / ٢٠١٣
توێژینەوەیەكی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی و تیۆری و پراكتیكیە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٤٩٦) لاپەڕە پێكهاتووە
واتە هەردوو بەرگەكان (١٠٢٠) لاپەڕە

## كتێبی هەشتەم

٨- پانۆرامای جینۆسایدكردنی بارزانیەكان لە سەدەی بیستەمدا، چاپی یەكەم، چاپخانەی خانێ، دهۆك، بە هەرسێ زمانی ( كوردی و عەرەبی و ئینگلیزی) ٢٠١٣
توێژینەوەیەكی سۆسیولۆجی و مێژووییە.
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٢٥٠) لاپەڕە پێكهاتووە

ژمارەی سپاردن: (٢١٩٤) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٣) دراوەتێ

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە: باس لە مێژووی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان و خەبات و قوربانیدانیان لە سەدەی بیستەمدا دەکات، بە هەرسێ زمانی کوردی - عەرەبی - ئینگلیزی.

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

ئەمە کاتێکە کە مرۆڤەکان مرۆڤایەتی و ویژدان و ئاین و ڕەوشت و هەموو بەها بەرز و پیرۆزەکانیان لە دەستدەدەن و دەبن بە دەرندە و دەست دەکەن بە خوێن مژینی خەڵکی بێ گوناح و سڤیل و منداڵ و تەنانەت ژینگە بەهەموو ڕەگەزە زیندووەکانیەوە.

## کتێبی نۆیەم

٩- بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانێ، بە زمانەکانی (کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و تورکی) ٢٠١٤

بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢،٥ سم لە(٩٦) لاپەڕە پێکهاتووە

ژمارەی سپاردن: (٢٧٨) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٤) دراوەتێ

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە: تایبەتە بە شعرێکی حەماسی گەرم بۆ مەلا مستەفای بارزانی، لە لایەن سەدری قازی برای پێشەوا قازی محەمەد.

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

تاوانەکانی سەدری قازی" یان ئەبولقاسم سەدری قازی" کە بە نوێنەری دەرەوەی (١٤)ی مەجلس شۆاری مللیی ئێران لە لایەن خەڵکی کوردەوە لە بەشی مەهاباد و دەوروپشتی ئەو شارە هەڵبژێردرابوو:

١- نووسینی شیعرێکی حەماسی گەرم بۆ مەلا مستەفا بارزانی، بەو شیعرە بەخێر هێنان و پیهەڵوتنی وەکو ڕەمزی پیرۆزی گەلی کورد.

٢- هاوکاریکردنی قازی محەمەد و وەزیرانی کۆماری کوردستان و حکومەتداری لە مەهاباد.

٣- نووسینی نامەیەك بۆ قازی محەمەد کە تێیدا نووسیویەتی: خۆتان ڕاگرن تا لە دەرەوە کۆمەکتان پێدەکات.





٤- هاندانی خەڵك لە دژی حکومەتی ئێران و دڵنیاکردنی بەرپرسانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بەوە کە تازە دەوڵەتی ئێران ناتوانێ شەڕ لە گەڵ کۆماری کوردستاندا بکات.

## کتێبی دەیەم

١٠- کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان - جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی، چاپی یەکەم، لەبلاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥

بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢،٥ سم لە(٢١٦) لاپەڕە پێکهاتووە

ژمارەی سپاردن: (١٣١٧) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٥) دراوەتێ

ناوەروکی ئەم کتێبە: تایبەت بەو ئافرەتانەی کەوتوونەتە دەست چەکدارانی داعش( دەولەتی ئیسلامی لە عێراق و شام)، کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە و دەستدرێژی سێکیان کراوەتە سەر، تا ئامادەکردن و چاپکردنی ئەم کتێبەش ئەم تاوانە قیزەونە بەردەوام بوو و بە هەزاران ژن و کچی کورد لە ژێر دەستی چەکدارانی داعشدابوون، بۆیە ئەم پەرتووکە ئامارێکی تەواوی ڕفێندراوان لە خۆناگرێت و لەهەمانکاتیشدا دیارنیە چارەنوسی دیلەکان و کچ و ژنە فرۆشراوەکان بە کوێ دەگات، ئاخۆ چەندین ئافرەتی تر ڕزگاریان دەبێت، چونکە ڕۆژانە هەواڵی ڕزگاربوون و کڕینی چەند کچێک بڵاودەکرێتەوە، ئەمە سەرەرای خۆکوشتنی چەندین ئافرەتی تری کوردی ئێزیدی و قبول نەکردنی ئەم تاوانە درندەیە.

ئەمە یەکەم کتێبە لەم بارەیەوە بڵاودەکرێتەوە و زیاتر پشتمان بە گێڕانەوەی چیرۆکە پڕ لە تراژیدیاییەکانی کچ و ژنە ڕزگاربووەکان و بابەت و ڕاپورتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن(بینراو بیستراو خوێنراو) وەرگرتووە لە زاری ئەوانەوە ڕاستیەکان گوێزراونەتەوە.

لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

بێگومانم لەوەی کاتێک خوێنەر چاوی بە ناونیشانی ئەم کتێبە دەکەوێت شۆک دایدەگرێت، چونکە لە سەدەی بیست و یەکدا ئەگەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی بیری لە هەر تاوان و کردەوەیەکی قیزەوەن کردبێتەوە بیری لەم جۆری تاوانە نەکردووەتەوە.

ڕەفتاری وەحشیگەرانە و نامەردانەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بەرامبەر کچان و ژنانی ئێزیدی هەموو سنوورەکانی زەوی و ئاسمانی بەزاندووە.
شەرعییەتدان بە کۆیلەکردن و دەستدرێژی کردنە کچان و ژنانی کوردی ئێزیدی، دیارترینی ئەو بنەمایانەن کە داعش لە خەلافەتەکەیدا بۆ ئەندامانی حەڵاڵی کردن و وەکو بنەما و ستراتیژێك دەقی بۆ دەرکرد، ئەو خەلافەتە ئێستا لە پاڵ کوشتنی بێ پاساو، بە سێکسبازی و جیهادی نیکاح دەناسرێتەوە.
داعش بە ڕاکێشانی سەدان گەنجی برسی بە سێکس لە دونیای عەرەبی و ئیسلامییەوە بە تایبەت بە هۆی ئەو ئافرەتانەی بە سەبییە و کۆیلەیان کردوون جگە لە خۆ بەهێزکردن و زیادکردنی ژمارەی چەکدارانی، نرخیشی بۆ کڕین و فرۆشتنی ئافرەتەکان بە پێی تەمەن، جوانی، لەش و لار دیاری کردووە، ئەمەش گێڕانەوەی مرۆڤایەتییە بۆ سەدان ساڵ لەمەو پێش و قێزەوەنترین بازرگانیکردنە بە مرۆڤەوە.

## کتێبی یازدەهەم

١١- جینۆسایدی باوکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارا، ٢٠١٦
توێژینەوەیەکی تیۆری پراکتیکیی و مێژوویی و بەراوردکاری و سۆسیۆلوجی یە
بە قەبارەی/ ١٦ سم × ٢٢,٥ سم لە(٣٦٨) لاپەڕە پێکهاتووە
ژمارەی سپاردن: (٢٥٥) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٦) دراوەتێ
ئەم توێژینەوەیە لە دوو قۆناغی جیاوازدا ئەنجامدراوە، توێژینەوەی یەکەمیان لە ساڵی ٢٠٠٧ دەستپێکرد و لە چوارچێوەی کتێبێکدا بە ناونیشانی ( بارۆڤی لە ناوبردنی بارزانیەکان) لە ساڵی ٢٠١٠ چاپکرا، دووەمیان هەمان کتێبە بەلآم بە گۆڕانکاری زۆر و بە ئەنجامدانەوەی دووبارە ڕاپرسی و توێژینەوە لە سەر هەمان نموونەی توێژینەوە لە دوای (٨) ساڵ واتا ساڵی ٢٠١٥ لە هەردوو لایەنەکە (تیۆری و مەیدانی) گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە لایەنی تیۆری بەش و بابەتی تر زیاتر کراون و لایەنە مەیدانەکەش بەراوردکاریەکی تەواو لە هەموو خشتەکاندا کراوە و داتا و ئاماری جیاواز لە توێژینەوەی پێشوو بە دەستهاتوون.





لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
سەرەرای دەیان ساڵ ئاوارەبوون، ڕاگواستن، وێرانکردنی دێهاتەکان، سوتاندنی ژینگە، بەمینکردن و جینۆسایدکردنی دەڤەری بارزان و بارزانیەکان لە لایەن حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق، لە ساڵی ١٩٨٣ دڕندەیی شۆڤینیەتی ڕژێمی بەعس گەیشتە چلەپۆپە و تاوانی لە ناوبردنی (٨٠٠٠) هەشت هەزار نێرینەی سەروی (٧) حەوت ساڵی بارزانییەکان ئەنجامدرا، ئەم تاوانە جگە لەوەی هێزی بەرهەمهێنەری مرۆیی بارزانییەکانی لە ناوبرد، دەیان هەزار ژن و منداڵی لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکاندا بێ هاوسەر بێ باوك بێ کوڕ و بێ برا هێشتنەوە.

## کتێبی دووازدەهەم

١٢- لەشەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە ١٨ پێشمەرگەی قارەمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٧
توێژینەوەیەکی تیۆری و مەیدانی یە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم لە ( ٢٥٢ ) لاپەڕە پێکهاتووە.
ژمارەی سپاردن: (١٥٥) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی ٢٠١٧ ی دراوەتێ.
ئەم کتێبە باس لە خەبات و تێکۆشان و قارەمانیەتی ١٨ پێشمەرگەی شەهید دەکات، کە دوای هاتنی تیرۆرستانی داعش بۆ سەر خاك و سنورەکانی کوردستان ئەم پێشمەرگانە سنگی خۆیان کردە قەلغان تا دوا دڵۆپی خوێن مەردانە دژ بە دۆژمن جەنگان.
دوا سات و دوا دیدار و دواقسە و دوا پەیوەندی و دوا خواردن و خوان و دواجار و دوا هەواڵ و دوا یادگاری ئامانجی سەرەکی ئەم کتێبەن.
ئەم کتێبەش وەك کتێبەکانی تر تەنیا بەرهەمەکەی نووسین نەبوو بۆ خوێنەران بەڵکو بەرهەمێکی تری یادگاریەکانی شەهیدان بوون کە لە دوو موزەخانەدا جێگیرکران و نمایشکراوان بۆ ئەوەی نەوەی نوێ ئاشنای خەبات و قارەمانیەتی و قوربانیدانی پێشمەرگەکان بێت. کەل و پەلەکان بەشێکیان لە موزەخانەی ( لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە) لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان دانراون و

بەربەردەوامی هاوڵاتیان سەردانی ئەم مۆزەخانەیە دەکەن، بەشێکی تریان پیشکەش بە موزەخانەی تایبەتی کتێب کراون بەناوی (مۆزخانەی ماڵەوەم)، کە لە ماڵەکەمدا لە کتیخانەکەمدا ئەرشیف و مۆزەخانەیەکی تایبەت بەخەبات و قوربانیدانی کورد و کوردستانیان هەیە، بەبەردەوامی قوتابیان و توێژەران و ئازیزان سودی لێ دەبینن.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
لەم توێژینەوەماندا هەوڵمانداوە توێژینەوە لەسەر جوانی و پاکی و ڕاستگۆیی و میهرەبانی و قارەمانیەتی پێشمەرگە شەهیدەکان بکەین.
کۆمەڵێك پێشمەرگەی خەباتگێر لە خانەوادەیەکی خەباتگێر کە مەیل و ڕێبازی کوردایەتی و خۆشەویستی نیشتمان و پێشمەرگایەتی وەکو میراتێك بۆیان ماوەتەوە (کور لە باوك و کور لە باوك)، چەکی پێشمەرگایەتی و شەرەفیان هەڵگرتووە داوای ئازادی و سەربەخۆیی کورد و کوردستانیان کردووە و سنوورەکانیان پاراستووە.
ئەمانە ١٨ هەژدە پاڵەوانن بەڵام سەدان هەزار پاڵەوانی تری لەم جۆرە هەن و پێویستە هەموومان هەوڵ بدەین لایەنە ون و شاراوەکان و خەبات و تێکۆشان و بەرخودانی ئەم شەهیدە پێشمەرگانە بخەینە ڕوو ئەوانەی بە شاهیدی هەموو دونیا ڕۆڵی بوێر و نەبەردیان لە کۆتایهێنانی مەترسی داعش بینی و لە جیاتی هەموو دونیا ئەفسانەی چەتەکانی داعشیان تێکشکاند و بە خوێنی شەهیدان تۆمارێك لە سەروەری بەدەستهێنرا.

## کتێبی سێزدەهەم

١٣- جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و بەراوردکارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
لەم توێژینەوەدا تیشك خراوەتە سەر شاڵاوەکانی ڕاگواستن و ئاوارەبوون و لەناوبردن و کومەڵکوژی و جینۆساید و ئەنفالی کورد و کوردستانیان.
جینۆسایدی دێرسم و جینۆسایدی فەیلیەکان و جینۆسایدی بارزانیەکان و کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالی کورد و کوردستان بە بەراورد لە گەڵ دوا جینۆسایدی شنگال و دەوروبەری و ئێزیدیەکان بەنموونە، بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوە بەم بەراوردکارییە دەست پێدەکات، بەشی دووەمی ئەم





توێژینەوە تەرخانکراوە بۆ ئەنفالکردنی ئێزیدیەکان دوای لێبوردنی گشتی لە ساڵی ١٩٨٨ لە سەردەمی حکومەتی عێراق و پۆلسی جینۆساید و ڕژێمی بەعس و دارودەستەکەی.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:
دوێنێ سەدان هەزار مرۆڤی بێ گوناح بوونە قوربانی سیاسەتە چەوتەکانی حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی ناوچەکە. ئەمڕۆش سەدان هەزار هاوڵاتی سڤیل بوونە قوربانی دەستی تیرۆرستان.
دوێنێ سەدەی بیستەم بوو لە باکور و لە باشوور و لە ڕۆژهەڵات و لە ڕۆژ ئاوا، حکومەت و حزب و دەسەڵاتدارانی ئەوکات مرۆڤی کوردیان ئەشکەنجەداو ڕاگواست و ئەنفال و جینۆسایدکرد، خاك و زەوی و ماڵ و گوند و شار و شارۆچکەکانی کوردستانیان لە نێوبرد و سوتاندو وێرانکرد، مرۆڤەکانیان کردە دەستکەوت وەك کۆیلە کڕین و فرۆشتنیان پێوەدەکرد، ئەمڕۆش سەدەی بیست و یەکەمە مرۆڤی کورد و خاکی کوردستان و گەل و هاونیشتمانیان لە سەر خاك و ماڵ و گوند وشار و زێدی خۆیان دەربەدەرکران و ئاوارەکران و ڕەمیکران و بەکۆمەڵ زیندەبەچاڵکران و زیندانیکران و ئەشکەنجەدران، کڕین و فرۆشتن بەماڵ و موڵك و مرۆڤ و جوانیەکانی مرۆڤەوە کرا، بەها بەرز و پیرۆزەکان، ئاین و پەرستگاکان، مزگەوت و کڵێساکان، گۆڕی پێغەمبەران و گۆڕستانەکان تەقێنرانەوە و خاپۆرکران لە سەر دەستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ( داعش).

## کتێبی چواردەهەم

١٤- تراژیدیای چیای شنگال، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
ناوەڕوکی ئەم کتێبە مەینەت و ئازار و تراژیدیا و دەردەسەری و کۆڵەمەرگی خەڵکی شنگال و دەوروبەری لەخۆ دەگرێت کە لە ٣ / ٨ / ٢٠١٤ دوای هاتنی چەکدارانی تیرۆرستی داعش بۆ سەر شنگال و دەووروبەری روویدا، رزگاربوان لە زاری خویانەوە چێرۆکەکانیان گێراوەتەوە.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:

ئەوێ نیشتیمانی یەکەمی ئاینی ئێزیدیەکانە و دوا پەناگەی ئەوانیشە، چیایەکە لە سەرووی توانای باسکردنی مرۆڤەوەیە، شوێنێکی زۆر پیرۆزە لای ئێزیدیەکان، هەمیشە کوردانی ئێزیدی وەک پەناگەیەک بۆ دەربازبوون لە دوژمنان روو لەم چیایە دەکەن ئەمجارەشیان بۆ رزگاربوون لە چنگی تیرۆرستانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) روویانکردە ئەو چیایە، ئەویش چیای شنگالە و ١٤٦٣مەتر بەرزە و١٠٠کیلۆمەتریش پانە.
بە پێی باوەڕی خەڵکی ناوچەکەش دوای تۆفان کەشتیەکەی نوح لەو چیایە گیرساوەتەوە و ژیان دەستی پێکردووەتەوە.
لە دامێنی چیاکەدا چەندین ناوچە و گوندی ئاوەدان هەڵکەوتووە، کە دیارترینیان شارۆچکەی شنگالە کە لە رووی ئیدارییەوە ناوەندی قەزای شنگالە.
بەڵام دوای ٣ی ئابی ٢٠١٤ بوو بە زەوییەکی چۆڵ و بە چوار دەوریدا تەرمی کوژراوەکان بڵاو بوونەوە بە ڕێگا کۆنەکانیدا سەدان ئۆتۆمبێلی لە کارکەوتووی خەڵکی شنگال بە جێماون.
تیرۆرستان ڕێگەیان بە خۆیاندا گەلێك کۆتایی پێ بهێنن کە هەزاران ساڵە لە نیشتمانی یەکەمی خۆیدا نیشتەجێنە.

## کتێبی پازدەهەم

١٥- لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
ناوەڕۆکی ئەم کتێبە گێرانەوەی ئەو رووداوانەیە کە بەسەر ئاوارەکان هاتووە و بینیویانە و ئێزدییەکان بەنموونە وەرگیراون، دوای ئەوەی لە ٣ / ٨ / ٢٠١٤ شنگال و دەوروبەری لە لایەن تیرۆرستانی داعشەوە داگیرکرا. دەستگیرکردن و رفاندن و بەکۆمەڵکوشتنی بەشێك لە خەڵکەکە و ئاوارەبوونی بەشێکی تر و خۆگەیاندنیان بە چیاو و دواتر رزگاربوون بۆ ناوچە ئارامەکانی هەرێمی کوردستان.
لە بەشێکی پێشەکی ئەم کتێبەدا هاتووە:





ئەوان لە چیای مەرگەوە دەهاتن، چیایەك بۆ هەر ئاوارەیەك سەدان داستانی پڕ لە مەینەتی و ئازار لە خۆ دەگرێت، ئەوان بەرەو پردی ژیان دەهاتن، تا نەدەگەیشتنە سەر ئەم پردە ترس و دڵەڕاوکێی چەکدارانیان هەر لە دڵ دا بوو، بە گەیشتنیان بەم پردە ئیتر ئارام و ئاسودە دەبوونەوە و پشوویان دەدا، بەڵام سەدان بیرەوەری و چیرۆکی پڕ لە تراژیدییان لە مێشکدا بەجێمابوون، ئەوان هەزاران دیمەنی جەرگ هەژێنیان لەلابوو، هەر شتێك کە بە هزر و خەیاڵی مرۆڤدا نایە، بەسەر ئەم هاوڵاتیە کوردانەدا هاتووە.

## کتێبی شازدەهەم

١٦- (ن) نوون، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، ٢٠١٨
توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوویی و دیکۆمێنتارییە
بە قەبارەی/ وزاری - ١٦,٥ سم × ٢٢ سم
